# تەفسیری زادی

تەفسیری زادی
نووسینی: کرێــکار

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسینگەی تەفسیر
چاپی یەکەم ١٤٤٤ك- ٢٠٢٣ز

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر
تــەفســـیری زادی،
کرێـــکار (نووسـەر)،
٤٥٧ لاپـــــەڕە ،
١٧* ٢٤ ســـم ،
بابـەت ، ئایینی

ISBN: 978-9922-654-16-4

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٥٨٥) ی ساڵی ٢٠٢١ز پێدراوە.


"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

**خــەتی بــەرگ : نـــەوزاد کۆیــی**
**دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی**

# تەفسیری زادی

سورەتەکانی:

## المجادلة • الحشر • الممتحنة

نوسینی

کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَى اللَهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# تەفسیری سورەتی

# المجادلة

## بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ
ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْ ۖ إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ
إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔى وَلَدْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ وَزُورًا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿٢﴾
وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا۟ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ
تُوعَظُونَ بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ
أَن يَتَمَآسَّا ۖ فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ۚ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ وَتِلْكَ
حُدُودُ ٱللَّهِ ۗ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ كُبِتُوا۟ كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ
مِن قَبْلِهِمْ ۚ وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا
فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟ ۚ أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّ
ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ
وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا۟ ۖ ثُمَّ
يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نُهُوا۟ عَنِ ٱلنَّجْوَىٰ
ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَيَتَنَٰجَوْنَ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَإِذَا جَآءُوكَ
حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِىٓ أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ ۚ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ
يَصْلَوْنَهَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا تَنَٰجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ
وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ
ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ
ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا۟ فِى ٱلْمَجَٰلِسِ فَٱفْسَحُوا۟
يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُوا۟ فَٱنشُزُوا۟ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟
ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا نَٰجَيْتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُوا۟ بَيْنَ

يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ءَأَشۡفَقۡتُمۡ
أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ
ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٣﴾ ۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ
ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مَّا هُم مِّنكُمۡ وَلَا مِنۡهُمۡ وَيَحۡلِفُونَ عَلَى ٱلۡكَذِبِ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿١٤﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا
شَدِيدًاۖ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٥﴾ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمۡ
عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿١٦﴾ لَّن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ
هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ يَوۡمَ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعٗا فَيَحۡلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحۡلِفُونَ لَكُمۡۖ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ عَلَىٰ
شَيۡءٍۚ أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ﴿١٨﴾ ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمۡ ذِكۡرَ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ
ٱلشَّيۡطَٰنِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ
فِي ٱلۡأَذَلِّينَ ﴿٢٠﴾ كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ﴿٢١﴾ لَّا تَجِدُ
قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ
ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ
ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ
﴿٢٢﴾ ) المجادلة: ١ - ٢٢

## مانای گشتی سورەتەکە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

(قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا وَتَشۡتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسۡمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ ١)

واتە: بە تەئكید خوای گەورە قسەی ئەو ئافرەتەی بیست، کە وتوێژی لەگەڵدا دەکردیت و سکاڵای خۆی بۆ خوا دەبرد، خوای گەورە گفتوگۆی نێوانتانی بیست، خوای گەورە بیسەرو بینەرە.

(ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمۡۖ إِنۡ أُمَّهَٰتُهُمۡ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَيَقُولُونَ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ ٢)

واتە: ئەو کەسانەتان، کە (ظیهار) لە ئافرەتەکانیان دەکەن (کە پێیان دەڵێن: تۆ وەکو دایکمی) قسەیەکی ناقۆڵاو بەدو درۆو بوختان دەکەن، چونکە ئافرەتەکانیان دایکیان نین، دایکیان ئەوانەن: کە لێیان ئیجاد بوون، خوای گەورە لێبوردەو لێخۆشبووە.

(وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٣)

ئەو کەسانەتان، کە (ظیهار) لە ئافرەتەکانیان دەکەن و، پاشان لێی دەگەڕێنەوە (پەشیمان دەبنەوە لە (ظیهار)ەکەیان)، دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکەن (کە کەفارەتی ظیهارە)کەیە، نابێت پێش ئەمە لەگەڵ ئافرەتەکانیاندا جوت بن (سەرجێیی جیماع

بکەن) ئەمە حوکمی خوای گەورەیە، کە ئامۆژگاریتان دەکات پێوەی پابەند بن، خوای گەورە شارەزای ئەو کارانەتانە، کە دەیکەن.

( فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ۖ فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ۚ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ ۗ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾ )

هەر کەسێك نەیتوانی کۆیلە ئازاد بکات، دەبێت دوو مانگ لەسەریەك بەڕۆژووبێت (تا ڕۆژووی هەر دوومانگەکەش تەواو نەکات، کە کەفارەتی ظیهارەکەیە)، نابێت لەگەڵ ئافرەتەکەیدا جوت ببێت.

ئەگەر ئەم ڕۆژووگرتنەشی لە توانادا نەبوو دەبێت خواردنی شەست کەس بدات، کە هەژارو دەستکورتن، ئەمەیە حوکمی خوای گەورە، دەبێت تەسلیمی بن و قبوڵتان بێت، مادام باوەڕتان بە خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێناوە، ئەمە سنووری خوای گەورەیە (نەیبەزێنن)، حەتمەن کافرەکانیش سزای بەژانیان دەبێت.

(إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ ۚ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾ )

ئەو کەسانەی، کە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، شکست دەخۆن، زەلیل و ژێردەستە دەبن، هەروەکو ئەو کەسانەی پێش ئەوان، زەلیل و ژێردەستەبوون (سەرەنجامی دوژمنداریێتی خوای گەورە و پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێبێت). زۆرمان نیشانەو بەڵگەی ڕۆشن - لە سەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرانمان- هێنایەوە، ئەوانەی، کە باوەڕیان نەهێناوە سزای سەر شۆڕانەیان دەبێت.

(يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا ۚ أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ ۚ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾ )

ڕۆژێك دێت، كە خوای گەورە هەموویان زیندوو دەكاتەوەو، كارو كردەوەكانیان دەخاتەوە پێش چاویان، ئەوان لە بیریان نامێنێت، بەڵام خوای گەورە هەمووی بۆ هەژمارو ئامارو تۆماركردوون، خوای گەورە ئامادەو بینەر هەموو شتێكە و شاهیدی لەسەر دەدات.

(أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا۟ ۖ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧﴾)

مەگەر نازانیت كە خوای گەورە دەربارەی هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەن دەزانێت چین و كێن؟ سێ كەس پێكەوە چرپەبكەن ئاگای لێیانە، چونكە چوارەمیان ئەوە، پێنج بن شەشەمیان ئەوە، لەوانە كەمتر بن یان زیاتر ــ لە هەر كوێیەك بن ــ هەر خوای گەورەیان وەلیاندایە، پاشان كارو كردەوەكانیان لە ڕۆژی قیامەتدا دەخاتەوە بەر دەست، خوای گەورە زانیاری تەواویی دەربارەی هەموو شتێك هەیە.

(أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نُهُوا۟ عَنِ ٱلنَّجْوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَيَتَنَٰجَوْنَ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِىٓ أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ ۚ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٨﴾)

مەگەر نابینیت ئەوانەی ڕێی چرپە چرییان لێگیرابوو، كەچی هەر دەكەوتنەوە ئەو جۆرە چرپەچرپەی لێیان قەدەغەكرابوو! چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی كردن، چرپەی یاخیبوون لە فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ).. كە دێشنە لات وا سڵاوت لێناكەن كە خوای گەورە فەرمانی بەو سڵاوە داوە كە (السلام عليك)ـە. بەڵام ئەوان بە جۆرێكی تر سڵاو دەكەن (دەڵێن: السام عليك: واتە: مەرگت بگاتێ) لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن تۆ بڵێیت بەم جۆرە سڵاوە (دوعا لێكردنەی) لای خوای گەورە گوناحبار ببین و خوای گەورە سزامان بدات

لەسەریی؟! ئەوانە چارەنووسیان دۆزەخە، دۆزەخ لە عەوەیان دێت، ئەوانە خراپترین چارەنووسیان دەبێت.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَـٰجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَـٰجَوْاْ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَـٰجَوْاْ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩﴾ ﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر بە چرپە لەگەڵ یەکتریی دوان، با چرپەچرپی گوناحکاریی و دەستدرێژیی کردنە سەریەك و، سەرپێچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نەبێت، با چرپەی چاکەکاریی و تەقواو سەر ڕاستی دینداریی بێت، لەو خوایەش بترسن، کە هەموو لە بەردەستییدا کۆ دەبنەوە.

﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَـٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ ﴾

چرپەچرپی گوناح و تاوان و پیلانگێڕیی، لە شەیتانەوەیە (ئەو کلکەژەنەتان دەدات، تا تووشی گوناحتان بکات) و موسوڵمانان بەدگومان بکات لە یەکتریی و، بیانخاتە ناو خەم و پەژارەوە، هەر چەندە ئەو بۆ خۆی و بە توانای خۆی زیان ناگەیێنێت، ئەگەر ویستی خوای لەسەر نەبێت، دەی سا با ئیماندارا‌ن خۆیان بەپشت بەستن بە خوای گەورە قایم بکەن.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُواْ فِى ٱلْمَجَـٰلِسِ فَٱفْسَحُواْ يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَـٰتٍ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر لە کۆڕو کۆبوونەوەتانداو لە خزمەت پێغەمبەرەکەی خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێتان وترا: کۆڕەکە بەرفراوانتر بکەن، تا جێگای ئیماندارانی تریش ببێتەوە، بەرفراوانتری بکەن.

خوای گەورەش لە پاداشتاندا جێ و مەنزڵی بەهەشتتان بۆ فراوانتر دەکات، ئەگەر پێشتان وترا: مەرەخەس بن، هەستن و بەدەم فەرمانی خێرو چاکسازیتانەوە بچن..

خوای گەورە ئەو كەسانەتان، كە مل كەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەوانەشتان، كە ئەهلی زانستی شەرعەو شارەزای دینەكەیە، پلەوپایەی بەرزو باڵایان پێدەبەخشێت، خوای گەورە شارەزای كارو كردەوەكانتانە.

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٢)

ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر ویستتان بە تەنهاو بە چرپە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بدوێن، دەبێت پێشتر خێرو خێراتێك بكەن (تا شیاوی ئەو ڕەفتارەتان بكات و ببێتە مایەی پاكبوونەوەی دینداریتان)، ئەگەر هەژارو دەستكورتەكانتان ویستیان بە چرپە لەگەڵی بدوێن و، توانای خێرو خێراتەكەیان نەبوو، قەیدی نییە، با بێ خێرو خێرات بچنە خزمەتی و بە چرپە لە خزمەتیدا بدوێن، (ئەم حوكمە دوایی نەسخ بۆوە، وەكو دواتر باسی دێت)، خوای گەورە لێخۆشبوو بەبەزەییە.

(ءَأَشۡفَقۡتُمۡ أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٣).

چما لە هەژاریی و دەستكورتیتان دەترسان، كە ئەم حوكمەتان بە لاوە قورس بوو؟ دەی سا وا خوای گەورە لە سەری سووك كردن و هەر لایبردو، لەوانەشتان خۆشبوو، كە گومانی خراپیان برد.

نوێژەكانتان بكەن و زەكات بدەن و گوێڕایەڵیی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بن، خوای گەورە شارەزایە بەو ڕەفتار گوفتارو كردارانەتانە كە دەیكەن.

(۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مَّا هُم مِّنكُمۡ وَلَا مِنۡهُمۡ وَيَحۡلِفُونَ عَلَى ٱلۡكَذِبِ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٤)

مەگەر ئەوانە نابینیت، کە دۆستایەتی ئەو کەسانە دەکەن، کە خوا غەزەبی لێگرتوون و، لە سەریان دەکەنەوە و لایەنگیرییان دەکەن، ئەوانە، نە لە ئێوەن (ئیماندارانن) و نە لەوانیشن (کافران)! دەشزانن دیدو هەڵوێستیان هەڵەیە، کەچی سوێندی لەسەر دەخۆن، کە ڕاستە!

(أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾)

خوای گەورە سزای زۆر بەژانی بۆ ئەوانە ئامادەکردووە، بەڕاستی ئەوانە ڕەفتاریان بەدە و، خراپەکاریی دەکەن.

(ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَـٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٦﴾)

سوێند خواردنەکەیان کردووە بە قەڵغان و، لەولاشەوە بەرهەڵستی دینی خوا دەکەن و، لەمپەرو بەربەست لە ڕێی بانگەوازی خوادا دادەنێن، ئەوانە سزای چاوشۆڕیی و زەلیلانەیان دێتەڕێ.

(لَّن تُغْنِىَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ
﴿١٧﴾)

نە سەروەت و سامانیان دادیان دەدات، نە ئەولادو کەسوکاریان لە دەست خوای گەورە قوتاریان دەکات، ئەوانە ئەهلی دۆزەخن، دەچنە ناو ئاگرو بە نەمرییش تێیدا دەمێننەوە.

(يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ
ٱلْكَـٰذِبُونَ ﴿١٨﴾)

ڕۆژێك دێت، خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە، جا (لە نەزانیی و کاڵفامییاندا) سوێند بۆ خوای گەورە دەخۆن وەکو، کە ئێستا لە دنیادا سوێند بۆ ئێوە دەخۆن (کە موسوڵمان و هاودیدو هاوڕاتانن!) هەر واشدەزانن (یان خۆ وانیشان دەدەن)، کە شتن! کە ڕێبازی ئیسلامیان گرتوو موسوڵمانن! بەڵام بە تەئکید درۆزنن.

﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ ۚ أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ ۚ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴿١٩﴾﴾

شەیتان بەسەر دیدو ڕەفتاریاندا زاڵ بووە و، خستوونیەتیە ژێر ڕكێفی خۆیەوە، بۆیە یادی خوای گەورەی لە بیر بردوونەتەوە! ئەوانە حزبی شەیتانن، پێڕی ئەون، حەتمەن حزبی شەیتانیش زەرەرمەندە.

﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ فِي الْأَذَلِّينَ ﴿٢٠﴾﴾

ئەو كەسانەی، كە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەكەن، ئەوانە دەبەزن و شكستیان بەسەردا دێت.

﴿كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي ۚ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٢١﴾﴾

ژێر دەستەو زەلیل دەكەون، خوای گەورە بە ویستی خۆی لە قەدەری خۆیدا (لە لەوحولمەحفوزدا) بڕیاری سەركەوتنی خۆی و پێغەمبەرەكانی خۆی داوە (سەلامی خوایان لێبێت)، دەفەرموێ: بە تەئكید خۆم و پێغەمبەرانم، هەم بەهێزی بەبەڵگەو بەڵگەی هێز زاڵ دەبین، خوای گەورە بەهێزو دەسەڵاتدارە.

﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ۚ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ ۚ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾﴾

هەرگیز خەڵكانێك نابینیت، باوەڕیان بە خوای گەورەو بە ڕۆژی دوایی هەبێت و، لە هەمان كاتیشدا دۆستایەتیی و لایەنگریی ئەو كەسانە بكەن، كە دوژمنداریێتیی خواو پێغەمبەرەكەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەكەن، با باوك و باپیرەشیان بن، یان

ئەولاد یان برایان، یان تیرەو هۆزی خۆشیان بن. ئەوانە موسوڵمانی سەر ڕاستن و بۆ خوا ساغ بوونەتەوەو دۆستایەتی و لایەنگیرییان بۆ خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و موسوڵمانانە، ئەوانە ئەوانەن کە خوای گەورە باوەڕو یەقینی لە دڵدا چەسپاندوون و لایەنگیریی کردوون و بە نور و هێزی خۆی بەهێزی کردوون، دەشیانخاتە بەهەشتانێکەوە کە ڕوبارو جۆباریان پێدادێت و دەچێت و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە، خوای گەورە لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش لە خوای گەورە ڕازیبوون، ئەوانە حزبی خوای گەورەن، حەتمەن خوای گەورەش سەرفرازو سەرکەوتووە.

## پێناسەی سوڕەتەکە و بابەتەکانی

ئێمە لەم سوڕەتە و لە سوڕەتەکانی تری ئەم جوزئەدا، لەگەڵ ڕوداوەکانی سییرەدا دەبین لە قۆناغی (مەدینە) و، سەرەتای کۆمەڵگە ئیسلامییەکەی، لەگەڵ کۆمەڵە موسوڵمانە تازە پێگەیشتووەکەدا دەبین، کە پەروەردە دەکراو دیدو هەڵوێستەکانی بۆ هەڵدەسەنگێندراو، ئاراستە دەکرایەوە پێی ، تا شیاوی ئەو ڕۆڵە جیهانییەی ببێت، کە لە داهاتووی نزیکدا لە ڕابوون و بێداربوونەوەیدا دەیبینێت.

نەك هەر لە سەر ئاستی ناوچەکەی، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ئەو سەردەمەو سەردەمەکانی دواتری. هاتنەکایەوەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەو دەوڵەتە ئیسلامییەکە، هەر بەشێك نەبوون و نین لە ژیانی مرۆڤایەتیی، بەڵکو دیاردەیەکی ڕوونی قەدەریی گەردوونین.

دەسپێکی ئەم ڕۆڵە گەورەو کاریگەرو گرنگە هەر لەو سەرەتایەوەیە کە دیدو تێڕوانینی نوێی دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ هێنایە کایەوە دیدو تێڕوانینێکی وا، کە بووە ئەو عەقیدە جێگیرەی بنەماکانی ژیانی لەسەر دامەزرا.

هەرچی لە هزرو هۆش و دڵ و دەروونی تاك تاکەکانی ئەم کۆمەڵە موسوڵمانەدا دەچەسپی، لە واقیعی کۆمەڵکاریی کۆمــەڵە موسوڵمـانەکەو ژیــانی واقیعی کۆمەڵگەکەشیان دەچەسپی.

بنەماو بناغەکانی عەقیدەکە، کە کەسایەتیی تاك و کۆی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی لەسەر دامەزرا، هەر ئەو بنەماو بناغانەش بوو، کە ژیانی واقیعی دەوڵەت و کۆمەڵگەکەشی لەسەر دامەزرا، تا (عەقیدە و جەماعەت و بزاوت)ـەکە لە واقیعی مرۆڤایەتییدا سازبکەن و بە جیهانیان بڵێن: ئەوەی، کە موسوڵمانان دەخوازن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ بانگهێشت بکەن و نیشاندەن ئا

ئەم نموونە واقیعییەیە، کە ژیانی تاك و کۆ، کۆمەڵگەو دەوڵەت دەبێت لەسەر بنەمای ئەو دیدو تێڕوانینە عەقائیدییە دابمەزرێن، کە ئەم نوخبە هەڵبژاردەی لەسەر گۆشکراوە..

ئەم ڕۆڵە گەورەو کاریگەرو گرنگە، ئامادەسازییەکی گشتگیریی هەمەلایەنەو تەواویی دەخواست.

ئەو موسوڵمانانەی، کە قەدەری خوای گەورە بۆ ئەو ڕۆڵە کاریگەرە جیهانییەی پەروەردە دەکردن، هەر خەڵکانێك بوون لە خەڵکی ئەو کات و شوێنە، هەیانبوو زووتر موسوڵمان بووبوو، باوەڕی پتەوتر ڕۆچووبوو، لە کۆچکەرەکان و لە پشتیوانەکان (المهاجرون والانصار).

ئەمانە دیدو تێڕوانینیان بە پێناسە عەقائیدییەکە تەواو ڕۆشن بووبوو، دڵ و دەروونیان بۆ خوا ساغ بووبۆوە، گەیشتبوونە ئاستی باڵای هەستی بەرپرسێتیی دنیاو قیامەت.

گەیشتبوونە قەناعەتی تەواو، لایان بووبوو بە بەڵگە نەویستی وجودیان، کە مەبەست لە بوون و ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان چییە؟

هەر وەکو، کە لە مەبەستی هەبوونی گەردوون و ژیان و مرۆڤ لەسەر زەمین گەیشتبوون و، کارامانە خۆیان شیاوی ئەو ڕۆڵە قەدەرییە جیهانییە گەردوونییە دەکرد، وجودی خۆیان لە وجودە گەورەکەی ژیان و گەردووندا دۆزیبۆوەو، بووبوون بە بەشێك لە حەقیقەتی وجودی ژیانەکە.

ئاوا ئەمانیش وەکو هەر پێکهاتەیەکی گەردوونیی، بووبوونە بەشێك لە قەدەری خوای گەورە لە بزاوتی گەردووندا.

بۆیە زۆر ڕێك و پێك، سازاو و گونجاو لەگەڵ بزاوتی گەردوونییدا دەبزوتن، ڕێیان بە خۆیان و کەسی تر نەدەدا، لەگەڵ بزاوتی گەردووندا هەماهەنگ نەبێت، چونکە دەیانزانی ملهوڕانی (کوفر)، یان لاسارو پێنەگەیشتوانی ناوخۆ، لە دەرەوەی

ئەم بازنەیەی بزاوتی گەردوون و ژیان و مرۆڤی خواناس دەبزوون، نە لە دڵ و دەروونیاندا، نە لە ڕەفتارو ڕەوشتیاندا غەیری خواویستی تێدا نەبوو.

بە تەواویی بۆ خوا لێبڕا بوون، دەقاودەق بەو شێوەیە بوون، کە ئەم سوڕەتە وەسفی واقیعییانەیان دەکات:

(لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾) المجادلة/٢٢

واتە: تۆ کەسانێك نابینیت باوەڕیان بەخوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەبێت، کەچی لەملاوە دۆستایەتیی و تێکەڵیی لەگەڵ کەسانێکدا دروست بکەن، کە دوژمنایەتیی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکەن، با باوك و باپیری خۆشیان بن، یان کوڕو نەوەو براو هاوهۆزی خۆشیان بن.

ئا ئەوانە ئەوانەن، کە خوای گەورە ئیمانی لە دڵ و دەروونندا چەسپاندوون و، بە مەعییەتی خۆی و، پاشان فریشتەکانی، لایەنگیریی کردوون، لە ڕۆژی دواییشدا دەیانخاتە بەهەشتانێکەوە، کە ڕووبارو جۆباریان پێدا دەڕوات و، بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە، چونکە خوای گەورە لێیان ڕازی بووەو، ئەوانیش لە خوای گەورە ڕازیبوون!

ئەوانە حزبی خوان، ئەهلی خواویستیی و ڕێزدارانی لای خوای گەورەن، بە تەئکید حزبی خوای گەورەش، سەرفرازو سەرکەوتوو بەختەوەرن.

بەڵام ئەم کەسە پێشڕەوە دامەزراوانەی سەرەتا لە چاو ژمارەی زۆری موسوڵمانانی دواترەوە کەمبوون، قەبارەی کۆمەڵە موسوڵمانەکە بەردەوام و، خێرا لە زیادبوونێکی ڕۆژانەی بەرچاودا بوو.

بە تایبەتی دوای ئەوەی، کە ئیسلام بوو بە خاوەنی دەسەڵات و هێزو هەیبەت، تەنانەت پێش فەتحی مەککەش، بۆیە ئەو خەڵکانەی بە لێشاو دەهاتنە ڕیزی موسوڵمانانەوە، زۆرینەیان پشکێکی تەواوی پەروەردە بوونی وەرنەگرتبوو.

هێشتا زۆر نەبوو، کە لە ژینگەی ئیسلامدا ژیانی نوێی ڕێکدەخست و، مابووی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی نەفس و کوفری دەرێ.

ئەمە جگە لەوەی، کە دووڕووەکانیش لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، سەرزارەکی موسوڵمان بوونیان ڕاگەیاند، بێ ئەوەی نەسیمێکی ئیمان شنەی بەدڵیان کردبێت.

ئەمانیش لە هەلی زەربەدان دەگەڕان و، چاوەڕوانی دەرفەتی خۆڕاپسکان بوون، سەرێکیان لە سەربازگەی ئیسلام بوو، سەدان سەوداشیان لە سەربازگە بەهێزەکەی کوفر بوو، کە دنەیان دەدان و یەکتریان دژ بە ئیسلام هان دەدا، جا بەرەی موشریکەکان بوو بێت، یان بەرەی جولەکەکانی مەدینە.

پەروەردەکردنی ئەم نوخبەیەو، ئامادە سازییان بۆ ئەو ڕۆڵە گەورە گەردوونییەی قەدەری خوای گەورە بۆی خواستوون -کە لەسەر ئەم زەمینەدا بیبینن- ڕەنجی زۆری ویست.

پشوو درێژییەکی زۆری دەخواست، چارەسەرێکی هێدی و بەکاوەخۆی دەویست، چارەسەری هەموو کێشەکان بچوك بووبن، یان گەورە.

ئەمەی ئیسلام لەم نوخبەیەدا، کردنی بیناسازیی بزاوتێکی وا گەورەو کاریگەر کارێکی زۆر مەزن بوو، پەروەردەکردنێکی زۆر بە ئارام بوو!

ئەمە پێغەمبەرەکەی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بەسەر پەرشتی وەحی خوا ئەنجامی دا، بیناسازیی کەسانێکی نوخبە، کە بیناسازیی کۆمەڵگەو ئوممەتێکیان لەسەر دادەمەزرێت کارێکی سادە و ئاسایی نییە، چ جای دەوڵەتێکی ئیسلامیش لەسەر کۆمەڵگە ئیسلامیەکە دابمەزرێت، کە کۆمەڵگەکەش بەرهەمی ڕەنج و خەباتی کۆمەڵە نوخبەکەیە.

کۆمەڵە نوخبەکەش ئەم پێغەمبەرە پێشەوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێنابوونییە کایەوەو بۆ ئەو ڕۆڵ و بەرپرسێتییە ئامادەی کردبوون.

ئەمەش هەمووی لەسەر مەنهەجەکەی خوا دابمەزرێنرێت. لەسەر تێگەیشتن و ئیستیعاب کردن و هێنانە دیی عەقیدەکەو گەیاندنەوەی.

ئەمە کاری هەموو پێغەمبەرانێکیش نییە چ جای کاری کەسانی تر، لەسەر ئەمەشەوە پاڵنەری ئەم تێگەیشتن و خواناسیی و دینداریی و بانگەوازە، بە سەرتاسەری سەر زەمینی ئەو زەمانەشدا تەشەنە بکات و، ئەم بانگەوازە بە بزاوتێکی گۆڕانکاریی واقیعییانە، بگەیێتە هەر چوار لای جیهان، پێش ئەوەی مەنهەجەکەی بە کتێب بگەیێتە وڵاتەکانیان!

لەم سوڕەتەدا -لە هەموو ئەم جوزئە خۆشییدا- لایەنێکی ئەو خەبات و ڕەنجە بێووچانە دەبینین و، لە چەندین ئایەتییدا شێوازە نایابەکەی خودی قورئان دەبینین لە بونیاتنانی ئەم نوخبەیەو عەقیدەو هزرو هۆشیان.

دەبینین چۆن بە ڕوداوەکانی ژیانیان پەروەردەیان دەکات، هەست و هۆش و ئینفیعالەکانیان ڕێك ئاڕاستەی ئەو بیناسازییە کاریگەرە دەکات.

هەر لەم سوڕەتەو -لە جوزئەکە هەموویدا- هەست بە لایەنی تری ململانێی جاهیلییەت و، دوژمندارانەی دوژمنە سەرسەختەکانی ئیسلام دەکەین، لە: موشریکان و جولەکەو دووڕووەکان.

لەم سوڕەتەدا دیاردەیەکی ڕۆشنتر، لە پشتگیریی کردنی خوای گەورە دەبینین، کە بۆ ئەم کۆمەڵە موسوڵمانە هەرە دەگمەنەی مێژووی دەکات، هەست دەکەین، کە خوای گەورە بە لوتف و ڕەحمەت و مەعییەتی خۆی ئەم جەماعەتە چاودێریی دەکات، بە مەنهەجی حەقی خۆی گۆشیان دەکات، بە سۆزو بەزەیی خۆی سەرپەرشتیان دەکات.

لە ناخی تاك تاکیاندا، گەورەیی و مەزنیی و لوتفی خۆی دەڕوێنێت. وایان لێ دەکات هەر یەکەیان وا هەست بکەن کە خوای گەورەو تاك وپاك، خوای زاناو داناو

توانا، خوای کارزان و کارجوان سات بە سات وەلیاندایە. لە بچوکترین هەڵوێستی کەسێتیی و خێزانیی و کۆمەڵکارییان چاوی لێیانەو چارەسەری کێشەکانیان -چەندە بچوکیش بێت- ئیهمال ناکات، هەر یەکەیان، چ وەکو تاك، چ وەکو کۆ هەستیان دەکرد، کە خوای گەورە بە ریعایەتی خۆی پارێزگارییان دەکات، لە پلانی دوژمن ئاگاداریان دەکاتەوە، تەنانەت ختورەی دڵی دوژمنەکانیان بۆ وەسف دەکات و، هۆشدارییان لە هەموو نەخشەیەکیان دەداتێ.

ئا ئەمە، چ هەستێکی پاڵنەرو هەستکردنە، بە نرخ و بەهای موسوڵمانێتیی کە هەر یەك لەو یاوەرانە، لەتاك تاکی ئەو نوخبە ئامادەکراوە خواویستە، هەستی دەکرد -بە تاك و کۆ- وان لە داڵدەی خوای بە ئاگاو دەسەڵاتداردا، وان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا، کە ئەو بۆی هەڵکردوون و بەڵێنی سەرکەوتنی خۆیان و شەکاوەیی ئاڵاکەیانی لە جیهاندا پێداون.

هەستیان دەکرد، خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی پەروەردەیان دەکات، دڵ و دەروونیان پاك و پارسەنگ و داب ونەریتیان چاك و پارسەنگە.

ڕەفتارو ڕەوشت و مامەڵەیان هاوکێشەیەکی پارسەنگە، چونکە بوونەتە ئەندامی سەر ڕاستی (حزبوالله).

سەربەرزن بەوەی، کە خوای گەورە لە ڕیزی عەبدەکانییدا قبووڵی کردوون، لێیان ڕازییەو حزبەکەی خۆی لەوان پێکهێناوەو، ئەو ئاڵای خواویستییەشی بۆ کردوونەتە ناسینەوەی بەرەو سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان.

سوڕەتەکە بە دیمەنێکی سەرسوڕهێنی ئەو قۆناغە دەگمەنەی نوخبە موسوڵمانە کە دەست پێدەکات، لەو زەمانەدا، کە وەحی خوایی دەهاتە خوارەوەو، ئەم نوخبە پاکە دەیانبینی و هەستیان پێ دەکردو، لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دەبزوتن..

ئەم قوناغە تایبەتەی، جارێکی تر لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتییدا دووبارە نەبۆوەو، ناشبێتەوە، قۆناغی پەیوەندیی ئاسمان و زەوی، پەیوەندی ڕاستەوخۆو بەرجەستەو هەستپێکراو.

پەیوەندییەك لەبەر بەشداریكردنی ژیانی ڕۆژانەی ئەم نوخبە هەڵبژاردەدا، وەحی دادەبەزێت..

چی لەم بەشداریكردنەی خوای كارزان ڕۆشنترە، لە چارەسەری كێشەی ئافرەتێك، كە كەوتۆتە كێشەیەكی خێزانی خۆیەوە، بەڵام خوای باڵا دەربارەی دەفەرموێ:

(قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا وَتَشۡتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسۡمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ) .

واتە: بە تەئكید خوای گەورە قسەی ئەو ئافرەتەی بیست، دەربارەی مێردەكەی لە گەڵتدا دەدواو سكاڵای بەرەو خوا دەبرد، خوای گەورە بیسەری وتوێژەكەی نێوانتان بوو، خوای گەورە بیسەرو بینەرە...

ئەم كۆمەڵە موسوڵمانە، ئەم نوخبە هەڵبژاردانە، ئەم ئافرەتە، هەموو هەست دەكەن، كە خوای كردگاری ئاسمانەكان و زەوی، كردگاری مرۆڤ و ژیان، گەورە و مەزن و باڵا دەست، وا تەدەخول دەكاتە كێشەیەكی ڕۆژانەی خێزانێكی هەژارو داماو، كەناری جەنجاڵی ژیان، تا كێشەكەی بۆ چارەسەر بكات، تا حوكمی خۆیان لە سەر بداتێ، چونكە خوای بیسەرو بینەرو بە ئاگا -پاك و بێ خەوشیی بۆ ئەو- خۆی بیسەری سكاڵاكەیە، خۆی وتوێژەكە دەبیستێت.

خۆی ئاگادارە، ئافرەتەی داماو، چۆن بەهاناوە خۆی گەیاندۆتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ )و -بە چرپەو تەنها- كێشەكەی لا باس دەكات، لەو لاشیانەوە (خاتووعائیشەیە) -خوا لێی ڕازی بێت- زۆرباش لە وتوێژەكە -لە بەر بە ئەسپایی دواندنەكەیان-حاڵی نابێت، سبحان الله. چ دیمەنێكە!

دڵ و دەروون و هەست و هزرو كیان، هەمووی پڕ دەكات لە هەستی وجودی خوای گەورەو، مەزنیی و میهرەبانی و سەرپەشتیارێتی دڵسۆزانەی. (یاالله).

بابەتێكی تری سورەتەكە: جەخت كردنەوەی خوای گەورەیە، لە ناسین و زانینی دیدو هەڵوێستی دوژمنانی خواو پێغەمبەرەكەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ )، كە (يُحَآدُّونَ

ﭐللَّهَ وَرَسُولَهُۥ) کە شەڕی بێئامانی خۆیان بەرامبەر خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ڕاگەیاندووە!! کە دوژمنی سەرسەختی نوخبە موسوڵمانەکەن، کە لە کەناری خوادایە.

ئیدی خوای گەورە تەئکیدی خۆیان بۆ نوێ دەکاتەوە، کە حەتمەن ئەو دوژمنانە سەرشۆڕو نابوت دەبن و دەبەزن، شکستی دنیایی دەبینن و، سزای قیامەتیش بە سەختی دەچێژن.. بەرامبەر هەر دیدو هەڵوێستێکی دنیاییان، حەتمەن سزایەکی تایبەت دەدرێن.

ئەوان ڕەفتاری دوژمنکارانەی خۆیان نواندووەو، بەردەوامیشن لەسەریی، خوای گەورەش هەر هەموو هەڵوێستەکانی بۆ تۆمار کردوون.

ئەوان لە یادیان دەچێت، خوای گەورە بیریان دەهێنێتەوە، ئەوانی نەزان و ستەمکار ئەنجامیانداوە، خوای بیسەرو بینەریش بۆی هەڵگرتوون:

(يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْ أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾).

واتە: ئەوێ ڕۆژێ، کە خوای گەورە زیندوویان دەکاتەوە و، کارو کردەوەکانیان دەخاتەوە پێشچاو، ئەوان بیریان چۆتەوەو خوای گەورە بۆی هەژمار کردوون، خوای گەورە بیسەرو بینەرو زانایە بەهەموو شتێك.

بیرخستنەوەو جەخت کردنەوەی، دەربارەی ئامادەبوونی خوای گەورە (سبحانە و تعالی) بە بیسەرێتیی و بینەرێتیی خۆیەوە، بە شاهیدیی و شەهیدیی خۆیەوە حازری نێوانتانە.

ئاگای لە هەموو چرپەو سرتەتانە، ئاگای لە ختورەی دڵتانە، وانەزانن تەنهان.. خوای مەزنتان وەلدایە.. هەر ڕەفتارێك (گوفتار و کردار)ێك، کە دەینوێنن لە سەرتانی دەنووسێت و، لە ڕۆژی قیامەتتدا دەیخاتەوە پێش چاوتان:

(﴿ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٧﴾) ئا ئەم هەواڵدانە بەو نوخبە پاکە سەر ڕاستە خواویستە بێگومان کاریگەرییەکی هەر زۆر زۆری لەسەریان هەیە. توندوتۆڵتریان دەکاتەوە. هۆشیان دێنێتەوە بەر کە دەبێ حسابی خۆیان بۆ هەموو چرپەو سرتەو دواندنێکی ئەسپایی نێوان خۆیان بکەن. تا زمانیان بەچاکە بگەڕێت. ئا ئەم بڕگەیە دڵی ئیماندار پڕ دەکات لە هۆش و ترس و هەیبەت و سامی خوای گەورە لە چاودێریی و ئاگاداریی. پێشتریش (ئیمان)ـەکەی لایبووبووە چاودێریی خۆیی (الرقابة الذاتية). ئەم هەواڵدان و بیرخستنەوەو هۆشدارییە لە بیسەریی و بینەریی خوای گەورەو وەلداب وون و زانین و چاودێریی پێشەکیەکی ئینزارە بۆ کافرەکان (موشریك و جولەکەو دووڕوەکان) کە زۆریان کۆبونەوەو کۆڕ بۆ پلانگێریی و دوژمنکارێتی ئیسلام و موسوڵمانان دەگێڕاو بەردەوام -ڕۆژانە- خەریکی چرپەچرپ و سرتەسرت و قسەهێنان و بردن بوون. ئەمە هەڕەشەیە لەوانیش کە بە هۆش خۆ وەرنەوە. چونکە خوای گەورە بینەرو بیسەرو زاناو ئاگادارە. وا نەزانن تەنهان و کەس ئاگای لە پیلانگێریتان نابێت.. ئاوا دڵی ئەوانیش دێنێتە لەرزە. خەم و پەژارەو دڵەراوکێ و ترسی کەشف بوونیان لە ناخدا دروست دەکات هەڕەشەی فەزح کردنیانەو ئاوا راشکاوو ڕۆشن لێیان دەکات، خوای گەورە چاوی لێیانە دەیانبیستێ. دەزانێت هەموو سرتەسرتەکانیان گوناحکاریی و سەرپێچی و یاخیبوونە لە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). خوای گەورەش هەموویان لەسەر دەنووسێت لەسەریان حساب دەکات لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات دەربارەی هەر خورپەو دیدو هەڵوێستێکیان و دەیکاتە هۆکاری سزای سەخت و بەژانی لای خۆی. لە هەمان کاتدا هۆشیارکردنەوەی موسوڵمانانیشە کە نەکەن چرپەو چرپ و سرتەسرتی ئێوەش بەغەیری چاکە و خواناسیی بێت.. ئاوا لەم لایەنەشەوە ئاڕاستە پەروەردەکارییەکەی خۆیان پێدەدات و چاودێریان دەکات و ڕەفتاریان هەڵدەسەنگێنێت.

دواتر دێتە سەر شێوازێکی تری ئەدەب دادانیان، کە چۆن دەبێت لە کۆڕی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )خۆ زەبت و ڕەبت بکەن. سینەفراوان

و گوێڕایەڵ بن. تا بۆیان ببێتە داب ونەریتی کۆڕی فێرخوازیی.. فێری شێوازی پرسیاریان دەکات. فێریان دەکات چۆن لە کۆڕی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بە ویقارو خامۆشییەوە دادەنیشن و قسەی لە قسەدا ناکەن و چاوەڕوانی فەرمان، یان مۆڵەتی چوونەوەیانی لێدەکەن. فێریشیان دەکات کە ئەمە ئەرکە، پێویستە، فەرزە، نەك پیاوەتی و چاکە دەربڕین!

ئەمما باقی ئایەتەکانی سوڕەتەکە، باس لە دیدو هەڵوێستی دووڕوو (مونافیق) ـەکان دەکات، کە دۆستایەتییان لەگەڵ جولەکەکاندا بەهێزبوو، لایەنیان دەگرتن و لەسەریان هەڵدەدانێ و، تەوجیهاتیان لێوە وەردەگرتن، پێکەوە پیلانیان دژی موسوڵمانان دادەڕشت.

لەو لاشەوە، سەرزارەکیی موسوڵمانێتیان نیشاندەداو سوێندیان بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەخوارد، کە شوێنکەوتووی ئەون و گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانیین، کە واش نەبوون.

لێرەدا خوای گەورە باسیان دەکات، کە چەند درۆزن و سوێند خۆرن و، دەیانەوێت بەم سوێندە درۆیانەیان، پاکانە بۆ خۆیان بکەن، بەڵکو لە سزای خوا کەنار درێن!! بەڵکو هەر وەکو لە سزای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خۆیان قوتار دەکرد، لای خوای گەورەش وایان بۆ بلوێت!

خوای گەورە بە تەئکیدەوە هەواڵی حەق و ڕاست و ڕەوای خۆی دەداتە هەموو لایەك، کە ئەو کەسانەی دوژمنایەتیی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکەن، خوای گەورە لەسەری نووسیوون، کە زەلیل دەبن و دەست و چاوشۆڕ دەبن و، زەرەرمەند، هەر ئەوانن.

هەر بەو تەئکیدەشەوە، هەواڵی حەق و ڕاست و ڕەوای خۆی دەداتە هەموو لایەك، کە خۆم و پێغەمبەرەکانم زاڵ و باڵا دەست دەبین، بۆ ئەوەی لەم بەرابەرێتییەدا، بچووکیان بکاتەوە و بە چاوی شۆڕەوە، خۆیان زەلیل و سووك ببینن.

وا نەزانن بەرەی ئەوان بەسەر بەرەی خوای کارزان و بەتوانادا زاڵ دەبێت، ئەمەش لایەنێکی تری ئاراستە پەروەردەییەکەی خوای گەورەیە، بۆ موسوڵمانانی بازنەی دووەم و سێیەمی دەوری نوخبە هەڵبژاردەکە، کە هێشتا مابوویان لە خواناسیی دا قوڵببنەوەو لەوە دڵنیابن، کە ئاراستەی سرەوت و بزاوت و چۆنییەتی ململانێ و، بردنەوە و سەرکەوتنی کۆتایی، لە دەست خوای گەورەدایە، نەك بە هێزو تواناو ژمارەی بەرەی کوفرەوە پەیوەست بێت.

لەم لایەنەشەوە ئەو موسوڵمانانەی ئاراستە دەکرد، کە جاری وا هەبوو هێزی کوفریان، بە بەدەسەڵات دەهاتە پێشچاوو، نەیان دەویست پەیوەندییەکانیان بە تەواویی لە گەڵیاندا بپچڕێنن، تا لەوە دڵنیایان بکاتەوە، کە سەرکەوتن نسیبی بەرەی ئیمانداراننە، چونکە خوای گەورەو بەهێزو بە توانای تێدایە و، بەرەی ئەو بەر نابوت و شکست خواردوو بەزیووە.

ئیدی بۆچی هەندێك کەس سوورن لەسەر نەپسانی پەیوەندی خۆیان بە تاقمەکانی بەرەی کوفرەوە؟!

ئاوا خوای گەورە دەیویست ڕیزی ئیمانداران سەربەخۆ بن و، بواری دزەی کوفرو کافرانی تێدا نەمێنێت.

دەیویست هەموو هەست بەوە بکەن کە مادام لە ژێر سایەی ئاڵای خوادان، با دڵنیا بن لە سەرەنجامی ڕۆشنیان، با شانازیی بە بەرەی خۆیانەوە بکەن، کە لە ژێر چاودێریی و سەرپەرشتیارێتیی خوای بەدەسەڵاتدان، با لەوە دڵنیا بن، کە خوای گەورە بەرەی ئەمان دەپارێزێت، گەشەو نەشونمایان پێدەکات، تا بۆ ڕۆڵە جیهانییە قەدەرییە گەردوونییەکەی خۆیان ئامادە بکات.

لە کۆتایی سورەتەکەدا وێنەی قەشەنگ و جوان و پەسەندی (حزبوالله) دێت، حزبی ئەو نوخبە خواویستەی، لە خواناسیی و خواپەرستییی و بانگەوازو جیهاددا ڕەوان و، بوونەتە سەر مەشقی موسوڵمانانی هەموو نەوەیەك، تا قیامەت.

نموونەی کۆمەڵەی (موهاجیرین) و (ئەنصار) دەخاتە پێش چاوان، تا ئەو کەسانەی هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دین و دینداریێتییدان، بزانن لە کوێدان و چەندیان ماوە بگەنە ئەو ئاستەی، ئەو نموونە خوازیستییەی لێیە!

بۆیە کۆتایی سوورەتەکە بەو شێوەیە دەهێنێت، کە هەرگیزاو هەرگیز نموونەیەکی تری ئاوات بەردەست ناکەوێت:

(لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾).

## هۆی هاتنەخوارەوەی سەرەتای سورەتەکە

لە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا، ئەگەر مێرد بە ژنی خۆی بووتایە: (أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي).

واتە: پشتت وەکو پشتی دایکمە، یان پشتت وەك پشتی دایکم بێت، ئیتر ئەو ئافرەتەی لێ حەرام دەبوو، نە بە تەڵاقدراو هەژمارد دەکرا، تا شوویەکی تر بکاتەوە، نە بە خاوەن مێرد! مێردەکەشی مافی خۆی هەر پێوە دەما! ئەمەش لایەنێکی ئەو داب ونەریتە کۆمەڵایەتییە ستەمکارە بوو، کە ستەمی زۆری لە ئافرەت کردبوو.

لە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا، ئەم ڕەفتارە بە تەڵاق حسێب بوو، چونکە ئافرەتەکەی وەکو دایکی خۆی لێ حەرام دەبوو، کە ئیسلام هات ئەم یاسایەی ئیلغاکردەوە.[١]

ریوایەتەکانی هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانەی سەرەتای ئەم سورەتە زۆرن، (بوخاری) لە (صحیح)ەکەیدا (کتاب التوحید) بە (موعەلـلەق)ی و (ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداوود و نەسائی و ئیبنوماجەو ئیبنوئەبوحاتەم و ئیبنوجەریر) گێڕاویانەتەوە، کە بەهۆی حاڵەتی خاتوو خوەیلە (یان خەولە، کچی ثەعلەبە) هاتەخوارەوە، کە (ئەوسی کوڕی صامت)ی مێردی وای پێوتبوو.

ئیمامی ئەحمەد (رحمەالله) دەفەرمووێ: (سەعدی کوڕی ئیبراهیم) و (یەعقوب) هەردووکیان وتیان: باوکم لە (محمـد ی کوڕی ئیسحاق)ییەوە گێڕایەوە: کە (مەعمەری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی حەترە) قسەی بۆ کردن، کە (یوسفی کوڕی عبداللەی کوڕی سەلام) لە (خوەیلەی کچی ثەعلەبە)ی بیست کە فەرمووی: بەخوا قەسەم، ئەو ئایەتانەی سەرەتای سورەتی (موجادەلە) لەسەر من و (ئەوسی کوڕی صامت) (مێردەکەی) هاتە خوارەوە، فەرمووی:

---

(١) صحيح فقه السنة ابو مالك كمال ابو السيد ب٣ ل٣٧..

ژنی (ئەوس) بووم، لای بووم، پیاوێکی پیر بوو، ڕەفتاری زۆر خراپ بوو بوو، ڕۆژێك هاتەوەماڵەوە، شتێکم لەگەڵدا باسکرد پێی تورە بوو!

ئیتر پێمی وت: پشتت وەکو پشتی دایکم بێت، پاشان لەماڵ چووە دەرێ.

پێم وت: توخنم ناکەویت هەتا خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، حوکمی خۆیانمان لەسەر نەدەن، بۆم گەڕایەوە و پەلاماری دام.. چونکە ئەو پیر بوو، منیش گەنج، نەمهێشت بمخاتە ژێر خۆی، وەکو هەر ئافرەتێکی گەنج، کە دەرەقەتی پیاوێکی پیر بێت، فڕێم دایە لاوەو دەرپەڕیم.

خۆم گەیاندە ماڵە دراوسێیەك و پۆشاکێکم لێ خواستن و پۆشیم.. چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لە خزمەتییدا دانیشتم، بەسەرهاتەکەمم بۆ گێڕایەوەو، باسی بەد ڕەفتارییەکەشیم بۆ کرد.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: (يَاخُوَيْلَةُ، ابْنُ عَمِّكِ شَيْخٌ كَبِيرٌ، فَاتَّقِي اللهَ فِيه) واتە: هۆ خوەیلە! ئامۆزاکەت (مێردەکەت) پیاوێکی پیری بەساڵدا چووە، لە بەر خاتری خوا ڕێزی بگرە.

خوەیلە (یان خەولە) دەفەرمووێ: بەخوا قەسەم لە شوێنی خۆم نەجولابووم، کە قورئان دەربارەم هاتەخوارێ!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )کەوتە ئەو حاڵەتەوە، کە عادەتەن وەحی بۆ دەهات، دەکەوتە ناویەوە، پاشان کە تەواو بوو فەرمووی: (يَا خُوَيْلَةُ، قَدْ أَنْزَلَ اللهُ فِيكِ وَفِي صَاحِبِكِ قُرْآنًا).

واتە: هۆ خوەیلە! بە تەئکید خوای گەورە، قورئانی دەربارەی خۆت و هاوسەرەکەت ناردە خوارەوە، پاشان ئەم ئایەتانەی بۆ خوێندەوە:

(قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ)، تا دەگاتە: (وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾)

پاشان پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پێی فەرموم: (مُرِيهِ فَلْيُعْتِقْ رَقَبَة) برۆ فەرمانی پێبدە (پێی بڵێ)، با کۆیلەیەك ئازاد بکات.

عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری! خوا نییەتی کۆیلەیەك بکڕێت و ئازادی بکات.

فەرمووی: (فَلْيَصُمْ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْن) واتە: با دوو مانگ لەسەریەك بە ڕۆژوو بێت.

عەرزم کرد: بەخوا قەسەم ئەی پێغەمبەری خوا ! پیرەو توانای ڕۆژووگرتنی نییە.

فەرمووی (فَلْيُطْعِمْ سِتِّينَ مِسْكِينًا).

واتە: با خۆراکی شەست هەژار بدات.

عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوەندەی نییە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمووی: (فَإِنَّا سَنُعِينُهُ بِعَرَقٍ مِنْ تَمْر).

واتە: دەی سا ئێمە بە زەمبیلەیەك خورما هاوکاری دەکەین.

عەرزم کرد: دەی سا منیش بە زەمبیلەیەکی تر خورما هاوکاری دەکەم.

فەرمووی: (قَدْ أَصَبْتِ وَأَحْسَنْتِ فَاذْهَبِي فَتَصَدَّقِي بِهِ عَنْهُ، ثُمَّ اسْتَوْصِي بِابْنِ عَمِّكِ خَيْرًا).

واتە: بە تەئکید پێکات و چاکت کرد، برۆ لە جیاتی ئەو بیکە بەخێر، دواتریش (بچۆرەوە و) ڕەفتاری چاك لەگەڵ کوڕەمامەکەتدا بکە!

(خوەیلە) دەفەرمووێ: منیش هەر وام کرد.

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

### ئایەتی (١-٤)

(قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا وَتَشۡتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسۡمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ
ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ ١ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمۡۖ إِنۡ أُمَّهَٰتُهُمۡ
إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَيَقُولُونَ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ
٢ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ
تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٣ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ مِن
قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗاۚ ذَٰلِكَ لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ
وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٤)

قَدۡ: پێی دەوترێت: (حرف تحقيق) حەتمییەتی ڕوودانی کردارەکەی دوای خۆی دەسەلمێنێت، کە ڕوویداوە.

(ئەگەر کردارەکە ڕابوردوو بوو) وەکو ئەم ئایەتەی ژێرە، یان ئایەتی (لَّا تَعۡتَذِرُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكُمۡ قَدۡ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنۡ أَخۡبَارِكُمۡۚ ) التوبة/٩٤، ئەگەر ڕانەبوردوو، بوو مانای: ئەگەر (ئیحتیمال) دەدات وەکو: (قد يكون، قد يذهب، قد يسافر..). ئەمە بەگشتی، بەڵام مانای پڕێتی و تەواوێتی گشتگیریی کردارەکەی دوای خۆشی (کە ڕانەبردووە) دەدات. وەکو: (قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمۡ لِوَاذٗاۚ )النور/٦٣.

سَمِعَ ٱللَّهُ: بە تەئکید خوای گەورە بیستی. بیستن: یەکێکە لە سیفەتە کردەوەییەکان (الصفات الفعلية)ی خوای گەورە.

بیستنی زۆر مەخلووق بە گوێچکەیە، بەڵام ناشێت بووترێت: خوای گەورە گوێچکەی هەیە، چونکە لە ئایەت و فەرمووددا نەهاتووە، وەکو کە (يد، وجه...) دەست و ڕوو هاتووە...

ئەهلی سووننەت و جەماعەت، لە شەرحی ئایەت و فەرموودەی سیفاتی خوای گەورەدا (زاتی بن وەکو: دەست، یان کردەوە، وەکو هاتن و هاتنە خوارەوە و بیستن و بینین...) دەفەرموون: ئەم سیفەتانە، سیفەتی خوای گەورەن، بەڵام چۆنییەتییەکانیان (الکیفیة) نازانین، هەر خوای گەورە دەزانێت چۆنە، چونکە پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )چۆنیەتییانی دیاریی نەکردووە!

ٱلَّتِي: ئافرەتەکەیە، کە ناوی (خەولە)یەو بۆ نازداریی، بچوك کراوەتەوە بۆ (خوەیلە) وەکو: أخي: کاکە کە دەبێت بە (أُخَيى) واتە: کاکەچکۆل.

بچوك کردنەوەی ناو بۆ ڕێزو نازە، یان بۆ سووکایەتیی، لە کوردیشدا وایە.

دەشێت بە (مەحمود) بڵێی: (خولە) بۆ سووکایەتی پێکردنی هەر وەکو بۆ خۆشەویستی دەڵێی: (خولە) گیان.

لە بادینانیش بە (ۆ) بچووکی دەکەنەوە، وەکو: (بەکر/ بەکۆ)، (لەتیف/ لەتۆ)، (محمد/ حەمۆ).

زَوْج: بە ژن و بە مێردیش دەووترێت: زەوج. وەکو لە ڕیوایەتدا هەیە: (أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وشەی (هاوسەر)یش، پڕاوپڕی زەوجەو بۆ هەر دووکیانە.

يُظَٰهِرُونَ: لە (ظهر)ـەوە هاتووە، کە پشتە، پشت پێچەوانەی ڕووی یەکەمی شتە، چاوگەکە (ظهار).

واتە: وتنی ڕستەی (أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي) لە لایەن مێردەوە بە ژنەکەی خۆی. واتە: پشتت وەکو پشتی دایکمە.. لە ڕووی زاراوەییەوە یەعنی (پشتت وەکو دایکم بێت).

واتە: چواندنی ژنی بە مەحرەمێتی دایکی، مەرجیش نییە، هەر پشتی بڵێ، دەشێت، هەر ئەندامێکی تری جەستەی ئافرەتەکەی، بە ئەندامی جەستەی دایکی بچوێنێت.

(يُظَاهِرُونَ) شێوازی کۆی (يُظَاهِر)ە واتە: کەسێك، کە وای بە ئافرەتەکەی وتبێت.

ٱلَّتِي: اسم موصولە و وەکو (اللاتی)یە، بۆ کۆمەڵە مێینیەیە.

زُور: بوختانە، قسەیەکی خراپ کە پێچەوانەی راستی بێت و بخوازرێت ناحەقی پێبکرێت بەحەق یان حەقی پێبکرێت بە ناحەق.

فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٍ: ئازادکردنی کۆیلە، پێیی وتراوە: (رَقَبَة) چونکە کۆیلە وەکو ئاژەڵ، پەت دەکرایە گەردنی، بە بەرەڵاکردنییان دەووت: گەردن ئازاد کردنی.

مُتَتَابِعَيۡنِ: یەك لە دوای یەك: دوا بە دوای یەکتریی.

يَتَمَآسَّاۖ: تمَاسَّ: پێك گەیشتن و لێکخشان و بەرکەوتنە، بەڵام لێرەدا مەبەست: سەرجێییە (نوستنی ژن و مێرد پێکەوە: جیماع کردنی).

## مانای گشتی ئایەتەکان

(قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا وَتَشۡتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسۡمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ
ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ ١ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمۡۖ إِنۡ أُمَّهَٰتُهُمۡ
إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَيَقُولُونَ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ
٢ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ
تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٣ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ مِن
قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗاۚ ذَٰلِكَ لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ
وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٤)

واتە: بە تەئکید خوای گەورە قسەی ئەو ئافرەتەی بیست، کە هاتە خزمەتت و دەربارەی مێردەکەی لە گەڵتدا دوا، کە هاواری بوو لە دەستی و سکاڵای بۆ خوا دەهێنا.

خوای گەورە وتووێژی نێوان هەردووکتانی دەبیست، خوای گەورە بیسەرو بینەرە.

(١) ئەو کەسانەتان، کە (ظیهار) لە ئافرەتەکانی خۆیان دەکەن و بە دایکی خۆیانیان دەچوێنن، نابنە دایکیان، چونکە دایکانیان هەر ئەوانەن، کە ئەمانیان لێبووە. (واتە: هەر چەندە بەو قسەیە حوکمی دایکیان وەرناگرن و وەکو دایکیان لێیان حەرام نابن)، بەڵام ئەمە قسەیەکی ناڕەواو خراپەو بوختان و درۆیە کە دەیکەن.

لەگەڵ ئەوەیشدا، خوای گەورە بەرامبەریان، هەر لێبوردەو لێخۆشبووە.

(٢) ئەو کەسانەی (ظیهار) لە ئافرەتەکانی خۆیان دەکەن و، پاشان لە قسەکەیان دەگەڕێنەوە (پەشیمان دەبنەوە لە کردنی) بۆ ئەوەی ئافرەتەکانیان لێ حەلاڵ بێتەوە،

دەبێت پێش ئەوەی توخنیان بکەونەوە، کۆیلەیەك ئازاد بکەن، (نابێت لەگەڵ ئافرەتەکەیدا بخەوێت، هەتا کەفارەتەکەی بە تەواوی نەدات، کەفارەتەکەش: ئازادکردنی کۆیلەیەکە)، ئەمە ڕاسپاردەی خوای گەورەیەو حوکمی بنبڕێتی لەم مەسەلەیەدا، بۆیە بۆتان ڕوون دەکاتەوە، تا ئامۆژگاریی خوای گەورە وەربگرن، خوای گەورە شارەزای ئەو کارو کردەوانەتانە، کە دەیکەن.

(٣) ئەگەر کەسێك (ظیهار)ی کردو کۆیلەی دەست نەکەوت، تا ئازادی بکات، یان نەیبوو بیکڕێت و ئازادی بکات، دەبێ دوومانگ لە سەریەك بەڕۆژوو ببێت، پێش ئەوەی پێکەوە بخەونەوە (سەرجێی بکەنەوە)، تادوو مانگەکە بە ڕۆژوو نەبێت و تەواو نەبێت، بۆی نییە سەرجێی لەگەڵدا بکاتەوە.

ئەگەر توانای ڕۆژووگرتنەکەی نەبوو، دەبێت ژەمە خۆراکی شەست هەژاری موستەحەق بدات. ئەوە بۆ ئەوەی باوەڕتان بەخواو پێغەمبەرەکەی بەهێز بێت و بە شەرعەکەیەوە پابەند بن.

ئەوە سنووری ئەحکامی دینەکەی خوایە (مەیبەزێنن و پێوەی پابەند بن)، کافرەکانیش سزای سەختیان دەبێت. (٤)

## سکاڵاکەی خاتوو خەولە (خوا لێی ڕازی بێت):

ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ: (معاویە) بۆی گێڕاینەوە: (ئەعمەش لە تەمیمی کوڕی سەلەم)ەوە، ئەویش لە عورووەوە گێڕایەوە: کە خاتووعائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ الْأَصْوَاتَ، لَقَدْ جَاءَتِ الْمُجَادِلَةُ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تُكَلِّمُهُ وَأَنَا فِي نَاحِيَةِ الْبَيْتِ مَا أَسْمَعُ مَا تَقُول، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا﴾ المجادلة/١.

(ئیبنوئەبوحاتەم) بە هەمان سەنەددا (ئەعمەش) لە (تەمیمی کوڕی سەلەفە) و ئەویش لە (عورەوە)و ئەویش لە خاتووعائیشەوە، کە پورییێتی دەگێڕێتەوە: کە

**خاتووعائیشه** (خوالێی ڕازی بێت) فەرمووی: (تَبَارَكَ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ كُلَّ شَيْءٍ، إِنِّي لَأَسْمَعُ كَلَامَ خَوْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ، وَيَخْفَى عَلَيَّ بَعْضُهُ، وَهِيَ تَشْتَكِي زَوْجَهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، وَهِيَ تَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَكَلَ شَبَابِي، وَنَثَرْتُ لَهُ بَطْنِي، حَتَّى إِذَا كَبِرَتْ سِنِّي، وَانْقَطَعَ وَلَدِي ظَاهَرَ مِنِّي، اللَّهُمَّ إِنِّي أَشْكُو إِلَيْكَ، فَمَا بَرِحَتْ حَتَّى نَزَلَ جِبْرَائِيلُ بِهَؤُلَاءِ الْآيَاتِ: (قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ).

واتە: خاتووعائیشە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی پاك و بێ خەوشی بۆ خوای گەورە، کە هەموو چرپەیەك دەبیستێ، من خۆم گوێم لە هەندێ قسەی (خەولەی کچی ثەعلەبە) بوو، لە هەندێکی تریشی حاڵی نەدەبووم، کە سکاڵای خۆی لە مێردەکەی لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەکرد، دەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا! هەموو سەروەت و سامانی خواردم و گەنجێتییەکەمم تێدا فەوتاند و، سکم بۆ هەڵڕشت (تا منداڵێ زۆری لێم ببێت) ئیتر، کە بە ساڵدا چووم و نەزۆك کەوتم، (ظیهار)ی لێم کرد! خوایە سکاڵای خۆم دێنمە لای تۆ.

دەفەرموێ: هێشتا لە شوێنی خۆی هەڵنەستابوو، کە (جوبرەئیل عَلَيْهِ السَّلَام) ئەو ئایەتەی هێنایە خوارەوە ( قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا ).

## سەیدنا عومەر و خاتوو خەولە (خوا لێیان ڕازی بێت) :

(ئیبنوئەبوحاتەم) دەفەرموێ: باوکم بۆی گێڕاینەوە: کە (موسای کوڕی ئیسماعیل) (ئەبوسەلەمە) قسەی بۆ کردین، کە (جەریر) (واتە: ئەبوحازم) فەرمووی: گوێم لە (ئەبویەزید) بوو باسی ژنێکی دەکرد کە سەیدنا (عومەری کوڕی خەتتاب)ی لە سەر ڕێ ڕاگرت، ناوی: (خەولەی کچی ثەعلەبە) بوو..

سەیدنا (عومەر) کۆمەڵێك خەڵکیشی لە خزمەتدا بوون، سەیدنا عومەر بەڕێزەوە بۆ ئافرەتەکە ڕاوەستاو لێی نزیك بۆوە و، گوێچکەی لێ نزیك کردەوە و، هەر دوو دەستی خستە سەرشانی ئافرەتەکەو گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو... تا تەواو بوو،

کە ئافرەتەکە ڕۆیشت، ئینجا ئەم ڕۆیشت، کابرایەك عەرزی کرد: ئەریّ ئەی ئەمیری موسوڵمانان! پیاوماقوڵانی قورەیشت لە بەر خاتری ئەم ئافرەتە پیرە ڕاگرت!

فەرمووی: هەی داماو! چما نازانی ئەمە کێیە؟

عەرزی کرد: نەخێر.

فەرمووی: ئەمە ئەو ئافرەتەیە، کە خوای گەورە لە پشت حەوت چینی ئاسمانەکانەوە سکاڵای بیست.. ئەمە (خەولەی کچی ثەعلەبە)یە.. بەخوا قەسەم، ئەگەر، تا شەو لێرەدا ڕایبگرتمایە بۆی دەوەستام، مەگەر خۆی بڕۆیشتایە.. هەر دەوەستام بۆی، تا قسەکانی دەکردو دەڕۆیشت، مەگەر بۆ نوێژ بەجێم بهێشتایە، ئەو کاتەش نوێژەکەم دەکردو دەهاتمەوە لای، ڕادەوەستام تا قسەی تەواو دەبوو!

# دەرسی یەکەم

## ئایەتی یەکەم:

(قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا وَتَشۡتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسۡمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ ١).

واتە: بە تەئکید خوای گەورە قسەی ئەو ئافرەتەی بیست، کە وتویژی لەگەڵدا دەکردیت و سکاڵای خۆی بۆ خوا دەبرد، خوای گەورە گفتوگۆی نێوانتانی بیست، خوای گەورە بیسەرو بینەرە.(١)

وا دەزانم ماناکەیمان چەند جار ڕوون کردەوە و، ئێستا ڕۆشنە، مەگەر ئەوە بۆ بیرخستنەوە بهێنمەوە، کە (سەید قوتب رحمه‌الله) دەربارەی ڕوداوو ئایەتەکە دەفەرموێ: (ئەوە ئەو بەسەرهاتەیە، کە خوای گەورە وتووێژی ئەو ئافرەتەی بیست کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەیکرد.

ئەوە ئەو بەسەرهاتەیە، کە خوای کردگاری ئاسمانەکان و زەوی، بە گەورەیی و میهرەبانی خۆیەوە، لە پشت حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە، حوکمی خۆی تێدا ناردە خوارەوە، تا مافی ئافرەتەکە نەفەوتێت و بیدریتێ!

تا خەیاڵ جەم ودەروون هێمن و کیان ئۆقرە گرتوانە ڕەفتار بکاتەوە، تاپشێویی دەروونیی خۆی و مێردەکەی سرەوت بگرێت و چارەسەرێکی کێشەکە، کە دەشێت هەزاران جاری تر دووبارە بێتەوە، بخاتە بەردەستی موسوڵمانانی هەموو کات و شوێن و نەوەیەك.

سورەتەکە بەم بەسەرهاتە دەست پێدەکات سورەتێکی قورئان! قورئانی پەیامی نەمری خوای کردگارو خاوەن پەروەردگار، کە (وجود) لە هەموو لایەکەوە هێدیانە لەگەڵ هەموو چرپە و خورپەیەکی ئەوان و ووشەیەکی ئایەتەکەدا، سەرنج لە گەورەیی و میهرەبانی خوای گەورە دەدات بەرامبەر مرۆڤ. لە مرۆڤیشدا، نوخبە موسوڵمانەکەی دەوری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لە ناو ئەوانیشدا ئافرەتێك لەو هەزاران ئافرەتانەی ئاسایی دەکەوتنە کێشەی خێزانییەوە..

ئەم خوا گەورە و بەدەسەڵاتەی، کارگێڕیی هەموو ساتێکی ژیانی هەموو گیانلەبەران و، تەگبیریی سات و ئانی هەموو کائینات لە ئاسمانەکان و زەوییدا دەکات و، ئاگای لە هەموانە، سکاڵای ئافرەتێکی خاوەن کێشەش دەبیستێت و بەدەنگییەوە دەچێت و، چارەسەرەکەی بە پێغەمبەرەکەی خۆیدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەداتی. سبحان الله.

## ئایەتی دووەم سێیەم و چوارەم:

(ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمۡۖ إِنۡ أُمَّهَٰتُهُمۡ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَيَقُولُونَ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴿٣﴾ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗاۚ ذَٰلِكَ لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾).

واتە: ئەو کەسانەتان، کە (ظیهار) لە ئافرەتەکانیان دەکەن (کە پێیان دەڵێن: وەکو دایکمی) قسەیەکی ناقۆڵاو بەدو درۆو بوختان دەکەن، چونکە ئافرەتەکانیان دایکیان نین، دایکیان ئەوانەن، کە لێیان ئیجاد بوون، خوای گەورە لێبوردەو لێخۆش بووە.

(٢) ئەو کەسانەتان، کە (ظیهار) لە ئافرەتەکانیان دەکەن و پاشان لێی دەگەڕێنەوە (پەشیمان دەبنەوە لەظیهارەکەیان) دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکەن (پێش ئازادکردنی کۆیلەکە، کە کەفارەتی (ظیهار)ەکەیە، نابێت لەگەڵ ئافرەتەکانیاندا جوت بن (سەرجێیی جیماع بکەن)، ئەمە حوکمی خوای گەورەیە کە ئامۆژگاریتان دەکات پێوەی پابەند بن، خوای گەورە شارەزای ئەو کارانەتانە، کە دەیکەن.

(٣) هەرکەسێك نەیتوانی کۆیلە ئازاد بکات، دەبێت دوو مانگ لە سەریەك بەڕۆژووبێت (تا ڕۆژووی هەر دوومانگەکەش تەواو نەکات، کە کەفارەتی (ظیهار)ەکەیە) نابێت لەگەڵ ئافرەتەکەیدا جوت ببێت (جیماع بکات)، ئەگەر ئەم ڕۆژووگرتنەشی لە تواناداا نەبوو، دەبێت خواردنی شەست کەس بدات کە هەژارو دەستکورتن.

ئەمەیە حوکمی خوای گەورە، دەبێت تەسلیمی بن وقبوڵتان بێت، مادام باوەڕتان بەخواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێناوە، ئەمە سنووری خوای گەورەیە (نەیبەزێنن) حەتمەن کافرەکانیش سزای بەژانیان دەبێت.(٤)

(ئینولقەیم رحمەالله) دەربارەی حەڕامێتی (ظیهار) دەفەرموێ: (ظیهار حەڕامە و موسوڵمان نابێت بیکات)، چونکە خوای گەورە دەرهەقی دەفەرموێ: کە (مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ ) قسەیەکی خراپ و ناپەسەندە (وَزُورًا ) درۆو بوختانی ناڕەواشە.

ئەم دوانەش هەر دووکیان حەڕامن، لە لایەکەوە هەواڵێکی درۆو قسەیەکی نابەجێ یە، کە بڵێ: (پشتت وەکو پشتی دایکمە)، چونکە ئەمە وا نیەو درۆیە، لە لایەکی تریشەوە بڕیارێك لەسەر ئەو ناڕەواییە دادەمەزرێنێت، کە ئافرەتەکەی لە خۆی حەڕام دەکات.[١]

* زۆرینەی پێشەوایانی شەرع -جگە لە ئیمامی شافیعی (رحمەالله) لە قەولی قەدیمییدا- هەروەها زاهیرییەکان، هەموو دەفەرموون: خێزانەکەی خۆی بە هەر

---

(١) ابن القیم زاد المعاد ٥/٣٢٦.

ئافرەتێکی مەحرەمی خۆی بچوێنێت، هەر ظیهارە، وەکو ئەوەی بچوێنێت بە نەنکی یان پووری، یان خوشکی.. خوشکی دایك و باوکی بێت، یان خوشکی شیریی، بە پشتی بچوێنێت، یان بەئەندامی تری جەستەی هەر ظیهارە، چونکە وەکو زۆرینەی شەرعناسان دەفەرموون هەموویان لە حوکمی نەخواستنیاندا وەکو دایکن.

کەوابوو ظیهاریش، کە چواندن بێت بەوان، هەمان حوکمی چواندن بە دایکی هەیە.. ئەمەش رای پەسەندە، چونکە بەڵگەکانی بەهێزترن.(١)

* ئەسڵ ئەوەیە: کە مێرد، ظیهار لە ژنی خۆی نەکات، بەڵام ئەگەر کردی، ئەوە کە فارەتەکانێتی، کە بەڕیز ئایەتەکە باسی کردوون، ئەگەر کەسێك بۆ ماوەی مانگێك ظیهاری لە ئافرەتەکەی کرد، بۆ نموونە: لە ڕەمەزاندا جائیزە، چونکە ڕیوایەتی (سەلمانی کوڕی صەخری ئەنصاری) دەربارەی حاڵەتێکی وایە، کە لە ڕەمەزاندا ظیهاری لە ئافرەتەکەی کرد، بەڵام شکاندی و شەوێك چووە لای.

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) کەفارەتەکەی بەو ریزبەندییە خستە پێش چاو، ئەمەش بە هەمان شێوەی (ئەوسی کوڕی صامت)ی مێردی خاتوو (خەولەی کچی ثەعلەبە)، هیچ کام لە کەفارەتەکانی نەتوانی بدات.(٢)

* ظیهار لە ئەسڵییدا ستەمێکی ئەهلی جاهیلییەتی پێش ئیسلام بووە، کە لە ناو عەرەبەکاندا باو بووە، بەڵام ئیسلام ئەو کەفارەتە قورسانەی بۆ دانا، تا وا دەگمەنی کرد، کە نزیك بوو لە نەمانی.

لە لایەکەوە ئەم کێشەیەی چارەسەر کرد، لە لایەکی تریشەوە ڕێگایەکی تری چارەسەریی کۆیلەیی، کە ڕێساکانی جەنگی کۆن کردبوویانە مافێکی سروشتی براوەو، سەرکەوتووەکان و دیل و بەزیووەکانیش قەناعەتیان پێی هەبوو، کە ئەوە یاسای زاڵبوانە!

---

(١) لە شەرع ناسییدا مەسەلەی ظیهارمان بەتەفسیل ڕوون کردۆتەوە والحمدلله.

(٢) ترمذي (١٢)، ئەبوداود ٢٢١٧ ، ئیبنوماجە ٢.٦٢ ، بەیهیقي ٣٩/٧. فەرموودەیەکی حەسەنە (صحيح فقه السنة ٣٧٢/٣).

لەملاوە کێشەیەکی خێزانی هەیە، کە لە نێوان ژن و مێردێکدا ڕوویداوە، بەڵام چارەسەرەکەی چارەسەری دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتیشە. بۆیە لە لایەکەوە ڕەفتارەکەیان لا دزێوو ناقۆڵا دەکات، کە نارەواو خراپ و درۆیە، لە لایەکی تریشەوە، کەفارەتی قورسی بۆ چارەسەری داناوە، کە بەم ڕێزبەندییەیە:

١- کۆیلەیەك ئازاد بکات: هەر وا بە (نەکیرە: نەزانراو)ی، بەڵام لە کەفارەتی کوشتن (قەتڵ) دا دەفەرموێ: کۆیلەیەکی موسوڵمان.

هەندێك لە شەرعناسان فەرموویانە ئەو کۆیلەیەی لە کەفارەتی ظیهاردا ئازاد دەکرێت، مەرج نییە موسوڵمان بێت چونکە ئایەتەکە بەرەهایی و گشتیی دەفەرموێ: کۆیلەیەک، بەڵام ئیمامی شافیعی (رحمه‌الله) دەفەرموێ: مەرجە کۆیلەیەکی موسوڵمان بێت، چەند بەڵگەیەکیش لەسەر ئەوە هەیە، کە ئێرە شوێنی موناقەشەکردنیان نییە.

٢- ئەگەر کۆیلە نەبوو، یان هەبوو ئەو لە توانای داراییدا نەبوو، دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو ببێت، بێ ئەوەی کەلێنیان تێبخات.

٣- ئەگەر هیچیانی نەتوانی، دەبێت حەتمەن خۆراکی شەست هەژار بدات، نەشیبێت عەفوو ناکرێت، دەبێت پەیدای بکات، چونکە لە ڕوداوەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە نە (ئەوس) و نە (سەلمانی کوڕی صەخر)و نەکەسانی تریش هیچیان نەبوو، بەڵام یارمەتیدران، تا بۆیان کۆ بکرێتەوە و بیدەن.

* لە کەفارەتی یەکەم و دووەمدا دەفەرموێ: (مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ) پێش ئەوەی پێکەوە جوت ببنەوە، واتە: جیماعی لەگەڵدا بکات، هەندێك لە شەرعناسان دەفەرموون: بۆی نییە (جیماع)ی لەگەڵدا بکات، دەنا دەستبازیی و پێهێنانەوەی لێ حەرام نییە. بەڵام زۆرینەی پێشەوایان دەفەرموون: کە دەسبازیی کردنیشی جائیز نییە، تا کەفارەتەکە نەدات.

ئەمە بۆچوونی ئیمامان (ئەبوحەنیفەو مالیك و شافیعی) (لە قەولێكیدا) و بۆچوونی مەزهەبی ئیمامی (ئەحمەد)یشە (رحمەالله)، وا دیارە ئەمیشیان پەسەندتر بێت (والله اعلم)، چونكە: (ئیبنوعەبباس) -خوا لێیان ڕازی بێت- دەفەرموێ: (أَنَّ رَجُلا أَتَى النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) قَدْ ظَاهَرَ مِن امْرَأَتِهِ فَوَقَعَ عَلَيْهَا فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ ظَاهَرْتُ مِنْ زَوْجَتِي فَوَقَعْتُ عَلَيْهَا قَبْلَ أَنْ أُكَفِّرَ فَقَالَ:«وَمَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ يَرْحَمُكَ اللَّهُ» قَالَ رَأَيْتُ خَلْخَالَهَا فِي ضَوْءِ الْقَمَرِ. قَالَ:«فَلا تَقْرَبْهَا حَتَّى تَفْعَلَ مَا أَمَرَكَ اللَّهُ بِهِ»).[١]

كابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و عەرزی كرد ظیهارم لە ئافرەتەكەم كرد، بەڵام پێش ئەوەی كەفارەتەكەی بدەم، چوومەوە لای، فەرمووی (ئێ ڕەحمەتی خوات لێبێت بۆ چی واتكرد؟).

عەرزی كرد: خڕخاڵ و پاوانەكانی پێیم، لە بەر تیشكی مانگەشەوەكە بینی!

فەرمووی: دەی سا توخنی مەكەوەرەوە، تا ئەوە جێبەجێ دەكەیت، كەخوای گەورە فەرمانی پێداویت.

* ( ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦ ) شێوازێكی نەرم و نیانی خوای گەورەیە، لە تەمێكردنی ظیهاركاردا، دەنا وەكو (ابن كثیر) دەفەرموێ: مەبەست لێی زەجرو سەرزەنشت كردنێتی و، بە دواشییدا دەفەرموێ: (وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٌ ).

واتە: خوای گەورە شارەزاو ئاگاداری ئەو كارو كردەوانەتانە كە دەیكەن. تا هۆشدارییان بداتێ، كە دینداریتان، كە لە نێوان خۆتان و خوای گەورەدایە، دەبێت وابێت بووبێتە هەستی چاودێریی ئیمانیی، تا كاری وا نەكەن، ئەگەر كردتان خۆی لێ نەدزنەوە، ئەگەر كەفارەتەكەتان بەسەردا درا، بیدەن و هەوڵ مەدەن خۆی لێ ڕاپسكێنن.

---

(١) ئەبو داود ٢٢٢٣ و ترمذی ١١٩٩ ونەسائی ١٦٧/٦ ودەشفەرموێ (مورسەل)ە واتە یاوەر سەحابە كەی لە زنجیرەی سەنەدەكەیدا كەوتووە، بەڵام هەر نەسائی دەفەرموێ (هو أولی بالصواب) تفسیر ابن كثیر ٢٩٦/٤.

* (وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ) ئەمە ئەو سنورەیە، کەخوای گەورە لە نێوان حەڕام و حەڵاڵدا دیاری کردووە، پێوەی پابەند بن.

خوای گەورە (١٤)جار باسی سنوری ئەحکامەکانی شەریعەتی خۆی کردووە، (١٢)جاریان لە کێشەکانی ئافرەتدایە: (ظیهار و تەڵاق و میرات و هتد)، وەکو بخوازێت بە هۆشداریی دان بە پیاوان و بیرخستنەوەی تەقواو بەرپرسێتیی قیامەت لەو سنورانەدا بیان وەستێنێت و، بەهێزی بازوو و پلەی کۆمەڵایەتیی و پیاو سالاریی کۆمەڵگەکەیانەوە، هەراڵ (مەغرور) نەبن و، وا بزانن سنوور شکاندنیان بۆ دەلوێت و دەتوانن ئافرەتی موسوڵمان کە لە کۆتی جاهیلییەت ڕزگار بووە، بگێڕنەوە ناو هەمان ئاستی خوارەوەی مەزلومێتی ئەو پیاوانەی، هەستی ئیماندارییان بەهێزە، لە حەنای ئەم هۆشدارییەو لە بەرامبەر ئەو سنورانەدا دڵیان دا دەچڵەکێت و نەوێرن توخنیان کەون.. بۆیە لە هەموو کێشەیەکی نێوان ژنان و پیاواندا، پیاوانی تەقوا کار، ئامادەن تەنازول لە هەندێك مافی ڕەوای خۆیان بکەن، لەبەرخاتری ئەوەی مافی ئافرەتەکانیان نەکەوێتە لا، ژنی بێت، یان دایك و خوشکی، کە پشکی میراتیان بەردەکەوێت.. خۆم نموونەی پیاوانی دیندارو جوامێرم لە خزمانی خۆمدا دیووە، والحمدلله.

* دوا بە دوای باسکردنی سنوری مەحرەم و، ئەحکامی شەریعەتەکەی خۆی دەفەرموێ: (وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ) تابێت بەئینزارێکی تری ژن و پیاوی موسوڵمان، بە تایبەتی مێردەکان.. تا بە ئەحکامی شەرع ڕازی بن و پێوەی پابەند بن، چونکە ئەوی، کە شەرعی خوای پێ قبووڵ نییە و ڕەفزی دەکاتەوە، یان دەیگۆڕێت، کافرەو بە تەئکید سزای بە ژان دەدرێت.

دوای ئەم کۆتاییە هەڕەشەئامێزە لە یاخیبوان لە شەرع، یەکسەر دێتە سەر باسی ئەوانەی دوژمندارێتیی خواو پێغەمبەری خوا دەکەن، کە دیارە ئەوانەن، کە بە ڕێبازی خوایی ڕازی نەبوون و لێی تەوەلا بوون.

* لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکاندا -کە وەکو یاسا دەکەوێتە بەردەستیان- هەست و هۆشی ئیمانیی و چاودێریی تەقواکاریی و هەستی مەسئولییەتی قیامەتییان بەردەوام بیر دەخاتەوە.

بڕوانە بەرامبەری یەك حوكمی شەرعی یەك كێشەی كۆمەڵایەتیی، چۆن هەر خۆیان دەكاتەوە بە ڕاپەڕێنەری ئەحكامەكان، ئەمەش ئەو خاڵە گرنگەیە كە ئەحكامی شەرع، ئەگەر موسوڵمانان (دەوڵەت و دەسەڵات)یشیان نەبوو، شەرع خۆی لە ناخیاندا حاكمی دەسەڵاتدارەو ناچاری ملكەچییان دەكات، ئەوە ئەو هەستەیە، كە بیرمەندو سیاسەتمەدارو كۆمەڵناس و یاساناسانی ڕۆژئاوا، خۆزگەی بۆ دەخوازن، كە لە هاوڵاتیانیاندا هەبێت، چونكە لە وڵاتی ئەوان، هەر كەسێكیان -لە سەرۆكەوە، تا ڕەشۆكی سەرجادەكانیان- ئەگەر چاوی چاودێریی یاساو پۆلیسیان لێ دیار نەما، بە ڕۆژی نیوەڕۆ هەموو مافێكی یەكتریی هەڵدەلووشن! ژیاین و دیمان.[١]

بڕوانەرەوە ئایەتەكان و كۆتاییان: (قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ )، (وَٱللَّهُ يَسۡمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ )، (وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ )، (ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ )، (وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٌ)، (ذَٰلِكَ لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ )، (وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ): ئەم هەموو ئاڕاستە و بیرخستنەوە و حەزەردانە، بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهازی ناخی هەر یەكەیاندا بدوێت، تا ڕاستەوخۆ هەست بەوە بكات، كە عەبدایەتی و موسوڵمانێتیی ئەوە دەخوازێت، هۆشی لە گوناح و تاوان و سنوور بەزاندن بێت، ئەوە دەخوازێت: دڵی بە ئیمان زیندووی خۆی هەست بە چاودێریی و زانایی و هێزو دەسەڵاتی خوای گەورە بكات و بشزانێت، كە چۆن لێرە ڕەفتار دەكات، لەولاش ئاوا پاداشت، یان سزا دەدرێتەوە (الْجَزَاءُ مِنْ جِنْسِ الْعَمَلِ).

---

(١) نەك هەر لە: (ئەفریقا و سۆڤیەت و یوگوسلاڤیا)و دەوڵەت و كۆمەڵگەی سۆشیالیستانی كۆندا، بەڵكو لە ئەمریكای دڕندەدا.. كە زریانی (كاترینا) لە شاری (نیوئۆرلاین)ی داو، زۆربنەی گەڕەكەكانی وێران كرد، هەر خەڵكی شارەكە خۆیان، چەك و سەیارەو زرێپۆشی پۆلیسیان دزی و كردیانە هۆكاری تاڵانكردنی بانق و كۆمپانیاو بازاڕو ماڵەگەورەكان!! حكومەت بە هێزی سوپا، دوای چەند ڕۆژێك توانی شارەكە كۆنترۆڵ بكاتەوە..

# دەرسی دووەم

## ئایەتی پێنجەم و شەشەم :

(إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ كُبِتُواْ كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْۚ أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾ ).

واتە: ئەو کەسانەی، کە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، شکست دەخۆن، زەلیل و ژێردەستە دەبن، هەر وەکو ئەو کەسانەی پێش ئەوان، زەلیل و ژێردەستەبوون (سەرەنجامی دوژمنایەتیی خوای گەورە و پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێبێت)، زۆرمان نیشانەو بەڵگەی ڕۆشن -لە سەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرانمان- هێنایەوە.

ئەوانەی، کە باوەڕیان نەهێناوە سزای سەر شۆڕانەیان دەبێت.(٥)

ڕۆژێك دێت، کە خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە و، کارو کردەوەکانیان دەخاتەوە پێش چاویان، ئەوان لە بیریان نامێنێت، بەڵام خوای گەورە هەمووی بۆ هەژمارو ئامارو تۆمارکردوون، خوای گەورە ئامادەو بینەری هەموو شتێکە و شاهیدی لەسەر دەدات.(٦)

ئایەتەکانی دەرسی یەکەم، باسی حوکمی خوای گەورەیە لە شوێنکەوتوانی دینەکەی، کە چۆن بە ئاگایی و بیسەریی و بینەریی خۆی، بە زانایی و توانایی و دانایی خۆی سەرپەرشتیان دەکات و ئاراستەی گەشەو نەشونمای کۆمەڵکارییەکەیان دەکات و، چارەسەری کێشەکانیان دەخاتە بەردەستیان.

لەم دوو ئایەتەی دەرسی دووەمماندا، دەبینیت حوکمێکی توند بەرامبەر بەرەی بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان ڕادەگەیێنێت.

جەنگێکی ئاشکرای بێ مساوەمە بەرامبەر بەرەی دوژمنانی خۆی و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)-کە بە پێچەوانەکاریی کەوتوونەتە دوژمنداریێتیی بەرەی ئیمان- ڕادەگەیێنێت..

- (يُحَآدُّونَ) وێنەی هێڵی سنورێك دەنوێنێت، کە لەوبەریەوە بەرەی کوفرە، کە بەو پەڕی نەفامیی و هەڕاڵیی و لوتبەرزییەوە، بەرامبەر بەرەی ئیمان وەستاونەتەوە، ئەمبەریش موسوڵمانان.. کە لێرەدا ووشەی (يُحَآدُّونَ) دێنێتەوە، کە سنوور دیاریکردنە، بەرامبەر (وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ)ـەکەیە، کە موسوڵمانان پێوەی پابەند دەبن و وەکو کافرەکان سەرکەشانە سنوور نابەزێنن و یاخی نابن و، ناکەونە دوژمنداریی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

تەنها ووشەی (يُحَآدُّونَ)ـە کە خۆی وێنەی دوو بەرەی ناکۆك و دژبەیەك دەکێشێت، جگە لەوەی، کە دیدو هەڵوێستی بەرەی دوژمنیش وا دەناسێنێت، کە زۆر گەمژانەو موستەهیترانە بەرەی دوژمنایەتیان پێکهێناوەو، شەڕیان دژی بانگەوازی خوایی ڕاگەیاندووە.

خوای گەورە دەیەوێت دژواریی هەڵوێستەکەیان بخاتەوە بەر چاویان، کە ئەمە کاری کردن نییە!! مەخلوقێکی بێ دەسەڵات و لاواز بەو دەست وسەرو دەسەڵاتە مەغروربووەیەوە، کە هەر خوای خاوەنی داوێتێ! ئاوا لەخۆی بایی بووەو هاتۆتە بەربەرەکانێیی خوای کردگارو مرێنەرو ڕۆزیدەری زانا و بەتوانا.

هەر بە یاخیبوون و سەرپێچیەکەوە نەوەستاوە، کە بە فەرمانەکانی خوای گەورەوە پابەندنەبووە، بەو بێ دەسەڵاتییەی خۆیەوە، جەنگی بەرامبەر خوای گەورەو دین و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ڕاگەیاندووەو، سنورێکی بە حسابی خۆی، بۆ بەرەی دیدو تێڕوانین و هەڵوێست و مومارەسەو هێزو دەسەڵاتی خۆی کێشاوە!!!

خوای گەورە بە شێوەی دوعا، بۆ ترساندن و بیرخستنەوەو بیرکردنەوەیان لە چارەنووسی ڕەشی خۆیان دەفەرموێ: (كُبِتُوا۟ كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ).

واتە: هەی زەلیل و چاوشۆڕو ژێر دەستە بکەون، هەر وەکو ئەوانەی پێش خۆیان، کە زەلیل و چاوشۆڕو ژێردەستەکەوتن، چ ئەوانەی بەرەی دوژمنداریێتیی پێغەمبەرانی پێشوویان پێکهێناو شکستیان خوارد، چ ئەم کافرانەی قورەیش، کە بە مەغرورییەوە هاتنە شەڕی ئیسلام و، لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی (بەدر) دا لوتیان شکاو، زیاتر لە (حەفتا) کوژراو (حەفتا) دیلیان داو، بە سەر شۆڕیی و واوەیلای ژنانەوە گەڕانەوە مەککە.

ئەگەر مەبەست لەمە دوعا بێت، کە خوای گەورە لێیان دەکات، مانای بڕیاری قەدەریانەشییەتی و تازە گەڕانەوەی نییە، چونکە فەرمانی خوای گەورە، کە دەرچوو ڕەتکردنەوەو وەستاندن و ئاڕاستە گۆڕینی نییە.

کەوابوو: حەتمەن ئەمانیش هەر ئەو چارەنووسەیان دەبێت. بیست ساڵی پێنەچوو لە فەتحی مەککەدا، ساڵی (٨ك) هەموو چاوشۆڕو کزو کلۆل کەوتن و، چاوەڕێی لێبوردنە گشتیەکەی پێغەمبەری پێشەوا بوون (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

خۆ ئەمانە نیشانەو بەڵگەی ڕۆشنن بۆ هەر کەسێك، ئەم ڕوداوە مێژووییانە دیراسە بکات، زۆر زوو دەگاتە حەقیقەتی ڕەهای ئەم ئایەتانە: (وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ).

ئەمانە بەو دیدو هەڵوێستە کوفرینانەیان کافر بوون، چارەنووسی کافرانیش لەقیامەتدا دیارە، کە چییەو چۆنە؟ (وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ) چارەنووسی کافران هەر سزاو ئازارو ژان و سەرشۆڕیی و سووکایەتییانە.

ئایەتەکە باس لە دیدو هەڵوێستی دژواری ئەو بەرە شەڕانیەی کوفرە دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە نەویست، کە: مادام ئەوان لە نەزانیی و دیدلێڵییانەوە نییە، کە ئەو بەرە دوژمنداریێتیەیان پێکهێناوە، بەڵکو: (عن عمد وسبق الاصرار).

واتە: بەئەنقەست و سووربوونی پێشترەوە ئەو هەڵوێستەیان گرتۆتەبەر. کەوابوو: دەبێ ئەوە باش بزانن، کە سزای دنیاو قیامەتیان بەسەردا دەدرێت، ئەمەش ڕۆشن و ئاشکرایە.

پاشان چارەنووسەکەیان، کە لە ڕۆژی قیامەتدا حەتمەن دێتەڕێییان، بە شوازێکی دڵهەژێن و دانایی و پەروەردکارانە باس دەکات، کە دەفەرمووێ:

(يَوۡمَ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْۚ أَحۡصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ٦)

ڕۆژێك دێت، کە خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە، کارو کردەوەکانیان دەخاتەوە پێش چاویان، ئەوان لە بیریان نامێنێت، بەڵام خوای گەورە هەمووی بۆ هەژمارو ئامارو تۆمارکردوون، خوای گەورە ئامادەو بینەری هەموو شتێکە و شاهیدی لەسەر دەدات.

هەر هەموویان زیندوو دەکاتەوە، هەموویان پێکەوە (کۆمەڵ نیشانەی هێزە) بەڵام ئەمانە بە هەر هەموویان، ناتوانن کەسێکیان لەو چارەنووسە ڕەشە قوتار بکەن.. هەمووشیان سزای سەرشۆڕانەو سووکایەتیی دەچێژن.

ئەم وەسفی ئازارو سزایە، بەم سیفەتی (مُهین)ـە لێرەدا مەبەستە. چونکە سزای هەڕاڵیی و لوتبەرزیی و خۆبەزلزانینە.

سزای دەمهەراشی گاڵتەجاریی و جنێودان و سوکایەتیکردنەکەیانە بە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە دین و دینداران. با ئاوا چاوشۆڕ بکرێن، ئەو چاوانەی لە هەڕەشەکردنیاندا زەق دەبوون، لا لغاویان کەفی تێدەپەڕیی و سوور دەبوونەوە.

با ئێستا داخ کرێن، زنجیربکرێن، ڕابکێشرێن. ئەم زەلیلییە لەبەر چاوی هەموو مرۆڤایەتییە، کە زیندووکراونەتەوە، لە ساحەیەکدا، لە ساحەی گاڵتەجاریی و هەڕەشە مەغروورەکانی ئەوان بەرفراوانترەو لە دەشتێکی بەریندایە.

تەماشاوان زۆرترن. بەربەستی نەدیتنیان نییە، دوژمنداریێتییەکەی ئەوان، سزاو ئەشکەنجەکانی دنیای ئەوان و مەحرومکردنی موسوڵمانان لە نان و ئەمان، زوڵم بوو، ناڕەوایی بوو، چونکە موسوڵمانان هیچیان نەکردبوو، تەنها دینداریێتییان ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئەم ئازارو سزا سەرشۆڕیی و سووکایەتی پێکردنەی قیامەتی ئەمان، حەقە و ڕەوایە، خوای گەورە کردەوە دوژمنکارانەکانیان نیشان دەداتەوە، پێیان دەڵێتەوە، هەر چەندە ئەوان بیریان چۆتەوە، بەڵام خوای گەورە هەر هەمووی تۆمار کردوون، هەموو ڕەفتارێکی هەژمارد کردوون:(فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْۚ أَحۡصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُۚ ) ئێستا لە قیامەتدان و، هەموو حەقیقەتەکان بەڕەهایی لە واقیعێکی بەرچاوانیاندا دەبینن: هەبوونی خوا، قیامەت، کار تۆمارکردن، بیستن و بینین و بەئاگایی خوای گەورەو هێزو دەسەڵات ومەزنیی، زانایی ودانایی و بەتوانایی.

لەسەر ئەمانەشەوە (سجل)ی تۆمارکردنی کردەوەکانیان، خۆیشیان ئێستا هەست دەکەن، کە لە خۆوە سزا نادرێن، بۆ حەزو ئارەزوو ناخرێنە ژێر ئەشکەنجەوە، بۆ سەلماندنی هێزو ئازایەتیی زنجیربەند نەکراون. نا، (بِمَا عَمِلُوٓاْۚ ) ئینجا سەیری کۆتاییی ئایەتەکە بکە: (وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ) شهید: صیغەی موبالەغەی (شاهد)ـە، کە (اسم فاعل)ـە، واتە: زۆر شارەزای شاهیدیدان و زۆری شاهیدی داوە، وەکو: (عالم)، کە بووە بە (علیم)، (ناصر)، کەبووە بە (نصیر) شاهدیش بە ئامادەبوونی یان لەرێی هەواڵی ڕاستگۆوە زانیاری لا دروست بووە، ئینجا (زانیاری)ـیەکەی کردووە بە ڕوونکردنەوەو ئیقرار، شاهید بوونییەکەی بە (ئامادەبوون) و (دیتن) پەیدا کردووە.

ئینجا بێ ترس و بێ تەماع ئەوەندەی شاهیدی داوە، لەسەر حەق زەوت کردن، تا بووە بە شەهید. ئەمە شاهیدو شەهیدی مرۆڤە.. بەڵام خوای نادیارزان (علام الغیوب)، خوای شاهیدو شەهید خۆی داوەرییان دەکات..

خۆی ناکۆکیی و ڕاجوێییان یەکلا دەکاتەوە، خۆی حەق و ناحەق و ڕاست و درۆ لێك جودا دەکاتەوەو بە زانستی خۆی تاوانبار دەناسێنێت و بە داد پەروەریی و دەسەڵاتی بێ وێنەی خۆی سزاکەیان بەسەردا دەدات.

ئیتر ئەم گەمژەو نەفامانەی دنیا، ئەم خوا نەناسانە، بۆچی هەڵوێستەیەکی بیرکردنەوە ناکەن؟!

بۆچی کەمێك هزریان ناخەنەکار؟

ئاخر خۆ ئەوانەی پێش ئەمانیش، هەر وابوون: ڕقن و بوغزن و گەوج و نەفام، سەرکەش و مەغرووروو هەڕاڵ، خۆیان بەخاوەن هێزی لەبن نەهاتوو دەزانی، بەڵام، کە بە سەریشیاندا هات هزرو هێزیان نەما، ئەوەتا ئێستا بە زەلیلی، پەنجەی پەشیمانیی دەگەزن و دەڵێن:

(وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٠﴾) الملك/١٠

ئاخر ئەگەر گوێمان بگرتایەو ئەقڵمان پێ بشکایە، چۆن ئاوا دەبووینە ئەهلی دۆزەخ؟!

ئاوا لە چەند ئایەتێکی کورتی ڕەوانبێژییدا، دوو وێنە خراونەتە ڕوو، بە هەموو بزاوت و سرەوتێکی دەرون و ڕەفتارەوە، وێنەیەکی سۆزو بەزەیی و سەرپەرشتیارێتیی و بایەخ پێدان و بە هاناوەچوونی ئافرەتە موسوڵمانێك.. وێنەیەکی تری غەزەب و خەشمی خوای گەورەو، ویست و دەسەڵاتی تۆڵەو فەرماندەێتیی بۆ بەرەی ئیمانداران دەکات لەو بەرەی شەڕەدا کە فاجرانی نەفام و ڕقن، بەرامبەر بەرەی ئیمان و ئیمانداران ڕایانگەیاندووە.

وێنەکان تواناو زانیینی خوای گەورە نیشان دەدەن، دەربارەی هەموو سرەوت و بزاوت و ڕەفتارەکان و، زانینی (غەیب)ی چارەنووسی قیامەتی ئەو شەڕانییە هیچ لە باردا نەبوانە!

خوای گەورە خۆی ئامادەی هەر دوو بەرەکەیە، بە بیستنی و بە دیتن، بە شاهیدیدان و تۆمار کردنی هەڵوێستە جیاکان بەرەی ئیمان لە ناخ و واقیعیاندا،

هەست بە (وجود)ی خوای کردگارو پەروەردگارو میهرەبان و بە دەسەڵات دەکەن، کە وەلیاندایە..

بەرەی کوفریش دەزانن، کە خوای گەورە وەلیاندا نییە و هۆشداریی و ئینزارە خواییەکان بە جیددی وەرناگرن، یان باوەڕیان پێیی نییە، بۆیە شایانی ئەو سووکایەتیی و چاوشۆڕییەن.

ئینجا خوای گەورە بۆ سەلماندنی شاهیدیی و شەهیدییەکەی خۆی، باس لە تواناو زانین و بەئاگایی خۆی دەکات، بە شێوەیەك، کە ژێیەکانی دڵ هەستی پێدەکەن، ئەوەش ئایەتەکانی حەوتەم و هەشتەمن، کە لە دەرسی سێیەمماندان:

# دەرسی سێیەم

## ئایەتی حەوتەم و هەشتەم:

(أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ
رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا
كَانُوا۟ ۖ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نُهُوا۟ عَنِ
ٱلنَّجْوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَيَتَنَٰجَوْنَ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَإِذَا
جَآءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِىٓ أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ ۚ حَسْبُهُمْ
جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٨﴾).

واتە: مەگەر نازانیت، کە خوای گەورە دەربارەی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن، دەزانێت چین و کێن، سێ کەس پێکەوە چرپەبکەن ئاگای لێیانە، چونکە چوارەمیان ئەوە، پێنج بن شەشەمیان ئەوە، لەوانە کەمترین، یان زیاتر هەر خوای گەورەیان وەلدایە، لەهەر کوێیەك بن، پاشان کارو کردەوەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا دەخاتەوە بەر دەست، خوای گەورە زانیاری تەواوی بە هەموو شتێك هەیە. (٧)

مەگەر نابینیت ئەوانەی ڕێی چرپە چرییان لێگیرابوو، کەچی هەردەکەونەوە ئەو جۆرە چرپەچرپەی لێیان قەدەغەکرابوو! چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی

کردنە، چرپەی یاخیبوونە لە فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ).. کە دێشنە لات واسڵاوت لێناکەن کە خوای گەورە فەرمانی بەو سڵاوە داوە و خۆشی وا دەیکات کە (السلام علیك)ـە، لەوان بەجۆرێکی تر سڵاو دەکەن (دەڵێن:السام علیك: واتە: مەرگت بگاتێ) لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن تۆ بڵێیت: بەم جۆرە سڵاوە (دوعا لێکردنەی) لای خوای گەورە گوناحبار ببین و خوای گەورە سزامان بدات لەسەریی؟! ئەوانە چارەنووسیان دۆزەخە، دۆزەخ لە عەوەیان دێت، ئەوانە خراپترین چارەنووسیان دەبێت. (٨)

خوای گەورە دوای ئەوەی چەند جار لە ئایەتەکانی پێشوودا جەختی لەسەر زانینی خۆی کردەوەو نیشانییدا کە وەکو کە بیسەرو بینەری هەموو شتێکە، ئاگای لە هەموو حاڵەت و ڕەفتارێکیشە، لێرەدا باس لەچرپە دەکات. لە دواندنی بە ئەسپایی.. چرپەی خێرو چرپەچرپە (سرتەسرت)ی پلان و پیلان و دووزمانی و ئاژاوەگێڕان.

دەفەرموێ: مەگەر نازانێت کە خوای گەورە زانیاری بە هەموو شتێك هەیە کە لە ئاسمانەکاندان، هەروەها هەموو شتێك کە لە زەویدایە (سەر زەوی و توێژاڵ و ناخی) هەر چرپەچرپێکیش لە نێوان کەسانێکدا بکرێت، خوای گەورە پێی دەزانێت و تۆماری دەکات، خێر بێت یان شەڕ. نهێنی و ڕازدرکاندنی ئەسپایی وچرپەی سێکەس بێت هەر دەزانێت و تۆماری دەکات، چونکە خوای گەورە بە زانستی خۆی چوارەمیانەو وەلیاندایە. پێنج کەس بن خوای گەورە شەشەمیانەو قسەکانیان دەبیستێت و هەواڵ دەداتە پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێبێت. لەو ژمارە ناوبراوانە کەمتر بن یان زیاتر هەر خوای گەورەیان وەلدایە. لە هەر کوێ بن، لە هەر کاتێکدا بن. هەر کەسێك بن و لە هەر حاڵەتێکدابن. هەر چەندە بە ئەسپایی بە گوێی یەکتریدا بچرپێنن خوای گەورە پێی دەزانێت و لەسەریان تۆمار دەکات، تا لە ڕۆژی قیامەتدا بیخاتەوە بەردەستیان. لە کۆتایی ئایەتی حەوتەمیشدا جەختکردنەوەیەکی تر لە پەییردن و زانینی هەموو شتێك دەکاتەوەو باس لە سیفەتی (علیم)ێتی خوای گەورە دەکاتەوە.. دەفەرموێ: (إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىۡءٍ

عَلِيمٌ ) خوای گەورە -بە تەئكید- پەی بە هەر هەموو شتێكی (وجود) دەبات و هەموو شتێكیش دەربارەیان دەزانێت.

ئەمەیە مانای (صیغة المبالغة)ی (علیم)، كە ناوی بكەرەكەی (عالِم)ـە.

- ناوی بكەر (اسم فاعل) دەشێت یەكجار بێت، وەكو (السَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ)، بەڵام ئەگەر دزییەكەی كرد بە پیشە، بوو بە پسپۆڕو زۆر شارەزای ئیتر دەبێتە (صیغة المبالغة)، كە لە سەر وەزنەكانی (فعیل، فعال، فعول . هتد) وەكو:

- عالِم / علیم، قادر / قدیر، فاهم / فهیم.

- صابر/ صبار، ساحر/ سحار، سامع / سماع.

- صابر/صبور ، كاتم / كتوم، صادق / صدوق.

- ئیبنو كەثیر (رحمەالله) دەفەرموێ: (زیاتر لە زانایەك، كۆڕا (ئیجماع)ی عەقیدە ناسان و زانایانی نەقڵ كردووە، كە مەبەست لەم وەلبوونەی خوای گەورە (هُوَ مَعَهُمۡ) وەلدا بوونە، بە زانیاری و زانینی خۆی، پاشانیش خۆی (ئیبنو كەثیر دەفەرموێ: (و لا شك في ارادة ذلك).

واتە: گومان لەوەدا نییە، كە مەبەست لێی ئەوەیە.

ئەم بە مەزن و دژوارو هەستیاردانانەی چرپەكردن و، پەی پێبردنی خوای گەورەو، ئاگالێبوون و تۆمار كردن و هێنانەوە پێشەوەی لە قیامەتدا، وەكو پێشەكیی و دەروازەو ڕێڕەوی ناوەرۆكی ئایەتی دوانزەیە، كە دەفەرموێ:

(أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نُهُواْ عَنِ ٱلنَّجۡوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ وَيَتَنَٰجَوۡنَ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوۡكَ بِمَا لَمۡ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ لَوۡلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُۚ حَسۡبُهُمۡ جَهَنَّمُ يَصۡلَوۡنَهَاۖ فَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٨﴾).

مەگەر نابینیت ئەوانەی ڕێی چرپە چرپیان لێگیرابوو، كەچی هەر دەكەوتنەوە ئەو جۆرە چرپەچرپەی لێیان قەدەغە كرابوو! چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی

کردن، چرپەی یاخیبوون لە فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).. کە دێشنە لات وا سڵاوت لێناکەن، کە خوای گەورە فەرمانی بەو سڵاوە داوە کە (السلام عليك)ـە. بەڵام ئەوان بە جۆرێکی تر سڵاو دەکەن (دەڵێن: السام عليك: واتە: مەرگت بگاتێ) لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن: تۆ بڵێیت بەم جۆرە سڵاوە (دوعا لێکردنەی)، لای خوای گەورە گوناحبار ببین و، خوای گەورە سزامان بدات لەسەریی؟! ئەوانە چارەنووسیان دۆزەخە، دۆزەخ لە عەوەیان دێت، ئەوانە خراپترین چارەنووسیان دەبێت.

زۆر ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: ئەمە باسی جولەکەکانی (مەدینە)یە، کە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدینەدا، فاکوفیك و چرپەچرپ و جرتوفرتیان لە ناو خۆیان و، لەگەڵ دوژمنەکانی ئیسلامدا زۆر بوو، تەنانەت موسوڵمان هەبوو، کە دەیبینن وا پێکەوە خەریکی چرپە چرپن و لە سەر ڕێگاکانیاندا مۆڵ دەبن، لە ترس و سڵکردنەوەیدا، ڕێی خۆی دەگۆڕی، تا چەندین جار ئەمە لە چەندین موسوڵمان دووبارە بۆوە، ئیتر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) هۆشداریی دانێ، کە ئەم ڕەفتارە گومانلێکراوەیان کۆتایی پێ بهێنن، بەڵام دیارە، کە وازیان لێ نەهێناو، هەر بەردەوام بوون لەسەریی.

ئەوەش داب ونەریتێکی نەوە بەنەوەی جولەکەیە، کە دەسەڵاتدار نەبن، هەروەها ڕەفتاری ترسنۆکی و فیتنەگێڕیی خەڵکانی تریشە، کە لەبەر (حەیانەچوون)، یان (سزانەدران)، یان (فەزح نەبوون)ی قسەو قسەڵۆکیان، یان بۆ (بەرێکردنی ناحەقی) و چەواشەکاریی و چاوبەستکردن لە چرپە بۆ کراوان، ئەم شێوازە دەگرنە بەر.

دیارە ئەمەش لەو سەردەمە ناسکەی سەرەتای دەسەڵاتی ئوممەتدا، لە مەدینە بووبووە دیاردەیەکی دزێوو پشێویهێن.

بۆیە ئایەتەکەش بە شێوازی پرسیاری نکووڵی لێکردن دەفەرموێ: مەگەر ئەوانە نابینیت، کە بەرهەڵستی چرپە چرپی پیلانگێڕیی و خراپەیان لێکرابوو، کەچی هەر دێنەوە سەریی و چرپەی گوناح و تاوان و دەستدرێژیی بۆ سەر

موسوڵمانان و دژایەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەکەن، کە دێشنە لات، سڵاوی وات لێناکەن، کە شێوازی خوای گەورەیە لە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، دێن و سڵاوەکە (کە السلام علیکم)ـە وسڵاوی خوای گەورەیە و، سڵاوی پێغەمبەران و پیاوچاکانەو، لە قیامەتیشدا سڵاوی بەهەشتیەوانانە، ئەمان دەیگۆڕن بۆ دوعای شەڕخوازیی ودەڵێن (السَّامُ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ) واتە: مەرگت بێتەسەر!

(مەسروق) لە خاتوو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (جَاءَ نَاسٌ مِنَ الْيَهُودِ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فَقَالُوا: السَّامُ عَلَيْكَ يَا أَبَا الْقَاسِمِ، فَقُلْتُ: السَّامُ عَلَيْكُمْ، وَفَعَلَ اللَّهُ بِكُمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ): مَهْ يَا عَائِشَةُ، فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لا يُحِبُّ الْفُحْشَ وَلا التَّفَحُّشَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَسْتَ تَرَى مَا يَقُولُونَ؟ قَالَ: أَلَسْتِ تَرَيْنَ أَرُدُّ عَلَيْهِمْ مَا يَقُولُونَ؟ أَقُولُ: وَعَلَيْكُمْ) وفي رواية (إِنَّهُ يُسْتَجَابُ لَنَا فِيهِمْ، وَلا يُسْتَجَابُ لَهُمْ فِينَا).

واتە: چەند کەسێك لە جولەکەکان هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) و، لە جێی سڵاو وتیان: مەرگت لەسەر بێت باوکی قاسم (أبولقاسم): کونیەی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

ڕیوایەتەکە دەفەرموێ: عائیشە، (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: مەرگ و زەم و لەعنەتی خوا لە ئێوە بێت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: هۆ عائیشە، خوای گەورە جنێودان و جنێودەرێتی پێناخۆشە.

خاتووعائیشە (خوالێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: عەرزم کرد: مەگەر نەتبیست وتیان: السَّامُ عَلَيْكَ؟

پێغەمبەر خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرموی: دوعای ئێمە لەوان گیرا دەبێت، دوعای ئەوان لە ئێمە گیرا نابێت.

سەرباری ئەم بێ ئەدەبیە یان گەلۆریی و نەفامێتی، یان گوێنەدان بە داب ونەریت، زۆر چاوقایمانە، زۆر بێ ئابڕوانە دەڵێن: تۆ بڵێیت خوای گەورە لەسەر ئەم جۆرە سڵاوکردنەمان لێی سزامان بدات؟! لە بەدجنسی خۆیانەوەو لەعەقیدە باتڵەکەیانەوە (کە گوایە جولەکە گەلی هەڵبژاردەی خوا -شعب الله المتخار-ن) لەو باوەڕەدا نین کە ئەمەیان بە گوناح لەسەر بنوسرێت! رەنگە چاوەڕوانی پاداشتیش بووبن! وەکو شیعەی کەللەپوت کە جنێودانیان بە سەیدنا ئەبوبەکر و سەیدنا عومەرو سەیدنا عوسمان و باقی دە مژدە دراوەکەو خالیدی کوڕی وەلیدو خاتوو عائیشەو خاتووحەفصە خوالێ یان ڕازی بێت، یان بە هەموو یاوەرانیان، جگە لە حەوت یان نۆیان، کردۆتە دوعاو چاوەڕوانی پاداشتیش دەکەن لەسەریی.. اخزاهم الله.

بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ: دۆزەخیان بەسە، هەر دەچنە ناوی و نیشتەجێبوونی زەلیلانەو سزاو ئەشکەنجەی دۆزەخ دەبێتە چارەنووسیان. خوالاماندا.

- خوای پەروەردگار هزرو هۆش، هەست و دڵ، سەرنج و بیرکردنەوە بەرەو زانستی بێ سنوری خۆی ڕادەکێشێت، بەرەو زانینی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بە دیارو نادیارییەوە، زانراوو نەزانراویەوە، بە گەورە بچووکییەوە، ئەوی لەسەر زەوی و بن زەوییە، ئەوی لە گەردوونی بەرفراواندایە، ئەوی لەبزاوتدایە و ئەوی ئۆقرەی گرتووە!!

لەم جیهانە بەرفراوانەوە هزرو دڵ وهۆش سەرنج ڕادەکێشێتەوە بۆ سیفەتەکانی خۆی، بۆ بیستن و زانین و تۆمارکردنی چرپەو سرتەو دواندنی ئەسپایی.. بۆ زانینی مەبەستی دڵ ونیازی خراپەکاریی، کە لە سەریان تۆمار دەکات و، دوایی لە قیامەتدا دەیخاتەوە پێش چاویان، ئەوان بیریان چۆتەوە، بەڵام خوای گەورە هەژماری کردووە، یەك یەك دەیخاتەوە بەردەستیان!

- دڵی زیندووی خواناس، گەورەیی و مەزنیی خوای گەورە هەست پێ دەکات و هۆشدارییەکی هۆشیارانەی لا دەبێتە چاودێری زاتیی، کە خوای گەورە لە هەموو کات و شوێنێکدا، لە هەموو حاڵەت و ڕەفتارێکدا وا وەل ئەم موسوڵمانەدا!

دەیبینێت، لەگەڵ کێشەکانیدایەو چارەسەری دەداتێ، ئاگای لە چرپەو هەست و نەستێتی.

ئەم لەگەڵ دووکەسدا بێت، خوای گەورە سێیەمیانە، لەگەڵ کەمترو زیاتر بێت، خوای گەورە وەلیاندایە.. دڵ و هزرو هۆشی خواناسیی تەقواکار ئەم وەلدابوونە بە جۆرێکی تر وەردەگرێت، دڵی ڕادەچەنێ، گیانی دەلەرزێ، دەبێتە چاودێری بە ئاگای ڕەفتاری خۆی.

هەموو موسوڵمانێك باوەڕی وایە و دەڵێ: خوای بەئاگا ئاگای لێمە، دەمبینێت. بەڵام دینداری سەر ڕاست ئەم زانینەی هەر وەکو مەعریفەیەکی ناو ناخی خۆی لا نەچەسپیووە، کە عەقیدەکەیەتی، بەڵکو وەکو هەستێکی تەقواکاریی زیندوو ئاڕاستەی دەکات..

ئەمە ئەو هەستەیە، کە ئەم دیدو تێڕوانینە عەقائیدییە لە دڵ و هزروهۆشدا دروستی دەکات: (هُوَ مَعَهُمۡ أَيۡنَ مَا كَانُواْۖ).

- هەر ئەوەندە نییە کە وەلیاندایەو چرپەو ڕازو نیازی پەنهانیان دەبیستێت و تۆماری دەکات، بەڵکو لە ڕۆژی قیامەتدا پێیان ڕادەگەێنێتەوە!! سبحان الله..

ئەمەش عەقیدەو قەناعەتی دڵ و خولیای هزرو، بە ئاگایی هەست و هۆش لە ناخدا دەیکات بە چاودێری خۆیی (الرقابة الذاتية)، کە لە هەموو ڕەفتارو حاڵەت، لە هەموو کات و شوێنێکدا حزوری هەیە.

- (إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ).

ئاوا ئەم حەقیقەتە، ئەم سیقە زاتییەی خوای گەورە، زانینی هەموو شتێك، هەموو زانینێکی شتەکان، بە جۆرەها شێوازی نیشاندان لە ناخی موسوڵماندا دەڕوێنێت و، قەناعەتی تەواوی پێدەکات کە خوای گەورەی خاوەن زانینی ڕەهاو بێ سنوور -کە ئاگاداری هەر هەمووشتێکە- شایانی پەرستنە، تەنها ئەو شایانی پەرستنە، پەرستنیش بەو شێوەیەی، کە لایەقی خوایەتییەتی، ئەوەش هەر ئەو

جۆرو شێوە خواپەرستییانەن، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕوونی کردوونەتەوە.

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )شێوازی ئامۆژگاریی هێدیانەی لە سەرەتاوە گرتۆتە بەرو، داوای لە جولەکەو دووڕووەکان کردووە، کە بە دینی خواوە پابەندبن و داب ونەریت ڕەچاوبکەن و، واز لەو شێوازی بەرهەڵەستکاریی و لاقرتێ و، گاڵتەکردنە بە ئیسلام و موسوڵمانان بهێنن.

دیارە، کە ئەمەش لە سەرەتای قۆناغی مەدینەدایە کە هێشتا دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی مابووی قایم ببێت و، کۆمەڵگەکەی (مەدینە)ش مابووی لە خواناسیی و خواپەرستیی و پیاوچاکییدا، قاڵ و قووڵ ببێتەوە.

بۆیە ئەوانە بە جورئەتەوە ئەو شێوازەی سڵاوی خواویستیان (السلام عليكم) بەو شێوە ڕاشکاوە، گۆڕیووە بۆ (السام عليكم).

هەر ئایەتەکە دوای باسی ئەم بەرهەڵستیکردنی چپەچپ و پیلانگێڕییەیان، کە هەردوولایان (جولەکەو دووڕووەکان) پێکەوە دەیانکرد، یان هەر دوولایان و تیرەو هۆزە دوژمنەکانی ئیسلام دەیانکرد ، دەچێتە سەر باسێکی تر، کە چوونە قۆناغی سەرپێچی کردنیانە لە فەرمانی خوای گەورەو، پیلاندانانیانە لە دژی نوخبە ئیسلامییە پێشڕەوەکەو، بانگەوازو کۆمەڵکارییەکەی.

هەر لە ئاماژەی ئایەتەکەوە دیارە، کە خوای گەورە ناوەرۆکی چرپەچرپ و پیلان وسەرپێچیەکانیانی، بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) رادەگەیاند، بەمەش ئەوەندەی تر (مەعییەتی خۆی)ی بۆ موسوڵمانان دەسەلماندو بێ خەمی دەکردنەوە ـ کە خوای -کارگێڕیی (وجود) و هەرچی هەیەو تێیدایەتی-وەک کە بێ ئاگایی ناکات لە حاڵەتی کۆمەڵایەتی ئافرەتێکی موسوڵماندا، ئاگای لە چرپە چرپ و فاکوفیکی دوژمنانیانەو حەتمەن نەخشە نهێنییەکانی ئەمانیش (جولەکەو دووڕووەکان) هەر وەکو نەخشە نهێنیەکانی قورەیش بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و یاوەرانی کەشف دەکات.. هەڕەشەی سزای سەختی سەرشۆڕیی دنیاو چاوشۆڕیی قیامەت و بەزینی هەر دوولاشیان رادەگەیێنێت کە حەتمەن سزای جەستەیی و دەروونیی هەردوولایان دەدات. چونکە ئەوان کە ئاوا سڵاوی خوایی دەگۆڕن و سەرباری ئەمەش گێلانە وا دەزانن کە سزا نادرێن لەسەریی! حەتمەن سزا دەدرێن لەسەریی.. جولەکەکان دەیانوت ئەگەر محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نێرراوی خوای گەورە بێت حەتمەن خوای گەورە لەسەری دەکاتەوەو لەوانەیە سزایەك تووشی ئێمەش بکات. بۆیە خوای گەورە دەربارەی خۆیان و پێڕو شوێنکەوتووەکانیان دەفەرموێ: دۆزەخیان بەسە. دۆزەخ لە عەوەیان دێت و سزای سەرشۆڕانەی قیامەتیان سزایەکی دادوەرانەو هەقیانەتە کە پڕاو پڕی هەڵوێستەکانی دنیایانە.

دوای ئەمە خوای گەورە دێتە سەر ئاڕاستەی موسوڵمانان و چرپەو قسەی تایبەتی نێوان ئەمانیش رێك دەخات، ئاڕاستەیان دەکات کە رازونیازیان کە بە ئەسپایی بۆ یەکتر دەردەبڕن، دەبێت چۆن بێت، تا وەکو چرپەچرپی جولەکەو دیانەکان نەبێت و نەکەوێتە خانەی تاوان و گوناح و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ئاوا لە دوو ئایەتی دواتردا ئەم چرپەو ئەسپایی دوانە بە تەقواوە پەیوەست دەکاتەوە.

## لاباسێک لەسەر مەعییەت (وەلدابوون)ی خوای گەورە :

خوای گەورە لە سورەتی حەدید / ئایەتی چواردا دەفەرمووێ: (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ) لێرەشدا: المجادلة / ئایەتی حەوت دەفەرمووێ: (مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا۟ ).

واتە: خوای گەورە وەلتاندایە.[١]

ئیبنوعەبدولبەڕ (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کۆڕا (ئیجماع)ی یاوەران و تابیعینی نەقڵ کردووە، کە فەرموویانە: (خوای گەورە لەسەر عەرشەو، زانینەکەی لە هەموو شوێنێکە).[٢]

گەورە زانایانی لیژنەی بەردەوامی وڵاتی حەرەمین بۆ ڕێنمایی و بانگەوازو فەتوادان فەرموویانە: (کە خوای گەورە دەفەرمووێ : (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ) ماناکەی لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەوەیە: کە خوای گەورە بە زانستی خۆی وەلیاندایەو ئاگای لە حاڵەتەکانیان هەیە).[٣]

ئەمە تەئویلکردنی ئایەتەکە نییە وەکو، کە لایەنگرانی ئایەتەکانی سیفات دەفەرموون: کە لادانی وشەکەیە لە مانا دیارەکەی، بەڵکو ئەو مانایەیە، کە لە لەفزەکە دەفامرێتەوە.

---

(١) عادەتەن لە نووسینەکانمدا، بۆ خوای گەورە نانوسم لەگەڵدایە، چونکە لەگەڵدا بوون مانای تریشی هەیە، دەنووسم وەلدا بوون، کە هەمان مانای هەیە، زۆرینەی خەڵکی گەرمیان بەکاری دەهێنن.

(٢) التمهيد ٧/ ١٣٨ هەروەها بڕوانە: ئیمامی ئیبنوتەیمیە: مجموع الفتاوى (٢٣٦/٣ و ٤٩٥/٥).

(٣) فتاوى اللجنة الدائمة (٣/ ٢١٨). هەروەها بڕوانە: تەفسیری ئیبنوکەثیر (٤/ ٦١٥)و تەفسیری (السعدي/ل ٨٣٨).

ئیمامی ئیبنوتەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێ: (خوای گەورە بە باسی زانست دەستی پێکردووەو، هەر بە باسی زانست کۆتایی پێ هێناوە. بۆیە ئیبنوعەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت)، هەروەها ضەححاک و سوفیانی ثەوریی و ئیمامی ئەحمەد فەرموویانە: (هو معهم بعلمه. واتە: ئەو (خوا) بە زانستی خۆی وەلیاندایە).[١]

هەروەها دەفەرمووێ: (مانای ﴿وَهُوَ مَعَكُمۡ﴾: وەلتاندایە) ئەوە نییە، کە لە ناو خەڵکەکەدایەو تێکەڵاویانە.

زمانەوانی ڕێ بەم ماناکردنە نادات، جگە لەوەی ئەمە پێچەوانەی ئەو یەک دەنگییە، کە پێشینانی ئوممەتەکەی لەسەر بووەو پێچەوانەی ئەو سرووشتەشە کە خوای گەورە خەڵکی بە پێی ئەو خەلق کردووە.

خۆ مانگ (هەیڤ) نیشانەیەکە لە نیشانەکانی خوای گەورە، یەکێکە لە مەخلوقە گچکەکانی، بە ئاسمانەوەیەوە لەگەڵ موسافیرو نیشتەجێدایە، لە هەر کوێ بن..

خوای گەورە لەسەر عەرشە، چاودێرە بەسەر هەموو مەخلوقاتەکانیەوە، توانای بەسەر هەموویاندا هەیە، ئاگای لە هەموانە. هەروەها ماناکانی تری پەروەردگارێتیەکەی دەیانگرێتەوە..

هەموو ئەم بابەتانەی کە خوای گەورە بۆی باسکردووین کە لەسەر عەرشەو وەلیشماندایە، حەقەو لە حەقیقەتیشیاندا وان، تێگەیشتن لێیان، پێویستی بە لادان و تەحریف کردنیان نییە، بەڵام پێویستیشە لە گومانی درۆ بپارێزرێن).[٢]

مەبەستی لە گومانی درۆ ئەوەیە: کە کەسێک وا بزانێت، کە زاهیری دەقەکە، سیفەتی خوای گەورە بە سیفەتی مەخلوق دەشوبهێنێت، یان زاهیرەکەی نوقسانییەکی خوای گەورەی لێ دەفامرێتەوە، یان شتێکی تری هاوشێوە، کە لایەقی بێ وێنەیی خوای گەورە نەبێت.

---

(١) مجموع الفتاوى (٢٤٩/١١).

(٢) مجموع الفتاوى (١٤٢/٤).

هەبوونی ئەم گومانە درۆیینەیە، کە وای کردووە هەندێک کەس بکەونە تەئویل کردنی سیفەتەکان.

ئیبنو عوثێمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێ: (گومانی تێدا نییە کە سەلەف مەعییەتی خوای گەورەیان لە هەر دوو ئایەتەکەدا بە وەلدابوونی بەزانین لێکداوەتەوە، هەندێک لە زانایان فەرموویانە: کە ئەوە کۆڕا (ئیجماع)ی لەسەر بووە.

ئەوان بەو ماناکردنەیان، تەئویلیان نەکردووە وەکو، کە ئەهلی پەک خستن (تعطیل) تەئویلیان کردووە، ماناکەشیان لە مانا دیارەکەیەوە بۆ شتێکی تر نەگۆڕیوە، ئەمە لە سێ لاوەیە:

یەکەم: خوای گەورە لە سورەتی (موجادەلە)دا، باسی وەلدابوونەکەی لە نێوان باسی دوو زانستدا هێناوەتەوە: ئایەتی : (أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ )، کە لە کۆتاییدا دەفەرمووێ: (إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ) ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە دەخوازێت هەواڵیان بداتێ، تا بزانن، کە خوای گەورە هیچ شتێک و، هیچ حاڵەتێکیانی لا شاراوە نابێت.

دووەم: لە سورەتی (حەدید)دا، دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکات، کە لەسەر عەرشی خۆیەتی: (هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ) وەلماندایە: (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ )، ئەمەش بەڵگەیە، کە مەبەستەکە ئەوەیە: کە بە زانین و دیتن وەلدایە، نەک بە زاتی خۆی و لە هەموو جێیەک، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە نەبێت، سەرەتاو کۆتای ئایەتەکە پێچەوانەی یەکترییە دەبوون.

سێیەم: زانین لە وەلدابووندایە، بۆیە ماناکە وا لەگەڵ لەفزەکەدا، وشەکە (لەفزەکە) لە سێ لاوە ئەو مانایە دەبەخشێت: واتای جوتبوونی وشەو ماناکەی، واتای مانای ناواخنی، واتای پابەندبوون..

بۆیە دەتوانین بڵێین کە خوای گەورە وەلماندایە بە زانینی خۆی بە بیستن و بە بینین، بە دەسەڵات و ئاراستەکردن و، بە هەموو ماناکای تری پەروەردگاریتیی (الربوبية)ی خۆی، هەر وەکو، کە بە سەیدنا موساو هارونی (عليهما السلام) فەرموو : ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ﴾، لێرەشدا لە سورەتی (حەدید)یشدا فەرمووی: ﴿وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾.

مادام زانین هاوڕێی وەلدابوونە، دەشێت وەلدابوونەکە بە زانین لێکبدەینەوە).[١]

هەر لەو بەرگەدا پێشتر دەفەرمووێ: ( وەلدابوون حەتمێتی تێکەڵاو بوون ناخوازێت، لە هەر شوێنەو بە پێی واتای مەبەست لێک دەدرێتەوە.

بۆیە، کە دەوترێت:

- (سقاني لبنا معه ماء). مانای تێکەڵاویی و پێکەوەبوونە.

یان (صليت مع الجماعة). مانای بەشداربوونە لە شوێن و کردارەکە.

یان (فلان معه زوجته). مانای هاوڕێیەتییە.

ئەگەر ئەمە ڕوون بۆوە، کە مانای وشەی وەلدابوون بە پێی بۆ ئیزافە کراوەکەی دەگۆڕێت، دەبێ ئەوەش ڕوون بێت، کە ئەمە بۆ مرۆڤە، کە مەخلوقە، ئەمما وەلدابوونی خوای گەورە، بە تەئکید لە وەلدابوونی مەخلوق جیاوازە، کە تێکەڵ یەکتریی دەبن و دەبنە هاوڕێ و بەشداری یەکتریی لە جێ و کارو ڕەفتاریاندا.

ئەمە بۆ خوای گەورە شیاو نییە، چونکە ئەوە زانراوو ئاشکراو ڕۆشنە، کە خوای گەورە بە زات وەل مەخلوقدا نیەو لە باڵایە.

لەمەوەش ڕوون دەبێتەوە: کە خوای گەورە لە سەر عەرشە، کە لەسەرووو ئاسمانەکانەوەیە، بەڵام بە زانینی، بە توانینی، بە دەسەڵاتی، بە بیستنی، بە بینینی، بە ئاراستەکردنی، بە هەموو سیفەتێکی پەروەردگارێتیەکەی وەلماندایە.

---

(١) مجموع فتاوى و رسائل العثيمين (١/ ٢٤٧-٢٥).

ئەگەر کەسێک ئەم وەلدابوونەی بە زانین ماناکرد مانای ئەوە نییە، کە سیفەتەکەی تەئویل کردووە، مەگەر لای کەسێک، کە مانای وەلدابوون بەوە بزانێت کە هەر بەشداربوونە لە جێگاو ڕەفتار، یان تێکەڵاو بوون و هاوڕێ بوونە. ئەوەشمان ڕوون کردەوە: کە لە زەروراتی مانای وەلدابوون نین).[١]

ئاوا دەردەکەوێت، کە (سەلەف) ئایەتەکەیان بە پێچەوانەی مانای زاهیری وشەکە نەکردووە.

ئیبنوعەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە فەرمووی: (هُوَ عَلَى الْعَرْشِ وَعِلْمَهُ مَعَهُمْ).

واتە: خوای گەورە لەسەر عەرشەو زانینەکەی وەلیاندایە، تەئویلی نەکردووە، وەکو هەندێک لە زانایانی خەلەف لە پێناسەی تەئویلدا بۆ خۆیانیان کردووە بە بەڵگەی تەئویل..[٢]

---

(١) مجموع فتاوى ورسائل العثيمين (١/ ١١٨).

(٢) بۆ زیاتر شارەزابوون، دەکرێت سەیری (مجموع الفتاوى) ی ئیمامی ئیبنوتەیمیە بکرێت لە (ب٥/ل٤٩٥).

# دەرسی چوارەم

## ئایەتی نۆیەم و دەیەم :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَـٰجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَـٰجَوْاْ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَـٰجَوْاْ
بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَـٰنِ لِيَحْزُنَ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ ﴾.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر بەچرپە لەگەڵ یەکتریی دوان، با چرپەچرپی گوناحکاریی و دەستدرێژیی کردنە سەریەك و، سەرپێچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نەبێت، با چرپەی چاکەکاریی و تەقواو سەرڕاستی دینداریی بێت، لەو خوایەش بترسن، کە هەموتان لە بەردەستییدا کۆ دەبنەوە. (٩)

چرپەچرپی گوناح و تاوان و پیلانگێڕیی لە شەیتانەوەیە (ئەو کلکەژەنەتان دەدات تا تووشی گوناحتان بکات) و، موسوڵمانان بەدگومان بکات لە یەکتریی و، بیانخاتە ناو خەم و پەژارەوە، هەر چەندە ئەو بۆ خۆی و بەتوانای خۆی زیان ناگەیێنێت، ئەگەر ویستی خوای لەسەر نەبێت، دەی سا با ئیمانداران پشتی خۆیان بە خوای گەورە قایم بکەن.(١٠)

- لە ئایەتی نۆمەیدا، خوای گەورە ناهێڵێت موسوڵمانان بکەونە ژێر کاریگەریی داب و ڕەفتاری کافرانەوە (لە جولەکەو دووڕووەکان)، داب و ڕەفتار بەرهەمێکی

دیدو تێڕوانینه، هەر وەکو لەم سەردەمەدا، هەندێك گێلە موسوڵمان دەبینین لە لایەنی باوەڕو پەرستنەکانەوە پابەندە بە ئیسلامەوە، بەڵام ڕەفتارو ڕەشتی یان داب ونەریتی کۆمەڵایەتی، یان تەرازووی قییەم و بەهای، لە دیدو پێناسەی کوفرەوە وەرگرتووە!

ئەهلی نوێژو ڕۆژووە، کەچی قژی وەکو کافری بەرەڵا هێشتۆتەوە، ئەهلی نوێژو ڕۆژووە، بەڵام سفورە، یان تەنورەو پانتۆڵی لە بەردایە! ئەهلی مزگەوتە کەچی ئادابی کۆڕو میوانداریی و دیدەنی هەموو ئەتەکێت و نەریتی جاهیلییەتە.

ئەمانە هەمووی لە لاوازیی باوەڕو شلوشێواوی دینداریێتییەکەیەوە هاتوون، هەروەها لە کورتبینی دیدو تێڕوانین و پێناسە عەقائیدییەکەیەوە، کە دەبوو ئەوەی لا بەڵگە نەویست بێت، کە خوای گەورە لەم قورئانەدا وەك باسی زانستی و توانای ڕەهای خۆی فەرمووە، باسی لایەنەکانی بانگەوازی پێغەمبەرەکانیشی (علیهم السلام) کردووە، کە هەریەکەیان لاسەنگی دیدو هەڵوێستێکی ناقۆڵای کۆمەڵایەتی و، داب و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵگەکەی ڕاست کردۆتەوە، جگە لە لایەنی یەکخواپەرستییی و باوەڕ بوون بە زیندووبوونەوە، دەبینیت کە:

- سەیدنا نوح (علیه السلام) دژی دیدە چنیایەتیەکەش بوو، کە لە قەومەکەیدا هەبوو، کە گەورەو دەسەڵاتدارەکان، خۆیان بە چینێکی باڵاتر لە ڕەشۆکەکە دەزانی و، تەنانەت موسوڵمانە شوێنکەوتوەکانی ڕیزی سەیدنا (نوح)یشیان، بە هەموو ئاستێکیانەوە، هەر بەو چینە کەنار دراوە داماوەی کۆمەڵگەکەیان دەناساند، دەیانوت:

﴿وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمۡ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ ٱلرَّأۡيِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلِۭ﴾هود/٢٧

واتە: وا دەبینین ئەوانەی، کە شوێنت کەوتوون، هەر لە خەڵکە ئیهاڵکراوەکانی خۆمانن: (کاسب و پینەچی و حەماڵ و.. هتد) کە دیدو ڕایان کامڵ نەبووەو ساویلکانە لە بانگەوازەکەت دەڕوانن، بۆیە شوێنت کەوتوون! واش نابینین، هیچ فەزڵ و چاکەیەکتان بەسەرمانەوە هەبێت!

- سەیدنا هود علیه السلام دوای ئەوەی قەومەکە خۆی (عاد)، کە لە نێوان (یەمەن) و (عومان)دا دەژیان، بۆ یەکخوا پەرستییی و ڕوکنەکانی باوەڕ بانگهێشت دەکرد. بۆی ڕوون دەکردنەوە: کە ئەو هێزو دەسەڵاتەی، کە هەتانە بە یەکخواپەرستییە کە بەهێزتر دەبێت، پیاوی چاك بن، ئەم هێزە مەعنەویە کاریگەرە، بخەنە سەر هێزە ماددیەکەی، کە هەتانە، دەیفەرموو:

(وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ ﴿٥٢﴾) هود/٥٢

هۆ خزمینە! داوای لێبوردن لە خوای پەروەردگارتان بکەن و بگەڕێنەوە لای ئەو، ئەو ڕزق و ڕۆزتیان لە ئاسمانەوە بە لێشاو بەسەردا دەبارێنێت (باران کە سەرچاوەی رزق و رۆزیی و ژیانیان بوو)، هێزێکی تری ئیزافیش دەخاتە سەر هێزو دەسەڵاتتان، بێگوێیانە پشت هەڵمەکەن و خۆتان تاوانبار مەکەن.

- سەیدنا صالح (علیه السلام) دوای بانگهێشتکردنی قەومەکەی: (ثمود)، بۆ یەکخواپەرسیتی و ڕوکنەکانی تری باوەڕ، داوای لێکردن، نەکەونە سەر ڕێبازی خراپەکاران (المفسدون)، کە سیمای نارەواییان: زێدەڕۆیی و زێدە مەسرەف و خۆبادان بوو بە سەروەت و سامانیانەوە، کە پێی دەفەرموون:

(وَلَا تُطِيعُوٓاْ أَمۡرَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿١٥١﴾ ٱلَّذِينَ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ﴿١٥٢﴾) الشعراء/١٥١-١٥٢

واتە: گوێڕایەڵی فەرمانی زێدەڕۆیان مەبن، کە لە ناوچەکەدا، هەر خەریکی فەساد: (دزیی و زیناو شەراب و.. هتد)ن و چاکسازیی ناکەن.

مەگەر ئێستا سەرمایەداریی سەردەم و مورتەددەکانی ناو ئەهلی ئیسلام، کە ملکەچیی ڕۆژئاوای ئیستیعمارین، هەر هەمان (فەساد)یان نەکردۆتە دیدو سیستم و یاساو داب ونەریت و، مۆدێلی نوێی ڕەفتارو ڕەوشت؟

بەدیی، (اشهد بالله) وایە، چونکە هەموو ئەمانە دەرچەی دیدە فەلسەفیەکەیانە بۆ: گەردوون و ژیان و مرۆڤ.

- سەیدنا ئیبراهیم (علیه‌السلام)، جگە لە بانگەوازیی یەکخواپەرستییەکەی، موناقەشەی دیدو تێڕوانینی فیکریی لەگەڵ قەومەکەی و، موناقەشەی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ (نەمرود) و بزاوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکەی لەسەرشان بوو، لەبەر ئەم مەبەستانەش ئەو هەموو (هیجرەت)انەی دەکرد.

- سەیدنا لوط (علیه السلام)، جگە لە بانگەوازی یەکخواپەرستییەکە و ڕوونکردنەوەی ئەرکان و داخوازییەکانی باوەڕ، دژایەتی داب و نەریت و ڕەوشتە پیسەکەی قەومەکەی دەکرد، کە نێربازیی بوو، نکوڵی لێدەکردن، کە ڕەوشتێکی بەدو ناڕەوایان داهێناوە، کە کەسی تر پێش ئەوان، نەیکردووە بە ڕەفتارو یاسا و بەهای ئەخلاقی. (وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ .) الاعراف/٨٠-٨١ هەروەها ئایەتەکانی تر، کە باسی سەیدنا لوط (علیه السلام) دەکەن.

- باسی سەیدنا یوسف (علیه السلام)، کە دەربارەی هەموو شتێکە: (لَّقَدْ كَانَ فِى يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ﴿٧﴾) یوسف/٧

واتە: بە تەئکید چیرۆکی (یوسف) و براکانی، هەمووی بەڵگەن (وەڵامن) بۆ ئەو کەسانەی پرسیاریان هەیە.

پرسیار دەربارەی خوای گەورەو بە دەسەڵات و سیفاتی، پرسیار دەربارەی یەکخواپەرستیی و ڕێبازی، پرسیار دەربارەی حاکمێتی دین و دەستورو شەرعیی، پرسیار دەربارەی ڕەفتارو پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار (حاکم) و خەڵکەکەی (الرعیة) پرسیار دەربارەی سیاسەت و ئابوریی، دەربارەی ڕەوشتی خەڵکی بە پێی پۆلێنی کەسایەتییان، پرسیار دەربارەی دەروونناسیی و کاریگەریی لەسەر ڕەفتار، نموونەی داوێن پاکیی گەنج و داوێن پیسی دەسەڵاتداران و خاوخێزانیان.

پرسیار دەربارەی داب و ئاداب لەگەڵ گەورەو بچووك، پرسیار دەربارەی کەسایەتی داعی ئیسلامی و زیندانی ناحەق و زیندانیانی تاوانبارو، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی هەردوولایان، جگە لە وەرگرتنی دەسەڵاتی بێ سنوری خەزێنەداریی و، گۆڕینی یاساو دەستوورو سیستمی حوکم و..هتد.

- سەیدنا یەعقوب (علیه السلام)، کە دوای ڕوون کردنەوەی دین و دیدیی، دوای بەیانکردنی یەکخواپەرستیی و ڕوکنەکانی ئیمان و دین، هاتە سەر باری ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتی ئەهلی بازاڕ، دژی دزیی و گزیی پێوان و کێشانیان دەوەستایەوە.

- سەیدنا شوعەیب علیه السلام: (وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗا ) الاعراف/٨٥ خوای گەورە شوعەیبی (علیه السلام) نارد بۆ دانیشتوانی (مەدیەن) (لە ناوچەی عەممان/ئەردەن و سوریای ئێستایە) پێی فەرموون: گەلۆ، پیاوی چاك بن بانگەوازی یەکخواپەرستیی قبوڵکەن و، جگە لە خوای گەورە، هیچ خوایەکی تر نییە تا بیپەرستن. من بەڵگەم لە لایەن خوای پەروەردگارتانەوە هێناوە، پێوان و کێشانتان ڕاست و ڕەوایانە ڕێکخەن و ستەمکاریی تێدا مەکەن، مافی خەڵکی تێدا مەخۆن و فەسادو خراپەکاریی لەسەر زەوییدا بڵاو مەکەنەوە، دوای ئەوەی، کە ناوچەکە بە بانگەوازی خواویستی پێغەمبەرانی پێشوو پاك بووبۆوە. ئەم دیدو هەڵوێستە خواناسییە ڕاست و ڕەواترە بیگرنە بەر، ئەگەر دەخوازن یەکخواپەرست بن و دینداریتی بکەنە ڕێبازو بەرنامەی ژیانتان.

- سەیدنا موسا (علیه السلام): ئەوە دەیان ئایەتی قورئان، باس لە بزاوتی ڕزگاریخوازیی بانگەوازەکەی دەکات، بە چەندین قۆناغی پەروەردەکاریی و ئاڕاستەوانییەوە، بە نموونەی ئارامی و جورئەت و کۆمەڵکاریی ئوممەتیانەی عەقائیدییەوە، جگە لە بانگەوازی یەکخواپەرستیی زیاتر لە سەد ئایەت لەسەر دیدی فیکریی و، کۆمەڵکاریی بزاوت و هیجرەت و ڕووبەڕووبوونەوەی کوفرو دەسەڵاتی کافران هەیە.. کە ئەوە دەکەنە بەڵگە نەویست کە سیاسەت ڕوکنێکی ئینتیمای دین و بوارێکی گرنگ و کاریگەریی دینداریتییە.

- سەیدنا عیسا (علیه السلام)، جگە لە بانگەوازیی ڕاشکاو ئاشکرای یەکخواپەرستیی و ڕەخنەی لە ئینحیرافاتەکانی بەنوئیسرائیل و حاخامەکانیان، داوای لە خەڵکەکە دەکرد، کە ئەوەندە خۆ بە دنیاوە نەبەستنەوە، ئەوەندە ژیانیان بە ماددەوە سەرف نەکەن، هەموو ڕەنج و هەوڵێکیان وایلێهاتووە، هەر بۆ پارەو سەروەت و سامان سەریەکنانەو بەس!

- بانگەوازی خواویستانەی سەیدنا عیسا (علیه السلام) -کە جیهانیانە بوو- بۆ ژیانی تەقەشووف و زاهیدیانە بوو. بۆ هەڵاوێردنی حەڕام و حەلاڵ و، کەمکردنەوەی هەڵپەو شەڕەپاڵی خاوەنێتیی و دەوڵەمەندیی بوو: ﴿وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعۡضَ ٱلَّذِي حُرِّمَ عَلَيۡكُمۡۚ ﴾ال عمران/٥٠

واتە: تا هەندێك لەوانەتان بۆ حەلاڵ بکەمەوە، کە لێتان حەڕام کرابوو.

هەروەها گێڕانەوەی مافی یاساو ڕێسا دارشتن بۆ حەلاڵ و حەڕامدانان بۆ خوای گەورەو، دەرهێنانی لە دەست حیبرو راهیبەکانی بەنوئیسرائیلییەکان، کە بۆ خۆیان زەوت کردبوو: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾التوبة / ٣١

واتە: حیبرو راهیبەکانی خۆیان (پیاوانی دینی) یان لە مەنزیلەی خوای گەورە دانابوو، مافی خوایەتی (تەوحیدی حاکمێتی) یان پێدابوون، کە چۆن دەخوازن و پێیان چاکە، با ئاوا یاساو ڕێسا بۆ خەڵکی دابڕێژن!! ئەمەش ناشێت و نابێت.

سەیدنا عیسا (سەلامی خوای لێبێت) بۆ ڕاستکردنەوەی ئەمەش هاتبوو، کە دواتر لە ڕێبازەکەی لایانداو لە بەر خاتری ئیمپراتۆر (قوستەنتین) لە ساڵی (٣٢٥) دا، لە کۆنگرەی نیقیە (مجمع نیقیة)، کە لە تورکیای ئێستایە بڕیاریاندا کە دین و سیاسەت لێك جودان.

ئاڕاستەی دین و دینداران مافی پاپایەو، سیاسەتیش (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریی) مافی پاشاو کاربەدەستانی دەوڵەتە!!

ئەمەش لادانێکی دژوارو ناڕەوای بوو، چونکە ئەستەمە خوای گەورە، پێغەمبەرە پیاو چاکە هەڵبژاردەکانی خۆی بنێرێت، تا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پارسەنگانە پەروەردە بکەن و، بیانکەن بە پیاوی چاك، بەڵام بیاندەنە دەست سیاسەتبازیی درۆزن و چەواشەکارو ستەمکار!

ئەمە لە پێغەمبەران (علیهم السلام) و پەیامی خواییان ناوەشێتەوە، چونکە ئەمە وەکو ئەوەیە: عەتارێك شووشە عەتر بەرهەم بهێنێت و لە ئاودەستی گشتییدا داینێت!!

- بانگەوازی سەیدنا محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پەیامی هەموو پێغەمبەرانی پێشووی علیهم السلام لەخۆ گرت و قورئان و سووننەت بوونە ڕێبازو بەرنامەی گشتگیریی مرۆڤایەتی. لە دیدو تێڕوانین و پێناسەی فیکرو هزرەوە بۆ بەرنامەی بزاوتی گۆڕانکاریی، بۆ سیستمی دەوڵەت و ئاڕاستەوانی کۆمەڵگە. لە باوەڕو عەقیدەو پەرستن و شەریعەتەوە، بۆ داب ونەریت و بەهای کۆمەلایەتی، بۆ ڕەفتارو ڕەوشت.. بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی.. کە هەر هەموو لایەنەکانی تاك و کۆی دەوڵەت و، کۆمەڵگەی لە واقیعی مرۆڤانەدا لە مەدینە، گەیاندە کۆتا پلەو ئاستی ڕەنجی مرۆڤیانە و، گەشەدارترین نموونەی کۆمەڵگەی بەختەوەریی بۆ مرۆڤایەتی خستەڕوو، کاتێک کە دینەکەی وەکو (بەرنامەو ئوممەت و بانگەواز) بۆ تەکمیلە کردن: (ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًاۚ) المائدة/٣.

کەوابوو: کلتورو داب ونەریتی کۆمەلایەتیی و ڕەفتارو ڕەوشت شتێکی ڕێژەیی نین، وەکو عەلەمانییەکان دەیانەوێت بیچەسپێنن، بەرهەمێکی سەربەخۆی نێونەتەوەییش نین، وەکو جیهانگیریی (عەولەمە)ی ئەمریکایی دەیەوێت چاوبەست لە جیهان بکات پێی، بەڵکو هەر گۆشەو لق و چلێکی ئەمانە، زادەی دیدو تێڕوانین و پێناسەی فیکریی و فەلسەفیانەیە.

زادەی ئاڕاستەی فیکری سیاس،ی و بەرنامەی سیاسییە، کە ئیدارەی دەوڵەتان بەسەر گەلانییدا دەدەن، لەم ڕوانگەوەیە، کە دەبێ زۆر هۆشیارانە ڕەفتار لەگەڵ داب و ئادابدا بکەین.

قورئان، کە ڕەخنە لە (شیرك) دەگرێت و (تەوحید) دەکاتەوە بەبەدیلی، کە ڕەخنە لە (کوفر) دەگرێت و (ئیمان) دەکاتە بەدیلی ڕەسەنی، کە ڕەخنە لە (جاهیلیەت) دەگرێت و (ئیسلام) دەکاتە بەدیلی، کە ڕەخنە لە (هەواو هەوەس) دەگرێت و (تەقوا) دەکاتە بەدیلی، سیفەت و ڕەوشت و داب و ئادابەکانیش هەروەها.

لەوانە دواندنی ئەسپایی نێوان دوو کەس و سێکەس. ڕەخنە لە (چرپەچرپی) جاهیلی جولەکەو دووڕووەکان دەگرێت و چرپە)ی ئیسلامیانەی بەدیلیان دەداتێ، حەزەریان دەداتێ، کە نەکا (چرپە)ی ئەمانیش سیماو سیفەت و حاڵەتی (چرپەچرپ)ی جاهیلیەت وەربگرێت:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَـٰجَيۡتُمۡ فَلَا تَتَنَـٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَـٰجَوۡاْ بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ۝٩ ﴾

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر بەچرپە لەگەڵ یەکتریی دوان، با چرپەچرپی گوناحکاریی و دەستدرێژیی کردنە سەریەك و، سەرپێچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نەبێت، با چرپەی چاکەکاریی و تەقواو سەر ڕاستی دینداریی بێت، لەو خوایەش بترسن، کە هەموتان لە بەردەستییدا کۆ دەبنەوە.

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! نەهێڵن نەفس و شەیتان، حەزی خۆ سەرخستن و بەرامبەر سووك کردن لە دڵتاندا ببێتە پاڵنەری (چرپە)ی نێوانتان، دەنا حەتمەن (چرپە)کەی ئێوەش سیما و مۆرکی (چرپە چرپ)ی جاهیلییەتی جولەکەو دووڕووەکان وەردەگرێت و دەبێتە گوناح و تاوان و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

با چرپەی ئێوە (البرو التقوى) بێت، چاکەو چاکسازیی، ئاشتی و ئاشتەوایی، دۆستایەتی و برایەتی دینی بێت. با ئامۆژگاریی و بیرخستنەوە، ئاراستەو پەروەردەکاریی، بانگەوازو دینداریی بێت، ئاوا دەبێتە (چرپەی چاکەو تەقواکاریی).

لەو خوایەش بترسن و خۆفیتان لە دڵدا بێت و هۆشتان لەوە نەبڕێت، کە حەتمەن دەگەڕێنەوە لای خوای گەورەو، هەر هەمووشتان کۆدەکاتەوەو لەوێ لەبەر چاوی، هەموان (چرپە)کانتان هەڵدەسەنگێنێت، ئەوەی چرپەی خراپەکاریی و دژایەتیی و غەیبەت و دوو زمانی و یەکتر شکاندن بووبێت، لەبەر چاوو گوێی ئەو هەموو حەشاماتەی قیامەتدا دەیداتەوە بە چاوتاندا‌و فەزحتان دەکات، چونکە هەر سەرزارەکی لەبەر خاتری خواتان بوو، بەڵام لە حەقیقەتییدا بۆ سەرخستنی نەفس و دەرکەوتن و هێنانەدیی بەرژەوەندی دنیایتان بوو.. ئێوەش هەر وەکو جولەکەو دووڕووەکان (چرپە) کەتان (چرپە چرپ)ی پیلانگێڕیی بوو!

لە ئایەتی دەیەمدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە: کە پاڵنەری سەرەکی (چرپە چرپ)ی فیتنەیی و دووزمانی و ئاژاوەگێڕیی لای جولەکەو دووڕووەکان، هەر شەیتانەو گۆڕینی (چرپە)ی موسوڵمانی باوەڕ لاوازو لاسەنگیش بۆ (چرپە چرپ)ی گوناح و تاوان و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەر شەیتانە.

دەی، کە مادام جولەکەو دووڕووەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی شەیتان، ئێوە بۆچی دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو شەیتانەی، کە دوژمنی خوای گەورەو دوژمنی سەرەکی ئێوەشە: ( إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ ) فاطر/٦ ئەوە شەیتانە واتان لێدەکات (چرپە)ی خێرو چاکەو تەقواکاریتان لێ بکاتە (چرپەچرپ)ی گوناح و تاوان و سەرپێچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، تا ڕەفتارەکەتان بکاتە مایەی خەمباریی خۆتان و موسوڵمانان، تا لە ناو خۆیاندا بە چاوی گومان و دوودڵیی و دڕدۆنگییەوە بڕوانە (چرپە)ی یەکتریی.

شەیتان خۆی لەخۆیدا کاریگەر نییە، بەڵام ئەو دەروونانەی فشەڵن، ئەو باوەڕانەی لە دڵدا شلۆقن، ڕێ خۆشدەکەن بۆ شەیتان و دەستێوەردانیی..

کاریگەری سەرەتاو کۆتا هەر خوای گەورەیە.. دەی سا با موسوڵمانی سەر ڕاست و پاك و گومان باش، خۆ تەسلیمی خوای گەورە بکات و پشت بەو ببەستێت.

ئەمە بوارو بازنەی پاراستنی تاکو کۆمەڵ و کۆمەڵگەو دەوڵەتی موسوڵمانانە لە دابڕبوونی کۆمەڵکاریی و خەت خەتێن و تەکەتولات، کە پێیان دەوترێت: (الجیوب التنظیمیة)، کە هەڵدێری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵکاریین.

لە کۆمەڵکارییدا زاراوەیەك هەیە، کە دیارە مرۆڤایەتی لە ئیدارەی کۆمەڵکارییدا، دوای کێشەو ئەزموونی زۆر گەیشتوێتیێ و ناوی ناوە: (الجیوب التنظیمیة)، کە بریتیە لە سەرەتای (چرپە چرپ) و (سرتە سرت)ی دروستکردنی خەت و باڵ لەناو کۆمەڵکارییدا. من لێرەدا ناوی دەنێم (ڕێچکە هەڵدێرەکانی ڕێکخستن).

جاری وا هەیە کەسانێك، کە هێشتا لە دیدو هەڵوێست و گیانی کۆمەڵکارییدا نەگەیشتوونەتە قەناعەتی تەواو، یان لە خۆپەسەندیی و لە خۆ ڕازیبوونیانەوە، یان لە پلە پێ نەبەخشین و کەم بایەخپێدانیانەوە، هەستێکیان لا دروست دەبێت، کە گوایا (مەزلومن)، یان (ئیهمال کراون)، یان (قەدری لێهاتوویيان نەگیراوە)، یان هۆی تر، لەبەرامبەردا هەیە وەکو ڕەخنەگرتن لە (تێگەیشتن)، یان (پابەندیی)، یان (چالاکی) کاریان، یان لەو (پلەو ئاستی ڕێکخستن)ـەی، کە تێیدان، هەندێك لەمانە، یان زۆرینەیان لای کەسێك، یان کەسانێك کەڵەکە دەبێت و دەبێتە کەرەستەی باسێکی لاوەکی، کەسەکە ڕێگای یاسایی ناو کۆمەڵکارییەکە ناگرێتە بەر (لەوانەیە لەبەر لاوازیی بەڵگەکانی بێت).

بۆیە دەکەوێتە (چرپەچرپ)ی ناو ڕێکخستن، لەوانەیە لە سەرەتادا لای ئەو کەسانەی گوێی بۆ شل دەکەن، هەر وا بڵێ، کە فلان کەس یان فلان دەزگا چاکە. بەڵام.....ئینجا ڕەخنەکەی خۆی دەردەبڕێت (کە زیاتر مەدح و پێداهەڵدانی خۆیەتی یان هاوبیرانی خۆیەتی) سەرەتا مەدحێك دەکات، تا لە کاردانەوەو گلەیی خۆ بە دوور بگرێت و وا نیشاندات، کە لە دڵسۆزییەوەیە، نەك خوا نەخواستە! لە حەزو ئارەزووی خۆیەوە بێت.

ئەگەر دووکەس گوێیان بۆ شل کرد، دەچێتە لای دوانی ترو سیانی ترو ئاوا دەکەوێتە (چرپە چرپ)ـێــکی گوناح: (بەدگومانیی و غەیبەت و سووك کردن، یان دووزمانیی و پشێویی نانەوە، یان لاوازکردنی گیانی ئینتیماو هەستی کۆمەڵکاریی)، تا (شیرینی) ئەم گوناحانە دەچێژێت و شەیتان لێی دەکاتە پیشە.

ئەم رێچکانە کۆمەڵکار بەرەو هەڵدێر دەبەن، کەسەکانیشی خۆیان بە فەتارەت و کۆمەڵکارییەکەش بەرەو دووبەرەکی و خەت خەتێنی ناشەرعی دەبەن.

چارەسەری ئەم (هەستی مەزڵومێتی)یە سکاڵای رەسمی و شەرعییە، قەناعەتکردنە بەوەڵامی شەرعیانەی دەزگا رەسمیەکانی کۆمەڵکاریی، ئەمیرو دەستەی ئاڕاستەوانانی سەرکردایەتی، دەبێت هۆشیارو لێهاتوو دادپەروەرو حازم بن، بۆ ئەوەی کەس وا نەزانێت مافی دەخورێت و خەڵکانێکی تر لەسەر حسابی مافی ئەم دەچنە سەروتر.

ئەگەر ئاڕاستەوانان چارەسەریان دووجار بۆ کەسێك داناو لەسەر (چرپە چرپ)ی خۆی بەردەوام بوو، پێویستە سزا بدرێت، باشترین سزاش: هێنانە دواوەو وەستانێتی. والله اعلم.

## بیرخستنەوەیەك لە سیرەوە:

١- بوخاری و موسلیم لە قەتادەوە دەگێڕنەوە: کە (صەفوانی کوڕی موحریز) فەرمووی: (كُنْتُ آخِذًا بِيَدِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ فَأَتَاهُ رَجُل، فَقَالَ: كَيْفَ سَمِعْتَ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، يَقُولُ فِي النَّجْوَى؟ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، يَقُولُ: إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يَضَعَ عَلَيْهِ كَنَفَهُ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ، فَيَقُولُ: أَيْ عَبْدِي! تَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا وَكَذَا؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ أَيْ رَبِّ! حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ، وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ قَدْ هَلَكَ، قَالَ: إِنِّي قَدْ سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا، وَقَدْ غَفَرْتُهَا لَكَ الْيَوْمَ، قَالَ: ثُمَّ أُعْطِيَ كِتَابَ حِسَابِهِ، وَأَمَّا الْكَافِرُ وَالْمُنَافِقُ، فَيَقُولُ: الأَشْهَادُ هَؤُلاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ)[١].

---

(١) بوخاریی (٦٩٨٦)، موسلیم (٤٩٧٨).

صەفوان دەفەرموێ: دەستم لە دەستی ئیبنوعومەردا بوو (خوا لێیان ڕازی بێت) کابرایەك هاتە سەر ڕێ و لێی پرسی: چیت دەربارەی (چرپە) لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بیستووە، کە فەرمووبێتی؟ ئایا هەڵوێست لە قیامەتدا بەرامبەری چۆنە؟

فەرمووی: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمووی: لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە عەبدێکی موسوڵمانی نزیك دەکاتەوەو، پەردەی ستری خۆی بەسەردا دەدات، تا خەڵکی نەیبینن (و هەستی پێ نەکەن) پاشان خوای گەورە ئیعتیرافی بە گوناهەکانی پێدەکات.

پێی دەفەرموێ: فڵان گوناحت بیر دێت؟

فڵان گوناحی ترت بیر دێت؟ ئەدی گوناحی فڵانیت بیر دێت؟

تا دان بە هەموویاندا دەنێت، کە دڵنیا دەبێت ئیتر قوتاربوونی زەحمەتەو حەتمەن بە فەتارەت دەچێت، خوای گەورە پێی دەفەرموێ: من لە دنیادا بۆم پۆشییت، وا ئێستاش لێت خۆش دەبم لێیان، پاشان نامەی کردەوە چاکەکانی دەدەنە دەست (کە نیشانەی سەرفرازییە).

ئەمما کافرو دووڕووەکان شاهیدەکان لێیان ڕاست دەبنەوەو رادەگەیێنن کە ئەمانە ئەوانەن، کە درۆیان وەل خوای پەروەردگاری خۆیاندا دەکرد، ئەرێ هەی نەفرینی خوا لە ستەمکاران (نەفرین دوعای مەحرووم بوونە لە ڕەحمەتی خوای میهرەبان).

ئەمە حاڵی ئەو کەسانەیە، کە لە کاتێکی لاوازیی باوەڕو زاڵبوونی هەواو هەوەس و شەیتاندا کەوتوونەتە چرپەی گوناح و تاوان و، سەرپێچی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

ئەمما ئەو کەسەی (چرپەچرپ)ی کردۆتە پیشەو خەریکی فیتنەچێتی و دووزمانیی و قسەهێنان و بردنە، ئەوە خوا لاماندا لە بەهەشتی خوای گەورە

مەحرومە. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرموێ: (لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ)[١].

واتە: دووزمان ناچێتە بەهەشتەوە.

٢- ئیمامی ئەحمەد لە ئەبوکامل و ئەبوالربیعەوە، ئەوانیش لە حەمادی کوڕی زەیدو ئەویش لە ئەییوبەوە، ئەمیش لە ئیبنومەسعوودەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە، کە فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەیفەرموو: (إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى رَجُلَانِ دُونَ الْآخَرِ حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ أَجَلَ أَنْ يُحْزِنَهُ)[٢].

واتە: کە سێ کەس بوون، دوانتان پێکەوە بە جیا (دوور لە سێیەم کەسەکەتان) چرپە نەکەن، تا دەکەونەوە ناو خەڵکی تر، چونکە ئەو ڕەفتارە سێیەمیان تووشی خەفەت دەکات.

ئەوە ڕێگرییە لە چرپەیەکی حەلاڵ و قسەی حەق، ئەدی گوناح و تاوان و سەرپێچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، دەبێت چەند سەخت و توند ڕێی لێ گیرابێت؟!

ئەم ڕێگرتن و بەرهەڵستی کردنە لە دواندنی ئەسپایی دووکەسی و سێ کەسی، لەبەر ئەوەیە: نەبێتە مایەی ترسنۆکی موسوڵمان لە وتنی حەق و بەرگریی لە خۆی و هەڵوێستی ڕەوای خەڵکی تر.

لە لایەکی تریشەوە ڕێگرتنە لە بڵاوبوونەوەی گومانی بەد بە یەکتر بردن و لەقبوونی متمانە بە یەکتریی، ئەگەر چرپەی خێرە، خۆ دەبێت لە بەرژەوەندیی هەموو کۆمەڵکارییەکەدا بێت، ئەگەر تەنها لە بەرژوەندی چرپەکاراندا بێت خۆ دەبێت بەرژەوەندیی تاکەکان بە بەرژوەندیی گشتی کۆمەڵەکەوە پەیوەست کرا بێتەوە.

---

(١) بوخاریی (٥٦٢٥)، موسلیم (١٥٤).

(٢) بوخاریی (٦٢٩)، موسلیم (٢١٨٤).

هێنانەدیی ئامانج و مەبەستی کۆمەڵکارییەکە، هێنانەدیی مەبەستی تاکەکانیشە، کە لەبەر خاتری خواو بۆ سەرخستنی دینەکەو دیدو هەڵوێستی کۆمەڵەکەیان بوونەتە ئەندامیی.

ئەم ئیسلامە مەزنە، ئاوا بە ئایەتی قورئانەکەی خواو فەرموودەی جوانی پێغەمبەرەکەی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەو نوخبە کاریگەرە بە مەسئولیەتەی هێنایە کایەوە.. هەر ئەوەش بەرنامەی پەروەردە کردنەوەی نەوەکانی تری ئیسلامە، لە هەموو کات و شوێنێکدا.

ئەم چرپەیە کە دەبێتە مایەی خەم و خەفەت و لەقبوونی متمانەی نێوان موسوڵمانان شتێکەو پرس و راوێژی تەنهاو تایبەت و نهێنی شتێکی ترە.

ئەم چرپەیە شتێکەو رازو نیازو نهێنی پاراستن شتێکی ترە، ئەم چرپەیە شتێکەو داپۆشینی عەیب و عاری موسوڵمانان شتێکی ترە.

ئەم چرپەیە شتێکەو پرسی ئەمیرو سەرکردایەتی و بەرپرسانی کاری ئیسلامی دەربارەی کەسەکان و هەڵسەنگاندنیان شتێکی ترە.. ئەو چرپەیەی رێپێنەدراوە ئەوەیە: کە مایەی خەمباریی تاکی موسوڵمانە و، هۆکاری دابڕدابڕکردنی ریزی موسوڵمانان و دزە کردنی نهێنیەکانیان و هاوشێوەیەتی، کە لەگەڵ زۆربوون و تەشەنەکردنییدا متمانە نامێنێت، ئەندامان ناوێرن نهێنی خۆیان یان رێکخستن و ئەمیرو کۆمەڵەکەیان لای ئەندامانی تر بدرکێنن، ئەمەش دژوارو هەڵتەکێنە.

خوای گەورە لە رەحمەت و لوتفی خۆیەوە ئەو لایەنەی بنبڕ کردووە، کە شەیتان کاریگەریی لەسەر کۆمەڵکارانی ئیسلامی دروست بکات، مەگەر (بإذن الله).

ئەمما متمانەی ناو ئەندامان خۆیان ئەوە دراوەتەوە دەست خۆیان.. ئەمە خاڵێکی گرنگەو رێسایە.. هەر وەکو، کە خوای گەورە بەڵێنی داوە، کە دینەکە بپارێزێت، بەڵام پاراستنی دینداریێتی بەرپرسێتی دیندارەکان خۆیانە.. دەفەرموێ: من دینەکەتان لە دنیادا بۆ دەپارێزم، بێخەم بن، بەڵام ئێوەخەمی دینداریێتیی و سەر

ڕاستی و قیامەتی خۆتان لەبەر بێت: ( إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ) الحجر/٩.

ئەمما دینداریێتی و تەقواکاریی، ئەوە بەرپرسێتی خۆتانە: (وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ١٠ )الشمس/١٠.

واتە:ئەو کەسە سەرفرازە، کە نەفسی خۆی پاڵفتە کردووەو لە گوناح شۆریویێتیەوە، ئەو کەسەش زەرەرمەندو لێقەوماوە، کە نەفسی خۆی بە گوناح ڕەشکردۆتەوە.

ئەو جا دەفەرموێ: (وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ).

واتە: دەی سا با موسوڵمانە سەر ڕاست و دیندارە چاکەکان، پشت بە خوای گەورە ببەستن، خوا بیسەرو بینەرو بە ئاگاو زاناو داناو بە توانایە.

ئەوەتا خوای حازر و نازر، خوای دەسەڵاتداری هەر هەموو (وجود)، پەیمانی پاراستنی دینەکەی بە موسوڵمانان داوە. بەڵام پاراستنی دینداریێتیی تاکەکان، بەرپرسێتی خودی تاکەکانە، ئەگەرچی ئەمیشیان بە بێ مەددەدو یارمەتی خوای گەورە، هەر نابێت.

خوای زانای دیارو نادیار، خۆت دەزانی چەند موحتاجی ئەو پاراستنەتین.

# دەرسی پێنجەم

**ئایەتی یازدەیەم :**

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمۡ تَفَسَّحُواْ فِي ٱلۡمَجَٰلِسِ فَٱفۡسَحُواْ يَفۡسَحِ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ١١ ﴾.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر لە کۆڕو کۆبوونەوەتانداو لە خزمەت پێغەمبەرەکەی خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پێتان وترا: کۆڕەکە بەرفراوانتر بکەن، تا جێگای ئیماندارانی تریش ببێتەوە ، بەرفرانتری بکەن، خوای گەورەش لە پاداشتاندا: جێ و مەنزڵی بەهەشتتان بۆ فراوانتر دەکات، ئەگەر پێشتان وترا: مەرەخەس بن، هەستن و بەدەم فەرمانی خێرو چاکسازیتانەوە بچن.. خوای گەورە ئەو کەسانەتان، کە مل کەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و ئەوانەشتان کە ئەهلی زانستی شەرعەو شارەزای دینەکەیە، پلەو پایەی بەرزو باڵایان پێدەبەخشێت، خوای گەورە شارەزای کارو کردەوەکانتانە. (١١)

دوای بەشێك لە ئادابی دوان و دواندن، لێرەدا باس لە بەشێك لە ئادابی کۆڕ (مەجلیس) دەکات و، موسوڵمانان فێری کۆمەڵێك داب و ئادابی تر دەکات، تا یەك یەك پێوەی پابەند بن، تا ببێتە سیمای کۆڕو کۆمەڵگەی موسوڵمانان و، بەشێك لە داب و نەریت و بەهاو قیەمی کۆمەڵایەتییان.

ئەمیش هەر وەکو ڕەفتارەکانی تریان پەیوەست دەکاتەوە بە هەستی چاودێریی خوایی و هۆش لە بەرپرسێتی ڕەفتارو فێربوونی ڕێسای: (مَنْ تَوَاضَعَ لِلَّهِ رَفَعَهُ اللَّهُ، فَهُوَ فِي نَفْسِهِ صَغِيرٌ، وَفِي أَعْيُنِ النَّاسِ عَظِيمٌ، وَمَنْ تَكَبَّرَ وَضَعَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، فَهُوَ فِي أَعْيُنِ النَّاسِ صَغِيرٌ، وَفِي نَفْسِهِ كَبِيرٌ، وَحَتَّى لَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِمْ مِنْ كَلْبٍ أَوْ خِنْزِيرٍ).[١]

واتە: هەر کەسێك لەبەر خاتری خوای گەورە خۆی بەکەم بزانێت، خوای گەورە پلەو مەنزیلەی بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەو کەسە لە ناخی خۆیدا خۆی بە بچوک دەزانێت، بەڵام لە چاوی خەڵکیدا گەورەیە.

هەر کەسێکیش ڕەفتاری لوتبەرزو ملهوڕانە بنوێنێت، حەتمەن خوای گەورە دەیخات، چونکە ئەو کەسە لە چاوی خەڵکیدا بچوکە، ئەگەرچی لە چاوی خۆیدا گەورەیە، ئەو کەسە لای خەڵکی زۆر لە سەگ، یان بەراز سووک و بێڕێز ترە .

لەم ئایەتەدا خوای گەورە، هەر لە سەرەتاوە موسوڵمانان بانگ دەکات، لە قورئاندا نزیکەی (نەوەد) جار بانگەوازیی تایبەت بە موسوڵمانان بەو شێوازە هاتووە.

ئیبنوعەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێ: کە گوێت لە ( يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ) بوو، دڵ و هۆشی بدەرێ، چونکە بۆ فەرمانێکی تایبەتت بانگ دەکات.. خوای گەورە نافەرموێ: (یا أیها الذین امنوا لا تسرقوا) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە مەدزن، چونکە ئەوە بەڵگە نەویستە، کە موسوڵمان نابێت سامانی خەڵکی تر نە بە دزیی و نە بە هیچ ڕێگایەکی تری ناهەق بخوات. کەسێك دینەکەی قبوڵ بووبێت و پێوەی پابەند بووبێت چۆن دزیی دەکات؟! خوای گەورە ئیماندارەکان بۆ کاری تر بانگهێشت دەکات. وەکو:

( يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ ) البقرة/١٥٣ .

( يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقْنَـٰكُمْ ) البقرة/١٧٢ .

---

(١) طەبەرانی: المعجم الأوسط (٨٣.٣) شێخی ئەلبانی (رحمه الله) لە (صحيح الجامع/ ٦١٦٢) و(سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٢٣٢٨) دا دەفەرمووێ: سەحیحە.

( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذۡرَكُمۡ ) النساء/٧١ .

( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ ) الانفال/٢٤.

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ) الاحزاب/٤١ .

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ ) محمد/٣٣ وە هەروەها..

لێرەدا دەفەرمووێ: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر پێتان وترا: کۆڕەکە بەرفراوانتر بکەن (وجێی کەسانی تر بکەنەوە) بەرفراوانی بکەن، خوای گەورەش جێی بەرفراوانتان لای خۆی بۆ مسۆگەر دەکات.. ئەمە پاداشتە لە جۆری بەخشینەکە، لە جۆری ڕەفتارەکە، کە لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجام دراوە، دەبینیت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، لە زۆر شوێنی تردا ئەمە ڕوون دەکاتەوە، کە ڕێسایەکی خواییە کە پاداشت لە توخم و جۆری ڕەفتارەکەیە (الْجَزَاءُ مِنْ جِنْسِ الْعَمَلِ) پەندە کوردییەکەش لەم سەرچاوەوەیە، کە دەڵێ: (هەرچی بچێنیت هەر ئەوە دەدوورێتەوە).

دەبینیت بۆ ڕەفتاری چاکەو خێر دەفەرمووێ: (مَنْ بَنَى مَسْجِدًا بَنَى اللَّهُ لَهُ مِثْلَهُ فِي الْجَنَّةِ)[1].

واتە: هەر کەسێك مزگەوتێك بۆ خوای گەورە دروست بکات، خوای گەورە لە بەهەشتدا، خانوویەکی بۆ دروست دەکاتەوە، یان فەرموودەی: (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ).[2]

واتە: هەر کەسێك کارەساتێک لە کارەساتە سەختەکانی دنیا لەسەر موسوڵمانێک سووک بکات، خوای گەورە کارەساتێکی سەخت لە کارەساتە سەختەکانی قیامەتی لەسەر سووک دەکات.

---

(١) بوخاریی (٤٥٠)، موسلیم (٥٣٣).

(٢) بوخاریی (٢٤٤٢)، موسلیم (٢٥٨٠).

هەر کەسێک بارگرانییەک لەسەر گیرۆدەیەک سووك بکات، خوای گەورەش بارگرانی دنیاو قیامەتی لەسەر سووك دەکاتەوە.

هەر کەسێك عەیب و عاری موسوڵمانێك داپۆشێت، خوای گەورەش لە دنیاو قیامەتدا عەیب و عاری دادەپۆشێتەوە.

هەر کەسێك لە یارمەتی و هاریکاریی براکەیدا بێت، خوای گەورەش لە یارمەتی و هاریکاریی ئەودا دەبێت.

دەشبینیت، کە بەرامبەر ڕەفتاری خراپەش دەفەرمووێ: (إنَّ اللهَ يُعذّبُ الذين يُعذّبونَ الناسَ في الدنيا).[1]

واتە: خوای گەورە ئەشکەنجەی ئەو کەسانە دەداتەوە، کە لە دنیادا ئەشکەنجەی خەڵکی دەدەن.

## هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە

ابن كثير (رحمەالله) لە (قەتادە)وە نەقڵی کردووە، کە فەرموویەتی: (کاتێك یاوەران بۆ زیکری خوای گەورە، لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەبوون، زۆرجار لەبەر زۆریی ژمارەیان و تەنگی جێگاکە، شوێنی کەسی تر نەدەما! بۆیە هەیانبوو حەزی نەدەکرد زۆرتر بن، تا جێی پێ نارەحەت نەبێت. ئیتر خوای گەورە ئەم فەرمانەی پێدان و ئەو پاداشتەشی بۆ دیاری کردن).

لە (موقاتیلی کوڕی حەییانیش)ەوە، کە پێشەوای ئەهلی تەفسیرە دەگێڕێتەوە، کە فەرمووی: (كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فِي الصُّفَّةِ، وَفِي الْمَكَانِ ضِيقٌ وَذَلِكَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) يُكْرِمُ أَهْلَ بَدْرٍ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ، فَجَاءَ نَاسٌ مِنْ أَهْلِ بَدْرٍ وَقَدْ سُبِقُوا إِلَى الْمَجْلِسِ، فَقَامُوا حِيَالَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )عَلَى أَرْجُلِهِمْ يَنْظُرُونَ أَنْ يُوَسَّعَ لَهُمْ فَلَمْ يُفْسِحُوا لَهُمْ، وَشَقَّ ذَلِكَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى

---

(١) موسلیم (٤٧٣٤)، ئەبوداود (٣.٤٥)، ئەحمەد (١٤٩.٦)، بەیهیقی (السنن الكبرى/ ١٨١٦٤).

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، فَقَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ مِنْ غَيْرِ أَهْلِ بَدْرٍ: قُمْ يَا فُلَانُ وَأَنْتَ يَا فُلَانُ. فَأَقَامَ مِنَ الْمَجْلِسِ بِقَدْرِ النَّفَرِ الَّذِينَ قَامُوا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنْ أَهْلِ بَدْرٍ، فَشَقَّ ذَلِكَ عَلَى مَنْ أُقِيمَ مِنْ مَجْلِسِهِ، وَعَرَفَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )الْكَرَاهِيَةَ فِي وُجُوهِهِمْ، فَقَالَ الْمُنَافِقُونَ لِلْمُسْلِمِينَ: أَلَسْتُمْ تَزْعُمُونَ أَنَّ صَاحِبَكُمْ يَعْدِلُ بَيْنَ النَّاسْ؟ فواللَّه مَا عَدَلَ بَيْنَ هَؤُلَاءِ: قَوْمٌ أَخَذُوا مَجَالِسَهُمْ وَأَحَبُّوا الْقُرْبَ مِنْ نَبِيِّهِمْ، أَقَامَهُمْ وَأَجْلَسَ مَنْ أَبْطَأَ عَنْهُمْ مَقَامَهُمْ! فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى هَذِهِ الآيَة).

واتە: ڕۆژی هەینی بوو، کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لە (صوففە) بوو یاوەرانێکی زۆری لە خزمەتدا بوون، شوێنەکەش تەنگەبەر بوو، عادەتیشی وا بوو: ڕێزی یاوەرانی ئەهلی (بەدر)ی زیاتر دەگرت وەک لە موهاجیران و ئەنصار، بەڵام لەو کات و شوێنەدا، خەڵکێکی تر زوتر لە خزمەتیدا دانیشتن و جێی خۆیان گرت.

کەسانێك لە ئەهلی (بەدر) تەشریفیان هێناو سڵاویان لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )کرد.

وەڵامی سڵاوەکەی دانەوە، ئەو یاوەرانەش، کە دانیشتبوون وەڵامی سڵاوی بەدرییەکانیان دایەوە (بێئەوەی شوێنیان بۆ چۆڵ بکەن) پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەستی کرد، کە حەز دەکەن دابنیشن، بۆیە فەرمووی: (قم یافلان وانت یافلان..) فڵان کەس تۆ هەستە و فڵانی تۆش هەروەها.. بە قەدەر ژمارەی بەدرییە ڕاوەستاوەکان لەمانی هەستان، هەستێنراوەکانیش پێیان ناخۆشبوو.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەستی بە پێناخۆشییەکەیان کرد، لە دەرەوەش چەند کەسێك لە دووڕووەکان کەوتنە بۆڵەبۆڵ، دەیانوت: مەگەر ئێوە ناڵێن هاوڕێکەتان (مەبەستیان پێغەمبەری خوابوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دادپەروەریی لە نێوان خەڵکییدا دەچەسپێنێت؟!

(واللە) نەمانبینی دادپەروەرانە لەگەڵ دانیشتووەکاندا ڕەفتار بکات، خەڵکانێك پێشتر هاتوون و جێی خۆیان گرتووە و ئەوانیش حەزیان بە نزیکیی پێغەمبەرەکەیان

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەیە، کەچی ئەوانی هەستان بۆ کەسانێك کە خۆیان درەنگ هاتوون.

ئەمە گەیشتەوە بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، بۆیە فەرمووی: (رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا فَسَحَ لِأَخِيهِ)[١].

واتە: رەحمەتی خوا لەو کەسە بێت، کە جێ بۆ براکەی دەکاتەوە.

ئیتر زۆریان خێرا هەستانە سەر پێ، تا جێ بۆ براکانیان بکەنەوە (و بەر ئەو دوعای رەحمەتە بکەون)، ئیتر ئەم ئایەتە ئەو کاتە هاتە خوارەوە.

کەوابوو ئاڕاستەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە ئایەتەکەی خوای گەورەش لایەنگریی بوو، ئەم ئەدەبەیان لە ناو موسوڵماناندا کردە داب و نەریت، کە کۆڕی خۆیان بەرفراوانتر بکەن و، جێ بۆ کەسانی تازەهاتووی مەجلیسەکانیان بکەنەوە:

١- ئەمە یەکێکە لە ئادابی کۆڕو مەجلیسی موسوڵمان.

٢- کەسی تازە هاتوو بۆ مەجلیس لەو شوێنەدا دادەنیشێت، کە بەتاڵە، لە هەر کوێی کۆڕەکەدا بێت، چونکە ئەوە ئەو ڕەفتارەیە، کە یاوەران لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فێر بووبوون.

جابری کوڕی سەمورە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێ: (كُنَّا إِذَا أَتَيْنَا النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) جَلَسَ أَحَدُنَا حَيْثُ يَنْتَهِي)[٢].

واتە: کە دەهاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، هەر یەکەمان لەو شوێنەدا دادەنیشت، کە کۆتایی مەجلیسەکە بوو..

---

(١) لە تەفسیری ئیبنوکەثیر هوە/ لێکدانەوەی هەمان ئایەت.

(٢) ترمذی گێڕاوێتیەوەو شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي) و (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٣٣) دا بە سەحیحی ناساندووە.

٣- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە لە شوێنێك دادەنیشت، بەردەوام سەیدنا ئەبوبەکری صددیق (خوا لێی ڕازی بێت) لای راستی پیرۆزیی و سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) لای چەپیەوە لە خزمەتیدا دەبوون، سەیدنا عوسمان و سەیدنا (عەلی)ش (خوا لێیان ڕازی بێت)، چونکە نوسەرانی وەحی بوون لەبەر دەستیدا لە خزمەتیدا دەبوون.

وەکو ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە: هەر جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ئاوای جێ بۆ دیاری کردبوون، لە هەر شوێنێکی تریش دابنیشتایە، هەر دەیفەرموو: (لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ).[(١)]

واتە: با پیاوماقوڵ و بەهۆش و زرنگەکانتان لە نزیکمەوە بن، پاش ئەوان ئەوانەی دوای ئەوان، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان (بە پێی پیاوماقوڵیی و هەڵکەوتەیی و دەرکەوتەییان).

هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کەسانێکی لە مەجلیسەکەی خۆی هەستاند، بۆ بەدرییە بەڕێزەکان..

هەمیشە دەیخواست ئەو زرنگ و بەهۆشانە لە خزمەتییدابن و، لێوەی نزیکتر بن تا ئاڕاستەکانی ڕۆشن و ڕاشکاوانە وەربگرن، چونکە ئەوانە دەیانگەیاندەوە بە خەڵکانێکی تری پشت خۆیان.

ئەمەش دیارە بەڵگەیە، کە لە کۆڕی ئیمەی موسوڵمانیشدا، کە زاناو شەرعناس و ئەمیرو فەرماندەو پیاو ماقوڵەکانمان دانیشتن، دەبێ کەسانی زرنگ و هەڵکەوتە لە نزیکیانەوە دانیشن.

ئەمە چینایەتی نییە، چونکە خاوەن هۆش و زرنگ و زیرەکەکان، دەشێت لە چینی هەرە هەژاری کۆمەڵگەکە بن، بەڵام شایانی ئەو جێگایەن.

---

(١) موسلیم (٤٣٢)، ترمذی (٢٢٨).

ئەمە بۆ ئیمام و ئەمیرو ئەمیرو هاوشێوەیان سوونەتە، کە نوێژیان بە ئیمامەت بۆ کەسانێکی تر دەکرد، ئەوانەی راستەو خۆ لە پشتیانەوە دەبن، هەڵکەوتەو حافز قورئان و شەرعناس و کەسایەتییە ئیسلامییەکان بن..

ئیبنومەسعود (خوا لێی رازی بێت) دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) يَمْسَحُ مَنَاكِبَنَا فِي الصَّلَاةِ وَيَقُولُ اسْتَوا وَلَا تَخْتَلِفُوا فَتَخْتَلِفَ قُلُوبُكُمْ لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ).[١]

واتە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ریزی دەکردین (لەپشتیەوە بۆ نوێژی جەماعەت) شانمان رێکدەخست (تا ئاستی یەکتربن بۆ ئەوەی ریزەکە رێك و راست بێت)، ئینجا دەیفەرموو: رێك راوەستن، ناکۆك مەبن دەنا ناکۆکیەکانتان دەکەوێتە دڵ و دەروونتانەوە، باپیاو ماقوڵ و هەڵکەوتەکانتان نزیکتربن لێمەوە، پاشان ئەوانی دوای ئەو، پاشانی ئەوانی تری دوای ئەمان.

جا ئەگەر ئەمە لە نوێژدا بووبێت حەتمەن لەکۆڕی ئاساییدا ئەم داب و نەریتە زیاتر رەچاو دەکرێت، سوونەتەو زەروریشە کە لە نوێژی جەماعەتدا، یان لەمزگەوت، چەند جێگایەکی راستە و خۆی پشت ئیمامەکە بۆ شەرعزان و قورئانەوان و داعییەکان بێت، چونکە هەڵەی ئیمام باشتر راست دەکەنەوە و بۆشی دەبنە (ئیمامی ئیحتیات).

٤- نەهێشتنی کهلێن لە ریزو کۆڕی موسوڵمانادا، هەندێك لە زانایان دەفەرموون: ئەمە لە نوێژو غەیری نوێژدا هەروایە، لە نوێژدا بێگومان، دەبێت مادام نوێژی جەماعەتە، ریزەکان پڕو سفت بن، نەك شاش و لێك دوور، هەروەها نابێت نێوان لە ریزەکاندا هەبێت، سوونەت وایە، کە پەنجەی پێیان بە پەنجەی پێی یەکترییەوە بنێن، هەروەها شانیان لە دانیشتنی کۆڕیشدا سوونەتە لێك نزیك و بە تەنیشت یەکترییەوە دانیشن، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەیفەرموو (أقِيمُوا

---

(١) موسلیم (٤٣٢)، ئەبوداودو (٦٧٤). نەسائی (٨.٧)، ئیبنوماجە (٩٧٦)، بەیهیقی (٥.٣٨)، ئەحمەد (١٦٦٥٣).

الصُّفُوفَ، وَحَاذُوا بَيْنَ الْمَنَاكِبِ، وَسُدُّوا الْخَلَلَ، وَلِينُوا بِأَيْدِي إِخْوَانِكُمْ، وَلَا تَذَرُوا فُرُجَاتٍ لِلشَّيْطَانِ، وَمَنْ وَصَلَ صَفًّا وَصَلَهُ اللَّهُ، وَمَنْ قَطَعَ صَفًّا قَطَعَهُ اللَّهُ).[١]

واته: ریزەکان ڕێکخەن، شانتان ڕاستی یەکتریی بێت، کەلێنی نێوانتان پڕ بکەنەوە، ئاسان و نەرم و نیان بە دەست براکانتانەوە بچن، (کە ڕێکتان دەکەن یان ڕاتان دەکێشن بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنی ریزەکان) کەلێن (بۆشایی) بۆ شەیتان مەهێڵنەوە (تا نەخزێتە نێوانتانەوە). هەر کەسێك ڕیزێك تەکمیلە بکات (بە یەکترەوە پەیوەستیان بکات) خوای گەورە بە خۆیەوە پەیوەستی دەکات، هەر کەسێك بوار بخاتە نێو ریزەکانەوە خوای گەورەش بوار دەخاتە نێوان خۆی و ئەو کەسەوە.

٥- نابێت لە نێوان دوو کەسدا دابنیشێت، پێش ئەوەی داوای مۆڵەتیان لێ بکات، دەبێ دوای داواکردنی مۆڵەتەکە، خۆیان ڕازی بن، چونکە لەوانەیە ئەوان پێکەوە دانیشتوون، تا قسەی تایبەتی خۆیان پێکەوە بکەن، یان یەکێکیان پێویستی بەوی تریان هەبێت یان هۆی تر.

ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدەوە لە (عبداللەی کوڕی عەمر)ەوە (خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەیفەرموو: (لَا يَحِلُّ لِلرَّجُلِ أَنْ يُفَرِّقَ بَيْنَ اثْنَيْنِ إِلَّا بِإِذْنِهِمَا).[٢]

واتە: ناشێت کابرا بچێتە نێوان دووکەسەوە، مەگەر بە ڕەزامەندیی هەردووکیان.

- هەر لە ئایەتەکەدا دوای ئادابی کۆڕو بەرفراوانکردنی مەجلیس و، جێکردنەوە بۆ هاتوانی نوێ، فەرمانی ئەوە بە موسوڵمانان دەدات، کە دانیشتن نەکەنە پیشەو بێکارانە بۆ کات بەسەر بردن کۆڕ نەگرن. دەفەرمووێ: (وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُوا۟ فَٱنشُزُوا۟ )

---

(١) ئەبوداود (٦٦٦) ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغیر/٢.٦٧) دا بە سەحیحی ناساندووە.

(٢) ئەبوداودو (٤٨٤٥). ترمذی (٢٧٥٢)، بەیهیقی (٥٧٥٦)، ئەحمەد (٦٩٦.).

واتە: ئەگەر پێتان وترا: هەستن بەدەم کاری خێرەوە بچن راپەڕن و بچن.

موقاتیل دەفەرموێ: ئەگەر بانگهێشتی نوێژ کران هەستن بە دەنگیەوە بچن.

ئیبنوعەبباس و حەسەنی بەسریی دەیانفەرموو: ئەگەر پێتان وترا: بۆ جیهاد لێبرێن، راپەڕن و بە دەنگیەوە بچن. بەڵام دیارە، کە (کاری خێر) نوێژو جیهادەکەش دەگرێتەوە، بۆیە دەشێت مەبەست لە بڕە ئایەتەکە: بە دەنگەوە چوونی هەموو کارێکی خێر بێت (والله اعلم).

عبدالرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەفەرموێ: کە یاوەران لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەبوون، هەر یەکەیان حەزی دەکرد خۆی کۆتا کەس بێت، کە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) مەرەخەس دەبێت و کۆڕەکەی جێدەهێڵێت.. ئەمەش بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )زۆرجار دەبووە مایەی سەختکاریی، چونکە دەیخواست بچێتە کاری تری، یان تەشریف بباتەوە بۆ ماڵەوە، یان لەو ماڵەیەوە بچێتە ماڵێکی تری، یان بۆ کارێکی پێویستی خۆی.

بۆیە لێرەدا خوای گەورە ئەدەبێکی تریان فێردەکات، کە دەفەرموێ: (وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ ) ئەمەش وەکو ئایەتی (وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرۡجِعُواْ فَٱرۡجِعُواْ )النور/٢٨ ئەگەر لە دەرگای ماڵێکتان دا (٣جار) و نەیانکردەوە بگەڕێنەوە، ئەگەر پێیان وتن: ببورن کاتەکە، یان دۆخەکەمان گونجاو نییە بگەڕێنەوە، یان جارێکی تر وەرنەوە، بگەڕێنەوە.

دوا بە دوای ئەم ئادابانە، کە هەندێك لە دڵدا قورس دەبن، بە تایبەتی لای نەو موسوڵمان، کە بە لایەوە کەمییە، کە خوای گەورە یەکسەر ئەوە فێر دەکات، کە ئەم ڕەفتاری خۆ بە کەمترزانیینە، کە لەبەر خاتری خوایە پاداشتی بەرز بوونەوەی پلەو مەنزیلەی لای خوای گەورەی هەیە، هەر وەکو پلەو مەنزیلەی ئیماندارە پیاوچاکەکان و، ئەهلی زانستیە شەرعییەکانی خواناسیی و خواپەرستییی، وەک دەفەرموێ:

(يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ)

واتە: ئەوانەتان، کە ئەهلی زانستی شەرعەو شارەزای دینەکەیە، خوای گەورە پلەو پایەی بەرزو باڵایان پێدەبەخشێت.

خوای گەورە بە موسوڵمانان دەفەرموێ: کە وا نەزانن هەستانی کەسێکتان بۆ هاتوویەکی نوێی کۆڕتان، یان جێکردنەوەی بە جێی تەنگ کردنەوەی خۆی، کەمیی و ماف لە دەستدانتانە! نا، ئەوە لای خوای گەورە پاداشتی زۆرە، جۆری پاداشتەکەش ئەوەیە: کە پلەو مەنزیلە بەرز دەکاتەوە.

ئەم پاداشتە گرنگ و مسۆگەرە حەتمەن دەبێتە سوکنایی دڵ و هاندەری زیاتری خۆبەکەم زانین، بەڵێنی خوای گەورەش، حەتمەن ڕاست و بەجێیە، دەی سا بە خوا هەقە بۆ منداڵێکیش بە پێوە بوەستین، چ جای پیاو چاك و زانا.

لە کۆتاییشیدا دەفەرموێ: (وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ) خوای گەورە پسپۆرە، زانایە، شارەزایە، بە ئاگایە و ڕەفتارو هەڵوێستەکانتان بۆ تۆمار دەکات و، پاداشتی تەئکیدیشتان دەداتەوە.

سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت)، نافیعی کوڕی عبدالحارثی کردبوو بە والی لە ناوچەی (عەسەفان). جارێك لە مەدینە تووشی (نافیع) بوو، پێی فەرموو: خۆت هاتوویت، کێت لە شوێنی خۆت (بەوەکیلی والی) داناوە؟

فەرمووی: ئیبنوئەبزام داناوە.

پرسی: ئەم ئیبنوئەبزایە کێیە؟

نافیع عەرزی کرد: لە مەوالییەکانی خۆمانە.

سەیدنا عومەر فەرمووی: مەوالییەکت کردووە بە والی بەسەر خەڵکەکەوە؟

عەرزی کرد: ئەی ئەمیری موسوڵمانان، ئیبنوئەبزا قورئانخوێنەو شارەزای میراتەو داوەر (قازیی)یە، (قَالَ عُمَرُ أَمَا إِنَّ نَبِيَّكُمْ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )قَالَ إِنَّ اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا، وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ).[١]

واتە: سەیدنا عومەر فەرمووی: پێغەمبەرەکەتان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: خوای گەورە بەم قورئانە خەڵکانێك بەرز دەکاتەوەو، خەڵکانێکی تریشی پێ نزم دەکاتەوە.

فەرموودەی تریش لەم بارەوە لە هەردوو سەحیحی بوخاریی موسلیمدا زۆرن (والحمدلله).

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان :

١- لە فەرموودە سەحیحەکانەوە ئەو ئەدەبە هاتووە، کە کەس بۆی نییە یەکێکی تر هەستێنێت، کە دانیشتووەو خۆی بچێتە شوێنی.

وەکو، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمویّ: (لَا يُقِيمُ الرَّجُلُ الرَّجُلَ مِنْ مَجْلِسِهِ ثُمَّ يَجْلِسُ فِيهِ).[٢] ئەوەی، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمانی بە چەند کەسێکی دانیشتوو کرد بۆ بەدرییەکان هەستن، کە بە پێوە بوون، ئەمە چەند شتێك ڕوون دەکاتەوە:

أ- ئەوی فەرمان بە هەستانی هەندێك کەسی دانیشتوو بۆ تازە هاتووی ڕێزدار دەکات، ئەمیرو سەرکردەکانن، چونکە ئەوان هەموو کەسایەتییەکان باشتر دەناسن و ڕێزیان زیاتر ڕەچاو دەکەن.

ب- کابرای هاتوو بۆی نییە کەسێك هەستێنێت، بەڵکو هەر بە پێوە دەمێنێت تاجێی بۆ دەکرێتەوە.

---

(١) موسلیم (١٣٥٦)، ئیبنوماجە (٢١٤)، داریمی (٣٢٧.)، ئەحمەد (٢٣٣)، صەحیحی ئیبنوحیبان (٧٧٩).
(٢) بوخاریی (٥٩١٥).

ت- ئەمیرو سەرکردەو پێشەواو شەرعناس، کە کەسێك بۆ هاتوویەکی رێزدار هەڵدەستێنن، لە لایەکەوە تێی رادەبینن، کە ئەو فەرمانەی بەسەردا بکەن، لە لایەکی تریشەوە دەشێت لە هەڵوێستی تردا رەچاوی کردبێت و، وەکو دەوترێت بەسەریەوە هەیەتی.

٢- ئەم جێکردنەوەیە، جێکردنەوەیە لە دڵ و دەرووندا، زیاتر لە جێکردنەوەی جەستە، خۆ بە پێوەش بێت هەر بە ئامادەبووی کۆڕەکە حسێبەو، زانست و خێرو بەرەکەتی کۆڕەکەی پێ دەبڕێت، بەڵام بێگومان جێ بۆ کردنەوە، یان جێ بۆ چۆڵ کردن بۆی، رێزی زیادەو قەدر زانینە، کە کاریگەریی ئیجابی دەروونی دروست دەکات، زیاتر لە کاریگەریی سلبی، کە قسەو قسەلۆك و تیروتوانج دروستی دەکات.

٣- ئەمیر دڵخۆش دەبێت، کە دەبینیت دانیشتوو جێ بۆ تازەهاتوو چۆڵ دەکات یان جێی بۆ دەکاتەوە، تازە هاتووش پێی خۆشە بە پێوە بێت، وەك لەوەی جێی یەکێکی دانیشتوو بگرێت، یان تەنگی بکات، چونکە رەزامەندیی و برایەتیی و خۆشەویستی سروشتیی لە شوێنکەوتووەکان دەبینێت، ئەگەر نەیبینی، ناچاری فەرمان کردنەکە دەبێت و، ئەوانیش هەموو گوێڕایەڵ دەبن.

ئەم ئەدەب و رەفتارە لە دانیشتوو تازە هاتووی بە پێوە جوانترە وەك لە هەنگاو هەڵهێنانەوەی تازەهاتوو و خۆ خزاندنە نێوان، یان لە بەردەمدا دانیشتن، یان رەفتاری تری هاوشێوە، کە تووڕە دەکات و دۆستایەتی توندوتۆڵ ناکات.

٤- چەند جوان و سازاوو کاریگەرە کە ئایەتەکە -کە ئەدەبی دانیشووەکەو هاتووەکەی بۆ کۆڕی زانست و فێربوون باس کردووە، کە رەفتاری ئیماندارانە دەنوێنن- روونی کردۆتەوە، کە لە پاداشتیدا شایانی رێزداریی و پلەبەرزیی لای خوای گەورە دەبن. ئایەتەکە بە ( يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ )ـە، کە لەلایەنی دەروونی و ئیمانییەوە ئامادەی وەڵامدانەوەی فەرمان و پابەندبوون بە ئەدەبەکەیان دەکات، شوێن و هۆکاری ئامادەبوونەکە، کۆڕی زانست و فێربوونە، کە دانیشتوو تازەهاتوو وەکو یەك موحتاجن پێی.

کەوابوو: دانیشتووەکە بە پاڵنەری ئیمانیی و هاوخەمیی، دەبێ حەز بکات هاتووەکەش فریاکەوێت و جێی هەبێت، تا لە زانست وخێرو بەرەکەتەکە مەحرووم نەبێت.

تازە هاتووەکەش رێزی هیممەت بەرزی دانیشتووەکە رەچاو دەکات، کە وەکو ئەم نەبووە، پێش ئەم دەستبەرداری کارەکەی بووە و خۆی گەیاندۆتە کۆڕەکە.

ئەمە کە دواکەوتووە، ئەگەر جێگاشی بۆنەکرێتەوە، دەبێت بە لایەوە ئاسایی بێت بە تایبەتی، کە جێ نەماوە. ئەم ئیمان و ئەدەب و فێربوونە، هەر بۆ پلەبەرزی لای خوای میهرەبان و باڵایە. سبحانە.

ئاوا ئەم قورئانە، ئەم پەیامە نایابە، ئەم ئاڕاستە بێوێنەیە، بە ئایەتێك ئاڕاستەی ئیمان و ئاداب و هیممەتی فێرخوازیی و، ئومێد گەشیی بە پاداشتی خوایی دەچەسپێنێت.

هەمووی لە واقیعی کۆمەڵێکی مرۆڤی نوخبەدا، لە موسوڵمانانی هیدایەتدراوو دینداردا، دەکاتە ڕەفتارێکی سروشتیی سووك و ئاسان، بێئەوەی پێویستی بە داڕشتنی یاسای ئەتەکێت و تەکەلووف و چاودێریی کردنی شێوازی ڕاپەڕاندن و موحاسەبە کردنی تێیدا ببێت.

# دەرسی شەشەم

### ئایەتی دوازدەیەم و سێزدەیەم:

(يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَـٰجَيْتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَىْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَةً ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ
وَأَطْهَرُ ۚ فَإِن لَّمْ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ءَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَىْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَـٰتٍ ۚ فَإِذْ
لَمْ تَفْعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ
بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٣﴾).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر ویستتان بە تەنهاو بە چرپە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بدوێن، دەبێت پێشتر خێرو خێراتێك بکەن (تا شیاوی ئەو ڕەفتارەتان بکات و ببێتە مایەی پاکبوونەوەی دینداریتان) ئەگەر هەژارو دەسکورتەکانتان ویستیان بە چرپە لەگەڵیدا بدوێن و توانای خێرو خێراتەکەیان نەبوو، قەیدی نییە، با بێ خێرو خێرات بچنە خزمەتی و بە چرپە لە خزمەتیدا بدوێن، (ئەم حوکمە دوایی نەسخ بۆوە، وەکو دواتر باسی دێت) خوای گەورە لێخۆشبوو بە بەزەییە.(١٢) چما لە هەژاریی و دەسکورتیتان دەترسان، کە ئەم حوکمەتان بە لاوە قورس بوو؟

دەی سا وا خوای گەورە لە سەری سووك کردن و هەر لایبردو لەوانەشتان خۆشبوو، کە گومانی خراپیان برد، نوێژەکانتان بکەن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵی

خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بن (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خوای گەورە شارەزایە بەو ڕەفتارو گوفتارو کردارانەی دەیکەن.(١٣)

ئەم دوو ئایەتەش، باس لە ئەدەبێکی تری یاوەران دەکات، لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، بە پێی سروشتی گشتی خەڵکیی و، پێشەواو رابەرو سەرۆك.

خەڵکی حەز دەکەن، ئاڕاستەو راوێژو وەڵامی تایبەت بە خۆیان، لە گەورە پیاوانەوە ڕاستەوخۆ لە خۆیانەوە وەربگرن.

بە هەزاران کەسیش هەن کات و ماندووبوونی ئەو گەورە پیاوانە رەچاو ناکەن، هەر یەکەیان وا دەزانێ هەر خۆی داوای کاتی تایبەتی کردووە!

دیارە لە سەردەمانی گەورەی سەروەران و پێشەوای رابەران پێغەمبەرەکەی خواشدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەر وا بووە، کەسانێکی زۆر هاتوونەتە خزمەتی و کاتی تایبەتیان بۆ راوێژو پرسیارو چارەسەری کێشەکانیان خواستووە.

کاتی جەنابیشی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، هەر کاتی خۆی و ماڵ و منداڵی نەبوو کاتی ئوممەتەکەش بوو، خوای گەورە خواستی وابوو یاوەران فێری ئەدەبێکی تر بکات، کە چۆن رێزی کاتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەگرن و دۆخ و حاڵەتی رەچاو دەکەن.

فەرمانیدا، کە هەر کەسێکتان دەتانەوێت کاتی تایبەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بگرێ و، بە (چرپە) پرسیارو ڕاوێژو کێشەی خۆی لاباس بکات، دەبێ پێش چوونە خزمەتی، سەدەقە (خێرو خێراتێك) بکات، تا لە لایەکەوە ببێتە مایەی پاڵفتەبوون و گوناح هەڵوەرینتان، لە لایەکی تریشەوە لایەقی ئەوەتان بکات، کە بچنە خزمەتی و چوونەکە بە خواپەرستیی بزانن و، بشبێتە مایەی یارمەتیدانی هەژارو دەستکورتەکانتان.

ئەمە بە گشتی بۆ دەوڵەمەندەکان بوو، کە دەخوازرا لە زۆر ڕێگاوە یارمەتیدانی هەژارانیان لا ببێتە بواری مەڵۆکردنی زەخیرەی قیامەت، ئەو کەسانەش، کە نەدار

بوون، خوای گەورە فەرمووی: خۆتان تەسلیم بە میهرەبانی خوای گەورە بکەن، کە هەم لێخۆشبووە و هەم بە بەزەییە: (فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) پاشان، کە کاتەکانی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )باشتر ڕێکخراو ئەو قەرەباڵغییەی جاران کەمتر بۆوە، خوای گەورە لە ڕووی گلەیی ناڕاستەوخۆوە، بە دەوڵەمەندەکانی فەرموو: چما ترسی ئەوەتان لا دروست بووە، کە بۆ هەر چرپەو ڕازو نیاز درکاندنێکتان لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، خێروخێراتێك بکەن، خەمی ئەوەتانە پارەو سامانتان کەم بێتەوە؟!

پاشان حوکمەکەی لەسەر لابردن و، داوای خواپەرستیی نوێژو زەکات و گوێڕایەڵی و ملکەچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لێکردن: (فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ).

ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: کە یەکەمین کەس و کۆتا کەس کە خێراتی بۆ ڕاز دەرکاندنی لای جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )کرد: سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب بوو (خوا لێی ڕازی بێت)، بەڵام هەموو یاوەرانی پێ پەروەردە کرد.

(موجاهید)ی موفەسسیر دەفەرموێ: نەهی لە یاوەران کرا، کە تا سەدەقەیەك نەکەن، نابێت بە تەنها لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بدوێن.

عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خوا لێی ڕازی بێت)، کە ویستی هەندێك پرسیار لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بکات، دینارێکی تەرخان کرد بۆ خێر پێکردن، هەر واشی کردو کردی بە خێر.

بۆیە: زۆر جار دەیفەرموو: ئایەتێك لە قورئاندا هەیە، نە کەس پێش من کاری پێکردووەو، نە کەسیش دوای من، چونکە دوای سەیدنا (عەلی) حوکمەکە نەسخ بۆوە.

ئەمە ڕای زۆرینەی ئەهلی تەفسیرو سییرەو زانایانی سەلەفە.

# دەرسی حەوتەم

## ئایەتەکانی چواردە تا نۆزدەیەم:

( ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مَّا هُم مِّنكُمۡ وَلَا مِنۡهُمۡ وَيَحۡلِفُونَ عَلَى
ٱلۡكَذِبِ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿١٤﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدًاۖ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٥﴾
ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿١٦﴾ لَّن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ
وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ يَوۡمَ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ
جَمِيعٗا فَيَحۡلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحۡلِفُونَ لَكُمۡۖ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍۚ أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ﴿١٨﴾
ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمۡ ذِكۡرَ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ
هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٩﴾ )

واتە: مەگەر ئەوانە نابینیت، کە دۆستایەتی ئەو کەسانە دەکەن، کە خوا غەزەبی لێگرتوون و لە سەریان دەکەنەوە و لایەنگیرییان دەکەن، ئەوانە نە لە ئێوەن (ئیماندارانن) و، نە لەوانیشن (کافران)! دەشزانن دیدو هەڵویستیان هەڵەیە، کەچی سوێندی لەسەر دەخۆن، کە ڕاستە! (١٤) خوای گەورە سزای زۆر بەژانی بۆ ئەوانە ئامادە کردووە، بەڕاستی ئەوانە ڕەفتاریان بەدەو خراپەکارییی دەکەن. (١٥) سوێند خواردنەکەیان کردووە بە قەڵغان و لەولاشەوە بەرهەڵستی دینی خوا دەکەن و لەمپەرو بەربەست لە ڕێی بانگەوازی خوادا دادەنێن.

ئەوانە سزای چاوشۆڕیی و زەلیلانەیان دێتە ڕێ. (١٦) نە سەروەت و سامانیان دادیان دەدات نە ئەولادو کەسوکاریان لە دەست خوای گەورە قوتاریان دەکات، ئەوانە ئەهلی دۆزەخن، دەچنە ناو ئاگرو بە نەمرییش تێیدا دەمێننەوە.(١٧) ڕۆژێك دێت خوای گەورە هەموویان زیندوو دەکاتەوە (لە نەزانی و کاڵفامییاندا)، سوێند بۆ خوای گەورەش دەخۆن وەکو، کە ئێستا لە دنیادا سوێند بۆ ئێوە دەخۆن (کە موسوڵمان و هاودیدو هاوڕاتانن!) هەر واش دەزانن (یان خۆ وا نیشان دەدەن)، کە شتن! کە ڕێبازی ئیسلامیان گرتووەو موسوڵمانن! بەڵام بە تەئکید درۆزنن.(١٨) شەیتان بەسەر دیدو ڕەفتاریاندا زاڵ بووەو، خستوونیەتیە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بۆیە یادی خوای گەورەی لە بیر بردوونەتەوە! ئەوانە حزبی شەیتانن، پێڕی ئەون، حەتمەن حزبی شەیتانیش زەرەرمەندە. (١٩)

باسێکی تری دیدی لێڵ و هەڵوێستی لەرزۆکی دووڕووەکان دەکات، کە چۆن دەستیان لەگەڵ دوژمنی هەرە سەرسەختی ئیسلامدا (کە جولەکەکان بوون) تێکەڵ دەکردو، پرس و ڕاوێژو هەڵوێست گۆڕینەوە و، نەخشەو پیلانی هاوبەشیان دادەنا بەو ئومێدەی، بانگەوازە خواییە کە لاواز بکەن و، ئەگەر بۆیان کرا یەکجاری کپی بکەن!!.

خوای گەورە بە شێوازێکی توندو سەخت و سەیر، لە هەمان کاتدا ڕەوانبێژیی و ڕاشکاوو ڕۆشن دەفەرموێ: ئەوانە بوون بە دۆست و لایەنگرو پشتیوانی کەسانێك، کە خوای گەورە غەزەبی لێگرتوون، خوای میهرەبان و بەسۆزو بەبەزەیی ڕقی لێیان هەستاوە، خوای کارزان و دادپەروەر زۆر لەو قەومە (جولەکەکان) تووڕەیە، کەچی ئەم دووڕوانە -لە نەزانیی و ئەقڵ پێنەشکان، یان لە لاساریی و گوێنەدان بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و هۆکاری تر-بەردەوام شوێن ئەو جولەکە ڕقن و دڵڕەشانە کەوتوون!!

ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە توندو خێرا دەسەڵاتی ئیسلام بەهێزتر دەبوو، دەبوایە ئەقڵیان پێبشکایە، کە ئەم هێزو دەسەڵاتەی ئیسلام بەرەو لاواز بوون و پووکانەوە

ناڕوات، بە پێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە، دەی سا بۆچی ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانە وەردەگرن؟!

چونکە لە ناخیاندا موسوڵمان نەبوون، تەنها سەرزارەکی لە ڕیزی موسوڵماناندا خۆیان دەردەخست و، ئامادەی نوێژو مزگەوت و جیهاد دەبوون! لەو لاشەوە لە ڕیزی جولەکەو کافرەکانی تریش نین! ئەگەر چی لە ناخی دڵیاندا کافرن، بۆیە نە لەملاو نە لەولا، نەدەبوونە جێمتمانەی هیچ لایەنێك، چونکە درۆزن و دووڕوو بوون: ﴿ وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَـٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ البقرة/١٤.

واتە: کە بە موسوڵمانان دەگەن دەڵێن باوەڕمان هێنا! بە شێوازی کردار (ءَامَنَّا) کە مانای ڕووداوو دووپات بوونەوە دەدات، چونکە بەردەوام لەگەڵ دیتنی موسوڵماناندا وا دەڵێن.

دەیان جار دووپاتی دەکەنەوە، بەڵام، کە دەگەن بە شەیتانەکانیان، کە ئاراستەیان دەکەن -لە کافرانی قوڕەیش بن، یان لە جولەکەکان- بە شێوازی (اسم) کە مانای سیفەتی جێگیرو بەردەوام بوون دەدات، دەڵێن: (إِنَّامَعَكُمْ) ڕستەکەش بە (إِنَّ) دەست پێدەکات، کە تەوکیدەو بۆ جەخت کردنەوەی زیاترە.

وەکو ئەوەی، کە کافرێتیی سیفەتە جێگیرو نەگۆڕەکەیانەو تەئکیدی لێدەکەنەوە، کە باوەڕ هێنانەکەیان گاڵتە کردنیانە بە ئەقڵی موسوڵمانان!

ئەمەش وای لێدەکردن، هەڵوێستیان لەرزۆك و کەسایەتیان ترسنۆك و سوێندخۆرو چەواشەکار دەرچێت: ﴿ مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَـٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَـٰٓؤُلَآءِ ﴾ النساء/١٤٣.

واتە: شلۆق و لەرزۆکن، لەو نێوانەدا -لە نێوان موسوڵمانان و جولەکە و کافرەکانی تردا- دێن و دەچن، نە لەمانن نە لەوانیشن!.

بەردەوامیش خەریکی سوێندخواردنن، دەشزانن، کە درۆ دەکەن، بێگومان خۆیان ناڕاستێتی خۆیان دەزانن، سەیرە، کە دەزانن درۆ دەکەن، کەچی هەر سوێند دەخۆن، بۆ ئەوەی متمانەی ئانی و ساتیی موسوڵمانێك بەدەست بهێنن!.

ئەمە سیفەتی دووڕووی هەموو زەمانێکە.. مەگەر هەر یەکە لە ئێمە دەیان کەسی ئاوا نابینین؟! لە کاتێکدا، کە ئێمە ئێستا خاوەن هێزیش نین، کەچی ئەو دووڕووییەتییەمان لا دەنوێنن!

سزای ئەم فریوکارانە، لای خوا زۆر گەورەو سەختە، خوای گەورە بە شێوازێك باسی دەفەرمویٚ، وەکو ئەوەی، کە بە تایبەت ئەو سزا دژوارو سەختەی پەنا بەخوا، بە دەستی خۆی بۆ ئامادە کردبن: (أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدًا)، ئەمە چ زەرەر لێکەوتنێکە؟!

چ چارەنووسێکی بەدو ڕەشە؟!

چی لەوە سەرشۆڕترو زەلیلانە ترە کە عەبدێکی لاوازی موستەهیتری دنیایی، لە ڕۆژی قیامەتدا کەوتبێتە بەردەستی خوای خاوەن دەسەڵات، کە خۆی سزا تایبەتەکەی بۆ ئامادەکردوون؟! وای، کە ڕۆژێکی ڕەشە!

هەر هەموو ڕەفتارەکانیان بە چاودا دەداتەوە: مەگەر ئێوە نەبوون، بۆ پاراستنی خۆتان و هەواو هەوەس و دیدو بیری چەقبەستوتان، دەکەوتنە پیلان گێڕیی و ملهوڕانە، گوێتان بەو هەموو هۆشدارییی و ئامۆژگارییی و ئینزارە نەدەدا؟!

ئەدی ئەو هەموو سوێندە درۆیەتان بۆچی دەخوارد؟

کردبوتانە قەڵغان، هەمیشە حازر بەدەستبوو! دەی ئێستا کوا قەڵغانەکەتان؟

چی لەغەزەبی خوا دەتانپارێزێت؟! چۆن لە سزای بەژانی خوا قوتار دەبن؟!.

دەی هەموو ڕەنجێکتان بۆ دژایەتی ئەم دینە نەخستبووە کار؟

بەربەست و لەمپەرتان بۆ دا نەدەنا؟

بەو هیوایەی سەرنەکەویٚت: (ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ)!! (فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ)! خۆ دینەکە سەرکەوت، خۆ لە دنیاشدا زەلیل و ژێر دەستەکەوتن.

لەوێ خۆتان سەرزارەکی بەموسوڵمان نیشان دەداو، بەسوێندی درۆ پەردەپۆشتان دەکرد!

لێرە چی؟

موسوڵمانان ناچار بوون حوکمی زاهیریتان وەربگرن و هەقی دڵتانیان نەبێت، ئەدی لێرە چی دەکەن؟

خۆ خوای گەورەو زانا، بە هەست و نەست و ختوورەی دڵتانی دەزانی و، ئاگای لە هەموو بزاوت و سرەوتێکتان بوو، هەر هەمووشی بۆ ئامارو هەژمار کردوون! ئەوەتا هەمووی وا بە تۆمارکراویی نیشان خۆتانی دەداتەوە! خۆ ناتوانن نکوڵی لێ بکەن..

ئەو جا جارێکی تریش کۆتایی ئایەتەکە، بە باسێکی تری سزا بەژان و ناسۆرو سەرشۆڕییەکە دەهێنێت.

لە دنیادا ئەم هەموو هەڕەشەی خستنە پێش، کە سزای بەژانتان دەبێت، فام بکەنەوە، بیرکەنەوە: (أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ) (إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ) (فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ) ( لَّن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ) (أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ) (هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ )! ئەم دڵە بێهۆش و گۆشە، ئەم دڵە ڕەقە، ئەم کەللە پوتە بۆچی هزرێکی بیرکردنەوەی تێدا نەبوو؟!

ئینجا لەم هەموو هەڵوێستە نامۆترو نەزانترو گەلۆرترو موستەهتیرتر ئەوەیە، کە خوای گەورەو زانا لە قیامەتدا زیندوویان دەکاتەوەو، دیدو هەڵوێست و چرپەو ناخی ڕەشیانیان دەخاتەوە پێش چاو، کەچی بە هەموو ئەقڵێکیانەوە سوێند بۆ خوای بیسەرو بینەر دەخۆن، بە خوا قەسەم موسوڵمان بووین !!! سوێند دەخۆن: واللە ئێمەش ڕێگا ڕاستەکەی تۆمان گرتبووە بەر! نوێژمان دەکرد، ڕۆژوومان دەگرت، هەمووشیمان لەبەرخاتری تۆ دەکردو، بە پێی ڕێنمایی پێغەمبەرەکەت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ڕەفتارمان دەکرد!

سەیری ئەم چاو قایمییە! سەیری ئەم فیطرە پیس بوونە، سەیری ئاسەواریی درۆزنی و دووڕوویی، چۆن قەناعەتی لە ناخیاندا دروستکردووە، کە خۆیان ڕاستن ! سبحان الله!

ئەوەندە دووڕوویی و درۆکردنیان مومارەسە کردووە، لێیان بۆتە پیشە، ئەوەندە لەسەر ئەو پیشەیە ڕۆیشتوون، لێیان بۆتە بەشێك لە کیانیان و لە قیامەتیشدا لێیان نابێتەوە! چونکە ئەو کەسەی خوو بە سیفەتێکەوە دەگرێت و پێوەی دەمرێت، پێشیەوە زیندوو دەبێتەوە. نابینیت خوای گەورە باس لە کینە (غِلّ) دەکات، کە ئەو کەسانەی موسوڵمان بوون، شایانی چوونە بەهەشتەکە بوون، بەڵام بۆ ئەوەی شیاوی ئەوێ و شیاوی ریزی بەهەشتییەکان بن، خوای گەورە ئەو کینەیە لە ناخیاندا لە ڕەگ و ڕیشاڵەوە هەڵدەکێشێت! نابینیت چۆن بە شێوازی ڕەوانبێژیی، قورئان دەربارەیان دەفەرمویێ: (وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ )الاعراف/٤٢-٤٣.

ئەمانە لە ڕۆژی قیامەتتدا بە هەموو ئەقڵێکیانەوە وا دەزانن: ئەگەر سوێند بۆ خوای پەروەردگار بخۆن، خۆ لە سزای دەبوێرن، هەر وەکو لە دنیادا بەسوێندخواردنیان بۆ موسوڵمانان، خۆیان لە ئەحکامی شەرع دەبوارد، چونکە شەرع حوکم بەسەر ڕەفتار (گوفتارو کردار)ی دیارو ئاشکرا دەکات، نەك باوەڕو کوفری دڵ! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ) لەوێش هەر وا دەزانن ئەوانیش لەسەر دیدو هەڵوێستی ڕاست و ڕەوا بوون.

خوای گەورە شاهیدیان لەسەر دەدا، کە درۆزنن، بە شێوازی (اسم) دەفەرموێ: (أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ).

ئینجا هۆی ئەو فیطرە پیسیی و گەلۆربوون و گەوجێتییەیان دەفەرموێ: کە شەیتان زۆر بەسەریاندا باڵادەستبووەو بەسەر ڕەفتاریاندا زاڵبووە، سەیتەرەی

بەسەریاندا کردووە: ﴿ ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾ بۆیە وایان لێهاتووە، کە یادی خوایان لا نەماوە، هۆشیان لە خواناسیی و خواپەرستیی و مەرگ و قیامەت نەماوە، دڵییان یەکپارچە ژەنگە! شەوەزەنگە، تروسکاییەکی ئیمان و زیکری خوای تێدا نییە: ﴿ ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمۡ ذِكۡرَ ٱللَّهِۚ ﴾.

ئا ئەمانەن ئەندام و کادیری حزبی شەیتان.. ئیتر چۆن و بە چی سەرفرازیی بەدەست دەهێنن؟!

ئەمانە چوونەتە ڕیزی کۆیلەو شوێنکەوتوانی شەیتانەوەو، ئەویش وا بۆ خۆی هەڵسوڕاندوون، تەنانەت لە قیامەتیشدا هەر لەسەر ڕەویەی شەیتانیزمەکە دەڕۆن! سوێندیان هەر درۆیەو هەڵوێستیان هەر بە ڕاست دەزانن و پێیان وایە: سەرکەوتنیان مسۆگەرە! ئەمانە لە هەموو خێرو چاکەو بەرەکەت و فەڕو نوورێك داشۆراون، تەنانەت چاویشیان تاریکە و بریسکەیەکی هیدایەتی لێوە نایات!!

ئا ئەم وەسف و سیفەت و، باسی بزاوت و سرەوتەی دووڕووەکان بەو شێوە دزێوو ناشیرین و بەدەی، کە وێنەی حەقیقەتیانەو لە قیامەتدا ڕوت و ڕەجاڵ دەکەونە بەرچاوان، ئەوە هەر حەقیقەتەکەی دنیایانە کە لە دیدو هەڵوێستی کوفرو رقن و قینی خۆیانەوە بووبوونە سەرچاوەی ئازارو ناسۆر بۆ خواویستان.

بڕوانە! لە قیامەتدا چۆن خوای گەورە بە مەزنیی و دەسەڵات و زانایی و دادی خۆیەوە کەوتۆتە وێزەیان!

بزانە بە هیچ کلۆجێك ڕەحمەتی بەرفراوانی خوا دەیانگرێتەوە؟!

سبحان الله. سبحان الله.. خوایە پەنا بە تۆ لە خۆت.. خوایە نەماندەیتە دەست نەفسی خۆمان، خوایە نەهێڵیت شەیتان لە خواویستی ڕامانپسکێنێت، تا چاوشۆڕیی بەردەم دادگای تۆ نەبین . ئامین.

# دەرسی هەشتەم

## ئایەتەکانی بیستەم و بیست و یەکەم :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡأَذَلِّينَ ﴿٢٠﴾ كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ﴿٢١﴾ ﴾

واتە: ئەو کەسانەی، کە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەکەن، ئەوانە دەبەزن و شکستیان بەسەردا دێت. (٢٠) ژێر دەستەو زەلیل دەکەون، خوای گەورە بە ویستی خۆی لە قەدەری خۆیدا (لە لەوحولمەحفوزدا) بڕیاری سەرکەوتنی خۆی و پێغەمبەرەکانی خۆی داوە (سەلامی خوایان لێبێت)، دەفەرموێ: بە تەئکید خۆم و پێغەمبەرانم، هەم بەهێزی بەڵگەو بە بەڵگەی هێز زاڵ دەبین، خوای گەورە بەهێزە دەسەڵاتدارە. (٢١)

ئەو کەسانەی، کە بەرەی دوژمنداریێتییان بەرامبەر خواو پێغەمبەرەکەی کردۆتەوەو، سەنگەریی شەڕیان هەڵکەندووە، ئەوانە بەڕاستی لە ڕێبازی راست، لە دیدی ڕوون و هەڵوێستی حەق لایانداوە، ئەوان کەوتوونەتە لایەك و، دین و شەرع و ڕێنمایی خوای گەورەش لە لایەکی ترە.

جا ئەوانە، کە ئەو دیدو هەڵوێستە دوژمنکارانەیان هەیە، بە تەئکید نابوت و سەرشۆڕ دەبن، خوای گەورە بە قەدەری خۆی (کە زانست و ویست و توانایەتی)

بڕیاری داوە، کە ئەوانە ببەزێنێت و شکستیان بەسەردا بهێنێت. ئاوا زەلیل دەبن. خوای گەورە بڕیاری قەدەریی خۆی داوە، کە من و پێغەمبەرانم بە تەئکید زاڵ و سەرکەوتوو دەبین، ئەمەش شتێك نییە کەس لە توانایدا هەبێت ڕێی لێ بگرێت، نەهێڵێت، یان دوای بخات، یان بیگۆڕێت، ئەمە فەرمانی (كُن فَيَكُونُ )ـە .

سەرکەوتن و سەروەریی و دەسەڵاتی باڵا بۆ دینەکەی خوایەو بەس، بۆ بانگەواز و شەریعەت و ڕێنماییەکەیەتی، بۆ پێغەمبەرە هەڵبژاردەکانێتی، کە بە زانایی و توانایی و دانایی خۆی پشتیوانیان لێدەکات.

سەرکەوتن و سەرفرازیی و تەمکین بۆ دین و دیندارە سەرڕاستەکانە، عەبدە خواویستەکان، کە بۆ خوا ساغ بوونەتەوەو بۆ دینەکەی، بۆ بزاڤی خواناسیی لێبڕاون.

ئەم سەرکەوتن و تەمکینە هەم لە دنیادایە، هەم لە ڕۆژی دواییدا، ئەمانە بەڵێنی خوای کارزان و ڕاستگۆن:

- (بِـَٔايَٰتِنَآ أَنتُمَا وَمَنِ ٱتَّبَعَكُمَا ٱلْغَٰلِبُونَ ) القصص/٣٥.

واتە: ئێوەو هەرچی شوێنکەوتوتانن بەبەڵگەو نیشانی ئێمە سەرکەوتوو زاڵن.

- ( ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٤١﴾ ) الحج/٤١.

واتە: ئەو کەسانەی دەسەڵات و سەروەرییان لەسەر زەوییدا پێدەبەخشین، نوێژ پیادە دەکەن (دەیکەنە هۆکاریی خواناسیی ی و خواپەرستییی) و پرۆژەی زەکات دادەمەزرێنن ( گەیاندنی سامان بە موستەحەققانی) ئەوانە دەسەڵات دەکەنە مایەی فەرمان بە چاکەوە بەرهەڵستی لە خراپە، چارەنووسی هەموو کارو بارێکیش دەگەڕێتەوە لای خوای پەروەردگار.

- (إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ﴿٥١﴾) غافر/٥١.

واتە: ئێمە نێرراوانی خۆمان و موسوڵمانان هەم لە دنیادا سەرکەوتوو دەکەین، هەم لە ڕۆژی دواییدا، کە خەلائق زیندوو دەکرێنەوەو شاهیدانی خواویستی دێنەوە پێشەوە شاهیدیان بۆ دەدەن.

کەوابوو ئەوە بەڵێنی بنبڕی تەئکید لێکراوی خوای بەدەسەڵاتە کە پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان سەرکەوتوو دەبن. هەموو دەسەڵاتی فیرعەون نەیتوانی بانگەوازی خواویستی سەیدنا موسا (سەلامی خوای لێ بێ) بوەستێنێت، هەموو دەسەڵاتی ڕۆمان نەیتوانی بانگەوازی خواویستی سەیدنا عیسا سەلامی (خوای لێ بێ) بوەستێنێت.

هەموو دەسەڵاتی قورەیش و فارس و ڕۆم و خاچ پەرستان و مەغۆل و ئیستعمار، نەیانتوانی بانگەوازی خواویستی سەیدنا محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) بوەستێنن، هەموو توانای حکومەتە مورتەدەکانی دوای ئیستیعمار، کە بە هەزاران زانای پێشەواو بیرمەندو کەسایەتی ئیسلامییان شەهید کرد، نەیانتوانی ڕێ لە ڕابوونەوەی سەردەمی نوێی موسوڵمانان بگرن.. کەوابوو ئەو بەڵێنەی خوای گەورە بە دڵنیاییەوە ڕاستەو، حەقیقەتی ڕەهای بێسنوورە: (كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ)

سەرنجدەرە ئەو حەقیقەتە حاشاهەڵنەگرە ڕەهایەی لەو بەڵێنەدا هاتووە: (إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ ) هود/٤٩ ڕستەکە بە (إِنَّ)ی تەئکید دەستی پێکردووەو ڕستەیەکی ناو (ئیسمی)یە، کە جێگیریی و بەردەوامێتی دەگەیێنێت.

حەتمەن چارەنووسی گەش و پڕشنگدار، ئاسوودەیی دنیا و قیامەت هەر بۆ دیندارانی سەر ڕاست و تەقواکارانی خواویستە: (فَٱصۡبِرۡۖ إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ ) هود/٤٩.

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان :

١- کە دووڕووەکان پەنا دەبەنە بەر جوولەکان، کە بە هێزو تۆکمەیی ناسراو بوون، بەو هیوایە لەوێ خۆیان و ژیان و بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت، خوای گەورە

ئەو بەڵگەنەویستە لە ناخی موسوڵمانانیدا بە ئیمانداریی دەچەسپێنێت، کە ئەگەر ئەوان جولەکەیان هەیە! ئێوە خوای بە دەسەڵات و کارجوانتان هەیە. سەرەنجامی دووڕوو و جولەکانیش، نوشوستیی و بەزین و ژێردەستەیی دەبێت.

سەرەنجامی مەددەدی خوایی بۆ ئێوە سەرکەوتن و سەرفرازیی و دەسەڵاتە. هەرواشبوو (ئیمان) زاڵبوو بەسەر (کوفر)دا و (تەوحید) هەموو (شیرك)ی ڕیشە کێش کردو، (ئیسلام) بوو بە بەدیلی سروشتی (جاهیلییەت)، ئەمە پەیمانی ڕاستی خوای خاوەنمانە.

٢- ئەگەر لە سەردەمانێکدا هێزی: (کوفرو شیرك و ئیلحاد) لە هەندێ کات و شوێندا دەسەڵات بگرنە دەست، ئەوە گومانی تێدا نییە، کە ئەوە سەرکەوتنی سەربازیی و تەکنۆلۆژییە، نەك سەرکەوتنی دین و دیدو عەقیدەی جەنگیی.

سەیری دڵڕەقی کۆمۆنیزم لە سۆڤیەت (شورەوی)، کە لەماوەی (١٩١٧-١٩٤١) بڕی (٢٢ملێون) موسوڵمانیان کوشت.

ئێستاش ڕوسیا بە هەموو توانای سەربازی خۆیەوەو بە دەسەڵات و حوکم و پارەوە، نەیتوانی دینداریێتی خەڵکی (چیچان) لەناو بەرێت، کە لەناو وڵاتەکەیاندا کەمتر لە ملیۆنێك کەسن.

شەڕێکی بێ ئامانیشیان کرایە سەر، کە هەر سێ خولەك و سارووخێك لە (گرۆزنی) پایتەختی دەدا.

ئەو هەموو ئیلحادەی (مارکس و لینین و ستالین) چووە سەرەنویلکی مێژووەو ئەو ئیسلامە مەزنە، لە ناو ئەو عەجەمە نەخوێنداوارە سۆڤیانەدا هەر مایەوە!

٣- موسوڵمان لەگەڵ بەڵێنی خوای گەورەدا، وەکو حەقیقەتە ڕەها بێ سنورەکانی تری مامەڵە دەکات. لە هێزو توانای خوای گەورە دڵنیایە، بە هەمان شێوەش لە قەول و بەڵێنی خوای ڕاستگۆ دڵنیایە، ئەگەر چی لە هەندێ واقیعی بچووکدا، یان لە کات و شوێنی سنورداریشدا، موسوڵمانان تێیدا لاوازو بێ دەسەڵاتیش بکەون.

بەڵام سەرەنجامی ململانێ فیكرییەكە گرنگە، ئێستا وا زیاتر لە (دە) ساڵە شەڕی دژ بە ئیسلام، كە بە ناوی شەڕی تیرۆرەوەیە لە (١٦٥) دەوڵەتدا بۆتە رەسمی و شەڕی سوپاو موخابەرات و سیاسەت و ئابوریی و میدیاكانیانە، بەرامبەر بە كۆمەڵە موسوڵمانی پەرتەوازەو بێ پەنا! بەڵام كێ شكستی هێناوە؟ ئەمریكاو ناتۆ، یان تاڵیبان؟ ئەم هەموو شەڕە سەختە سەربازیی و موخابەراتی و سیاسی و میدیایی و ئابوریی و كۆمەڵایەتییە (عەزلكردنی داعیەكانی ئیسلام)، ئەم هەموو پلان و پیلانە گڵاوە، كە بە یەكێكیان دەڵێن: (وشك كردنی سەرچاوەی ئیسلامیەكان)! لە ئاراستەو دەركەوتن و ئابوریی، هەموو جۆرو شێوازو چۆنیەتیەك لە ماوەی ئەم دوو سەد ساڵەدا لە موسوڵماندا تاقیكرایەوە، بەڵام ئەوەش ئەنجامەكەیە، كە (١٣) ملیۆن كەسی میسری، (محمد مورسی) یەكی ئیخوانی حافز قورئانیان بە سەرۆك هەڵبژاردووە!

## دەرسی نۆیەم

**ئایەتی بیست و دووەم:**

(لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾).

واتە: هەرگیز خەڵکانێك نابینت باوەڕیان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی هەبێت و، لە هەمان کاتیشدا دۆستایەتی و لایەنگیریی ئەو کەسانە بکەن، کە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەکەن. با باوك و باپیرەشیان بن، یان ئەولاد یان برایان تیرەو هۆزی خۆشیان بن.

ئەوانە موسوڵمانی سەر ڕاست و بۆ خوا ساغ بوونەتەوە و دۆستایەتی و لایەنگیرییان بۆ خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و موسوڵمانانە، ئەوانە ئەوانەن، کە خوای گەورە باوەڕو یەقینی لە دڵدا چەسپاندوون و بە نورو هێزی خۆی لایەنگیریی کردوون و بەهێزی کردوون، دەشیانخاتە بەهەشتانێکەوە، کە ڕوبارو جۆباریان پێدادێت و دەچێت و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە.

خوای گەورە لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش لە خوای گەورە ڕازیبوون، ئەوانە حزبی خوای گەورەن، حەتمەن حیزبی خوای گەورەش سەرفرازو سەرکەوتووە. (٢٢)

لە کۆتایی سورەتەکەدا دوای ئەوەی خوای گەورە خواناسیی و خواپەرستییی و شەریعەت و، داب و نەریت و ڕەفتاری پارسەنگی موسوڵمانانەی فێرکردن، دوای ئەوەی لە ئینتیمای عەبدایەتی و پشتیوانێتی خوایەتی خۆی بۆیان و، ناساندنی ڕێبازو دیدو هەڵویست و فاکوفیکی دووڕوو و جولەکەو موشریکەکانی تر پێیان، دێتە سەر ئایەتی خۆ دابڕان (موفاصەلە) لە جاهیلییەت و، ساغبوونەوەی تەواو بۆ خوای گەورەو لێبڕانی تەواو بۆ دینەکەی، دێتە سەر باسی فەرمان و نەخشەو هەستی خۆ هەڵاوێردن لە جاهیلییەت و ئەهلی کوفرو شیرك و ریددە.

داوای دابڕبوونی دەروونی و جودایی هەست و هۆش و هەستی خۆ بەشتێکی تر زانینیان لێدەکات، کە ئیتر ئەمان دەبێ لەوە دڵنیابوو بن، کە دیدو تێڕوانین و ڕێبازی کۆمەڵکاریی و جۆری ئینتماو کەسایەتی سەربەخۆیان بە تەواویی لە هەموو دیدو ڕێبازو ئینتیماو بزاوتێکی جاهیلییەت جودایە.

لەمەودوا، نابێت لە هیچ شتێکدا تێکەڵاوییان لا دروست ببێت، وەك لە عەقیدەکەیاندا (شیرك) تێکەڵ بە (تەوحید) ناکەن، (کوفر) تێکەڵ بە (ئیمان) ناکەن، (جاهیلیەت) تێکەڵ بە (ئیسلام) ناکەن، نابێت (ئینتیمای ئوممەتی)یش تێکەڵ بە (ئینتیمای تیرەو هۆزو خوێن و خاك) بکەن..

دەبێ ئەمەیان لا ببێتە تەرازوو، هەموو کەسێکی ئەندامی خۆیانی پێ بکێشن، بزانن داخۆ لە ئینتیمای جاهیلی پاك بۆتەوە یان ماوێتی، ئەگەر پاك بۆتەوە لە چ ئاستێکی نموونەییدایە؟!

تەبەڕا لە دایك و باوك و ئەولادو خوشك و براو کەسوکارو خزم و هۆزو گەل و خاکی خۆی دەکات، کە لەسەر شیرك و کوفرن بۆ ئیسلامەکەی و ئوممەتەکەی؟

ئایا خۆیان بە ئەندامی پاك و سەر ڕاستی (حزبوالله) دەزانن؟

یان هێشتا هەر لە حزبی شەیتانداان؟!

ئایا بە قاڵبی وەلاء و بەرائی ئیسلامیی، خۆیان کردۆتە بەردی نەقاڕیی و قاڵبی ڕێکی بیناکاریی، یان هێشتا خڕە بەردی ئینتیمای جاهیلیین؟!

ئەم هەست و ئینتیماو دابڕانە، سیماو مۆرکی یەك دڵیی و یەك ڕێبازیی و یەك ئوممەتییە.. ئەمە وەلائە بۆ خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و موسوڵمانان و، بەرائەتە لە دوژمنانی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و موسوڵمانان.

ئەمە دووڕێیانی گرتنەبەری ڕێگای ئیمانە، یان ڕێگای کوفر؟

بۆیە پێویستە ڕۆشن و ڕاشکاو ئاشکراو (حەددی)ی بێت.

(لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ )

واتە: نامومکینە موسوڵمانێك ببینیت، ئیسلامی وەرگرتبێت وەکو دیدی عەقائیدی و دروشمی پەرستن و، ئەحکامی شەریعەت و بەرنامەی بزاڤ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی و، ڕێسای ڕەفتارو ڕەوشت و ئینتمای کۆمەڵکاریی و خەباتی جودا بۆ سەروەریی شەرع و حاکمێتی خوا، کەچی لەولاشەوە خۆشەویستی و لایەنگیریی و سۆزی خۆی بۆ کافرانی شەڕانی دەرببڕێت، کە دوژمنداریێتی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەکەن!!

نا، موسوڵمان نابینیت وا بێت، هەر کەسێکت دی وا نەبوو، ئەوە خەلەل لە موسوڵمانێتەکەیدا هەیە، لە: (عەقیدەو عیبادەت و شەریعەت)یدا هەیە، یان لە بەرنامەو ئینتمای کۆمەڵکاریی و خەبات و بانگەوازییدا هەیە. دەنا چۆن ئەم پاکییە تێکەڵ بەو پیسییەی جاهیلییەت دەکات!!

ناشێت موسوڵمان بێت و پشتیوانی جاهیلیەتیش بێت، ناشێت لە یەك کاتدا موسوڵمانیش بێت و کافریش، ناشێت موسوڵمانیش بێت و ئەهلی جاهیلییەتیش.

ناشێت و ناکرێت و نابێت، دوو خەنجەر لە کالانێکدا جێکاتەوە، کە تایبەتە بە یەك خەنجەر، بە یەك شمشێر. با ئەو کەسانەی، کە خۆشی دەوێن و سەریان دەخات باوك و ئەولادو براو خزم و کەسوکاری خۆشی بن، نابێت، ئەوان شتێکن و ئەم شتێکی تر.

ڕێباز و دیدو تیڕوانینی ئەوان شتێکەو دینی ئەم شتێکی تر، ئەوان خۆ بە قوربانی دیدو بزاوت و ئینتیمایەك دەکەن، کە (ئیسلام و ئوممەت و بانگەواز) ـەکەی خوای گەورە نییە، کە ئەم تێیاندا بۆتە ئەندامێکی دیندارو چوست وچالاك.

دەیان ئایەتی تری (ولاء) تەئکید لەمە دەکاتەوە، وەکو:

- (لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ تُقَىٰةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ) آل عمران/٢٨.

واتە: موسوڵمانان بۆیان نییە، کافرەکان بکەنە دۆست و خەمخۆرو سەرپەرشتیارو بەرپرسی خۆیان و، لەولاوەش موسوڵمانانی تر وەل بکەن! هەر کەسێك وابکات فڕی بە سەر خواویستیەوە نامێنێت و خوای گەورە وەل (تەرك)ی دەکات، مەگەر لە حاڵی ترس و تۆقیندا بن، کە بە سەر زارەکی خۆتانیان لێ دابنێن و دوژمنایەتیان ناکەن.

خوای گەورە حەزەری خۆیتان هەر بە خۆی دەداتێ. وریابن.. خۆ نەخەنە بەر غەزەب و خەشمی خوای گەورە، هۆشتان لە خۆتان بێت، خۆ نەدۆڕێنن و لایەنگیریی خواتان -بۆ ڕازی کردنی کافران- لە دەست نەچێت.

- ( قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾)التوبة/٢٤.

واتە: بڵێ: ئەگەر باوك و باپیرانتان و ئەولادەکانتان و براو هاوسەرو تیرەو هۆزەکانتان، سەروەت و سامانتان و ئەو کاسبی و بازرگانیەی خەمتانە، بازاڕی

بشكێت و سەرف نەبێت، هەروەها ئەگەر ئەو كۆشك و تەلارانەی پێكتانەوە ناون، ئەگەر ئەمانەتان لا خۆشەویستترە وەك لە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و جیهادەكەی ڕێی خوا، دەی سا چاوەڕوانی غەزەبی خوا بن، چاوەڕێ بن خوای گەورە ئەم هەڕەشەیەی خۆیتان تێدا بهێنێتەدیی.

خوای گەورە ڕێنمایی لادەرو مونحەریفان ناكات، ئەوانەی خۆ بە موسوڵمان دادەنێن و خڵتەو پڵتەی كوفرو شیرك، تێكەڵ بە پاكی عەقیدەو ڕاستی خواپەرستیی و ڕەوایی شەرع و ڕۆشنی بانگەوازو، تایبەتمەندیی ئینتیمای ئوممەت و خواویستی خەبات وبزاوت وجیهاد دەكەن، هەڕەشەی خوای گەورە دەیانگرێتەوە.

- ( بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾ ) النساء/١٣٨-١٣٩

واتە: مژدە (هۆشداریی و ئاگاداریی) بدەرە دووڕووەكان، كە حەتمەن سزاو ئازارێكی زۆر بە ژانیان دەبێت، ئەوان، كە كافرەكان لە جێی موسوڵمانان دەكەنە دۆست و سەرپەشتیارو بەرپرسانی خۆیان، بەو ئومێدەی لە ژێر سایەو پاراستنی هێزی ئەواندابن! چما وا دەزانن دەسەڵات و ڕێزدارییان لای ئەوان دەست دەكەوێت؟! ئاخر خۆ هەر هەموو دەسەڵات و هێزو ڕێزێك هی خوای گەورەیە و بەس.

بەم ئایەتە ئاشكراو ڕاشكاوانە، بەم فەرمانە ڕۆشن وحەددییانە، خوای گەورە داوا لە موسوڵمانان دەكات، كە هەموو ئینتیمایەكی غەیری ئینتیمای دین و ئوممەتەكە بپسێنن و، خزمایەتی لەسەر بنیات نەنێن.. ناشێت و ناكرێت و نابێت ئەم ئینتیما بچووكانە، كە لە بازنەی شەرعیی خۆیاندا حەڵاڵ و شیاون، ببنەوە بە بەدیلی هەستی ئینتیمای دین و ئوممەتی خواویستیی.

بەڵێ، خزمایەتیی و كەسایەتی قبووڵەو، ئیسلامیش هانی بەهێزكردن و توندوتۆڵ كردنی پەیوەندی خزمایەتی دەدات، بەڵام بە هیچ كلۆجێك ناشێت كابرای موسوڵمان، كەسە جاهیلییە كافرەكەی خۆی، پێ باشتر بێت لە موسوڵمانێكی پاك و

چاكی دین و ئوممەتەكە، كە لە خزم، یان هۆز، یان گەل، یان نەتەوەی خۆی نییە، ناشێت كافرێكی خۆیی!! بە باشتر بزانیت لە موسوڵمانێكی ئەفغانی و سۆماڵی، ناشێت كوردێكی مورتەددی پێ چاكتر بێت لە موسوڵمانێكی دیندارو سەرڕاستی عەرەب و تورك و فارس.

ئەهلی ئیمان خۆیان ئوممەتێكی سەربەخۆن، (حزبوالله)ن. ئەهلی كوفرو جاهیلییەتیش، هەزار كۆمەڵ و تۆپەڵ و ئینتیمای تیرەو هۆزو گەل و وڵات بن، هەر ئەندامی حزبی شەیتانن.

بۆیە ناشێت و نابێت و ناكرێت، موسوڵمانی دیندارو تەقواكار، كافرێكی خۆشبووێت و دۆستایەتی بكات و پشتیوانی كافربوونەكەی بێت.

نابێت موسوڵمانان جێهێڵێت و بچێتە هاوكاریی و سەرخستنی كوفرو كافران، چونكە ئەوان لە بەرەیەكی دوژمنداریێتی بەرامبەر خواو پێغەمبەری خوادان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

بڕوانە ئەم یاوەرە عەزیزانەی ئەم ئایەتەیان بۆ هاتە خوارەوە، چۆن لە كەسوكاری كافری خۆیان تەبەڕاو تەوەلا بوون و (لەبەرەی جەنگ)، كوشتیشیانن!

ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: (هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكە) ئەوە بوو: كە سەیدنا ئەبوعوبەیدەی كوڕی عامری كوڕی جەڕڕاح (خوا لێی ڕازی بێت) باوكە كافرەكەی خۆی لە غەزای (بەدر)دا كوشت، كە لە بەرەی قورەیشی دوژمندا بوو، دژی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و بەرەی ئیمانداران وەستابۆوە.

هەروەها سەیدنا عومەری كوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) و سەیدنا عەلی و حەمزە و عوبەیدەو حارث، خزمە كافرەكانی خۆیان لە بەدردا كوشت.

موسعەبی كوڕی عومەیر عوبەیدی برای كوشت، سەیدنا ئەبو بەكری سددیق (خوا لێی ڕازی بێت) هەڵمەتی برد بۆ كوشتنی (عبدالرحمان)ی كوڕی، بەڵام لە دەستی قوتار بوو (ویستی خوا وابوو، چونكە دواتر موسوڵمان بوو) ئاوا ئەم نوخبە

ئیماندارە پاکەی سەرەتای ئیسلامەتی وەکو، کە لە مەککە پێشەواو پێشڕەوی دینداران بوون، لە مەدینەو دوای دەوڵەتیش، هەر سەرمەشق و پێشڕەو بوون (خوا لێیان ڕازی بێت).

ئەم دینە بەم پاکی دینداریێتی و ساف و ڕوونی ئینتیما خالیسەیەوە، ئاوا خێراو بەرفراوان بە جوگرافیادا بڵاوبۆوە، دوای ئەوەی بە ناخدا ڕۆچوو.

ئەمانە، کە بە سەر هەموو ئینتیمایەکدا زاڵ بوون و هەموویان بۆ ئیسلام و ئوممەتەکەی خستە لاوە، گەیشتنە ئەو پلەو ئاست و ڕێزەی، کە خوای گەورە دەرهەقیان لە قورئانێکدا بفەرموێ، کە هەتاهەتایە موسوڵمانان دەیخوێنن: (أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ ) ئەوانە، خوای گەورە (ئیمان)ی لە دڵیاندا چەسپاندووە.

وەکو مەحوی شاعیری خواناس دەفەرموێ: (ئەمە بۆ تا ئەبەد مانە)! باوەڕێك، کە خوای کردگارو پەروەردگارو زانا و دانا لە دڵی عەبدێکدا بیچەسپێنێت، دەبێ چ وەسف و چ سیفەتێکی هەبێت؟!

هەر خوای گەورە خۆی دەزانێ، ئاست و رادەو برو چۆنیەتیەکەی چۆنە؟! ئەوەی ئێمە بە (ئەقڵی کول)ی خۆمانەوە پەی پێ دەبەین ئەوەیەڵ کە سەید قوتب (رحمەالله) دەربارەی دەفەرموێ: (باوەڕێك خوای گەورە بە دەستی خۆی لە دڵی عەبدێکدا بیرووێنێت، نە قابیلی هەڵکەندن و هەڵکێشانە، نە قابیلی لاواز بوون و لادانە، نە قابیلی خامۆش بوون و کوژانەوەیە، نە پشێویی و ئاڵۆزییش دەگرێتە خۆ) درەوشاوەو گەشاوەو بوژاوەیە، خۆزگەم بە خۆیان!

سەرباری ئەم چەسپاندن و رواندن و چاودێریکردنە دەفەرموێ: (وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ ) بە رۆحێك، کە لە خوای گەورەوەیە گەشەو نەشونمای پێدەکات؟ رۆحەکە چۆنەو چۆن گەشەو نەشونمای پێدەکات؟ نازانین، هەر خوای گەورە خۆی دەیزانێت.

ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین، کە وەکو نەمامێکی خوای گەورە بە دەستی خۆی دەیڕووێنێت و بە رۆحێکی خۆی ئاودێریی و چاودێریی دەکات.

وای چ پەیوەستییەکی ئیمانی بەهێزە، ئای چ ڕێزو کەرامەت و خەڵاتێکە. (یاالله).

لەسەر ئەمەشەوە هەر لە دنیادا، کە هێشتا زیندوون و وەحی خوایی دەبینن بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دێتە خوارەوە، خوای گەورەو مەزن، کردگارو پەروەردگار، میهرەبان و عەزیز، مژدەی لێخۆشبوونیان بۆ دەنێرێتە خوارەوە: (رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ) خوای گەورە لێیان ڕازییە، ئێ ئەمە خۆی مژدەیەکە هیچی ناگاتێ، ئەدی ئەمان لە خوا ڕازین چی؟!!

ئەمە وێنەی حاڵەتە ئیمانییەکەیە، ڕەزامەندیی خوایی و سوکنایی دڵی ئەمان، لێخۆشبوونی خوایی و هێمنیی و ئاسوودەیی و ئۆقرەگرتنی ئەمان. ئەمانە گەیشتوونەتە کۆتا پلەی ئیمانداریی غەیری پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت)، پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) لە لوتکەی ئیمانداریيدا بوون، چونکە ڕاستەوخۆ وەحی خوایان بۆ دەهات.

ئەم یاوەرانەش وەحیەکەیان بەلاوەکی (غەیری ڕاستە وخۆ) دەبینی. ئەوە تا هەر بە وەحی خوایی، بە جوبرەئیلی ئەمیندا (سەلامی خوای لێبێت) مژدەی لێخۆشبوونی خوایان بۆ دێت، هەر بە ڕێی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە قورئانەکەی بە وەحی بۆ هاتووە! مژدەیان بۆ دێت، کە خوای گەورەو کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤ، لێیان ڕازییە و ئەوەندەی خەڵات کردوون، کە ئەمانیش هەموویان ڕازین بە هەمووی و لە هەمووی.

ئەمە بۆ خوا سوڵحانە، بۆ خوا پاکبوونەوەیە، بۆ خوا لێبڕانە، پشکی نەفس و حەزی غەیری دینەکەیان نەماوە، ئینتیمایان بۆ غەیری دین و ئوممەتەکە نەماوە. پاڵفتەبوون، بۆ خوا سوڵحاون، خوای گەورەش ئاوا ئەو پاداشتە گەورانەی دانەوە:

(كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ). (وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ). (وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ). (خَـٰلِدِينَ فِيهَا) . (رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ ) . (وَرَضُوا۟ عَنْهُ). (أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ). (إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ). صدق الله العظيم . آمنا بالله.

هیواو ئاواتی مرۆڤی موسوڵمان بریتییە لە: گەشەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروون و چێژی جەستە، کافر گەشەی ڕۆحی نییە، ئاسوودەیی دەروونیشی زۆر دەگمەنە. چونکە خوای حەق و ڕەوایی دەفەرموێ:

﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ١٢٤ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرۡتَنِيٓ أَعۡمَىٰ وَقَدۡ كُنتُ بَصِيرٗا ١٢٥ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ ١٢٦ ﴾ طه/١٢٤-١٢٦ .

واتە: هەر کەسێك ڕوو لە باوەڕو یادی من وەرگێڕێت و پشت هەڵکات، ژیانێکی تەنگ و تەسکی بە نسیب دەبێت، ڕۆژی قیامەتیش بە کوێریی حەشری دەکەین. دەڵێ: خوایە خۆ لە دنیادا چاوم ساغ بوو، بۆچی ئێستا لێرە کوێرم؟!

دەفەرموێ: چونکە لە دنیادا ئەو هەموو ئایەت و بەڵگانەی دینی ئێمەت بۆ دەهات، خۆت لە حەنایاندا کوێر دەکردو بیری خۆتت دەبردنەوەو گوێت نەدەدانێ، ئەوا ئەمڕۆ تۆش ئاوا بە کوێریی ئیهماڵ دەکرێیتەوە!

ئەمانە ئەندامانی حزبەکەی خوان، حزبی خواویست بە ئەندامی ئاوا دروست دەبێت، نەك بە موسوڵمانی ئیمان ئەعرابی و ئینتیمای ڕەشۆکی و بێ غیرەتیی و بێ هیممەتیی و بەزیوویی!

ئەمانەن ،کە (حزب الله) یان لێ پێکدێت تاکی ڕەسەن و پتەون و بوونەتە ئوممەتی کۆمەڵکارو تۆکمە، لە ژێر ئاڕاستەوانی یەك سەرکردایەتی سەرڕاست و جیددی و حەددییدان.

دیدو ڕێ ڕۆشنن، هەڵوێست و بزاوتی خواویستییان بێ تەنازول و موساوەمە ڕاگەیاندووە، چالاك و کاریگەرن، قۆناغ بە قۆناغی ڕێبازیان، بە پێی قەدەری خوایی سەرکەوتوانە دەبڕن.

ئەمە حزبی خوایە، ئەمە قەدەری خوایە، ئەوەیان پێ دێنێتە دیی، کە خۆی دەیەوێ، خوایە! بمانکە بە ئەداتی قەدەری خۆت و ئەوەش بە ئێمە بهێنە دیی، کە خۆت دەتەوێ . ئامین.

ئەمە دوو دیدو تێڕوانینن، دوو ڕێبازو بەرنامەن، دووبزاوت و هەڵوێستن، دوو حزبی لێك جوداو دوورن، دوو ئاڵان و دوو ئامانجن، دوو ریزو دووبەرەی بەرامبەرن، لێکدابڕانی دەروونی تەواویان لە نێواندایە.. ئاوا مرۆڤایەتیی، کە خوای گەورە خەلقی کردووە، کردوونی بە دوو پۆلی کافرو موسوڵمان:

﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ﴾التغابن/٢.

کردوونی بە دوو دیدو ڕێبازی جودا:

﴿ثُمَّ جَعَلۡنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ فَٱتَّبِعۡهَا وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ١٨﴾الجاثية/١٨.

کردوونی بە دوو حوکم و دوودەسەڵات و دوو سیستمی جوداو، لێك دووری کوفرو ئیمان:

﴿أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ٥٠﴾المائدة/٥٠.

کردوونی بە دوو وڵاتی لێک جوداو دوور: دارولئیسلام و دەستووره ئیسلامیەکەی و، خاوەنێتی ئەمانی خەڵکە موسوڵمانەکەی، ئەوەش دارولکوفرو دەستووره کوفرینەکەی:

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمۡ لَنُخۡرِجَنَّكُم مِّنۡ أَرۡضِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۖ﴾ ابراهيم/١٣.

ئەم ئایەتە ئاماژەو وەسف و باسی دوو ئینتیماو دوو کۆمەڵکارییە:(حزبوالله)، کە دەبێ بەم دیدە دینییەی و بەم ڕۆشنی وەلاء و بەرائەی یەک بێت، لە بەرامبەرییدا حزبی شەیتان هەیە، کە دەیان تاقم و دەستەو ڕێبازو بزاوتی جودای کوفرو کافرانن و

ڕەنجیان بۆ دامەزراندنی دارولکوفرو دەستووری کوفرو حوکمی کوفرو کۆمەڵگەی کافرە.

ئەمەیە دووریییانی بەردەم موسوڵمان: یان ئەوەیە ببێتە ئەندامی پاك و سەرراست و چوست و چالاکی تایبەتی حزبی خوا، یان تێکەڵکاریی جاهیلیی و موسوڵمانێتی سەر زارەکی!

نوێژی لە مزگەوتەو پاسەوانێتیشی لە بارەگای حزبی شەیتانە! لێرە دەسنوێژ دەگرێت، لەوێ فیشەك پڕ دەکاتەوە! لا لغاوەی پڕ دەبێت لە کەف، کە بەرگریی لە موسوڵمانێتی خۆی دەکات، کەچی لەولاوە بۆ بەرژەوەندی خۆی و خزم و حزب و کوفرو جاهیلیەت شەووڕۆژ خەریکی شەڕی (ئیسلامی سیاسی)یە! داماوی ڕەنج بە خەسار!!

جارێکی تر سەرنج بدەرەوە لە سورەتەکە، سەرەتا کێشەی کۆمەلایەتی ژنێکەو لە کۆتاییدا باسی جودا بوونەوەی دیدو ڕێ و ئینتیماو ڕێبازو ئامانج و ئومێدە.

ئاوا خوای گەورە بەم قورئانە، موسوڵمانان پەروەردە دەکات، ئەگەر ئێمەش بمانەوێت ئیسلام بهێنینەوە ناو مزگەوت و، کۆمەڵگەو ئاراستەی دەوڵەتیمان، ناو کۆمەڵکاریی و ڕەنج و بانگەوازمان دەبێت، سەرەتا پاك بینەوەو سەر ڕاستانە بۆ خوا لێبڕێین و هەستی ئینتیمای یەك (حزبوالله) ییمان ئاوا تێدابڕوێت، ئاوا دەبینە ئەداتی قەدەری خوای گەورە و، ئەوەمان پێ تەحقیق دەکات، کە خۆی دەیەوێت.

تەواو بوو

الحمدلله رب العالمین

٩ی ڕەمەزانی ١٤٣٤ بەرامبەر ٢٠١٣/٧/١٧

بەرهەمی ئەم نۆ ڕۆژە ڕۆژووەیە، خوا لێمی قبوڵ بکات ------- ئامین

کرێکار

زیندانی کۆنگس ڤینگەری نەرویج

# تەفسیری سورەتی

# الحشر

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

(سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمۡ لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِۚ مَا ظَنَنتُمۡ أَن يَخۡرُجُواْۖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم
مَّانِعَتُهُمۡ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَۚ
يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ٢ وَلَوۡلَآ أَن
كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ٣ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ
شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۖ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٤ مَا قَطَعۡتُم مِّن لِّينَةٍ
أَوۡ تَرَكۡتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيُخۡزِيَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٥ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ
رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن
يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٦ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ
وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ
ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٧
لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأَمۡوَٰلِهِمۡ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا
وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ٨ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ
يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ
أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ
٩ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ
سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠
۞ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ يَقُولُونَ لِإِخۡوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ لَئِنۡ
أُخۡرِجۡتُمۡ لَنَخۡرُجَنَّ مَعَكُمۡ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمۡ أَحَدًا أَبَدٗا وَإِن قُوتِلۡتُمۡ لَنَنصُرَنَّكُمۡ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ
إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ١١ لَئِنۡ أُخۡرِجُواْ لَا يَخۡرُجُونَ مَعَهُمۡ وَلَئِن قُوتِلُواْ لَا يَنصُرُونَهُمۡ وَلَئِن نَّصَرُوهُمۡ

لَيُوَلُّنَّ ٱلۡأَدۡبَٰرَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾ لَأَنتُمۡ أَشَدُّ رَهۡبَةٗ فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِۚ
ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ﴿١٣﴾ لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى مُّحَصَّنَةٍ أَوۡ
مِن وَرَآءِ جُدُرِۭۚ بَأۡسُهُم بَيۡنَهُمۡ شَدِيدٞۚ تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ
لَّا يَعۡقِلُونَ ﴿١٤﴾ كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَرِيبٗاۖ ذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١٥﴾
كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ
رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِي ٱلنَّارِ خَٰلِدَيۡنِ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ
﴿١٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ
خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿١٩﴾ لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۚ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ
ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ
ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ
إِلَّا هُوَ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ
سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ
ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢٤﴾).

## پێناسەی ئەم سورەتە

### سورەتی حەشر[١]

ئەم سورەتە، کە ژمارە (٥٩)یە لە ریزبەندیی سورەتەکانی قورئاندا (لە سورەتی فاتحەو بەقەرەوە) و (٩٨ نەوەدو هەشتەم) سورەتە لە ریزبەندیی هاتنە خوارەوەیدا (کە لە سورەتی (العلق)ـەوە دەسپێدەکات) دوای سورەتی (البينة) و پێش سورەتی (النصر) هاتۆتە خوارەوە.. ئەهلی تەفسیر و قورئانەوانان و سییرە لەسەر ئەوە رێکن، کە دوای دەرکردنی جولەکەکانی (بنو النضير) بوو، کە لە مەدینە دەرکران.

---

(١) هەندێك لە ئەهلی تەفسیر لە پێشەکی تەفسیری سورەتی (حەشر)دا ئەو ریوایەتەی ترمزیی لە مەعقیـلی کوڕی یەسارەوە دەهێننەوە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (مَنْ قَالَ حِينَ يُصْبِحُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ، وَقَرَأَ ثَلَاثَ آيَاتٍ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْحَشْرِ، وُكِّلَ بِهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يُيَلُّونَ عَلَيْهِ حَتَّى يُمْسِيَ).
واتە: هەر کەسێك کاتێك لەخەو هەڵدەستێت (بەیانیان) سێ جار بڵێ: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) پەنادەگرم بەخوای بیسەرو شارەزا لە شەیتانی رەجمکراو، هەروەها سێ ئایەتەکەی کۆتایی سورەتی حەشر بخوێنێت.. سێ ئایەتەکەش ئەوە سەرەتایانە، کە دەفەرمووێ: ( هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۖ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ ۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٤﴾) الحشر/٢٢، تا کۆتایی سورەتەکە، تا ئێوارەی لێدێت حەفتا هەزار فریشتە دوعای بۆ دەکەن.. من پێم باشبوو ئاوا لە پەراوێزدا بیهێنمەوە چونکە زەعیفە: أحمد (٢٦/٥)، الترمذي (٢٩٢٢)، ابن السني في (عمل اليوم والليلة) (٨١، ٦٨٢)، الدارمي (٤٥٨/٢)، الطبراني في (المعجم الكبير) (٣٨٣،٥٣٧/٢٠)، والبيهقي في (الشعب) (٢٥٠٢) شێخی ئەلبانی لە (إرواء الغليل٥٨/٢) دا دەفەرمووێ: زەعیفە.

- سورەتەکە بەکۆڕای قورئانەوانان (٢٤ بیست چوار) ئایەتە.

- سورەتەکە ناوی (الحشر)ە، چونکە وشەیەکی ئایەتەکانێتی و پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )وای ناوناوە..

(بوخاری) بە سەنەدەوە لە (سەعیدی کوڕی جوبەیری)یەوە گێڕاوەتەوە، کە فەرموویەتی: دەربارەی سورەتی حەشر عەرزی (ئیبنوعەبباس)م کرد (خوا لێیان ڕازی بێت)، فەرمووی: بڵێ (بـنی النضیر).

واتە سورەتی بەنونەزیر. سەعیدی کوڕی جوبەیر (رحمەاللە) سورەتەکەی بەناوە گشتییە ناسراوەکەیەوە، کە (حەشر)ـە ناوبرد، (ئیبنوعەبباس)یش (خوالێیان ڕازی بێت) بە ناوی (سورة بـنی النضیر) ناوی برد..

ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە ڕاڤەی بوخارییدا دەفەرمووێ ئیبنوعەبباس پـێی پەسەند نەبوو بفەرمووێ: سورەتی حەشر، نەبادا خەڵکی وا تێبگەن، کە مەبەست لێی ڕۆژی حەشر (مەحشەر)ـە..

عەللامە ئیبنوعاشور (رحمەاللە) لە تەفسیرەکەیدا (التحریرو التنویر ٢٨) دا دەفەرمووێ: ئەوە شیکارێکی دوورە، چونکە دەشێت ئیبنوعەبباس (خوالێیان ڕازی بێت) ئەو ریوایەتەی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پێنەگەیشتبێت، کە ناوی ناوە سورەتی (حەشر)، یان وەکو زاهـیری ناولێنان، نیشانی بدات، کە ناوێکی تریشی هەیە، کە (سورەتی بەنونەزیر)ـە.. واتە: سەر پشکە چ ناوێکیانی لێدەنێت.

منیش (کرێکار) پێم وایە: ئەم لێکدانەوەی عەللامە ئیبنو عاشوور پەسەند بێت، چونکە لەگەڵ ناوی زۆر سورەتی تردا دەگونجێت، بۆ نموونە سورەتی (التوبة) بە (تۆبە) و (بەرائەت) بەناوبانگەو سورەتی (الفاضحة: فەزحکار)ـیشی پێ دەڵێن، چونکە فەزح کردنی دووڕووەکانی تێدایە. یان سورەتی (محمد) کە ناوی (سورەتی القتال) یشی لێنراوە.

کەوابوو: سورەتەکە ناوی سورەتی (الحشر)ە و بیست و هەشت ئایەتەو مەدەنیە (لە مەدینە هاتۆتە خوارە). ناوی تریشی سورەتی (بەنونەزیرە)، چونکە باسی دەرکردنی (بەنونەزیر)یش دەکات لە مەدینە.

کەپـێی دەوترێت: سورەتی (حەشر) لەبەر ئەوەیە: کە لە ئایەتی دووەمییدا وشەی (الحشر)ی تێدایە، کە بریتییە لە: کۆکردنەوەو بڵاوبوونەوە (بە هەردوو مانا دژ بە یەکەکە دێت)، چونکە جولەکەکانی (بەنونەزیر)، کە لەگوندی (الزهرة)ی نزیکی مەدینە بوون و، خاوەن قەڵاو قولـــەی مەحکەم بوون، دەرکران و بڵاوبوونەوە، زۆرینەیان چوونەوە ناوچەی ئەریحا (فەلەستین) و ئەزروعات (سوریا)، کە پێشتر لەوێوە هاتبوون.

هەندێکی تریشیان چوونە حـیرە (خواروی عـێراق) و هەندێکی کەمیشیان چوونە خەیبەر (باکوری نیوە دورگەی عەرەبستان).

## بەنونەزیر کێ بوون؟

جەماوەری ئەهلی تەفسیرو سییرە بەگشتیی دەفەرموون: کاتێك سەیدنا موسا (عَلَيْهِ السَّلَام) کۆمەڵێکی بەنوئیسرائیلییەکانی بۆ جەنگ کردن دژی (عەمالیق) نارد، کە نیشتەجێی (شام) بوون و، دژایەتی بەنوئیسرائیلیان دەکرد، هەندێکیان خۆیان لە جەنگ دزییەوەو لارێ کەوتن و خۆیان دزییەوە، پاشان بەرەو باشوور خزان.

لە ڕێدابوون، کە بەرەو نیوەدورگەی عەرەبستان دەچوون، هەواڵیان پێگەیشت، کە سەیدنا موسا عَلَيْهِ السَّلَام کۆچی دوایی کردووە، ئیـتر گەڕانەوە فەلەستین، ویستیان لە شاری (ئەریحا) نیشتەجێ بن، بەڵام بەنوئیسرائیلییەکان قبووڵیان نەکردن، وتیان ئێوە لە فەرمانی سەیدنا موسا (عَلَيْهِ السَّلَام )یاخیبوون و بەر غەزەبی خوا کەوتوون، نابێت بێنەوە ناومان.

ئیتر لەوەودوا بەرێ کەوتنەوەو لە دەوروبەری شاری یەسریب (مەدینە)دا جێگیربوون.. گوندو قەڵاو قوللەو زەوی و زاریان بۆ خۆیان سازان کردو، پیاوی دەوڵەمەندو زیرەك و ناوداریان تێداهەڵکەوت. وەکو: (سەمەوئیلی کوڕی عادیا) و (کەعبی کوڕی ئەشرەف) و (ئیبنوئەبولحوقەیق).. پەیوەندییان لەگەڵ هەر دوو هۆزی گەورەی مەدینە: (ئەوس و خەزرەج) پەیداکردو بوونە هاوپەیمانی بازرگانی و بەرژەوەندییان تێکەڵ یەکتریی بوو.. بەناوبانگترین تیرەی جولەکەکان: (بەنونەزیر)و (بەنوقورەیزە)و جوولەکەکانی (خەیبەر) بوون.

کاتێك پەیمانیان بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دا، کە نە هاوپەیمانی دەبن و نە دوژمنی.. لەسەر ئەم هەڵوێستە ڕێکەوتن.

هەندێك لە ئەهلی تەفسیرو ریوایات و بەشێك لە مێژوونووسان دەفەرموون: ئەم ڕێکەوتنە لە دوای غەزای (بەدر) بوو، کە موسوڵمانانی بەشێوەیەکی کاریگەر تێدا دەرخست.

وەکو عادەتی نەگۆڕی جوولەکەش، ئەوکاتە چوونە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ئەو پەیمانی بێ لایەنیەیان دایێ.. بەڵام دوای غەزای (ئوحود)و شکستی موسوڵمانان - وەکو دابونەریتی نەگۆڕی جولەکە، کە هەمیشە لەگەڵ بەهێزدا دەبن- (کەعبی کوڕی ئەشرەف)، کە سەییدی کاربەدەستی باڵای (بەنونەزیر) بوو، بەچل سوارچاکەوە خۆی گەیاندە قورەیش، لەناو خانەی کەعبەدا پەیمانی بە قورەیشدا، کە هاوکاریان دەبێت، هەر کاتێك شەڕیان دژی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بەرپاکرد، هاوسەنگەریان دەبێت.

دوای گەڕانەوەشی بۆ مەدینە کەوتە شەڕی واتەوات دژی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و خۆسازدان بۆ جەنگی داهاتوو.. کەوتە سازکردنی سەربازگەیەك و چەك خەزن کردن.

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە بە نەخشەکەیانی زانی، مەفرەزەیەکی بە فەرماندەیی محمدی کوڕی مەسلەمە (خوا لـێی ڕازی بێت) ناردە

سەری و شەو لە قەڵایەکی خۆیدا کوشتیان، بەڵام نەخشەو پلان و پیلانیان هەر بەردەوام بوو.

ئەمانە (بەنوننەزیر) لە کۆنەوە هاوپەیمانی تـیرەی (بەنوعامر) بوون، کە عەرەب بوون، هەر لەو ساڵەدا (بەنوعامر) نوخبەیەکیان لە یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لە ناوچەی (بئرمعونة) بە شێوەیەکی ناجوامێرانەو غەدری ناپیاوانە، شەهیدکرد، کە کسپەی خستە دڵی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و یاوەرانیەوە.

هەر لەو ساتە وەختەدا بوو، کە یاوەرێك بەناوی (عەمری کوڕی ئومەییەی زەمریی) لای موشریکەکانی مەککە دیل بوو، ئازادیان کرد، کە بەرەو مەدینە دەهاتەوە تووشی دوو پیاو بوو، کە لەبەرەی ئەم (بەنوعامر)ـەی هاوپەیمانی (بەنوننەزیر) بوون، تیرەکەیان دوای کارەساتەکەی (بـئر المعونة) پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بەستبوو، بەڵام ئەم یاوەرە دیلە نەیزانیبوو کە هاوپەیمانن و داخی ناسۆرەکەی (بئرالمعونة)شی لە دڵدابوو، بە هەلی زانی ئەم دوو پیاوەی بەنوعامر بکوژێت، لەگەڵیاندا کەوتە ڕێ، کە خەوتن، هەردووکیانی کوشت.

بەحسابی خۆی تۆڵەیەکی خوێنی یاوەرانی شەهیدی (بـئر المعونة)ی کردۆتەوە.. بەڵام، کە هاتە مەدینەو عەرزی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )کرد، کە کارێکی وایکردووە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پـێی فەرموو: (لَقَدْ قَتَلْتَ قتيلَينِ لَآدِيَنَّهُما).

واتە: دوو کەست لێ کوشتوون، کە حەتمەن دەبێ خوێنیان بدەم، بۆ مەسەلەی ئەم خوێندانە، جەنابی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و (دە) یاوەری بەرێزی لەوانە: سەیدنا ئەبوبەکر و عومەر و عەلی (خوا لێیان ڕازی بێت) چوونە لای جولەکەکانی (بەنوننەزیر)، کە هاوپەیمانی هەردوولا بوون: بەنوعامر و موسوڵمانان.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پـێی فەرموون کە بۆچی تەشریفیان هێناوە، جولەکەکان بە گەرمی پێشوازیان لێکردن و یەکسەر هەڵوێستی ڕازیبوونیان دەربڕیی و وتیان: ئێمە خۆمان خوێنەکەیان دەدەینە (بەنوعامر)و بێخەم بن، لە هەمان کاتیشدا پلانی شەهید کردنییان دانا.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لە سێبەری دیواری ماڵێکیان دانیشتبوو، سەرانی (بەنونەزیر) دوور لە مەجلیسەکە، بە یەکتریان ڕاگەیاند: کە هەلی باشتر لەمەتان بۆ نارەخسێت، با کەسێك بچێتە سەربان و تاوێرە بەردێکی بەسەردا بەرداتەوە.

لەناو خۆیاندا (عەمری کوڕی جەحاشی کوڕی کەعبیان) هەڵـبژارد، کە ئەو ئەم ئەرکە غەدرە جێبەجێ بکات، بە تاوێرە بەردەوە چووە سەربانەکە، بەڵام خوای گەورە پێغەمبەرەکەی خۆی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لەپیلانەکەیان ئاگادار کردەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەستاو کۆڕەکەی جێهێشت، هەروەکو ئەوەی بیەوێت کارێکی سەرئاو بکات.. کە زۆری پێچوو تەشریفی نەهێنایەوە، زانیان، کە تەشریفی هێناوەتەوە بۆ مەدینە.. شوێنی (بەنونەزیر) بەپاڵ مەدینەوە بوو (بەحسابی ئێستای ئێمە بیست خولەك ڕێ بوو).

لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لەشکری بۆ غەززایان سازکردو چووە سەریان، گەمارۆی دان، (عبداللە کوڕی سەلول)، کە سەرۆکی دووڕووەکانی مەدینەبوو هەواڵی بۆ ناردن، کە خۆتان لە قەڵاکانتاندا قایم بکەن و سەر ڕێگاکانتان بتەنن.

منیش بە دوو هەزار سوارچاکی خۆمەوەو جولەکەکانی: (بەنوقورەیزە)و هۆزی (غەتەفان)یشتان لە عەرەبەکان لەگەڵدا دەبێت، ئەگەر هێرشیان کردە سەرتان، ئێمەش لەپشتەوە هێرشیان دەکەینە سەر، ئەگەر گەمارۆکەشیان زۆری خایاند، ئێمە دەیکەینەوە!

سێ ڕۆژی یەکەمی گەمارۆکە (بەنوننەزیر)، کە بە زۆریی ژمارەو چەك و قەڵاوقوللەی مەحکەمیانەوە دەنازین و، ئومێدیان بە (عبداللە ی کوڕی سەلول) و (بەنوقورەیزە) و هۆزی (غەتەفان) بوو، دەمیان گەرمبوو، هەڵوێستیان سەخت و ئامادەی شەڕ بوون.

سێ ڕۆژی موڵەتەکە تەواوبوو، هەندێك دەفەرموون: (دە) ڕۆژ بوو.. کە تەواو بوو، (بەنوننەزیر) مەترسییان لێنیشت، چونکە (ئیبنوسەلول و قورەیزەو غەتەفان) هیچیان بۆ نەکردن..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمانی بە یاوەراندا: کە باشترین دار خورمای باخەکانی (بەنوننەزیر) ببڕن و ئاگر لە هەندێك باخ و باخاتیان بەردەن.

هاواریان لێ هەستاو وتیان: خۆ تۆ (محمد) دژی خراپەکارییت، ئیتر چۆن ئەو دار خورما جوانانە -کە خۆراکن- دەبڕیت و ئەو باخانە دەسوتێنیت؟!

خوای گەورە هەر لەم سوڕەتەدا ڕوونیکردەوە، کە ئەو ڕەفتارە بە فەرمانی خوای گەورە بوو.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )سوور بوو لەسەر داخوازیی و مەرجی خۆی، کە دەبێت قەڵاکەیان چۆڵ بکەن و شار بەجێبهێڵن، ڕێیدان، کە هەرچی شتێکیان پێ بار دەکرێت و دەتوانن لەگەڵ خۆیاندا ببەن، با ببەن. (هەر ئەم حوکمەشی پێشتر بۆ جولەکەکانی (بەنوقەینوقاع) دەرکردبوو، بەسەریشیدا چەسپاندن).

کە گەمارۆکە گەیشتە بیستوشەشەم ڕۆژ، (بەنوننەزیر) وورەیان بەرداو بەمەرجەکان ڕازی بوون، ئیتر لەملاوە موسوڵمانان دیواری قەڵاکەیان دەڕوخاند، خۆشیان لە ناوەوە خانووەکانیان دەڕوخاند! دەیانویست نیرگەو دارو دەرگاکانیان باربکەن و لەگەڵ خۆیانیدا ببەن.

ئاوا لە قەڵاوقوڵلـە مەحکەمەکانیان هێـنرانە دەرەوەو پەرتەوازە بوون، هەندێکیان بۆ شاری (ئەریحا)ی فەڵەستین گەڕانەوەو، هەندێکیان بۆ ئەزروعاتی باکوری سوریاو، هەندێکیان بۆ (حـیرە)ی باشوری عـێراق و کەمێکیشیان بۆ لای جولەکەکانی (خەیبەر) چوون.

## مەبەست لەم سوڕەتە:

ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوە کۆن، کە ئەم سوڕەتە لەسەر دیدو هەڵوێست و حوکم و چارەنووسی (بەنونەزیر) هاتە خوارەوە، مەبەستیش لێی: دواتر لە لێکدانەوەی ئایەتی یەکەمدا هەندێك لایەنی دەخەینە بەرچاو، وەکو: حوکمی ماڵ و سامانیان دوای سەرکەوتن بەسەریاندا.. بەڵام بە دڵنیاییەوە سوڕەتەکە وەکو ئایەتی قورئانی بەگشتیی، چەندەها خاڵی سەرەکی ئاڕاستەوانی، تاك و کۆ و کۆمەڵگەو دەوڵەتی موسوڵمانانی تێدایە.. لەوانە:

١- جەخت کردنەوە لەسەر سوپاسگوزاریی مەخلوقات بۆ خوای کردگارو، شوکرانە بژێریی و پاك و بێ خەوش ڕاگرتـنی خوای گەورە.. کە هەموو مەخلوقات لە زیکری خوای گەورەو پەرستنیدان.

ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی لەو زیکرو سوپاسکردن و پەرستنەی خوای گەورە دوورن، لە حەقیقەتدا پێچەوانەی ئاڕاستەی گەردوون و ژیان و مەخلوقات دەڕۆن و، ئاڕاستەیەکی دژایەتیان گرتۆتەبەر، جگە لەوەی جورئەتێکی بێ ئەدەبانەیە بەرامبەر خوای کردگارو پەروەردگار، کە خاوەنی هەموو ئاسمانەکان و زەمینەو، هەروەها خاوەنی هەرچی تێیاندایە.

٢- کاتێك موسوڵمانان سەرڕاستانە بۆ خوا ساغ دەبنەوەو بۆ جیهاد لێدەبڕێن، خوای گەورە دەیانکاتە ئەداتێکی قەدەری خۆی، لە هەڵسوڕاندنی بەرەی جەنگەکەدا..

ئەمان تەنها خۆ ئامادەکردن و چوونە مەیدانیان لەسەرە، ئەمما چۆنیەتی ئیدارەی جەنگەکەو، چارەنووسی هەردوو بەرەی موجاهیدان و کافران، ئەوە لە قەدەری خوای گەورەدایە و، بڕیاری حەتمـی ئەوەو، هەر ئەوەش دەبێت، کە ئەو بڕیاری لەسەر داوە..

هەروەکو لە سورەتی ئەنفالدا باس لە غەزای بەدر دەکات کە زۆر لە یاوەرانی ئیمانداریش حەزیان نەدەکرد ببن بە تووشی جەنگەوە، چونکە ئەوان بە ئومێدی دەستکەوتنی کاروانەکەی قورەیش چووبوونە ناوچەکە.. بەڵام خوای گەورە، هەموو بزاوت و سرەوت و هەڵویست و چۆنیەتیەکی جەنگەکەی دیاری کردبوو، لە سوودی موسوڵمانانیش هاتەوە.

لـێرەش هەر وایە: (بەنونەزیر)، کە زۆرو چەکدار بوون، دەوڵەمەندو جێگیربوون، جەنگاوەر بوون و لەناو قەڵاو قوللـەی مەحکەمدا بوون.. هەموو پێکەوەو لە یەك جێگادا بوون، بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات ببەزێنـرێن، چ جای ئەوەی ناچار بکرێن لەو ناوچە عاسیە مەحکەمە بێنە دەرەوەو، هەر خۆشیان بکەونە ڕماندنی هەندێك لایەنی قەڵاکەیان و، زەلیلانەش مەرجەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )قبوڵ بکەن!!

ئەمە تەئکیدە لەوەی، کە حەقیقەتی ئیدارەی ململانێ و جەنگ و جیهاد، خوای گەورە دەیگرێتە دەستی خۆی و خۆی سەرپەرشتیارییی، کات و شوێن و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەو ئەنجامەکەی دەکات.

ئەوەی لە موسوڵمانان داوا کراوە: بۆ خواساغبوونەوەیە (کە نییەت پاکیە) لەگەڵ ئەو ئامادەباشییەی توانیویانە ئامادەی بکەن و، ڕەفتارکردنی شەرعیانە (کە بۆ خوالێبڕانەکەیە)، واتە: بە قەولی فوزەیلی کوڕی عیاض (رحمەالله) بریتییە لە: (الاخلاص والصواب)، واتە: کارەکە بۆ خوابێت و بە پـێی سیرەو سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بێت.

٣- کۆمەڵێك ئەحکامی شەرعی ڕوون دەکاتەوە، کە دەربارەی ڕەفتارەکانی مەیدانی جەنگە، لە: حوکمی جەنگ و ئاشتی و کوشتن و دەرکردن، زیان گەیاندن بە سامانی دوژمن، چۆنیەتی دابەشکردنی سامانی (فەی) (کە بە بێ جەنگردن لە دوژمنان دەستتێنرێت).

٤- دیاریکردنی ئاستی بەڕێزیی موهاجیرانی مەککەو، پشتیوانانی مەدینەو، ئەرکی نەوەکانی داهاتوو بەرامبەریان.

٥- پلان و پیلانی پەنهانی دوژمنانی خوا، کە لەو کاتەشدا، کە بەدەم موسوڵمانەوە دێن و خۆشحاڵی بۆ دەردەبڕن، یان لایەنگری هەڵوێستی دەبن، هەر لەو کاتەشدا خەریکی پیلانی ژێرزەمینین و، دەخوازن دەگە لە موسوڵمانان بدەن.

٦- کافران و دووڕوان، هەرچەند بە ئاشکرا لێك نزیك ببنەوەو یەکتریی سەربخەن، هەر نابن بەیەك دیدو هەڵویست، چونکە نە متمانەی تەواویان بە یەکتریی هەیەو، نە بەتەواویی بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ بە یەکتریی دەکەن.

بۆیە بەرەی ئەوان، هەر چەند زۆرو بەهێزو بەرفراوان و ورەبەرز خۆنیشانبدەن، لە حەقیقەتدا وانین، ئەوەش خاڵێکی جەوهەریی دەڕوونییە، کە ورەی موسوڵمانی زیاتر پێ بەرز دەبێتەوە.

٧- کۆمەڵێك ئاڕاستەی تایبەتی بۆ موسوڵمانان تێدایە، کە داوایان لێدەکات: دینداریێتییان سەرڕاستانە بگرنە بەرو، بەرەو ئاستی تەقوا کاران بەرز ببنەوەو، لە مەزنیی و گەورەیی و گرنگی قورئانەکەی خوای گەورە دڵنیابن و، پێوەی پابەندبن و شوێن شەریعەتی پاکی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بکەون و، بەحەزەر بن کافران دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستیان پێ نەگۆڕن.

٨- کۆمەڵێك ئەحکام و پەندو ئامۆژگاریی ناواخنی تر، کە لە لێکدانەوەی ئایەتەکاندا دەردەکەوێت.

## شیکاری سەرەتایی بابەتەکانی ئەم سوڕەتە

سەیید قوتب (رحمەالله)، دەربارەی بابەتەکانی ئەم سوڕەتە وەکو پێشەکیەك بۆ سوڕەتەکە دەفەرمووێ:

ئەم سوڕەتە دەربارەی بەسەرهاتی (بەنوننەزیر) هاتۆتە خوارەوە، کە تیرەیەك بوون لە جوولەکەکانی مەدینە.. بەسەرهاتەکە، کە لـێرەدا باسی چۆنیەتی و ڕوودانی هاتووە، کە لە ساڵی چوارەمی کۆچییدا بوو، چەندەها پەندو ئامۆژگاریی و خاڵی سەرەتایی عەقائیدیی و ڕێسای بزاڤ نیشان موسوڵمانان دەدات، کە ئوممەتە عەقائیدیەکەی نەوەی یەکەمیان پێوەی پابەند بوون و، لە ژیانی کردەوەیی خۆیاندا سەلماندیان و چەسپاندیان..

قورئان بەسەرهاتەکە، هەر بە شێوەو شێوازی قورئانیانەی خۆی دەگێڕێتەوە، هەروەکو شێوازی شیکارو ئاراستەی قورئان خۆی، بەدواداچوون بۆ ڕوداوەکە دەکات و، کۆمەڵێك ڕێسای پەروەردکاریی دەخاتە بەردەست موسوڵمانان.

ئەوەش شێوازی ئاراستەوانی قورئانە، کە بەڕووداوو ئاراستەو بەدواداچوون و شیکارو، خاڵی تۆخکردنەوە،پەروەردە دەکات.

پێش ئەوەی دەقە قورئانیەکان شی بکەینەوە، بەشێك لەو ڕیوایەتانە دەخەینە بەرچاو، کە دەربارەی هاتنەخوارەوەی سوڕەتەکە گـێڕراونەتەوە.. تا لە لایەکەوە دیمەنی واقیعەکەمان بێتە بەرچاو، لە لایەکی ترەوە شێوازی قورئانمان زیاتر بۆ ڕوون بێتەوە، کە چۆن باسی ڕوداوێك دەکات، کە دوای مولابەساتی ڕوداوەکەو هێزە تێکچڕژاوەکانی، دەقە قورئانیەکان دێن و دیمەنەکە دەکەنە دەرسێکی هەمیشە لەبەرچاوو، سەرچاوەیەکی ئاراستەی دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی تاك و کۆی نەوەی موسوڵمانان و ئوممەت و بزاوتیان، چونکە عادەتەن قورئان مەودایەکی کات و شوێن و هـێزە کاریگەرەکان لە بواری دوورتردا نیشان دەدات

و، ڕوداوەکان بە قەدەری خوای گەورەوە دەبەستێتەوە، تا ڕوداوەکان نەبنە تەنها گـێڕانەوەی چیرۆکێکی کات و شوێن.

ئەم بەسەرهاتەی (بەنونەزیر) دوای غەزای (ئوحود)و پێش غەزای (خەندەق - الاحزاب)ـە، کە ساڵی چوارەمی کۆچی ڕوویدا، ئەویش ئەوەبوو: (لـێرەوە سەیید رحمه الله زۆرینەی ڕوداوە مـێژووییەکە دەهێنێتەوە، کە ئێمە لە سەرچاوەی ترەوە هێناومانەتەوە) پاشان دەفەرمووێ:

١- ئەو غەدرەی (بەنونەزیر) هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیەکەی دەخواست، کە لەگەڵیاندا هەبوو، چونکە ئەوە ڕێسای نەگۆڕیی خواییە، کە دەفەرمووێ:

﴿ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوۡمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذۡ إِلَيۡهِمۡ عَلَىٰ سَوَآءٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡخَآئِنِينَ ٥٨ ﴾ الانفال/٥٨ .

واتە: هەر کاتێك هەستت کرد قەومێك دەخوازن غەدر بکەن و، خیانەت لەو پەیمانەیان بکەن، کە لەگەڵتدا بەستوویانە، پەیمانەکەیان هەڵوەشێنەرەوە، بەڵام ئاگاداریان بکەرەوە، کە نە ئەمانیان دەدەیتێ و، نە چاوەڕوانی ئەمانیش ببە لێیانەوە، تا ئەوانیش حاڵی خۆیانیان لەبەر چاو بێت[1]. خوای گەورە خائینانی خۆش ناوێت..

لەم ڕوانگەوە بوو، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، لەشکری ناردە سەریان و سێ ڕۆژ، هەندێك دەڵێن: دە ڕۆژی بوار دان، کە دەبێ قەڵاکانیان چۆڵ بکەن و لە ناوچەکە بڕۆن، یان ئامادەی جەنگ بن..

بۆیان هەیە، هەرچـی هەیانە لەگەڵ خۆیانی ببەن و وەکیلیش بۆ خۆیان دابنێن، تا سەرپەرشتی باخ و باخات و بەرهەمی زەوی و زاریان بۆ بکەن، بەڵام دووڕووەکان بە سەرۆکایەتی (عبداللەی کوڕی سەلول) کەوتنە دنە دانیان، کە ڕازی مەبن و جـێ و ڕێی خۆتان چۆڵ مەکەن.

---

(١) ابن کثیر تفسیر القران العظیم/چاپی یەك بەرگی (دار المعرفة) چاپی چوارەم ١٤٣١/٢٠١٠ ل٦٩٥.

ئەگەر خۆتان ڕابگرن ئێمەش دێینە هاوکاریتان، ئەگەر جەنگتان کرد هاوسەنگەرتان دەبین، ئەگەر ناوچەکەشتان چۆڵ کرد، لەگەڵتاندا دێین و ئێمەش ئێرە چۆڵ دەکەین!! ئەم دیدو بزاوت و هەڵوێستە چەواشەکارییە، کە خوای گەورە باسی دەفەرمووێ:

﴿ ۞ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نَافَقُوا۟ يَقُولُونَ لِإِخْوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِن قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١١﴾ لَئِنْ أُخْرِجُوا۟ لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِن قُوتِلُوا۟ لَا يَنصُرُونَهُمْ وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ ٱلْأَدْبَٰرَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾ لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِى صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ الحشر ١١-١٣. (دواتر تەفسیری دێت إن شاءالله).

٢-دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فەرمانی بڕینی دارخورماکانی دان و، باخاتی سوتاندن و لە پشتیوانی دووڕووەکان بێ ئومێد بوون و گەمارۆکەش گەیشتە بیستوشەشەم ڕۆژ، تینیان بۆ هات و بە مەرجەکان ڕازیبوون.

هەرچی توانیان لەگەڵ خۆیاندا بردیان، جگە لە چەك و تفاقی جەنگ.. ئینجا لە تاواندا - جگە لەوەی دەرگاو پەنجەرەی خانووەکانیان دەردەهێنا-دیوارەکانیشیان دەڕوخاند، تا موسوڵمانان سوودی لێ نەبینن. بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمْ لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ ۚ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا۟ ۖ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا۟ ۖ وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ ۚ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِى ٱلْمُؤْمِنِينَ فَٱعْتَبِرُوا۟ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٢﴾ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ ٱلْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ﴿٣﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۖ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٤﴾ ﴾ الحشر/٢-٤ (دواتر تەفسیری ئەمیش دێت ان شاء الله ).

٣- کە ناوچەکانی خۆیان جێهێشت، بڵاوبوونەوە، هەندێك لە سەرانیان چوونە خەیبەر وەکو: (سەللامی کوڕی ئەبولحوقەیق) و (کینانەی کوڕی الربیع) و(حویەی کوڕی ئەختەب)، کە دواتر لە غەزای خەندەق (ئەحزاب) و فەتحی مەککەشدا، باسی ڕۆڵی پیلانگێڕیی و دوژمنداریێتیان دێت.

٤- سامان و ماڵی (بەنونەزیر)، کە حوکمی (فەی) هەبوو، واتە: ئەو دەستکەوتانەی لە هێزی کافرانەوە -بە بێ جەنگکردن- دەکەوێتە دەست موسوڵمانان، ئەم سامانە تایبەت بوو بە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، چونکە موسوڵمانان بە زەبرو هەڵمەتی شمشێرو جەنگ دەستیان نەکەوتبوو.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەمووی لەسەر موهاجیرانی مەککە بەشکرد، لە پشتیوانە مەدینەییەکان، تەنها پشکی بۆ دووکەس دیاریکرد، کە هەردووکیان دەستکورت بوون: (سەهلی کوڕی حەنیف) و (ئەبو دوجانە: سەماکی کوڕی خەرشە) خوا لێیان ڕازی بێت.

چونکە موهاجیرانی مەککە، هەر خۆیان بۆ دەرچووبوو، سەروەت و سامانیان، یا قورەیش زەوتی کردبوو، یان ئەمان بۆیان دەرنەکرابوو، یان باخ و زەوی و زار بوو.

پشتیوانەکانیش، کە خەڵکی مەدینە بوون، لە شارو ماڵ و سامانی خۆیاندا بوون و، لە داڵدەدان و ماڵ بەشکردن و پێشوازیی کردنی موهاجیرەکان درێغییان نەکردبوو، بەوپەڕی سینەفراوانییەوە ماڵ و سامانیان لەگەڵیاندا بەشکردبوو.

برایەتیەکی ڕاست و جیدییان لەگەڵیاندا ساز کردبوو، خوای گەورە وەسفی لوتکەی بەخشینیان دەکات.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بەم ڕەفتارە دادپەروەرانەی، ڕێسایەکی گرنگ و سەرەکی ئابووریی و دارایی سەلماندو چەسپاند، کە سامان ناشێت هەر لە دەست دەوڵەمەندانda بێت، چونکە هەژارانیش مافی دیاریکراوی خۆیان لە سامانی گشتیدا دەبێت.

٥- كاتێك دووڕووەكان بۆ فیتنەسازیی، كەوتنە واتەوات و قسەو قسەڵۆك، كە گوایە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەر خاتری موهاجیرانی مەككەی گرتووە كە خزم و خەڵكی شارەكەی خۆیین!!

وا دیار بوو، كە هەندێك لەپشتیوانەكان كەوتبوونە ژێر كاریگەریی ئەم قسانەوە.. بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بەسەرانی پشتیوانانی فەرموو: (إِنْ شِئْتُمْ قَسَمْتُمْ لِلْمُهَاجِرِينَ مِنْ أَمْوَالِكُمْ و دِيَارِكُمْ وَتُشَارِكُونَهُمْ فِي هَذِهِ الْغَنِيمَةَ وَإِنْ شِئْتُمْ كَانَتْ لَكُمْ دِيَارُكُمْ وَأَمْوَالُكُمْ وَلَمْ يُقَسَّمْ لَكُمْ شَيْءٌ مِنَ الْغَنِيمَةِ " فَقَالَتِ الْأَنْصَارُ : بَلْ نَقْسِمُ لَهُمْ مِنْ أَمْوَالِنَا وَدِيَارِنَا وَنُؤْثِرُهُمْ بِالْغَنِيمَةِ وَلَا نُشَارِكُهُمْ فِيهَا).

واتە: ئەگەر حەز دەكەن لە سامان و ماڵ و باخاتی خۆتان بەشی موهاجیرەكان دیاری بكەن، لەم دەستكەوتەشدا هاوبەش بن، ئەگەر حەزیش دەكەن سامان و ماڵی خۆتان بۆ خۆتان و، لەم دەستكەوتە هیچتان بەر نەكەوێت؟

پشتیوانان فەرموویان: لە سامان و ماڵ و خانووی خۆشمان هاوبەشیان دەكەین و، هیچ پشكێكیشمان لەو دەستكەوتە ناوێت، با بۆ ئەوان بێت!

ئەم ئایەتانەش وەسفی ئەو دڵ و دەروون و دیدو هەڵوێستە جوامێرییانەی پشتیوانان و، حاڵەتەكە باس دەكات، كە دەفەرمووێ:

(لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾ ) الحشر/٨-٩

ئەمە ئەو ڕوداوەیە، كە سورەتەكە بە هۆیەوە هاتۆتە خوارێ و، دەقەكانی باسی دیدو هەڵوێستەكان دەكەن بەرامبەریی.

ئایەتەکانی کۆتای سورەتەکەش، هەر دەربارەی دیدو بزاوت و هەڵوێستە لە ڕووداوەکە، کە ئاڕاستەی ئەو کەسانە دەکەن، کە ئامادەی ڕوداوەکە بوون و ئەوانەی لە نزیکەوە بەشدار بوون تێیدا.. کە قورئانی پـیرۆز بە شێوازەکەی خۆی ئاڕاستەی پەروەردەکاریی ئەوان و نەوەکانی دواتر دەکات.

بە ڕوداوو ئاڕاستەو شیکارو ڕوون کردنەوەو تەرکـیز خستنە سەر ئەو خاڵە سەرەکیانەی، کاریگەرییان بەردەوام دەمێنێت. کە عادەتەن دیدو ڕوانگەو بزاوت و هەڵوێستە پەسەندەکان پەیوەست دەکاتەوە، بە حەقیقەتە عەقائیدییەکان، کە گەردوون و ژیان و مرۆڤ دەگرنەوە.. پاشان لە ئایەتەکانی کۆتادا دێتە سەر هەندێك سیفەتی خوای گەورە، خوای پەروەردگار، کە ئەم قورئانە مەزنەی بۆ ڕێنیشاندانی موسوڵمانان ناردۆتە خوارێ.. کە هەر یەکێك لەم سیفەتانە ئاسەوارو کاریگەرییان لەسەر دیدو ڕێ و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ هەیە، کە باوەڕهێنانیان لەسەر دا دەمەزرێت.

کۆتایی سورەتەکە، هەروەکو دەستپێکەکەی، بە یادی خوای گەورەو تەسبیحاتی ئەو کۆتایی دێت، خوای کردگارو خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی تێیاندایە.. لەگەڵ بانگهێشتی ئیمانداران بۆ تەقواکاریی و دینداریێتی سەرڕاستانەو گوێڕایەڵیی و ملکەچـیی بۆ خوای پەروەردگارو، سەرنجدان و بیرکردنەوە لە دیاردەو بەڵگەو نیشانەکانی تواناو دەسەڵاتی خوای پەروەردگار.. خوای داناو زاناو بەتوانا.

## لێكدانەوەی ئایەتەكان

### ئایەتی یەكەم:

(سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۝١)

خوای گەورە بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە، سەرەتای حەوت سوڕەتی بە تەسبیحاتی خۆی دەستپێكردووە:

١- سوڕەتی (الاسراء)ە: بە چاوگی تەسبیحات دەستپێكردووە: (سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ۝١).

٢- دەستپێك بە كرداری ڕابوردوو: كە سێ سوڕەتن: (الحدید و الحشر و الصَّف) (سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ).

٣- بە كرداری ڕانەبوردوو (یُسبِّح): كە سوڕەتی (الجمعە والتغابن)ن (يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ).

٤- بە كرداری فەرمان: كە سوڕەتی (الأعلی) یە (سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ۝١).

- ئەمە جگە لەوەی، كە لە شوێنی جیاوازی سوڕەتی تریشدا، هەر بەم شێوازانە هاتوون وەكو: سَبَّحَ: ١٣ جار، سبحانَ: ١٨جار، سبحانك: ٩جار، سبحانە: ١٤جار، سبِّحْهُ: ٣جار، سَبحِّوا: ١جار، سبِّحوە: ١جار، یَسَبِّحُ: ٧جار، یُسبِّحْنَ: ٢جار، یسبِّحون: ٥جار، یُسبِّحونَهُ: ١جار، یُسَبِّحُ: ٧جار، یُسبِّحْنَ: ٢جار، یسبِّحون: ٥جار، یُسبِّحونَهُ: ١جار، هەر یەكە لە: تُسبِّحُ، تسبِّحون، تسبِّحون، تَسبیحَهُ، تَسبیحَهم.. كۆی هەموان دەگاتە ٨٠جار.

• تَسْبیح: بەرزو پاك و كامڵ ڕاگرتـنی خوای گەورەیە، كە چاوگی: (سُبحانَ الله) كردنە.

واتە: پاك و بێ خەوشیی بۆ خوای گەورەیە، كە كورد دەڵێ: تەسبیحات كردن مەبەستی خوێندنی هەموویانە، وەكو وتنی: (سُبْحانَ الله، وَالحَمْدُلله، وَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّه ، وَاللهُ أَكْبَرَ) وشەی (دەزبیح)، هەر لەم (تەسبیح)ە وەیە، كە عەرەبی پێی دەڵێ: (مِسْبَحە)، واتە: ئامێری (سبحان الله) كردن.

• لـێرەو لە سورەتی (حەدید) و (سەفف)دا بە شێوەی كرداری ڕابوردوو دەفەرمووێ: (سَبَّحَ ). چونكە هەواڵدانە، واتە ئەوانەی وان لە ئاسمانەكان و زەوییدا، تەسبیحاتی خوای گەورەو سوپاسگوزارێتی دەكەن، لەسەر ئەو نیعمەتانەی، كە پێی بەخشیوون.

• لـێرەو لە سورەتی (سەفف)دا دەفەرمووێ: (سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ)، چونكە باس لەفەزڵ و میهرێكی تایبەتی خۆی بۆ موسوڵمانە موجاهیدەكان دەكات، كە لە سەرزەمیندا بۆ خوا ساغبوونەتەوە و، بۆ بەرگریی لەدینەكەی گەیاندنی بە مرۆڤایەتی لێبـڕاون.. بەڵام لە سورەتی (حەدید)دا دەفەرمووێ: (سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ)، چونكە باسی زیاتری خاوەنێتیی و كردگارێتیی و گەورەیی خوای گەورەی تێدایە.

• تەسبیحات كردنی هەرچـی لە ئاسمانەكان و زەوییدایە، كە هەموو گەردوون و ژیان دەگرێتەوە، لە هەموو كات و شوێنێكدا، ئەمە حەقیقەتێكی گەردوونیە، كە دیدو ڕوانگەی خواناسانی لەسەر دادەمەزرێت، كە لە كاتی خوا پەرستیەكانیاندا هەست دەكەن لەگەڵ هەر هەموو مەخلوقاتدا، هاودەنگ و هەماهەنگن و یەك ئاڕاستەی ڕوو لە خوای خاوەن و كردگارو، پەرستراوی بێ وێنەیان هەیە.

هەرچی لە وجوددایە ئەم ئەركەی (عبودییەت) جێبەجـێ دەكات، جگە لە خوا یاخیبوان، كە لە نەفامیی و هەڕاڵـی و ئەقڵ پێنەشكانیانەوەیە، ڕوویان لە خوای گەورە وەرگـێڕاوەو گومڕا بوون.

لـێرەدا خوای گەورە ئەوە ئەوە نیشان دەدات، کە ئەوانەی ئەهـلی زیکرو تەسبیحاتی خوای گەورەن و، دینداری سەر ڕاستن، خوای گەورە دەیانکاتە ئەداتی قەدەری خۆی و، لە بەرژەوەندی خۆیاندا -بۆ دین و ژین ڕووداوی کاریگەرییان لە ژیاندا پێ دەسەلمێنێت و دەچەسپێت- بەسەر ئەوانەشدا زاڵیان دەکات، کە باوەڕیان بە خوای گەورە نییە، یان لە دیدو ڕێی خواویستی لایانداوە. یان سەرڕاستانە بە دینەکەیەوە پابەند نابن.

لە کۆتاییدا دەفەرمووێ: (وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ)، خوای گەورە بەهـێزو بەتوانایە، دەتوانێت دوژمنانی تێك بشکێنێت و ئەولیاکانی خۆی بە سەریاندا سەربخات.

هەروەها دانایەو هەموو فەرمانەکانی شیاوو گونجاوی کات و شوێن و، چۆنیەتی پڕاو پڕی ڕەفتارە داواکراوەکەو واقیعەکەیەتی.

## سەرنجدانێکی تەفسیلتر لە تەسبیحات:

عەللامە راغیبی ئەسفەهانی دەربارەی (تسبيح) دەفەرمووێ[1]:

التَّسبيحُ: پاك و تەواو ڕاگرتـنی خوای گەورەیە، ئەسڵی وشەکە: خـێرا ڕۆیشتنە لە ئاوو هەوادا، لێرەشدا خێرا کردنە لە خواپەرستییدا.

واتە: زوو ئەنجامدانی، هەروەها: خـێراو بە پەلە خۆ قوتار کردنە لە خراپەکارییو، دوور کەوتنەوەیە لە گوناح.

بۆیە دەوترێت: خوا دووری خستۆتەوە، (کوردیش دەڵێ: خوا بە دووری گرتوویت).

تەسبیح (کەلە کوردییدا تەسبیحاتە) نییەت پاکیی و زیکرو خواپەرستییە، واتە: نییەت و قەول و کردارە.. وەکو لە قورئاندا هاتووە:

---

(١) مفردات الفاظ القرآن ل٣٩٢.

(فَلَوۡلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُسَبِّحِينَ ١٤٣ لَلَبِثَ فِي بَطۡنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٤٤) الصَّافات ١٤٣-١٤٤.

واتە: لەبەر ئەوە نەبوایە، کە دەم بە وێردو خاوەن زیکرو تەسبیحات بوو (مەبەست سەیدنا (یونس)ە عَلَيْهِ السَّلاَم)، هەتا ڕۆژی زیندوبوونەوە، هەر لەسکی حوتەکەدا دەمایەوە.

ئەم تەسبیحات کردنەی جەنابی (عَلَيْهِ السَّلاَم) هەر سێ بواری نیاز و گوفتارو کردار دەگرێتەوە..

پاشان (عەللامە راغیب) کۆمەڵێك ئایاتی تری تەسبیحات دەهێنێتەوە، کە من لـێرەدا نەمهێنانەوە، چونکە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە چەندین شوێندا هێناومنەتەوە.

شێخی (شەنقیتی) (رحمەالله)، کە دەریاوانێکی ئوسول و شەرع و قورئانەوانیی بوو (لە ١٣٩٣ك/ ١٩٧٢ ز کۆچی دوایی کرد)، لە تەفسیرو شیکاری تەسبیحاتدا دەفەرمووێ: تسبیح: لە ڕووی زمانەوانیەوە، دوورخستنەوەیە لە خراپە. لە زاراوەشدا: بەدوور ڕاگرتـنی خوای گەورەیە لە هەر شتێك، کە شیاوی تەواوێتی و مەزنێتی ئەو نییە.(١)

- تەسبیحات کردنی مەخلوقات: کارێکی نائاسایی و نایاسایی دیدی مرۆڤە، بەڵام شیاوەو حەقیقەتە، چونکە خوای پەروەردگارە، کە وای لە دارو بەردو بێگیانیش کردووە، کە تەسبیحاتی بکەن. وەکو دەفەرمووێ:

(وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ) الأنبياء/٧٩.

واتە: ئێمە چیاو باڵندەمان دەستەبەر کرد، تا لەگەڵ (داود)دا زیکری خوا بکەن.. ئێمە بکەرەکان بووین.

---

(١) محمد الامین بن محمد المختار الجکني الشنقیطي/ دار الفكر لبنان ١٤١٥- ١٩٩٥ ب٨/ ل٢-٣.

ئەبوحەییان دەفەرمووێ: کە خوای گەورە لە کۆتایی سورەتی (واقیعە)دا فەرمووی: (إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ حَقُّ ٱلۡيَقِينِ ﴿٩٥﴾ فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٩٦﴾) الواقعة/٩٥-٩٦: ئەم وەحییەی خوای پەروەردگار حەقەو، مایەی دڵنیاییەو گومانی تێدا نیە، دەی سا تەسبیحات بە ناوی خوای پەروەردگاری مەزنتەوە بکە..

یەکسەر دوای ئەم ئایەت و سورەتە، سورەتی (حەدید) دێت، کە بە کرداری ڕابوردوو دەفەرمووێ: (سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ) الحديد/١.

واتە: لەگەڵ دەرچوونی فەرمانی خوای گەورە (فَسَبِّحْ..) یەکسەر (وجود) کەوتە جێبەجێکردنی فەرمانە کەو، (سَبَّحَ لِلَّهِ..) لە هەموو گەردوون و ژیاندا سەدای دایەوە.

دوای ئەم (سَبَّحَ) یەی (حەدید) و (حەشر) و (سەفف)، ئینجا (يُسَبِّحُ..) ی سورەتی (جومعە) و (تەغابوون) هات، کە کرداری ڕانەبوردووە و، نیشانەی نەپسانی تەسبیحاتەکە و بەردەوامبوونێتی: (يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ).

دواتریش بە شێوەی فەرمان: (سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ﴿١﴾) الاعلى/١ بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هات، کە هەموو موسوڵمانێکیش دەگرێتەوە..

واتە: هەموو بەرپرسن لە تەسبیحات کردنیاندا.. بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەموو شەوێك سورەتی (الاعلى)ی لە کۆتا نوێژییدا (لە نوێژی وتردا) دەخوێندو پاشان دەنووست.

ئەمانە بەڵگەی بەردەوامبوونی تەسبیحاتی خوای گەورەن، کە هەموو مەخلوقات کردوویانەو دەیکەن و دەبێ بیکەن.

چاوگی (سُبحانَ)ـە پێش ئەم سێ حاڵەتەی کرداری ڕابوردوو و ڕانەبوردوو، بە شێوەی فەرمان هاتووە، کە دەیسەلمێنێت: سەرچاوەی زیکرو تەسبیحات و خواپەرستیەکەشی، هەر وەحیەو، هەر لە خوای گەورەوەیەو دەبێت بەو چۆنیەتیەش بێت، کە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ڕوونیان کردۆتەوە، وەکو

وتنــی: (سبحان الله)، چونكه خوای گەوره له سوڕەتەكانی پێش: (حەدید و حەشر و سەففف) و سوڕەتەكانی: (جومعه و تەغابن) و سوڕەتی (الاعـلی) بەشێوەی (سبحان)ە له چەندین شوێنی قورئاندا فەرموویەتی وەكو:

- (وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ) یوسف/١٠٨، (سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا ..) الاسراء/١، (فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ) الأنبياء/٢٢، (سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ) المؤمنون/٩١، (وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ) النمل/٨، (سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ) القصص/٦٨، (فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ) الروم/١٧، (سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا ..) یس/٣٦، + ٨ ئایەتی تر.

- یان (سُبْحَانَكَ) ٩ جار وەكو: (قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ) البقرة/٣٢.

- هەروەها (سُبْحَـــانَهُ) ١٤جـــار وەكو: (لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ) التوبة/٣١.

- ٤١ جار (سُبْحَانَ) و (سُبْحَانَكَ) و (سُبْحَانَهُ) له قورئاندا هاتووه، چل جاریان پێش ئەو كردارانەی ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، فەرمانە هاتوون، كه لەو شەش سوڕەتەی دواینیدا (حەدید وحەشرو سەففف) و (جومعەو تەغابن) و (الاعلی) داهاتوون.

ئەوە جگه لەوەی سەرچاوەیەتی تەسبیحات ڕوون دەكاتەوە، لەوانەیە بشبێته بەڵگەی ئەو ڕێزمانەوانانەی فەرموویانە: (چاوگ) ئەسڵی وشەی عەرەبیه، نەك (كرداری ڕابوردوو).[1]

- ئەوە جێی سەرنجە، كه له قورئاندا، تەسبیحات كردنەكه بووە بە ئەرك و كاری (مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ)، كه (مَا) بۆ بێگیانە، تەنها له یەك شوێندا كراوە بە ئەرك و كاری (مَن)، كه بۆ ژیری خاوەن هزرە!

---

(١) ئەمە موناقەشەیەكی كۆنی ڕێزمانەوانانی مەدرەسەی بەسرە بەپێشڕەوێتی (عبدالملكی ئەسمەعی) و مەدرەسەی كوفە بەپێشڕوێتی (كیسائی) یە.

لە هەموو شوێنەکاندا دەفەرمووێ: (سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ) الحشر/١ یان (سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ) الحدید/١، یان (يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ) التغابن/١، بەڵام لە (ئیسراء)دا دەفەرمووێ: (تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ) الاسراء/٤٤.. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت: کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان و ئاسمان و زەوی خۆشیان -بە گیانلەبەرو بێگیانەوە، بەژیرو ناژیرەوە- هەموو تەسبیحات دەکەن، ئەگەرچی تەئکیدی خوای گەورەش لە سەر ئەم تەسبیحات کردنەی مەخلوقات، لە ئایەتی سەربەخۆدا هاتووەو بواری نکووڵی کردنی نیە.

وەك دەفەرمووێ: (وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡ) الاسراء/٤٤.

واتە: هیچ شتێك نییە تەسبیحاتی خوای گەورە نەکات و سوپاسگوزاریی نەبێت، بەڵام ئێوە لە تەسبیحاتکردنەکەیان ناگەن.

(شت) هەر هەموو مەخلوقات دەگرێتەوە، کە خوای گەورە کردگاریانە: (ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٍ) الرعد/١٦.

خوای گەورە لە قورئاندا تەسبیحات کردنی خۆی و هەموو مەخلوقاتی باس فەرموو:

١- تەسبیحات کردنی خوای گەورە بۆ خۆی، کەوەسف کردنـیی بە پاك و بێ خەوشی (نوقسانی و عەیبە):

ـ (سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا ..) الاسراء/١،(فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمۡسُونَ وَحِينَ تُصۡبِحُونَ) الروم/١٧.

٢- تەسبیحات کردنی فریشتە:

* (وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ ..) البقرة/٣٠، فریشتەکان عەرزی خوای گەورەیان کرد، کە خوایە ئێمە هەموو زیکری تۆ دەکەین، تەسبیحات دەکەین، سوپاست دەکەین و پاك و بێ خەوشی هەر بۆ تۆ دەسەلمێنێن و دەچەسپێنین.

* ﴿وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ﴾ الزمر/٧٥. واتە: فریشتەکان دەبینیت (لە ڕۆژی دواییدا)، کە هەموو بە دەوری عەرشی خوای پەروەردگاردا ڕیزن و، تەسبیحات دەکەن و سوپاس و ستاشی پەروەدگار دەکەن.

٣- تەسبیحاتی هەورەتریشقە: ﴿وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعْدُ بِحَمْدِهِۦ﴾ الرعد/١٣، هەورەتریشقەش تەسبیحاتی خوای گەورە بە سوپاس بۆ کردنی دەکات، سوپاسکردن تەسبیحاتە، چونکە (حَمْد) هەر (مەدح)ە، مەدحیش وەسفی پاك و بێ خەوشیە، سوبحانە (الله)یە..

سەرنجبدە ئەم هەموو پەیوەندییانەی نێوان زمانەوانیی و زاراوەیی و کرداری (تسبیح) کردنەکان.

٤- تەسبیحاتی ئاسمانەکان و زەوی: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبْعُ وَٱلْأَرْضُ﴾ الاسراء/٤٤.

٥- تەسبیحاتی هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ التغابن/١.

٦- تەسبیحاتی چیاکان: ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِشْرَاقِ﴾ ص/١٨: ئێمە چیاکانمان مەیسەر کرد بوو، کە لەگەڵ (داود)دا (عَلَيْهِ السَّلَام) ئێواران و بەیانیان تەسبیحات بکەن.

٧- تەسبیحاتی باڵندە ﴿وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ﴾ الأنبياء/٧٩.

٨- تەسبیحاتی مرۆڤ ﴿فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ الحجر/٩٨، ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا﴾ مريم/١١.

سەیدنا (زەکەریا) (عَلَيْهِ السَّلَام) لە میحرابی خواپەرستییەکەی هاتە دەرەوەو، تەشریفی بردە لای قەومەکەی، ئاماژەی بۆ کردن، کە بەیانیان و ئێواران تەسبیحات بکەن: ﴿فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ﴾ الواقعة/٧٤.

ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوە، کە هەموو مەخلوقات تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن، بەپەرستن و سوپاس کردن و مەدح کردن و ئیعتیراف کردن بەپاکیی

و بێ خەوشیی خوای گەورەو تەواوێتی سیفاتی..

ئەم تەسبیحاتە نیەتی پاك و بۆ خوا ساغبوونەوەیە، هەم گوفتارە، كە زیكرە، هەم كردارە، كە سوجدە بردنە بۆ خوای گەورە: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسۡجُدُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيۡهِ ٱلۡعَذَابُۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ﴾ الـحج/١٨، دەبینیت بۆ مرۆڤ و فریشتە پەری (جنّ) فەرموی (مَن): ﴿مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ تا بیسەلمێنێت، كە تەسبیحات كردن هەر لەسەر ئەوانە نیە، كە ژیرن، بەڵكو لەسەر هەموو مەخلوقاتە.

ئیبنوعەبباس (خوالێیان ڕازی بێت) دەفەرمووێ: ئەم تەسبیحات كردنەی مەخلوقات هەر وا بە گشتیی ماوەو، وشەی (تەسبیح) كردن: حەقیقەتی تەسبیحاتكردن دەگرێتەوە، كە سوپاسگوزاریی و پاك وبێ خەوشییە، كە بڕیاری لەسەر دەدرێت بۆ خوای گەورە.

پێم وایە: ئەمە حەقیقەتەو هەموو مەخلوقات لە زیكرو تەسبیحاتی خوای گەورەدان، مادام لە كات و شوێنی حاڵەتی خۆیاندا مابن. والله اعلم.

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم ئایەتانەن:

١- خوای گەورە ئاشكراو ڕاشكاو دەفەرمووێ: كە هەموو (شت)ێك بە سوپاسكردن و ستایشكردن، تەسبیحاتی خوای گەورە دەكات و، بەرز و پاك و بێ خەوش ناوی دەهێنێت، بەڵام ئێمە لە تەسبیحاتكردنەكەیان تێناگەین و، نازانین چۆن ئەو زیكرە دەكەن: ﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا﴾ الاسراء/٤٤.

٢- ناشێت بۆ لێكدانەوەو زانینی چۆنیەتی ئەم تەسبیحاتەی (شت) لە ڕووی ژیریی و هزرەوە بۆی بچین، چونكە ڕێگای پەی پێبردن و درك پێكردنمان لێ گیراوەو ئەستەمە

هزر پەی پێببات، خوای گەورە دەفەرمووێ، کە ئێوە لەو تەسبیحاتە ناگەن: (وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ) الاسراء/٤٤.

٣- کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ئێمە چیاکان و باڵندەکانمان مەیسەر کرد، تا لەگەڵ (داود)دا (عَلَيْهِ السَّلَام) تەسبیحات بکەن، دیارە تەسبیحاتکردنی حەقیقیەو خوای گەورە ئەو تایبەتمەندێتیەی بە سەیدنا (داود عَلَيْهِ السَّلَام) داوە..

ئەگەر تەسبیحات کردنەکە حەقیقەت نەبوایەو، وەکو هەندێك (موعتەزیلە) و هاوڕایانیان دەڵێن: هێمای زیکر کردنە، هیچ تایبەتمەندییەکی بۆ سەیدنا (داوود عَلَيْهِ السَّلَام) تێدا نەدەبوو.. بۆ من و تۆش هەر وا دەبوو.

من و تۆش دەمانوت: ئەم چیاو دەشت دۆڵانە، ئەم پەلەوەرو باڵندەو زیندەوەرانە، لەگەڵ ئێمەدا تەسبیحات دەکەن.. خوای گەورە ئەوەی کردووە بە موعجیزەیەکی تایبەت بە سەیدنا (داود عَلَيْهِ السَّلَام) (إِنَّا سَخَّرۡنَا ٱلۡجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحۡنَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِشۡرَاقِ ) ص/١٨.

٤- خوای گەورە لە باسی ئەرك و بەرپرسێتی تری مەخلوقاتدا -وەکو زەوی و چیا- وا باسیان دەفەرمووێ، کەپەی بە ئەرك دەبەن و هەستی بەرپرسێتیان تێدایەو لە کەم تەرخەمـیی کارو ئەنجامی، دەترسن، چونکە کە هەڵگرتـنی بەرپرسێتی بانگەوازی تەوحیدو، خواویستیەکەی خستە پێش ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان، هەموو عەرزیان کرد، کە پێمان هەڵناگیرێت و ناتوانین بکەوینە ژێر باری بەرپرسێتی ئەو ڕاسپاردەی بانگەوازی ئیمان و تەوحیدو بریکاریەتەوە، کە دەبێت لەسەر زەمین بسەلمێنرێت و بچەسپێنرێت.

ئەوجا مرۆڤ دەستی دایەو خستیە ئەستۆی خۆی.. وەك دەفەرمووێ: ( إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡجِبَالِ فَأَبَيۡنَ أَن يَحۡمِلۡنَهَا وَأَشۡفَقۡنَ مِنۡهَا وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ) الاحزاب/٧٢..

خۆ ئەم بەرچاوخستن و موناقەشەکردن و خۆنەدانەبەر بەرپرسێتی بانگەوازە خواییەکە، تەنها دەستەبەرکردن، یان رەفزکردنی سلبیانە نیە، ئەمە پەیبردنی تەواوی ئەرکەکەیەو، زانینی ئەو سزاو پاداشتەشە، کە لەسەر هەڵگرتن و ئەدا کردن، یان نەکردنی دادەمەزرێت.

٥- خوای گەورە لەسەرەتاوە لەگەڵ ئاسماندا دوا، کە هێشتا دوکەڵ بوو، هەروەها لەگەڵ زەویدا، کە داوای لێکرد هەڵوێست لە بەگوێکردن، یان گوێ پێ نەدانی فەرمانی خوای گەورە وەربگرن، ئەوانیش وتیان: ملکەچین و ئامادەین: (ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ) فُصِّلت/١١.

٦- خوای گەورە باسی ملکەچی و گوێڕایەڵی و تەقواکاریی چیاو دارو بەرد بەشێوەیەك دەکات، کە نەك هەر هەستیارانەیە، بەڵکو زۆر لە خوا ترسانەشە! بەشێوەیەکی گشتیی زیاتر لە مرۆڤ..

خوای گەورە باسی بەرد دەکات، کە تێیاندا هەیە کە لەترسی خوای گەورەو لە تەقواکاریی خۆیدا، رادەچڵەکێت و دەلەرزێت: (وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) البقرة/٧٤.

٧- لە فەرموودەی پێغەمبەری خواشدا هاتووە، کە دەفەرموویَ: (لا يَسْمَعُ صَوْتَ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلا إِنْسٌ وَلا حَجَرٌ وَلا شَيْءٌ إِلا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[(١)].

واتە: هەر یەك لە جنۆکەو مرۆڤ و بەردو دارو، کە گوێیان لە بانگی بانگدەرەکە دەبێت، لە رۆژی دواییدا شاهیدیی بۆ بانگدەرەکە دەدەن.. ئاشکرایە، کە شاهیدیدان، ئامادە بوون و دیتن و بیستن و حاڵی بوون و تۆمارکردن و ئەقڵ پێشکان دەخوازێت، تا شاهیدیدانەکەی حەق بێت.. ئەگەر ئەم بەردو دارانە

---

(١) بوخاريي ٧٥٤٨.

لەحەقیقەتدا بانگ نەبیستن، چۆن ئەو شاهیدییەی قیامەت دەدەن و چۆن لێیان وەردەگیرێت؟!

کەوابوو حەتمەن هەموو دەبیستن و هەست دەکەن.

٨- ئێمە لەم سەردەمەماندا بە هۆی زانایەکی گەورە و پسپۆڕی زیندەوەر ناسییەوە، کە (ڕۆیاڵ دیکنسۆن)ـە زانیومانە، کە مـێروولە لە ناو خۆیاندا وەکو ئێمەی مرۆڤ، زمانی جیاوازیان هەیە!

(ڕۆیاڵ دیکنسۆن) ماوەی بیست ساڵ دیراسەی مـێرووڵەی کردو، توانی دەنگیان تۆمار بکات و بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە مـێروولە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و، مێشکی هەر مێـروولەیەك وەکو مێشکی مرۆڤێکە و، تەنانەت وەکو مێشکی مرۆڤیش دوو بەشی بەرامبەرە![1].

سەیر ئەوەیە، کە مـێروولەی ناوچەی ئەمازۆن ملیۆنەها ساڵە چاندن (زەراعەت) دەزانن و دەچێنن.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە: کە هەر شارە مێروولەیەکیان وەزارەتی ڕێگاو بانیان هەیە، کە بەردەوام ڕێگای شارە مـێروولەکەی خۆیان ڕێکدەخەنەوە!

ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە ئەم حەقیقەتانە، بەڵام خۆ ئێمەی موسوڵمان پێش ئەمەش باوەڕمان وا بوو، کە مـێروولە قسە دەکەن، چونکە لە بەسەرهاتی سەیدنا (سولەیمان)دا (عَلَيْهِ السَّلَام) خوای گەورە ئەوەمان بۆ باس دەفەرمووێ، کە جەنابی لە زمانیان حاڵی دەبوو: ﴿وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا۟ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٨﴾﴾ النمل/١٧-١٨.

---

(١) احمد امام احمد بركة: الفيزياء والاعجاز العلمي في القران الكريم/دار غريب/القاهرة/چاپی یەکەم ٢٠١٣/ ل١٢٩.

٩- بەهەمان شێوە هەر سەیدنا (سولەیمان عَلَيْهِ السَّلَامُ) و هەواڵ پێگەیاندنی پەپوسلێمانکە (الهدهد) و قسە کردنی لە خزمەتییدا، دەیسەلمێنێت، کە پەپوسلێمانکە زانیاری زۆرتری لەسەر ئەهلی (یەمەن) و (شاژنە بەلقیس) هەبوو زیاتر لە سەیدنا سولەیمان!

سەرنجدەرە ئەم ڕاپۆرتە وردەکارییەی پەپوسلێمانکە، کە بە سەیدنا سولەیمان دەڵێ: (أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾ إِنِّى وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَىْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾ وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ ﴿٢٤﴾) النمل/٢٢-٢٤.

واتە: گەیشتوومەتە زانیارییەك، کە جەنابت نەیگەیشتویتێی!

لە ناوچەی (سەبەء) (کەپایتەختی ئەو کاتەی یەمەن بوو) هەواڵێکی ڕاست و دروستی واقیعیم بۆ هێناویت.. دیتم ئافرەتێك خاوەنیانەو حوکمڕانییان دەکات، هەموو شتێکی بۆ مەیسەر بووەو، تەختێکی شاهانەی زۆر گەورەو مەزنی هەیە!

دیتم خۆی و قەومەکەی سوجدە بۆ خۆر دەبەن و -لە جیاتی خوای گەورە- ئەو دەپەرستن! شەیتان کارو ڕەفتارەکانی لا شیرین کردوون و لە ڕێبازی خواویستی ترازاندونی. واپێناچێت ڕێی هیدایەتی خوایی بگرنە بەر.

ئەم دەقە کورتە زۆر خاڵی -لە زۆر بواردا- لە خۆ گرتووە، لە حەقیقەتەکانی عەقیدەوە بۆ خواپەرستیی، بۆ ئیدارەو موخابەرات و ڕاستگۆیی هەواڵدان..

بەڵام ئەوەی لێرەدا پەیوەندیی بەم باسەی ئێمەوەیە، ئەوەیە، کە ئەم گەردوونە بەرفراوانەو ئەم ژیانە سەرسوڕهێنەرەی، پڕن لە مەخلوقات، هەر هەموویان زیکری خوا دەکەن! ئیعتیراف بە کردگارێتیی و خوایەتیی و حاکمێتیی ئەو دەکەن و عەبدایەتی بۆ ئەنجام دەدەن: بە پەرستن، بە ملکەچی فەرمان و بە ڕوتێکردنی..

هەر یەکە لەم مەخلوقاتانە، جیهانێکی - وەکو جیهانی ئێمەی مرۆڤ- قەرەباڵغە.. بڕوانە ئەم پەپوسلێمانکەیە لەم دەقەدا، چۆن دەخاڵ (١٠) دەسەلمێنێت، کە بەڵگەی پەی پێبردنی ژیرانەو ئەقڵ پێشکان و درك کردنی بەرپرسێتی دنیاو قیامەتە:

أ- دەڵێ: گەیشتومەتە زانینی واقیعێك، کە جەنابت زانیاریت لەسەری نییە، چونکە دەزانێت، کە ئەگەر سەیدنا سولەیمان بیزانیایە، ئاوا قەومێك خۆر دەپەرستن و لە ناوچەکەشیەوە نزیکن و دەتوانێت بیانگاتێ، حەتمەن تەوحیدی -ئەگەر بە نامەش بوایە- پێدەگەیاندن، وەکو دواتر بە نامەبانگهێشتی خواویستییەکەی کردن.

ب- شارەزابوونی جوگرافیایی و ناسینی جێگاکان: چونکە باسی (سەبەء) بەتایبەت دەکات، کە هەواڵەکەی لە (یەمەن)ەوە بە تەئکید هێناوە.

ج- زانی، کە ئافرەتێك حاکمیانەو وەکو خاوەنیان ڕەفتار دەکات: ئەمەش ناپەسەندەو ناشێت، نە حوکمی باڵای ئافرەت جائیزە ببێتە حوکمڕانی یەکەمی وڵات، نەهیچ حاکمێکیش (پیاو، یان ئافرەت) بۆی هەیە وا ڕەفتار بکات، وەکو ئەوەی، کە خاوەنی ڕەعیەتەکەی بێت! چونکە حاکم کرێکاری ئوممەتەکەیەتی.

د- زانی، کە ئەو مەملەکەتە شانشینیە، ئاوەدانەو لە نازو نیعمەتدان.

هـ- زانی، کە لە ناو کۆشکی شانشینێتی ئەو خاتوونەدا عەرشێکی گەورە هەیە، کە تەخت و تاراجی شاهانەی ئەوە.

و- زانی، کە دەسەڵاتداران و هاوڵاتیان سوجدە بۆ خۆر دەبەن و موشریکن، دیدڵێڵ و ڕێ وێڵن و خواناس نین.

ز- زانی، کە سوجدە بردن بۆ خۆر شیرکەو، ڕەفتارێکی ناقۆڵاو بەدە، کە پێویستە لێی بێدەنگ نەبن.

ح- زانی، کە شەیتان لە چەندەها لاوە، زەفەری بەم قەومە بردووە: لە شیرك و کوفرو چەوتی حوکم و گومڕابووندان.

ط- ئەوەندە لە تەوحید شارەزایە کە بزانێت نەك هەر سوجدە بردنەکەیان بۆ خۆر شیرکە، بەڵکو دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی حوکمڕانیی و، ئاڕاستەی ژیانی کۆمەڵگەکەش گومڕاییەو، پێویستە هەوڵیان لەگەڵدا بدرێت، تا بێنە سەر دین و دیدی خواویستی.

ی- ئەمانە، ئەگەر هەروا بڕۆن، هیدایەتیان پێنەگات، هەروا لەسەر دیدو ڕێی کوفرو بزاوت و، هەڵوێستی شیرك و ناڕەوایی حوکمڕانیی دەمێننەوە.(١)

لەگەڵ ئەم وردەکارییەی ڕاپۆرتەکەشدا، سەیدنا (سولەیمان) فەرمووی: باشە، دەکۆڵینەوە بزانین ڕاست دەکەیت، یان تۆش لە ڕیزی درۆزنەکاندا دەبیت..

ئەمەش بەرپرسێتی ئەو کەسانەیە، کە ڕاپۆرتیان پێدەگات، نەك خەڵکانێك بگرن، یان ئەشکەنجە بدەن، یان ئیعدام بکەن بە ڕاپۆرتە درۆزنەی کاسەلێسانی دەوروبەریان!

سەیدنا (سولەیمان عَلَيْهِ السَّلَام) فەرمووی: (سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ) النمل/٢٧.

پاشان هەر پەپوسلێمانکە شارەزاو خواناس و هەست بەرزەکەی، کردەوە بەسەفیری خۆی بۆ (یەمەن) و نامەی بانگەوازی خواناسیی پێدا نارد.. لەوەشدا سەرکەوتوو بوو، چونکە زانی ئەرکی سەفیر چییە؟!

ئەنجامی کارەکەشی ئەوە بوو: کە (بەلقیس)ی شاژن هاتە خزمەت سولەیمان و موسوڵمان بوو: (وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَـٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ) النمل/٤٤.

١٠- لە سیرەو سوننەتی پێغەمبەری خواشدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، نموونەی ئەم ڕەفتارە ژیرییە خواناسانەی بێگیان، زۆرەو ریوایاتیان سەحیحە، کە سەدان یاوەر واقیعەکانیان دەبینی.

---

(١) لەسەرنجدانە وردکارییەکانی عەللامە شەنقیتیە (رحمە اللە) (اضواء البیان ٨/٨).

وەكو: تەسبیحاتكردنی چەوو زیخ لە دەستی پیرۆزییدا، وەكو: سوێگرتنی قەدە بڕاوەكەی ئەو دارخورمایەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)- پێش دروستكردنی مینبەر- لەسەری دەوەستاو وتاری هەینی دەفەرموو.. یان وەك ئەوەی، كە جەنابی دەیفەرموو وەكو:

أ- بوخاری لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَعِدَ أُحُدًا وَأَبُو بَكْرٍ،وَعُمَرُ، وَعُثْمَانُ فَرَجَفَ بِهِمْ، فَقَالَ : اثْبُتْ أُحُدُ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ نَبِيٌّ وَصِدِّيقٌ وَشَهِيدَانِ)(١).

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی بردە چیای (ئوحد)و سەركەوتە سەرێ، ئەبو بەكرو عومەرو عوسمانیشی (خوا لێیان ڕازی بێت) لە خزمەتدا بوون.. كە لە سەری وەستان (ئوحود) لەرزیی!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پـێی فەرموو: ئەرێ ئوحود، خۆ ڕاگرەو مەجوڵێ، پێغەمبەرێك و ڕاستگۆیەك و دوو شەهیدت لەسەرە!

ب- ئیمامی مالیك لە (الموطأ)دا دەگـێڕێتەوە: كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی لە سەفەرێك دەهاتەوە، كە گەیشتە ئاستی چیای (ئوحود) ڕووی تێكردو فەرمووی: (هذا جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ)(٢).

ئەمە چیایەكە خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێت.. ئەمە هەستی درك پێكردن و دەربڕیـنی سۆز و خۆشەویستی ژیرانەیە.. دەنا چۆن چیایەكی زرپ و ڕەق لە خۆشیاندا، لە پێشوازییدا، بۆ دەربڕیـنی خۆشـحاڵی دەلەرزێت؟

چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دەدوێت؟!

---

(١) بوخاریی ٣٤٧٢
(٢) بوخاریی ٣٨٥٥

چونکە ئەم چیایە خاوەن هەست و سۆزو خۆشەویستییە. هەروەکو کە ئێمە خاوەن هەست وسۆزو خۆشەویستین، ئەو ئێمەی خۆشدەوێت و ئێمەش ئەومان خۆشدەوێت.. ئەمەش تا قیامەت بەردەوام دەبێت!

ج- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (إِنِّي لَأَعْرِفُ حَجَرًا بِمَكَّةَ كَانَ يُسَلِّمُ عَلَيَّ قَبْلَ أَنْ أُبْعَثَ إِنِّي لَأَعْرِفُهُ الْآنَ)[1].

واتە: بەردێك لەمەککە دەناسم، هەر کاتێك -پێش پێغەمبەرێتیم- بەلایدا تێپەڕ دەبووم، سەلامی لێدەکردم، ئێستاش دەیناسمەوە!

د- حوشترێك لەدەست خاوەنەکەی بەلەسە بوو، بە کەس نەدەگیرایەوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی بەرەو ڕووی چوو، وەستاو هیچ نەجولا، تا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گرتی و دەستی پاکی پێدا هێنا، حوشترەکە هێدیی بۆوە.. سەیدنا ئەبو بەکر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەڵێی دەزانێت، کە جەنابت پێغەمبەری خواییت؟

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: هەرچی لە نێوان ئەم دوو چیایەی شاردایە، دەزانێت کەمن پێغەمبەری خوام!

## پەردە نەبینراوەکەی نێوان!

هەستکردن و پەیبردن بەم حەقیقەتە عەقائیدییە، کە حەقیقەتێکی وجود و گەردوون و ژیانە، دوای جێگیربوونی ئیمان دێت.. چونکە ئیمان، دیدو ڕوانگەو تێڕوانینێکی دوور مەدای کات و شوێن و ماهییەت دەداتە ئیماندااران..

موسوڵمانی عەقیدە جێگیرو خواناس، ئاسان و ئاسایی ڕەفتار لەگەڵ هەموو موفرەداتەکانی گەردووندا دەکات، چونکە ئەو حەقیقەتە عەقائیدییانەی لا بوونەتە بەڵگە نەویست..

---

(١) موسلیم ٢٢٧٧

یەقینی هەیە، کە هەموو (شت)ێك زیکری خوای کردگارو خاوەن و پەرستراوی دەکات.. ئەمە لای موسوڵمان حەقیقەتی عەقائیدیی و ڕێسای جێگیری وجودە: (وَإِن مِّن شَىْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ ) الاسراء/٤٤.

ئەمما ئەو کەسانەی بێ باوەڕن، لە نەفامی خۆیانەوە گاڵتەیان بە ئەقڵی ئێمە دێت! کە باوەڕمان بە شتی واهەیە.. ئەم دوو هەڵوێستە وەکو دوو هێڵی تەریبن، هەر دەڕۆن و پێك ناگەن..

ئێمە یەقینمان زیاد دەکات و ئەوانیش گومڕایی و سەرگەردانی.. ئێمە واقیعەکان بەپێناسەی حەقی وەحی دەبینین، بۆیە پەردە لە نێوانماندا نییەو، بە چاوی دڵ ئەو نهێنیانە درك پێدەکەین، کە لە پشت دیتنی چاومانەوەیە.. نەك هەر پەردەکانی کات و شوێن و ماهییەت.. بەڵکو ئەو پەردە پەنهانەش کە خوای گەورە باسی دەفەرمووێ: ( وَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا ) الاسراء/٤٥.

واتە: کاتێك قورئان دەخوێنیت، ئێمە پەردەیەکی پەنهانی شاراوە، لە نێوان جەنابت و ئەو کەسانەدا دادەنێین، کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نیە.

ئیبنوحەجەر (رحمەالله) دەفەرمووێ: (ڕەوانبێژیی و موعجیزەییێتی ئەم پەردەیەی نێوان لەوەدایە کە دیتراو نییە، شاراوەیە.. پەردەیەو ناشبینرێت، بەر بەستە و هەست پێناکرێت).

بێگومان ئەمە بۆ ئێمە، حەقیقەتی عەقائیدیی و ڕێسای نەگۆڕی گەردوونیە، یەقینمان پێی زیاد دەکات، چونکە فەرمایشتی خوای گەورەیە.. فەرمایشتی خوای گەورەش حەقیقەتی ڕەهایە، بێ سنوورو بێرادەو بڕو بێ قەبارەیە.. ڕاستیی موتڵەقە.. بەڵام ئەو گومڕایانە، کە پەردەکەش نادیارە لێیان، ئەوەندەی تر گومڕا دەبن و، وا دەزانن: خۆیان ڕاست دەکەن..

ئێمە دەڵێین: پەردە هەیەو پەنهانە، ئەوان دەڵێن: کوا پەردەکە؟!

ئەگەر پەردەکە دیارو ئاشکرا بوایە، دەکرا هەوڵیان بدایە لایدەن، یان لە دیوێکی ترەوە بۆی بچن، یان جۆرە ڕەفتارێکی تری لەگەڵدا بکەن..

بەڵام، کە پەردەکە نادیارە، زیاتر گومرا دەبن! بیانووشیان بەدەستەوە نابێت، چونکە ناتوانن بڵێن: پەردەی شاروەمان لە نێواندایە.. ئەگەر وایان وت، فەزح دەبن، چونکە باوەڕهێنانە بە نادیار.. باوەڕهێنانە بەوەش، کە پەردەکەی بە نادیاریی داناوە!! ئەوانیش ئەمەیان ناوێت!

بڕوانە چۆن خوای گەورە ڕێی هیدایەت لەو کەسانە دەگرێت، کە بەرەو دینەکەی نەهاتوون و، نایانەوێت باوەڕی پێ بکەن و دیندار بن.. لە قیامەتیشدا لە هەمان دیدڵێلیی و ڕێ وێڵییدا دەیانهێڵێتەوە!!

لەوێش، کە موسوڵمانان خوای گەورە دەبینن، ئەوان هەر نایبینن و پەردە لە نێوان خوای گەورەو ئەوانی کافری دنیای دەبێت.

- خوای گەورە بۆ ڕوانیـنی ئیمانداران بۆ خوای گەورە دەفەرمووێ: (وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾) القيامة/٢٢-٢٣.

لەو ڕۆژەدا –لەقیامەت- ئەوانەی ڕووگەشن، ڕوویان بە نازو نیعمەتی خوا تەڕو بەل و پاراوە و، ئاسەواری نیعمەتیان پێوە دیارە، بۆ خوای پەروەردگاریان دەڕوانن.. خوای گەورە بمانخاتە ڕیزیان ئامین.

- بۆ کافرەکانیش دەفەرمووێ (وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ الَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ ﴿١١﴾ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾) المطففين/١٠-١٦.

واتە: سزای وەیل (کە دۆڵێکە لە دۆزەخدا) لەو ڕۆژەدا بۆ ئەو کەسانە دەبێت، کە وەحـی خوای گەورە و پەیام و نێرراوەکانیان بە درۆ دەخستەوە، ئەوانەی،

کە دەڵێن: زیندووبوونەوە نییەو ڕۆژی دوایی درۆیە.. ئەو کەسانەی وا دەڵێن: ستەمکارن و لە سنووری حەق دەرچوون و لە تاوان و سەر پێچییدا نقووم بوون..

ئەوانە، کە ئایەتی قورئانیان لا دەخوێندرێتەوە، دەڵێن: ئەفسانەی کۆنەو باوی نەماوە! نا، نەخێر، ئەوانە بۆیە وا دەڵێن و باوەڕ ناهێنن، چونکە چڵك و چەپەڵی گوناح دڵی داگرتوون، تاوان و خراپەکاریی، بۆتە ژەنگ و ژارو، دڵی داپۆشیوون. نا، نەخێر. ئەوانە حەتمەن لە ڕۆژی دواییدا، هەر خوای گەورە نابینن و پەردە لە نێوان ئەوو ئەواندا دەبێت.. پاشان دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوەو، هەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە.

- ئیبنوکەثیر (رحمەالله) بە سەنەدەوە دەگێڕێتەوە، کە کاتێك سورەتی (المسد) (تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١) هاتە خوارەوە، کە لەسەر ئەبولەهەب و ژنەکەیەتی.. ژنەکەی ئەبولەهەب، کە گاڵۆکێکی بە دەستەوەبوو، بە ڕق و قینەوە ڕووی کردە کەعبە، هەر هاوارو فیزاحی دەکرد.

سەیدنا ئەبوبەکر (خوا لـێی ڕازی بێت) لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ )لە کەعبە دانیشتبوون، عەرزی کرد: دەترسم تووشی ئازارێکت بکات.

فەرمووی: خوای گەورە دەمپارێزێت لـێی، ئیتـر چەند ئایەتێکی قورئانی خوێند..

ژنە بەو رق و قینەیەوە هات و، ڕووی لە سەیدنا ئەبو بەکر کردو لەسەر سەری وەستاو وتی: کوا هاوڕێکەت، کە قسەی پێ وتووم؟

سەیدنا ئەبوبەکر (خوا لـێی ڕازی بێت) پـێی فەرموو: بە خوای خاوەنی ئەم کەعبەیە، نە شاعیرەو نە هەجووش دەکات.

ژنە وتی: ڕاست دەکەیت و ڕۆیشت. پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) نەبینی!

باشە لـێرەدا پەردەی پەنهان هەبوو، یان نا؟ حەتمەن هەبووە، بۆیە سەیدنا ئەبوبەکری دیووە، پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ ) نەبینیوە..

بڵێن: پەردە لەو نێوانەدا نەبووە ڕاستترە؟ یان بڵێن: هەبووەو شاراوە بووە؟!

هەبوونی (حِجَابًا مَّسْتُورًا )ـە و (وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ) چییە؟

هەر دووکیان بوارێکی، کە ژیری ڕێی ناباتە سەرو ناکرێت بخرێنە ژێر هەستەوەرەکانەوە.. دەشێت سەدان شتی تر هەبێت، کە لەم جۆرەیەو ژیری پەی پێنابات.[١]

کەوا بوو ناشێت وا بزانرێت پەردەی شاراوە وجودی نییەو نابێت.

تەسبیحاتی مەخلوقاتیش هەر وایە.. هەر بەوەندەی ئێمە لێی تێناگەین و نازانین چۆنە، مانای وا نییە وجودی نەبێت..

بۆیە ئەوانەی ئەهلی ئیمانن و باوەڕیان بە کردگارێتیی و زانایی و بەتوانایی خوای گەورە هەیەو عەقیدەیان جێگیرە، باوەڕیان وایە: کە مەخلوقاتیش سوپاس و ستایشی خوا دەکەن و، بەوەش ئیعتیراف بەپاك و تەواویی و بێ لەکەیی خوای گەورە دەکەن.

---

(١) ئێستا هەر ئەم حاڵەتە خۆی لەم سەردەمی ئەلیکـترۆنەدا، ئاسانتر پەی پێدەبرێت: کۆدی تەلەفۆنی وڵاتان پەردەیەکە لەوانە! مۆبایلی وڵاتێکت پێیە کە لە سنووری وڵاتەکە دەرچوویت پەردەیەکی شاراوە وا لە نێوان سنوری دوو وڵاتەکەدا.

بۆ نموونە: (ئەوە تاقیکراوەشە) لە نێوان (سویدو نەرویج)دا لەڕێی نێوان ئوسلۆ/ یوتۆبۆری پردێك لەسەر سنور هەیە.

لە ناوەڕاستی پردەکەدا بووەستەو مۆبایلەکەت لە دەستی چەپتدا بێت، دەبینـی کۆدی وڵاتێکیان نیشان دەدات، بیخە دەستی ڕاستت کۆدی وڵاتەکەی تر نیشان دەدات، چونکە پەردەی نادیار هەیە، کە سنورێکی ئەلکترۆنی نادیارە.

**ئایەتی دووەم :**

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ مِن دِيَـٰرِهِمْ لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ ۚ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا۟ ۖ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا۟ ۖ وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ ۚ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِى ٱلْمُؤْمِنِينَ فَٱعْتَبِرُوا۟ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَبْصَـٰرِ ﴿٢﴾ ﴾

واتە: ئەوە خوای گەورەیە، کە کافرەکانی ئەهلی کیتابی لەجێ و ڕێی خۆیان دەرهێنا، سەرەتای ئەم دەرکردنەیان ئەوەبوو: کە لەقەڵاو قوڵلەکانی خۆیان (لە گوندی زەهرەوە) هێنایە دەرەوە.

ئەمە یەکەم قۆناغیان بووز دواییشیان لەسەردەمی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابدا بوو (خوا لـێی ڕازی بێت)، کە ئیـتر هەموویان لە عەرەبستان دوور خرانەوەو گـێڕرانەوە بۆ شام.

هەندێکیش دەفەرموون: دەرکران بۆ سەرزەمینی (حەشر) کە (شامە)، واتە: ئەو شوێنەی لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە ساحەی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان.

ئیبنولعەرەبی (رحمەالله) دەفەرمووێ: حەشر سێ قۆناغ و شوێنە: یەکەمیان: دەرکردنیانە لە مەدینە، دووەم: دەرکردنیانە بۆ شام، سێیەم: کۆکردنەوەی هەموو خەڵکییە لە حەشردا.

* دەفەرمووێ: ئەهلـی کیتاب، ئەهلـی تەفسیر هەموو لەسەر ئەوە ڕێکن، کە مەبەست لەمانە: جولەکەکانی بەنونەزیرە.

تەنها شیخ حەسەن بەسریی (رحمەالله) دەفەرمووێ: مەبەست لـێی جولەکەکانی (بەنوقورەیزەیە).

خوای گەورە دەیەوێت بە یاوەران و ئەهلی ئیمانیش -کە لە نەوەکانی دوای ئەوانن- بفەرمووێ: کە فەرمانی قەدەری خوای گەورە دەرچوو بوو، کە دەبێت ئەوانە لە ناوچەکە دەربکرێن و، لە ژێر ئەمانی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نەمێنن، چونکە ئەهلی غەدرو خیانەتن و، هەرچەند پەیمانیش ببەستن، خیانەتکارییەکە هەر دەکەن.

هەروەها دەیەوێت ئەوە بخاتە پێش چاوی ئیمانداران، کە ئەمە لە فەزڵ و نیعمەتی خوای گەورەوەیە بۆ ئێوە، چونکە ئەوەی ئێوە بە خەیاڵتاندا نەدەهات: گرتنی قەڵاکەیان بوو، چ جای دەرکردنیان لە ناوچەکەو دەستکەوتنی سەروەت و سامان و قەڵاو قوللەکانیان!

کەوا بوو هەقە تەسبیحاتی خوای گەورە بکەن و بە بەرزو مەزن رایگرن و، نەهێڵن کەس بە سیفەتی کەم و کورت و نوقسانی وەسفی بکات، چ جای سووکایەتیی و هاوبەش بۆ دانانی.

* دەفەرمووێ: (مَا ظَنَنتُمۡ أَن يَخۡرُجُواْ ) ئێوە تەسەورتان نەدەکرد، کە دەرپەڕێنرێن! چونکە زۆرو کۆ بوون، چەکدارو دەوڵەمەند بوون، لە قەڵاو قوللەی مەحکەمدا بوون، کەس بیری لە هێرشکردنە سەریان نەکردبۆوە..

ئێوەی موسوڵمانیش لە ماوەی گەمارۆدانەکەشیاندا، لە خەیاڵتاندا نەبوو هێرش بکەنە سەریان، چونکە زەحمەت بوو، ئەوانیش بە خەیاڵیاندا نەدەهات، کە ناچاری هاتنەدەرەوە ببن!

* (وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمۡ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْ..) لەو باوەڕەدا بوون، قەناعەتیان وا بوو، لێرەدا (ظن) بە مانەی گومان نییە، بە مانای دڵنیابوونە، کە قەڵاو قوللەکانیان ئەوەندە مەحکەمە، کەس زەفەریان پێنابات و، ناتوانێت نە بە دەروازەکانیاندا بێتە ژوورەوە، نە دەتوانێت بە شوراو دیوارەکانیشیاندا سەربکەوێت..

لەو باوەڕەشدا بوون، کە خوای گەورەش ناخوازێت ببەزێن، یان لە بێ ئەدەبی خۆیان و غرورو هەڕاڵیاندا، دەیانوت: قەڵاو قوللەکانمان ئەوەندە مەحکەمن، لە خواش دەمانپارێزن! نعوذ بالله.

قەڵاو قوللەکانی (بەنونەزیر) - لە گوندی زەهرە- شەش قەڵای سەخت بوون، کە ئەمانەن: (الكُتَيبة، الوَطيح ، السُلالم، النطاة، الوخدة، شَق)، بەڵام کە فەرمانی خوای گەورە هات، بە شێوەیەك ورەیان بەرداو بەزین، کە خۆشیان بە خەیاڵیاندا نەدەهات، هیچ حساباتێکی وایان نەکرد بوو، کە بە بێ جەنگ، ناچار بین بە دەستی خۆیان خانوو ماڵ و قەڵاکانیان بڕوخێنن و، زەلیلانە بە بێ چەك لە شار دەربکرێن!

ئەوان ئاوا لە خوای گەورە غافڵ بوون و، قسەی بێ ئەدەبانەیان بەرامبەر خوای گەورە دەکرد، خوای گەورەش ئاوا زەلیـلی کردن، کە بە هیچ شێوەیەك گومانی وایان نەدەبرد، کە هەموو چەکەکانیان تەسلیم بکەن و، مەرجەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بێ چەندو چوون رابپەڕێنن!

ئەم ئایەتە هەروەکو ئەو ئایەتەیە، کە دەفەرمووێ: ( قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَـٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَـٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ ) النحل/٢٦.

واتە: کافرەکانی پێش ئەمانیش کەوتنە فاك و فیك و پیلان گێـڕان، بەڵام فەرمانی خوای گەورەیان بە شێوەیەك گەیشتە سەر، کە کۆشك و تەلاری لە بناغەوە تێکڕمان و سەربانەکانی بە سەردا تەپاندن، سزاو ژان و ناسۆریان بە جۆرێك داباریيە سەر، کە خۆشیان هەستیان پێنەکرد، کە چۆن وا ڕوویدا.

* (وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ.. خوای گەورە ترس وبیم و تۆقینی فڕێدایە دڵیانەوە).

قَذَفَ: هاویشتنە بۆ دوور..[1] لە قورئانیشدا هەر بۆ ئەم مانایە بەکا رهاتووە:

---

(١) الراغب الاصفهاني: مفردات الفاظ القران/ تحقيق صفوان عدنان الداروديي / دار العلم / دمشق ٢٠٠٢/١٤٢٣ (ل٦٦١).

**یەکەم:** وەکو کە بە دایکی سەیدنا موسا علیهما السلام دەفەرمووێ: (فَٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ) طه/٣٩.

کۆرپەکەت بخەرە سندوقێکەوەو، فڕێیدەرە ڕوبارەکەوە، کە حەتمەن دووری دەخاتەوە.

**دووەم:** بۆ ڕەجمکردنی شەیتانەکان، کە بەرد تێگرتنیانە لە دوورەوە، تا دوور بکەونەوە. دەفەرمووێ: (لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰ وَيُقۡذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٖ ۝٨ دُحُورٗاۖ) الصَّافات/٨-٩.

شەیتانەکان، کە هەواڵ دەدەن، بە ئاسماندا سەردەکەون تا بگەن بە جیهانی باڵاو گوێ هەڵبخەن، لە هەموو لایەکەوە بۆ گێڕانەوەو ڕێگرتنیان، ڕەجم دەکرێن.. دیارە ئەوانەی، کە ڕەجمیان دەکەن، دوورن لە شەیتان، چ خوای گەورە خۆی بێت، چ فریشتەو دانیشتوانانی تری ئاسمانەکان.

**سێیەم:** بۆ هاویشتنی حەق، کە لە خوای گەورەوەیە، لە ئاسمانەوە بە گوڕ دێت و بە (باتڵ) دەکێشرێت، کە لەسەر زەمیندا پەلی هاویشتووەو، مەغرورانە خۆی بە دەسەڵاتدارو بەهێز نیشانداوە.

بۆیە دەفەرمووێ: (بَلۡ نَقۡذِفُ بِٱلۡحَقِّ عَلَى ٱلۡبَٰطِلِ...) الانبیاء/١٨، بەڵام حەتمەن حەقمان بە دەستەوە گرتووەو لەسەرەوە دەیگرینە باتڵ.. هەموو سیماو سیفەتی هێز لەم ئایەتەدا بەکار هاتووە:

١- بکەرەکە خوای گەورەیە.. خوای گەورەی بەهێزو دەسەڵاتدارە، کە حەقەکە دەهاوێت.

٢- بە شێوازی کۆ (جمع) دەفەرمووێ: (نقذف)، نەك (أقذف)، هەر چەندە بێگومان هێزی خوای گەورە بەسە بۆ نابوت کردنی باتڵ، بەڵام لە لایەکەوە وەسفی مەزنی و دەسەڵات و توانای خوای گەورەیەو، لە لایەکی ترەوە ئاماژەیە بۆ بەرەی حەق،

کە خوای گەورەو فریشتەو پێغەمبەران (علیهم السلام) و شوێنکەوتوانیشیان لە هاویشتنی حەقەکەدا بەشدارن.

٣- (قذف) فڕێدانە، هاویشتنە، کە دیارە وەکو پێك کێشران و بەرکەوتن و بەسەردا کەوتنی ئاسایی نییە، چونکە ئەمیان گوڕو تینی بەهێزتری پێوەیە، وەکو، کە تۆ بەردێك لەسەربانەوە بە شتێك بکێشیت، هێزەکەی زیاترە وەك لەوەی خۆی بەسەریدا بەر بێتەوە.

٤- پیتی (ب) لە ئایەتەکەدا بۆ هۆکاریی (الواسطة) یە، وەکو ئەوەیە، کە خوای گەورە حەقەکەی خۆی بەدەستەوە گرتووەو دەیهاوێت! وەکو دەڵێیت: (کتبتُ بالقلم، قذفتُهُ بحجر، قتلتُه بالسیف).

٥- (الاعلى) ئاماژەیە بۆ ئەوە، کە حەق لە باڵاوە دێت، لە ئاسمانەوە بە وەحی هاتووە، ئەمە جگە لەوەی، هێزی وەحی خوایی لە خۆ گرتووە، کە مادام لە باڵاوە دێت حەتمەن بە گوڕو تین و بەهێزترە..

ئەمەش وەسفی (سیفەت)ی خێرایی و هێزی فیزیاییە، کە ئێستا لەم سەردەمەدا هێزی ئەستێرە خزین (شهب: نیازیك)ی پێدەپێوریێت، کە ڕۆژانە بە ملیۆنەها پارچە کەرەستەی جیاواز، لە ئەستێرەکانەوە بەرەو زەمین بەردەبنەوە، بەڵام هەوای دەوری زەوی دەیگێڕێتەوەو ناهێڵێت بەر زەوی بکەوێت.. ئەمانە پێیان دەوترێت: (كُوَيكِبَات[1]) واتە: کەوکەبی گچکە..

لە نێوان ساڵی (٢٠٠٠-٢٠١٣)دا بیستوشەش کەوکەبی گچکە، بەردی خۆی بەرەو زەوی فڕێداوە، کە هەر یەکێکیان لە نێوان (٦٠٠-١٠٠٠ کیلۆ تۆن) مەزندە کراون.

---

(١) لەعەرەبیدا ئەستێرە ئەوەیە کە خۆی تیشکی تێدایەو دەیداتەوە (کوکب)یش ئەوەیە، کە تیشکی خۆرێك وەردەگرێت و دەیداتەوە، بەڵام ئێمە لە کوردییدا ئەوەندەی من بزانم، هەر دەڵێن: ئەستێرە، لێرەدا مەبەست: (کەوکەب)ە.

واتە: ئەوەندە جار لەتی ئێن تی زیاتر!.[١]

چوارەم: خوای گەورە وشەی (قذف)ی لێرەشدا بەکارهێناوە، چونکە کافری لێ دوورەو، هەر لە دووریشەوە رەجمیان دەکات و، ئەم ترس و تۆقینەشی، هەر لە دوورەوە فڕێداوەتە دڵیانەوە، کە زۆر خـێراو توندو ناکاوەو، دەیکاتە مایەی لاسەنگی هەڵوێست و دیدی لێڵ، کە هەردووکیان وا دەکەن، کە مرۆڤ بشڵەژێت و ڕاڕا بێت لە گرتنەبەریی دیدو بزاوت و هەڵوێستی پارسەنگدا!

ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی دەروونی لە حاڵەتی ئاساییدا دروست دەکات، چ جای حاڵەتی سەربازیی.. بەرەی جەنگەو موسوڵمانان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوییان هاتوون.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )مەرجی لەسەر داناون، کە قابیلی گۆڕین نین، ئەوانیش گەمارۆ دراون و گەمارۆکەش تووڵی کێشاوە.

بە قامی دووڕووەکان خۆیان ئازا کرد، بەڵام ئەوەتا، نەك دووڕووەکان، (بەنوقورەیزە)ی جولەکەی هاودین و بەرەبابیشیان نایەنە هاوکارییان!

---

(١) لە بۆمبا ئەتۆمیەکە زیاتر، کە ئەمریکای تاغوت بە (هێرۆشیمای ژاپۆنیی)دا دا. لەساڵی ١٩٤٥دا (١٥) کیلۆتۆن بوو..
بۆ نموونە: ساڵی (٢٠١٣) پارچە کەرەستەیەك لەکەوکەبێکی گچکەوە بەسەر شاری (چیلیابینیك)ی روسیا دا کەوت هێزی ڕماندنەکەی (٦٠٠) کیلۆتۆن بوو!! بەڵام بەر ئاوەدانی نەکەوت..
دائیـرەی (بی٦١٢)، کە لە کالیفۆڕنیایە لە ئەمریکا و پسپۆڕی لێکۆڵینەوەی ئەم حاڵەتەیە، دەڵێ: ڕۆژانە ئەم کەرەستانە بەرەو زەوی دێن، بەڵام هەوا دەیانگێڕێتەوە و، زۆرینەی جار لە گێرانەوەیاندا ورد و خاش دەبن، کە بشگەنە سەرزەمین زیانیان نامێنێت، چونکە گورو تین و هێزەکەیان پێ نامێنێت و، زۆر زۆر گچکە دەبنەوە وەکو تۆزو خۆڵیان لێدێت.
سەرچاوە: ڕۆژنامەی (القدسی العربی) ژمارە ٧٧٤٥ /٢٠١٤/٥/١٤ بە کورتی لە کتێبی (دیدی مەلەکوتی) دیاردەی رەتکردنەوەی ئاسمانم زیاتر باسکردووە.

ئەوان لەم حاڵەتە دەروونیە پشێوەو ورە ڕوخاویەدان و، خوای گەورەش خۆی هاتووە بۆیان! دەفەرمووێ: (فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَ..) حەتمەن ئەنجامی ئەم بزاوت و هەڵوێستە، هەر تەسلیم بوونیان دەبێت!

١- دەبێ تەسلیم ببن و لەناوچەکەش با ربکەن، قەڵاو قوڵلـە مەحکەمەکانیان چۆڵ بکەن!

٢- نابێت چەك لەگەڵ خۆیاندا ببەن! ئەوەش یەعـنی نەمانی ئامێری بەرگریی کردن لە خۆیان و ماڵ و منداڵ و سامانیان، کە ئەگەر لە ڕێگا گەلەگورگێکیان تووش ببێت، دەخورێن! یان تاڵانکارو جەردەو ڕێگر دەتوانن بێنە سەر ڕێیان و، هەرچی لەگەڵ خۆیاندا بردووە لێیان بسەنن!!

٣- ئەوەی دەتوانن با لەگەڵ خۆیانی ببەن! جا چـی دەبەن بەچـی؟

جولەکەکان ئەهـلی بازاڕ بوون، نەك بازرگانی دەرێ، ئەمەش یەعـنی نەبوونی کاروانی حوشترو ئێسترو بارییی! کەوا بوو کەمیان پێدەبرێت.. (بەنونەزیر) چێنەر بوون، خاوەن زەوی زارو باخ و باخات و بەرهەم بوون..زەوی زارو باخەکانیشیان وا لە دەرەوەی قەڵاکەداو، موسوڵمانیش درەختەکان دەبڕنەوەو حاسڵاتەکانیان دەسوتێنن!! کەوابوو، هەرچـی ئەوەی، کە لەم حاڵەتەدا هەیانە، ئەوەیە، کە لە ناو قەڵاکەدایە!

٤- ئەم بارودۆخەی جەنگ و گەمارۆو ترس و، لە دەستدانی ئەمان و سامان و تەسلیمکردنی چەك، هەر دەبوو بگەیێنێتە ئەو ئەنجامە دەروونیە پڕ کەسەرە، کە قبوڵ کردنی مەرجەکانی (دوژمن)ە!

ئینجا لە تاواندا لەلایەکەوە هەوڵیان دەدا، خانووەکانیان بڕوخێنن، تا موسوڵمانان سوودی لێنەکەن و، خۆشیان بتوانن دەرگاو پەنجەرەو نیرگەو کۆڵەکەکانیان لەگەڵ خۆ ببەن.. ئەمەش ئەنجامێکی تری کارەسات و پڕ کەسەری دەروونی ترە.

* (يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ...) ماڵەكانی خۆیانیان بە دەستی خۆیان و بە دەستی موسوڵمانان دەڕوخاند! هەروەكو دەستی موسوڵمانانیش بوو بێتە پیك و نوێڵ و ئامێری تری هەڵوەشاندن و ڕماندنی خانوو!

قەڵایەك، كە بەساڵانێكی تووڵانی و پشوودرێژیی و ماندوو بوون بنیاتنراوە، ئێستا دەبێت زۆر بەپەلە بـیڕوخێنن!!

هەر خۆشیان نین، كە دەیڕوخێنن! كە فریای ڕماندنی هەمووی ناكەون، دەستی موسوڵمانانیش هاوكاری ڕوخاندنەكەیە!! ئایەتەكە وێنای ڕوخاندنەكە وادەكات، كە خۆیان مەشغووڵی ڕماندن و كۆڵەكەو دەرگاو پەنجەرە هەڵگرتنەوەو شمشێر كولكردن و ڕم شكاندن و ئەوانەن و، وەكو بڵێن: ئادەی موسوڵمانینە بە قوربان ئێوەش، ئا ئەو لایەمان لەبەر چاو بڕوخێنن!! ئەمە وێناكردنێكی زەینە.. بەڵام دوای ئەوان باریان كرد، موسوڵمانان بە كاوخۆ، زۆر هێدی و لەسەرخۆ، كەلاوەكانیشیان ڕوخاندن.. ئەمە (يُخۡرِبُونَ )ـە كەی هەر دوولایە.[1]

- قەڵایان بۆ بەرگریی لە خۆیان و ماڵ و منداڵیان وا مەحكەم دروست كردووە، كەچـی ئەوەتا دادیان نادات و هەر خۆشیان ناچاری ڕماندنی بوونەتەوە!

- چەكیان دروست كردووە و كڕیووە، بۆ پاراستنی سامان و ماڵ و زەوی زارو قەڵاو قوللەكانیان، كەچی ئەوەتا دەبێت تەسلیمیان بكەن و، (سلاح سز) و گوێتەپ خۆ بەدەستەوە بدەن.

---

(١) ئەم ڕەفتارە دەڕوونیە لەم سەردەمەشدا، بەشێكە لە شەڕو ململانێ، نابینیت ئەمریكای تاغوت چۆن (سەدام)ی مورتەددی ناچاركرد كە هەموو چەكە قورسەكانی بفەوتێنێت و هەقی فەوتاندن و ڕماندنەكەشی،كە تیمە ڕۆژ ئاواییە كافرەكان كردبوویانە مایەی كەسابەت و، قاچاندنەوە هەمووی لە پارەی نەوتی فرۆشراوی عـێراق دەردەچوو!!
نەوتەكەشی بە كۆمپانیا ئەمریكاییەكان دەفرۆشرا! لە هەموو لایەكەوە ژانی دەڕوونی دروست دەكرد.. بڕوانە حاڵەتەكە لە بێدینیی سەدام و بەعسدا چۆن پێچەوانەی حاڵەتی بەنونەزیر بۆتەوە؟! بێگومان دەبینین (لیبیای قەزافی)ش هەروەها و، سوریای (بەشار)یش هەر هەمان حاڵەتی عـێراق و سەددامن!!

- ناوچەی خۆیانیان وا مەحکەم و دابین بنیات نابوو، کە بەهیوا بوون نەوە بە نەوە تێیدا بحەوێنەوە، کەچی ئەوەتا دەبێت وێرانی بکەن و جێی بهێڵن و پەرتەوازە ببنەوە!!

ئەوە لە هەموو لایەکەوە ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقینە؟ لە هەموو لایەکەوە ناسۆرو کارەساتە. ڕوو لە (مەجهول) کردنە. ترسنۆکی دوای ئەمانە. زەلیلی دوای دەسەڵاتە. بێ چەکی دوای چەکدارییە. پەرتەوازە بوونی دوای نیشتەجێبوونە. شکستی دەروونی و دارایی و سەربازییە، لە دوای هەڕاڵی هێزو لوتبەرزیی و شانازیی کردنە بە هێزو توانای نموونەیی!!.

* (فَٱعۡتَبِرُواْ يَـٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ) دەی سا هۆ خاوەن هۆش و هەستینە، خاوەن دیدو بیرو ژیریی، بڕواننە ئەو واقیعەو پەندو ئامۆژگاریی لێوەربگرن..

سەرنجبدەن و لێبکۆڵنەوە لە کارگێڕیی قەدەری خواییەوە، بۆ حاڵەتی موسوڵمانان و هێزی (بەنونەزیر) و چۆنیەتی هاتنی شکست و سەرکەوتنن، کە هەردووکیان، هەر لە خوای گەورەوە دێن..

شیکار بکەن و بە دوادا بچنەوە تا دەرس لە خاڵە لاوازەکان وەربگرن، تا لەوە دڵنیا بن کە دوژمنانی خوا، هەر چەند دەسەڵاتدار و بەهێز دیار بن، بە فەرمانێکی خوایی وایان لێدێت، هەموو خاڵێکی هێزیان دەبێتەوە بەهێزی پاڵە پەستۆی تێکشکاندنیان! ئایەتە کە ڕوو لە خاوەن هزرو هۆشەکان دەکات، نەك موسوڵمانان بەتایبەتی، یان (بەنونەزیر) بەتایبەتی، چونکە ئەمە حاڵەتێکی ململانێی حەق و باتڵەو، قابیلی دووپات بوونەوەیە.

ئەم ڕوداوە، جێ پەندو ئامۆژگارییە بۆ جوولەکەکانی ترو، بۆ خەڵکی تری ئەهلی کیتاب، هەروەها بۆ کافرانی تر، کە نەك بەهێزو دەسەڵاتتان نغرۆ ببن و وا بزانن تێکناشکێن..

هەم بۆ موسوڵمانانیشە، کە ئاگاتان لە هاوکێشەی ململانێکە بێت و پارسەنگ ڕایگرن.. بۆ خواساغبوونەوەو بۆ جیهاد لێبڕان مایەی سەرکەوتنن، نەك چەك و تفاقی

زۆر.. چونکە ئیدارەی جەنگ، خوای گەورە دەیدات و هەڵسوڕاندنی هەموو هـێزو دیدو بزاوت و هەڵوێستەکان، لەگەڵ سازاندنی بارودۆخی ڕووبەڕووبوونەوەو شکست و سەرکەوتن، هەموو بە پـێی قەدەری خوای گەورەیەو بەس.. لەم هاوکێشەیە غافڵ نەبن و سەرڕاستانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

## ئایەتی سێیەم و چوارەم:

﴿ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ ٱلْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ﴿٣﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۖ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٤﴾ ﴾

واتە: ئەگەر خوای گەورە ئەم دەرکردنەی لەسەر نەنووسینایە، هەر لە دنیادا سزایەکی تری بەژانی دەدان، وەکو: قڕکردن و بەدیل گرتن و هاوشێوە، یان سزای تری وەکو ئەو قەومانەی، کە هەمان دیدو هەڵوێستیان لە وەحـیی و نێرراوانی خوای گەورە گرتبووە بەر.

ئەمما لە ڕۆژی دواییدا ئەوە بە دڵنیاییەوە سزای ئاگری دۆزەخیان بە نسیب دەبێت.. ئەوەش لەبەر ئەو دیدو هەڵوێستەیانە، کە کەوتنە بەرەیەکی دوژمنداریێتییەوە بەرامبەر خوای گەورەو نـێرراوەکەی بە بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و، دژایەتیکردنی بانگەوازەکەی، لە کاتێکدا ئەوان پەیامی پێشتری خواییان بۆ هاتبوو، کە نیشانەی پێغەمبەرێـتی محمدی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)تێدابوو، (خۆشیان هەر بە ئومێدی ئەوەوە هاتبوونە مەدینە، کە دەیانزانی کۆتا نـێرراوی خوای گەورە لەو ناوچەیە دەردەکەوێت.

ئیـتر بە هیوای ئەوەی بنە شوێنکەوتووی و قەرەبووی هەڵوێستە بەدەکەیان لە سەیدنا موسا (عَلَيْهِ السَّلَام) بکەنەوە، کە لـێی یاخیبوون و وەلیان کرد).. ئەمە خۆی هۆکاری ئەوە بوو، کە سزای سەختی خواییان بەسەردا بدرێت.. ئیمامی (زوهریی) لە عوروەو سوددیی و ئیبنوزەیدەوە گـێڕاوێتیەوە، کە خوای گەورە لەسەری نووسیوون، کە لە دنیاو ڕۆژی دواییدا سزایان بدات.

* (وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ) هەر کەس بەرەی دوژمنداریێتی خوای گەورە ساز بکات و دژایەتی پەیام و بانگەوازو پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە سزای دەبێت: زەلیلی و سەرشۆڕیی دنیاو سزاو ڕوو ڕەشیی ڕۆژی دوایی.. خوای گەورە سزای زۆر بەسەخت و توندی هەیە.

*(لَولا) پیتێکە پێی دەوترێت: (حَرفُ امْتِناعِ لِوجود)، واتە: پیتێکە ڕوونەدانی شتێك ڕوون دەکاتەوە، کە لەبەر هەبوونی هۆیەکی تر، ڕوویندا، وەکو دەوترێت: (لولاهُ لَمَا وصَلتُ)، واتە: ئەگەر ئەو نەبوایە، نەدەگەیشتم.

لێرەشدا دەفەرمووێ: ئەگەر خوای گەورە ئەم لە شار دەرکردنەی لەسەر نەنووسینایە، سزای تری سەختی دەدان، وەکو ئەوەی موسوڵمانان لە جەنگدا بە سەریاندا زاڵ دەبوون و، پیاوەکانیان دەکوشتن و ئافرەت و منداڵ و سامان و ماڵیشیان دەبردن..

ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: کە سزا سەختەکەی دووەمی نەدا، لەبەر ئەوە نەبوو، کە لەسەریان سووك بکات، چونکە شایانی سزای سەختی کافران بوون، بەڵام خوای گەورە بە زانایی و دانایی خۆی ئیرادەی وا بوو، کە یاوەران بە سەلامەتی بمێننەوە، تا دواتر لە غەزای تردا ڕۆڵی گەورەتر ببینن..

هەر واش بوو، زۆرینەیان، کە لێرەدا هەر سەربازێك بوون، دواتر بوونە فەرماندەی لەشکری هەزاران موجاهیدو، دەسەڵاتی فارس و ڕۆمیان زەلیل کردو، ئیسلامیان بە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەورووپاو ئەفریقا گەیاند.

*(الْجَلاء) دەرکردنی بە کۆمەڵە لە جێ و ڕێی خۆیان، بە جۆرێك، کە ڕێ نەدرێن بێنەوە ناوچەکە، بەڵام (اِخراج) بۆ تاك و کۆمەڵەو دەشێت دوای کردنە دەرەوە، بگەڕێنەوە جێی خۆیان.

*(يُشاق) لە (شِق)ەوە هاتووە، واتە: دووبەرەکی. خەڵك و مەیدانەکە دەکات بە دوو بەشەوە. بە کەندەڵانێك سنووری ئەمبەرو ئەوبەر دیاری دەکات. خواو پێغەمبەری

خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لە بەشێکیان دادەنێت و خۆشی لە بەرامبەریاندا بەرەیەك بۆ دژایەتیکردنی دیـنی خواو بانگەوازی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دا دەمەزرێت!

- دەفەرمووێ (شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ)، واتە: هەم دژایەتی خوای گەورەیان دەکرد، هەم دژایەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، چونکە باوەڕنەهێنان بەپەیامی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، ڕەتکردنەوەی پەیامی خوایە.. بە حسابی خۆیان ئەهـلی کیتابن و پەیام و دیـنی خوای گەورەیان هەیەو نایانەوێت باوەڕ بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بهێنن، بەڵام برگەی دواتری ئایەتەکە دیدو هەڵوێستە چەواشەکارییەکەیان ڕەتدەکاتەوەو دەفەرمووێ: دژایەتیکردنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، دژایەتیکردنی خوای گەورەیە.

بۆیە دەفەرمووێ: (وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ) ئەمەش بەڵگەیە لە ڕەتکردنەوەی دیدو هەڵوێستی دوژمنانی سەردەم، کە دەڵێن: ئێمە دژی ئیسلام نین، بەڵام دژی موسوڵمانەکان دەوەستنەوە!

بێگومان بەرهەڵستی کردنی موسوڵمانان و دژایەتیکردن و بەرهەڵستیکردنیان، هەر دژایەتیکردنی ئیسلامەکەیە.

- ئەم بەرەگرتنەی جولەکەکانی بەنونەزیر - کە بەشێکن لە جولەکەی تر- بەهۆی ئەو دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و ڕەفتارو ڕەوشتانەیانەوە کە نەوە بە نەوەیان پێـی ناسراون..

سیفەتەکانیان لە قورئاندا تۆمار کراوە لە کوفرو ملهوڕیی وبێ ئەدەبی بەرامبەر بەخوای گەورە و ئازاردانی سەیدنا موسا (عَلَيْهِ السَّلَام) وئەو هەموو پێغەمبەرە زۆرانەی بۆیان چوون، دەستکاری کردنی کتێـبی خوای گەورە و گۆڕینی ئەحکامەکانی، دروستکردنی چیـنی حیبرو راهیبەکانیان و دەسەڵاتدار کردنیان بەمافی خوایەتی، پاشان خۆپەرستی وچەواشەکاریی و پەیمان شکاندن، یان دنیاویستی و پیسکەیی و پارە پەرستی، جگە لە داوێن پیسیی و خراپەکاریی و شەڕخوازیی.. ترسنۆکی و خۆ

ڕانەگریی و پشت هەڵکردن و هەڵاتن.. فاك و فیك و غەدرو شەڕی بێ ئامانی ژێر بەژێر، فیتنە چێتی دووزمانی و ئاژاوەنانەوە.. قبوڵ کردنی زەلیلی و ژێر دەستەیی لەو کاتانەدا کە بێ دەسەڵاتن، دڵڕەقی و توندو تیژیی و دڕندایەتی لەوکاتانەدا، کە دەسەڵاتدارو خاوەن هێزن.. دۆستی کەس نین و کەس دۆستیان نییە!!.(١)

## ئایەتی پێنجەم:

﴿مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِىَ ٱلْفَٰسِقِينَ ۝٥﴾

واتە: هەر دارخورمایەك، كە بڕیوتانەوەو هەرچیەكیان، كە وەلتان كردووە، تا لە سەر ڕەگی خۆی بمێنێت، هەر دوو ڕەفتارەكەتان هەر بە مۆڵەتی خوای گەورە بووە، چونكە خوای گەورە ویستی لادەرەكان -كە خواویستیان وەلكردووە- زەلیل و چاوشۆڕ بكات.

١- ریوایەتەكان دەفەرموون: كە یاوەران دوو دارخورمایان بڕیی، كە جولەكەكان ئاوا هاواریان لێ هەستا بۆی!

تەفسیرەوانان: (قەتادە)و (زەححاك) دەفەرموون: شەش دارخورمای چاك بوون، هەندێك دەفەرموون: چەند دارخورمایەكیان بڕییەوەو، چەند دارخورمایەكیشیان سوتاند.. بە هەر حاڵ، پێناچێت ژمارەكە زۆر بووبێت.

٢- موجاهید دەفەرمووێ: هەندێك یاوەر - كە دارخورماكانیان بڕیی و سوتاند- لە موهاجیرانی مەككە بوون، ئەوانی تر بەرهەڵستیان لێكردن، كە بۆچی بە بێ فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)وا دەكەن.

---

(١) شەنقیتی (رحمەالله) لەتەفسیرەكەیدا (اضواء البیان بە ٩ لاپەرە (ب٨/ل٢٢-٣٠) ئاماژەی بە زۆریان كردووەو بە شێوەیەكی ئوسولّی ڕوونی كردۆتەوە، كە هیچ قەومێكی تر لە كافران و موشریكان وایان نەكردووە.

بە تایبەتی، کە ئەم باخە کەوتۆتە بەردەستی خۆمان و موڵکی جوولەکە نەماوە..

ریوایەتێکی لای (نەسائی) هەیە، کە ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات، کە ئیبنوکەثیر هێناویێتیەوە، (نەسائی) بە سەنەدەوە لە ئیبنوعەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە، کە ئەم ئایەتە لەسەر ئەو داربڕینە هاتە خوارەوە، هەندێك یاوەر بەڕای خۆیان چەند دارخورمایەکیان بڕییەوە، بەڵام یاوەرانی تر پێیان باش نەبوو، ئەمانیش پەرۆشیان بوو بزانن، کە ئایا کارێکی باشیان کردووەو پاداشتی هەیە، یان نەبڕینەوەو وەلکردنەکەی باش بووەو پاداشتی هەیە..

ئیتر چوونە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، ئەو کاتە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، کە هەر دوو هەڵوێستەکەیان بە باش دادەنێت.

٣- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەر لەو شوێنە بوو، کە یاوەران لەولاوە ئەو شەش دارخورما چاکەیان بڕییەوە ، بۆیە جولەکەکان لەسەر قەڵاکەوە هاواریان کرد، کە ئەی محمد! خۆ تۆ خۆت بە چاکساز دەناسێنیت، کەچی فەرمان دەدەیت درەختی چاکی بەردار ببڕن و بسوتێنن!

لەم کاتەدا بوو، کە ئایەتەکە لە ڕەتکردنەوەی قسەی جولەکەکاندا هاتەخوارەوە، کە بڕین و نەبڕینەکە، هەر دووکیان بە مۆڵەتی خوای گەورەن و، خوای گەورە ڕێی پێداون.

٤- ئیبنوکەثیر (رحمەالله) دەفەرمووێ: مۆڵەتە خواییەکە قەدەرییە، هەروەکو ئەو حاڵەتانەی ئوحود کە خوای گەورە باسی سەرکەوتنی یەکەم جاری یاوەران لە غەزای (ئوحود)دا دەکات، کە سەرەتای ڕۆژەکە سەرکەوتنێکی گەورەیان بە دەست هێنا و قوڕەیش بەزیی، بەڵام کە پاسەوانانی سەر لوتکەی چیاکە، فەرمانەکەیان شکاندو شوێنی خۆیان جێهێشت و هاتنە خوارەوە!

قوڕەیش بە سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید (خوا لێی ڕازی بێت) -کە هێشتا موسوڵمان نەبوو بوو- هێرشێکی لە پشتی چیاکەوە کردە سەر چیاکەو،

یاوەرانی خستە نێوان دووبەرەی خۆیانەوەو سەرکەوتنەکەی موسوڵمانان بوو بە شکست.

خوای گەورە دەفەرمووێ: کە هەردوو بزاوت و هەڵوێستەکە، هەر بە مۆڵەت و ڕێپێدانی قەدەرییانەی خوای گەورەیە:

- بۆ سەرکەوتنەکەی یەکەم جار دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ...﴾ آل عمران/١٥٢.

خوای گەورە بەڵێنەکەی بۆ بردنە سەر، کە سەرتان دەخات، ئەوە بوو، کە بە ئیزنی خوا شکانتانن و کوشتارێکی زۆرتان لێکردن.

- بۆ شکستەکەی دواییشیان، کە هەر بە ئیزنی خوای گەورەیە، دەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُمْ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ آل عمران/١٦٦.

ئەو بەڵایەی ئەو ڕۆژە بەسەرتاندا هات، کە هەردوو لەشکری ئەهلی ئیمان و ئەهلی کوفر بەرەو ڕووی یەکتری بوونەوە، کە کارەساتتان بەسەردا هات، ئەوەش هەر بە مۆڵەتی خوای گەورەو، ڕێپێدانی قەدەرییانەی خوای گەورە بوو.

ئاوا ئیبنوکەثیر دەفەرمووێ: ئەو داربڕینەوەو وەلکردنەی، هەر بە ڕێپێدانێکی قەدەرییانە بوو.. بەڵام عەللامە شەنقیتی دەفەرمووێ: ڕێپێدانی شەرعیەو حوکمی شەرعی لەسەر بنیات دەنرێت، کە ڕەفتاری وا لە غەزادا جائیزە، مادام بەرژەوەندییەك بۆ موجاهیدان بهێنێتە دیی..

شەنقیتی دەفەرمووێ: ئەم ﴿فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ یە هەروەکو مۆڵەتدانی بەرگریی کردنە لە خۆ، کە لە سەرەتای قۆناغی فەرزبوونی جیهاددا ڕێپێدرا.

وەك خوای گەورە بە موسوڵمانانی فەرموو: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴾ الحج/٣٩.

واتە: خوای گەورە مۆڵەتی چەك هەڵگرتن و بەرگریی لە خۆکردنی بەو کەسانە داوە، کە ستەمکارانە کوشتاریان بەرامبەر دەکرێت، خوای گەورەش بە توانایە سەریان بخات.

ئەم ڕێپێدانە شەرعییەی جیهاد کردن ڕێپێدانیشە بە هەموو ئەو ئامادەباشی و ڕەفتارانەی جیهادەکە سەر دەخات. مادام شەرعیانە بن..

گەمارۆدانەکەی (بەنونەزیر) شەرعیانە بوو، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمانی پێدابوو، گەمارۆدانیش چۆنیەتیەکی جیهادو جەنگە، دەشێت بڕینـی هەندێك دارخورما- لە بەرچاوی جولەکەکان خۆیان- بەرژەوەندی موجاهیدان بهێنێتەدیی.

وەکو ئەوەی دوژمنان - کە هەر جەنگاوەرو چەکدارن- ڕقیان هەڵبستێت و بۆ بەرگریی لە سامانیان بێنە دەرەوەو، بکەونە ساحەیەکی دیار (مەکشوف)ەوە، تا ئاسان هـێرش بکرێتە سەریان.

دەشێت بۆ جەنگێکی مەعنەویی دەروونیی بێت، کە چاوشۆریان بکات پـێیی! بەوەی، کە ئەوەتا وا دوژمنەکانیان گەمارۆیان داون و باشترین دارخورمایان دەبڕنەوە، یان دەیسوتێنن. کەچـی ئەمانی چەکدارو بەهـێز ناوێرن بچنە مەیدان..

ئەمە کاریگەریی لە ورە ڕووخان و ناکۆکی ناو خۆیان دەبێت، یان وەکو هەندێك ریوایەتیش باس دەکات، کە شەش دارخورمایان بڕییەوە، تا خێوەت لە شوێنیان هەڵدەن و قەدو لقەکانیشیان بۆ سوتەمەنی بەکار بهێننەوە..چونکە یاوەران وایان لە دارە بڕاوەکان کرد.

کەوابوو: ڕێپێدانەکە شەرعییەو، حوکمی لەسەر بنیات دەنرێت.

ئەمەی (شەنقیتی) بەپەسەندتری داناوە، پێدەچێت لای شەرعناسانیش پەسەند بوو بێت، بۆیە زیاندان لە دوژمن بە فەوتاندنی موڵکەکانیان بابەتێکی موناقەشەی شەرعەو لە هەموو کتێبە فیقهییەکاندا باسکراوە، کە ئێرە جێی هێنانەوەی ڕاو بۆچوونەکانیان نیە.

٥- ئەم هات و هاوارەی جولەکەکان بۆ بڕینی شەش دارخورما و (گریمان سوتاندنی شەشی تریش بووبێت)، وەکو ئەم هات و هاوارو واوەیلایەی قورەیش بووە، کە دەیانوت: (محمد) ڕێز لە مانگە حەرامەکان ناگرێت کە بڕیارمان تێداداون، کە نابێت جەنگیان تێدا بکرێت (واتە: مانگەکانی: موحەڕەم، ڕەجەب، زیلقیعدە، زیلحجە)، ئەمە ڕوداوەکە و حوکمی خوای گەورە بوو لەسەری:

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )مەفرەزەیەکی لە یاوەرانی عەزیز بەفەرماندەیێتی (عبداللەی کوڕی جەحش) -خوا لێی ڕازی بێت- ناردە ناوچەیەك و نامەیەکیشی پێدا، کە نەیخوێنێتەوە، تا دەگاتە فلان جێگا.

لەوێ کە کردیەوە، فەرمانی تێدا بوو، کە کەس لە یاوەرانت ناچاری هاتن مەکەو بەرەو فلان شوێن بڕۆن.. کە یاوەرانی سەرپشك کرد لە وەلدابوون و گەڕانەوەیان، دوو لە یاوەران فەرموویان: دەگەڕێینەوە..

لە ڕێگای هاتنەوەی ئەو دوو کەسە بۆ مەدینە، تووشی (ئیبنولحەزرەمی) بوون کە ناودارێکی موشریك بوو، کوشتیان.

نەیانزانی ئایا ئەو ڕۆژە، کۆتا ڕۆژی (ڕەجەب)ە -کە نابێت کوشتاری تێدا بکرێت- یان یەکەمین ڕۆژی مانگی (جوماد)ی یەکەمەو ئاساییە.

ئیـتر موشریکەکان کردیانە خاڵی لاوازیی لەسەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە گوایە: نایەوێت پابەند بێت بە دابونەریتی پەسەندی کۆمەڵگەکەوە..

بۆ هەندێك لە موسوڵمانانیش بوو بە جێ خەم.. ئیـتر خوای گەورە ئەو ئایەتانەی ناردە خوارەوە: ( يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ..)البقرة/٢١٧.

دەربارەی کوشتار پرسیارتان لێ دەپرسن، کە ئایا لە مانگە حەرامەکاندا شیاوە؟

بڵێ: کوشتن و کوشتار لەو مانگەنەدا، ڕەفتارێکی سەخت کردارێکی نەشیاوە، بەڵام کافر بوون و بەرەنگاریکردنی بانگەوازەکەی خوای گەورەو، بەرهەڵستکردنی و دەرپەڕاندنی دانیشتوانی حەرەمی کەعبەو خواپەرستانی و، دەرکردنیان لە پەرستگاو شارو ناو کەسوکاریان، ئەمانە هەر یەکەیان لای خوای گەورە، سەختترو گەورەترو دژوارترن لە قەتڵێك..

پەشیمان کردنەوەی کەسێك لە ئیسلام و ناچارکردنی لەسەر کافربوون، لای خوای گەورە خەتەرترە لە کوشتنی.

ئەم هاتوهاوارەی جولەکەکانی (بەنونەزیر)یش بۆ بڕینەوەی شەش دارخورما هەر وا بوو، کافربوونی خۆیان و بەرەنگاریی کردنەوەی بانگەوازی خواویستی و هەوڵی شەهید کردنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و، پەیمان هەڵوەشاندنەوەو دنەدانی دوژمنان و، هاوکاریکردنیان بۆ شەڕی موسوڵمانان و فیتنەسازیی و خراپەکارییەکانیان، زۆر لە بڕینەوەی شەش دارخورما گەورەترو سەختترو دژوارترە!

٦- (لِّينَةٍ) جۆری ئەو دارخورمایانەیە، کە لە باخی (بوەیرە) بڕییانن، کە موڵکی جولەکەکانی (بەنونەزیر) بوو، باخانێکی بەناوبانگ بوون، ئێستاش لەم سەردەمەی ئێمەدا ماون و، حەفتا جۆر خورمای لێ بەرهەم دەهێنرێت. ئێستا کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی (قیبا)وە لە مەدینەی پیرۆز..

(بوەیرە) لە ریوایەتەکان و شیعرەکانی: (حەسسانی کوڕی سابت و کەعبی کوڕی مالیك و ئیبنوهیشامی ئەشجەعی و ئەبوسوفیان) دا (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە: (ئەبو سوفیان ئەو کاتە هێشتا موسوڵمان نەبوو بوو، لە شیعرەکەیدا ڕەد لە شیعری (حەسسانی کوڕی سابت) دەداتەوە.. زەروورییی نییە شیعرەکانیان لێرەدا بهێنمەوە. ئەم شیعرانەو هی تریش وان لە تەفسیری ئیبنوکەثیرو (البداية والنهاية) و سەرچاوەکانی تری سییرەدا.

- (لِّينَةٍ) ئەهلی تەفسیرو زمانەوانان لەسەر ئەوە ڕێکن، کە (درەختی دار خورمایە بە بەرەکەیەوە)، کە بەرهەمەکەی زۆرو چاکە، ئینجا لەوەدا راجوێن، کە چ جۆرێکی خورمایە..

هەندێکیان دەفەرموون هەموو جۆرە خورمایەکە، جگە لە دوو جۆری (عەجوەو بەرینی).. زۆرینە شیان دەفەرموون: ئەو جۆرە خۆش مەزەو پەسەندەیە، کە تا ئێستاش لای ئەهلی مەدینە پەسەندە، کەپێی دەڵێن: (لۆنە).

ڕێزمانەوانان دەڵێن: (لۆنە) هەر (اللون)ـەیە، کە ئەسڵی وشەکە هەر (لِّينَةٍ)کە یە، کە لەسەر کێشی/ وەزنی (فعله)یە و لە (فعل)ەوەیە، کە (لون)ە، کە جۆرێك دارخورمایە (نەك بە مانای ڕەنگ).

بەهەر حاڵ دیارە، کە باشترین و چاکترین جۆری دارخورمایە، بۆیە خوای گەورە بە تایبەتی ناوی هێناوە، لە کاتێکدا لە قورئاندا بە تاك ناوی دارخورما نەبراوە، بەڵکو هەر بە کۆو گشتی لە (دە ١٠) جێگادا دەفەرمووێ: (النخل) وەکو: (فِيهَا فَٰكِهَةٌ وَٱلنَّخۡلُ ذَاتُ ٱلۡأَكۡمَامِ میوەی تێدایە، هەروەها دارخورمای بەهێشوو...) الرحمن/١١.

٧- کەوابوو لە حوکمی شەرعدا شیاوە، کە موجاهیدان دوژمنانیان گەمارۆ بدەن و بۆ پێداویستی خۆیان درەختیان ببڕن، یان خانوویان بروخێنن، یان بۆ ژان خستنە دڵیان و زیان لێدان و ورە ڕووخاندنیان، موڵك و ماڵیان بسوتێنن، یان دەزگاو ئامێرو سامانیان خراپ بکەن.[1]

٨- لە قورئاندا باسی سوتاندنی دارخورماکان نەهاتووە، بەڵام لەریوایەتەکاندا هەیە و هەروەها شیعرەکانی: (حەسسان) و (کەعب) و ئەوانی تریش (خوا لێیان ڕازی بێت) تۆماریان کردووە و، ناوی (بوەیرە)شیان بەتایبەتی تێداهێناوە.. وەکو (حەسسان) دەفەرمووێ:

---

(١) أضواء البيان (٢٩/٨) چاپی دار الفکر ١٩٩٥.

وَهَانَ عَلَى سَرَاةِ بَنِي لُؤَيٍّ ..... حَرِيقٌ بِالْبُوَيْرَةِ مُسْتَطِيرُ[1]

٩- کە دەفەرمووێ: (قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا )، واتە: هێشتنەوەی دارخورماکان بێ زیان گەیاندن بەقەد و ڕەگەکانیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (لاوەکی)، بەپەسەند دانانی نەبڕین و نەسوتاندنە والله‌اعلم.. ئەگەر چی ئایەتەکە بە گشتی بڕینەکە بە شیاو (جائیز)دا دەنێت [2] والله اعلم.

١٠- کەوابوو مانای ئایەتەکە ئاوایە: هەر دارخورمایەکی چاك و پەسەند، کە بە بەرەکەیەوەتی و بریوتانەتەوە، هەروەها هەر دارخورمایەکیش، کە لێی گەڕاون بەقەدو ڕەگ و ریشاڵی خۆیەوە بمێنێتەوە، هەر دوو کارەکەتان مۆڵەتی شەرعییانەی هەیە و خوای گەورە ڕازییە پێیان، چونکە خوای گەورە دەیەوێت فاسقان، کە لە خوا یاخین و دینەکەیان بەرداوە، زەلیل و سەرشۆڕ بکات، کە ئاوا دەبینن باشترین موڵك وسامانیان دەفەوتێنرێت و، ئومێدی مانەوەیانیان لا نامێنێت.

---

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر/چاپی یەك بەرگیەکەی (ل١٥٨٠).

(٢) ابن عاشور: التحرير والتنوير/مؤسسة تأريخ العرب/ بيروت/چاپی یەکەم/١٤٢٠/٢٠٠٠ (ب٢٨/ ل٦٩).

## ئایەتی شەشەم :

﴿ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٦ ﴾

واتە: ئەو دەستکەوتەی خوای گەورە کردیە (فەی) و تایبەتی کرد بەپێغەمبەرەکەیەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، خۆی ڕەفتاری پێوە دەکات، سامانی ئێوە نییە.. ئێوە نە ئەسپتان بۆ تاو دا، نەحوشتر سواریتان بۆ کردووە.

واتە: نەجەنگتان کردووەو بوو بێتە دەستکەوتی جەنگ (غەنیمەت)، نە بە تایبەتیش هێرشتان بۆ کردووە..

لەبەر ئەوە ئەم سامانەی (بەنونەزیر) لە دەست پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەبێت و بەس .

خوای گەورە پێغەمبەری خۆی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )-بەسەر هەر کەسێك دا، کە خۆی بیەوێت- زاڵ دەکات. خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە.

١- دەستکەوت (غەنیمەت): هەموو دەستکەوتێکی جەنگە، کە بە جیهاد لە دوژمن دەستێنرێت، کە لە ساحەی جەنگدا دەشکێن و لێیان جێدەمێنێت، چۆنیەتی دابەشکردنی تایبەتە.

فەی: هەر دەستکەوتە. هەر ماڵ و سامانی کافرانی شەڕانییەو، کەوتۆتە بەردەستی موجاهیدان، بەڵام ئەمیان لە ڕێی جەنگەوە نەکەوتۆتە دەستیان.. دوژمن لە شوێنی ترەوە، سەروەت و سامانی لێ بەجێ ماوەو، کەوتۆتە دەست موسوڵمانان.. حوکمی ئەمەش جیایە.

ئەمە تایبەتە بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و، پاش جەنابیشی، تایبەتە بە خەلیفەو بریکارو نوێنەرەکانی، یان بە ئەمـیری جیهادو فەرمانده ڕێپێدراوەکانی.

- (أَوْجَفْتُمْ ) واتە: ئەسپتان بۆ تاو نەداوە: نەچوونەتە مەیدانی جەنگەوەو هێرشتان نەکردۆتە سەر دوژمن، تا غەنیمەتیتان دەستکەوتبێت.

- (رِكَابٍ): سواریی حوشترە، کە بێگومان لەو سەردەمەدا، بۆ سواریی و باربردن و بڕیـنی بیابان بەکار هاتووە، زیاتر لە ئەسپ و ئێستر.. زیاتر ئەسپیان بۆ هەڵمەت بردنی جەنگ بەکار دەهێنا.

هەموو لەشکرێك سەدان حوشتری تێدا دەبوو، تا جەنگاوەر و زادو تفاق و کەلوپەلی جەنگی پێ بگوێزرێتەوە.

(رکاب) هەم حوشترە، هەم یارغەکردنی.

٢- ئەم سەروەت و سامانەی (بەنونەزیر)، کە گوندو قەڵاو قوللـەکانیان، دوو میل لە مەدینەوە دوور بوو، یاوەران بە پیادەڕۆ، بێ ماندووبوون گەیشتنە سەریان و گەمارۆیاندان. هەموو ناوچەکە کەوتە بەردەست پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بۆیە جەنابی، پشکی ساڵێکی نەفەقەی ماڵ و منداڵەکانی خۆی لێ داناو ئەوی تریشی لە کەسوکارە نزیکەکانی بەشکرد.. چونکە پێشتر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، نە لە غەنیمەتی هەڵدەگرت و، نە مووچەی تایبەتی لە بەیتولمال هەبوو..

تەنها ئەوەی هەبوو، کە یاوەران بە دیاری بۆیان دەهێنا، بە تایبەتی سەیدنا (ئەبوبەکری صددیق) و (عبدالرحمان کوڕی عەوف) و یاوەرە دەوڵەمەندەکانی تر (خوا لێیان ڕازی بێت).

٣- ئەم سامانە لەپاش پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، خرایە بەیتولمالەوە.

## ئایەتی حەوتەم :

﴿ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٧ ﴾

واتە:ئەم حوكمەی بەسەر سامان و دەستكەوتی (بەنونەزیر)دا چەسپێندرا، دەبێتە حوكمی هەموو شارو وڵاتێكی تر، كە بەو شێوە، بێ جەنگ، سەروەت و سامانیان دەكەوێتە بەردەست موسوڵمانان، خەلیفە، یان ئەمیر پشكێكی بەردەكەوێت، كە دیاریكراوە.

ئەوی تری هەمووی بەسەر كەسوكاری پێغەمبەری خوادا و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواراندا دابەش دەكرێت، تا سامان و ماڵ لە دەست كۆمەڵە كەسێكی دەوڵەمەندا گیر نەدرێت و، دەستكورتەكانیش لێی مەحروم نەبن..

ئەوەی، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمانتان پێدەدات، هەرچیەك و هەر چۆنێك بێت وەریبگرن و جێبەجێ بكەن.

بەرهەڵستی لە هەرچی شتێكیش لێكردن، توخنی نەكەون، چونكە حەتمەن خراپەیەو لە بەرژەوەندیتان نییە، بۆیە دەفەرمووێ: مەیكەن.. لە خوای گەورە بترسن. خوای گەورە سزای سەختی لایە -خۆتان- بە پێچەوانەكاریی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، مەخەنە بەر سزای خوای گەورە.

جمهوری زانایان و شەرعناسان و ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: ئەم ئایەتە حوكمێكی تری تێدایە، كە هەمان حوكمی ئایەتی پێشوو نیە..

ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیك دەفەرموون: ئایەتی پێشوو تایبەتە بە سامانی (بەنونەزیر)ەوەو ئایەتی دووەم حوكمی گشتی فەیئە. كە لە دوای ڕوداوی

(بەنوننەزیر) ڕوویداوە. وەکو حوکمی سامانی (بەنوقورەیزە)، کە لە ساڵی پێنچەمی کۆچییدا ڕوویدا.

هەروەها سامانی (فەدەك)، کە هەر موڵکی جولەکەکانی (خەیبەر) بوو، ئەم سامانانە پشکی موجاهیدانی تێدا نیە..

زۆر لە ئەهلی تەفسیر دەفەرموون: ئەم ئایەتە دوای دوو ساڵ لە ئایەتی پێشوتر هاتۆتەخوارەوە، ئیمامی شافیعی (بە ڕەحمەت بێت) دەفەرمووێ: ئەم ئایەتە هەر شەرحی ئایەتی پێشوترەو ئەحکامەکانی زیاتر ڕوون دەکاتەوە، چونکە ئایەتی پێشوو، هەر ئەوەندەی تێدایە، کە پشکی موجاهیدەکان لەم سامانەدا نییە، بەڵام نافەرمووێ بۆ کێ دەبێت.

لـێرەدا بە تەفسیل ئەو پۆلە کەسانە دیاری دەکات کە شایانی وەرگرتنین.. زەمەخشەریی (رحمەالله) لە تەفسیری (کَشَّاف)ـە کەیدا هەروا دەفەرمووێ، دەفەرمووێ: چونکە هیچ ریوایەتێکیش نییە بیسەلمێنێت، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )سامانی (بەنوننەزیر)ی کرد بێت بە پشکی جیاوازی پۆلی خەڵکی.

ئەوەی، کە ڕاجوێی لە نێوان شەرعناساندا دروست کردووە، ئەوەیە: کە ئایا ئەم ئایەتە وەکو ئایەتەکەی سوڕەتی (ئەنفال)ە، کە باسی دابەشکردنی دەستکەوت (غەنیمەت)ی جەنگ دەکات؟ یان جودایە؟

هەندێکیان -وەکو ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیك- دەفەرموون: جودایە، هەندێکیشیان -وەکو ئیمامی شافیعی رحمەالله- دەفەرمووێ: هەروەکو ئایەتەکەی (ئەنفال)ە.

لای ئیمامی شافیعی، حوکمی هەموو سامانێکی کافرانی شەڕانی، هەر دەکرێت بەپێنج بەشەوە، هەندێك لە شەرعناسان ڕای سێیەمیان هەیەو دەفەرموون: ئەمە حوکمێکی ترە، غەیری دەستکەوت و فەیئە، ئەمە حوکمی (خەراج)ـە، کە پەیوەندی بە زەویەوە هەیە.

پێم وایە: بۆچوونی ئیمامی شافیعی (بە ڕەحمەت بێت) پەسەندتر بێت (والله اعلم). کەوا بوو: سامانی فەی هەروەکو غەنیمەت دەکرێت بە پێنج بەشەوە. بەشی یەکەمی، پشکی خواو پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )(فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ...) کە لەم سەردەمەدا دەخرێتە سەر بوجەی پڕۆژە خێرخوازییەکانی وەکو: مزگەوت و نەخۆشخانەو پردو.. هتد.

پشکی دووەم، کە بۆ کەسوکاری پێغەمبەری خوا بوو لە (بەنی هاشم) و (بەنی موطەلیب)، ئەگەر لەم زەمانەدا هەبن، پشکی خۆیان پێدەبڕێت، ئەگەرنا ئەمیش ئیزافە دەبێتە سەر پشکی یەکەم..

پشکی سێیەمیش بۆ هەتیوانەو، چوارەمیش بۆ هەژاران و، پێنجەمیش بۆ ڕێبوارانە، کە پارەیان پێ نەماوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

بۆچوونی ئیمامی ئەبوحەنیفە (رحمەالله) لەمەوە دوور نییە (رایەکی تری ئیمامی شافیعیش وەکو ئەمە)، کە دەفەرمووێ: ئەسڵ ئەوەیە، کە بکرێتە شەش پشك، وەکو ئایەتەکە دەفەرمووێ: بۆ خوای گەورەو بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و بۆ خزمانی.

ئیمامی ئەبوحەنیفە دەفەرمووێ: ئەم سێ پشکە نەماون، پشکی هەر سێکیان بووە بە یەك. (کە دەبێتە پڕۆژەی خێرخوازیی، سێ پشکەکەی تریش: هەتیو هەژارو ڕێبوارانن (والله اعلم).

(كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ )

١- (دُولَةَۢ ) لە (تداول)ـە وە هاتووە. واتە: دەستاودەست کردن، بەڵام لێرەدا مەبەست لە گیردانی سامان و پارسەنگبوونە.

(دُولَة) زاڵبوون و دەسەڵاتدارییە.. لەم زەمانەشدا دەوڵەتە. کە هەر لە عەرەبییەکەوە کراوە بە تەرجەمەی (state) کە بریتییە لە: خاك و خەڵك و دەسەڵاتیی سیاسی.

لەم ساڵانەی دواییدا، ئیعتیرافی نەتەوە یەکگرتووەکانیشیان بۆ کردە مەرج (یان پێکهاتەی) چوارەمی.

٢- ئەم ئایەتە ئەو ستەمەی بنبڕ کرد، کە لە جاهیلییەتدا هەبوو، کە زۆرینەی دەستکەوتی جەنگ، دەبوایە بۆ دەسەڵاتدارە سیاسیی و سەربازییەکانیان بێت، کە جگە لەوەی هەموو سامانێکی دوژمنەکانیان - کە بە بێ شەڕ دەستدەکەوت- دەبوایە بۆ دەسەڵاتدارەکانیان بێت (وەکو ئەم سامانەی بەنونەزیر).

هەروەها چوار دەستکەوتی تریش، کە (عبداللەی کوڕی عەنەمە)ی شاعیر لە دێڕێك مەدحدا کۆی کردوونەتەوە، کە بە (بەستامی کوڕی قەیس) دەڵێ: کەسەییدو فەرماندەی (بەنوشەیبان) بوو:

لكَ المِرباعُ منها والصَّفايا.. وحُكْمك والنشيطةُ والفضولُ

واتە: مافی خۆتە (میرباع) و (سەفایا) و (نەشیتە)و (فزول) بکرێتە موڵکت:

**(المِرباعُ):** چوار یەکی دەستکەوتی گشتی شەڕەکانیان بوو.

**(الصَّفايا):** شتە دەگمەنە گرانبەهاکان بوو، کە دەکەوتە دەست جەنگاوەرانیان، یان دوژمنەکانیان دەیاندانێ، وەکو: (تاج و مستیلەی زێڕو شمشێری نایاب و توحفەیات).

**(النشيطةُ):** ئەو سامانانەی دوژمن بوو، کە پێش گەیشتنی لەشکری ئەمان، لە ناوچەی دوژمندا دەیانگرت. بۆ نموونە: مەڕو ماڵاتی دوژمن، کە لای شوان بوون و دەلەوەڕان.

**(الفضولُ):** ئەو شتانە بوو، کە دوای دابەشکردنی غەنیمەت، دەمایەوەو قابیلی دابەشکردن نەدەبوو، وەکو حوشترێك، یان ئەسپێك (ناوکۆیی).

ئەمانە هەمووی دەکەوتە دەست سەرکردەو فەرماندە ملهوڕەکانیان، بەمەش دەوڵەمەندێتیان هەر لە زیادبووندا دەبوو، کە لەسەر حسابی جەنگاوەران و پۆلە هەژارەکانی کۆمەڵگەکەیان بوو..

بۆیە خوای گەورە، ئەم یاساو نەریتە ناڕەوایەی لە ڕیشەوە گۆڕیی.. دەستکەوتیشی لە جەنگاوەران بەشکرد. تا وەکو یەك وەربگرن.

فەیئیشی تایبەت کرد بەپۆلە موستەحەققەکانی کۆمەڵگە و، تەنانەت جەنگاوەرانیش هیچیان پێنەدەدرا - چونکە بێ جەنگ و جیهاد - وەکو ماڵ و سامانەکەی بەنونەزیر- دەستدەکەوت.

٣- ئەمە ڕێسایەکی سەرەکیە لە سیستمی ئابووری ئیسلامییدا، کە ناشێت سامان و ماڵ گەنجینە بکرێن و، هەر لە بەردەستی دەوڵەمەنداندا بمێنێت.

ئەمەشی بە چەندەها شێوەو ڕێگاو چۆنیەتی نەهێشت. وەکو:

**یەکەم :** دەبوو ساڵانە زەکات بدەن.

**دووەم:** حەرام کردنی سوو، کە پارە بوو پارەی پەیدا دەکرد.

**سێیەم:** بڕیاری: (زەوی مردوو (گشتی) موڵکی ئەو کەسەیە، کە دەیکاتە بواری بەرهەم هێنان).

**چوارەم:** بڕیاری: (سامانی ژێر زەوی موڵکی گشتیە).

**پێنجەم:** بڕیاری: (دۆزینەوەی گەنجینەی کۆن لە خاکدا، موڵکی هەموانەو وەکو (فەی) دابەش دەکرێت).

**شەشەم:** بڕیاری: (دۆزراوە موڵکی دۆزەرەوە نییەو دەچێتە بەیتولمالەوە..).

**حەوتەم:** کەس بۆی نیە -بە وەسێت- سێیەکی ماڵەکەی زیاتر ببەخشێت.

**هەشتەم:** قەتڵ و نەزرو سوێندو سەرجێیی (جیماع)ی هاوسەران لە ڕۆژی ڕەمەزاندا، کەفارەتیان لە سەرە.

**نۆیەم:** بوارە گشتییەکان، هەر گشتی دەمێنن، وەکو: دەریاو ئاسمان و ئاوو هەواو هیتر، بۆیە کەس بۆی نیە ماسی دەریا، یان باڵندەی ناوچەیەك، یان مەسافەیەکی زەوی زەوت بکات.

**دەیەم:** جۆرەها شێوازی تر، کە ئەحکامی شەرع ناهێڵێت سەروەت و سامان کەڵەکە ببێت و، لە دەست پۆلە کەسانێکدا بمێنێت، وەکو لە سۆشیالیستیدا لە بەردەست سەرانی حزبی پرۆلیتاریایەو، لە سەرمایەداریشیدا لە دەستی مشەخۆرەکانی سەرێدایە.[1]

(وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ )

واتە: ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمانتان پێدەکات - هەر چیەك و هەر چونێك بێت-وەریبگرن و جێبەجێی بکەن. لە هەرچی شتێکیش بەرهەڵستی لێکردن توخنی مەکەون، چونکە حەتمەن خراپەو لە بەرژەوەندیتان نییە. بۆیە دەفەرمووێ: مەیکەن.. لە خوای گەورەش بترسن، خوای گەورە سزای سەختی لایە، خۆتان بە پێچەوانەکاریی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) مەخەنە بەر ئەو سزایە..

۱- خوای گەورە دوای ئەوەی ئەحکامی فەیئی ئاوا دیاریکرد، کە هیچ شتێکی لێنادرێت بە جەنگاوەران، نە بە تاك تاکیان و نە بە فەرماندەکانیان، کە لە جاهیلییەتدا ئەو هەموو کالا زۆرو نایاب و دەگمەنانە دەبووە پشکی فەرماندەکان!

---

(۱) بڕوانە یەکێك لە عاجباتی سەرمایەداریی: یەکێك لە ملیاردێرە گەورەکانی ئەمریکا ناوی (وارین)ـە، ئێستا تەمەنی نزیکەی (۷۵) ساڵانە، (۷۵.۷) ملیار دۆلاری هەیە، ۱۵ کۆمپانیای هەیە. لەوانە: کۆمپانیای دروستکردنی فرۆکەو سەیارە. بە تەنها دەژی.
هەر لەو خانووەدایە، کە پێش چل ساڵ لەمەو پێش تێیدا ژیاوە، نۆژەن (تەعمیـر)ی نەکردۆتەوە.. تا ئێستاش نە مۆبایل، نە تەلەفۆنی هەیەو نە لاپتۆپ!
دەڵێ: هەموو شەوێك گەنمەشامی دەبرژێنم و دادەنیشم بە دیار فلیمی کارتۆنەوە!!
حەیف نیە ئیسلام زەکاتەکەی لێ نەسەنێت؟! ئەمە ئەگەر ئیسلامی لەسەر بچەسپێندرایە، جارێ هەر ساڵی یەکەم، یەك ملیارو نیو زیاتر زەکاتی دەدا، ساڵی دووەم هەروەها..
حساب بکە چل ساڵ بەردەوام زەکاتی بدایە، سەرەنجام دەبوو قبووڵ بکات ئاوا وردە وردە سەروەت و سامانەکەی لە بندەست دەربهێنرایە، یان ناچار دەبوو خـێرا بیخاتەوە بواری وەبەرهێنان (الاستثمار). ئێ چەندی تری ئاوا لە ناو وڵاتی موسوڵمانانیشدا پەیدابوون؟! کە تەنها (ولید بن طلال) ی (ئال سعود) ۳۱٫۵ ملیار دۆلاری هەیە.

خوای گەورە دەیویست ئەم یاوەرە عەزیزانە تایبەت بۆ خۆی ساغ بکاتەوەو، بە نیەتی پاکەوە وایان لێبکات، کە هیچ مەبەستێکیان -غەیری ڕەزامەندی خوای گەورە- لە جیهاد کردنیاندا نەبێت.

بۆیە سامانە دنیاییەکەی لە دەست دەرهێنان و پێشی فەرموون: کە حوکمی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )وەربگرن و تەسلیمی ببن، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمانی خوای خاوەنتان جێبەجێ دەکات..

ئەمە وەکو ئایەتەکانی سەرەتای سوڕەتی (ئەنفال)ە، کە یاوەران لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی غەزای بەدر (ئەنفال) ڕاجوێ بوون، خوای گەورە هەمووی لە بەردەست دەرهێنان و، داوای لێکردن: بە ماڵی دنیاوە خەریك نەبن، گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بکەن و، خێرا پەیوەندی نێوانیان چاك بکەنەوەو نەهێڵن خۆشویستنی دنیا ببێتە مایەی ڕاجوێی، چ جای ناکۆکی.. (يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١﴾) الانفال/١...

لێرەشدا دوای ئەوەی پێی ڕاگەیاندن کە نابێت چاویان لە ماڵی دنیا بێت و لەسەر حوشترێك یان دارخورمایەك، یان شمشێرێك، یان سیپاڵێك! مەبەستە مەزنەکەی خواویستیان لا پیس ببێت.. بە شێوەیەکی بنبڕو حەددیی پێی فەرموون هەرچی شتێك، هەرچۆنێك، بە هەر ڕادەو بڕێك پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پێتان بفەرمووێت: ئەمە فەرمانمەو بیکەن، بڵێن: بەسەر سەرو بە سەر چاو، ملکەچ و گوێڕایەڵین و، یەکسەر بێ موناقەشەکردن ئەنجامی بدەن.. بەرهەڵستی هەر شتێکیشی لێکردن، لە: نیازو مەبەستی دڵەوە بۆ گوفتاری زمان و ئاماژەی جەستە، بۆ کردارو بڕیار، بۆ دیدو بزاوت و هەڵوێست، یەکسەر بڵێن: بەسەر سەرو بەسەر چاو، ملکەچ و گوێڕایەڵین و توخنی ناکەوین..

- (وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ) ئەمە لە ناختاندا قەناعەت و ڕازیبوون بێت و سەر ڕاستانە وا ڕەفتار بکەن، چونکە ئێوە لە گەڵ خوای پەروەردگارتاندا

مامەڵە دەکەن ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ﴾.. هەر کەسێکتان لە ناخییدا تەسلیم نەبوو بێت، یان بیەوێت خۆبەسەر ڕەفتار بکات و حەزی خۆی بهێنێتە جێ، دەبێت ئەوەی لا یەقین بێت، کە دەکەوێتە بەر سزای سەختی خوایی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾.

٢- ئەم بڕگە ئایەتە: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ﴾ هەروەکو چۆنیەتی پەروەردەکردنی قورئانی و، ڕێساکانی تری ئاراستەوانی لەگەڵ ڕوداوە واقیعییەکەداو، بەبزاوت و هەڵوێستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووە مایەی سازدان و گەشەو نەش و نمای تاك و کۆی یاوەرانی بەڕێز (خوا لێیان ڕازی بێت).

زۆروجۆری سامانەکە و ئاسان دابەشکردنی دەستکەوتنی، وادەکات هەموو تەماعیان تێدا بێت، دابو نەریتی جارانیان - کە لەجاهیلیەتیاندا پێوەی پابەند بوون - پشکی هەریەکێکیان مسۆگەر دەکات، بە تایبەتی فەرماندە ئازاو ناودارەکانیان..

ئا لەم حاڵەتەی چاوو دەروونەدا، حاڵەتی حەزو ئینفیعالیدا، وەحی خوای خاوەن و هەڵسوڕێنەری واقیعەکەیان بۆ دێت، کە ئەوە پشکی کەستانی تێدا نییە، چاوەڕێ مەبن، بۆڵە بۆڵیش نەکەن، ملکەچ و گوێ ڕایەڵی وەحی بن و بزانن، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چۆن دابەشی دەکات..

هەرچۆنێکیشی دابەش بکات، ئێوە مافی قسە تێدا کردنتان نییە، چونکە نەخشەی غەزاکەو ئیدارەی بەرەکەو ئەنجامەکەی، هەموو خوای گەورە ڕێکی خستووەو بۆ سەرخستنی پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و، چاوشۆڕکردن و زەلیلکردنی ئەو (دیندار)انەیە، کە دەڵێن: ئێمە گەلی خواین! ﴿وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ﴾..

ئاوا هزرو هۆشی هێنانەوە بۆ دین و دینداریی و، زاڵی کردن بەسەر حەزو ئارەزوو تەماعکاریاندا..

ئاوا لە ناخیاندا قەناعەتی پێکردن، کە ئەوان دەبێت هەست بەوە بکەن، کە خوای گەورە دەیەوێت، هەر بۆ خوا ساغ ببنەوەو بۆ دینەکەی لێبڕێن و بزانن، کە بوونەتە ئەداتی قەدەری خوای خاوەنیان.. خوای گەورە ڕۆزی دەدات .. خوای گەورە خۆی (مووچەوبوودجە)ی ژیانیان دابین دەکات، چ پێویست دەکات چاویان لە دەستکەوتی جیهادەوە بێت، کە هەتیوو و هەژار و داماوو ڕێبواران شایانترن.

٣- ئەم بڕگە ئایەتە، ڕێسایەکی ئوصولّی زۆر گەورەو گرنگە، لە دیاریکردنی سووننەتدا.. چونکە هەموو سوونەت دەکەوێتە ناو چوار چێوەی ئەم ئاراستە خواییەوە، کە موسڵمانان پابەند دەکات بەوەوە، کە لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هاتووە، ئەم بڕگە ئایەتە وەکو دوو ئایەتەکەی سوڕەتی (نەجم)ە: ( وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ٤ )النجم/٣-٤.

واتە: پێغەمبەرەکەی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەر لە خۆیەوە قسە ناکات، ئەوە وەحییەو خوای گەورە بۆی ناردووە، ئەوەی کە سوننەتی خۆی جەنابیشێتی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، هەر لە ژێر چاودێریی خوای گەورەدایەو، هیچ سوونەتێکی نییە، کە پڕاوپڕ گونجاوی وەحی نەبێت.

ئیمامی (سیوطی) -بەڕەحمەت بێت- (٩١١ك کۆچی دوایی کردووە) دەفەرمووێ: وەحی دوو جۆرە:

- وەحییەکیان: فەرمانمان پێدراوە بینوسینەوە، کە خوێندنەوەیمان بە خوا پەرستیی بۆ دادەنرێت، کە قورئانی پیرۆزە.

- وەحییەکی تریان: فەرمانمان پێنەدراوە بینوسینەوە و، خوێندنەوەیمان بە خوا پەرستیی بۆ دانانرێت، کە سووننەتە.

هەموو سەلەف: ( یاوەران و تابیعین و تابیعی تابیعین) و ئەوانەی لەسەر دیدو ڕێبازو بەرنامەو ڕێسای ئەوان ڕۆیشتوون، هەر وایان فەرمووە.

- ئیمامی ئەحمەد (بەڕەحمەت بێت) بەسەنەدەوە دەگێڕێتەوە: کە ئیبنو مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: لەعنەتی خوا لەو ئافرەتانە بێت، کە خاڵ دەکوتن و خاڵیان بۆ دەکوترێت، لەوانەش، کە برۆیان بۆ دەکرێت و برۆ بۆ ئافرەتانی تر دەکەن، لەوانەش کە شێوەی خەلقکردنی خوایی دەگۆڕن..

ئەم هەواڵە گەیشتە ئافرەتێکی هۆزی (بەنوسەعد)، کە ناوی (ئوم یەعقوب) بوو، کە بیستی هاتە خزمەت (ئیبنو مەسعود)و لێی پرسی: جەنابت ئاواو ئاوات فەرمووە؟ فەرمووی: بەڵێ، بۆچی لەعنەت لە کەسێك نەکەم، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لەعنەتی لێکردووەو، لە کتێبەکەی خوای گەورەشدایە.

ئافرەتەکە وتی: لەبەرگەوە بۆ بەرگ قورئانم خوێندووە، شتی وام تێدا نەدیووە!!

ئیبنو مەسعود فەرمووی: ئەگەر بتخوێندایەتەوە دەتبینی، مەگەر ئەوەت نەخوێندۆتەوە، کە دەفەرمووێ: (وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ).

وتی: بەدی خوێندومەتەوە. فەرمووی: ئێ، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بەرهەڵستی لەوە کردووە. ئافرەتەکە وتی: وا دەزانم خێزانەکەی خۆشت دەیکات. فەرمووی: بڕۆ ببینە.. چووە ماڵیان و خێزانەکەی ئیبنومەسعوودی بینی، هیچ خاڵی پێوە نەبوو. هاتەوە خزمەت ئیبنومەسعوود و عەرزی کرد: هیچم پێوە نەدی.

(ئیبنوموسعود)فەرمووی:ئەگەر خاڵی کوتراوی پێوەبوایە،پێکەوەنەدەنووستین.[١]

- لە هەر دوو سەحیحی بوخاریی و موسلیمدا لە ئەبوهوەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەیفەرموو: (اذا أَمَرْتُكُمْ بِأمرٍ فَافْعَلُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ)[٢].

---

(١) ئیبنو کەثیر دەفەرمووێ: لە ڕێگای سوفیانی سەورییەوە، لە هەردوو سەحیحی بوخاریی و موسلیمیشدا هەیە. تەفسیری ئیبنوکەثیر /چاپی یەك بەرگی ل١٢.

(٢) بوخاریي (٦٧٧٧)، موسلیم (١٣٣٧).

واتە: هەر فەرمانێکم پێتاندا، ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە جێبەجێی بکەن، بەرهەڵستی هەر شتێکیشم لێکردن توخنی مەکەون.

- ئیمامی شافیعی (بەڕەحمەت بێت) چووە مەککەو بە خەڵکەکەی فەرموو: پرسیارم لێبکەن، تا بە قورئان وەڵامتان بدەمەوە!

کابرایەك هەستاو پرسی: کەسێکی ئیحرام پوش بێت و زەردەواڵە (ژەنگەسۆرە) یەك بکوژێت، حوکمی لە قورئاندا چییە؟

ئیمام فەرمووی: خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ)، پێغەمبەری خواش فەرموویەتی: (فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الْمَهْدِيِّينَ الرَّاشِدِينَ تَمَسَّكُوا بِهَا)[١] ڕێبازی من بگرنەبەر، هەروەها ڕێبازی خەلیفە ڕاشیدینەکان، واتە: جێنشینە پێگەیشتووەکانم.. ئینجا سەنەدی فەرمودەیەکی فەرموو، فلان لە فلانەوە بۆی گێڕامەوە، ئەویش لە فلانەوە.. تا گەیشتە سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت)، کە کابرایەك لێی پرسی: ئەگەر ئیحرام پۆش، زەردەواڵەیەك بکوژێت، هیچ کەفارەتی لەسەر دەبێت؟

سەیدنا عومەر فەرمووی : نەخێر.

---

(١) بەشێکە لە فەرموودەیەکی درێژ - بە ریوایاتی جیاوازو زۆر- کە ئەبوداودو ترمزیی بەسەنەدی (حەسەن سەحیح) و ئیبنوماجە بە سەنەدی (حەسەن) هێناویانەتەوە، فەرموودەوانان لە حوکمی سەنەدەکەیدا ڕاجوێ بوون: حاکم بە سەحیحی داناوە، زەهەبییش فەرموویەتی وایە، ئەلبانیش پشتگیریی لێکردووە.
ئەرنائووت دەفەرمووێ: بە کۆی ڕێگاکانی گێڕانەوەکانی سەحیحە، کە ئەمەیە: (قَالَ الْعِرْبَاضُ بن سارية رضي الله عنه صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ يَوْمٍ ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا فَوَعَظَنَا مَوْعِظَةً بَلِيغَةً ذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ وَوَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ فَقَالَ قَائِلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ كَأَنَّ هَذِهِ مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَمَاذَا تَعْهَدُ إِلَيْنَا فَقَالَ أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ عَبْدًا حَبَشِيًّا فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الْمَهْدِيِّينَ الرَّاشِدِينَ تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ).

دەبینیت سەیدنا ئیبنومەسعود سوونەتی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بە بەشێك لە وەحی خوایی دانا، كە قورئانە..

ئیمامی شافیعیش دیدو ڕێ و هەڵوێستی سەیدنا عومەری، بە سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دانا، سوونەتیش لە قورئانەوەیە.. ئەم دوو پێشەوا بەڕێزە، ئەم ئایەتەیان لا ڕێساو سەرچاوەی وەحی بووە.

زانایانی ئوصوڵیش لەسەر ئەم دیدو ڕێ و ڕێسایەن، دەبینیت حوكمێكی گشتی قورئان بە سوونەت تایبەتمەند (تخصیص) دەكەن، بۆ نموونە: خوای گەورە دەفەرمووێ:(حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ ) المائدة/٣.

واتە: مردارەوەبوو و خوێنتان لێ حەرام كراوە.. بەڵام لە سوونەتدا هاتووە كە دوو جۆر مردارەوە بوون، هەروەها دووجۆرە خوێن حەلاڵن، وەكو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ: (أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ، فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ، وَأَمَّا الدَّمَانِ فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ)[1]

واتە: دوو مردارەوەبوو، دوو خوێنمان بۆ حەلاڵە: مردارەوە بووەكان: (كوللە و ماسی)ن، خوێنەكانیش: (جگەرو سپڵ)ن.

- هەروەها بە سوونەت حوكمە گشتیەكانی - جۆرو ڕادەو بڕیان - دیاری دەكرێت، بۆ نموونە: خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا ) المائدة/٣٨.

واتە: دەستی پیاوێك، كە دزیی بكات و دەستی ئافرەتێك، كە دزیی بكات ببڕن.

سوونەت ڕادەو بڕی بڕینەكەی دیاریكردووە. چونكە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەستی پیاوێكی دزی لە مەچەكیەوە بڕیی.. یان خوای گەورە،

---

(١) ئیبنوماجە (١١٠٢/٢ ژ٣٣١٤)، ئەحمەد (٩٧/٢ ژ ٥٧٢٣) شێخی ئەلبانی بەڕەحمەت بێت لە (الصحيحة/ ١١١٨ و إرواء الغليل/ ٢٥٢٦ )دا دەفەرمووێ: سەحیحە.

کە دەفەرمووێ : نوێژ بکەن، زەکات بدەن، حەج بکەن.. سووننەت کات و شوێن و چۆنیەتی و رادەو بڕی ئەم فەرزانەی ڕوون کردۆتەوە..

ئێمە بە هۆی سووننەتەوە دەزانین، چۆن نوێژ دەکەین و کەی؟

یان کەی زەکات دەدەین و چۆن و چەندو لە چیی؟

یان کەی دەچینە حەج و ڕوکنەکانی چین؟.

٤- هەموو موسوڵمانێك دەبێت بزانێت، کە سووننەت چیەو چەند جۆرە؟ تا بزانێت، کە هەندێك سووننەت لە سەریی فەرزەو دەبێت بیکات و بەو ڕادەو بڕو چۆنیەتیش، کە سووننەت خۆی ڕوونی کردۆتەوە.

هەندێك سووننەتیش هەیە، موسوڵمان تێیدا سەرپشکە، ئازادە بیکات یان نەیکات.. زانینی ئەمە زەروورییە، چونکە ئێستا لە ناو داعی و کەسایەتیە ناودارە ئیسلامیەکانیشدا، هەندێك هەن وا دەزانن، هەر کە وترا: سووننەتە ئیتر لا ناکات بەلایدا!!.

پێشەوایانی شەرع و زانایانی ئوصوڵ سووننەتیان کردووە بە چەند بەشێکەوە:

یەکەم: ئەو ڕەفتارانەی بەپێی سروشتی بەشەرێتی خۆی کردوونی: کە ژیانی هەموو مرۆڤێك دەیانخوازێت، وەکو: (خواردن و خواردنەوەو پۆشین و نوستن و .. هتد).

هەموو ئەمانەو هاوشێوەیان پێش پێغەمبەرێتی و دوای پێغەمبەرێتیی وەکو هەر مرۆڤێکی تر، کردوونی.. ئەمانە بە گشتیی حەڵاڵ و شیاون، ئەحکامێکی شەرعی تایبەتیان تێدا نییە، مەگەر چۆنیەتیەکانیان، کە دەبێتە سوننەت، وەکو: چۆنیەتی دانیشتنی، چۆنیەتی خواردن و خواردنەوەی، کە بە دەستی پاکی راستی دەیخواردو دەیخواردەوە.

ئەم چۆنیەتیە جێی چاوێکردن و ئیقتیداپێکردنەو، ئەو کەسەی وا دەیکاتەوە بێگومان پاداشتی دەست دەکەوێت. ئەو کەسەی وا نەیکاتەوە گوناحبار نابێت و

سزا نایگرێتەوە. بەڵام کە هەموومان وا بکەین دەیکەینە دابونەریتێکی کۆمەڵگە موسوڵمانە دیندارەکەمان.. هەروەها جۆری خۆراکەکانی. بۆ نموونە: (ضَبٍّ)[١]ی نەخواردووەو ڕێی لە خواردنیشی نەگرتووە.

**دووەم:** ئەو ڕەفتارانەی وان لە نێوان سروشتی بەشەرێتی و حوکمی شەرعێتیدا: بۆ نموونە: جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لە کاتی حەجدا لە (عەرەفات)، کە سواری حوشتر بووبوو، هەستایە سەر پێ.. وەستان لە عەرەفاتدا ڕوکنی حەجە، بەڵام ئایا وەستان بە سواری حوشترو عەرەبانەو سەیارەوە جائیزە؟

ئایا وەستانی جەنابی بە سواری حوشترەوە لە عەرەفاتدا ڕەفتارێکی سروشتی بوو؟

بۆ ئەوەی حاجیەکانی تر بیبینن و بزانن لەو جێگایەدایە، تا ئەگەر پرسیاریان هەبوو بچنە خزمەتی؟

یان هەروەکو ڕەفتارێکی خواپەرستی وای کردووە؟

ئەمە ڕاجوێیی ئوصولیەکانی لەسەرەو هەرواش دەمێنێت.

**سێیەم:** ئەو ڕەفتارانەی سەلمێنراون، کە تایبەتن بە جەنابی و بەس: وەکو: هەبوونی زیاتر لە چوار ژن لە یەك کاتدا، چونکە ئەو کاتەی خوای گەورە پێی فەرموو: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحۡلَلۡنَا لَكَ أَزۡوَٰجَكَ ﴾ الاحزاب/٥٠.

واتە: ئەی پێغەمبەر! ئێمە ژنە هاوسەرەکانتمان بۆ حەڵاڵ کردوویت.. ئەو کاتە زیاتر لە چوار ژن هاوسەری بوون.

**چوارەم:** ئەو ڕەفتارانەی ڕوونکردنەوەی حوکمی قورئانن: وەکو چۆنیەتی سزا شەرعیەکان: سزای زینا، سزای دزیی، سزای شەراب خۆریی.. یان چۆنیەتی

---

(١) جۆرێکە لە خشۆکی بیابان، لە شکڵی: (قۆڕی و شەوگەڕو مارمێلکە)دایە. کلکی کورتترە بەڵام ئەستورو گۆشتنەو، هەیانە هەشت کیلۆ دەبێت! هەندێك عەرەب پێی دەڵێن: ماسی بیابان دەبرژێنرێت و دەکوڵێندرێت.

خواپەرستیەکانن، وەکو: چۆنیەتی نوێژکردن و حەجکردن، خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ) البقرة/٤٣.

واتە: نوێژ بکەن.. بەڵام چۆنیەتیەکەی بەو شێوەیە بووە کە جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لەسەر مینبەر نیشانی دان و فەرمووی: (صَلُّوا كَمَا رايتُمُونى أُصَلِّى)[1].

واتە: وا نوێژ بکەن، کە من دەبینن نوێژ دەکەم.. هەروەها حەجکردن، خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ) آل عمران/٩٧.

واتە: حەج لەسەر ئەو کەسانەی لە توانایاندا هەیە، فەرزە. بەڵام چۆنیەتی حەجکردنەکە لە سوننەتدا شەرح کراوە، جەنابیشی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرموویەتی: (خُذُوا عَنِّي مَنَاسِكَكُمْ)[2].

واتە: چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی حەج، لە من وەربگرن.

پێنجەم: ئەو ڕەفتارانەی، نەلەسروشتی مرۆڤایەتیەکەیەوەیەتی و، نەڕوونکردنەوەی ئەحکامی قورئانن: تایبەتیش نەبوون بە جەنابییەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ئەمانەش دووجۆرن:

جۆری یەکەم: ئەوانەی زانراون، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردونی: چونکە فەرزبوون لەسەریی، یان شیاو بوون بۆی، یان ڕێپێدراوو پەسەندی جەنابی خۆی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بوون. وەکو: نوێژکردنی لە ناو کەعبەدا.. ئەمە بۆ موسوڵمانانیش شیاوە، چونکە تایبەت نەبووە بە جەنابییەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

جۆری دووەم: ئەوانەی نازانین لەسەر ئێمە فەرزن، یان سوونەت، یان ڕێپێدراوی پەسەند: بۆچوونی پێشەوایان دەربارەی ئەم ڕەفتارانە جیاوازە:

---

(١) فەرموودەکە (متفق علیه) یەو بەناوبانگ و بەربڵاوە بە تایبەتی، کە شێخی ئەلبانی (رحمه الله) لەسەر بەرگی کتێبی (صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.) نوێژەکەی بڵاوی کردۆتەوە.

(٢) نەسائیی و ئەحمەدو بەیهیقیی و فەرموودەوانی تر . ئەلبانی لە (الجامع الصغير وزيادته / ٩١٩٢) و (صحيح الجامع/ ٥٠٦١) دا بە سەحیحی داناوە.

- ئیمامی ئەبوحەنیفەو ریوایەتێکی ئیمام ئەحمەد و قەولێکی ئیمامی شافیعی ئەوەیە: کە پێویستە بکرێن، بەڵام لە ڕووی ئیحتیاتکردنەوە، نەبادا وەل بکرێن و دوایی دەربکەوێت کە فەرز بوون.

- هەندێك لەشەرعناسانی مەزهەبی شافیعی و رای دووەمی ئیمامی ئەحمەد ئەوەیە: کە باشتر وایە بکرێن، چونکە ئەنجامدانیان لەوەلکردنیان باشترە.

- جائیزە.. کەوا بوو: نەکردنیشی جائیزە.. مەگەر خوا پەرستیەك بێت، کە حەتمەن کردنی چاکترە.

- تێداوەستان، ئەمە بۆچوونی (موعتەزیلە)یە، بەڵام ئەوانی تر وەلامیان داونەتەوە، کە وەستان وەتێڕامان ئیقتیداکردن نین بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

عەللامە شەنقیتی وەکو زۆرێك لە زانا توێژەرەوەکان دەفەرمووێ: حەتمەن ئەنجامدانی باشترە، خۆ ئەگەر فەرزیش نەبێت، سوونەتەو پاداشتی مسۆگەرە.

بێگومان هەر واشە.. مەرجیش نییە ئێمە بزانین بۆچی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )وایکردووە. ئەنجامدانی ئەم ڕەفتارانە، ئیقتیدا پێکردنێتی، بڕوانە هەڵوێستی یاوەران لەم نموونەدا:

- ئەبو سەعیدی خودریی (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لە نوێژدا بوو (ئیمام بوو)، یاوەران لە خزمەتیدابوون بە ریز لە نوێژی جەماعەتەکەیدا بوون.. لە کاتی نوێژەکەدا، جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەعلەکانی دانا،[1] هەموو یاوەران هەر لە نوێژەکەیاندا، یەکسەر نەعلەکانیان دانا.. کە لە نوێژ بوونەوە، پێی فەرموون: کە بۆچی ئێوەش نەعلەکانتان دانا؟

عەرزیان کرد: دیتمان جەنابتان نەعلەکانت دانا، ئێمەش وامان کرد..

---

(١) مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هیچی تێدا ڕانەخرابوو، هەر بەلم داپۆشرابوو، بۆیە ئاسایی بەنەعلەکانیانەوە دەچوونە ناوی و نوێژیشیان پێوە دەکرد.

فەرمووی: (اِنَّ جِبْرِيلَ أَتَانِي فَأَخْبَرَنِي أَنَّ بِهِمَا خَبَثًا) جیبریل (جوبرائیل) سەلامی خوای لێبێت هەواڵی دامێ، کە پیسایی بە نەعلەکەمەوە بوو، منیش دامنان..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرهەڵستی لێ نەکردن و زەمی ڕەفتارەکەی نەکردن.. ئەوان (خوا لێیان ڕازی بێت) ئاوایان کرد، بێئەوەی بزانن بۆچی؟.

کەوابوو: شارەزابوون لە سوننەت، زەروورەتێکی دیندارییە، پابەندبوونیش پێوەی، سیپاو سیفەتی سووربوونە لەسەر باڵا ڕاگرتنی سوونتەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) و، گرتنەبەریی ڕێگای سەرفرازییە، مایەی لە خوا نزیکبوونەوەیە.. هەروەکو، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەیفەرموو: (إِنَّهُ مَا مِنْ شَيْءٍ يُقَرِّبُكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ وَيُبْعِدُكُمْ مِنَ النَّارِ إِلا قَدْ أَمَرْتُكُمْ بِهِ، وَإِنَّهُ مَا مِنْ شَيْءٍ يُقَرِّبُكُمْ مِنَ النَّارِ وَيُبْعِدُكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ إِلا قَدْ نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ)[1].

واتە: شتێك نەماوە لە بەهەشت نزیکتان بکاتەوەو لە دۆزەخ دوورتان بکاتەوە، کە بۆم ڕوون نەکردبێتنەوە و فەرمانم پێ نەدابن کە بیکەن، شتێکیش نەماوە لە دۆزەخ نزیکتان بکاتەوەو لە بەهەشت دوورتان بکاتەوە، کە بۆم ڕوون نەکردبێتنەوەو فەرمانم پێ نەدابن، کە نەیکەن.

٥- پابەندبوون بە سوونتەتی پاکی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لە ڕاستیدا سەلماندن و چەسپاندنی حەقیقی شایەتمانەکەیە: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ اللَّهُ وَ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ)، چونکە بڕگەی یەکەم، کە شاهیدی دانە لەسەر خوایەتی خوای گەورەو تاك و پاکیی ئەو، شاهیدیدان و ئیعتیراف کردنیشە بە وانەی کە (لاَ إِلَهَ إلاَّ اللَّهُ) دەیانخوازێت، وەکو: باوەڕبوون بە نادیار (غەیب)، باوەڕبوون بەفریشتەو بە ڕۆژی دوایی و بە ناردنی پێغەمبەران و پەیامەکانیان.

---

(١) نەسائیی لە (السنن الكبرى ١٢١/٧) و بەیهیقی لە (شعب الايمان/ ١١٤١). ئەلبانی لە (السلسلة الصحيحة/٢٨٦٦) دا دەفەرمووێ : (مرسل حسن)، شاهیدی تری بۆ دەهێنێتەوە، کە دەیگەیێنێتە پلەی سەحیح.

(أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) کەش ئیعتیرافکردنە بەپەیامی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) .

واتە: ئیقتیداکردن پێی و وەرگرتنی فەرمان و خۆلادان لەبەر هەڵستیەکانی.

هەروەها پابەندبوون بە سیرەو سوونەتی پاکیی.. ئەم پابەندبوونە، خواپەرستییە، ملکەچکردنە بۆ فەرمانی خوا، چونکە دەفەرمووێ:(مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ) النساء/٨٠.

واتە: هەر کەسێك ملکەچی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) بێت، ئەوە ملکەچێتی بۆ خوای گەورە دەربڕیووە.

پابەندبوون بە سیرەو سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ئەوە دەگرێتەوە، کە موسوڵمان باوەڕی وابێت: کە لەگەڵ هەر کەس و لایەنێکی موسوڵماندا ناکۆك بێت، چارەسەرەکە وا لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و هەر دەبێت بگەڕێتەوە سەر قورئان و سوونەتی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ: (فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ) النساء/٥٩.

سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر ئەوە نییە، کە ئەحکامی قورئان ڕوون بکاتەوە، بەڵکو سەرچاوەی دووەمی یاساو ئەحکامەکانی شەرعیشە.. زۆر حوکمی شەرعیی هەیە، کە لە بەڵگەی سوونەتەوە هاتوون، نەك لە قورئانەوە..

ئێمە چۆن دەزانین کە گۆشتی گوێدرێژ (کەر) حەرامە؟

بە بەڵگەی سوونەت دەزانین، چۆن دەزانین گۆشتی پڵنگ حەرامە؟

بە بەڵگەی سوونەت دەزانین..

چۆن دەزانین پیاوی موسوڵمان بۆی جائیز نیە لە یەك کاتدا ئافرەتێك و پوورێکی هاوسەری بن؟

بەبەڵگەی سووننەت دەزانین..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرمووێ: (الَا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ)[1].

واتە: ئەوە بزانن، کە هەروەکو، کە قورئانم پێدراوە، وەکو ئەویش (سووننەت)م پێدراوە.

کەوابوو: پێویستە موسوڵمانی دیندارو سەر ڕاست هۆشی لە سووننەت بێت و، تا دەتوانێت خۆی پێوە پابەند بکات و لەوە دڵنیا بێت، کە سەرفرازیی دنیاو قیامەت بە پابەندبوونیەوەیەتی بە سووننەتەوە..

بڕوانە ئەو یاوەرە بەڕێزانە، چەند و چۆن بە ئاراستەی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) پابەندبوون و، بشڕوانە حاڵی خۆت! ئایا خۆت لە پابەندبوونت بە سووننەتەوە ڕازیت؟!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لەسەر مینبەر بوو، وتاری دەدا، فەرمووی: دانیشە!

یاوەران لەدەرەوەی مزگەوت دانیشتن! هەر یەکەیان دەیفەرموو: نەبادا مەبەستی من بوو بێت.

---

(١) ئەبوداوود (٤٦٠٤)، ئیبنوماجە( ٣٦٧٧)، ئەحمەد /١٦٨٤٤)،ئەلبانی لە (صحيح سنن أبی داود/ ٣٨٤٨) دا فەرموویەتی: سەحیحە.

**ئایەتی هەشتەم:**

(لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَـٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ ﴿٨﴾)

واتە: ئەو هەژارانەی، کە شایانی ئەو سامانەی (فەی) بوون بیاندرێتێ هەموویان -جگە لە دوو کەسیان- لە موهاجیرانی مەککە بوون، ئەوانەی، کە لەبەر خاتری خوای گەورەو پابەندیی دینەکەو فەرزی سەرخستنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، شارو کەسوکارو ماڵ و سامانی خۆیانیان لە مەککە جێهێشت و، بۆ سەرخستنی پەیامی خوا لێبڕان.

هیچ مەبەستێکی دنیایی لە دڵ و هزرو ویژدانیاندا نەبوو، تەنها مەبەستیان: بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەو پاداشتی ئەو بوو.

ئەمانە، کە ئێستا وا هەژارو دەستکورتن و سامانەکەی (فەی) بەنوننەزیریان پێدەشێت، لە جێ و ڕێی خۆیاندا هەبوو بوون، خاوەنی کەسوکاری خۆیان بوون، بەڵام لەپێناوی سەرخستنی پەیامی خواویستیی و بانگەوازو بزاڤەکەی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، هیجرەتیان کردو بۆ سەرووەرێتی دینی خوا لێبڕان، ئا ئەمانە ڕاستگۆکانن!

١- ئەم یاوەرە عەزیزانەی هەر کاتێك باسی ئیسلام و بانگەوازو ئارامگریی ژێر ئەشکەنجە دەکرێت، هەر کاتێك باسی هیجرەت و بۆ خوا لێبـڕان دەکرێت، هەر کاتێك نموونەی (ئیمان) و (هیجرەت) و (جیهاد) دەهێنرێتەوە، ئەمان باس دەکرێن..

ئا ئەمانەی دینەکەیان لە سێزدە ساڵی یەکەمدا لەسەر شان بنیات نرا.. ئا ئەمانەی، کە خوای گەورە بەو شێوەی مەدحە گرنگە دەفەرمووێ: (أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ ) سەد کەس بوون!! تەنها سەد کەس!.

٢- سەرنجدەرە ئەم ئایەتە، چۆن خوای کارزان و شارەزاو دانا، وەسفی ئەم پۆلە مرۆڤە دانسقە نایابە دەکات!

- بوارو حاڵەتەکە باسی موستەحەق بوونی یارمەتییەکی دارایی و سامانە.. خۆ ئەوەندە بەسبوو بیفەرموایە: هەژارن.. ئەوەش زەروورییی نەبوو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمووی: هەژارن!

خۆ ئەوەی پێغەمبەری خواش زەروورییی نەبوو، چونکە سەد کەسی ناسراو بوون، لە کۆمەڵگەیەکی بچووکدا. ئەوان موهاجیری بێ کەسابەت بوون و، خەڵکەکەی تر خەڵکی شارەکەن و باب و باپیریان لەوێ لەدایکبووەو دەوڵەمەندن.. سەد هەژاری غەریبە لە ناویاندا زەقە.. بەڵام بڕوانە خوای گەورە، چۆن مەدحیان دەکات!

ئەم مەدحەیە، کە نەك هەر ئەوەی، کە کردنی بە شایانی پشکێك دەستکەوت، بەڵکو کردنی بە چوار خەلیفەی حوکمڕانی مەدینەو، هەموو دەسەڵاتی سەرزەمینی دەوروبەریی..

خوای گەورە وای ناساندن، کە شایانی حوکم و خیلافەت و کاربەدەستی دەوڵەت و، سەفیرو فەرماندەی لەشکری هەزار بەهەزارو، سوارچاکی مەیدانی جەنگی ڕیشەکێشکردنی فارس و ڕۆم بن!!

- پاڵنەری هیجرەتەکەیان: (يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ )یە.

- ئامانجیان: (وَرِضۡوَٰنٗا ).

- مەبەستی دنیاییان: (وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ ).

- وەسفی شیاوی هەتاهەتاییان: (أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ).

ئەمانە هەموو ڕوکنەکانی کۆمەڵکاریی ئوممەتییان سەلماندو چەسپاند: ( إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ..) الانفال/٧٢.

لەگەڵ پشتیوانە سەر ڕاستەکان کە گرتیاننە خۆو کردیانن بە سەرکردەو خەلیفەو پێشەواو مامۆستاو ئەمیرو فەرماندەی خۆیان، کە داڵدەیان دان و پشتیان گرتن و وەلائیان دانێ! (وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍ)، ئا ئەم دووپۆلەی ئەهلی ئیمان، کە خوای گەورە ئاوا وەسفییان دەکات، کە تاقیامەت نموونەی موسوڵمانی ڕاستگۆو سەرڕاستن، نموونەی سەلماندن و چەسپاندنی وەحی خوایین.

لە هەموو بوارێکی ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی مرۆڤایەتییدا ( وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقًّاۚ ) الانفال/٧٤.

ئەم گەورە پیاوانە، ئەم داعیە خۆگرانەی سەرەتای زەمانی موستەزعەفێتی مەککە، کە سێزدە ساڵی ڕەبەق خۆیان لەبەر هەموو جۆرە تین و فشارێکی جاهیلییەتدا گرت، ئەوەتا شایانی پشکێك سامانن، کە پـێی دەوڵەمەند نابن، بەڵام کاتیان بۆ بانگەوازو بزاڤ و جیهادەکە بۆ دەگەڕێتەوە.. کاتی کاسبیکردنی زۆرو ماندووبوونی دوای پارووەنانی حەڵاڵ.

ئەمە وەسفی ئەو سەد پیاوە جوامێرە پێشەوا موحتاجەیە، کە خوای کردگاری مرۆڤ و هیدایەتدەری موسوڵمانان و، چاودێرو ئاودێری یاوەران ئاوا وەسفیان دەکات.. وەسفێکە، کە هەتا دنیا دنیا بمێنێت، دەبێ ئەهلی کوفرو شیعەی ڕەوافیز لە حەنایاندا کوێر ببن.

ئینجا بڕوانە باڵەکەی تری ئوممەت.. بڕوانە وەسفی خوایی بۆ هەزاران یاوەرەکەی ئەنصار، کە لە ئایەتی دواتردا باسیان دەکات..

## ئایەتی نۆیەم :

(وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٩)

واتە: ئەوانەی پێش ئەوان نیشتەجێی شارو ئیمان بوو بوون، حەز دەکەن موسوڵمانانی مەککە بۆ لایان کۆچ بکەن و، بچنە ناویانەوەو تێکەڵ بە ژیانیان ببن، هیچ گرێ و گۆڵێکی دەروونیان لا دروست نەبوو، بەوەی، کە سامانی (بەنوننەزیر) تەنها بەوان دراو بەمان نەدرا، ئەمان پشتیوانانی دینەکەن و موهاجیرەکانیان خۆشدەوێت.

بەرژەوەندیی ئەوان ئەوەندە دەخەنە پێش خۆیان، ئەگەر هەژارییش بەسەر خۆیاندا بهێنن، هەر موهاجیرەکان پێش دەخەن.. هەر کەسێك خۆی لەپیسکەیی و چاوچنۆکیی و سەقیلی، دەروونی خۆی قوتار بکات، بەڕاستی ئا ئەوانە سەرفرازن.

١- (وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ) ئەوانەی، کە پێش موهاجیرەکان نیشتەجێی (دارُ الهجرة) بوون، کە مەدینە بوو، هەروەها نیشتەجێی (ئیمان) بوون، یان ئیمان لە ناخیانَدا نیشتەجێ بووبوو.. ئەمانەی، کە هەروەکو، کە دەسەڵاتیان بە سەر ماڵ و شارو ناوچەی خۆیاندا هەیەو کۆنترۆڵیان کردووە، ئاوا ئیمانیشیان کۆنترۆڵ کردووەوپـێی دەژین! ئەمانە هەروەکو، کە پێش موهاجیرانی مەککە نیشتەجێی ئەم شارەن بوون، پێش هەندێکیشیان باوەڕیان هێناوە، بەیعەتی یەکەمی عەقەبەو بەیعەتی دووەمی عەقەبە، کەپێش هیجرەت بوو.

- ئەمانە کە پێشتر نیشتەجێی ئەم خانوو بەرەو شارە بوون، خۆیان لە بەرامبەر موهاجیراندا بە خاوەن نازانن، بۆیە هەم سامانیان لەگەڵدا بەشکردن و، هەم دەستبەرداریی دەستکەوتەکانی (بەنوننەزیر) بوون و، هەم تەنازولیان لە خیلافەت و ئیمارەت و فەرماندەیش دەکرد بۆ موهاجیرەکان.

-(تَبَوَّءُو) دیاریکردنی جێگایەکە، کە مرۆڤ، یان گیانلەبەران بۆ ئەمان وحەوانەوەو خۆپەنادان و شاردنەوە، دیاری دەکەن و لە کاتی پێویستیدا دێنە ناویەوە.

- (ٱلدَّارَ) لە ئەسڵدا وڵاتە، ئەو شوێنەیە کە خەڵکانێکی زۆری قەومێکی لێ نیشتەجێ دەبێت. ئەسڵیشی جێ سوکنای تـیرەو هۆزی نیشتەجێیە.

بۆیە وەها دەوترێت: (دار ربیعة)، یان (دار هوازن)، واتە: شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو دوو هۆزە: (ڕەبیعە و هەوازن).. خوای گەورەش بەم مانایە باس لە قەومی (سەمود) دەکات (فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ) الاعراف/٧٨، هەر لە ناوچەکانی خۆیاندا بە کۆمەڵ گیانیان سپارد. لێرەشدا مەبەست لـێی: شاری مەدینەو دەوروبەرێـتی، کە دوو هۆزی گەورە: (ئەوس و خەزرەج)ی تێیدا نیشتەجێ بوون.

٢- ئەهلی تەفسیرو ڕێزمانەوانانی عەرەبی لەوەدا، کە (الدار) و (الایمان)، هەر دووکیان کراو (مفعول بە)ی (تَبَوَّؤُوا) بن، ڕاجوێ بوون. چونکە نیشتەجێبوونی وڵات و باوەڕ، لێك دوورن. بۆیە هەندێکیان فەرموویانە: کە تەقدیرێك هەیە، کە بوترێت (تبوؤا الدار) و (اعتقدوا الایمان) یان (اخلصُوا الایمان)، ئەمە بۆچوونی (ئەبوعەلی فارسی) ڕێزمانەوانە.

هەندێکی تر دەفەرموون: (تبوؤا الدار و موضع الایمان)، واتە: هەروەکو، کە دەسەلاتی تەواویان بەسەر جێ و ڕێی خۆیاندا هەیەن ئاواش ئیمانیان کۆنترۆڵ کردووەو، لە ناخیاندا جێگیربووە، هەندێکی تر دەفەرموون: (لَزِمُوا الدارَ والایمانَ) واتە: پابەندبوون پێیانەوە.

سەیید قوتب رحمەالله دەفەموێ: (مەبەستێکی ڕەوانبێژییانەیەو وێنای دیمەنەکە دەکات، کە (هەروەکو، کە لە ناوماڵ و خانوو بەرەکانیاندا، هەست بە ئەمان و ئارامی و نازو نیعمەت دەکەن، لە ئیماندارێتیەکەشیاندا ئاوا ئەمان و ئارامیی و نازو نیعەتیان دەستکەوتووە..)، ڕەنگە ئەم بۆ چوونەش زیاتر پێکابێتی (والله اعلم).

٣- ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوە كۆن، كە مەبەست لە (الدار)ەكە: شاری مەدینەیە، ناو هێنانیشی بەو شێوەیە، بۆ ڕێزلێگرتنێتـی چونكە (ال) ئەلف و لامی عەهدییە، وەكو ئەوەی، كە هەموو بزانن، كە دەوترێت: (الدار) مەبەست لە غەیری مەدینە نییە.

هەروەكو بوترێت: وەكو كە بە كوردیی دەڵێن: هەر خۆی شارە بە تەنها، ئاماژەیەكی پەنهانیشی تێدایە، كە شارەكە بوو بە مەئوای ئیمان و ئیمانداریێتی، پێش ئەوەی ببێت بە مەئواو جێ ئارامی موهاجیرانی مەككە..[١]

هەر لەبەر ئەوەشە، كە ئیمامی مالیك (رحمەالله) دەیفەرموو: مەدینە لە هەموو شارێكی تر پیرۆزترو گرنگـترە. لەو ڕووەوەوە، كە ئیمان و هیجرەتی لە خۆ گرت و، دین و دینداریێتی تێدا گەشەی سەند، بێئەوەی شمشێری بەرگریی و بەرەنگاریی تێدا هەڵكێشرا بێت..

هەر لەبەر ئەم فەزڵ و گەورەییەی مەدینەشە، ئیمامی مالیك، كە لە مەدینە لەدایكبوو، لەمەدینەش كۆچی دوایی كرد و، بۆ غەیری حەج نەچووە دەرێ لێی.

---

(١) هەر لەبەر ئەوەشە، كە ئیمامی مالیك (رحمەالله) دەیفەرموو: مەدینە لە هەموو شارێكی تر پیرۆزترو گرنگـترە.

لەو ڕووەوە، كە ئیمان و هیجرەتی لە خۆ گرت و دین و دینداریێتی تێدا گەشەی سەند، بێئەوەی شمشێری بەرگریی و بەرەنگاریی تێدا هەڵكێشرا بێت..

هەر لەبەر ئەم فەزڵ و گەورەییەی مەدینەش بوو، كە ئیمامی مالیك -كە لە مەدینە لەدایكبووەو لە مەدینەش كۆچی دوایی كرد- بۆ غەیری حەج نەچووە دەرێ لـێی.

لەبەر ڕێزی پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە لەوێ بە خاك سپێدراوە، ئیمامی مالیك نەعل و پێڵاوی لەپێ نەدەكرد، هیچ فەرموودەیەكیشی بە پێوە وەرنەدەگرت، دەیفەرموو: چونكە فەرموودەیەو لە دەمی پاكی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتووە.

لەگەڵ وەرگرتـنی هەموو فەرموودەیەكیشدا، یان گەیاندنەوەیدا خۆی بۆن خۆش دەكرد.. رحمەالله.. ساڵی (١٦٤ك) كۆچی دوایی كردووە.

- (يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ ...) بە خۆشحاڵیەوە پێشوازیی لەو کەسانە دەکەن، کە هیجرەت دەکەن بۆ لایان.. ئەمە ئاستێکی بەرزی دیندارییە، ئەمە خۆپاڵفتەکردنە لە بەغیلیی و چاوچنۆکیی، چونکە زۆرینەی شەڕو شۆڕی ئەوسای عەرەب - وەکو جاهیلییەتی ئەمڕۆ - شەڕیان لەسەر (ئابووریی) بوو، لەسەر مێرگ و بیرو لەوەڕگا بوو، لەسەر بازرگانی و بازاڕ بوو..

ئەمانەیان لێبووە ئاگری بنکای شەڕی تیرەگەریی و عەشایریی، بۆیە ئەم یاوەرە بەڕێزانەی پشتیوانان، نەك هەر ئەو سیفەتانەی جاهیلییەتیان نەمابوو، بەڵکو بەرز بووبوونەوە بۆ ئاستێکی نموونەیی ئیسلامی، کە حەزیان دەکرد موهاجیران بێنە شارو ماڵ و جێ و بازاڕیان، حەزیان دەکرد خزمەتیان بکەن، نەك هەروەکو میوان و موهاجیر، بەڵکو وەکو خاوەن ماڵ و خەڵکی شارەکەو نیشتەجێکانی.

- ئەم سیفەتەش، سیفەتی تاکە تاکەکانیان نەبوو، بەڵکو سیفەتی گشتی هەموو پشتیوانان بوو، چونکە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری بۆ دان، کە دەبێت برایەتی لە نێوان (موهاجیران) و (ئەنسار)دا پێك بێت.

هەر یەکە لە کۆچکەرەکانی مەدینە بەر ماڵێکی دەوڵەمەندیی پشتیوانەکانی مەدینە کەوت، پشتیوانەکان یەکسەر خانوو و زەوی و زارو باخەخورماو، بازرگانیەکانی خۆیانیان لەگەڵ موهاجیرەکاندا کردە دوو بەش و، ئەوانیان کردە برابەش.

ئەمە لە مێژوودا ڕوویندەداوە.. ڕوویندەداوە خەڵکی شارێك ئاوا خۆشحاڵانە پێشوازیی خەڵکی شارێکی تر بکەن و ئاوا بیانگرنە خۆ..

ڕوویداوە، کە هاوکارییان کردوون، بەڵام نەیانبردوونەتە سەرماڵ و حاڵی خۆیان.. موڵکیان لەگەڵدا دوو لەت نەکردوون.. ئەمەی لەمەدینە ڕوویدا، لە ناو موسوڵمانانی ئوممەتیشدا جارێکی تر ڕوویندەداوەتەوە.[1]

---

(١) ئێمە ئەم ئەزموونەمان هاتە ڕێ، کە برایانی گەرمیان (کەلارو کفریی و چەمچەماڵ و تەکیەو..) بە ماڵ و منداڵەوە هیجرەتیان کرد، بۆ ئەو ناوچانەی هەڵەبجەو هەورامان و

مـێژوو دەیان نموونەی سەرسوڕهێنی لەم برایەتیەی تۆمار کردووە.. سەیدنا (عبدالرحمانی کوڕی عەوف)، کە یەکێکە لە دە مژدە پێدراوەکەی بەهەشت و، یەکێك بوو لە دەوڵەمەندەکانی مەککە، دوای هیجرەت، هەژار کەوتبوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لەگەڵ (سەعدی کوڕی ڕەبیع)دا کردبوونی بە براو هاوبەش..

سەعد دوای سێ ڕۆژ میوانداریی، بە سەیدنا (عبدالرحمان)ی فەرموو: نیوەی ماڵ و سامان و نیوەی باخەکەم بۆ جەنابت دەبێت. دوو ژنیشم هەیە، یەکێکیانت بۆ تەڵاق دەدەم!

بەڵام سەیدنا (عبدالرحمن) فەرمووی: خوای گەورە بەرەکەت بخاتە ماڵ و منداڵ و سامان و خـێزانتەوە، من هیچم ناوێت، من کەسێکی بازرگانم و کەسەبەی بازاڕم، لەگەڵمدا وەرە بازاڕەکە، کەفالەتم بکە، ئیـتر خۆم ڕێی خۆم دەگرمەبەر.

پاشان وا دەوڵەمەند بوو، کە دەیفەرموو: بەخوا قەسەم شەوانە بە مشت پارە جیا دەکەمەوەو دەیبەخشم، کەچی بە ڕۆژ بۆم پەیدا دەکرێتەوەو دێتەوە شوێنی خۆی! (خوا لێیان ڕازی بێت).

- ئیمامی بوخاریی بە سەنەدەوە لە ئەنەسەوە (خوا لێی رازێ بێت) دەگێـڕێتەوە: (أَرَادَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )أَنْ يُقْطِعَ مِنَ الْبَحْرَيْنِ فَقَالَتِ الْأَنْصَارُ حَتَّـى تُقْطِعَ لِإِخْوَانِنَا مِنَ الْمُهَاجِرِينَ مِثْلَ الَّذِي تُقْطِعُ لَنَا قَالَ سَتَرَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً فَاصْبِرُوا حَـتَّى تَلْقَوْنِي)[1].

---

شارەزوور، کە لەبەر دەستی بزوتنەوەی ئیسلامیدا بوون لە ساڵی (١٩٩٥-٢٠٠٢) وا مانەوە، بەڵام دوو نموونەمان پێ نەسەلمێنرا!!

پیاوچاك و سەخیی و دڵفراوان لە خەڵکی ناوچەکەدا –والحمدلله- زۆر بوون، بەڵام کەس نەگەیشتە ئەم ڕادەیە.. زۆرجاریش بە موهاجیرەکان دەوترا: ئاوارەکان کەی دەگەڕێنەوە و ئێرە چۆڵ دەکەن!

(١) بوخاريي (٢٢٤٨).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پشتیوانەکانی بانگ کردو پێـیی فەرموون: کە ناوچەی بەحرەین (هەر ئەم بەحرەینەی ئێستایە) دەکاتە سەرچاوەی دارایی بۆیان.

عەرزیان کرد: نا، ناخوازین پێش موهاجیرانی مەککە، هیچ پشکێکمان بەربکەوێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پـێی فەرموون: دەی مادام هیچ وەرناگرن، سەبریش بگرن لەسەر ئەوەی لە داهاتوودا خەڵکانێك خۆ دەخاتە پێشتان.. سەبریان لەسەر بگرن، تا لە قیامەت پێم دەگەنەوە..

بڕوانە ئەو سەبرگرتنەی پشتیوانان: هەموو خیلافەتی راشیدیی و ئەمەویی و عەبباسیی و زۆرینەی فەرماندەی لەشکرو تەنانەت سەرپەرشتیاری بەیتولمالیش هەر لە موهاجیران دەبوو.. بەرپرسی بەیتولمالی بەحرەین، تا سەردەمی سەیدنا عومەریش (خوا لێی ڕازی بێت) بیلالی حەبەشی بوو (خوا لێی ڕازی بێت)، بڕوانە ئەو خۆ کۆنترۆڵ کردن و پەروەردەبوونە ئیسلامیەو ئەو بۆ خوا ساغبوونەوەیەی پشتیوانانی مەدینە، کە لە بڕگەی دواتری ئەم ئایەتەدا، هەست و نەستی ناخیشیان وێنا دەکات و دەفەرموێ: (وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ ).. هیچ هەستێکی پێداویستیان بەرامبەر ئەوە نەبوو کە دەدرێتە موهاجیرەکان:

١- نە تووڕە بوون، نە دڵگران، نە حەسوودیش گرتوونی، نە تاماعکاریی و چاولێبوون.

٢- هەستی پێداویستی لە ناخدایە.. لە قووڵایی دڵ و دەرووندایە، هەروەکو خوای گەورە لە شوێنی تری قورئاندا، بە خاڵی دەروونناسیی (علم النفس)ە ڕوونی دەکاتەوەو دەفەرموێ:

- ( ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمَ لِتَرْكَبُوا۟ مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَلِتَبْلُغُوا۟ عَلَيْهَا حَاجَةً فِى صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٨٠﴾ ) غافر/٧٩-٨٠.

خوای گەورە ئاژەڵی بۆ خەلق کردوون (گاو مانگاو گوێدرێژو ئێسترو ئەسپ و حوشتر)، کە هەندێکیان بۆ سواریی بەکار دەهێنن و هەندێکی تریان بۆ خواردن، بەڵام هەموویان سوود بەخشن بۆتان و ئەو پێداویستیانەی لە نیازتاندا هەن، دەتانەوێت بۆتان بێتەدیی (وەکو سەفەرو بارکردن و گواستنەوە و.. هی تر) ئەوانە بۆتان دەهێننە دیی.

- (إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا) یوسف/٦٨.

واتە: هەر پێداویستیەك بوو، کە لە دەروونی (یەعقوب)دا هەبوو، خوای گەورە ویستی وا بوو بۆی بێتەجێ.

ئەم هەستی پێداویستیەیە لە دەروونناسی سەردەمدا پـێی دەوترێت: پاڵنەرەکان (الدوافع)، کە هەوڵدانی سەرەتایی و رەنجدانە بۆ تێرکردنی چاوو دەروون و، پڕکردنەوەی هەستی پێداویستیەکە. وەکو پێداویستی: تێربوونی خۆراك و خواردنەوەو، هەبوونی پۆشاك و حەزی جنس و حەزی خاوەنێتیی و، حەزی ناوداریی و حەزی مەدح.. هتد.

لێرەشدا دەفەرمووێت: ئەم پشتیوانە پەروەردەبووە بەڕێزانە، گەیشتبوونە ئاستێکی ئەوەندە باڵاو رەسەن و دامەزراو، کە هەر شتێك بدرایە بە موهاجیرەکان - چ لە سامانی بەنونەزیر، چ لە سامانی خۆیان -چاویان لە دووی نەبوو-چونکە لە ناخیاندا هەستیان نە دەکرد پێویستیان پێیەتی!!

کە یەکێکیان نیوەی سامانەکەی خۆی بە یاوەرێکی موهاجیر دەبەخشی، لە ناخی هەست و ویژدانی خۆیدا هەستی دەکرد، کە پێویستی بەو نیوەیە نیە..

ئەو دارخورمایەی ناوێت، ئەو پشکە سامانەی (بەنونەزیر)ی لا زەروورەت نیە، تا وەریبگرێت، ئەمە لوتکەی پارسەنگی دڵ و دەروونە لە ڕاگرتـن و کۆنترۆڵ کردنی پاڵنەرەکانی ناخ.

تۆ کە هەستی پێداویستیت بەپارە بێت، هەر لە ناختدا نەخشەی دەستخستنی دادەنێیت و، ئەم هەستە دەبێتە پاڵنەری تێرکردنی ئەم پێداویستیە، ئیـتر لە

ڕواڵەتی دەرێتدا دەردەکەوێت، وەکو: خۆ موحتاج نیشاندان، داواکردن، قەرزکردن، سواڵکردن.. دزین.

ئەم یاوەرە عەزیزانە، چونکە هەستی پێداویستیان لە ناخدا نەما بوو، بەڕواڵەتیشیاندا، لە ڕەفتاریاندا دیار بوو، کە نەك وەرناگرن، ئامادەشن ببەخشن. هەرچی دەشیبەخشن هەست دەکەن لێیان زیادەو پێویستیان پـێی نییە. ئەگەرچی نیوەی سامانیشیان بێت! ئەمەیە لوتکەی ڕاقیبوونی مرۆڤ، ئەمە هەر بە نووسین و وتن ئاسانە، دەنا کێ بە خۆیدا ڕادەپەرموێ، با هەوڵبدات یەك مانگ لەم حاڵەتە ڕاقیبوونەدا بژی.

ئینجا با لە بڕگەی دواییـــتردا، بۆ ترۆپکی لوتکەی ڕاقیبوونی یاوەران بەرز ببینەوە، بۆ ئاستی باڵای گیانی لەخۆ بوردن و خۆ موحتاج کردن، لەبەر خاتری پڕکردنەوەی پێداویستی غەیری خۆیان:

- (وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ)، ئەگەر هەژاریشیان بەسەر خۆیاندا بهێنایە، هەر بەرژەوەندیی کەسانی تریان دەخستە پێش خۆیانەوە.. خۆیان بە موحتاجیی دەهێشتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی موحتاج نەبن!

- (وَيُؤْثِرُونَ) لە (إيثار)ەوەیە: واتە بە لە پێشدانانی کەسێکی تر لە خۆت. خۆت پێویستت پێی بێت، بەڵام بیدەیتە یەکێکی تر. نەك لەبەر ئەوەی ئەو پێویستترە، لەبەر ئەوەی ئەویش موحتاجە.. دەشێت ئەویش وەکو تۆ بێت، بە قەدەر یەك موحتاج بن، بەڵام بەرژەوەندیی ئەو دەخەیتە پێش بەرژەوەندیی خۆت.

- (خَصَاصَةٌ) ڕاغیبـی ئەسفەهانی دەفەرمووێ: لە ئەسڵدا بریتییە لە کەلێن و درزی خانوو، کە نەگیـراوە، پاشان هێنـراوە بۆ ئەو پێداویستیانەی مرۆڤ، کە هەوڵیداوەو پێی پڕ نەکراونەتەوە.. کەوا بوو: (خَصَاصَّةٌ) هەر هەژاریی نیە، بەڵکو ئەو کەلێـنی موحتاجیەشە، کە هەر هەوڵ دەدەیت و پێت پڕ ناکرێتەوە.

مەبەست لێـرەدا ئەوەیە: کە ئەم یاوەرە عەزیزانە، ئەگەر بشیانزانیایە، کە ئەوەندە موحتاج دەبن، کە پێشیان پڕنەبێتەوە، هەر دەیانبەخشی و بەرژەوەندیی

کەسە موحتاجەکانی موهاجیرانیان دەهێنایە دیی و، موحتاجێتیەکەی ئەوانیان پڕ دەکردەوە.

ئەمە لوتکەی ڕاقیبوون و ترۆپکی جوامێرییە.. ئەم بەرێزانەی پشتیوانەکان، کە گەیشتونەتە ئەو لوتکە باڵایە، بە هۆی ئاراستەی قورئان و سیرە و سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و، ڕەفتارو ڕەوشتی خودی موهاجیرەکانەوەیە.. چونکە موهاجیرەکان پێشتر لەو لوتکەدا بوون.. پشتیوانەکان دەستبەرداری دەستکەوت دەبن، چونکە هەیانە، دەبەخشن چونکە ماویانە، بەرچاو تێرن، چونکە ماڵ و سامانیان هەیە.

بەڵام موهاجیرەکان، هەر هەموو ماڵ و سامان و باخ و زەوی و زارو کەسابەتەکانیان، لەبەر خاتری خوای گەورە جێهێشتووە، یان بەخشیووە.. بڕوانە ئەم نموونە باڵایانەی موهاجیران، کە وانەی نموونەیی کردەوە دەدرەوشێنێتەوە.. نیشاندانی نموونەی بۆ خوا صوڵحانە، کە پێش پشتیوانەکان سەلماندوویانە:

١- نموونەیەك لە سەروەری هەموانەوە (علیه الصلاة والسلام): بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە خوا لـێی ڕازی بێت دەگـێڕێتەوە: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فَقَالَ إِنِّي مَجْهُودٌ فَأَرْسَلَ إِلَى بَعْضِ نِسَائِهِ فَقَالَتْ وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا عِنْدِي إِلَّا مَاءٌ ثُمَّ أَرْسَلَ إِلَى أُخْرَى فَقَالَتْ مِثْلَ ذَلِكَ حَتَّى قُلْنَ كُلُّهُنَّ مِثْلَ ذَلِكَ لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا عِنْدِي إِلَّا مَاءٌ فَقَالَ مَنْ يُضِيفُ هَذَا اللَّيْلَةَ رَحِمَهُ اللَّهُ فَقَامَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ فَقَالَ أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ فَانْطَلَقَ بِهِ إِلَى رَحْلِهِ فَقَالَ لِامْرَأَتِهِ هَلْ عِنْدَكِ شَيْءٌ قَالَتْ لَا إِلَّا قُوتُ صِبْيَانِي قَالَ فَعَلِّلِيهِمْ بِشَيْءٍ فَإِذَا دَخَلَ ضَيْفُنَا فَأَطْفِئْ السِّرَاجَ وَأَرِيهِ أَنَّا نَأْكُلُ فَإِذَا أَهْوَى لِيَأْكُلَ فَقُومِي إِلَى السِّرَاجِ حَتَّى تُطْفِئِيهِ قَالَ فَقَعَدُوا وَأَكَلَ الضَّيْفُ فَلَمَّا أَصْبَحَ غَدَا عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فَقَالَ قَدْ عَجِبَ اللَّهُ مِنْ صَنِيعِكُمَا بِضَيْفِكُمَا اللَّيْلَةَ)[(١)].

واتە: کابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ! برسێتی تینی بۆ هێناوم و شەکەتم، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ناردی بۆ یەکێك لە ماڵەکانی داخۆ هیچیان هەیە؟

---

(١) بوخاري (٣٧٩٨) موسلم (٢٠٥٤).

خێزانی بەرێزیی فەرمووی: بەو خوایەی جەنابتی کردووە بە نـێرراوی خۆی، جگە لە ئاو، هیچی ترمان لە ماڵدا نییە!

ئینجا ناردی بۆ ماڵی یەکێکی تریان و ئەویش هەر وای فەرموو، پاشان یەکێکی تریان، تا هەر کۆتا خێزانیشی، هەر فەرمووی: بەو خوایەی جەنابتی کردووە بە نێـرراوی خۆی، جگە لە ئاو، هیچی ترمان لە ماڵدا نییە.

پاشان پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، ڕووی پاکی لە خەڵکەکە کردو فەرمووی: ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی، ئەمشەو میوانێك رادەگرێت.

کابرایەکی ئەنساریی (پشتیوانانی خەڵکی مەدینە) هەستا (لە ریوایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ئەبوتەڵحەی ئەنساریی بوو (خوا لـێی ڕازی بێت) فەرمووی: من، ئەی پێغەمبەری خوا.. میوانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردەوە.. بە ژنەکەی وت: ڕێزی میوانەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بگرە، هەر چیمان هەیە بیهێنە بۆی..

خێـزانەکەی فەرمووی: بەخوای گەورە، غەیری خۆراکی منداڵەکانمان نییە!

فەرمووی: دەی باشە، ئەگەر منداڵەکان خواردنی ئێوارەیان داواکرد، منداڵەکان بخافڵێنەو بیانخەوێنە.

پاشان کە میوانەکە هاتە ژوورەوە، خواردنەکە بهێنە، ئینجا وەرە لای ئێمە خەریکی چراکە بە وەکو ئەوەی چاکی دەکەیت، بەڵام بیکوژێنەرەوە، با خواردنەکە لەبەر دەست میوانەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بێت، ئینجا وا نیشان دەدەین، کە لەگەڵییدا دەخۆین. ئاوایان کرد..

بۆ سبەی میوانەکە چووەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە دیـتی فەرمووی: خوای گەورە ئەمشەو لە ڕەفتارتان سەری سوڕما.

ئیتر ئەم ئایەتە لەسەر ئەوان هاتە خوارەوە: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ﴾.

٢- کاتێك سەیدنا ئەبوبەکری صددیق (خوا لـێی ڕازی بێت) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ )- بۆ هیجرەت کردن لە خزمەتییدا- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) بینی هەموو سەروەت و سامانەکەی خۆیی هێناوە!

پـێی فەرموو: (مَا أبْقَيتَ لِاهْلِكَ).

واتە: چیت بۆ ماڵ و منداڵ جێ هێشتووە؟ فەرمووی: خواو پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بۆ جێ هێشتوون.

دواتریش لەهەموو حاڵەتی ماڵ بە خشینەکانی پێش غەزاکان و، کاتی تری پێویستی ئوممەتدا، هیچ یەکێك لە یاوەران بە قەدەر سەیدنا ئەبوبەکری نەبەخشیووە..

سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمانی پێداین کە خێرو خێرات بکەین.

ئەوەش لە کاتێکدا بوو، کە سامانێکم لەبەر دەستدا بوو. لە دڵی خۆمدا وتم: هەلم ئەمڕۆیە، دەبێ پێش ئەبوبەکر بکەومەوە، خێـرا نیوەی سامانی خۆمم هێنا، کەچـی ئەبوبەکر هەموو سەروەت و سامانەکەی خۆی هێنابوو!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لێـی پرسی: (مَا أبْقَيتَ لِاهْلِكَ)[١] واتە: چیت بۆ ماڵ و منداڵ جێ هێشتووە؟ فەرمووی: خواو پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بۆ جێ هێشتوون..

منیش وتم: وەڵاهی هەتا من مابم، لە هیچ شتێکدا پێشبڕکێی لەگەڵدا ناکەم.

٣- خاتوو عائیشە (خوا لێـی ڕازی بێت)، کە خێزانی سەروەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و کچی سەیدنا ئەبو بەکرە (خوا لێـی ڕازی بێت)، ڕۆژێك بە ڕۆژوو بوو، خۆی و کارەکەرەکەی، کە ناوی (بورەیرە) بوو، تەنها یەك کولێرەیان هەبوو.

---

(١) ئەبوداوود (١٦٧٨)، ترمذیی (٣٦٣٧)، داریمی (١٦٦٠)، حاکم (٤٠٥). شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (صـحیح سنن أبی داود ٥/ ٣٦٦) دا بە سەحیحی داناوە.

پێش ئێوارە سواڵکەرێك هاتە بەر دەرگاو داوای نانی کرد، خاتوو عائیشە فەرمانیکرد بە (بورەیرە)، کە کولێرەکەی بدەرێ!

بورەیرە عەرزی کرد: هیچـی ترمان نیە بەربانگی پێ بکەیتەوە! فەرمووی: بیدەرێ، ئەو ئێستا لە ئێمە موحتاجترە!

کاتی ئێوارە یاوەرێك بەرانێکی سووردوە کراوی هێنا بۆ ماڵی خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت)، کە بە هەویر سواغیان دابوو. (تا خۆڵی ئاگرەکەی لێ نەنیشێت).

ئەمە چاکترین خۆراکی عەرەب بوو، کە بۆ میوانی بەڕێزیان ساز دەکرد.. بەربانگیان لەسەر کردەوە.

خاتوو عائیشە فەرمووی: بورەیرە، بخۆ.. ئەمە باشترە، یان کولێرەکە؟!

- لە کاتی گرانی مەدینەدا، کە کاروانێك خۆراك لە (شام)ەوە هات و گەیشتە مەدینە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لەسەر مینبەر بوو، وتاری دەفەرموو، ڕۆژی هەیـنی بوو. سەیدنا (عبدالرحمانی کوڕی عەوف) -خوا لێی ڕازی بێت- بەرەو مزگەوت دەهات، خۆی گەیاندە کاروانچیەکان و یەکسەر هەمووی لێکڕین و، هاواری کرد: خێـرو سەدەقەیە، هەر کەس بەشی خۆی ببات..

دەبینیت سەیدنا (عبدالرحمان) ئەوەندە رانەوەستا تا دوای نوێژ بێتەوە بۆ کاروانە کە، نەبادا بفرۆشرێت و لەو پاداشتە مەحروم ببێت.. خۆی گەیاندێ، پێش ئەوەی کەسێکی تری دەوڵەمەند بیگاتێ!!

جارێك پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خەڵکی لەسەر خێرکردن هان دەدا، سەیدنا (عبدالرحمانی کوڕی عەوف) خوا لـێی ڕازی بێت هاتە خزمەتی و عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، چوار هەزار درهەمم هەیە، دوو هەزاری بە قەرز دەدەمە خوای خۆم و، دوو هەزاری دەهێڵمەوە بۆ ماڵ و منداڵم!

جارێکی تر چل هەزار درهەمی هێنایە خزمەتی، زۆری پێ نەچوو چل هەزاری تریشی هێنایە سەریی..

جارێکی تر پێنج سەد سواریی (ئەسپ و حوشتر)ی بۆ غەزا ئامادە کرد، کە هەر هەمووی خستبووە بەردەست پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).[١]

٤- ئەوە ئەو ڕەوشتە ڕەسەنە بوو، کە لەسەری گۆش بووبوون، دەبینیت موهاجیران و ئەنسار، وەکو یەك لە ئاستێکی زۆر باڵای پارسەنگیی و دامەزراویدا بوون، کۆمەڵگەیەکیان پێکەوەنا، کە هەتا دنیا دنیایە، هیچ ئوممەتێك ناتوانێت بگاتەوە ئەو لوتکە باڵایەی: جوامێریی و لە خۆبوردن و ڕاقیبوون..

ئا ئەوە کۆمەڵگەی یاوەرانە.. ئەمە لە کوێ و دیدی لێڵــی (ڕەوافز) لە کوێ، کە دەڵێ: لە پاش پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەموو یاوەرانی مورتەدد بوونەوە جگە لە یازدە کەس!

لە ریوایەتی هەرە زۆریاندا دەڵێن: سێزدە کەس! شیعە لە قینــی میراتی باب و باپیریانەوەیە، کە چاویان بەرایی نایات بڕواننە ئەم کۆمەڵگە دانسقەی مرۆڤایەتی، کە (دە) ساڵی نەبرد تەخت و تاراجی ئیمپراتۆرێتی فارسیان پێچایەوە.. ئەمە شەڕی کۆنە قینەو بە یاوەران و شوێنکەوتونی دەڕێژن!!.[٢]

سەرنجیش لەم نموونە هەرە دەگمەنەی مــێژوو بدە، کە لە دوای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لە جەنگی (یەڕمووك) ڕوویدا، کە موسوڵمانان دژی (ڕۆم) بووبوونەوە:

حوزەیفەی عەدەویی دەفەرمووێ: لە جەنگی (یەرمووك)دا بوون، ئامۆزایەکی خۆمم لە تەکدا بوو، لێك هەڵبڕاین و زۆری پێچوو هەر یەکمان نەدۆزیەوە، وتم:

---

(١) بۆ تەفسیلاتی زۆرتر بڕوانە: ابن حجر: مختصر زوائد البزار( ٢-٨٥ رقم: ١٤٦٩ ) و أبو نعيم: الحليه ( ١-٩٩).

(٢) بۆیە سەیر نیە، کە ئێـران پشتی ڕژێمــی مورتەددی (بەشار ئەسەد) دەگرێت و دەڵێن: بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی هەزار و قسوور ساڵەیە.

ڕەنگە لە شەهیدەکاندا بێت، با بگەمە سەریی، نەبادا هێشتا گیانی نەسپارد بێت و وەسیێتێك بکات..

دۆزیمەوە لەسەرەمەرگدا بوو، جەوەنەکەم کردەوە تا ئاوی بدەمێ، بە سەری ئاماژەی بۆ کردم، کە بەڵێ ئاوم دەوێت. لەو ساتەدا - پێش ئەوەی ئاوەکە بگەێنمێ - یەکێکی تر لەولاوە هاواری کرد: ئای، ئای.. ئاو.. ئامۆزاکەم ئاماژەی دامێ، کە ئاوەکە بدەم بەو.

گەیشتمە سەر ئەو، دیتم (هیشامی کوڕی ئەلعاس)ەو لەسەرە مەرگدایە. دەمویست ئاو بدەمە هیشام یەکێکی تر لەولا ئەویشەوە هاواری کرد: ئاو.. ئاو.. (هیشام) وتی: ئاوەکە بگەێنە ئەو.

نەگەیشتمە سەر ئەویان گیانی سپارد، گەڕامەوە سەر (هیشام)، ئەمیش گیانی سپاردبوو. هاتمەوە لای ئامۆزاکەم، دیتم ئەویش گیانی سپاردووە، ئاوەکە بە نسیبی کەسیان نەبوو!

ئەمە بە قسە ئاسانە، بە نووسین و گـێڕانەوە خۆشە.. بەڵام خەیاڵ لە واقیعەکەی بکەرەوە، ئەمانە یاوەر نین، نەوەی دوای یاوەرانن.. لەو بیابانە، لە جەنگی شەڕە شمشێرو ڕمدان، لەسەرەمەرگدا، بە برینداریی، کە هەموو بەدەنی گڕ دەگرێت لە گەڕماندا، موحتاجی دڵۆپێك ئاوە، بەڵام خۆی نایخواتەوەو دەڵێ بیدە بەوی تر!!

ئیمامی قورتوبی (رحمەالله) لە تەفسیرەکەیدا، زۆر نموونەی یاوەران و تابعینی هێناوەتەوە.. دوایی ریوایەتێکی زۆر سەیر لە (ئەبو یەزیدی بەستامی)یەوە دەهێنێتەوە، کە فەرموویەتی: گەنجێکی خەڵکی (بەڵخ)م تووشبوو، لە ژیانمدا کەس وەکو ئەو قسەی پێ کۆتا نەهێناوم.. گەنجێك بوو، بەرەو حەج دەچوو، سیمای (عارفان)[1]ی پێوەبوو.. لـێی پرسیم: پێناسەی زاهیدبوون لای ئێوە چییە؟

---

(١) خواناسان: مەبەست لە سیماو سیفەتی زاهدانەیە، کە بە سۆفیەکان دەوترا.. ئەبویەزیدش (رحمەالله) لەپێشەوایانیان بوو.

وتم: ئەگەر هەمانبوو دەیخۆین، ئەگەر نەمانبوو سەبر دەگرین..

وتی: ئەوە ڕەوشتی سەگە لە بەڵخ!

وتم: ئەدی زوهد لای ئێوە چییە؟

وتی: ئەگەر نەمانبوو سوپاسی خوای گەورە دەکەین و، ئەگەر هەشمانبوو دەیدەینە موحتاجان!![1]

- (وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ)

واتە: هەر کەسێك لە پیسکەیی و چاوچنۆکیی خۆی بگرێتەوە، ئائەوانە سەرفرازن.

- (يُوقَ) کرداری ڕانەبوردووی (وقـَى)یە، کە لە (وقاية) وە هاتووە. واتە: پاراستن، کە دوور ڕاگرتـنی شتە لە هەرچـی شتێك، کە ئەگەریی زیان پێگەیاندنی هەبێت.

لێرەشدا مەبەست لە پاراستنی: ئیمان و دینداریێتیە لە چاوچنۆکییی و بەغیلیی و بەخیلیی.

- (شُحَّ) چاوچنۆکیی وپیسکەیی (بەخیلـی)یە، لەگەڵ سووبوون لەسەر چاوتێبڕینی ماڵی خەڵکی.

(شَحـیح) بە مانای: بەخیـلیی ئاساییە، کە سامانی هەیەو نایەوێت هیچـی لێ سەرف بکات، یان ببەخشێت، هەروەها بە مانای: (کەم)ە.

---

(١) لەبەر گەورە نەبوونی قەبارەی کتێبەکە نەبوایا، دەیان نموونەی ترم دەهێنایەوە، لە سەردەمانی جیاوازی ڕابوردوو، تا دەگاتەوە سەدان پیاوانی سەردەم. سەدانی وەکو: عبدالرحمان السمیط ی کوەیتی و سولەیمان الراجحیی عەرەبستان و عبدالستار ئیدیی پاکستان و بن لادن (رحمهم الله)، کە هەر خوای گەورە دەزانێت، چەند خێرەومەند بوون و چەندییان بەخشیی و، چەند زاهیدانە ژیان.

جیاوازی (شُحّ) و (بُخل) ئەوەیە: کە خاوەنی یەکەمیان هەیەتی و نایەوێت لە دەستی بێتەوە (بە سەرف، کردن یان بەخشین، یان خێروخێراتکردن) و چاویشی لە سامانی خەڵکی ترە.

بەڵام (بەخیل) هەیەتی و سوورە لەسەر مانەوەی، مەرج نییە چاوی لە دووی ماڵی خەڵکی تر بێت.

١- زەمەخشەریی لە تەفسیرەکەیدا: (الکشاف) دەفەرمووێ: (شُحّ) حاڵەتێکی دەروونییەو، لە هەموو کەسێکدا دەبێت، بەڵام ئەو کەسانەی جڵەوی دەگرن و ناهێڵن چاو لە دووی ماڵی خەڵکی بن، سەرفراز دەبن.. وەکو لێرەدا دەفەرمووێ: (وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ)، ئەم سیفەتە بە دڵ و دەروونی خەڵکیەوە ئەوەندە لسکاوە، کە بۆتە سیفەتی چەسپاو.

بۆیە خوای گەورە لە باسی ئامادەبوونی خەڵکیی لە قیامەتتدا دەفەرمووێ: (وَأُحۡضِرَتِ ٱلۡأَنفُسُ ٱلشُّحَّ) النساء/١٢٨.

واتە: دڵ و دەروونە چاوچنۆکەکان هێنرانە پێش.

٢- ئیبنوکەثیر هێناوێتیەوە، کە کابرایەك عەرزی ئیبنومەسعودی کرد (خوا لێی ڕازی بێت): ئەرێ ئەبوعبدالرحمان فەوتام!

فەرمووی بە چی؟

عەرزی کرد: خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ) منیش کابرایەکم، زۆر بە زەحمەت ماڵ لە دەستم دەبێتەوە!

عبدالله فەرمووی: ئەوە ئەو چاوچنۆکییە نییە، کە خوای گەورە زەمی کردووە، ئەو چاوچنۆکییە ئەوەیە: کە چاوت لە ماڵی براکەت بێت و، بە هیوا بیت دەستدرێژی بکەیتە سەرو بە حەڕامی بیخۆیت.

٣- کە دەفەرمووێ: (فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ) هاندانە بۆ ئەوەی موسوڵمان خۆی لەم سیفەتە بەدە بە دوور بگرێت، هەروەکو بفەرموویێت: تەنها ئەو کەسانە سەرفرازن، کە خۆیان لە چاوچنۆکیی پاراستووە، کە هەستێکی ناخ و سیفەتێکی چەسپاوی مرۆڤە.

٤- چەندین فەرموودە هەیە، کە بە تایبەتی ڕێ لە چاوچنۆکیی دەگرێت، جگە لە دەیان ئایەت و سەدان فەرموودە، کە زەمی پیسکەیی و بەخیلیی دەکەن.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەیفەرموو: (اتَّقُوا الظُّلْمَ، فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَاتَّقُوا الشُّحَّ، فَإِنَّ الشُّحَّ أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، حَمَلَهُمْ عَلَى أَنْ يَسْفِكُوا دِمَاءَهُمْ، وَيَسْتَحِلُّوا مَحَارِمَهُمْ)[1].

واتە: خۆ لە ستەم و دەستدرێژیی بپارێزن، ستەمکاریی - لە ڕۆژی قیامەتتدا- تاریکایی بەرچاوانە.. خۆشتان لە چاوچنۆکیی بپارێزن.

چاوچنۆکیی بوو، کە خەڵکانی پێش ئێوەی بە فەتارەت گەیاند، وای لێکردن خوێنی یەکتریی برێژن و، حورمەتی یەکتریی نەهێڵن (ماڵ و سامانی یەکتریی بخۆن و ئابڕووی یەکتریی ببەن).

(١) موسلیم (٢٥٨١)، ئەحمەد (١٤٠٥٢).

**ئایەتی دەیەم:**

﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠ ﴾

واتە: ئەوانەی، کە لە دوای ئەوان: (موهاجیران و ئەنسار) هاتن، دوعایان بۆ دەکردن و دەیانوت: خوایە لێمان خۆشبە، لەو برایانەشمان خۆشبە، کەپێش ئێمە ئیماندارانە هاتن و چوون، خوایە هیچ خاڵێکی بوغزو خیانەت و غەشکاریی - بەرامبەر ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناو- لە دڵماندا مەهێڵە، خوایە! تۆ زۆر بە بەزەیی و میهرەبانیت.

١- (جَآءُو ) هاتن.. هاتنی ئەم شێوازە بۆ نیشاندانی هاوشێوەو هاووێنە بوونە. هەروەکو ئەوەی، کە کەسێك دەچێتە شوێنی کەسێکی ترو هەمان کارو پیشەی ئەو دەگرێتەوە بەر.. چونکە کەسانێکی تر موسوڵمانبوون، کە نە لە کۆچکەرەکان بوون و، نە لەپشتیوانەکان و هەروەکو ئەوانیش دەرچوون، وەکو: (سەلمانی فارسی و عبداللە ی کوڕی سەلام و تـیرەو هۆزەکانی ئەسلەم و غیفارو موزەینە) و هیـتر..

هەروەها کەسانی تر، کە لەو سەردەمەدا بوون و موسوڵمانبوون، وەکو: (وەیسی قەرەنی) کە پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نەدیی، بۆیە بە یاوەر حسێب ناکرێت..

ئینجا ئەو هەموو نەوە بە نەوەی موسوڵمانانە، کە لە دوای نەوەی یەکەمی یاوەران هاتن.. ئەگەر یاوەران نزیکەی سەدوبیست هەزار بوو بن، تابعین سەدان هەزارن و تابیعی تابیعین لە ملیۆندان..

پیاو چاکانی دوای یاوەرانیش زۆر گەورەو نموونەیین، بەڵام فەزڵی یاوەران لە هەموان گەورەترە.. یەکێکی وەکو: (ڕەبیعی کوڕی ئەکسوم)، کە تابیعینە، (عبداللە ی کوڕی مەسعود -خوا لـێی ڕازی بێت-) کە یاوەرە، ئەوەندەی لاپەسەند

بوو پێی دەفەرموو: دڵنیام ئەگەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )رەبیعی ببینیایە زۆری خۆش دەویست!

ئاشکرایە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بە (موعازی کوڕی جەبەل) ی دەفەرموو (يَا مُعَاذُ،وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ،وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ)[١].

واتە: بە خوا قەسەم (موعاز)، خوشم دەوێیت. بە خوا قەسەم خوشم دەوێیت.

٢- (غِلًّا ) غلّ: خیانەتکاریی و غەش و بوغزاندن و حەسوودیی پێبردنە.

٣- کاك ناسری سوبحانی (رحمەالله) پێمی فەرموو: پێم فەرزە هەموو موسوڵمانێك ئەم دوعا قورئانییە بڵێتەوە. لەو کاتەشەوە لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە، کە ئەوەی فەرمووە، الحمدالله منیش بەردەوام بە تەنهاو لە وتاردا وتوومەتەوە، تا ببێتە بیرخستنەوەی موسوڵمانان.

وا لێرەشدا جەختی لێدەکەمەوە، چونکە خوای گەورە باسی موهاجیرانی فەرموو، ئینجا باسی پشتیوانەکان، ئینجا باسی ئەوانەی لە دوای ئەوان دێن، کە قەرزاری ڕەنج و زانست و جیهادی یاوەرانن.

ئەم دوعاکردنەش بۆ ئەوان وەفایەکی دیندارییانە، لە هەمان کاتدا وەفای دینداریی خۆشمە بۆ مامۆستایان و ڕێنیشاندەران و ئامۆژگارانم..

ئاوا هەموو نەوەیەکی موسوڵمان، وەفادارانە دوعا دەکات بۆ نەوەکانی پێشوو، لە نەوەی پێش خۆیەوە، تا دەگاتەوە یاوەران، بەر ئەو دوعای لێخۆشبوونە دەکەون..

دەی سا خوایە لە هەموو ئەو بەڕێزانە خۆشبە، کە ئەم دینەیان بە ئێمەو پێشتر گەیاندووەو لەوانەش، کە ئەم دینەیان لە ئێمە گەیاندووە.. ئامین.

---

(١) ئەبوداود (١٥٢٢)، ئیمامی نەوەویی لە (الاذكار: ل/١٠٣)، ئیمامی ئیبنوحەجەر لە (بلوغ المرام ل/٩٦. ئەلبانی لە (صـحيح أبي داود/١٣٤٧)دا بە سەحیحی داناوە. هەروەها لە (بوخاریی: الادب المفرد ٢٣٩/١).ە

٤- ئایەتەکە شێوازی دوعامان فـێر دەکات، کە سەرەتا دوعا بۆ خۆت دەکەیت، ئینجا بۆ کەسانی تر.. بۆ دایك و باوکت، ئینجا بۆ خزمان، ئینجا بۆ مامۆستایان و ڕێبەرانت، ئینجا بۆ هاوڕایانت، بۆ هەموو ئەوانەش، کە مافیان لەسەرتە.

٥- ئایەتەکە بە شێوازێکی جوان وەفاداریی بۆ پێشینان فێـر دەکات و، ئەوەش فێـر دەکات، کە موسوڵمان دوعای دڵپاکیی و دڵسافیی و بێ غەل و غەشیی بۆ خۆی بکات، تا ڕقی لە هیچ موسوڵمانێکی سەردەمی خۆی نەبێت، لە هاوتەمەنانی خۆی، یان زۆرترو کەمـتر لە خۆی.. چونکە ئەو نەوەیەی لە ناویاندا ڕەفتار دەکات، دەشێت لە زۆر بواردا بکەوێتە کێبڕکێ و حەسادەت و تەماعکاریی و، سیفەتە ناپەسەندەکانی تریی دوو بەرەکایەتییەوە.

بۆیە وەفادارانە دوعا بۆ پێشوان دەکات و دەشـخوازێت: بەرامبەر بە ئیماندارانی زەمانی خۆی دڵپاك بێت. ئەم دڵپاکیی و نەبوونی بوغزو کینە بەرامبەر بە موسوڵمانان، بەرهەمێکی نایابی تەقواکاریی و دینداریێتیەو مایەی لێخۆشبوونی خوای گەورەیە.

- ئەنەس (خوا لـێی ڕازی بێت) دەفەرمووێ: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا دانیشتبووبن فەرمووی: (يَطْلَعُ عليكُم الآنَ رَجُلٌ مِنْ اهلِ الجَنَّةِ).

واتە: ئێستا پیاوێکتان لێدەر دەکەوێت، کە ئەهلی بەهەشتە..

دوای کەمێك، کابرایەکی ئەنساریی دەرکەوت، کە ریشی لە ئاوی دەستنوێژ وشك دەکردەوە، نەعلەکانی بە بازووی چەپیدا هەڵواسیبوو.. بۆ سبەینێش پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەر وای فەرموو، کەچی ئەوی دەرکەوت هەر هەمان ئەنساریی بوو، هەروەکو جاری پێشوو دەرکەوت.. بۆ ڕۆژی سێیەمیش پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەر وای فەرموو. هەر هەمان کەس دەرکەوت، هەروەکو دوو جارەکەی پێشووی..

کاتێك پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەستاو تەشریفی برد، (عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاس) چووە لای ئەو پیاوەو پـێی فەرموو: دەنگم لە باوکم دابڕیووەو سوێندم خوارد، تا سێ ڕۆژ نەچمەوە خزمەتی،(١) ئەگەر دەتوانیت ئەوسێ شەوە ڕێم بدەیت لەگەڵ جەنابتدا ببم.. کابرا وتی، بەڵێ، فەرموو.

ئەنەس دەفەرمووێ: (عبدالله) دەیگێڕایەوە: کە ئەو سێ شەوە لە ماڵی کابرادا دەمایەوە، بەڵام نەیدی بۆ شەونوێژێك هەستێت، هەر ئەوەندەی هەبوو، کە لەسەر جێگاکەی ئەمدیوو دیووی دەکرد، زیکرێکی خوای دەکرد. یان تەکبـیر (الله اکبر) ێکی دەوت، تا ئەو کاتەی بۆ نوێژی بەیانی هەڵدەستا..

عبدالله دەفەرمووێ: بە ڕۆژیش لەگەڵیدا بووم، ئەلحەقی نەمدیی غەیری قسەی خـێر بکات.. کە سێ ڕۆژەکەم تەواو بوو، لە دڵی خومدا خەریکبوو ڕەفتارەکانی بە بێ نرخ ببینم (چونکە هیچی وای لە خەڵکی زیاتر نەبوو)، ئیـتر پێم وت: ئەرێ هۆ عەبدی خوا، بە ڕاستی هیچ لە نێوان من و باوکمدا نەبووە، نە تووڕە بوون و نە لێدوورکەوتنەوەو قسەدابڕان، بەڵام گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )سێ جار فەرمووی: (يَطْلَعُ عليكُم الآنَ رَجُلٌ مِنْ اهلِ الجَنَّةِ)، هەر سێ جارەکەش، هەر جەنابت دەردەکەوتیت، بۆیە ویستم ئەو سێ شەووڕۆژە لەگەڵتدا بمێنمەوە، تا بزانم چ کارو کردەوەیەك دەکەیت، تا منیش ئیقتیدات پێ بکەم و بیکەمەوە، بەڵام کارێکی گەورەم لێ نەبینیت! ئەدی چ سیفەتێکتە وای کردووە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ئاوا بفەرمووێت؟

وتی: هەر ئەوەم هەیە، کە دیوتە..

کە ویستم بڕۆم، وتی: بە خوا هەر ئەوەم هەیە، کە بینیت، بەڵام من لە ناخی خۆمدا، هیچ شتێکم لە دڵ و دەروونداە: غەش و حەسوودیی بەرامبەر، هیچ

---

(١) لە ریوایاتی تردا هاتووە: کە ئەوە بە ماوەی زۆر پێشتر لە نێوان خۆی و باوکی بەڕێزییدا ڕوویداوەو کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەم وای نیشانی کابرا دا، کە وەکو ئەوەی تازە ڕوویدا بێت، ئەمەش درۆ نییە، بەمە دەوترێت: (معاريض).

موسوڵمانێك، نیەو هەست دەكەم، كە هەرچی خەڵكی هەیانە، هی خوای گەورەیەو ئەو پێی بەخشیوون..

عبدالله دەفەرمووێ: وتم: ئێ ئا ئەمەیە تۆی گەیاندۆتە ئەو ئاستە![(١)]

بڕوانە.. نە شەونوێژ، نە ڕۆژوو، نەخێروخێرات.. بەڵام دڵساف، پاك، بێ غەل و غەش، بێ ڕق و كینە، بێ حەسادەت و چاو لە دووبوونی موسوڵمانان، ئەم عەبدە موسوڵمانەی گەیاندۆتە چ ئاستێكی باڵا، كە شایانی ڕەزامەندیی خوای گەورەو بەهەشتەكەی ببێت، ئەمە گیرابوونی دوعاكەیە: (وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ).

٦- مرۆڤی موسوڵمان دەبێت بەرامبەر یاوەران، ئاوا بەوەفا بێت و قەدریان بزانێت.. ئاواش دڵپاك بێت بەرامبەر موسوڵمانان.. ئیمامی مالیك (رحمەالله) دەیفەرموو: ((شیعەی ڕافیزە مافیان لە (فەی)دا نابێت، چونكە جنێو بە یاوەران دەدەن و ڕێزیان ناگرن)).[(٢)]

- سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لە وەسێتی سەرەمەرگییدا فەرمووی: (أُوصِي الخَلِيفَةَ مِنْ بَعْدِي بِالْمُهَاجِرِينَ الأَوَّلِينَ خَيْرًا، أَنْ يَعْرِفَ لَهُمْ حَقَّهُمْ، وَأَنْ يَحْفَظَ لَهُمْ

---

(١) ئیمامی ئیبنوكەثیر (رحمەالله) لە عبدالرزاقەوە لە مەعمەرەوە لە زوهرییەوە لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە. هەروەها نەسائی لە (سوەیدی كوڕی نەسر)ەوە ئەم ڕوداوە دەگێڕنەوە، كە ئیبنوكەثیر دەفەرمووێ: (هذا اسناد صحيح على شرط الصحيحين). واتە: سەنەدەكەی ڕاست و دروستەو، بەپێی مەرجەكانی بوخاری و موسلیم سەحیحە. موناقەشەیەك لە نێوان توێژەرەوەی فەرموودەكەدا هەیە، حافز مونزیریی بە سەحیحی داناوە. بەیهیقی لە (شعب الإيمان ٥ / ٢٦٥) دا هێناوێتیەوە، بەڵام ئیبنوحەجەر لە (النكت الظراف١ /٣٩٤)دا دەفەرمووێ: زەعیفە. ئیحسان بن محمد العتيبى نوسیوێتی: ئەلبانی پێش (١٧) ساڵ بە سەحیحی دانابوو بەڵام دیارە دوایی بۆی دەركەوت: كە زەعیفە، وەكو لە (ضعيف الترغيب والترهيب ٢ / ٢٤٧) ڕوونی كردۆتەوە.

(٢) ڕەحمەتی خوای لێبێت نازانێت، ئێستا لەسەر بەكافردانان و سووكایەتی كردنی یاوەران، دەستیان لەگەڵ هەموو كافرێكدا تێكەڵ كردووە، سەرسەختانە دژایەتی موسوڵمانان دەكەن!

حُرْمَتَهُمْ، وَأُوصِيهِ بِالأَنْصَارِ خَيْرًا الَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالإِيمَانَ أَنْ يُقْبَلَ مِنْ مُحْسِنِهِمْ، وَيُعْفَى عَنْ مُسِيئِهِمْ)[١].

واتە: وەسیێتم بۆ خەلیفەی دوای خۆم ئەوەیە: کە هۆشی لە موهاجیرانی یەکەمین نەبڕێت، مافیان بزانێت چییەو بۆیان بپارێزێت، ڕێزیان بگرێت، وەسیێتم بۆی دەربارەی پشتیوانانیش - ئەوانەی، کە پێشتر جێ دالْدەو ئیمانیان لەخۆگرت - ئەوەیە: کە دیدو هەڵوێستی پیاوچاکانیان قبوڵ بکات و، گیانی لێبوردنی بەرامبەر هەڵەکانیان تێدا بێت.

٧- ئیمامی شەوکانی (رحمه‌الله) - کە خۆی پێشتر شیعەی زەیدی بوو - لە دوای لێکدانەوەی ئەم ئایەتە، دەفەرمووێ: (وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ).

واتە: غەش و بوغز و کینەو حەسوودیی.. خوای گەورە فەرمانیداوە: کە داوای لێخۆشبوون بۆ موهاجیران و ئەنسار بکرێت، ئینجا لە خوای گەورە بپاڕێینەوە، کە غەش و بوغزو کینە بەرامبەر موسوڵمانان لە دڵ و دەروندا دەربکات، لە پێش هەمووشیانەوە یاوەرانن، چونکە بەڕێزترین موسوڵمانن.

هەر کەسێك داوای لێخۆشبوون بۆ یاوەران بە گشتی نەکات و، داوای ڕەزامەندیی خوای گەورەیان بۆ نەکات، ئەوە پێچەوانەکاریی ئەم فەرمانەی خوای گەورەی کردووە، کە لەم ئایەتەدا هاتووە.

ئەگەر لە دڵییدا هەر جۆرە غەش و بوغزو کینەییەکیشی بەرامبەریان هەبێت، ئەوە بە دەم شەیتانەوە ڕۆیشتووەو تـیری ئەو پێکاوێتی.

ئەوە پشکێکی زۆر دژواری گوناح و تاوانی کەوتۆتە سەر، چونکە دوژمندارێتی ئەولیایانی خوای گەورەی کردووە، کە یاوەرانن، کە باشترینی ئوممەتی موحەممەدن (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

---

(١) بوخاري (١٣٣٩).

هەر کەسێك ئەوە هەڵوێستی بێت بەرامبەر یاوەران، بەتەئکید دەروازەو ڕێڕەوی خوزلانی لە خۆی کردۆتەوە، کەسی نابێت لایەنگیریی بکات، ئەگەر بە لوتفی خوای گەورە، خێرا فریای خۆی نەکەوێت، حەتمەن بەرەو دۆزەخ ملی لێناوەو هەر دەچێتە ناویەوە..

زۆر زەروورییە، زوو داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات، لەسەر دیدو هەڵوێستی و هانا بۆ خوا ببات، تا ئەو غەش و بوغزو کینەیەی، کە بەرامبەر چاکترین سەدەو نەوەی ئوممەت هەیەتی، خوای گەورە لە دڵ و دەروونییدا لایدات..

ئەوانە بەڕێزترینی ئەم ئوممەتەن.. هەر کەسێك دووچاری ئەوە بووبوو، کە جنێوی بە یەکێکیان دا بێت، ئەوە موبتەلا بووە، جڵەوی کەوتۆتە دەست شەیتان و بەر غەزەب و خەشمی خوای گەورە کەوتووە..

ئەم نەخۆشیە سەختە دژوارە، عادەتەن تووشی کەسێك دەبێت، کە بە دووی مەشخەڵێکی (ڕافیزە) کەوتبێت و ئەوان دەرسیان دادابێت، یان کەوتۆتە دەست دوژمنانی ئەم چاکترین ئوممەتە، لەوانەی شەیتان بەملاو لایاندا دێنێت و دەبات..

ئەوە دوژمنانی ئەم پیاوچاکانەی ئوممەتن، کە بوختان بۆ لاوازکردنی یاوەران دادەڕێژن و، داستان و چیرۆکی درۆو دەلەسە هەڵدەبەستن، تا بەرچاویان بخەن.

ئەفسانەو قسەو قسەڵۆك دەگێڕنەوە لە دژیان، تا خەڵکی لە ڕێنمایی و هیدایەتی خوایی دووربخەنەوە، ئەوانە بەو درۆو بوختان و لاف و گەزافانەیان دەیانەوێت خەڵکی سووننەت وەلکەن، کە پێشەوایانی مەزنی ئەم ئوممەتە دەماو دەم و، نەوەبەنەوە گێڕاویانەتەوە.. ئەوانەی، کە دژی یاوەرانن هیدایەتی خوایان گۆڕیوەتەوە بە گومڕایی و قازانجیان بە زیان ئاڵوگۆڕکردووە.

شەیتانیش پلە بە پلە گومڕایی، سەوقیان دەکات و بەرەو وێڵیی پێش خۆیداون.. سەرەنجامی ئەم دیدو هەڵوێستەو شوێنکەوتنی شەیتان خۆیان، بوونەتەوە

بە گەورەترین دوژمـنی قورئان و سوونـنەت، بوون بە دوژمـنی پیاوچاکانی ئەم ئوممەتە! تاوایان لێهاتووە فەرزە خواییەکانیان ئیهمال کردووەو، وازیان لە دروشمەکانی دین و دینداریی هێناوەو کەوتوونەتە ناو گـێژاوی درۆو دەلەسە هەڵبەستن بۆ یاوەران و، ئاوا کەوتوونەتە پلان وپیلان و فیتنەچێـتی بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان و پیاوچاکانیان، بە جۆرەها ناوو ناتۆرە ناوزەدیان دەکەن.. بەڵام خوای گەورە دەوری گرتوون و هەموو پیلانێکیان پووچەڵ دەکاتەوە.[١]

---

(١) ئیمامي شەوکانی/ تەفسیری فتح القدير/چاپی دار الكتاب العربي ٢٠٠٧/١٤٢٧ (ب٢ / ل٩٩٣).

## ئایه‌تی یازده‌یه‌م و دوازده‌یه‌م :

﴿ ۞ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ يَقُولُونَ لِإِخْوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ
لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِن قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ وَٱللَّهُ
يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١١﴾ لَئِنْ أُخْرِجُواْ لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِن قُوتِلُواْ لَا يَنصُرُونَهُمْ وَلَئِن
نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ ٱلْأَدْبَٰرَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾ ﴾

واته: مه‌گه‌ر هه‌ڵوێستی ئه‌وانه‌ت نه‌دی، که‌ دووڕوویی‌یان ده‌کرد، چۆن به‌و برایانه‌یان ده‌ڵێن، که‌ کوفریان گرتۆته‌ به‌ر له‌ ئه‌هلی کیتاب (جوله‌که‌کانی به‌نونه‌زیر) خه‌متان نه‌بێت له‌گه‌ڵتاندا ده‌بین، ئه‌گه‌ر له‌ شاره‌که‌ش ده‌رتان بکه‌ن، هه‌ر له‌گه‌ڵتاندا ده‌بین، ئه‌گه‌ر جه‌نگتان به‌رامبه‌ر به‌رپا بکه‌ن، هه‌ر له‌گه‌ڵتاندا ده‌بین، له‌م هه‌ڵوێسته‌ماندا به‌ قسه‌ی که‌س ناکه‌ین.. به‌ڵام خوای گه‌وره‌ شاهیدی ده‌دات، که‌ درۆزنن.

ئه‌وان (جوله‌که‌کان) له‌ شار ده‌رده‌کرێن له‌گه‌ڵیاندا نابن، جه‌نگیان به‌رامبه‌ر به‌رپا بکرێت هاوسه‌نگه‌ریان نابن، ئه‌گه‌ر بشـچنه‌ هاوکارییان، زوو پشت هه‌ڵده‌که‌ن و هه‌ڵدێن، پاشان ده‌بینیت سه‌رشۆڕ ده‌بن و که‌س سه‌ریان ناخات.

١- دوای ئه‌وه‌ی باسی هه‌ر سێ پۆلی ئیماندارانی فه‌رموو - کۆچکارانی مه‌ککه‌ و پشتیوانانی مه‌دینه‌و ئه‌و موسوڵمانان به‌ دوای ئه‌واندا هاتوون و دێن- هاتۆته‌ سه‌ر باسی دووڕووه‌کان و هه‌ڵوێستی فشه‌و فیشاڵ و چه‌واشه‌کارییان به‌رامبه‌ر جوله‌که‌کانی به‌نونه‌زیر..

ئه‌مه‌ باسی هه‌ڵوێستی سه‌رانی دووڕووه‌کانی تیره‌ی (به‌نوعه‌وف)ه‌، وه‌کو (عبدالله ی کوڕی سه‌لول)، که‌ سه‌رۆکی دووڕووه‌کانی مه‌دینه‌ بوو، هه‌روه‌ها (عبدالله ی کوڕی نه‌بته‌ل و روفاعه‌ی کوڕی یه‌زیدو رافیعه‌ی کوڕی تابوت و ئه‌وسی کوڕی قه‌یزیی و وه‌دیعه‌ی کوڕی ئه‌بو قه‌وقه‌ل و سوه‌یدو داعس) و

ئەوانی تر، کە هەواڵیان بۆ بەنونەزیر نارد بوو، کە لە قەڵا و قوللەکانی خۆتاندا خۆ قایم بکەن، ئێمەش لەگەڵتاندا دەبین.

٢- (يَقُولُونَ ) بە شێوازی کرداری ڕانەبوردوو دەفەرمووێ: (دەڵێن) تا بەردەوامێتی هەڵوێست و جەخت کردنەوەکەیان لە هەڵوێستیان نیشان بدات، کە گوایە هەر لەگەڵیاندا دەبن و پشتیان بەر نادەن.

٣- دەفەرمووێ: (يَقُولُونَ لِإِخْوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ )، چونکە هاوبیری یەکن، لە کافرێتییدا هاودیدوڕێ و هاوبزاوت و هاوهەڵوێستن، ئەگەرچی کوفری ئەمان پەنهانەو لە ناخیاندا شاراوەیەو، کوفری ئەوانیش لە حەسوودیی خۆیانەوەیە.

(هەموو ئومێدی جوولەکە ئەوە بوو: کە کۆتا پێغەمبەر لەوان بێت، بەڵام لە ناو عەرەبەوە تەشریفی هێنا (عَلَيهِ الصَلاة وَالسَلام)، ئیتر ئەوان لە حەسوودیی خۆیاندا باوەڕیان بە پێغەمبەرێتییەکەی نەهێنا).. دەفەرمووێ: (لِإِخْوَٰنِهِمُ ) مانای وانیە لە نەسەبدا بران، چونکە (بەنونەزیر) جولەکە بوون و لە (شام)ەوە هاتبوونە ناوچەکە.

دووڕووەکانیش خەڵکی مەدینە بوون، لە تیرەی (بەنوعەوف) بوون، کە دەچنەوە سەر هۆزی گەورەی (ئەزەد).

ئەمانە لە کوفردا یەکیان گرتۆتەوە.. کوفریش وەکو ئیمان، لق و جۆری هەیە، لێرەدا کوفری دووڕووەکان، کوفری شیرکە، کوفری گوێنەدان و ملهوڕییە، بەڵام کوفری ئەهلی کیتاب کافربوونیانە بە خودی پێغەمبەرێتییەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە چەندین جۆر کوفری لە خۆدا هەڵگرتووە.

٤- (وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا ) مەبەستیان لەوە بوو: کە بێخەم بن، ئێمە بە قسەی محمد هەڵناستین و دانانیشین و گوێ بە فەرمانیشی نادەین، کەوا بوو هەر هاوپەیمانەکانی جارانتانین!!

كە دەفەرمووێ (فِيكُمۡ) جەخت كردنەوەیانە لەوەی كە هەر فەرمانێكمان پێبدات - كە زیانی ئێوەی تێدابێت - ئێمە گوێی نادەینێ.. ئەمە هەروەكو ئەو ئایەتەیە، كە باسی هەڵوێستی نەگۆڕیان لە ئەهلی كیتاب دەكات، كە هەموو جارێك هەر دەڵێن: ئێمە لەگەڵتاندایین و، ناشوێرن وابن! ( فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ ) المائدة/٥٢.

واتە: بە هەڵەداوان خۆیان دەگەیێننە ئەهلی كیتاب، كە لەگەڵتانین و ئێمەش لە ڕیزی خۆتاندا هەژمار بكەن!

هەروەكو دووڕوو و دەروون بەزیووەكانی ئەم سەردەمە لە ناو موسوڵمانانەوە ڕادەكەنە بەرەی كوفری دیموكراسیی و دیكتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا!! كە ئێمەش دیدو ڕێی ئێوەمان گرتۆتەبەرو لەگەڵتاندایین! درۆش دەكەن، هەر لەبەر ترسنۆكیی و بەرژەوەندیی و دنیاویستی وا دەكەن! دەنا باوەڕیان بە هیچ نیە.

٥- بڕوانە ئەم بەڵێنە قەبەو درۆو دەلەسەیە: (لَئِنۡ أُخۡرِجۡتُمۡ لَنَخۡرُجَنَّ مَعَكُمۡ )! ئەگەر محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )مەرجەكەی بهێنێتەدیی و لە شارەكەتان دەرتان بكات، حەتمەن ئێمەش لەگەڵتاندا دێین و، شارەكەی خۆمان لەبەر خاتری ئێوە جێدەهێڵین!!

ئەو شارەی لە باب و باپیرانمانەوە، هەر تێیدا بووین و ژیانمان تێدا دامەزراندووە، لەبەر خاتری ئێوە دەست لە هەمووی هەڵدەگرین و بەرەو (مەجهول) لەگەڵتاندا بە ڕێ دەكەوێن!!

بە شێوازی سوێندو تەئكیدیش وا دەڵێن: (لَنَخۡرُجَنَّ )، هەروەها بەڵێـنی لەسەركردنەوەو هاوسەنگەرێتیی و هاوكاریی كردنیان، كە سوێندتان بۆ دەخۆین و تەئكید دەكەینەوە، كە دێینە بەرەی شەڕەوە لەگەڵتانداو، دژی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، ئاشكرا دەوەستینەوەو هاوسەنگەرتان دەبین! (وَإِن قُوتِلۡتُمۡ لَنَنصُرَنَّكُمۡ ) ئەوەندەش هاوكاریتان دەكەین، تا سەركەوتنتان بۆ مسۆگەر دەكەین!!

خۆیان ترسنۆکن و جورئەتیان نەبووە لەسەر کوفری خۆیان بمێننەوەو، بەرگریی لە دیدورِیّ و بزاوت و هەڵوێستیان بکەن، کەچی ئێستا خۆیان وا ئازا نیشان دەدەن کە جولەکە سەر دەخەن!

بەڵێنیشیان دەدەنێ، کە بەقسەی کەس ناکەن و ناهێڵن زیانیان پێبگات و، بەرژەوەندیی (بــیرە نەوتەکانیان) دەپارێزن!! خوای گەورە، خوای کردگار و زانا، دەزانێت ئەمانە هیچیان لەباردا نیە، کۆمەڵێك مشەخۆرو گەندەڵ و بودەڵەن. پاشان سەرکەوتن خۆ بە دەست ئەوان نییە، سەرکەوتن، تەنها لای خوای گەورە خۆیەوەتی، بۆیە دەفەرمووێ: خوای گەورە شاهیدیی دەدات، کە درۆزنن!

٦- (وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ) شاهیدییدانی خوای گەورە، شاهیدییدانێکە، کە پڕاوپڕی حەقیقەتی واقیعەکەیە، لە زانین و ئامادەبوون و دیتنەوە هاتووە، لە ئامادەیی و بڕیاردانەوە هاتووە، ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنێکی ناخ و دەریی ئەوانە، بۆیە شاهیدییەکە بڕیاری لەسەر دادەمەزرێت، ئاوایە بۆیە بەو شێوە بنبڕە دەفەرمووێ: (إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ) ئینجا درۆکەیان دەردەخات، کە چۆنە.

٧- (لَئِنْ ): ئەمە هەر نووسینی (لإن)ە.. لامەکە بۆ سوێندخواردنە. (إنْ) واتە: ئەگەر. هەروەها (إذا) هەر ئەگەرە.. بەڵام هەر شتێك ئەگەری هەبوونی زیاتر بوو (إذا)ی بۆ بەکار دێت، وەکو ئەوەی بڵێین: ئەگەریی لە نیوە زیاتر، وەکو: (إِذَا جَآءَكَ الْمُنَافِقُونَ) حەتمەن دێن، بەڵام (إن) لەوانەیە ڕووبدات، وەکو دەفەرمووێ: (وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ..) ئەگەر ئامادەیی ئاشتییان دەربڕیی.. چونکە لەو کاتەدا کافرەکان خۆیان بە بەهــێز دەبیــنی و مەغرور بوون، ئامادەی گفتوگۆ نەبوون، هەر دەیانوت: شەڕ، تا کۆتایی.

لێرەشدا دەفەرمووێ: (لَئِنْ أُخْرِجُواْ لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ ) ئەوان، کە لە شار دەردەکرێن (حەتمەن ئەمەیان دێتە دیی)، بەڵام ئەوان ئامادەی ئەگەرێکیش نین، ڕاست ناکەن و ئامادەی وەڵامدانەوەی ئیحتیمالێکیشیان نییە، نە بە چوونە دەرەوەو شار جێهێشتن لەگەڵیانداو، نە بە لەسەرکردنەوەشیان.

(وَلَئِن قُوتِلُوا۟ لَا يَنصُرُونَهُمْ) ئەمە هێمن کردنەوەی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لێیان، کە خەمت نەبێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). ئەم لەسەر نەکردنەوەیەی دووڕووەکان، هەر بۆ (بەنونەزیر) نییە، خەمت نەبێت بەرامبەر (بەنوقورەیزە)ش وا دەبن، ئەگەر ئەوانیش لە شار دەرکەیت، لە سەریان ناکەنەوە.. هەروەکو دواتر دەبینـرێن، کە ناوێرن لەسەر جولەکەکانی (بەنوقورەیزە) و (خەیبەر) بکەنەوە، ئەگەرچی هاوپەیمانی کۆنیشیان بوون.

٨- ئەم ئایەتانە دوای دەرکردنی (بەنونەزیر) هاتنەخوارەوە، بۆیە لە دوو وشەی: (أُخْرِجُوا۟ ) و (قُوتِلُوا۟ ) دا ئاماژە بە نەخشەی داهاتووە، کە بەرامبەر جولەکەکانی (بەنوقورەیز)ەو (خەیبەر) دەبێت، کە دوای جەنگ لە وڵات دەرکران.

واتە: بێخەم بە دووڕووەکان، نەك هەر بە هانای (بەنونەزیر)ەوە نایەن، هەروەکو، کە بە هانایانەوە نەهاتن، بە هانای دوو تـیرەکەی تری جوولەکەکانی تریشەوە نایەن، چونکە ئەمانە هەر سەرزارەکی خاوەن هەڵوێستن! نابینیت ئیمان و دینداریيەکەشیان، هەر سەرزارەکییە، چونکە ترسنۆك و دنیا ویستن، خۆ ناخەنە بەر دژوارییی.. هەر سەلامەتی خۆیان دەوێت.

٩- (وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ ٱلْأَدْبَـٰرَ)، خوای گەورە فەرمووی: ئەمانە هیچیان پێناکرێت و درۆ دەکەن و، (بەنونەزیر) و جولەکەکانی تر سەرناخەن.

لێـرەدا بە (وَ)کە (واوی حالیە)یە واتە: لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو ئەگەرە هاتەپێش -کە نایاتە دیی-ئەگەر نیازیان وا بوو، جولەکەکان سەربخەن، حەتمەن پشت هەڵدەکەن و فیـرار دەکەن، چونکە بۆ دیدوڕێ و بەرژەوەندیی و کەسایەتیی خۆیان، ئامادەی بەرگریی لەوان نەبوون، ئیدی چۆن خۆ دەخەنە بەر تیغـی شمشێر بۆ جولەکە؟!

واتە: گریمان ویستیان هاوسەنگەریان بن و سەرخستنیان ئاشکر بکەن، ئەمما چوونەلایان و بەشداربوونیان لە بەرەی جەنگدا- ئەوە هەر نایکەن، حەتمەن هەڵدێن و خۆ لەبەر تاوی موجاهیداندا ناگرن.. دەبەزن.

ئەمە بێخەم کردنی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە خەمت نەبێت ئەم دووڕوانە، نەك هەر ناچنە بەرەی شەڕیان، نە بە جەنگاوەرو، نە بە چەك و نەبەسامانیش یارمەتیان نادەن، هیچ جۆرە هۆکارێکی سەرکەوتنیان بۆ ناگرنە بەر!!

١٠-ئەمە بێخەمکردنێکی دوانەیە..واتە:نە جولەکەکان سەردەکەون،نەدووڕووەکانیش دەبنە خاوەن هێزێك، کە سەرکەوتنیان بۆ دابین بێت..

کە دەشفەرمووێ: (ثُمَّ ) واتە: لە داهاتووشدا هیچیان بە هیچ نابێت، خوای گەورە دەفەرمووێ: (لَا يُنصَرُونَ ) ئەمەش بێ ئومێدکردنی دوژمنان و هیوا بڕانیانە، کە دەبێتە مایەی ورە ڕووخانیان.

## ئایەتی سێزدەیەم :

(لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿١٣﴾)

واتە: ئێوە لە خوای گەورە زیاتر، ترستان لە دڵیاندا هەیە، چونکە ئەوانە خەڵکانێکن، پەی بە حەقیقەت نابەن.

١- (رَهْبَةً) ترسانە لەگەڵ پەشێو بوون و پەشۆکاندا، تۆقینە لەگەڵ نەمانی پارسەنگیی و، بیرکردنەوەی ڕاست و دیتنی دروستدا.. ترس و بیمێکە، کە لەگەڵییدا پێناسەو حساباتەکان، لە ترساوو تۆقیوەکە تێکدەچن.

٢- (أَشَدُّ رَهْبَةً) زەمەخشەریی دەفەرمووێ: ئێوە زۆر ترسناکترن لە دڵ و دەرونیاندا وەك لە خوای گەورە.. بۆیە (أَشَدُّ رَهْبَةً)ی کردووە بەسیفەتی ئێوە: (لَأَنتُمْ).

نەیفەرموو: (لَرَهبَتِهم مِنكُم في صُدورِهم اشَدُّ مِن رَهبَتِهِم مِن اللهِ)، تا هۆکارو بکەری ترس و بیمەکە پێشبخات، کە موسوڵمانەکانن..

ئەمە بایەخدانێکی زۆرترە بە هاوکێشەکەو دڵنیاکردنی موسوڵمانانە لەو سام و ترسەی، کە هەیانە، مادام بۆ خوا ساغبووبنەوەو بۆ جیهاد لێبڕا بن.. ئێوە ترسناکترن لە دڵ و دەروون و هەستیاندا، چونکە لە دەست و گورزو هەڵمەتتان دەترسن.

٣- ئیعرابی (رَهْبَةً) ئەوەیە: کە (تمَیـز)ە، واتە: سیفەتێکی تایبەت بە ئێوەیە، ئێوە بەو سیفەتە جویّ دەکرێنەوە.. بۆیە لە شوێنێکی تریشدا دەربارەیان دەفەرمووێ: (إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً) النساء/٧٧.

٤- (شەوکانی) دەفەرمووێ: مانای ئەوەیە: کە ترس و بیمی ئێوە لە دڵ و دەروونی دووڕووەکاندا زۆرەو سامناکە، هەروەکو، کە لە دڵ و دەروونی جولەکەکان و ئەهلی کیتابدا ترسناکە.. ئەم ترس و بیمەی، کە سیفەتی ئێوەیە، لە دڵ و دەروونی هەموو کافرێکدایە.

ئیبن عاشور دەفەرمووێ: ئەسڵ ئەوەیە: کە ئەهلـی کیتاب، مادام باوەڕیان بەخوای گەورەیەو لەسەر دیـنی خوایین و، خۆیان بە عەبدی دینداری ئەو دەزانن، دەبوایە، تەنها لە خوای گەورە بترسانایەو بەس.

دووڕووەکانیش، کە لە ئەسڵدا موشریکن، بەڵام باوەڕیان بە خوای گەورە هەیە، کە کردگارەو دەسەڵاتدارەو هەموو شتێك لای ئەوەو دێت، (جگە لەوەی، کە بەردەوامیش بە هۆی موسڵمانێتیە سەرزارەکیەکەیانەوە، سیفاتی خوای گەورە زیاتر دەبیستن)، دەبوایە ترسیان هەر لە خوای گەورە بێت و بەس، بەڵام هەردوولایان گوێ بە سزای قیامەت نادەن و، حەقیقەتی هـێزی کاریگەر نازانن و، پەی بەوە نابەن، یان سەر ڕاستانە ڕەفتار لەگەڵ ئەوەدا ناکەن، کە خوای گەورە بکەری کاریگەری هەموو شتێکە.. هەر دوولایان لەوە غافڵن، بۆیە نەزان کەوتوون: (ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ).

٥- وەسفکردنی ئەم ترس و بیمەی هەردوولایان بەو شێوە ترسناکەی، کە هەیە، لە دڵ و دەروونیاندا پەنهانە، شتێکی شاراوەیەو بۆ هەموو لایەك کەشف نابێت، بەڵام ئاوا بۆ موسوڵمانان کەشف دەبێت، تا لەو هەموو هەڕەشەو گوڕەشەو خۆبادان و خۆ نواندن و هێزەیان بێباك بن و، دڵنیا بن ئەوە هەر سنگ دەرپەڕاندنێکی شانۆگەرییانەیە، دەنا لە ناخیاندا تۆقیوون، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرمووێ: (نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ)[١].

واتە: ترس و سام و هەیبەتم بۆ سەرکەوتنم، مانگە ڕێیەك کاریگەرە، دیسان ئەم حەقیقەتە، کە لە دڵی دووڕوو ئەهلی کیتابدا ڕوون دەبێتەوە، فەزح دەبن.

دەزانن، کە ئەوەی لەم سەردەمەدا پێـی دەوترێت: (عقيدة القتال)، کە پاڵنەری بەرگریی و هێرشکردنە، لە دڵی ئەواندا نیە.

---

(١) بوخاريي (٤٢٧).

هەموو پاڵنەرەکانی دڵیان، سەلامەتی خۆیان و بەرژەوەندیی بەردەستیانە، بەڵام لە بەرامبەردا: ئیماندارن بۆ خوا ساغبوونەتەوەو بۆ جیهاد لێبڕاون و، مامەڵەیان وەل خوای گەورەدا سەر ڕاستانە کردووە، بوونەتە ئەداتی قەدەری خوای گەورەو لە جیهاد دان، چونکە فەرزە، هەڵمەت دەبەن تا شەهید ببن، یان سەرکەوتن بەدەست بهێنن..

بە درێژایی مێژووش ئەوە سەلمێنراوە، کە موسوڵمانان کاتێك بەم دیدەوەو لەم ڕوانگەوەو، بەم پاڵنەرەی ڕەزامەندیی خوای گەورەوە چووبێتنە جەنگەوە، سەرکەوتوو بوون.

ئەو حاڵەتانە تێیدا بەزیوون، دەگمەنەو بە هۆی هەبوونی (خەلەل)ێکەوە بووە، لە مەرجەکانی سەرکەوتندا، کە خوای گەورە ڕوونیکردوونەتەوە: ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُواْ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٤٥﴾ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْۖ وَٱصْبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾) الانفال/٤٥-٤٦.

٦- (قَوْمٌ): هاتنی وشەی (قَوْمٌ) لێرەدا ئاماژەیە بەوەی، ئەم پەی نەبردنە بە حەقیقەتی هێزی بکەرو کاریگەر، کە خوای گەورەیەو هەموو بزاوت و سەرەوتێکی گەردوون و ژیان بە پێی قەدەری ئەوە، (کە زانین و توانین و ویستە)..

ئەم حەقیقەتە لە لای یەك یەکی ئەم دوو پۆلە دەبەنگە تۆقیووە نییە، چونکە پەی بە حەقیقەتی وجود نابەن، دیدو تێڕوانینیان ئەوەندە بەرفراوان نییە، تا ئەمە درك پێبکەن، چونکە پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ و، (خالیق) و (مەخلوق) یان لە وەحی خواییەوە وەرنەگرتووە، ئیتر ڕێساکانی بزاوت و سەرەوتی قەدەریی نازانن چۆنەو چۆن کار دەکات.

ئەم پەی نەبردن و درك نەکردنە، بۆتە سیفەتی کۆمەڵایەتی هەموو قەومەکەیان..

٧- (لَا يَفْقَهُونَ) الفقه: پەیبردنە بە مانای شاراوەو زانینی خاڵە کاریگەرە پەنهانەکان.

ئەم دوو قەومە: دووڕووەکان و ئەهلی کیتاب، هێندە لە دین و دینداریییدا قاڵ و قووڵ نەبوونەتەوە، تاپەی بەخاڵە کاریگەرەکانی قەدەر ببەن، کە خوای گەورە بە ئایاتی وەحیی و ئایاتی مەلەکوتیی (دیاردە و بەڵگەو نیشانە گەردوونیەکان) سەرنجیان بۆ تێگەیشتنی ئەم ڕێسایانەی (وجود) رادەکێشێت، بەڵام ئەمان گەلۆرن و سەرنجیان لێنادەن (ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ) الانعام/٦٥.

٨- ئەم ئایەتە، حەقیقەتێکی عەقائیدیی و ڕێسایەکی گەردوونیی بزاوت و هەڵوێستی موجاهیدان ڕوون دەکاتەوە، هەر بە پەیدابوونی جیهادو دەرکەوتنی موجاهیدان، یان بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی حەقیقیان، بڕوانە چ ترس و بیم و تۆقینێك دەکەوێتە دڵی کافرانەوە..[1]

---

(١) بزانە هەر بەوەندەی هەواڵێك لە ئەورووپا بڵاو ببێتەوە، کە یەك موجاهیدی ئیستیشهادیی گەیشتۆتە ئەورووپا، هەرچی دەزگای موخابەرات و ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەیان هەیە، پێوەی مەشغووڵ دەبن و ئەوەندەی تر گەلەکانیان دەتۆقێنن!

ئیـتر لە هەموو کەسێکی سیما موسوڵمان دەترسن! بڕوانە ئەمریکا لە (١٩٤٥)ەوە لە ئەڵمانیادا ماوەتەوە، کەچـی بە هەموو هـێزی ناتۆوە نەیتوانی لە ئەفغانستان و عێراقدا بمێنێتەوە..

هەر ئەم ترس و بیمە ڕێسا قەدەرییە -ئەگەر بە وەحی نەهاتایە- نەمان دەوێرا بڵێین: ترس و بیـمی موسوڵمانە موجاهیدەکان لە دڵ ودەروونی کافراندا لە ترسی خوای گەورە زیاترە.. نەمان دەوێرا وا بڵێین، دەمانووت کوفرە.. بەڵام ئەوە حەقیقەتێکە پێویستە لێی دڵنیابین و مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

**ئایەتی چواردەیەم:**

﴿لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى مُّحَصَّنَةٍ أَوۡ مِن وَرَآءِ جُدُرِۢۚ بَأۡسُهُم بَيۡنَهُمۡ شَدِيدٞۚ تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ ١٤﴾

واتە: جولەکەو دووڕووەکان، لەمەودوا ناتوانن پێکەوە بەرەیەکی جەنگ دروست بکەن و بەرامبەرتان ببنەوە، تەنها لە شەڕی بەرگرییاندا دەبن، خۆیان لە قەڵا و قوڵلـەی سەختدا مەڵاس دەدەن، چونکە لەو قەلاو پشت دیوارەوە نەبێت، ناتوانن بەرەنگاریتان بکەن، لەناو خۆیاندا زۆر ناجۆرو دژ بە یەکن و، بەرامبەر یەکتریـی توندن، تۆ وادەزانیت یەك بەرەو یەك دیدوریٚ و یەك بزاوت و هەڵوێستن! بەڵام دڵنیا بن ناکۆك و جوداو لێك دوورن، چونکە ئەقڵیان پیٚ ناشکێت.

١- ( جَمِيعًا ) بە کۆمەڵ، دوو مانا دەگەیێنێت. واتە: (هەر هەموویان) وەکو خوای گەورە دەفەمویٚ: (إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا ) المائدة/٤٨، گەڕانەوەی هەر هەموتان بۆ لای خوای گەورەیە..

هەروەها بە مانای (پێکەوە) واتە: خەمی ئەوەتان نەمێنێت، کە ئەمانیش یەك لەشکر پێکەوە پێك بهێنن و - وەکو قورەیش- لەشکرکێشی بکەنە سەرتان.

ئەمان ئەمەیان لە تواناداا نەماوە.. هەر جەنگی بەرگریی لەخۆ دەکەن و بەس.. چونکە لە شوێنی خۆیاندان و قەڵاو سەنگەریان بۆ بەرگریـی دروستکردووەو، دیوارو شورایان بە دەوری گوندو جیٚ و ڕێی خۆیاندا بەرز کردۆتەوە.. ئەگەر نیازی هێرشکردنیان ببوایە، خۆیان ساز دەکردو، وەکو قورەیش کات و شوێنیان ڕادەگەیاندو بیٚ منەتانە دەهاتنە بەرامبەرتان، بەڵام ئەمان، کە ترس و بیمی ئێوەیان لە دڵدا چەقیووەو، چۆکیان لە ترساندا شکاوە، هی ئەوە نین هێرشتان بکەنە سەر.

ئەوە بە نیسبەت جەنگی ئەو زەمانەی ناوچەی عەرەبەوە، پەسەند نەبوو، چونکە ئەو تـیرەو هۆزەی دوژمنداریێتی بەرامبەر تـیرەو هۆزی تر ڕابگەیاندایە،

بۆی دەچووە مەیدان و پێی نەنگ بوو، ئەوبەر هێرش بهێننە سەریی، کە ئەم شەڕەکەی بەرامبەریان ڕاگەیاندووە.. بۆیە سەیدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (ما حُورِبَ قَومٌ فِي عُقْرِ دارِهِم إلا ذُلُّوا)(١).

واتە: هەر قەومێك لە دەرماڵی خۆیدا جەنگی بەرامبەر بکرێت، زەلیل دەبێت.

٢- ( جُدُرٍۭ ) کۆیەکی تری (جدار)ە، وەکو (جُدران) واتە دیوارو شوورا (سور)، کە بەدەوری قەڵاو باخ و شوێنی گرنگدا دروست دەکرا.

٣- (بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ): لە ناو خۆیاندا ناکۆکن، بەرامبەر یەکتریی توندو تیژن، متمانەیان بە یەکتریی نیەو زۆر ناکۆکن..

کەوا بوو: هۆکارێکی سەرەکی شکست و بەزینی خۆیانیان لە خۆدا هەڵگرتووە.. چونکە دیدو هەڵوێستیان جودایە. چونکە پێناسەو شیکاریان بۆ واقیعەکەو مەڵبەندەکانی هێز جودایە، ناگەنە خاڵی هاوبەش، ئەگەرچی وا دیار نین.

هەوڵ دەدەن وا نیشان بدەن، کە یەکگرتوون و خاوەن یەك دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێست و ئامانج و مەبەستن، بەڵام وا نین.. لەو کاتەی ئەمان نێوانیان خراپەو ناکۆکن (بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ) ئێوەی یاوەران لەسەر یەك دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و ئامانج و مەبەست ڕێکن و، بە بەزەیشن لەگەڵ یەکتـردا (رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ) الفتح/٢٩.

٤- (تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ): دوێنەرەکە: هەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نییە، کە بە وەحـی حەقیقەتی حاڵیان دەزانێت، بەڵکو موسوڵمانانی هەموو کات و شوێنێکیشە، تا وا نەزانین دوژمنانیان، کە زۆرن و گەلە کۆمەکێیان لێکردوون، ئیـتر حەتمەن ئەمان تێکدەشکێن، نا، ئەوان لە زاهیریاندا هاوپەیمانن (وەکو پەیمانی ناتۆی ڕۆژئاوا)، بەڵام لەناو خۆیاندا ڕاجوێن، ناکۆکن، خوێنی کۆنیان لە نێواندایە، بەرژەوەندییان جودایەو، کەسیان کوڕی خۆی ناکات بە قوربانی کچی هاوپەیمانەکانی.(٢)

---

(١) التحرير والتنوير (٢٨/٩٤).

(٢) وەکو ناکۆکی نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا، یان فەرەنساو بەریتانیا، یان روسیاو هەموویان،

ئەمە دڵنیاکردن و ئازاکردنی موسوڵمانانە، کە خوای خاوەنیان-کە شارەزای پەنهانیی و ئاشکرای دوژمنیانە- ئاوایان بۆ پێناسە دەکات.

یەعنی لێیان مەترسن، ئێوە ئامادە باشی جیهادەکەتان تەواو بکەن و بۆ خوا بـبزوێن.

ئەوی تر لەسەر خوای گەورەیە، کە چاوی لە هەر دوو بەرەو هۆکاری هێـزەو سەرکەوتنیش، هەر لە لایەن ئەوەوەیەو بەس.

٥- لـێرەو لە غەیری ئێرەشدا، زۆر جار قورئان (قلوب) بۆ هزرو ژیریی و دیدو بـیر بەکار دەهێنێت.

یەعنی، ئەگەرچی ئەوان لە رواڵەتدا، یەك بەرەو یەك دیدوڕێ و یەك ئامانجن، بەڵام دیدوڕێ و بیرو شیکارو مەبەست و بەرژەوەندییەکانیان، زۆر لێك جوداو دوورە.

- (شَتَّىٰ ) کۆی (شَتیت)ـە واتە: لێك جوداو دوور.

چواندنی دیدو بیـرو بۆچوون و شیکاریانە بە لێك جوداو دووریی کەس و کۆمەڵ و قەومەکانیان، کە لە شوێندا جیاوازن و هەر یەکەیان کیانی سەربەخۆی خۆیی هەیەو، ئامادە نیە بۆ قەومێکی تر دەسبەرداریی ببێت..

هەروەکو، کە بەرەبابی تـیرەیەك شانازیی بە خۆیەوە دەکردو، تەنانەت نەیدەویست لە هەمان تیـرەو هۆزیشدا بیکەنە عایدی بەرەبابێکی تر.

٦- (ذَٰلِكَ ): واتە: ئەو راجوێی و ناکۆکییەی وا لە نێوانیانداو، ئەو توندوتیژیی و ناحەزێتیەی بەرامبەر بە یەکتریی هەیانەو، ئەو لێك جوداو دوورییەی دیدو هزرو بیرییان، کە ناهێڵێت لەسەر کۆلکەی هاوبەش بە جیددیی کۆ ببنەوە، ئەوانە هەموو وای لێکردوون، ئەقڵ ئیلغا بکەنەوەو بکەونە دەم شاڵاوی رق و قین..

---

یان ئەمریکاو ئەوان.

لە جیاتی ئەوەی بە هزرو ژیریی بڕواننە واقیعەکەو، ژیرانە ڕەفتاری شیاوی لەگەڵدا بکەن، بێ ئەقڵانە کەوتوونەتە ململانێ و بەرنگاریی و دژایەتیـی.

ئەمەش هەڵوێستی (قەومی) هەموویانە.. هەر تاکەو دیدو بزاوت و هەڵوێستی وای کردووەو لایان پەسەند بووە، تا سەرجەم هەموویان بوون بە خاوەنی ئەو جۆرە دیدو بزاوت و هەڵوێستە هەرزەکارانەی، وای کردووە پیرو گەنجیان وەکو یەك ئەقڵ بخەنە لاوەو بازوو نیشاندەن!

٧- ئایەتی پێشوتر فەرمووی: (ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ )، چونکە پەییان بە حەقیقەتـی هـێزی بکەرو کاریگەری خوای گەورە نەبردووە، کە ڕێسای وجودی لەسەر قەدەری خۆی دارِشتووەو، هەر بە پێی قەدەری خۆی هەڵیان دەسورِێنێت.

ئەمە نەفیکردنی دیدو تێڕوانینی لێڵی فەلسەفییانەیە، کە دەربارەی گەردوون و ژیان ومرۆڤە.. بەڵام لێـرەدا دەفەرمووێ: (ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ )، چونکە ژیرانە نەیانڕوانیووەتە واقیعەکەو بزاڤ و بانگەوازی ئیسلام، کە چۆن دەستپێکردووەو گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە بتوانێت دەسەڵات لە مەدینەدا دابمەزرێنێت و کۆمەڵگە ئاراستە بکات.

بۆیە دەبوو ئەقڵیان پێ بشکایە کە بەرژەوەندییان لە پاراستنی پەیمانەکەیاندایە، نەك لە شکاندنییدا، کە گەیاندنییە ئەم چارەنووسە ڕەشەیان!

### ئایەتی پازدەیەم:

﴿ كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَرِيبٗاۖ ذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٥ ﴾

واتە: وەکو ئەوانەی پێش خۆیانن، کە لەمێژ نییە چارەنووسی دیدو هەڵوێستی چەوت و خراپی خۆیانیان چێشت، کە حەتمەن سزایەکی بەژانیشیان دەبێت.

١- حاڵی ئەم جولەکەو دووڕوانە لە خۆ بە بەهێز نیشاندان و، هەڕەشەو گوڕەشەکردنیاندا، کە لە ڕاستییدا لە ناخیشیاندا تۆقیون و ترس و بیمی زۆریان لە موسوڵمانان هەیە.

هەروەها حاڵی کۆمەڵکاریی سەرزارەکیان کە لە ناخیاندا ئەوەندە ڕاجویٚ و ناکۆکن و نێوانیان توندوتیژییەو لێك جوداو دوورن، کە بەهانای یەکترییەوە نایەن، هەر چەندە پەیمانیشیان بە یەکتریی داوە، هەروەها حاڵی دەروونیی و ترسیان لە سەرکەوتن و دەسەڵاتی موسوڵمانان..

هەموو ئەم حاڵەتانەیان، وەکو حاڵی قورەیش و هاوپەیمانانێتی، کە لەمێژ نییە هەمان شکستیان بەسەردا هات و، گەورەکانیان کوژران و بەزینێکی گەورەیان بە سەردا هات (شەش مانگ لەمەو بەر قورەیش لە غەزای (بەدر)دا بەزیی) ئەمە بۆچوونی زۆرینەی پێشەوایانی تەفسیرە. وەکو: (موجاهیدو سوددیی و موقاتل) و ئیختیاری (ئیبنوکەثیر) و (شەوکانی) و شارەزایانی ترە.

هەر چەندە هەندێك دەفەرموون: ئەمە بە جولەکەی بەنوقورەیزە دەفەرمووێ، کە پێش ماوەیەك لە حاڵی ئەمان حاڵەتی ترس و تۆقین و، پاشان ماڵوێرانی و دەرکردن بەسەر (بەنونەزیر)دا هات.. بەڵام پێم وایە بۆ چوونی جمهوری پێشەوایان زیاتر پێکاوێتی. (والله اعلم)

٢- (وَبَالَ ) لە ئەسڵدا وەسفی مـێرگ و لەوەڕگایەکە، کە جۆرە گیای زیانبەخشی بۆ ئاژەڵ زۆر بێت، کە شوانی گاگەلەکان وا دەزانن: لەوەڕگایەکی چاك و پەسەندە.. بەڵام دوای کەوتنە ناوو چێژتـنی، لێیان دەبێتە مایەی زیان و ماڵوێرانی..

حاڵی جـــوولەکەکانیش بەم حــــاڵە چوێنراوە، کە وایان دەزانی پەیمان هەڵوەشاندنەوەیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و، هاوپەیمانێتی کردنی دووڕووەکان و خۆقایم کردنیان لە قەڵاو قوڵلـەکانیان و، یاخیبوون لە دەسەڵاتی مەرکەزیی مەدینە، کە لە جۆری دەسەڵاتی تیـرەو هۆز نەبوو.

وایان دەزانی: ئەم هەڵویستەیان چاك و بەسوودە، بەڵام هەر خۆیان پێ دەستخەڕۆکردو داماو کەوتن، هەڵوێستەکەیان - وەکو گیای ژەهراویی لەوەڕگای گاگەل- لێیان بوو بە مایەی ماڵوێرانی و زیان و ئاوارە بوون.

ئەمە زەلیلی و چاوشۆڕیی دنیایانە.. لە قیامەتیشدا سزای سەختی خوایی چاوەڕێیانە، چونکە هەر دوو لایان نەدەبوو بانگەوازی خوایی ئیهمال بکەن و گوێ بە ئیسلام نەدەن و، سەرباری ئەوەش دوژمندارێتی بەرامبەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ڕابگەێنن.. کە ئەوە چارەنووسی دیدو بزاوت و هەڵوێستیانە، ئەم چارەنووسەی بە نسیب کردوون.

٣- بێگومان ئایەتەکە ڕێسای بزاوتی ئیسلامیەو، لە چوارچێوەی ڕووداوێکدا گـیر نادرێت.. چونکە هەر شکستێك بەسەر ئەهلی کوفردا بێت، کە لە جیهاد دا بەسەریاندا هاتبێت، هەر پێیان دەوترێت: لەمـێژ نییە شکستی تری واتان بەسەردا هاتووە. بە تایبەتی لە حاڵەتی بەردەوامبوونی ئوممەتدا لەسەر جیهاد.[1]

---

(١) هەروەکو، کە دەشێت ئێستا بە ڕۆژ ئاوای تاغووت و بە تایبەتی بە ئەمریکا بووترێت: خۆ لە مێـژ نییە سەفارەتتان لە لیبیا سوتێنراو سەفیرتان کوژرا، پێشتریـش شکستی لە عێراق و ئەفغانستان بوو.

## ئایەتی شازدەیەم و حەڤدەیەم:

﴿كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾﴾

واتە: نموونەی ئەم دوو ڕوانە، کە ئاوا چوونەتە بن کڵێشەی جولەکەکانەوەو هەڕاڵیان کردوون بەوەی، کە بێخەم بن ئێمە هەموو لە گەڵتاندایین، بۆ جەنگ و دەرکردن بێت، یان بۆ ئاشتی و خوێندان و ڕێکەوتن.

ئەمەش لە واقیعدا جوولەکەکانی وا لێکرد، زیاتر پێداگرن و مەرجەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)قبوڵ نەکەن و، بکەونە پلان و پیلان و نەخشەی بەرنگاریی.

نموونەی ئەمانە وەکو شەیتان بوو، کە بە کەسێك دەڵێ: کافر بە، هەر ئەوەندەی کوفرەکەی پێدەکات، ئیتر خۆی لێ دەدزێتەوەو دەڵێ: من هەقم بە سەرتەوە نیە.. من لە ڕەفتاری کوفرین تەبەڕا دەکەم! چونکە من لە خوا دەترسم!

ئاوا چارەنووسی هەر دووکیان (شەیتان و فریودراوەکە)، هەروەها چارەنووسی (دووڕووەکان و جولەکەکان) ئاگری دۆزەخ دەبێت، کە دەچنە ناویی وبە نەمریی تێیدا دەمێننەوە.. ئەوەشە سزای ستەمکاران.

١- لێرەدا مەبەست لە توخمی شەیتان و توخمی مرۆڤە، مەرج نییە لەسەر کەسێکی دیاریکراو بێت، وەکو هەندێك لە ئەهلی تەفسیر ڕوداوێکی بەنوئیسرائیلیەکانی بۆ دەهێننەوە.. ئەو بەڕێزانە ریوایەتێك دەبەنەوە سەر سەیدنا (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) -خوا لـێی ڕازی بێت- هەندێکیشیان دەیبەنەوە سەر ئیبنوعەبباس (خوا لێـی ڕازی بێت)، کە گوایە: فەرموویانە، کە (پەرستیارێکی بەنوئیسرائیل، بۆ

خواپەرستی لە ئەشکەوتێکدا گۆشەگیر بوو بوو، شەیتان زۆری هەوڵ لەگەڵدا دابوو زەفەری پێنەهێنابوو!

بۆیە لە ڕێی ئافرەتێکەوە، کە شەیتان دەستی لێوەشاند بوو (شێتی کردبوو) لە هەمان کاتیشدا چوو بووە خەونی براکانی، کە چارەسەری خوشکەکەتان وا لای ئەو پەرستیارەی ئەشکەوتەکەیە، بیبەنە لای ئەو.. ئەوانیشیان هێنایانە لای و لە ئەشکەوتەکەدا دایانناو جێیان هێشت.

دوایی شەیتان زەفەری بە پەرستیارەکە بردو تووشی زینای کرد، دواتر ئافرەتەکە دووگیان بوو، ئینجا شەیتان چووەوە خەونی براکانی و پـێی وتن، کە دووگیانبوونی خوشکەکەتان لەو پەرستیارەوە بوو.

بۆیە بۆی هاتن، شەیتان هاتە لای پەرستیارەکە، پێی وت: بزانە، کە من ئاوا گیرۆدەم کردوویت، سوجدەیەك بۆ من ببە، ڕزگارت دەکەم لە دەستیان!

کە سوجدەی بۆ شەیتان بردو کافر بوو، شەیتان لـێی دوورکەوتەوەو وتی: من هەقم بە سەر تاوانەکەتەوە نییە.. ئاوا کەوتە بەردەست و کوژرا، شەیتانیش بۆی دەرچوو!

ئەم باسە بە ریوایەتی جیاواز گێـڕدراوەتەوە، بەڵام ئیبنوعەتیە (رحمه‌الله)، کە ئەهلی تەفسیرو توێژەرەوەیە، دەفەرمووێ: بە دووی سەنەدی هەموو ریوایەتەکاندا چوومەتەوە، هیچیان جێمتمانە نەگێـڕراونەتەوە، کە دەشێت بە ناوی سەیدنا عەلی و ئیبنوعەبباسەوە (خوا لە هەموویان ڕازی بێت) گێـڕرابێتەوە.

بۆیە ئیمامی ئیبنوکەثیر (رحمه‌الله) دەفەرمووێ: دەشێت ئەمە وەکو نموونەی ئەم نموونەیە بهێنـرێتەوە، کە لەم سوڕەتەدایە، نەك مەبەست بێت لە ئایەتەکە، ئایەتەکە ئەم نموونەیەو هی تریش دەگرێتەوە، کە هاوشێوەی بن.

کەوابوو ئەوە گرنگە بزانین، کە لەم حاڵەتە لاوازییەی دووڕوو و جولەکەکاندا، هەل بۆ شەیتان ڕەخساو، هەر دوو لای فریوداو گەیاندنیە ئەو چارەنووسە سەختە. بێئەوەی خۆی لە شانۆی تاوانکارییەکەدا دەربکەوێت.

شێخ ئیبنوعاشور (رحمەالله) بۆ چوونێکی بەهێزترو گشتگیرتری لەسەری هەیە، کە دەفەرمووێ: مەرج نییە ئەمە ئاماژە بێت بە هەڵوێستێکی شەیتان لە دنیادا، چونکە لەوانەیە ئەگەری ئەوە دوور بێت، کە شەیتان دواتر لەگەڵیاندا دوا بێت و پـێی وتبن: ( إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَـٰلَمِينَ )، بەڵام وا ڕێی تێدەچێت کە ئەمە لە ڕۆژی قیامەتتدا دەبێت، هەروەکو هەڵوێستەکانی تری بەرامبەر بەخەڵکی، کە گومڕای کردوون و تەفرەی داون، کە لەو دنیادا خۆیان لێ بە دوور دەگرێت و دەڵێ: خۆ من بەرپرسی ڕەفتارتان نەبووم.. من وتم: وا بکەن ئێوەش واتان کرد.. هەروەکو خوای گەورە لە سوڕەتی (ئیبراهیم)دا دیمەنێکی ئەو موناقەشەو تەبەڕابوونەی ڕۆژی قیامەتمان بۆ باس دەفەرمووێ: ( وَقَالَ ٱلشَّيْطَـٰنُ لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَـٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ مَّآ أَنَا۠ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٢﴾ ) ابراهیم/٢٢.

٢- کەواتبوو مەبەست ئەوەیە: کە شەیتان کەسێك تەفرە دەدات و زەفەری پێدەبات، کە کوفر بکات، ئیـتر شەیتان خۆی لێ بە دوور دەگرێت، ئەگەر ئەم کەسە لەسەر کوفر بەردەوام بوو و بە کافری مرد، ئەو کاتە گلەیی لە شەیتان دەکات، کە گوایە: ئەو فریوی دا.

ئەو کاتەش شەیتان دەڵێ: ( إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ ) من بێ بەریم لێت و گوناحی خۆت مەخەرە ئەستۆی من.

ئەمەش پرسیارێکی ترە، کە ئایا شەیتان ئەو کاتە بە ڕاستیێتی، کە دەڵێ: ( إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَـٰلَمِينَ )، یان تانەو تەشەرەو لەم کەسە تاوانکارەی دەدات، کە گوایە: دەبوو لە خوا بترسایتایەو قسەی منت بە گوێدا نەچوایە.

٣- تەکمیلەی دیمەنی لێکچواندنەکە بە چارەنووسی هەموویان کۆتایی دێت. دووڕووەکان و ئەو جولەکانەو ئەهلی کیتاب، کە باوەڕیان بە پێغەمبەرێتیی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نەهێناوە، هەروەها چارەنووسی هەموو کافرێك، وەکو چارەنووسی شەیتانەو هەموو هەر دەچنە دۆزەخەوە (فَكَانَ عَـٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَـٰلِدَيْنِ فِيهَاۚ )، چونکە لە کۆتاییدا ئەمە دەکاتەوە بە ڕێسای دیدو هەڵوێست و دەفەرمووێ: (وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّـٰلِمِينَ ).

واتە: ئەم دیدو بزاوت و هەڵوێستە کوفرینەی، کە دژایەتی خوای گەورەو تەوحیدو پێغەمبەرەکەی پێدەکرێت، ئەنجامەکەی چوونە دۆزەخەو، تێدا مانەوەیە بە نەمریی.

### ئایەتی هەژدەیەم و نۆزدەیەم:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿١٩﴾﴾

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! لە خوا بترسن (فەرمانەکانی جێبەجێبکەن و توخنی بەرهەڵستیەکانی مەکەون)، با هەر کەسێك بڕوانێت داخۆ چی بۆ سبەی پاشەکەوت کردووە؟

واتە: بۆ ڕۆژی قیامەت، کە وەکو سبەێنێی نزیکە.. دیسان لە خوا بترسن و سەر ڕاستانە دینداریێتی بکەن.. خوای گەورە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەتان ئاگادارە، کە ئەنجامی دەدەن، نەکەن وەکو ئەوانە بن، کە خوای گەورەیان بیر چووەوە، بەوەی گوێیان بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی نەداو، کەوتنە گوناح و تاوانەوە، چونکە بە ڕاستی خوایان نەناسی، تا سەر ڕاستانە بیپەرستن و بە دینەکەیەوە پابەند بن.

بۆیە خوای گەورەش ئەوەندەی تری بیر بردنەوە.. ئەوان، کە لە سەرەتاوە بەرەو خواناسیی نەهاتن، خوای گەورەش سزای سەرەتایی بەوە دان، کە هۆشیان زیاتر لە خواناسیی ببڕێت و زیاتر لە خوا پەرستی دوور کەوتنەوە.

ئەوان کاتی خۆشییان سوپاسگوزاری خوای گەورە نەبوون، لەسەر بەرفراوانی نازو نیعمەتەکانی، خوای گەورەش لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیەکانیاندا ئیهمالی کردن و بە هانایانەوە نەچوو.

ئەمە سزایەکی قەدەرییە، کە لەسەر تاوانکارێتی سەرەتایی دادەمەزرێت، بە ڕاستی ئەوانە فاسق بوون، لە دینەکە لایاندا.

١- دوای ئەم بیرخستنەوەیەی موسوڵمانان، کە خوای گەورەی بکەری هەموو بزاوت و سرەوتێکی گەردوون و ژیان، ئاوا نیعمەتەکانی خۆی لە ئیمان و ئەمان، لە ڕۆزیی ئاسان و دەستکەوتن، لە تێکشکاندنی دوژمنانیان و سەرکەوتن، یان سەدان و هەزاران نیعمەتی تریی، دوای هەموو ئەمانە، کە خستنیەوە بەر چاوی موسوڵمانان، لێرەدا داوایان لێدەکات، کە تەقوای خوای گەورە زیاتر ڕەچاو بکەن، تا خوای گەورەش زیاتریان پێببەخشێت و پێداویستیەکانیان بۆ بهێنێتە جێ.

بۆیە هەر بە سیفەتی ئیمانداریتیی بانگیان دەکات، کە تەقواکار بن: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾.

تەقواکاریی: لە ڕاستییدا پراکتیزە کردنی ئیمانەکەیە، هەروەکو ئێمە لەم سەردەمەدا دەڵێین: (الفكر والممارسة) و (النظرية والتطبيق).

جا هەروەکو، کە خەڵکی لە ئاستی ئیمانداریی‌یاندا جیاوازن، لە ئاستی تەقواکاریشیاندا، هەر جیاوازن، چونکە هێزی ئیمانەکە دەبێتەوە بە نییەت و گوفتارو کردارو بڕیار.

کەسی وا هەیە ئیمانێکی سەتحی سادەی هەیە، بۆیە نوێژێکی ساکارو سادە دەکات و زۆر گوێ بە حەڕام و حەڵاڵ نادات! ئەمە وەکو کەسێك نییە، کە (ئیمان) لە دڵییدا گەیشتۆتە (یەقین) و پابەندبوونی بە شەرع و، دینداریتییەکەی گەیشتۆتە (تەقوا).

ئەمیان بە سەر هەواو هەوەسییدا زاڵە، ئەمیان لە لوتکەدایە، ئەمەیە، کە خوای گەورە باسی پاداشتەکەی کردووە: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾﴾ النازعات/٤٠-٤١.

٢- تەقوا: بەرهەمی ئیمانەو نیشانەی هەبوون و کاریگەریتییەتی، خوای گەورە لە زیاتر لە سەدوپەنجا شوێنی قورئاندا باسی فەرمووە: ڕێگاکانی، بەرهەمەکانی، پاداشتی، سیفەتی تەقواکاران.. هتد.

هەندێك دەفەرموون: ئەسڵەن مەبەست لە خەڵقكردنی مرۆڤ ئەم تەقواكارییەیە، كە بە هەموو جۆرە خواپەرستییەكان دەیگاتێ.. ئەوە حەقیقەتە.

مرۆڤی موسوڵمان كە سەرنج دەداتە شێوازی ئەم دینە لە پەروەردەكارییدا، دەبینێت پلە بە پلە و ئاست بەئاست، ئەم مرۆڤە لە هەموو لایەنەكانەوە پێدەگەیێنێت و دەیگەیێنێتە ترۆپكی ڕاقیبوون، ئەو كاتە دەزانێت، كە ڕاقیبوون ئەوەیە: مرۆڤ بگاتە ئاستی تەقواكاران.

هەر چەندە ئـێرە شوێنی تەفسیلاتی باسی تەقوا نیە، بەڵام بۆ بیرخستنەوەو هاندانی تێگەیشتنی زیاتر ئاماژە بە چەند ئایەتێك دەدەم، كە چۆن ڕەهەندو لایەنەكانی تەقواكاریی پێكەوە پەیوەست دەكەنەوە:

أ- چەندین ڕێگا هەن، كە موسوڵمان بەرەو تەقوا دەبەن، لەوانە:

- خواپەرستییەكان بەگشتیی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ٢١﴾ البقرة/٢١.

- ڕۆژووگرتن: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣﴾ البقرة/١٨٣.

- پابەندبوونی بەردەوام بە دینەكەو هۆش لێبوونی: ﴿خُذُواْ مَآ ءَاتَيۡنَٰكُم بِقُوَّةٖ وَٱذۡكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾ الاعراف/١٧١.

ب- ئەم قورئانە، كاتێك دەبێتە بەرنامەی ڕاستەقینەی ژیانی تاك و كۆی كۆمەڵگەو دەوڵەتێك، كە گەیشتبنە ئاستی تەقواكاریی: ﴿الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾ البقرة/١-٢.

- ئەم كەسانەش ئەمەسیفەتیانە: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ٤ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥﴾ البقرة/٣-٥.

- تەقوا هەموو چاکەکارییەکانەلەگەڵ هەموو سیفەتە جوامێرییەکان (وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ)البقرة/١٨٩.

- (وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ وَءَاتَى ٱلۡمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلۡمُوفُونَ بِعَهۡدِهِمۡ إِذَا عَٰهَدُواْۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾) البقرة/١٧٧.

ج- بەرهەمی تەقواکاریی هەر لە دنیاشدا زۆرە: بە وەلدابوونی خوای گەورە و ئاسانکاریی بۆی و ڕۆزیدانی و.. هتد: ( إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴿١٢٨﴾) النحل/١٢٨.

- زۆربوونی ڕزق و ڕۆزیی: (وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ﴿٢﴾ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُ ) الطلاق/٢-٣.

- ئاسانکاریی و قوتارکردن لە کێشەو ناڕەحەتی: (وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا) الطلاق/٤.

- فێربوونی زیاترو شارەزابوون لە هەموو شتێك، گەیشتنە ئەوەی، کە پێی دەڵێین: زیرەکیی! (وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ ) البقرة/٢٨٢.

- تەقوا لە قیامەتیشدا، مایەی سەرفڕازیی و ڕووسووریی لای خوای گەورەیەو شایانبوونیی خەڵاتەکانێتی:

- پێشوازیی نایاب و لایق: ( وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ ) الزمر/٧٣.

- نەمانی ترس و خەم و دڵەڕاوکێ: ( ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ يَٰعِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٦٨﴾ ) الزخرف/ ٦٧-٦٨.

- ڕێزی تایبەتی لای خوای گەورەو هاودەنگبوونی!! ( إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ وَنَهَرٍ ﴿٥٤﴾ فِى مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍۭ ﴿٥٥﴾ ) القمر/٥٤-٥٥.

د- تەقوا پاڵنەری ئەنجامدانی هەموو چاکەیەکەو، ڕێگری نەفسە لە هەموو خراپەیەك:

- (وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ..) المائدة/٢.

- (فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ) الانفال/١.

- ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ) التوبة/١١٩.

هـ- لەهەمان کاتدا بەربەستێکە لە ڕێی دەستدرێژیی و تاوان و گوناحکارییدا:

- (قَالَتْ إِنِّىٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحْمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا ﴿١٨﴾ ) مریم/١٨.

- (وَلْيُمْلِلِ ٱلَّذِى عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْـًٔا...) البقرة/٢٨٢.

- (فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ..) البقرة/٢٨٣.

هەموو پابەندییەك بە سنووری شەرع و ئادابەکان و دابونەریتی ئیسلامەوە، بەرهەمی تەقوایە، کە لە ناخدا جێگیر دەبێت، هەروەکو، کە دەروونناسی (علم النفس)ی سەردەم دەڵێ: هەموو ڕەفتارێکی دەرەکی، لەپاڵنەرێکی ناخەوە هاتووە.

بۆیە خوای کارزان و شارەزاش دەفەرمووێ: (وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ) الحج/٣٢.

- پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) داوایان لە قەومەکانیان دەکرد، تا باوەڕ (الایمان) بە پەیامەکەیان بهێنن، گوێڕایەڵی (الطاعة)ش بۆ ئەوان دەرببڕن.

بەم دوانەش بە پلەکانی تەقواکارییدا بەرز دەبنەوە - خوای گەورە دەربارەی هەندێکیان - وەك نموونە: بۆ:

- سەیدنا (نوح - علیه السلام) فەرمووی: (إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٠٨﴾) الشعراء/١٠٧-١٠٨.

- سەیدنا (هود - علیه السلام) دەفەرمووێ: (إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٢٥﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٢٦﴾) الشعراء/١٢٥-١٢٦.

- سەیدنا (صالح - علیه السلام) فەرمووی: ( إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٤٣﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾) الشعراء/١٤٣-١٤٤.

- سەیدنا (لوط - علیه السلام) فەرمووی: ( إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٦٢﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٦٣﴾) الشعراء/١٦٢-١٦٣

- سەیدنا (شوعەیب - علیه السلام) فەرمووی: (إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٧٨﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٧٩﴾) الشعراء/١٧٨-١٧٩.

- پێغەمبەری خواش بەهەموانی فەرموو: ( قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ ) الزمر/١٠.

٣- بڕوانە کاریگەریی بیرخستنەوەی تەقوا لە دڵی یاوەراندا. کە لە لوتکەی ڕاقیبوون و تەقواکارییاندا بوون:

- ئیمامی ئیبنوکەثیر رحمەالله لە ئیمامی ئەحمەدەوە دەگێڕێتەوە کە بەسەنەدەوە لە مونزیری کوڕی جەریرەوە لە باوکیەوە خوا لێیان ڕازی بێت گێڕاوێتیەوە: (كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فِي صَدْرِ النَّهَارِ قَالَ فَجَاءَهُ قَوْمٌ حُفَاةٌ عُرَاةٌ مُجْتَابِي النِّمَارِ - أَوْ الْعَبَاءِ - مُتَقَلِّدِي السُّيُوفِ عَامَّتُهُمْ مِنْ مُضَرَ -بَلْ كُلُّهُمْ مِنْ مُضَرَ- فَتَمَعَّرَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )لِمَا رَأَى بِهِمْ مِنْ الْفَاقَةِ فَدَخَلَ ثُمَّ خَرَجَ فَأَمَرَ بِلَالًا فَأَذَّنَ وَأَقَامَ فَصَلَّى ثُمَّ خَطَبَ فَقَالَ (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ

إِلَى آخرِ الْآيَةِ ..إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا) وَالْآيَةَ الَّتِي فِي الْحَشْرِ (اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ) تَصَدَّقَ رَجُلٌ مِنْ دِينَارِهِ مِنْ دِرْهَمِهِ مِنْ ثَوْبِهِ مِنْ صَاعِ بُرِّهِ مِنْ صَاعِ تَمْرِهِ حَتَّى قَالَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ قَالَ فَجَاءَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ بِصُرَّةٍ كَادَتْ كَفُّهُ تَعْجِزُ عَنْهَا - بَلْ قَدْ عَجَزَتْ- قَالَ ثُمَّ تَتَابَعَ النَّاسُ حَتَّى رَأَيْتُ كَوْمَيْنِ مِنْ طَعَامٍ وَثِيَابٍ حَتَّى رَأَيْتُ وَجْهَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )يَتَهَلَّلُ كَأَنَّهُ مُذْهَبَةٌ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ)[١].

واتە: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بووین، سەرەتای ڕۆژ بوو، کۆمەڵێك پیاو هاتنە خزمەتی، هەموو پێ خاوس و ڕوت و ڕەجاڵ بوون، عەبای شڕۆڵیان پێوە بوو، هەموشیان شمشێرەکانیان بە لاقەدەوە بوو، زۆرینەیان - بگرە هەر هەموویان - لە هۆزی (موزەر) بوون.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە دیتنی، لە خەمیاندا ڕەنگێکی هێناو برد. کە بەو حاڵەتە هەژارییەوە دیتنی، زۆر بۆیان خەمبار بوو! شێوازی ڕووی گۆڕا، ماتبوو..

تەشریفی بردە ماڵەوە (کە دەرگای ماڵەکەی لەسەر مزگەوت بوو) و هاتەوە دەرەوە، (دیارە تا بزانێت داخۆ هیچیان لە ماڵدا هەیە بیبەخشێت)، پاشان فەرمانی بە بیلالی حەبەشییدا، کە بانگ بفەرمووێ. ئەویش بانگی فەرموو، پاشان قامەتی کردو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نوێژێکی کردو وتارێکی دا.

فەرمووی: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾) النساء/١، هەروەها ئەو ئایەتەی سورەتی حەشری خوێند: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ

---

(١) موسلیم (١٠١٧).

(١٨) ئیتـر هەر خەڵك بوو خێـری دەكرد، ئەو لە دینارەكانی بەخشی و ئەوی تر لە درهەمەكانی، ئەویان لە پۆشاكەكانی.

یەكێك ساعێك (جامێكی گەورە) گەنم و یەكێكی تر ساعێك خورما، تا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: لە خوا بترسن، با بە لەتە خورمایەكیش بێت، ئیـتر كابرایەكی ئەنسارییی (لەپشتیوانەكانی مەدینە) زەمبیلەیەكی خورما هێنا، كە خەریكبوو پێی هەڵنەگیرێت -هەر واش بوو پێی هەڵنەدەگیرا- ئیـتر هەر خەڵك بوو شتی دەهێنا، تا دیتم دوو كۆمەڵە خۆراك و پۆشاك كەڵەكە بوون.

ڕووی پاكی پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بینـی وا گەشایەوەو سوور هەڵگەڕا، دەتوت لە زێڕ گیـراوە! ئیتر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ئەو كاتە فەرمووی: هەر كەسێك ڕێگایەكی چاكسازیی لە ئیسلامەتییدا - لە ناو موسوڵمانانـدا- بۆ كاری خێـر دابڕێژێت، پاداشتی خۆیی و هاوشێوەی پاداشتی هەموو ئەو كەسانەی پێ دەبڕێت، كە كارە خێرەكەی دەكەنەوە، بێئەوەی لە پاداشتی بكەرانی كەم ببێتەوە.

هەر كەسێكیش لە ئیسلامەتییدا - لە ناو موسوڵماناندا - ڕێگایەكی خراپ بۆ خراپەكاریی دابڕێژێت، گوناحی خۆی و گوناحی كاری ئەو كەسانەی لە ئەستۆدا دەبێت، كە كارە خراپەكەی ئەو دەكەنەوە، بێئەوەی هیچ لە گوناحی بكەرەكانی كەم ببێتەوە.

- (وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖ).

١- ڕووەو ڕووی هەموو كەسێك دەفەرمووێ: با هەر كەسەو بڕوانێتە ئەو ڕەفتارانەی، كە كردوونی، كە ئایا بۆ قیامەتی سوودبەخش دەبن، یان زیانبەخش؟ ئەمە شێوازێكی گشتی ئاڕاستەی مرۆڤە - نەك هەر موسوڵمانان- چونكە لە ڕۆژی دواییدا، خوای گەورە پاداشت، یان سزای چاكە، یان خراپەی هەموو كەسێك بە تەواویی و بە

دادپەروەریی خۆی دەداتەوە. وەك دەفەرمووێ: (ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ) البقرة/٢٨١ .. هەروەها (وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ) ال عمران/٢.

٢- لە سەرەتاوە داوای تەقواکەی لە موسوڵمانان کرد، چونکە ئەمان هەموو فەرمانێکی خوای گەورە بە جیددیی وەردەگرن و، ئەمانیش هەر بەرپرسن لە پابەندبوون بەو فەرمانە گشتیانەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: (فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾) الزلزلة/٧-٨.

ئەمما خەڵکی بە گشتیی، دەبێ بزانن، کە بەرپرسن لە ڕەفتاریاندا.. ئەوی باوەڕی نییە، سبەی دەزانێت تووشی، چ چارەنووسێکی سەخت دەبێتەوە: (يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾)ال عمران/٣٠.

٣- کە دەفەرمووێ (لِغَدٍ) بۆ سبەینێ.. عادەتەن لە عەرەبیدا - هەروەکو کە لە کوردیشدا هەر وایە- مەبەست لە سبەینێ: دەشێت غەیری سبەی (ڕۆژی دوای ئەمڕۆش بێت) هەروەکو، کە دەشێت ڕۆژانی داهاتووی نزیك و دوور بێت.

- لێـرەدا سبەینێی هێناوەتەوە، تا سەرنج ڕابکێشێت بۆ نزیکـیتیی قیامەت، چونکە هەر کەسێك مرد، وەکو ئەوەیە، کە قیامەتی هاتبێت، چونکە نە بواری ئەنجامدانی چاکەی دەمێنێت و، نە بواری تۆبە کردنیشی لە تاوان و گوناح دەمێنێت.. مردن هەموو بوارەکانی لێدەبڕێت.

کەوا بوو: ئەگەر ژیرەو درك بە حەقیقەتی ژیان و مردن دەکات، دەبێت زۆر خـێراو زۆرچاك خۆی بۆ موحاسەبەی ڕۆژی دوایی ئامادە بکات. چونکە قیامەت نزیکە: (ٱقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ ...) القمر/١.

واتە: ڕۆژی دوایی نزیك بۆوە!..

لە خێرا هاتنیشیدا دەفەرمووێ: (وَمَآ أَمۡرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمۡحِ ٱلۡبَصَرِ أَوۡ هُوَ أَقۡرَبُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٧٧﴾) النحل/٧٧.

واتە: قیامەت هەروەکو چاوتروکانێکە.. بگرە نزیکتریشە. ئەو کاتە ئیتر هەموو (نەفس)ێك بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە چی کردووە: (عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ وَأَخَّرَتۡ ﴿٥﴾) الانفطار/٥.

- (..وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ...).

بۆ جاری دووەم دەفەرمووێتەوە: لە خوابترسن و تەقواکاریی ڕەچاو بکەن.

ئیمامی ئیبنوکەثیر دەفەرمووێ: جەخت کردنەوە (تەئکید) یە لە فەرمانەکەی یەکەم، کە داوای تەقواکاریی کرد: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ)، بەڵام (زەمەخشەریی) دەفەرمووێ: تەئکیدکردنەوە نییە، داوایەکی تری سەربەخۆیە.

داوای یەکەمجاری تەقواکە بە هۆی ئەوەوەیە، کە کردوێتی، واتە: لە خوابترسن و پێداچوونەوەیەکی کردارەکانی ڕابوردوتان بکەن، بزانن چەندیان چاکەن و پاداشتیان دەبێت، چەندیشیان خراپەن و سزایان دەبێت..

دواتر دەفەرمووێ: (ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ) واتە: بۆ لە مەودواشتان تەقوا ڕەچاو بکەن و هۆشتان لەوە نەبڕێت، کە خوای گەورە شارەزایە و بە ئاگایەو هەموو نییەت و گوفتارو کردارێکتان دەزانێت.

بۆیە (وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ)ی دووەم بۆ ئەم هۆشدارییەی دواینە: (وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ).

پێم وایە: هەردووکیان قۆناغی تەواوکردنی یەکترین و بە هەردوو حاڵەتەکە، ئاستە باڵاکەی تەقواکاریی دێتە دیی، کە دەفەرمووێ: (اتَّقُواْ اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ) ال عمران/١٠٢، چونکە هەر کەسێك، کە پێداچوونەوەی ڕۆژانە بە ڕەفتارەکانییدا بکاتەوە (پێش ڕەفتاریش نییەتەکانی) کەمتەرخەمیی و لاوازیی و نوقسانیەکانی خۆی بۆ دەردەکەوێت و موحاسەبەی خۆی دەکات.

ئیبنوکەثیر هێناویەتیەوە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دەفەرمووێ:
(حَاسِبُوا أَنْفُسَكُمْ قَبْلَ أَنْ تُحَاسَبُوا، وَزِنُوا أَنْفُسَكُمْ قَبْلَ أَنْ تُوزَنُوا، فَإِنَّهُ أَهْوَنُ عَلَيْكُمْ فِي الْحِسَابِ غَدًا)(١).

واتە: پێش ئەوەی لێپرسینەوەی قیامەتتان لەگەڵدا بکرێت، لە خۆتان بپرسنەوەو موحاسەبەیەکی خۆتان بکەن، ڕەفتارەکانی خۆتان بکێشن، پێشئەوەی ڕەفتارتان بکێشرێت، ئەمە موحاسەبەکردنی سبەینێتان ئاسانتر دەکات.

هەر کەسێك لێپرسینەوەی لەگەڵ خۆیدا لەسەر نییەت و ڕەفتار (گوفتار و کردار و بڕیار)ی ڕابوردووی خۆی کرد، حەتمەن هەوڵ دەدات داهاتووی چاکتر بکات، ئەگەر ڕاست بکات و هەست بە چاودێریی خوای گەورەو لێپرسینەوەی قیامەت بکات.

شێخ ئیبن عاشور (بە ڕەحمەت بێت) بۆچوونێکی تری هەیە، کە ڕەنگە ئەم پێ پەسەندبوونەی خۆمی پێ بەهێـز بکەم، دەفەرمووێ: دەشێت مەبەست لە (اتَّقُوا اللَّهَ )ی یەکەم لە خواترسان بێت، کە دەبێتە پاڵنەری ئەنجامدانی کاری چاکەو دوورکەوتنەوە لە کاری خراپە.

---

(١) ترمزیی لە (السنن ٤/٥٥٠) بە شێوەی لاوازکاریی (التمریض) واتە: (یُروی: دەگـێڕنەوە) و ئیمامی ئەحمەد لە کتێـبی: (الزهد ل/١٢٠) و ئیمامی مالیك لە (الموطأ ٢/١١١) و ئیبنوئەبوشەیبە لە کتێبی (المصنف ١٣/٢٧٠) و ئەبو نوعەیم لە (الحلیة ١/٥٢) و ئیبنولجەوزیی لە (مناقب عمر خوا لێی ڕازی بێت /ل ١٧٨) و ابن أبی الدنیا: محاسبە النفس (ژ ٢). (ثابت ابن الحجاج) هەموو لە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابەوە (خوا لـێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە.
ئەبو ئیسـحاقی حوەینی لە توێژینەوەکەیدا بۆ تەفسیری ئیبنوکەثیر (٤٧٨/١) دەفەرمووێ: (وهذا سند رجاله ثقات لکنه منقطع بین ثابت بن الحجاج وعمر بن الخطاب فلم یدرکه).
کەوابوو، کە (ثابت) سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابی (خوا لـێی ڕازی بێت) نەدیبووە پسانێك لە نێوانیاندا هەیە، هەروەها لەبەر ئەوەش کە نازانرێت قەولی سەیدنا عومەر خۆیەتی، یان فەرموودەیە، پـێی دەوترێت: (مەوقووف). بۆیە ئەلبانی لە (سلسلة الاحادیث الضعیفة/١٢٠١) دا بە زەعیفی داناوە.

بۆیە بە دواییدا فەرمووی: (وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖ) بەڵام (ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ)ی دووەمی هاندانە لەسەر بەردەوامبوون.

واتە: بەردەوام بن لەسەر تەقواکارییەکەتان، هەروەکو ئەوەیە، کە بۆ ئیماندارش دەفەرمووێ: (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ) النساء/١٣٦.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! باوەڕ بە خوای گەورەو بە پێغەمبەرەکەی بهێنن (دیارە، کە باوەڕهێنانی یەکەم زانست و زانینینی مەعریفیەو باوەڕهێنانی دووەم سەلماندن و چەسپاندنی ئیمانەکەیە، کە پراکتیزەکردنی باوەڕە)، هەر بۆیە خوای پەروەردگار کۆتایی ئایەتی بەوە دەهێنێت: (إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ).

واتە: شارەزای پلەو ئاستی پابەندیی و لە خواترسان و تەقواکارییەکانتانە.

بۆیە لەدوای ئەمە، لە ئایەتی دواتردا دەفەرمووێ: ( وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ ) الحشر/١٩.

واتە: وەکو ئەوانە مەبن، کە لە خواترسانیان ئیهمال کرد.

٤- بەشێوازی کرداری ڕابوردوو فەرمووی: (قَدَّمَتۡ)، تا هاندانێکی تر بێت، کە پەلەکاریی لە کاری خێردا بکەن، زوو پێداچوونەوەی نییەت و گوفتارو کردارو بڕیارەکانی ڕابوردوتان بکەنەوە، تا بواری ڕاستکردنەوە (تۆبەکردن) ماوە، خێرا ڕاستی بکەنەوە، چونکە تازە کارەکە بە ڕۆیشتنی کاتەکە تەواو بووە، بەڵام بواری تۆبە کردن ماوە..

خێرا بکەن. چونکە نازانن سبەینێ (ڕۆژی دوا تر) چیتان بە سەر دێت (وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗا) لقمان/٣٤، هەروەها دەفەرمووێ: (وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ ...) ال عمران/١٣٣.. ( وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ ).

دوای ئەم هاندانە لەسەر دینداریی سەرڕاستانە و تەقواکاریی، دەیانخاتە بەر خەمی بیرچوونەوە و ئیهمال کردن و گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی.. کەدەبنە مایەی

ئەوەی، خوای گەورەش وەلدابوون (مەعییەت)ە کەی خۆییان لێ وەربگرێتەوەو وەلیان بکات.

- ( وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْۚ ...).

١- نەکات وەکو ئەوانەتان لێبێت، کە خوایان فەرامۆش کرد، خوای گەورەش وایلێکردن، خۆشیان فەرامۆش بکەن..

- ئەوانە، کە خوای گەورەیان فەرامۆش کردووە، ئەوانەن، کە دینیان ناسیووەو زانیویانە دینداریان لەسەر فەرزە، زانیویانە دەبێت خوابناسن و بیپەرستن و بەشەریعەتەکەیەوە پابەند بن، زانیویانە دەبێت لە خوابترسن و بەرەو تەقواکاریی سەربکەون.

بەڵام- لەبەر گومان، یان لەبەر هەواو هەوەس- ئەم ئەرکانەی عەبدایەتییان ئیهمال کردووەو، لە دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئەهلی (ئیمان) و (تەقوا) لایانداوەو لاڕێ دەرچوون..

خوای گەورە، ئەمانە وەکو نموونەیەکی بەدو خراپ دەخاتە پێش چاوی ئیمانداران، کە نەکەن ئاواتان لێبێت، لەبەر چاوتان بێت، کە ئینحرافی ئەوانە لە سستگرتنی دینەکەو، لە لێچوونەوەی خواپەرستی و شلگیریی دینداریێتییەکەوە هاتووە، ئەوەش ئەنجامیانە کە (فاسق) بوون.

هۆشتان لێبێت، کە ئینحیـراف وەکو لایەنی گۆشەیە، هەر کە لە هێڵی ڕاست لایدا گۆشەی ئینحیـراف دروست دەبێت، تا نەوەستێت و نەگەڕێتەوە، گۆشەی ئینحیـرافەکە لەناو ناچێت.

ئەگەر بەردەوامیش بوو، تا دێت گۆشەی ئینحیـرافەکە بەرفراونتـر دەبێت و، هێڵی لادان لە ئەسڵەکە دوور دەکەوێتەوە.. تا وەکو دووڕووەکان و جولەکەکان دەگەیێنێتە کوفر.

٢- وەكو ئەوانەتان لێ نەیەت، كە ئاوا ئینحیرافیان كرد، كە دووڕووەكانن، چونكە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێ: (نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْۚ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ) التوبة/٦٧.

أ- سەرەتا موشریك بوون و، نەیاندەزانی مافی خوا چیەو ئەركی عەبد چییە؟ نەیاندەزانی وەحیی چۆنەو ڕێبازی خواناسیی چۆنەو، لە كوێوە دەست پێدەكات!

ب- دوایی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بانگەوازی خوایی لە مەككەو، هیجرەتی دوای سێزدەساڵی هاتنی وەحی و، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە، هەموو شتێكیان لە (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەت) و (دین) و (ئوممەت) و (بزاڤ: بانگەوازو جیهاد) بۆ ڕوون بۆوە، بەڵام هەر سەرزارەكی موسوڵمانبوون و لە ناخیاندا، هەر لەسەر شیرك و كوفرو جاهیلییەت مانەوە!

ج- سەرباری ئەم كوفرە شاراوەیەی ناخیان، هەڵوێستی دوژمندارانەیان بەرامبەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و شوێنكەوتوانی دەنواندو، لەگەڵ دوژمناندا هاوپەیمان دەبوون.

بۆیە دەفەرمووێ: نەكەن وەكو ئەمانەتان لێبێت...!، ناختان بە خواناسیی پاك بكەنەوەو، ڕەفتار (گوفتارو كردارو بڕیار)تان بە شەرع پارسەنگ بكەن، تا بەرەو تەقواكاریی هەڵكشێن، نەك بەرەو فاسقبوون دابكشێن.

٣- وەكو ئەوانەتان لێ نەیەت، كە ئینحیرافیان لە خواویستی كرد، كە جولەكەكانن، چونكە خوای گەورە دەربارەیان فەرمووی: (فَنَسُوا۟ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَاوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِۚ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ) المائدة/١٤، دینی خوایان بۆ هات، پێغەمبەری ئەمینی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بە وەحی خوایی، (عەقیدە) و (عیبادەت) (شەریعەت)ی بۆ هێنان، بە (دین) گۆشی كردن و بە (هیجرەت) بزاوتی كۆمەڵكاریی بەرەو (الارض المقدسة) بێكردن تا (حاكمێتی) خوایی پیادە بكەن.

بەڵام بێ غیـرەت و بێ هیممەت بوون، خۆویست و ترسنۆك بوون، بە پێغەمبەرە عەزیزەکەی خۆیانیان (علیه السلام) دەوت: ( قَالُوٓاْ أُوذِينَا مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَا )!! الاعراف/١٢٩ ئامادە نەبوون بەرگریی نە لە دینەکەیان و، نە لە پێغەمبەرەکەیان و، نە لە خۆیان و نە لە خاك و وجودیان بکەن! بە پێغەمبەرە عەزیزەکەیان (علیه السلام) دەوت: بڕۆ خۆت و خواکەت جیهادەکەمان بۆ بکەن، وا ئێمە لـێرە دانیشتووین و چاوەڕوانتانین!

ئەگەر سەرکەوتن و وڵاتتان ڕزگار کرد، پێمان بڵێن تا بێین! (قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾) المائدة/٢٤، نەکەن ئێوەش واتان لێبێت، دەنا ئەوە چارە نووسی دنیاو ڕۆژی دوایی ئێوەش دەبێت، کە بۆتە چارەنووسی ئەم جولەکانە، کە سەرەتای ئینحیرافیان: خۆ دزینەوەیان بوو لە فەرزە شەرعیەکانی سەرشانیان، لەسەر ڕاستی دینداریێتیان، لە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەیان، لە جیهاد کردن بۆ سەروەریی شەریعەتەکەیان.

٤- نەکەن ئێوەش وەکو ئەم دوو پۆلەی بەرچاوتان، دینەکەی خوا فەرامۆش بکەن و، شلگیریی لە پەیمان و بەیعەتەکەتاندا بنوێنن، کە بە خواو پێغەمبەرەکەیتان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) داوە (وَءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلۡتُ مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُمۡ وَلَا تَكُونُوٓاْ أَوَّلَ كَافِرِۭ بِهِۦۖ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗا وَإِيَّٰيَ فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾ وَلَا تَلۡبِسُواْ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُواْ ٱلۡحَقَّ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٤٢﴾ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ )البقرة/٤١-٤٣.

- (نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ).

- قورتوبی دەفەرمووێ: فەرمانی خوایان وەل کرد، خوای گەورەش لە ئەنجامدانی کاری خێـردا ـ کە هەر بۆ خۆیان دەکرد ـ یارمەتیدەریان نەما.

- تەبەریی دەفەرمووێ: کە ئەو فەرزانەی خوای گەورەیان ئیهمال کرد - کە لەسەریانی فەرز کردبوو- خوای گەورەش ئیهمالی کردن، چونکە سزا لە توخمی تاوانە.

- ئەبوحەییان دەفەرمووێ: ئەوانەی، کە خوایان فەرامۆش کرد، کافرەکانن، کە خواپەرستیان وەل کرد - کە بریتییە لە پابەند نەبوون بە فەرمانی خوای گەورەو دوورکەوتنەوە لەبەر هەڵستیەکانی- ئیتر خوای گەورە خۆیانی بیر خۆیان بردەوەو نەهاتنە سەر دینداریی و کاری چاکە، تا لە سزا قوتاربن، ئەمە سزای تاوانە بە ڕێ پێدانیان بە ئەنجامدانی تاوانی تر.

- ئیبنوکەثیر دەفەرمووێ: یادی خوای گەورە فەرامۆش مەکەن، دەنا خوای گەورەش کردەوەی چاکتان لە بیر دەباتەوە، چونکە پاداشتی سزا لە جۆری ڕەفتارەکە دەبێت.

- زەمەخشەریی دەفەرمووێ: فەرمانەکانی خوای گەورەیان وەل کرد، بۆیە خوای گەورەش لە قیامەتتدا سزایەکی وایان دەدات -لە تاویدا- خۆشیان لە بیر بچێتەوە.

- ئیبنوعاشور دەفەرمووێ: بە ئەنقەست فەرمانەکانی خوای گەورەیان بیر خۆ بردەوەو، هۆشێکیان نەدایە ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە گەردوونیانەی، کە لەسەر تەوحیدی خوای گەورەن، یان ئەو هەموو ئایەتانەی، کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرێتیی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

ئیتر خوای گەورەش ڕێی هیدایەتدانەکەی لێگرتنەوەو درکیان بەوە نەکرد، کە هیدایەتی ئیسلام چییەو چۆنە، تا بیگرنەبەر، ئاوا کەوتنە تاوان و گوناحەوە.

- (شەنقیتی) دوای هێنانی ڕاو بۆچوونی ئەم موفەسسیرانەو هیتریش دەفەرمووێ: خوای گەورە هەواڵ دەداتە موسوڵمانان: مادام ئەوانە ئەو فەرمانانەی خوای گەورەیان فەرامۆش کردو گوێیان پێنەدا، خوای گەورەش لە سزایاندا ئاوا خۆی لە بیربردنەوە.

ئەوەش سزای پڕاوپڕی تاوانەکەیانە.. ئەوان دینی خوایان بیرخۆبردەوە، خوای گەورەش ئیهمالی کردن، هەروەکو لە شوێنی تری قورئاندا دەفەرمووێ: (وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ) الجاثية/٣٤ و (فَذُوقُوا۟ بِمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمْ ) السجدة/١٤ و (نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ) التوبة/٦٧.

- (أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ) ئا ئەوانە لادەرانی ڕێن.

(أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ) وەكو ئەوەیە بفەرمووێ: هەر ئەوانە لادەرن، فاسقن، چونكە ڕەفتارەكەیان زۆر گەورەو دژوارو ناقۆڵایە، ئەوانە خوای گەورەیان - دوای ناسینی- بیرچۆتەوە!! ئیتر جارێك بە هۆشیاندا نەهاتەوە، سەرنجێك بدەنەوە لەم گەردوون و ژیان و مرۆڤە، یان لەم وەحی و پەیام و پێغەمبەرێتییە..

(فسق)ی ئەمانە ئەوەندە گەورەیە، كە (فسق)ی تاوان و گوناح لە چاویدا كەمە!

هاتنی (اسم اشارة)، كە (أُوْلِئكَ) بۆ زیاتر ناساندن و كەشف كردن و فەزح كردنیانە.

(فِسْـق) لە ئەسڵدا: هاتنە دەرەوەی خورمایە لە توێژاڵە تەنكەكەی دەوریی، هەروەها جێگۆڕكێی شتە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی ترو، لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی تر..

عادەتەن هەر بۆ زەمكردنە، چونكە فاسقەكان لە خواناسیەوە چوونەتە سەر فرەخوایی، لە خوا پەرستیەوە چوونەتە سەر هەواو هەوەس پەرستیی، لە چاكسازییەوە چوونەتە سەر خراپەكاریی، لە ڕەوشتی فریشتانەوە چوونەتە سەر ڕەوشتی ئاژەڵیی، لە مزگەوتەوە چوونەتە قومار خانەو مەلهاو مەیخانە!

لە كەسایەتی پارسەنگ و مەعقولەوە، چوونەتە سەر كەسایەتی سەرسەریی و شەللاتی و بەرەڵا!!

ئیتر چۆن خراپترین نموونە نابن؟!

## ئایەتی بیستەم:

(لَا يَسْتَوِىٓ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَـٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۚ أَصْحَـٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾)

واتە: ئەهلی دۆزەخ و ئەهلی بەهەشت یەکسان نابن، ئەوانەی ئەهلی بەهەشتن، سەرفرازن.

ئەمە بەڵگە نەویستە کە جێنشینانی دۆزەخ، هەر لە سزاو ژان و ناسۆردان و، جێنشینانی بەهەشت، هەر لە ئەمان و نازو نیعمەتدان.

ئێ حەتمەن وەکو یەك نین، بەڵام بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئەهلی کوفرو ئەهلی ئیمانەکە، ئەوە لە لای ئێوەش ئاشکرایە، کە دووشتی پێچەوانە وەك یەك نین.

بەڵام بەردەوام هۆشتان لەوە بێت، کە دەخوازن لە چ پۆلێکیان بن.. ئەوەتا لە دنیاشدا دەبینن بەرەی کوفر - کە دووڕووەکان و جولەکەکانن- سەرشۆڕو زەلیل و زەبونن.

لە بەرامبەریاندا موسوڵمانان سەربەرزو دەسەڵاتدارو دەرکەوتوون، بەتەئکید حاڵی قیامەتی هەر دوو لاش، زۆر جیاوازتر دەبێت.

١- ئەم شێوازە بە ئاخاوتنی عەرەبەکاندا ئاسایی بوو، وەکو (صەمەوئەل)ی شاعیری جاهیلی دەڵێ:

(فَلَيسَ سَواءٍ عالِمٌ وجُهولُ).

لە قورئانیشدا لە چەندین شوێندا ئەم شێوە بەرابەریی (المقابلة)یە هەیە. وەکو:

- (هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ) الزمر/٩.

(قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى ٱلظُّلُمَـٰتُ وَٱلنُّورُ ۗ) الرعد/١٦.

(لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ) المائدة/١٠٠.

﴿ أَفَمَن كَانَ مُؤۡمِنٗا كَمَن كَانَ فَاسِقٗاۚ لَّا يَسۡتَوُۥنَ ﴾ السجدة/١٨.

﴿ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ ﴾ ص/٢٨.

﴿ وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ﴾ فُصِّلَت/٣٤.

﴿ أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءٗ مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡ ﴾ الجاثية/٢١

ئەگەر لە ئەنجامدانی کردەوە خێرەکاندا ئاست و پلەو پاداشت جیاواز بێت ـ کە بە پێی ڕادەو بڕو کات و شوێن و چۆنییەتیەکانیان جیاواز دەبن ـ حەتمەن ئەهلی دۆزەخ و ئەهلی بەهەشت لە هەموو حاڵەتێکی بزاوت و سرەوتدا جیاواز دەبن.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ئەو کەسەی سامانی بەخشیوەو پێش فەتحی مەککە جیهادی کردووە، حەتمەن پلە باڵاترە لەو کەسەی، دوای فەتحی مەککە ئەو دوو کارە گرنگەی ئەنجامداوە، چ جای ئەوانەی نا بەخشن وجیهاد ناکەن:

﴿لَا يَسۡتَوِي مِنكُم مَّنۡ أَنفَقَ مِن قَبۡلِ ٱلۡفَتۡحِ وَقَٰتَلَۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَعۡظَمُ دَرَجَةٗ مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَقَٰتَلُواْ﴾ الحديد/١٠.

﴿لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلۡمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ...﴾ النساء/٩٥.

٢- خوای گەورە لـێرەدا -هەروەها لە زۆرینەی شوێنەکانی قورئاندا- لایەنە نوقسانە کەم و لاوازەکە پێش لایەنە کامڵ و چاکەکە دەخات، تا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشێت کە هۆی جیاوازی ئاست و پلەی پاداشتی ئەمان لە زیادەوە نییە، بەڵکو ئەوانیتر نوقسان و کەم تەرخەم بوون و، شایانی ئەو پلەو ئاست و پاداشتە نەبوون، وەکو موجاهیدان و دانیشتووەکان.

بڕوانە! دەفەرمووێ: ئەوانەی پۆلی یەکەم وەکو ئەوانەی پۆلی دووەم نین، هۆیەکەشی ئەوەیە: کە ئەوان نەهاتوونەتە پلەو ئاستی ئەمان: (لَا يَسْتَوِيٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ) الحشر ٢٠. (لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ...) المائدة/١٠٠. (هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ) الانعام/٥٠.

ئەمە خۆی سەر زەنشتێکە، سەرکۆنەی تاوانبارانی ئەهلی دۆزەخ و موسوڵمانە، کەم تەرخەمەکانی پێدە کرێت، بەڵام لە شوێنانی تردا ئەوانەی کامڵ و چاك و پەسەندن و شایانی پاداشتی تەواون، پێش دەخرێن.

ئەمە فێرکردن و ئاراستەکردنی ئەهلی ئیمان و پیاوچاکانە، کە هاوکێشەکە ئاوا ڕابگرن و، هەر هەوڵی زیاتر بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە بدەن. سەرنجدە:

- (أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ لَّا يَسْتَوُۥنَ) السـجدة/١٨.

(قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الزمر/٩.

(لَا يَسْتَوِى مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ وَقَٰتَلَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَقَٰتَلُوا۟) الحديد/١٠.

(وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ) فُصِّلت/٣٤.

بینیت، ئەمجارە ئەوانەی پۆلی دووەم، ناگەنە ئەمانەی پۆلی یەکەم.

٣- ئایەتەکە باسی هەر دوو دانیشتوانی دۆزەخ و بەهەشت دەکات، بەڵام دەفەرمووێ: بەهەشتیەوانەکان سەرفرازن، چونکە لە هەست و دیدو زەین و قەناعەتی هەموو گوێگرێکدا، ئەوە سروشتی دەبێت، کە حەتمەن ئەهلی دۆزەخ زەرەرمەندو داماو و کۆڵەوار کەوتوون.. چونکە دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستیان چەوت و نالەبار بوو..

دیدو ڕێیان شیرك و کوفرو جاهیلیەت بوو.. ئیدی ئەوانەی ئەو دیدو ڕێی شیرك و کوفرە دەگرنە بەر، خۆشیان دەزانن کە ئەگەر هەر ئاوا بژین و بمرن، ئەهلی

دۆزەخ دەبن! خۆیشیان دەزانن، کە شایانی بەهەشت نابن، مەگەر بە ئومێدە درۆزنەیەك خۆیان فریو بدەن (وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ..) فصلت/٣٤.

ئەمما ئەهلی بەهەشت دیارە، کە موسوڵمانە سەرڕاست و تەقواکارەکانن: ( إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾) الاحقاف/١٣-١٤.

ئەمجارە لە ئایەتێکدا، هەر دوو لای باس کردووەو چارەنووسی دیاریکردوون: (بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾) البقرة/٨١.

ئاشکرایە، کە چارەنووسی بەهەشتییەکان ڕەزامەندیی خوای گەورەو لێخۆشبوون و ڕەحمەت و ئەمان و نەمریی و، مانەوەی هەمیشەیی لە بەهەشتی بەرین و پڕ نازو نیعمەتە، ئەمە سەرکەوتنێکی بێ وێنەیە، ئەمە کۆتا پلەی پاداشتی موسوڵمانە.

بۆیە دەفەرمووێ: (أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ) لە سورەتی (تەوبە)شدا دوای باسی ئەو نیعمەتانە دەفەرمووێ: (ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ) التوبة/٧٢.

## ئایەتی بیست و یەکەم:

(لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾)

واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان بناردایەتە خوارەوە بۆ سەر چیایەك، دەتدی چیا كە لە ملكەچیی و گوێڕایەڵیی خوای گەورە دا، بەپێوە نەدەماو دەچووە سوجدە، وردو خاش دەبوو، لە ترسی خوای گەورە، دەكەوتە لەرزەو دادەڕما.

ئێمە ئەو نموونانە دەهێنینەوەو دەیخەینە پێشـچاوی خەڵكی، تا تێفبكرن، تا سەرنج بدەن و بیربكەنەوە.

١- دوای ئەوەی خوای گەورە نموونەی دووڕووەكان و جولەكەكانی هێنایەوەو، وەسفی ئەهلی ئیمانی كرد، كە وەكو نموونەی پێشەوایەتیی و ئیقتیدا پێكردنن، كە موهاجیرانی مەككەو پشتیوانانی مەدینەو ئەو موسوڵمانانەی ترن كە لە دوای ئەوان هاتوون و ڕوكنەكانی كۆمەڵكاریی باسكرد، كە ئوممەتی عەقائیدیی لە خۆ دەگرن و، بزاڤی گۆڕانكارییانی پێ ئەنجام دەدەن، كە بریتین لە: (ئیمان) و (هیجرەت) و (جیهاد) و (اِیواء: داڵدەدان) و (نُصْرة واتە: سەرخستن)، داوای لە موسوڵمانان كرد: كە نەكەن ئەم فەرزو ئەركانە فەرامۆش بكەن و، وەكو ئەهـلی كیتابتان لێبێت، كە حەزو هەواو هەوەسیان خستە پێش ئەحكامی دینەكەوە.. بەوەش زەرەرمەندی دنیاو قیامەت دەبن.

دوای ئەم فێركردن و ئاڕاستەو وەبیـر هێنانەوەیە، مەدحی قورئانەكەی دەكات، كە چەند بە قەدرو گرنگە، كە لە ناو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدایەو زۆرینەی خەڵك -گێلانە- لـێی بێ ئاگان!

لە كاتێكدا، كە ئەگەر ئەم قورئانەی بناردایەتە سەر زنجیـرە شاخە بڵندو دابینەكان، دەكەوتنە لەرزەو تێك دەڕمان و لوتكەكانیان نەوی دەبوو، تا سوجدە بۆ خوا ببەن..

وردوخاش دەبوون و، لە ترسی سام و هەیبەتی خوای گەورە دەپووکانەوە.. جا کە ئەو شاخ و چیاو تاوێرە بەردانە ـ کە سەخت و رەق و پتەوو جێگـیرن.

لەبەر کۆڵی بەرپرسێتی ئەم قورئانەدا، وردوخاش ببوونایەو لە ترسی خوای گەورە دابرِمانایە، ئەدی دەبێت دڵی مرۆڤ چەند سەخت و رِەق و دژوار بێت، کە بەم قورئانە نەرم نابێت!

چونکە زۆرینەیان دڵیان لە بەرد رِەقتـر بووە! پەنا بەخوا.

خوای گەورە باسی دڵی بەنوئیسرائیلییەکان دەکات، کە لە بەرد رِەقتر کەوتن! دەفەرمووێ: (ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِىَ كَٱلْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ..) البقرة/٧٤، چونکە گوێچکەیان لە حەنای ئەم قورئانەدا ئاخنی و دڵیان قەپات کردو، خۆیان لە نوورو ئاوازی ئەم قورئانەی خوا گرتەوە: (وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ) البقرة/٨٨، وتیان: دڵمان قەپات بووەو ناکرێتەوە! (وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِىَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ ۚ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ...) الكهف/٧٤.

ئەمانە نە گوێ لە قورئان دەگرن، نە دەیخوێنن و نە لێی دەکۆڵنەوە، ئیتـر چۆن کاریان تێدەکات؟! بەڵام برِوانە پێچەوانەی ئەمە: ئیماندارانێك، کە ئەوەندە تەقواکارو هەست ناسکن و، ئامێری وەرگرتنیان ئەوەندە هەستیارە، هەر کە گوێیان لە قورئان دەبێت، کە دەخوێندرێت، دڵیان رِادەچەنێت و هۆشی دەدەنێ و لەگەڵ ئایەتەکانییدا سۆز دەکەن و، رِۆحیان گەشەو نەشونما دەکات: (وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) الانفال/٢..

ئەم خواناسە هەستیارانە، لەگەڵ باسەکانی قورئاندا دەخرۆشێن، دڵ نەرمتـر دەبن، موچرِکیان پێدا دێت و زیاتر هۆگری دیداری خوای خۆشەویستیان دەبن: (ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ...) الزمر/٢٣.

**بڕوانە ئەم نموونانە:**

* سەیدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت)، ئەو کاتەی، کە خەلیفە بوو، هەروەکو عادەتی خۆی، شەوانە بە بەرماڵ و کۆڵانەکانی مەدینەدا دەڕۆیشت، تا ئاگای لە ئەحواڵی ڕەعیەتەکەی بێت.

شەوێك لە حەوشەی ماڵێکەوە گوێ لێبووە کەسێك قورئان لە شەو نوێژییدا دەخوێنێت. لە دیوارەکەیان نزیکبۆوەو گوێ لێبوو، کە گەیشتە ئەم ئایەتە: (إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٌ ﴿٧﴾ مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٍ ﴿٨﴾) الطور/٧-٨.

واتە: بە تەئکید سزای خوای پەروەردگارت دێتە دیی و، هیچ هـێزێکیش نابێت لایدات و ڕایدات یان بەری بگرێت.

سەیدنا عومەر فەرمووی (قَسَمٌ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ حَقٌّ)[١].

واتە: سوێند بە خوای خاوەن کەعبە، ڕاستە.

لە تاواندا خۆی بەسەر گوێدرێژەکەیەوە نەگرت، دابەزیی و پاڵی بە دیوارەکەوەدا، پاشان یارمەتیان داو بردیانەوە ماڵەوە، تا یەك مانگی ڕەبەق لە ماڵەوە کەوت و یاوەران دەچوونە سەردانی، بێئەوەی کەس پەی بەوە ببات کەچییەتی!!

ئەمە کەسێکە، کە دڵ و هزرو ویژدانی پاك بۆتەوەو هەستیارانە ئەم وەحیە خواییە تێدەگات، کە لەگەڵیدا ژیاوە..

- ئیمامی قورتوبی (رحمەالله) دەگێڕێتەوە، کە (جوبەیری کوڕی موتعیم) فەرمووی: هاتمە مەدینە -ئەو کاتە هێشتا موسوڵمان نەبوو- تا بچمە خزمەت

---

(١) قَالَ الْحَافظ أَبُو بَكر بْن أَبي الدُّنْيَا حَدَّثَنَا أَبي حَدَّثَنَا مُوسَى بْن دَاوُد عَنْ صَالح الْمُرِّيّ عَنْ جَعْفَر بْن زَيْد الْعَبْدِيّ قَالَ خَرَجَ عُمَر يَعُسّ الْمَدِينَة ذَات لَيْلَة فَمَرَّ بِدَار رَجُل منَ الْمُسْلمينَ فَوَافَقَهُ قَائمًا يُصَلِّي فَوَقَفَ يَسْتَمع قرَاءَتَهُ فَقَرَأَ ( وَالطُّور – حَـتَّى بَلَغَ إِنَّ عَذَاب رَبّك لَوَاقعٌ مَا لَهُ منْ دَافع) قَالَ: قَسَمٌ وَرَبِّ الْكَعْبَة حَقٌّ فَنَـزَلَ عَنْ حِمَاره وَاسْتَنَدَ إِلَى حَائِط فَمَكَثَ مَلِيًّا ثُمَّ رَجَعَ إِلَى مَنْزِله فَمَكَثَ شَهْرًا يَعُودهُ النَّاس لَا يَدْرُونَ مَا مَرَضه.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تكا بۆ چەند دیلێكی خزمم بكەم، كە لە (بەدر)دا دیل كەوتبوون، كاتی نوێژی شێوان (مەغریب) بوو چوومە مزگەوت، گوێم لێبوو سورەتی (الطور)ی دەخوێند، كە گەیشتە ئەم ئایەتانە: (إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٌ ﴿٧﴾ مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٍ ﴿٨﴾) الطور/٧-٨، دڵم وا دا خورپا، وامزانی عەزابەكەم پێگەیشت، خێرا موسوڵمانبووم!

وتم: نەبادا بەر ئەو سزاو ئەشكەنجەیە بكەوم، كە حەتمیە.

٢- خوای گەورە باسی ئەوە دەفەرمووێ: كە كاتێك هەڵگرتنی بەرپرسێتی بانگەوازی خوایی و، ئەم قورئانەی بە تایبەتی خستە پێش ئاسمانەكان و زەوی و چیا، هەموو لێی كشانەوەو نەیان وێرا خۆ بدەنە بەر ئەو بەرپرسێتیە.

ئەگەر ئێمە تەسەوری ئەوە بكەین، كە چیا بەو هەموو هێزو جێگیریی و پتەوییەیەوە نەیوێرا بێت شان بداتە بەر ئەو بەرپرسێتیە، دەبێ ئەگەر قورئانەكەی بخرایاتە ئەستۆ، چۆن دادەڕماو دەهاتە لەرزین!

ئەمە حەقیقەتێكی عەقائیدیی و ڕێسایەكی بزاوتی وەحیە.. ئێمە لە ناخەوە قەناعەتمان وایە: كە بێگومان ئەم چیاو ئاسمان و زەویە نەیانتوانیووە بچنە ژێرباری ئەو مەسئوولیەتە، بەڵام چۆن؟

نازانین. ( إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ ) الاحزاب/٧٢.

چیای (ئوحود) لە هەیبەتی پێغەمبەری خوادا لەرزیی، كاتێك جەنابی و سەیدنا ئەبو بەكرو سەیدنا عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) سەركەوتنە لوتكەكەی، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بە چیاكەی فەرموو: (اثْبتْ أُحُدُ، فَانَّ عَلَيكَ نـبيٌّ وصدِّيقٌ وَشهيدٌ)[١].

(١) بوخاريي ٣٤٧٢

واتە: هۆ (ئوحود) خۆ ڕاگرە، پێغەمبەرێك و صددیقێك (لە ئاستی پیاوچاکان) و شەهیدێکت لەسەرە.

٣- کە بە (اسم اشارة) ئاماژەی نزیك بە قورئانەکە دەکات (هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ)، تا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشێت.

بەڵێ، ئەم قورئانەی لەبەر دەستتاندایەو، ئەوەندە لێتانەوە نزیکە، ئاوا بە سام و هەیبەت و مەزنە، دەی خۆ لێتان دوور نییە، ئیتر بۆچی نایخەنە سەر چاوو دڵتان؟

بۆچی نایکەنە بەرنامەو نایگرنە بەر؟

بۆچی خواناسیی و خواپەرستیی پێوە ناکەن؟!

٤- مەبەست لە ناردنە خوارەوەی قورئان بۆ سەر چیا، دواندنێتی پـێی، نەك نوسـخەیەك قورئانی لەسەر دابنرێت و تەحەمولی نەکات.. مەبەست ڕوتێکردنێـتی بەم قورئانە، بە فەرمانەکانی و بە بەرهەڵستییەکانی.

- (وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ ...).

(وَتِلۡكَ) ناوی ئاماژە یە بۆ کۆمەڵ و دوور.

واتە: ئەو هەموو نموونانەی هێناومانن‌تەوە بۆ ئەوەیە: خەڵکی پێ وەبیر بهێنینەوە، کە دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی تاك و کۆی خۆیان بەپێی دینەکەی خوای گەورە بێت، دەنا زەرەرمەند دەبن.

(ٱلۡأَمۡثَٰلُ) کۆی (مَثَل)ە، کە لە (مِثل)ەوە وەرگیراوە، (مِثل)ـیش لە ئەسڵدا ڕێك ڕاوەستانە بە شێوەیەك، کە لە هەموو لایەکەوە دیار بێت.

(تمثال)یش واتە: پەیکەر لەوەوە هاتووە.. هەروەها (مثل: وەکو) واتە: شتێك، کە نەزانراوە دەچوێنرێت بەشتێك، کە زرپ و ڕێك بەپێوەیەو دیارە.. دواتر بۆتە چواندنی نەزانراو بە زانراوی بەرچاوان، یان زانراوی هزرو هۆش.. بەم مانایانەیە کە دەفەرمووێ: جیبریل (جوبرائیل) علیه السلام وەکو مرۆڤێکی زرپ و زیندوو

ڕاوەستاوەو بە ئاشکرا لە خاتوو مەریەم (علیها السلام) دەرکەوت: (فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا ) مريم/١٧، هەروەها کە بەهەشت دەچوێنێت بە شتانێکی زانراوو لەبەر چاوان:

(مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ۖ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ أُكُلُهَا دَآئِمٌ وَظِلُّهَا ۚ تِلْكَ عُقْبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ ۖ وَّعُقْبَى ٱلْكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ ) الرعد/٣٥.

( وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ ۖ وَمِنَ ٱلْأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُۥ ۚ قُلْ إِنَّمَآ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ وَلَآ أُشْرِكَ بِهِۦٓ ۚ إِلَيْهِ أَدْعُوا۟ وَإِلَيْهِ مَـَٔابِ ﴿٣٦﴾ ) الرعد/٣٦.

(مَثَل و أمثال) واتە: پەندی پێشینان هەر لەمەوەیە.. کە دەبێ بە لەفزی خۆی بگێــڕرێتەوە، تا حاڵەتێکی پێ بچوێنرێت، بۆ نموونە: لە عەرەبیدا هەیە (في الصَّيف ضَيَّعْتِ اللَّبَنَ) لەسەر ئافرەتێکە، بەڵام بۆ پیاویش هەر بەو شێوە مێینەییە دەوترێتەوە.

لە کوردیشدا وایە: (بوکێ لەگەڵ تۆمەو خەسوو تۆ گوێت لێبێت) لەسەر ئافرەت بووە، بەڵام بە هەمان لەفز بۆ حاڵەتی هاوشێوەی دەوترێتەوە.

- ( مَثَل) لە عەرەبیدا گشتگیری هەموو سیفەتێکە، بۆیە لێرەشدا بەکارهاتووە، چونکە:

- ئەگەر دووشت لە قەبارەدا وەکو یەك بوون، دەوترێت: (على شَكله)، ئەگەر لە بڕدا هاوشێوە بوون دەوترێت: (مساوی)، واتە: یەکسان. ئەگەر لە ناوەڕۆکدا وەك یەك بوون، دەوترێت: (نِدّ)، ئەگەر لە ڕواڵەتدا وەك یەك بوون، دەوترێت: (سَمِی). ئەگەر لە زۆرینەی سیفەتدا وەکو یەك بوون، دەوترێت: (نَظير).

لەمەوە دەزانین، کە بۆچی خوای گەورە دەفەرمووێ: (لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ) الشورى/١١.

واتە: هیچ لە خوای گەورە ناچێت، نە لە ماهییەت و شێوەو رادەو بڕداو نە لە سیفەتییدا.. هتد.

هەر ئەم نەفـی کردنی توخم و سیفەتەشە، کە لە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه) دایە، واتە: نەفی کردنی هەبوونی شتێك، کە سیفەتێکی خوای گەورەی بۆ دانرا بێت، لە کردگارێتیی و پەروەردگارێتیی و ژیاندن و مراندن و.. هتد.. یان لە پەرستن و حاکمێتیدا.

ئایەتی بیست و دووەم:

(هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۖ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾)

واتە: خوای گەورە ئەوەیە، کە هیچ خوایەك نییە، هیچ سیفەتێکی خوایەتی ڕاستەقینەی هەبێت، جگە لەو، خوای گەورە ئاگادارە، زاناو شارەزای هەر هەموو جیهان، نادیارو دیارە، ئەوەی نابینرێت و هەستی پێناکرێت، هەروەها ئەوەی ئاشکرایە هەستی پێدەکرێت، ئەوەی پەنهانەو ئەوەی ئاشکرایە، زانایە بە هەر هەموو شتێك، کە لە (وجود)دایەو، لە هەموو بزاوت سرەوتێك بە ئاگایە.. خوای گەورە، میهرەبان و خاوەن بەزەیی یە.

١- (هُوَ) ڕاناوی جوێیەو مەبەست لە خوای گەورەیە.. کە لەم سورەتەدا چل جار بە ناو، یان بە ڕاناو، یان بە سیفەتی خوایەتیی، دووپات بۆتەوە، بیست و شەش جاریان ناوی (الله) هاتووەو، شازدە جار ڕاناوی دیار، یان سیفاتە باڵاکان هاتووە، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەر ئایەتێك، هەر بڕگەو وشەی ئایەتێك، گەورەیی و مەزنیی و دەسەڵاتی خوای گەورە دەسەلمێنێت.

٢- خودی سورەتەکە، هەمووی لەسەر دەسەڵاتداریتیی و کارزانیی خوای پەروەردگارە، کە چۆن زەمینەی ڕووبەڕوو بوونەوەی موسوڵمانانی لەگەڵ جولەکەکاندا سازکردو، بێ جەنگ موسوڵمانانی سەرخست و، جولەکەکانی چاوشۆڕ کرد و، سەروەت سامان و جێ و ڕێیانی کردە دەستکەوتی هەژارە ئیماندارەکان.

خوای گەورە باسی وەفای خۆی و ڕێزداریی ئیماندارانی موهاجیران و پشتیوانانیش دەکات، کە چەند بۆ خواسوڵحا بوون، کە بەڕاستی شیاوی ئەوەن نموونەی بەرچاوی مرۆڤایەتیی بن، لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا، کە چۆن ئەم وەحیەی خوایان لە خۆ گرت وپێی پەروەردە بوون و، بۆ سەرخستنی

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەموو بوونە سەربازی گوێڕایەڵ و بە ئاماژەیەکی جەنابی، هەڵدەستان و دادەنیشتن..

باسی ئەم قورئانەی کرد، کە چەند گەورەو مەزن و کاریگەرە، چەند بە سام و هەیبەت و ویقارە، کە فەرمایشتی خوای گەورەیەو بۆ ڕێزداریـی مرۆڤ ناردوێتیە خوارەوە، کە مەفروزە وەریبگرن و پێوەی پابەند بن.

ئەم سورەتە، دەیان باسی دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و مەبەست و ئامانجی لە خۆگرتووە.. لە سەرەتاوە داوای ڕووکردنە خوای گەورەو بۆ ساغبوونەوەی دەکات: (یَـٰٓأَیُّهَا ٱلَّذِینَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ...) لێرەشدا هەر لە سەرەتاوە دەفەرمووێ: (هُوَ ٱللَّهُ) پاشان سیفەتی: (ٱلَّذِی لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ عَـٰلِمُ ٱلۡغَیۡبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ) دێت بە دوایدا.

- (لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ): ئەمە تەوحیدە.. ناساندنی خوای تاك و پاك و بێ وێنەیە، بە هەموو سیفەتەکانی پەروەردگارێتیی و پەرستراوێتیی و حاکمێتیی، کە بە هیچ شێوەو بە هیچ بڕو ڕادەیەك و، بەهیچ کلۆجێك هاوبەشی لە هیچ یەکێك لەم پێکهاتانەی تەوحیددا نییە.

(لَآ ) پێی دەوترێت: نەفیکاری توخم (لا النافیة للجنس) واتە: نەفی هەبوونی توخمی ئەو ناوە دەکات، کە بە دوایدا دێت، وەکو: لا رجل فی الدار، واتە: هەر چی لە توخمی پیاو بێت گەنج یان پیر، ئەهلی ماڵ، یان غەریبە، لە خانووەکەدا نییە..

هەر کاتێك (ناو)ێك لە دوای (لا) هات، کە نەزانراو (نَکرە) بێت و (مبـني على الفتح) بێت، ئەوە لای نەفیکاری توخمە، کە خوای گەورە بۆ سیفەتەکانی خۆی ئاوا ئەم (لا)یەی بەکارهێناوە (١) وەکو:

- (وَإِن یَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرࣲّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ وَإِن یُرِدۡكَ بِخَیۡرࣲ فَلَا رَاۤدَّ لِفَضۡلِهِۦ...) یونس/١٠٧. (لَا تَبۡدِیلَ لِكَلِمَـٰتِ ٱللَّهِ...) یونس/٦٤. (لَا تَبۡدِیلَ لِخَلۡقِ

---

(١) باسێکی سەربەخۆم بە زمانی عەرەبی لەسەر (لا النافیە للجنس) هەیە، کە ئەمانەی تێدا ڕوونکراوەتەوە (والحمدلله).

ٱللَّهِ ...) الروم/٣٠. (لَا شَرِيكَ لَهُۥ ) الانعام/١٦٣. (إِن يَنصُرۡكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمۡ ) ال عمران/١٦٠.

وشەی (إله): کە (مَألُوه)ە، واتە: (مَعْبُود) چونکە لەسەر وەزنی (فِعال)ە، بەمانای (مفعول)ە. وەکو (کِتاب) کەمانای (مَکتوب)ە.

(إله) هەموو سیفەتێکی خوایەتیی لە خۆگرتووە.. لە کردگارێتیەیەوە بۆ هەموو سیفەتەکانی پەروەردگارێتیی (الربوبية)، بۆ هەموو سیفەتێك، کە شایانی پەرستراوێتیی (الالوهية) دەکات، بۆ سیفەتەکانی هێـزو توانا و دەسەڵات و دانایی، کە سیفاتی (حاکمێتی)ن.

واتە: مافی (یاساو ڕێسا دارشتن و حوکمڕانیی و داوەریی هێنانە لا)، ئەمانە مافی خوای تاك و پاکن و بەس.

- (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه) نەفی کردنی چوارشتە، کە هەر یەکەیان سیفەتێك، یان چەند سیفەتێکی خوای گەورەیان پێداون و، لە لای شوێنکەوتووەکانیان کاریگەرو بکەری کاری نا ئاسایی بوون.. موسوڵمانیش بە وتنی: (لَا إِلَٰهَ)، کە نەفی ئەو سیفەتانە لەوان دەکات و، بە (إِلَّا اللّٰه) دەیانگێڕێتەوە بۆ خوای تاك و بێ وێنە:

**١- الإلە:** هەموو شتێکە، کە ئومێدی هێنانی سوودو لێلادانی زیانی پێوە بەسترایەوە، جا بەردێك بێت، یان درەختێك، مەرقەدێك بێت، یان شێخ و مشایەخێکی دوورە دەست: (زیندوو بن، یان مردوو) وەکو هاوار کردنە شێخ عبدالقادری گەیلانی (رحمەالله)، یان هاوار کردنە شێخێکی تەریقەت، کە ئێستا زیندووە، بەڵام ئەو لە ناوچەیەکەو، ئەم هانا بەرە لە ناوچەیەکی تر.

ئەم هاوارو هانابردنە، کە بە ئومێدی هێنانەدیی سوودێکە، یان بۆ دوورخستنەوەی زیانێکە، شیرکەو ئەو هاوار بۆ کراوانە بە خوا دانراون.

ئەرکی یەکەمینـی موسوڵمان: نەفیکردنی ئەم مافەیە بۆ ئەو خوا قەستینانە.. خوای گەورە دەفەرمووێ: سەیدنا ئیبراهیم (علیەالسلام) بەقەومەکەی فەرموو: کە ئایا ئەو بتانەی لە جیاتی خوای گەورە دەیانپەرستن، سوودتان بێ دەگەێنن؟

یان زیانتان لێ دوور دەخەنەوە؟

چما هیچیان لە تواناندا هەیە: ( قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴿٦٦﴾ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ ) الانبياء/٦٦-٦٧، بە پێغەمبەری سەروەرمانیشی فەرموو: کە بە عەرەبەکان بفەرموو: ( قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا .. ) الانعام/٧١.

٢- الأَنداد: کە کۆی (ندَّ)ە. واتە: هەر شتێك، کە خۆشەویستیی و مەزنێتیی نائاسایی بۆ دەرببڕرێت، کە دڵ پێوەی بەند بێت و لە ناوەڕۆکییدا سیفەتێکی وای بۆ بڕیار بدرێت، کە تەنها هی خوای گەورەیە.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ( وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ...) البقرة/١٦٥. ( وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِهِۦ..) ابراهیم/٣٠.

- (وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ) الزمر/٨.

٣- الأرباب: کە کۆی (رب)ە، واتە: پەروەردەگارو خاوەن و گەورەی گوێ بۆ ڕایەڵکراو، کە ئاڕاستە دەکات.. وەکو خوای گەورە لە باسی سەیدنا (یوسف)دا دەفەرمووێ: بە هاوڕێکەی زیندانیی فەرموو: لای سەییدە دەسەڵاتدارە حاکمەکەت باسم بکە: (ٱذْكُرْنِى عِندَ رَبِّكَ ) یوسف/٤٢.

- خوای گەورە ڕێی لە مرۆڤ گرتووە، کە ئەو دەسەڵاتی خاوەنێتیی و سەییدێتی و ئاڕاستەوانێتیە، تەنانەت بەپێغەمبەران و بە فریشتەکانیشی بدرێت. دەفەرمووێ: ( وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ...) ال عمران/٨٠

هەر حاکمێك یاساو ڕێسای پێچەوانە بە دینـی خوای گەورە (ئیسلام) داڕێژێت، ئەوە خۆی لەو خەڵکە کردۆتە خواو مافی خوایەتی خوای گەورەی، لە بواری دیاریکردنی بەرنامەو دەستورو یاساو ڕێسا داڕشتندا زەوت کردووە.

خوای گەورەش لە سەرەتاوە داوای لە مرۆڤ کردووە، کە ئەو مافە بە هیچ کەسێك نەدرێت، نە سەرۆك و پاشاو، نە پەرلەمان و نە دەسەڵاتدارانی حوکمڕان، کە دەفەرمووێ: (قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ...) الانعام/١٦٤. (وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ ...) النحل/١٢٤. ( وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ ) المؤمنون/٥٢.

لە گومڕایی ئەهلی کیتابیشدا - کە حیبرو راهیبەکانی خۆیان، لە جیاتی خوای گەورە دانابوو- بەوەی مافی یاساو ڕێسا داڕشتنیان، بەپێی دیدو بۆچوونی خۆیان پێدا بوون، یا پێچەوانەی دینەکەی خواش بوایە. کە ئەمەش بە خوا دانانە ـ دەفەرمووێ: ( ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ).

٤- الطواغیت: کۆی (طاغوت)ە. واتە: ئەو کەسەی سنووری شەرعی دەبەزێنێت و بە پێی یاساو ڕێسای پێچەوانەی شەرع، داوەریی خەڵکی دەکات.

ئیمامی ئیبنولقەیم (رحمەاللە) دەفەرمووێ: (طاغوت کُلِّ قَوم مَنْ یَتَحاکَمونَ الَیهِ...)، واتە: تاغوتی هەر کۆمەڵە خەڵکێك ئەو داوەرەیە: کە کێشە ناوکۆکییەکانی دەبەنەوە لا، تا بە غەیری شەرع بۆیان یەکلا بکاتەوە.

یەکلایی کردنەوەی کێشەی خەڵکی، مافی خوای گەورەیەو، کەسانی غەیری پێغەمبەران (علیه السلام) بۆیان نییە بە ئیتجیهادی خۆیان - لە کاتی هەبوونی دەقی قورئان و سوننەتدا- کێشەی خەڵکی یەکلا بکەنەوە. ئەوی وا دەکات موسوڵمان نامێنێت، چونکە حاکمێتی خوای گەورە هەم یاساو ڕێسا داڕشتنە، هەم حوکمڕانی کردنە، هەم داوەریی هێنانە بۆ لای دین و شەریعەتەکەی، بۆیە:

- لە باسی دووڕووەکاندا، کە نەیان دەویست داوەریکردنی نێوانیان، بهێننەوە لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە دەفەرمووێ: (أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓاْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِۦ..) النساء/٦٠. (وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ ) النساء/٧٦. ( وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ

وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ...) النحل/٣٦. (فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ ) البقرة/٢٥٦.

كەوابوو: ئەو كەسەی، كە دەڵێ: (أشهد ان لا اله الا الله) نەفی ئەم مافانە دەكات، كە بۆ غەیری خوای گەورە بێت. نەفی (إله) و (أنداد) و (أرباب) و (طواغيت) دەكات، وەك دەبینیت نەفی كردنی ئەمانە، سەلماندن و چەسپاندنی پەروەردگارێتیی و پەرستراوێتیی و حاكمێتیی: (الربوبية والالوهية و الحاكمية)ی خوای گەورەی پێ دێتە دیی.

- (عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ).

١- ئەم زانایەتییەی خوای گەورە، بێ وێنەیەو تەنها سیفەتی ئەوە، هیچ مەخلوقێك بە هیچ شێوەیەك و بە هیچ بڕو ڕادەیەك، هاوبەشی زانیاری ئەو نین.

ئەم زانینەی خوای گەورە:

أ- پەی بە هەموو نادیارو دیار دەبات، هەر هەموو شتێكی گەردوون و ژیان هەر چەند گەورە بێت، وەكو هەسارەكان، كە هەیانە زیاتر لە شەست ملیار ئەستێرەی تێدایە، بۆ بزاوتی ئەلیكترۆن، كە لە ئەتۆمێكدا، كە لە مۆلكیوڵ بچووكترە. لە ئاگا لێبوونی هەموو مەخلوقاتەوە، تا دەگاتە ئاگابوون و چاودێریی و سەرپەرشتی پێكهاتەكانی سێلێك، لە زیندەوەرێكی گچكەدا.

بۆیە لێرەدا دەفەرمووێ: (عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ) لە باسی پەیبردنی زانینەكەشیدا دەفەرمووێ: (وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ) النساء/١٠٨.

واتە: خوای گەورە پەی بە هەموو شتێك دەبات!! مرۆڤ هەر چەند ئاسۆی بیرو هۆشی بەرفراوان كاتن، تەسەوری (هەموو شت) ناكات، چونكە هەموو شت، هەموو (وجود)ە! بەڵام دەفەرمووێ (إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ) العنكبوت/٦٢، ناشفەرمووێ (عالم)، دەفەرمووێ: (عليم) واتە: هەر هەموو شتێك دەربارەی هەموو شتێك دەزانێت.. نەك دەزانێت (كە كردارە) بەڵكو (زۆر زانا)یە پێیی! ئەوە بۆ

نزیككردنەوەیە لە تەسەوراتی ئێمە، كە نموونەمان بە هەندێك شت بۆ دەهێنێتەوە، كە خوای گەورە زۆر زانایە، وەكو دەفەرمووێ: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ﴾ الانعام/٥٩!!.

ب- زانینی خوای گەورە (موكتەسەب) نییە، وەكو زانینی (مەخلوقات)، واتە: لە بەرامبەرێكەوە وەرنەگیراوە. چونكە یەكێكی تری وەكو خوا نییە، چ جا زاناتر.. ئێمە لە مەخلوقاتی تری وەكو خۆمان، یان هی ترەوە شت فێر بووین، بۆیە زانینمان ڕێژەییە، من دەزانم، بەڵام تۆ زیاتر دەزانیت، ئەو لە ئێمە كەمتر دەزانێت، ئەوی ئەو لا لە هەموومان زیاتر: ﴿وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ یوسف/٧٦.

ج- زانینی ئێمە سنوورو ڕادەو بڕی هەیە، بەڵام زانینی خوای گەورە سنوورو ڕادەو بڕی نییە، چونكە وەرگیراو نیە.. سیفەتێكە هەر بە خۆیەوەیەتی.

خوای گەورە هەر بووەو زانینەكەشی وەكو سیفەتەكانی تری، هەر بووەو بە خۆیەوەیەتی.

د- بەربەست لە ڕێی زانینی خوای گەورەدا نییە، شتێك نییە دوێنێ نەیزانێبێت، یان دوای زەمانێك بزانێت، هەروەها زانینێك نییە لە شوێنێكدا بێت بیزانێت و، كە كەوتە شوێنێكی ترەوە نەیزانێت، چونكە بەربەست لەڕێی عیلمی خوادا نییە..

هەروەها ماهییەتی شت، پێش ئەوەی ببێت دەیزانێ، چۆنەو چۆن دەبێت، ئەگەر وا نەبوایە چۆن دەبوو، بەڵام ئەم سێیە: (كات و شوێن و ماهییەت) بەربەستن بۆ زانینی ئێمە..

تۆ نازانیت ساڵێكی تر چیت لێدێت، هەروەكو، كە نازانیت ئەو دیوو دیوارەكەی بەرامبەرت چی لێیە، بە هامان شێوە نازانیت ئەسڵی ماهییەتی هەموو شتێك چییە.. دەزانیت ئەمە پسكیتەو لەو شتانە پێكهاتوون، بەڵام ئەسڵی ماهییەتی ئاردەكە چییە؟

دەزانیت ئەلیکترۆن چییە، بەڵام ئەسڵی ئەلیکترۆن چییە و چۆن پەیدابووە؟!

سیفەتی زانین، یەکێکە لەو سیفەتانەی خوای گەورە، کە بە هەموو شێوەیەك لە زانیـن (عیلـم)ی خەڵکی جیاوازەو، بواری بەراوورد کردنیان نییە.. ئەوە هەر ناویان هاوبەشە کە خوای گەورە بۆ هەندێك کەس فەرموویەتی: زانایە.. وەکو دەفەرمووێ: (قَالُوا۟ لَا تَخَفْ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٍ ) الذاریات/٢٨، فریشتەکان بە سەیدنا (ئیبراهیم)یان (علیه السلام) فەرموو: مەترسە! مژدەشیان دایێ، کە منداڵێکی زانایان دەبێت.. یان، کە دەفەرمووێ: ( قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٌ ) الاعراف/١٠٩.

٢- ناوهێنانی (الغیب) ئاماژەیەکیشە بۆ گومڕایی و گەلۆریی ئەو کەسانەی، کە تەنها باوەڕیان بە جیهانی بەرجەستە ماددییەکە هەیە، چونکە بواری نادیار، هەر خوا خۆی دەزانێت، کە چەندەو چۆنەو چی تێدایە؟

مرۆڤ لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەشییدا، بەڵام هێشتا پەی بە نهێنـی دروستبوونی سێلێك نابات، کە بە ملیار سێڵ لە مرۆڤێکدا هەیەو، بەردەوام دەمرن و سێڵی نوێی زیندوو دێتە شوێنییان!!

خەڵکی جارێ شارەزای جیهانیانی ماددە نەبوون، چ جای جیهانیانی نادیار (غەیب)!!

- (هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ) عەللامە راغیبی ئەسفەهانی دەفەرمووێ:

١- ئەم دووو ناوە پیرۆزە لە سیفەتی (الرحمة)ەوە هاتوون، واتە: بەزەیی، کە بریتییە لە هەست کردن بە چاکە کردن لەگەڵ بەزەیی پێداهاتووەکەدا.

جاری وا هەیە دەبێتە سیفەتی خودی هەستەکی و، جاری واش هەیە دەبێتە وەسفی هەستکردن و چاکەکردنەکە. وەکو دەوترێت: (رَحِمَ اللهُ فُلان).

واتە: خوای گەورە بەزەیی بە فلان کەسدا بێتەوە. بەڵام، کە دەوترێت: خوا بە ڕەحمە، وەسفی سیفەتی بەزەیی هاتنەوەکەیە، کە سیفەتێکی خوای گەورەیە.

بەزەیی خوای گەورە لوتف و چاکەو یارمەتیدانێتی، بەڵام بۆ مرۆڤ وەسفی حاڵەتەکەیەتی، کە دڵ نەرم بووەو بەزەیی پێدا هاتۆتەوە.

کە دەوترێت: (رَحِم)، واتە: پزدانی ئافرەت، کە جێی تێدا خەلق بوون و گەورەبوونی کۆرپەلەیە.

ئەسڵی ڕەحم و بەزەییەکەش لەمەوەیە، کە خەڵکی دەبێ هاوسۆزی یەکتر بن و بەزەییان بە یەکتردا بێتەوە.

بە خزمایەتیش دەوترێت: (رَحِم)، چونکە خزمان هاوڕەحمی یەکترین.. بە پەیوەندی خزمایەتییەکە دەوترێت: (صِلَةُ الرَّحِم) کە کورد کردوێتی بە (سیلەی روحم) یان (سیلەی ڕەحم).. ئەم سیلەی ڕەحمەشە، کە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )تەئکیدی لێدەکەنەوە، وەکو: (وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ..) البقرة/٢٧.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرمووێ: (قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: أَنَا اللَّهُ، وَأَنَا الرَّحْمَنُ، خَلَقْتُ الرَّحِمَ وَشَقَقْتُ لَهَا مِنِ اسْمِي، فَمَنْ وَصَلَهَا وَصَلْتُهُ، وَمَنْ قَطَعَهَا بَتَتُّهُ)[1].

واتە: کاتێك خوای گەورە ڕەحمی دروستکرد، پێی فەرموو: من ڕەحمانم، ڕەحم (پزدان)م لە ناوی خۆم جودا کردۆتەوە. هەر کەسێك سیلەی ڕەحمی بە هێزکرد، پەیوەندیم لەگەڵییدا بەهێز دەکەم، هەر کەسێك شیرازەی سیلەی ڕەحمی (خزمایەتی) پساند، پەیوەندیمی لەگەڵدا دەپسێنم.

---

(١) مفردات الفاظ القران/توێژینەوەی صفوان عدنان داودی/ دار القلم/ دمشق چاپی ٣ (١٤٢٣/٢٠٠٠ ل٣٤٧).
فەرموودەکە سەیدنا (عبدالرحمان کوڕی عەوف) گێڕاوێتیەوە. ترمزیی (٣١٥/٤ ژ١٩٠٧) هێناوێتیەوە و دەفەرمووێ: سەحیحە (تحفة الاحوذي ١٠/٨) هەروەها حاکم (١٥٧/٤) دەفەرمووێ: سەحیحە و ئیمامی زەهەبیش لایەنگیری بووە، ئیمامی ئەحمەدیش (١٩١/١ ژ ١٦٥٩) و ئەبوداودیش ژمارە (١٦٩٤) ریوایەتیان کردووە.
بڕوانە شرح السنة/ البغوی (١٧٩/١-١٨٠). شێخی ئەلبانی بە ڕەحمەت بێت لە (السلسلةالصحيحة: ٢/ ٤٩ ژ ٥٢٠ )دا دەفەرمووێ: سەحیحە.

(الرحْمن) ناوی خوای پەروەردگارەو ناشێت لە کەس بنرێت، ئەوە هەڵەیەو گوناحە کە بە خەڵکێك دەوترێت: (ڕەحمان)! چونکە ئەسڵی ناوەکەی (عبدالرحمن)ە، کە لە زۆر شوێن دەوترێت (ئەوڕەحمان).. پێم وا نیە ئەمیان گوناح بێت، هەر چەندە هەروەکو ئەسڵەکە چاك ناشێت. چونکە (الرحمن) واتە: خاوەن تەواوی بەزەیی..

ئەمەش نابێتە سیفەتی مەخلوق، چونکە هەر ڕەحمەتی خوایە، کە وجودی هێناوەتە بوونەوە.. (الرحمن) لەسەر کێشی (فعلان)ە، واتە: پڕ لە فیعلەکەی، وەکو: (عطشان)، کە زۆر تینووە، ئەمما تینووی ئاسایی (عاطِش). هەروەها (جوعان/ جائع)، (غضبان/غاضب).. بەڵام (الرحیم)، کە هەر بەزەیی هاتنەوەیە، بۆ مرۆڤیش دەشێت، چونکە خوای گەورە وەسفی پێغەمبەری خوای بە (رَؤُوفٌ رَّحِيم) کردووە: (لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ) التوبة/١٢٨.

- هەندێك دەفەرموون: (الرحمن) سیفەتی ڕەحمەتی خوای گەورەیە لە دنیاداو، (الرحیم)یش بۆ ڕۆژی دوایی.

- هەندێکی تر دەفەرموون: (الرحمن) ڕەحمەتێتی بۆ هەموو کەس و، (الرحیم) بۆ موسوڵمانانە، کە لە قیامەتتدا هەر دووکیان بۆ موسوڵمانان دەبن، چونکە خوای گەورە لە وەسفی ڕەحمەتەکەی خۆیدا دەفەرمووێ: (وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ ...) الاعراف/١٥٦، ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت: کە لە دنیادا بۆ هەموو کەسێکە: موسوڵمان و کافر، بەڵام لە قیامەتتدا تایبەت دەبێت بە ئیماندارانەوە.

٢- کە دەفەرمووێ (هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ) واتە: خاوەن بەزەیی تەواو، ئەوە هەر خوای گەورەیە، کە ڕەحمەتەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بەزەیی و ڕەحمەتی مەخلوقاتی تر، هی ئەوە نین بە ڕەحمەتی خوای گەورە بەراوورد بکرێت، چونکە ڕەحمەتی خوای گەورە، هەموو شتێکی گرتۆتەوە: (وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ ..) الأعراف/١٥٦.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (جَعَلَ اللَّهُ الرَّحْمَةَ مِائَةَ جُزْءٍ فَأَمْسَكَ عِنْدَهُ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ جُزْءًا وَأَنْزَلَ فِي الْأَرْضِ جُزْءًا وَاحِدًا فَمِنْ ذَلِكَ الْجُزْءِ يَتَرَاحَمُ الْخَلْقُ حَتَّى تَرْفَعَ الْفَرَسُ حَافِرَهَا عَنْ وَلَدِهَا خَشْيَةَ أَنْ تُصِيبَهُ)[(١)].

واتە: خوای گەورە ڕەحمەتی کردووە بە سەد بەشەوە، نەوەدو نۆ بەشی لای خۆی هێشتۆتەوەو، یەك بەشی ناردۆتە سەر زەوی.

لەو بەشەوە مەخلوقاتی (سەر زەمین) لە ناو خۆیدا بە بەزەییانە ڕەفتار دەکەن، تەنانەت ئێستر سمی (پێـی) بەرز دەکاتەوە، نەبادا بەر شوێنێکی بەچکەکەی بکەوێت..

ئەمە لە جیهانی گیانلەبەراندا زۆرەو، لەم سەردەمەی ئێمەدا فلیمـی زۆر حاڵەتی بەزەیی هاتنەوەی ئاژەڵان گیراوەو، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەتوانیت زۆر ببینیت.

٣- لە دوای سیفەتی (عالم)ێتی، خوای گەورە باسی (ڕەحمەت)ەکەی کردووە.. چونکە زانیـنی حاڵەتی هەموو مەخلوقات، چاودێریی و سەرپەرشتیارێتیان دەخوازێت.

حەتمەن حاڵەتیشیان ڕەحمەت و بەزەیی دەخوازێت. چونکە هەموو مەخلوقات موحتاجی ڕەحمەتی خوای گەورەن.. بۆیە لە قورئانی پیرۆزیشدا زیاتر لە (٣٠٠ سێ سەد) جار، باس لە ڕەحمەتی خوای گەورە هاتووە، کە زیاترین ڕێژەی، باسی سیفەتەکانێتی.

---

(١) عن أبى هريرة، أخرجه البخاري (٦٠٠٠) واللفظ له، ومسلم (٢٧٥٢) صحيح الجامع (٣٠٩٥).

**ئایەتی بیست و سێیەم:**

(هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾).

- (هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ) دووبارە کردنەوەیە بۆ تەئکید کردنەوە لە تەوحید. لە پەروەردگارێتیی و پەرستراوێتیی و حاکمێتیی خوای گەورە، چونکە باسی سیفاتی تری باڵای خوای گەورە دەکات.

- (ٱلْمَلِكُ) حاکم و دەسەڵاتداری باڵای خەڵکییە، کە خاوەن و فەرمانڕەوایانە. لە ڕاستییدا ئەم سیفەتە، هەر شیاوی خوای گەورەیە، چونکە هەم (مالك)ـە. واتە: خاوەنە و مافی ڕەفتارکردنی بە موڵکەکانیەوە هەیە، هەم (ملك)ـە واتە: دەسەڵاتداری حوکمڕانی ڕەهای هەیە، چونکە ئەو چاودێرو ئاودێریی خەڵکییەو ئیدارەیان دەدات و، ئاگای لە هەموو پێداویستیەکیانە.. ئەمما کە بە هەندێك دەسەڵاتدار دەوترێت: مەلیك (پاشا) ئەوە بەراووردە لەگەڵ خەڵکییدا، نەك بەراوورد بێت لەگەڵ مەلیکێتیی خوای گەورەدا.

هاتنی سیفەتی (مَلِك) لە دوای (الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ) بێخەمی عەبد ڕوون دەکاتەوە، کە بێخەم بن.

خوای کردگارو خاوەنتان، کە ئیدارەی هەموو ژیانتانی لە دەستدایەو ژیان و مردن و ڕۆزیی و سەلامەتی و هەموو پێداویستیەکانی ترتانی ئاگا لێیەو، بەو بەزەیی و ڕەحمەتە بێ وێنەیەوە، کارگێڕیی مەخلوقاتی دەکات..

کەوا بوو: هەقە تەنها ئەو بپەرستن، هەروەکو، کە دەفەرمووێ: (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾) الناس/١-٣، ئەمە پەناگرتنە بە خوای پەروەردگاری خەڵکی، کە خەلقی کردوون و کاروباریانی بە دەستەوە

حوکمیان دەکات، ئێ خواشیانە، کە دەبێت بیپەرستن. خوای گەورە خاوەنی هەموو ئاسمانەکان و زەوییە: (لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ ) الاعراف/١٥٨، ئەویش حوکم دەکات و کەس بۆی نییە حوکمەکەی ئیلغا بکاتەوە، یان بە کەم کردنەوەو بۆ زیادکردن بیگۆڕێت، یان بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە قسەی لەسەر بکات: (وَٱللَّهُ يَحۡكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكۡمِهِۦ ) الرعد/٤١.

-(ٱلۡقُدُّوسُ ) کە لەسەر کێشی (فَعُّول)ـە لە عەرەبیدا کەمە، زۆریش کەمە وەکو: (القُدُّوسُ) (السُّبُّوح)، هەندێك زمانەوان وەکو: (سەعلەبی) زمانەوان دەفەرمووێ: هەر ئەم دوو وشەیە هەیەو بەس! هەندێکی تر دەفەرموون: (الذُّرُّوح)یشی هەیە، کە جۆرە مێشێکی سوورە وەکو: زەردەواڵە (ژەنگەسۆرە) یە، کە پزیشکەکان پێی دەڵێن: (ذباب الهند)... ئەمما غەیری ئەمانە لەسەر کێشی (فَعُّول)ن وەکو: [تَنّور، عَبُّود، سَفُّود و شَبُّوط (کە جۆرێکی ماسیە)].

ئێمەی ئەهلی دەڵێین: (القدوس) بۆ خوای گەورە بۆ فەرمایشتەکەیەتی، کە قورئانە، دەڵێین پیرۆز واتە: (مبارك) لە عەرەبیشدا دەوترێت: (القران الكريم، القران الحكيم، والقران المجيد)، کە لە قورئاندا وا هاتوون.

ناڵێین (مقدَّس)! ئەهلی دینەکانی تر بۆ خوای خۆیان و کتێب و نوێژو مەراسیمەکانیان دەیڵێن، وەکو: (کتاب مقدس، القُدَّاس، القديس، قداسة البابا...)، چونکە (القدوس): پاکیی و پیرۆزیی خۆییە، بەڵام (مقدَّس) خۆیی نیەو پیرۆز کراوە!!

خوای گەورە، کە (قدّوس)ە پێویستی بە مەخلوقات نییە، پاك و پیرۆزیی بکەن، چونکە خۆی پاك و پیرۆزە، بەڵام داوایان لێکراوە بە پاك و پیرۆزیی ڕایگرن و، نیەتیان بە پاك و پیرۆزیی لە دڵ دەروون و لە خواپەرستیی و لە مەبەست لە ڕەفتاریاندا بپارێزن.

بۆیە فریشتەکان بە خوای گەورەیان فەرموو: کە دەتەوێت مرۆڤ دروست بکەیت، لە کاتێکدا، کە ئێمە پاکی و بێ خەوشی و پیرۆزیتمان پاراستووە؟!

(أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ) البقرة/٣٠.

- دوای ئەوەی باسی موڵك و حاكمێتی خۆیی كرد، باسی سیفەتی (قدوس) دەكات،تا زیهن بۆ دەسەڵاتدارێتی سیفاتی پاشاو دەسەڵاتدارانی سەر زەمین نەچێت، كە پڕە لە هەڕاڵـیی و مەغروور بوون و شانازیی و لوتبەرزیی، جگە لە دەستدرێژیی و ستەم و ناڕەوایی و خۆسەپاندن بە ناهەق.. كە پڕن لە نوقسانی و كەمیی.. بۆیە دوای تەوحیدەكە و، باسی دەسەڵاتدارێتیی و فەرمانڕەواییەكەی، (قدوس) هات، تا موسوڵمانان لە هەموو سیفەت و ڕەفتارێكی نالایق و نەشیاو ناشایستە، بە دووری بگرن.

- (ٱلسَّلَٰمُ ) چاوگی سەلامەت و سەلامەتی خوازییە، واتە: موسالیم بوون: نەخواستنی خراپە، كە سیفەتە، بۆ تەواوێتـی سیفەتەكە، وا بە شێوازی چاوگ هاتووە، كە بە هەموو ئیعتیبارێك و لە هەموو لایەنێكەوە ئاشتی و سەلامەتی مەخلوقاتەكانی دەوێت، چونكە خۆی سەلامەتەو نوقسان و موحتاج نییە، لە هەمان كاتیشدا عەبدەكان دڵنیا دەكاتەوە، كە ستەمی لێناوەشێتەوە..

بەم مانایەشە كە لە فەرموودەدا هاتووە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دوای سەلامدانەوەی نوێژ، یەكسەر دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلامُ وَ مِنْكَ السَّلامُ، تَبَارَكْتَ يَا ذَا الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ)[1].

واتە: خوای گەورە، خۆت موسالیم و سەلامەتی خوازو ئاشتی ویستیت، پاك و پیـرۆزی بۆ تۆ، ئەی خاوەن مەزنیی و ڕێزو حورمەت.

دوای ئەوەی وەسفی خۆی كرد، كە پاك و پیـرۆزەو دەسەڵاتی ڕەهایە، واتە: نە ستەم دەكات و نە هەڕاڵ (مەغرور) دەبێت و نە بوغزنە، لە هەمان كاتیشدا موسالیمەو سەلامەتی عەبدەكانی خۆی دەوێت، ئەوەش وەسفێكی تری تەواوێتـی و بێ وێنەیی خوای تاك و پاكە، كە دادپەروەرەو ستەم ناكات.

(١) موسلیم (٥٩٤)، ئەبوداوود (١٥١٢)، نەسائی (١٣٣٨)، ترمزیی (٢٩٨) ئیبنوماجە (٩٢٤).

- (ٱلْمُؤْمِنُ ) ناوی بکەر (اسم فاعل)ی کرداری (امَن)یە، کە هەمزەکەی بۆ کردای (متعدی) یە، واتە: (مفعول بە) دەخوازێت، مەبەستەکە ئەوەیە: کە (ئەمان) دەداتە بەرامبەرانی.

- خوای گەورە بە زانایی و بەتوانایی و دانایی خۆی، کە مەخلوقاتی خەلق کردووە، ئەمانی - لە خۆی- بە هەموویان داوەو، بۆ هەر یەکەشیان ڕێسایەکی (وجود)ی بۆ پارێزگاریی کردنی خۆی داناوە، تا بتوانێت خۆ لە دژوارییەکان دوور بخاتەوە. هەروەکو، کە لە جیهانی گیانلەبەراندا دەبینین.

هەر جۆرەیان شێوازێکی تایبەتی بە خۆی بۆ پاراستنی خۆی هەیە، یەکێك بەقۆچ، یەکێك بە کەڵبە، ئەویان بە چنگ و چڕنووك، ئەویان بە بۆنی ناخۆش، ئەو بە خێرایی غاردان، ئەم بە خۆمات کردن و خۆ حەشاردان، ئەو بە گۆڕینی ڕەنگی پێستی، ئەویان بە فێڵ کردن، وە هەروەها..

بەڵام یەکتریش دەفەوتێنن، چونکە پارسەنگی ژیان (التوازن في الطبیعة) وا دەخوازێت، ئەم سیفەتەشی هاو ئاڕاستەی سیفەتەکانی تری: (خالق و مالك و عالم و رحمن و رحیم و قدوس و ملك و سلام)ـە، کە هەر یەکێکیان بێ سنووروو ڕادەو بڕەو تەواوە.

- (ٱلْمُهَيْمِنُ ) لە زاری قورەیشدا بە مانای (الرقیب)ـە، واتە: چاودێر، لە زاری عەرەبەکانی تردا بە مانای (الحافظ)ـە، واتە: پارێزەر.. ئەسڵی وشەکە وەکو کردار (هَیمنَ)یە، واتە: (کۆنتڕۆڵ کردن) و چاودێریی کردنی.

ئیمامی غەزالی (رحمەالله)، لە کتـێبی (المقصد الأسنی في شرح الأسماء الحسنی) دادەفەرمووێ: (الْمُهَيْمِنُ) کە سیفەتی خوای گەورەیە، واتە: چاودێرو سەرپەرشتیاری کاروبارو رزق و ڕۆزیی و ژیان و مردنی مەخلوقاتەکانی، کە ئاگای لە هەموویان دەبێت و دەیانپارێزێت.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زانیـنی بێ سنووروو دەسەڵاتی بێ سنووروو ئاگالێبوونی بێ سنووری خوای گەورە.. دوای ئەم سیفەتانە، کە هەموویان تەئکیدن لە سیفاتی

زاتـیی خوایی: لە تەواوێـتی زانین و ڕەحمەت و دادپەروەریی و پاکیی و بێ عەیبی و، چاودێریی و توانا ـ دێتە سەر سیفەتەکانی (عەزیز) و (موتەکەبیر)، ئینجا (خالق) و (بارئ) و (مصور).

- (ٱلۡعَزِيزُ) ئەو خاوەن دەسەڵاتەیە، کە زاڵەو نابەزێت.

- (ٱلۡجَبَّارُ ) ئەو دەسەڵاتدارەی، کە هەموو بەرامبەرانی دەخاتە ژێر دەستی خۆی و، ناچاریش دەبن ملی بۆ کەچ بکەن، چونکە ناتوانن لە دەسەڵاتی دەرچن، ناشتوانن لە سنووری خۆیان دەربچن، چ جای گۆڕینی سروشتی خۆیان وچوونە سەر سروشتی تر.

وەکو: باڵندە، کە هەر باڵندەیەو خشۆك هەر خشۆکە و دڕندە هەر دڕندەیە.. سیفەتی (جەببار) بۆ خوای گەورە کاملبوونی دەسەڵات و زانین و توانینە. بەڵام بۆ مرۆڤ دەبێتە سیفەتی بەدو نارەوایی، چونکە ناچارکردنی خەڵکیە لەسەر وەرگرتن و ڕاپەڕاندنی فەرمانی دەسەڵاتدارەکە، کە دەشێت هەمووی دەستدرێژیی و ستەم و ناهەقیی بێت.

لەم وەسفە بوو، کە کابرای بەنوئیسرائیلی بە سەیدنا موسای (علیه السلام) وت: (إِن تُرِيدُ إِلَّآ أَن تَكُونَ جَبَّارًا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِينَ ) القصص/١٩، کە دیارە (جبار) لێرەدا، پێچەوانەی (مُصلح)ـە، کە چاکسازو خێرەو مەندو پیاوچاکە.

- (ٱلۡمُتَكَبِّرُ ) واتە: خاوەن مەزنێـتیی و سام و هەیبەت: خاوەن ویقارو پارسەنگیی.

ئەمیش بۆ مرۆڤ دەبێتە سیفەتی ناپەسەندو بەد، چونکە هەموو مرۆڤێك وەکو هەر مرۆڤێکی ترەو، ناشێت (مُتکبِّر) بێت بەسەر خەڵکی تردا.

واتە: خاوەن ڕەفتاری لوتبەرزیی و فیـزو خۆبادان، ئەمە دەبێتە خۆ بەزلزانین و خەڵکی بە گچکەدانان!! ئەوەش سنوور بەزاندنی عەبدە. بۆیە خوای گەورە رقی پـێی هەڵدەستێت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرموویەتی: (لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ)[١].

واتە: هەر کەسێك تۆزقاڵێك لوتبەرزیی وخۆبەلزانینی تێدابێت، ناچێتە بەهەشتەوە.

عەبدی موسوڵمان، کە خوای گەورە بەم سیفەتانەیەوە دەناسێت، هەست دەکات لە ئەماندایە، لە ژێر چاودێریی و ئاودێریی خوای کردگارو بە بەزەیی و زاناو داناو بەتوانادایە.

خوای دەسەڵاتدارو مەزن و دادپەروەر، کە نە ستەمی لێدەوشێتەوە، نە دەست درێژیی.. خوایەکە کە هەڵسوڕێنەری هەموو (وجود)ەو کارامەو شیاوی ئیدارەدانی هەموو مەخلوقاتێتی.

خوایەك ئەمە سیفەتەکانی بێت و، هەر سیفەتێکیشی بێ وێنەو کامڵ بێت، شایانی پەرستنە، شایانی دەربڕینی عەبدایەتی تەواوە بۆی.. موسوڵمانی خواناس بە عەبدایەتیکردنی بۆ خوا، ئارام و هێمن دەبێت، دلێرو جوامێر دەبێت، لە دوژمنانی خوا بێباك دەبێت، لە قەدەری خوا دڵنیایە، بۆیە هەردەم خۆڕاگرو ئازا دەبێت!

بڕوانە ڕیزبەندیی سیفەتەکانی: (الْمُهَيْمِنُ، الْعَزِيزُ، الْجَبَّارُ، الْمُتَكَبِّرُ) کە لە دوای (الرَّحْمَن، الرَّحِيمُ، الْمَلِكُ،الْقُدُّوسُ،السَّلامُ، الْمُؤْمِنُ) هاتوون.. دیسان بڕوانە سیفەتی (الْمُهَيْمِن)، کە چاودێری بە توانایە، چۆن لە دوای شەش سیفەتی وا هاتوون کە عەبد بێخەم دەکەن: (الرَّحْمَن، الرَّحِيمُ، الْمَلِكُ،الْقُدُّوسُ،السَّلامُ، الْمُؤْمِنُ) ئەم سیفەتانە عەبد دڵنیا دەکەن و، تامەزرۆی خواناسیی و خواپەرستیی و هۆگری دینداریی زیاتر دەکەن.

سیفەتەکانی دواتریش، هەستی چاودێریی و دەسەڵات و توانای خوای گەورەی لە ناخدا دەچەسپێنن، تا هۆشی لە سزای خوایی نەبڕێت و، هەر بڵێ: (خوا غەفورو ڕەحیمە)!

---

(١) موسلیم (٩١)، ترمزیی (١٩٩٩)، ئەبوداوود (٤٠٩١)، ئیبنوماجە (٥٩).

دواتر شەش سیفەتی تر لە دوای (الْمُهَيْمِنُ) دێت، کە: (الْعَزِيزُ، الْجَبَّارُ، الْمُتَكَبِّـرُ، الْخَالِقُ، الْبَارِئُ، الْمُصَوِّرُ)ن.

- (سُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ) پاك و بێ خەوشییە بۆ خوای گەورە بێت لەوەی کە هاوبەشی بۆ دادەنێن! هاوبەش لە سیفاتییدا!! هاوبەش لە پەرستنییدا! هاوبەش لە دەسەڵات و حاکمێتیدا..

خەڵکێکی گێل و نەفام، دەکەونە شیرکی پەروەردگارێتییەوە، بەوەی، کە مەخلوقێك دەکەنە هاوبەشی خوای گەورە! جا لە خەلقکردندا بێت، یان لە خاوەنێتیی و ڕۆزیداندا، یان لە ژیاندن و مراندندا.. یان لە هەرسیفەتێکی تری هەڵسوڕاندنی گەردوون ژیاندا.

لەوانیش گێلتـرو نەفامتر ئەو کەسەیە: کە هاوبەش بۆ خوای گەورە دادەنێت لە پەرستنەکانییدا! ئا کێ و چی شایانی پەرستنە کە نە کردگارەو نە ڕۆزیدەرە؟

نە ژێنەرەو نەمرێنەرە؟ چۆن دەپەرسترێت، کە هیچ سیفەتێکی لە سیفەتی خوای گەورە ناچێت؟!

لەم دووپۆلە موشریکە گێـلترو نەفامترو ستەمم کارتر ئەوانەن، کە تاغوتان دەکەنە هاوبەشی خوای گەورە لە یاساو ڕێسادانان و حاکمێتی و داوەرییدا، کە حوکمی خەڵکی بە یاساو ڕێسای شیرك و کوفرو جاهیلییەت دەکەن..

ئەگەر دوو پۆلە موشریکەکەی (پەروەردگارێتیی/الربوبیة) و (پەرستن/ الالوهیة) بە چەواشەکاریی و فریودان خەڵکی پێ دەخەنە شیرکەوە، بۆ موشریکێتی تاغوتەکە بە زۆرو زێرو چەواشەکاریی، بەکوشتن و بڕین و سزاو ئەشکەنجە، بە ڕاوەدوونان و مەحرومکردن، خەڵکی دەخەنە شیرکی حاکمێتیەوەو یاساو ڕێساو دەستووری کوفرینی خۆیانیان بەسەردا دەچەسپێنن! (سُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ).

## ئایەتی بیست و چوارەم:

﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٢٤ ﴾

واتە: ئەوە خوای گەورەیە، کە کردگارەو هەموویانی خەلق کردووە، لە نەبووەوە ئیجادی کردوون، پاشان هەر یەکێکیانی بۆ کات و شوێن و کەشی شیاوی خۆی، بەسیفەتی شایستە سازاندووەو، سیماو سیفەتی شیاوێتی پێداوە، تا ئەو ماوەیەی بۆی دیاریکردووە لەو شوێنەداو بەو چۆنیەتیە بژی..

خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە.. هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن، تەسبیحاتی ئەو دەکەن.. یادو زیکری ئەو دەکەن.. بەڕاستی هەر خوای گەورەیە کە دەسەڵاتداری زاڵەو دانایەو، هەموو ڕەفتارێك لە کات و شوێنی خۆیداو، بە چۆنییەتی شیاو شایستە ئەنجام دەدات.

- ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ﴾ ئەوە هەر خوای گەورە یە، کە کردگارە، کە خوڵقێنەری وجودە.

- ﴿ٱللَّهُ﴾: زانا سیبەوەی (رحمەاللە) دەفەرمووێ: ئەسڵی ئەم وشەیە (الـ الاه) و پاشان بووە بە (الاللە: ئەلئەلاهـ) و، پاشان تا لە سەر زمان ئاسان بێت، بووە بە لەفزی جەلالە (اللە).

- ﴿ٱلۡخَٰلِقُ﴾ خولقێنەرە لە نەبووەوە، ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤە، ئەم کات و شوێنە، ئەم برِو رادەو ئەم شتانەی تری وجود، کە خوای گەورە لە هیچەوە هێناونێتییە (وجود).. هەر شتێکی ئەم وجودە، بەڵگەیە لەسەر (خالق)ـێتی خوای گەورە، وەکو شاعیر دەڵێ:

| | |
|---|---|
| فيَا عَجَبَا كيفَ يَعصِي الإلهَ | أمْ كيفَ يجحدهُ الجاحِدُ |
| ولله فِـــي كـلِّ تحريكَـةٍ | وفي كـلّ تَسكينَة، شاهِـدُ |
| وفي كـلِّ شــــيءٍ لَـهُ آيـةٌ | تَـدُلّ على أنّـهُ الواحِـدُ |

بە دڵنیایەوە لە هەر شتێکدا چەندەها بەڵگەی تێدایە، کە ئەوە دەسەلمێنێت: کە خوای کردگار تاك و بێ وێنەیە، چونکە کەس نەیتوانیووە تەنانەت سێڵێك دروست بکات!

هەرچی ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگای فەلسەفەو سەرنجدان و زانستەوە پێیگەیشتووە دۆزینەوەو کەشف کردنی هەبووەکانە، نەك ئیجاد کردنی شتێك لە نەبووەوە.

هەرچی پیشەسازیەکیش کە کردوییەتی، هەر (صنع وترکیب)ــە، واتە: هەر سازکردن و پێکهێنانە، نەك خەلقکردنی.

خۆ مرۆڤ یاسای پاڵەپەستۆی ئاوی دروست نەکردووە، (ئەرشیمیدس) کەشفی کرد، خەلق نەکرد.. خۆ ئاسن، کە بەشێکە لە زیاتر لە (٦٠٪)ی پیشەسازییەکانی مرۆڤ، خۆ مرۆڤ ئاسنەکەی خەلق نەکردووە، ئاسن لە ئاسمانەوە دابەزیووە: (وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَـٰفِعُ لِلنَّاسِ..) الحدید/٢٥، (٩٪)ی ئاسنی سەرزەمین وا لە توێژاڵی زەمیندا، باقیەکەی تری (٩٠٪)ی وا لە چەقی زەویدا، کە بۆتە مایەی قورسکردنی چەقی زەوی![1]

خوای گەورە کە کافرەکان دێنێتە حاڵەتی سەرنجدانەوە، دەپرسێ: ( أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَـٰلِقُونَ ) الطور/٣٥.. ئایا هەر لە نەبووە خەلق بوون، یان خۆیان خالقن؟!

هەر وەڵامێك بدەنەوە، ئیعتیرافە بەخالقێتی خوای گەورە، چونکە ناتوانن بڵێن: ئێمە (خالق)ین، ناشتوانن بڵێن: لە غەیری شتەوە ئیجاد بووین! چونکە دەوترێت: ئایا غەیری شت هەیە؟!

ئەگەر هەیە لە چییەوەو چۆن خەلق بووە؟!

---

(١) ئەم باسە موعجیزەی زۆری تێدایە، لە باسێکی سەربەخودا لە دیدی مەلەکوتی بە کورتی باسی ئاسنم کردووە (والحمدلله).

- مەسەلەی خەلق، لەو مەسەلە سەرسوڕهێنەرانەیە، کە بە درێژایی مێژوو - تا ئێستاش- خەڵکی سەرسام کردووە! لە قورئانیشدا زیاتر لە دووسەد جار ئاماژەی پێکراوەو، باس لە هەندێ مەخلوقات کراوە، کە بەڵگەو نیشانەی تواناو زانایی خوای گەورەن، بەڵام خەڵکی باوەڕ ناهێنن و یاخی دەبن! ( نَحْنُ خَلَقْنَاكُمْ فَلَوْلَا تُصَدِّقُونَ ) الواقعة/٥٧.

- (ٱلْبَارِئُ) جوێکاری مەخلوقات و پۆلێنکاریان، کە هەر پۆلەو سازاوی کات و شوێن و کەشێکە، هەر مەخلوقەو شێوەو چۆنیەتی خەلق و ڕەفتارو بزاوت و سرەوتی شیاویی خۆی هەیە..

ئەم مانایە لە مانای خەلقکردن جودایە، خەلقکردن لە (عەدەم)ـەوەیەو ئەم (باری) یّتیە، تەفسیلاتی پۆلێنکردن و هەڵاوێردن و سازاندنیانە.

کاك (ناصری سوبحانی) بە ڕەحمەت بێت دەیفەرموو: وەکو نموونەی قوماش بڕین و دورینە بۆ پۆشاك. سەرەتا ماددەکە لەبەر دەستدا دەبێت: واتە: قوماش و دەرزی و دەزوو. دوای ئەمە کات و شوێن و چۆنیەتی قیاساتەکان دێن، پێوانی بەدەن و قۆڵ و باڵ و لینگ و یەخەو پزوو گیرفان و... هتد، ئینجا دوورینەکە دێت، کە دیمەنەکەی پێ تەواو دەبێت.

ئەمەشە شەرحی ئەم سێ سیفەتی: (خالق و باریء و مصور)ە. نابینیت چۆن دەفەرمووێ (سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ۝١ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ۝٣..) الاعلى/١-٣، پێم وایە: ئەوە بۆچوونێکی ڕاستە و ڕاست پێکاوێتی (والله اعلم)، چونکە (خەلق) جودایە لە (تەسویە)، هەردووکیان پێش (تەقدیر)ن و (هیدایەت) دانیش لە دوای هەموویان دێت!

- (ٱلْمُصَوِّرُ) خوڵقێنەری وێنەی هەر یەك لە مەخلوقات و نەخشەڕێژی هەر یەکێکیانە، وەکو کە دەبینـرێن.. بڕوانە جیاوازی نێوان مەخلوقات.. گیانلەبەرو بێگیان، پاشان بڕوانە پۆلێنکردنی هەر یەکێکیان..

بڕوانە پۆلەکانی گیانلەبەران، ئینجا بڕوانە گیانلەبەرانی دەریاو وشکانیی و ئاسمان (باڵندەو فڕیو)، ئینجا بڕوانە جۆری دەریاییەکان!

بڕوانە مرۆڤ.. جۆری مرۆڤەکان و جیاوازییان: لە ڕووی مرۆڤناسیی (ئینترۆپۆلۆجی)یەوە.. لە سەدەی ڕابوردوودا زانست کەشفی کرد، کە هێڵەکانی سەرپەنجەی شایەتمانی هیچ کەسێك، لە هی کەسێکی تر ناچێت! ئیتر ئەمە بەکارهات بۆ کەشف کردنی تاوانباران.. خەڵك سەری لەمە سوڕمابوو، کە (دی ئێن ئەی - DNA)ی مرۆڤ کەشف بوو، کە فەحس و شیکاریی تف و تۆو موو و سێڵی مرۆڤ دەیسەلمێنێت، کە (دی ئێن ئەی)، هەر هەموو خەڵکی لێك جودایەو تەنانەت گەڕاونەتەوە سەر ئەسڵی دی ئێن ئەی مرۆڤ، کە تا ساڵی (٢٠١٢) گەیشتبوونە ئەوەی، کە مرۆڤایەتی لە هەشت کەسەوەدا کەوتووە!

دەشێت بگەنە ئەوەی، کە ئەو هەشتەش لە یەکێکەوە هاتووە، کە سەیدنا (ئادەم)ە (علیەالسلام)، بەمەش ئەوەندەی تر (داروین) بە درۆ دەخرێتەوە، کە دەڵێ: ئەسڵی مرۆڤ مەیموونی جۆری (شەمپانزی)یە![(١)]

دەبینیت هاتنی ئەم سێ سیفەتەی خوای گەورە: (ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ) دیدو تێڕوانین و پێناسەی تەواوی خەلقکردنەکە نیشان دەدەن، کە بەڵگەی مەزنێتی خوای گەورەیە.. ئاماژە بەم ڕیزبەندییەی خەلقەکەیە، کە دەفەرمووێ: (ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ۝٧ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ۝٨) الانفطار/٧-٨، هەروەها (هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ) آل عمران/٦.

---

(١) لە دوای تسۆتامی (زریانی دەریایی و شەپۆل سەختی ژێر ئاو)، کە بەر باشوری ئاسیا کەوت و بە هەزاران کەس تێیدا مردن، هەر وڵاتەو مردووەکانی خۆی بە (دی ئێن ئەی)یاندا دەناسییەوە.

وڵاتی سوید لە ناو مردووەکاندا لاشەی (١٦ شازدە) سویدی مردووی خۆیی دۆزییەوەو بردنیەوە.. بەڵام سەیر ئەوەبوو، کە هەموویانی بەهۆی ئیشاعەی دانیانەوە ناسیەوە، چونکە زانست دەڵێ: تاقمە ددانی کەس لە تاقمەددانی کەسی تر ناچێت!!

له ڕوانگەی ئەم سیفەتانەوە، بگەڕێرەوە سەر ناوەڕۆکی سوڕەتەکەو باسی (بەنونەزیر)و دەستکەوت و هەژاران و ئاڕاستەی یاوەران و چۆنیەتی بزاوت و هەڵوێستیان، جا دەبینیت، کە ئەم سیفەتانەی خوای گەورە چەند پڕاوپڕی ئەوحاڵەتانەن!.

- (لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ).

- هاتنی (لَهُ) لە پێش (ٱلۡأَسۡمَآءُ) تایبەتمەندێتی ئەم ناوە جوانانەیە، کە تایبەتن بە خوای گەورەوە، کەس لەو ناوو سیفەتانەی لە حەقیقەتدا نیە.. چونکە ئیعرابی (لَهُ) ئەمەیە: (جارو مجرور في محل رفع خبر مقدم) (ٱلۡأَسۡمَآءُ) مبتدا مؤخر مرفوع). واتە: ئەو ناوانە، تەنها هی ئەوەو بۆ ئەوە.

-(ٱلۡحُسۡنَىٰۚ) مێینەی (حُسن)ە، واتە: جوان و چاك و لەبەرگوێ و دڵ پەسەند. هەروەها لەبەر ئەوەی باس و وەسفی تەوحیدی خوای گەورەن، وەسفی سیفەتەکانین.. هاتنی ئەم شێوازە: (لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ) لە دوای هاتنی چوار ناوی جوانی خوای گەورە، بەڵگەیە لەسەر هەبوونی ناوی زیاتر، لە هەر دوو سەحیحی: (بوخاریی و موسلیم)دا هاتووە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرموویەتی: (لِلَّهِ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ اسْمًا، مِائَةٌ إِلَّا وَاحِدَةً، مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ، إِنَّهُ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ)[1].

واتە: خوای گەورە نەوەدونۆ ناوی هەیە، یەکدانە کەمتر لە سەد، هەر کەسێك بیانژمێرێت (بیانزانێت و ڕەفتاریان پێوەبکات) دەچێتە بەهەشتەوە، خوای گەورە تاکە وتاکیشی پێخۆشە.

- ئیبنومەسعود خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرمووی: (مَا أَصَابَ أَحَدًا قَطُّ هَمٌّ وَلَا حَزَنٌ فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ ابْنُ عَبْدِكَ ابْنُ أَمَتِكَ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ،

---

(١) بوخاریي (٢٧٣٦)، موسلیم (٢٦٧٧).

أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي، وَجِلاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَـمِّي. إلا أَذْهَبَ اللَّهُ هَمَّهُ وَحُزْنَهُ وَأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَحًا)[١].

واتە: هەر کەسێك کە دەکەوێتە خەم و پەژارەیەکەوەو ڕوو لە خوا دەکات و دەڵێ: خوایە من عەبدی تۆم، کوڕی ئەو ژنەم، کە عەبدی خۆتە، دایك و باوکم عەبدی تۆن، ناوچەوانم بە دەستتە، حوکمت بەسەرمدا دەڕوات، بڕیارت لەسەرم هەقەو دادپەروەرییە، داوات لێدەکەم، توو ئەو ناوانەی هەتن، هەر ناوێکت، کە تایبەتن، کە خۆت پێناوناوە، یان لە کتێبەکەتدا ناردۆتە خوارەوە، یان کەسێکت لە مەخلوقاتەکانت فێرکردووە، یان ناوانێکن، کە لای خۆت گلت داونەتەوەو (هێشتوونەتتەوەو بە کەست نەفەرمووە، ویستوتە هەر لای خۆت لەغەیبدا بمێننەوە).

خوایە توو ئەو ناوانەی خۆت، قورئانی پیـرۆز بکە بە بەهاری دڵم، بە نووری سینەم و بە ڕامالّەری خەم و خەفەتم..

هەر کەسێك ئەم دوعایە بکات، حەتمەن خوای گەورە خەم و خەفەتەکەی دەڕەوێنێتەوە و لە شوێنی خەفەتەکەیەوە بەخۆشی بۆی دەگۆڕێ.

ئیمامی ئیبنوکەثیر چەندین ڕیوایەتی لەسەر ناوە جوانەکان هێناوەتەوە، ئەمە یەکێکیانە، کە ئیمامی ترمذي ڕیوایەتی کردووە: (هُوَ اللَّهُ الَّذِي لا إِلهَ إِلّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ المَلِكُ القُدُّوسُ السَّلَامُ المُؤْمِنُ المُهَيْمِنُ العَزِيزُ الجَبَّارُ المُتَكَبِّـرُ الخَالِقُ البَارِىءُ المُصَوِّرُ الغَفَّارُ القَهَّارُ الوَهَّابُ الرَّزَّاقُ الفَتَّاحُ العَلِيمُ القَابِضُ البَاسِطُ الخَافِضُ الرَّافِعُ المُعِزُّ المُذِلُّ السَّمِيعُ البَصِيرُ الحَكَمُ العَدْلُ اللَّطِيفُ الخَبِيرُ الحَلِيمُ العَظِيمُ الغَفُورُ الشَّكُورُ العَلِـيُّ الكَبِيـرُ الحَفِيظُ المُقِيتُ الحَسِيبُ الجَلِيلُ الكَرِيمُ الرَّقِيبُ المُجِيبُ الوَاسِعُ الحَكِيمُ الوَدُودُ المَجِيدُ البَاعِثُ الشَّهِيدُ الحَقُّ الوَكِيلُ القَوِيُّ المَتِينُ الوَلِيُّ الحَمِيدُ المُحْصِي المُبْدِىءُ المُعِيدُ المُحْيِي

---

(١) ئەحمەد (٣٩١/١)، ئیبنوحیببان لە سەحیحەکەیدا (٢٥٤/٣ ژ ٩٧٢) ، حاکم لە (المستدرك ٦٩٠/١- ٧) بەیهیقی لە (الأسماء والصفات ١٢/١) شێخی ئەلبانی بە ڕەحمەت بێت لە (الصـحيحة ژ ١٩٩)دا هێناوێتیەوە..

الْمُمِيتُ الحَيُّ القَيُّومُ الوَاجِدُ المَاجِدُ الوَاحِدُ الصَّمَدُ القَادِرُ المُقْتَدِرُ المُقَدِّمُ المُؤَخِّرُ الأَوَّلُ الآخِرُ الظَّاهِرُ البَاطِنُ الوَالِي المُتَعَالِ البَرُّ التَّوَّابُ المُنْتَقِمُ العَفُوُّ الرَّءُوفُ مَالِكُ المُلْكِ ذُو الجَلَالِ وَالإِكْرَامِ المُقْسِطُ الجَامِعُ الغَنِيُّ المُغْنِيُّ المَانِعُ الضَّارُ النَّافِعُ النُّورُ الهَادِي البَدِيعُ البَاقِي الوَارِثُ الرَّشِيدُ الصَّبُورُ).[١]

- ئەوەش بزانین، کە ناوە جوانەکانی خوای گەورە، لە ژمارەیەکی دیاریکراوی وەکو نەوەدونۆدا گیـر نەدراون، تا هەر ئەوەندە بن.

نەخـێر، چونکە فەرموودەکەی لای ئیبنومەسعود (خوا لـێی ڕازی بێت) ڕۆشنە کە هەندێك ناو هەن، دەشێت خوای گەورە بە هەندێك عەبدی خۆی فەرموو بێت و، هەندێکی تری لای خۆی هێشتبێتەوە، کە ئەهلی ئیسلام نایزانن.

- ئەوەی لە موسوڵمان داواکراوە، هەر لەبەر کردن و ژماردنی ئەم ناوە جوانانە نییە، بۆیە ناشێت کەسێك وا بزانێت، کە مادام فەرموودەکە دەفەرمووێ: (مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ) واتە: هەر کەسێك بیژمێرێت، دەچێتە بەهەشتەوە.

مانای وا نییە، هەر ژماردنەکە بە تەنها بەهەشت مسۆگەر بکات، خۆ ژماردنی ئەم ناوە پیرۆزانەو لەبەر کردنیشی، چەند سەعاتێك زیاتریان ناوێت.. بۆیە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەفەرموون: مەبەست لە ژماردنی: شارەزابوونە لە ناوو واتاکانی، پاراستنیانە لە گۆڕین و لادان و پەکخستن و هەوڵدانە بەوەی لەو جۆرە سیفەتانە لە خۆیدا ڕەسەن بکاتەوەو خۆیان لەسەر ڕابهێنێت.

بۆ نموونە: کە خوای گەورە (حەلیم)ە، ئەمیش دەبێت خۆی لەسەر سینەفراوانی ڕابهێنێت. یان سیفەتەکانی ڕەحم و بەزەیی، یان ئارامگریی و بەخشین.. هەروەها هەستکردنی ئیمانیانە بە چاودێریی خوای گەورە، کە لە (حەسیب) و (ڕەقیب) دا دەردەکەوێت. هەروەها ئومێد بەستنەوەی بە سیفەت و ناوەکانی تەوواب و غەفورو و ڕەحیم.

---

(١) لە پاشکۆکەدا -کە دێت- باس لەم ناوانە کراوە.

هەروەها هیوابەستن بە هادی و رازق و.. ترسانیشی لە خوای خاوەن دەسەڵات، چونکە خوای گەورە: (جبارو قهار و قوی و قادر)ە.

- پاڕانەوەش پێیان وەکو دەفەرمووێ: (وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ...) الاعراف/١٨٠، ئەوە وەکو ئیمامی (قورتوبیی) دەفەرمووێ: پاڕانەوەو هانا بۆ بردنێتـی بەو ناوانەوە. وەکو بڵـێ خوای ڕەحمان و رەحیم! بەزەیت پێمدا بێتەوەو ڕەحمم پێ بکە.. خوای ڕەززاق، ڕزقم بدەیت، خوای هادیی، هیدایەتم بدەیت.. وە هەروەها.

- (يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ).

هەروەکو سەرەتای ئایەتەکە، کۆتاییەکەشی بە باسی تەسبیحاتی خوای گەورە هێناوە.. سەرەتا بە: (سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۖ...) کۆتاییەکەشی بە (يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ)، تا سەرەتاکە هەواڵدان بێت و، کۆتاییەکەش باسی بەردەوام بوونی تەسبیحاتی هەموو مەخلوقات بێت، کە لە ئاسمانەکان و زەویدان..

چونکە دوای باسەکانی سورەتەکەو، وەسفی خوای گەورە بەو چواردە ناوو سیفەتە جوان وپیـرۆزو باڵایانەی، ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەرچـی لە ئاسمانەکان و زەویدان ئاوا خوای گەورە دەناسن و تەسبیحاتی دەکەن.

ئیتـر بۆچی هەندێك مرۆڤ یاخی دەبن و لوتبەرزانە خۆ لە زیکری خوا گێل دەکەن.. کە پێچەوانەی ڕێساو نەزم و ئاڕاستەی هەموو مەخلوقات دەبنەوەو، واش دەزانن دیدو ڕێ و بزاوت و هەڵوێستیان ڕەوایە!!

## پاشکۆ

ناوەکانی خوای گەورە ئەو (٩٩) ناوە نین کە لە ناو خەڵکدا بڵاون

ئەو (٩٩ نەوەدونۆ) ناوە لە ناو خەڵکییدا بەناوبانگە، کە گوایە: هەموویان ناوی خوای گەورەن، لە راستییدا وا نییە.

ئەمانە لە ریوایەتێکی ئیمامی ترمذي (٣٥٠٧) دا هاتوون: کە هەر خۆی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێ: غەریبەو هەر لە یەك ڕێگاوە ریوایەت کراوە. فەرموودەوانانیش تێکڕا بە زەعیفیان ناساندووە.

لەم سەردەمەدا بەوە زیاتر بە ناو خەڵکییدا بڵابۆوە کە هەندێك هونەرمەندی میسریی وەکو: (سەید مەککاویی و نەقشبەندیی و ئیهاب تۆفیق) بە ئاوازەوە تۆماریان کرد. ئیتر لە هەموو ڕۆژانی رەمەزاناندا بڵاوتر دەبۆوە.

ئەسڵی کۆکردنەوەی ئەم ناوانە دەگەڕێتەوە بۆ فەرموودەوانێك، کە ناوی: (وەلیدی کوڕی موسلیم)ە، کە بە ئیجتیهادی خۆی، هەندێك ناوی ئیزافە کردۆتە سەر ئەو ناوانەی، کە لە قورئاندا هاتوون، یان بە ریوایەتی سەحیح سەلمێندراون.

لە کۆنەوە زانایانی توێژەرەوەی گەورەی وەکو: ئیمامی (ئیبنوحەجەرو ئیبنوتەیمییەو ئیبنوحەزم)، لەم سەردەمەشدا (سەنعانیی و ئەلبانی و بن عوثێمین) و هیتریش لەسەریان نوسیوون و، زۆرینەیانیان بە بێ بەڵگە ناساندوون.

زانایەکی میسریی، کە ناوی: (محمود عبدالرزاق الرضواني)یەو دکتۆرای لە عەقیدەدا هەیە، دیراسەیەکی وردەکارانەی زانستیانەی بۆ هەموو ناوەکان کردو، بە سەنەدی ریوایەتی هەر یەکەیاندا چووەوەو سەلماندی: کە (٢١ بیستویەك) ناویان هەر ناشێت لە خوا بنرێن! چونکە نە لە قورئاندا هاتوون و نە لە سوننەتدا.

زۆرینەی خەڵکی وا دەزانن ئەمانە ناوی خوای گەورەن، بەڵام وا نین، ئەگەرچی

سیفاتی خوای گەورەن، ئەو ناوانەش ئەمانەن: (الجليل، الباعث، المحصى، المبدئ، المعيد، الضار، النافع، المُغْنـِي، الخافض، المميت، الوالى، الباقى، الرشيد، الصبور).
هەشت ناوی تریشیان دەبێت بە تەنها ناو نەبرێن، بەڵکو ئیزافە بکرێن. وەکو: (البديع، النور، الهادى، ذوالجلال والإكرام).

کە بوترێت: (بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ) نەك هەر (بديع)، یان (جَامِعُ النَّاسِ) نەك هەر (جَامِعُ)، دکتۆر مەحمود رضوانی (٢٩ بیستونۆ) ناو لەمانەی لابردو، ناوی تری هێنانە شوێن، وەکو: (القريب، السَبُّوح، المُسعر، الرازق، القدير، المليك، الأحد).

ئیـتر خشتەی ئەم ناوانە بڵاوبوونەوە، بە تایبەتی، کە دکتۆر محمد راتب النابلسی (کە زانایەکی بەڕێزی سوریاییە) لە بەرنامەیەکی ڕەمەزانییدا لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (الرسالة) دا شەرحی کردنەوە. ئینجا دکتۆر (رضوان)ی لە ساڵی (٢٠٠٥) دا مۆڵەتی (ئەزهەر)ی بۆ بڵاوکردنەوەی خشتەی ناوەکان وەرگرت، چاپی کردو بڵاوی کردەوە.

دەبینیت ڕەنجدانەکەی دکتۆر مەحمودی میسرییش، هەر ئیجتیهادێکەو کردوێتی، کە زۆر هەڵەی پێ ڕاستکردەوە. خوا پاداشتی بداتەوە. ڕەنجەکەی لەوەدا بە نرخە، کە ئەو دیدو بۆچوونانەی ڕەتکردۆتەوە، کە دەڵێن: دەشێت ناو بۆ خوای گەورە لە سیفەتەکانیەوە داڕێژرێن.. وەکو ناوی (الأبى)، کە لە ئایەتی (وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ) التوبة/٢٣ وەرگیـراوە، یان ناوی (الأخذ)، کە لە ئایەتی (فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۗ ) ال عمران/١١ وەرگیـراوە، یان ناوی (الأمر)، کە لە ئایەتی (إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ ) النحل/٩٠ وەرگیـراوە، وە هەروەها..

منیش (کرێکار) باوەڕم وایە: کە ناوەکانی خوای گەورە تەوفیقین و، دەبێت بۆ هەر ناوێك بەڵگەی شەرعییان هەبێت.. کە نەبوو نابێت بە (استنباط) ناوی تر دابڕێژرێن (والله اعلم).

لە کۆتاییدا خوا خـێری بنوسێت، نەوەدونۆ ناوی بە بەڵگەوە ئاوا ڕیز کردووە:

أسماء الله الحسنى المطلقة الثابتة في القرآن والسُّنة (تسعة وتسعين اسماً)

١) الرحمن: ( تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ) فُصِّلت ٢.

٢) الرحيم: ( تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ) فُصِّلت ٢.

٣) الملك: (ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ) الحشر٢٣ .

٤) القدّوس: (ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ) الحشر ٢٣.

٥) السلام: (ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ) الحشر ٢٣.

٦) المؤمن:(ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ) الحشر ٢٣.

٧) المهيمن:(ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ) الحشر ٢٣.

٨) العزيز:(ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ) الحشر ٢٣.

٩) الجبار:(ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ ) الحشر ٢٣.

١٠) المتكبر:(ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ ) الحشر ٢٣.

١١) الخالق:( هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ ) الحشر ٢٤ .

١٢) البارئ:( هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ ) الحشر ٢٤.

١٣) المصور: ( هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ ) الحشر ٢٤ .

١٤) الأول: (هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ ) الحديد ٣.

١٥) الآخر: (هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ ) الحديد ٣.

١٦) الظاهر: (هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ ) الحديد ٣.

١٧) الباطن: ( هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ ) الحديد ٣ .

١٨) السميع: (وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ) الشورى ١١.

١٩) البصير: (وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ) الشورى ١١

٢٠) المولى: (فَنِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ) الحج ٧٨

٢١) النصير: (فَنِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ) الحج ٧٨

٢٢) العفو: (فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا ) النساء ١٤٩

٢٣) القدير: (فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا ) النساء ١٤٩

٢٤) اللطيف: (وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ) المُلك ١٤

٢٥) الخبير: (وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ) المُلك ١٤

٢٦) الوتر: (إنَّ اللهَ وِترٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ) رواه البخاري في صحيحه في كتاب دعوات، باب لله مائة اسم غير واحد ٢٣٥٤/٥ (٦٠٤٧)

٢٧) الجميل: (إنَّ اللهَ جَمِيلٌ) رواه مسلم في صحيحه في كتاب الإيمان، باب تحريم الكبر وبيانه ٩٣/١ (٩١)

٢٨) الحـيّ: (إنَّ اللّهَ عَزَّ وَجَلَّ حَيِيٌّ سَتِيرٌ) رواه أبو داود في سننه في كتاب الحمام، باب النـهي عن التعرّي ٣٩/٤ (٤٠١٢) ، وصَحَّحَه الألباني في إرواء الغليل (٢٣٣٥) ومشكاة المصابيح (٤٤٧)

٢٩) السِّتير: ( إنَّ اللّهَ عَزَّ وَجَلَّ حَيِيٌّ سَتِيرٌ ) الحديث السابق بالمراجع السابقة.

٣٠) الكبير: (ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ ) الرعد/٩

٣١) المتعال: (ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ ) الرعد/٩

٣٢) الواحد: (وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ) الرعد/١٦

٣٣) القهار: (وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ) الرعد/١٦

٣٤) الحق: (وَيَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ٱلْمُبِينُ ) النور/٢٥

٣٥) المبين:(وَيَعۡلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ ٱلۡمُبِينُ ) االنور/٢٥

٣٦) القوي:(إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ) هود/٦٦

٣٧) المتين:(ذُو ٱلۡقُوَّةِ ٱلۡمَتِينُ) الذاريات/٥٨

٣٨) الحي:( ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ) البقرة/٢٥٥

٣٩) القيوم:( ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ) البقرة/٢٥٥

٤٠) العلي:( وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ) البقرة/٢٥٥

٤١) العظيم:(وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ) البقرة/٢٥٥

٤٢) الشكور:(وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ) التغابن/١٧

٤٣) الحليم:(وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ) التغابن/١٧

٤٤) الواسع: (إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ) البقرة/١١٥

٤٥) العليم: (إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ) البقرة/١١٥

٤٦) التواب: (وَأَنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ ) النور/١٠

٤٧) الحكيم: (وَأَنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ ) النور/١٠

٤٨) الغني: (وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ ) النمل/٤٠

٤٩) الكريم: (وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ ) النمل/٤٠

٥٠) الأحد: ( قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ) الإخلاص/١

٥١)الصمد: ( ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ) الإخلاص/٢

٥٢)القريب: (إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ) هود/٦١

٥٣)المجيب: ( إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ) هود/٦١

٥٤)الغفور: (وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ ) البروج/١٤

٥٥)الودود: (وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ) البروج/١٤

٥٦)الولي:(وَهُوَ ٱلۡوَلِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ) الشورى/٢٨

٥٧)الحميد: (وَهُوَ ٱلۡوَلِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ) الشورى/٢٨

٥٨)الحفيظ: (وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَفِيظٌ ) سبأ/٢١

٥٩)المجيد: (ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ) البروج/١٥

٦٠)الفتاح: ( وَهُوَ ٱلۡفَتَّاحُ ٱلۡعَلِيمُ ) سبأ/٢٦

٦١)الشهيد: (وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ شَهِيدٌ ) سبأ/٤٧

٦٢) المقدم: (أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ) رواه البخاري في أبواب التهجد ، باب التهجد بالليل ٣٧٧/١ (١٠٦٩)

٦٣) المؤخر: (أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ) الحديث السابق بالمرجع السابق

٦٤) المليك: (عِندَ مَلِيكٍ مُّقۡتَدِرِۭ ) القمر/٥٥

٦٥) المقتدر: (عِندَ مَلِيكٍ مُّقۡتَدِرِۭ ) القمر/٥٥

٦٦) المسعر: (إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمُسَعِّرُ الْقَابِضُ) رواه ابن ماجة في سننه كتاب التجارات باب من كره أن يسعر ٧٤١/٢ (٢٢٠٠) ، وانظر تصحيح الألباني في صحيح ابن ماجة (١٧٨٧)

٦٧)القابض: ( إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمُسَعِّرُ الْقَابِضُ) المرجع السابق نفس الحديث

٦٨)الباسط: (الْمُسَعِّرُ الْقَابِضُ الْبَاسِطُ) المرجع السابق نفس الحديث

٦٩)الرازق: (الْمُسَعِّرُ الْقَابِضُ الْبَاسِطُ الرَّزَّاقُ) المرجع السابق نفس الحديث

٧٠)القاهر: (وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦ) الأنعام/١٨

٧١)الديّان: (أَنَا الْمَلِكُ، أَنَا الدَّيَّانُ) رواه البخاري في صحيحه تعليقاً في كتاب التوحيد ، باب قوله تعالى : ولا تنفع الشفاعة عنده إلا لمن أذن له ٢٧١٩/٦

٧٢)الشاكر: (وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ) النساء/١٤٧

٧٣)المنان: (لَا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ الْمَنَّانُ ) رواه أحمد بن حنبل في المسند ١٢٠/٣ (١٢٢٢٦) وصحَّحَه الألباني في مشكاة المصابيح (٢٢٩٠)

٧٤)القادر: (فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَـٰدِرُونَ ) المرسلات/٢٣

٧٥)الخلاق: ( إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلْخَلَّـٰقُ ٱلْعَلِيمُ) الحجر/٨٦

٧٦)المالك: (لَا مالِكَ إِلا اللَّهَ عَزَّ وَجَلَ) رواه مسلم في كتاب الآداب ، باب تحريم التسمي بملك الأملاك وبملك الملوك ١٦٨٨/٣ (٢١٤٣)

٧٧)الرَّزَّاق: ( إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ) الذاريات/٥٨

٧٨)الوكيل: (وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ) آل عمران/١٧٣

٧٩)الرقيب: (وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ رَّقِيبًا) الأحزاب/٥٢

٨٠)المُحسِن: (إِنَّ اللَّهَ مُحْسِنٌ يُحِبُّ الإِحْسَانِ) رواه الطبراني في المعجم الكبير ٢٧٥/٧ (٧١٢١) وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٨٢٤)

٨١) الحسيب: (إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا) النساء/٨٦

٨٢) الشافي: (اشْفِ أَنْتَ الشَّافِي) رواه البخاري في المرضى باب دعاء العائد للمريض ٢١٤٧/٥ (٥٣٥١)

٨٣) الرفيق: (إِنَّ اللهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ فِي الْأَمْرِ كُلِّهِ) رواه مسلم في كتاب البر والصلة والأدب باب فضل الرفق ٢٠٠٣/٤ (٢٥٩٣)

٨٤) المعطي: ( وَاللهُ الْمُعْطِي وَأَنَا الْقَاسِمُ) رواه البخاري في كتاب فرض الخمس باب قول الله تعالى: (فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ) ١١٣٤/٣(٢٩٤٨)

٨٥) المقيت: (وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ مُّقِيتًا ) النساء/٨٥

٨٦) السيِّد:( السَّيِّدُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ) رواه أبو داود في سننه في كتاب الأدب، باب في كراهية التمادح ٢٥٤/٤ (٤٨٠٦) وصححه الألباني في مشكاة المصابيح (٤٩٠٠) وصحيح الجامع (٣٧٠٠)

٨٧) الطيب: (إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا) رواه مسلم في كتاب الزكاة باب قبول الصدقة ٧٠٣/٢ (١٠١٥)

٨٨) الحكم:(إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَكَمُ، وَإِلَيْهِ الْحُكْمُ) رواه أبو داود في السنن في كتاب الأدب باب في تغيير الإسم القبيح ٢٨٩/٤ (٤٩٥٥) وصححه الألباني في مشكاة المصابيح برقم (٤٧٦٦)

٨٩) الأكرم: ( ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ) العلق/٣

٩٠) البَرّ: (إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡبَرُّ ٱلرَّحِيمُ ) الطور/٢٨

٩١)الغفار: (ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ ) ص/٦٦

٩٢) الرءوف: (وَأَنَّ اللَّهَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ) النور/٢٠

٩٣) الوهاب: (ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡوَهَّابِ ) ص/٩

٩٤) الجَوَادُ: (إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ جَوَادٌ يُحِبُّ الْجُودَ) رواه ابن أبي الدنيا في مكارم الأخلاق ١٩/١ (٨) نشر مكتبة القرآن، القاهرة ١٩٩٠ وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٧٤٤)

٩٥) السُّبوح: (سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ رَبُّ الْمَلَائِكَةِ وَالرُّوحِ) رواه مسلم في كتاب الصلاة باب ما يُقال في الركوع والسجود ٣٥٣/١ (٤٨٧)

٩٦) الوارث: (وَنَحۡنُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ) الحجر/٢٣

٩٧) الرب: ( سَلَٰمٌ قَوۡلٗا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ ) يس/٥٨

٩٨) الأعلى: (سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ) الأعلى/١

٩٩) الإله: (وَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ ) البقرة/١٦٣

## ئەمەش ئەو ناوانەی کە ئیزافە دەکرێن:

**أسماء الله الحسنى المقيدة الثابتة في القرآن والسُنة (مائة إلا واحداً)**

١) أرحم الراحمين: (وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ) يوسف/٩٢

٢) أحكم الحاكمين: ( أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ ) التين/٨

٣) آخذ بنواصي العباد: ( إِنِّي تَوَكَّلۡتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآ ) هود/٥٦

٤) أسرع الحاسبين: (وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ) الأنعام/٦٢ (قُلِ ٱللَّهُ أَسۡرَعُ مَكۡرًاۚ ) يونس/٢١

٥) أقرب إلينا من حبل الوريد: (وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنۡ حَبۡلِ ٱلۡوَرِيدِ ) ق/١٦

٦) أهل التقوى والمغفرة: (هُوَ أَهۡلُ ٱلتَّقۡوَىٰ وَأَهۡلُ ٱلۡمَغۡفِرَةِ ) المدثر/٥٦

٧) أبقى للمؤمنين: (وَٱللَّهُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ) طه/٧٣

٨) أحق أن نخشاه: (وَتَخۡشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَىٰهُ ) الأحزاب/٣٧

٩) أشد بأساً وتنكيلاً بأعدائه: (عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأۡسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأۡسٗا وَأَشَدُّ تَنكِيلٗا ) النساء/٨٤

١٠) أولى بعباده: (وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَا ) النساء/١٣٥

١١) بالغ أمره: (حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦ ) الطلاق/٣

١٢) بديع السماوات: ( بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ) البقرة/١١٧

١٣) بريء من المشركين: ﴿أَنَّ ٱللَّهَ بَرِيٓءٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ وَرَسُولُهُۥ﴾ التوبة/٣

١٤) جامع الناس: ﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ ٱلنَّاسِ﴾ آل عمران/٩

١٥) حاسب الموازين: ﴿وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ﴾ الأنبياء/٤٧

١٦) حفيّ بإبراهيم: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيّٗا﴾ مريم/٤٧

١٧) خادِع من خادَع المؤمنين: ﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمۡ﴾ النساء/١٤٢

١٨) خير الحافظين: ﴿فَٱللَّهُ خَيۡرٌ حَٰفِظٗا﴾ يوسف/٦٤ ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ الحجر/٩

١٩) خير الفاتحين: ﴿وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰتِحِينَ﴾ الأعراف/٨٩

٢٠) خير الفاصلين: ﴿وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ﴾ الأنعام/٥٧

٢١) خير الماكرين: ﴿وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ﴾ آل عمران/٥٤

٢٢) خير للمؤمنين مما يشركون: ﴿ءَآللَّهُ خَيۡرٌ أَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾ النمل/٥٩

٢٣) جاعل الملائكة رسلا: ﴿جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا﴾ فاطر/١

٢٤) ذو الجلال والإكرام: ﴿تَبَٰرَكَ ٱسۡمُ رَبِّكَ ذِي ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ﴾ الرحمن/٧٨

٢٥) ذو الطول: ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ ذِي ٱلطَّوۡلِ﴾ غافر/٣

٢٦) ذو العرش: ﴿ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ﴾ البروج/١٥

٢٧) ذو عقاب أليم: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغۡفِرَةٖ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٖ﴾ فُصِّلت/٤٣

٢٨) ذو الفضل: ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ الجمعة/٤

٢٩) ذو المعارج: ﴿مِّنَ ٱللَّهِ ذِي ٱلۡمَعَارِجِ﴾ المعارج/٣

٣٠) راد موسى: ﴿إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ﴾ القصص/٧

٣١) رافع عيسى: ﴿إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ﴾ آل عمران/٥٥

٣٢) رفيع الدرجات: ﴿رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ﴾ غافر/١٥

٣٣) زارع ما يحرثون: ﴿ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلزَّٰرِعُونَ﴾ الواقعة/٦٤

٣٤) سريع الحساب: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ إبراهيم/٥١

٣٥) شاهد لحكم المرسلين: ﴿وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَٰهِدِينَ﴾ الأنبياء/٧٨

٣٦) عالم الغيب: ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ الرعد/٩

٣٧) علام الغيوب: ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾ التوبة/٧٨

٣٨) أعلم بما يعملون: ﴿قَالَ رَبِّىٓ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ الشعراء/١٨٨

٣٩) غافر الذنب: ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوْبِ﴾ غافر/٣

٤٠) قابل التوب: ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوْبِ﴾ غافر/٣

٤١) شديد العقاب: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ الأنفال/٢٥

٤٢) عدو للكافرين: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ البقرة/٩٨

٤٣) غالب على أمره: ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمْرِهِۦ﴾ يوسف/٢١

٤٤) فاطر السماوات: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ فاطر/١

٤٥) فالق الحب والنوى: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ﴾ الأنعام/٩٥

٤٦) فاعل ما وعد: ﴿وَعْدًا عَلَيْنَآ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ﴾ الأنبياء/١٠٤

٤٧) فعّال لما يريد: ﴿فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ﴾ البروج/١٦

٤٨) قائم على كل نفس بما كسبت: ( أَفَمَنْ هُوَ قَآئِمٌ عَلَىٰ كُلِّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ ) الرعد/٣٣

٤٩) كاف عبده: ( أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ) الزمر/٣٦

٥٠) كاشف الضر: ( إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا ۚ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ) الدخان/١٥

٥١) كفيل بالمؤمنين: (وَقَدْ جَعَلْتُمُ ٱللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا ) النحل/٩١

٥٢) ماهد الأرض: (وَٱلْأَرْضَ فَرَشْنَٰهَا فَنِعْمَ ٱلْمَٰهِدُونَ ) الذاريات/٤٨

٥٣) مبتلي العباد: ( إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ) المؤمنون/٣٠

٥٤) مبرم الأمر: ( أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ) الزخرف/٧٩

٥٥) مبدي الخفايا: (وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ ) الأحزاب/٣٧

٥٦) متم نوره: (وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ) الصف/٨

٥٧) متوفي عباده: ( إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ ) آل عمران/٥٥

٥٨) محي الموتى: (إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ) فصلت/٣٩

٥٩) مخرج الميت: (وَمُخْرِجُ ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ۚ ) الأنعام/٩٥

٦٠) مخزي الكافرين: (وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخْزِى ٱلْكَٰفِرِينَ ) التوبة/٢

٦١) مرسل النبيين: (وَمَا كُنتَ ثَاوِيًا فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا وَلَٰكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ) القصص/٤٥

٦٢) المستمع لعباده: ( قَالَ كَلَّا ۖ فَٱذْهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآ ۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ ) الشعراء/١٥

٦٣) المستعان على أمورنا: (وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ) يوسف/١٨

٦٤) مطهر أنبيائه: (وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ) آل عمران/٥٥

٦٥) معذب الكافرين: (أَوۡ مُعَذِّبُوهَا عَذَابٗا شَدِيدٗاۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡكِتَٰبِ مَسۡطُورٗا) الإسراء/٥٨

٦٦) مُمِدُّ المؤمنين بجنوده: (فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلۡفٖ مِّنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ مُرۡدِفِينَ) الأنفال/٩

٦٧) منتقم من المجرمين: (إِنَّا مِنَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ مُنتَقِمُونَ) السجدة/٢٢

٦٨) منذر الناس: (إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ) الدخان/٣

٦٩) منشئ النار: (أَفَرَءَيۡتُمُ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي تُورُونَ ٧١ ءَأَنتُمۡ أَنشَأۡتُمۡ شَجَرَتَهَآ أَمۡ نَحۡنُ ٱلۡمُنشِـُٔونَ ٧٢) الواقعة/٧١-٧٢

٧٠) مهلك الظالمين: (وَإِذۡ قَالَتۡ أُمَّةٞ مِّنۡهُمۡ لِمَ تَعِظُونَ قَوۡمًا ٱللَّهُ مُهۡلِكُهُمۡ أَوۡ مُعَذِّبُهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗاۖ قَالُواْ مَعۡذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ) الأعراف/١٦٤

٧١) موسع السماء: (وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ) الذاريات/٤٧

٧٢) كاتب سعي العباد: (فَلَا كُفۡرَانَ لِسَعۡيِهِۦ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ) الأنبياء/٩٤

٧٣) محيط بكل شئ: (وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٖ مُّحِيطٗا) النساء/١٢٦

٧٤) نور السماوات والأرض: (ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ) النور/٣٥

٧٥) موهن كيد الكافرين: (وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيۡدِ ٱلۡكَٰفِرِينَ) الأنفال/١٨

٧٦) مُوَفِّي الكافرين نصيبهم: (وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمۡ نَصِيبَهُمۡ غَيۡرَ مَنقُوصٖ) هود/ ١٠٩

٧٧) هادي المؤمنين: (وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ) الحج/٥٤

٧٨) صاق في وعده ووعيده: (وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ) الأنعام/١٤٦

٧٩) صانع ما شاء، والدليل قول النبي:(فَإِنَّ اللَّهَ صَانِعٌ مَا شَاءَ، لَا مُكْرِهَ لَهُ( (أخرجه مسلم في الذكر والدعاء، باب في العزم بالدعاء ٢٠٦٣/٤ (٢٦٧٩)

٨٠) طبيب أسقامنا، والدليل قول النبي:(اللَّهُ الطَّبِيبُ، بَلْ أَنْتَ رَجُلٌ رَفِيقٌ، طَبِيبُهَا الَّذِي خَلَقَهَا) (أبو داود في الترجل ٨٦/٤ (٤٢٠٧) ، وصحيح أبي داود (٣٥٤٤)، وقد بينا وجه التقييد لمن ظن أن الطبيب اسم مطلق، وبينا أنه مقيد بموضع الكمال في كتابنا الموسع أسماء الله الحسنى ص ٨٠:٨٢)

٨١) قيّم السماوات، والدليل قول النبـي: (اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ، أَنْتَ قَيِّمُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ) (أخرجه البخاري في أبواب التهجد، باب التهجد بالليل ٣٧٧/١ (١٠٦٩))

٨٢) قيّام السماوات، والدليل قول النبـي: (لَكَ الْحَمْدُ، أَنْتَ قَيَّامُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ) (أخرجه مسلم في صلاة المسافرين، باب الدعاء صلاة الليل ٥٣٢/١ (٧٦٩))

٨٣) مجري السحاب، والدليل قول النـبي:(اللَّهُمَّ مُنْزِلَ الْكِتَابِ، سَرِيعَ الْحِسَابِ، مُجْرِيَ السَّحَابِ، هَازِمَ الأَحْزَابِ) (أخرجه البخاري في الجهاد ١٠٨٢/٣ (٢٨٠٤))

٨٤) مُنْزِلَ الْكِتَابِ (الحديث السابق)

٨٥) هَازِمَ الأَحْزَابِ (الحديث السابق)

٨٦) مقلب القلوب والدليل ما ورد في حديث ابن عمر أنه قال: كانت يمين النبـي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )(يا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ) (أخرجه البخاري في الأيمان ٢٤٤٥/٦ (٦٢٥٣))

٨٧) مثبت القلوب والدليل قول النبـي:(يَا مُثَبِّتَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دَيْنِكَ) (صحيح ابن ماجة (١٦٥))

٨٨) مُصرِّف القلوب، والدليل قول النبي:( اللَّهُمَّ مُصَرِّفَ الْقُلُوبِ صَرِّفْ قُلُوبَنَا عَلَى طَاعَتِكَ) (مسلم في القدر، باب تصريف الله تعالى القلوب كيف شاء ٢٠٤٥/٤ (٢٦٥٤))

٨٩) ناصر رُسُلَه، والدليل قول النبي:(إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ وَلَسْتُ أَعْصِيهِ وَهُوَ نَاصِرِي) (البخاري في الشروط، باب الشروط في الجهاد ٩٧٤/٢ (٢٥٨١))

٩٠) الصاحب في السفر، والدليل قول النبي :(اللَّهُمَّ أَنتَ الصَّاحِبُ فِـي السَّفَرِ، وَالخَلِيفَةُ فِي الأَهْلِ) (مسلم في الحج، باب ما يقول إذا ركب إلى سفر ٩٧٨/٢ (١٣٤٢))

٩١) الخَلِيفَةُ فِي الأَهْلِ (الحديث السابق)

٩٢) أجَلَّ من آلهة المشركين، والدليل قول النبي لأصحابه:( قُولُوا اللَّهُ أَعْلَى وَأَجَلُّ) رداً على قول المشركين يوم أحد:أُعْلُ هُبَل (البخاري في الجهاد، باب ما يكره من التنازع في الحرب ١١٠٥/٣ (٢٨٧٤)

٩٣) أغيـر على حرماته، والدليل هو قول النـبي عن سعد بن عبادة:( فَوَاللهِ لأَنَا أَغْيَرُ مِنْهُ، وَاللهُ أَغْيَرُ مِنِّي) (البخاري في المحاربين، باب من رأى مع امرأته رجلاً فقتله ٢٥١١/٦ (٦٤٥٤))

٩٤) أصبر على عصيان عباده، والدليل هو ما ورد في قول النبـي:(لَيْسَ أَحَدٌ أَوْ لَيْسَ شَيْءٌ أَصْبَرَ عَلَى أَذًى سَمِعَهُ مِنَ اللَّهِ إِنَّهُمْ لَيَدْعُونَ لَهُ وَلَدًا وَإِنَّهُ لَيُعَافِيهِمْ وَيَرْزُقُهُمْ) (البخاري فـي كتاب الأدب، باب الصبـر علـى الأذى ٢٢٦٢/٥ (٥٧٤٨)

٩٥) أكبـر مما سواه، والدليل قول النبـي:( اللَّهُ أَكْبَـرُ خَرِبَتْ خَيْبَـرَ) (البخاري في الآذان، باب ما يُذكر في الفخذ ١٤٥/١ (٣٦٤))

٩٦) مُذهِب البأس، والدليل قول النبي:( اللَّهُمَّ رَبَّ النَّاسِ، مُذْهِبَ البَاسِ، اشْفِ أَنْتَ الشَّافِي( (البخاري في كتاب الطب، باب رقية النبـي ٢١٦٧/٥ (٥٤١٠)

٩٧) أغـنى الشركاء عن الشرك، والدليل هو ما ورد في قول النبـي:( قال الله تبارك وتعالى:أَنَا أَغْنَـى الشُّرَكَاءِ عَنْ الشِّرْك، مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْـرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ) (مسلم في الرقاق، باب من أشرك في عمله غيـر الله ٢٢٨٩/٤ (٢٩٨٥))

٩٨) خصم من أعطى به ثم غدر، والدليل الحديث القدسي:(ثَلَاثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ... ) (البخاري في البيوع، باب إثم من باع حراً ٧٧٦/٣ (٢١١٤)

٩٩) مُستخلف العباد، والدليل قول النبـي:(إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللَّهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا، فَيَنْظُرُ كَيْفَ تَعْمَلُونَ) (رواه أبو سعيد الخدري في صحيح مسلم في الرقاق، باب أكثـر أهل الجنة الفقراء وأكثـر أهل النار النساء وبيان الفتنة بالنساء الحديث رقم (٢٧٤٢)

## تەفسیری سورەتی

# الممتحنة

# بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ
كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ
جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ
وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ
إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ ﴿٢﴾ لَن تَنفَعَكُمۡ أَرۡحَامُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ يَوۡمَ
ٱلۡقِيَٰمَةِ يَفۡصِلُ بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿٣﴾ قَدۡ كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ
وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا
وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ إِلَّا قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ
لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٤﴾ رَبَّنَا
لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغۡفِرۡ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٥﴾ لَقَدۡ كَانَ لَكُمۡ
فِيهِمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَۚ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٦﴾
۞ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجۡعَلَ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ عَادَيۡتُم مِّنۡهُم مَّوَدَّةٗۚ وَٱللَّهُ قَدِيرٞۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٧﴾
لَّا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَلَمۡ يُخۡرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ أَن تَبَرُّوهُمۡ وَتُقۡسِطُوٓاْ
إِلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَأَخۡرَجُوكُم
مِّن دِيَٰرِكُمۡ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخۡرَاجِكُمۡ أَن تَوَلَّوۡهُمۡۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٖ فَٱمۡتَحِنُوهُنَّۖ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّۖ فَإِنۡ عَلِمۡتُمُوهُنَّ مُؤۡمِنَٰتٖ
فَلَا تَرۡجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلۡكُفَّارِۖ لَا هُنَّ حِلّٞ لَّهُمۡ وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّۖ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ
أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّۚ وَلَا تُمۡسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ وَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقۡتُمۡ وَلۡيَسۡـَٔلُواْ
مَآ أَنفَقُواْۚ ذَٰلِكُمۡ حُكۡمُ ٱللَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡۖ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمۡ شَيۡءٞ مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ
إِلَى ٱلۡكُفَّارِ فَعَاقَبۡتُمۡ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتۡ أَزۡوَٰجُهُم مِّثۡلَ مَآ أَنفَقُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ

مُؤۡمِنُونَ ﴿١١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشۡرِكۡنَ بِٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَلَا
يَسۡرِقۡنَ وَلَا يَزۡنِينَ وَلَا يَقۡتُلۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأۡتِينَ بِبُهۡتَٰنٖ يَفۡتَرِينَهُۥ بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ
وَلَا يَعۡصِينَكَ فِي مَعۡرُوفٖ فَبَايِعۡهُنَّ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُنَّ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ قَدۡ يَئِسُواْ مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلۡكُفَّارُ
مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡقُبُورِ ﴿١٣﴾)

## پێشەکی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِه الاَمِيْنِ، مُحَمَّد وَعَلَى آلِهِ وَ صَحبِه أَجْمَعِين.

خوێنەرانی بە ڕێز..

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ئەسڵی ئەم کتێبەمان نامیلکەیەك بوو بە ناوی (دوو وانە لە تەفسیری سورەتی المتحنة) کە پێشتر لە (١٩٩٠)دا لە پاکستان چاپکرا بوو.. ئەوانەی دیبوویان، پێیان سەیر بوو بۆچی هەوڵ نادرێت لە چاپ بدرێتەوە؟ یان دەیان پرسی: ئەدی بۆچی تەفسیری هەموو سورەتەکە نییە؟!

هەردوو پرسیارەکە بە جێ بوون، بەڵام من نەدەپرژامەوە سەر وەڵامی عەمەلی ئەو پرسیارانە.

نەشدەکرا لێگەڕێم ئەو دوو وانە - بێ پێدا چوونەوەی نوێ- لە چاپ بدرێتەوە.. تا خوای گەورە ئەم هەلەی ئێستای ڕەخساند، هەم چاوێکی پێدا بخشێنمەوە و، هەم تەفسیری هەموو سورەتەکەش (والحمد لله) تەواو بکەم.

حاڵی بوونمان لەم سورەتە، بۆ قۆناغی ئێستامان زۆر گرنگە، چونکە سورەتەکە باسی: دۆستایەتیی و دوژمنایەتیی (الولاء و البراء) و هەڵوێستی قورئانیانەی موسوڵمان و هیجرەت و بەیعەت دەکات.

ئەمانەش هەمووی گرنگن، تا بتوانین هەندێك لەو كەلێن و كون و كەلەبەرانەی پێ بگرین، كە دوژمنانی خوا لێوەی دزەی ناو ڕیزی موسوڵمانان دەكەن، گەرچی بەداخەوە لە بێ بایەخیماندا، كەلێن و كونەكان بوون بە دەلاقەو، نهێنیەكانمان لە بێژنگدا دەپارێزین! چونكە ئەم ڕوكنە سەرەكییەی عەقیدەكەمان، شل و شێواو گرتووە، ئەمەش هەڵوێستێك نییە خوای گەورە پێـی خۆش بێت.

بۆیە هیوادارم خوێنەرانی موسوڵمان، دەرسەكانی ئەم سورەتە زۆر بە هەند وەرگرن و، بە دەرس بیخوێنن و ڕیزەكانمانی پێ مەحكەم بكەنەوە.

خوای گەورەش ویستمان پاك و كارمان چاك كات، نەمانداتە دەست نەفسی خۆ و، بمانكاتە ئەداتی قەدەری خۆی.. ئامین.

**كرێكـــار / ئۆسلۆ**

**١٤٢٤ك ـ ٢٠٠٣ز**

## پێناسەی سورەتەکە

سورەتی الممتحنة - شەستەمین سورەتی قورئانە و (١٣) ئایەتە - لە مەدینە دوای سورەتی(الاحزاب) هاتۆتە خوارەوە، پێی دەوترێت: (الممتحنة) واتە: ئەو سورەتەی باسی تاقی کردنەوەی باوەڕو ڕاستگۆیی ئافرەتە کۆچکەرەکان(المهاجرات) دەکات.

هەروەها پێشی دەوترێت: (الممتحنة) واتە: ئەو سورەتەی، کە باسی ئەو ئافرەتە موسوڵمانە دەکات، کە بووە هۆی تاقیکردنەوەی باوەڕو ڕاستگۆیی ئافرەتانی موسوڵمانی کۆچکەر، کە (ئوم کەلسومی کچی عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیت)ی خێـزانی (عبد الرحمن کوڕی عەوف)ە.

ئەم سورەتە ئاڵقەی زنجیرەیەکە لە ئامادە کردنێکی دووردورودرێژدا، مەبەست لەم و، هەروەها لەو بابەتانەی وەك ئەمن، پێکەوە نانی جیهانێکی خواویستانەی پاکە لە دڵ و دەروونی موسوڵماناندا.

جیهانێك کە تەوەری سەرەکی بوونەکەی باوەڕ هێنان بێت بە خوای تاك وپاك، جیهانێك، کە هەموو خەڵکی بەرەو ئەم تەوەرەیە ڕابکێشێت، تا هەر هەموویان دەست بە بەرنامەکەی خواوە بگرن و لێـی لانەدەن. تا دڵ و مێشکی هەموویان، لە چڵك و چەپەڵی دەمارگیریی و ڕەگەز پەرستیی و خۆخۆیی و خاك و تـیرەو گەل پەرستیی دوور بخاتەوەو لە جێـی هەر هەموو ئەم پەیوەندیانەش، پەیوەستی باوەڕ بەخوا دابمەزرێنێت، لەژێر ئاڵا ی خواو، لە چوارچێوەی حزبی خوادا..

ئەو جیهانەی ئیسلام دەیەوێت، جیهانێکی خواویستی مرۆڤایەتییە. خواویستی بەو مانایەی، کە هەموو بنەما سەرەکیەکانی لە ئاڕاستە کردن و تەعلیماتی خواوە وەردەگیرێت و، مرۆڤایەتیی بەرەو خوای گەورە دەباتەوە، چ لە هەست ونەست و سۆزیدا، چ لە کارو پیشەو ڕەفتاریدا.

لە هەمان کاتیشدا جیهانەکەی ئیسلام، جیهانێکی مرۆڤایەتییە، چونکە بە هۆی پەیوەستی عەقیدەکەیەوە، هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دەگرێتە خۆو، ڕەگەزو نیشتیمان و زمانی میللەتانی تێدا دەتوێتەوە، بێ ئەوەی مافی کەسی تێدا بخورێت، یان گەل و هۆزو ناوچەی یەکێکیان زاڵ کرابێت بەسەر ئەوانی تردا.

ئەو کاتە ئەو پێوەرو پەیوەندیانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابڕ دابڕ دەکات، نامێنێت، ئەوەیە ئەو جیهانە بەرزو پاکەی، کە شایانی ئەوەیە ئەو مرۆڤەی تێدا بژی، کە لای خوای گەورە زۆر بەڕێزە، ئەو مرۆڤەی، کە خوای کردگار لە ڕۆحی خۆی فووی پێدا کرد.

کەندو کۆسپ و بەربەستی ڕێ زۆر دەبن و دێنە ڕێ، ڕێ لە دامەزراندنی ئەو جیهانە دەگرن، لە نیوە دورگەی عەرەبی ئەوسادا دروست بوو، پاشان کشا بۆ دەوروبەری..

هەر لەو کاتەشەوە، تا ئەمڕۆ لە هەموو لایەکی جیهانەوە کەند و کۆسپی دێتە ڕێ. کۆسپی نوێش پەیدا بوون، کە لەوانەی ئەوسا دژوارترو کاریگەرترن، کۆسپی: نەتەوایەتی، چینایەتی، خاکپەرستیی و ناوچە گەریی، کۆسپی سەختگیریی و خۆخۆیی، جگە لە کەندەڵان و هەڵدێرەکانی دەروون وەك هەڵپەی چاوچنۆکی، چەپۆکی خۆپەسەندی، ستەمی لوت بەرزی، پەل وپۆ شکانی ترس و بیم،گیانی تۆڵەی پشکۆی قین ..

هەزاران هەزار جۆری تری پێچ و پەناکانی دەروون و، درزو کەلەبەرەکانی هەواو هەوەسی تاك و گەلەکۆمەکێکان، کە ماددەپەرستیی سەرمایەداری ئەمڕۆ گڕی تێبەرداون و، یان ئەوانەی لە پەراوێز کردن و مەحڕوم کردنی جەماوەرە ملیاریەکانەوە دێت!

ئیسلام دەبوو ئەمانە هەمووی چارەسەر بکات و، لە دڵی تاکەکانی کۆمەڵگەکەیدا ڕیشەکێشیان بکات، تا بتوانێت لە هەنگاوی دواییدا - لە شێوازێکی واقیعـی کردەوەییدا- پڕۆگرامەکەی خوا بهێنێتە دی.

ئەم سورِەتەش ئاڵقەیەکە لە زنجیـرەی ئەو چارەسەر کردنە پشوو درێژەی، کە بە پەروەردەی تاك و کۆمەڵەکەی دەست پێدەکات.

هەندێك لە موسوڵمانە کۆچکەرەکان( المهاجرون) ئەوانەی، کە ماڵ و سامان و وڵاتیان (مەککە) لە پێناوی عەقیدەکەیاندا بەجێهێشتبوو، هێشتا دڵ و دەروونیان هەر لای ژن و منداڵ و کەس و کارو نەوەکانیان مابوو، کە لەولا مابوونەوە، جا چونکە زۆریشیان ناسۆرو نارِەحەتی بە دەست قورەیشەوە چێشتبوو، پرِبە دڵ حەزیان دەکرد ئەم شەرِە سەختە کۆتایی پێ بێت، یان کەمێك سووکتر ببێت، تا ساتێکی ئاشـتی و خۆشی بکەوێتە نێوان موسوڵمانان و ئەهلی مەککەوە و چیدی کەس و کاری خۆیان نەکوژن و، پەیوەستی خزمایەتی و هۆزایەتیەکەی خۆیان لاوازتر نەکەن، نەبادا بەیەکجاری بفەوتێت!

خوای گەورەو بەبەزەیی دەیویست ئەم کۆمەڵە خواویستە، لە هەموو پەیوەندییەك دابرِێن، تا بەتەواوی بۆ دین و عەقیدەو پرِۆگرامە خواییەکە لێ برِێن.

خوای گەورەو زانا، خۆی دەیزانی، کە ئەو واقیعە - بەو هەموو خڵتەو خاڵەوە، کە تێیدایەتی - چ پاڵە پەستۆیەکی قورسی لەسەر خەڵکی دروستکردووە، بەتایبەتی لە دڵ و دەروونی عەرەبەکاندا، چونکە عەرەب -نەوە دوای نەوەیان - هەر بە گوێرەی داب و نەریتی باب و باپیـرانیان، هەمیشە بایەخیان بە رِەگەزو نەوەو بەرەبابی خۆیان دەدا و، بە هەق و ناهەق، هەر لەگەڵ تیـرەو هۆزی خۆیان دەبوون.

بۆیە خوای زاناو کار بەجێ، هەموو رِۆژێك بە جوانترین شێوەی جۆراوجۆر، هەستی لارو نارِەوای لە دڵ و دەروون دەردەکردن و، بە دیندارییی پەروەردەی دەکردنەوە، بە رِوداوەکانی رِۆژ، بە چیـرۆك بۆ گێرِانەوە، بە رِەخنە، بە گلەیی و سەرزەنشت، تا چارەسەرەکە هاوکات بێت لەگەڵ تین و تەوژمی رِوداوەکە، واتە: کاتێك ئاسنەکەی دەکوتا، کە تەواو سوور هەڵدەگە رِا.

هەموو رِیوایەتەکان ئەوە باس دەکەن: کە سەرەتای ئەم سورِەتە دەربارەی رِوداوێکی دیاری کراو هاتۆتە خوارەوە، کە بەسەر هاتی سەیدنا (حاتەبی کورِی ئەبو بەلتەعەیە).

بێگومان ئەو ڕیوایەتانەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان دیاری دەکەن، ڕاستن، بەڵام خۆ چوارچێوەی دەقی قورئانیی، هەمیشە لەو هۆ تایبەتیانە بەرفراوانترە، بۆیە ئامۆژگاری و مانای زۆرترلە خۆ دەگرن، چونکە ئەم ئایەتانە حاڵەتێکی دەروونی و واقیعیی مرۆڤایەتیی باس دەکەن، کە گەورەترە لە قەبارەی ڕوداوەکەی سەیدنا (حاتەب)، خوا لێی ڕازی بێت.

قورئان دەیویست پەیوەستی خزمایەتیی لەسەر بناغەی باوەڕ دابڕێژێتەوە، نەهێڵێت خەڵکی بە هەق و ناهەق، خزمایەتیی و هەڵوێستی تیرەو هۆزو خێڵەکانیان سەر بخەن.

دەیویست خەڵکی لەو دیدە تەسکەی(سووربوون لەسەر خوونەریتی باب و باپیران و پاراستن و ڕێ نەدان بە گۆڕینی) بهێنێتە دەرەوەو، بەرەو ئاسۆی بەرفراوانی( مرۆڤایەتی) جیهانیان هەڵبنێت.

قورئان لە دڵ و دەروونی ئەم کۆمەڵەدا شتی نوێی دەچەسپاند: (دیدی نوێ، پێوەری نوێ، بەهاو نەریتی نوێ، ناسین و ناساندنەوەیەکی نوێی گەردوون و ژیان و مرۆڤ).

ڕۆڵ و ماف و ئەرکی نوێی مرۆڤایەتیی، هەر وەکو بڵێیت: خوای گەورە بیەوێت ئەم شەتڵ و نەمامە ساوایانە بۆ خۆی کۆبکاتەوەو، لە کەناری خۆیدا و لە ژێر چاودێری خۆیدا بیانڕوێنێت، تا بە ئاراستەی خۆی گەشەیان پێ بدات و دۆست و دوژمنی خۆی و خۆیانیان پێ بناسێنێت، هەروەها، تا چاوو گوێیان بکاتەوە و بزانن داوی دوژمنانیان چەند زۆرەو، فێڵ و تەڵەکە بازییان چەند جۆرەو، چۆن دەچنرێن؟!

تا وایان لێبکات هەست بەوە بکەن، کە ئەمانە پیاوی خوان و لە حزبەکەی ئەویشدان، تا بزانن، کە خوای گەورە ئەمانی بۆ کارێکی گەورەتر دەوێت، تا قەدەری خۆییان پێ بهێنێتە دی.

بۆیە دەبێ چاك بزانن، كە ئەمان هی خوان، ناونیشانی ئەویان هەڵگرتووەو خەت و دروشمی ئەویان پێوەیە.

لە دنیاو قیامەتیشدا لە نێو خەڵكیدا، هەر بەم ناونیشان و دروشمەوە دەناسرێنەوە، جا كەوا بوو، هەر لە سەرەتاوە دەبێ پەیوەندی غەیری خواویستیی، چ لە هەست و نەست و هۆشدا بێت، چ لە جیهانی كردارو ڕەفتاردا بێت، بپسێنن، دەبێت زۆر سەر ڕاستانەش بۆ دینی خوا لێ بڕێن و، بۆ پەیامی خواو هەڵگرانی بانگەوازەكەی، دڵسۆزو بەوەفا بن..

ئەم سوڕەتی (الممتحنة)یەش، هەر هەمووی بەرەو ئەو لایەنە دەڕوات، تەنانەت ئایەتی ئەحكامیشی، كە لە كۆتایی سوڕەتەكەدا هەن، ئەوانیش، كە دەربارەی ئەو هەڵس و كەوتە موسوڵمانانەیە،كە دەبێت بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی بۆ (دار الإِسلام) ەكەیان كۆچ دەكەن هەیانبێت.

هەروەها ئەوانەی باسی پەیمان (بەیعەت) دان، یان جوێ بوونەوەیان لە مێردەكانیان دەكەن، ئەمانەو باسەكانی تریش هەر لەو ئاڕاستە ئامۆژگارییە گشتییە خواییەوە سەر هەڵ دەدەن، كە لە سەرەتاوە باس دەكرێن.

كۆتایی سوڕەتەكەش - وەكو سەرەتاكەی- بەرهەڵستی كردنە لە دۆستایەتیی و لایەنگیریی و سەرخستنی دوژمنانی خوا، لەوانەی خوای بەبەزەیی و میهرەبان، ڕقی لێیان هەستاوەو غەزەبی لێگرتوون.

جا چ كافرەكانی قوڕەیش بن، چ جولەكەكان، تا بە تەواوی لێكدابڕان بێتە دی و، هەموو پەیوەندییەك بپسێت، كە لەسەر بناغەی باوەڕ و عەقیدە دانەمەزرا بێت.

ئەم هەڵوێستە سەخت و دژوارانەش، كە قورئان تۆماری كردوون، لەبەر گرنگییانە، چونكە خوای پەروەردگار دەزانێت ئەم ئوممەتەی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، بەو هەڵوێستانە نەبێت، پتەو پەروەردە نابن، كە وا پتەویش پەروەردە نەبوون، لیاقەتی ئەوەیان نابێت، پەیامەكەی ئەو هەڵگرن و، ببنە سەربازی خوا.

هەڵگرتنی پەیامی خوای کار بەجێ و زانا، قسەی زل و خۆبادان و سنگ دەرپەڕاندن نییە، خۆ هەڵڕۆسکان و خۆ نواندنی ئەم کۆڕو ئەو شانۆ نییە..

ئەوی بەم قورئانە پەروەردە نەبێت، هێندە پشوو درێژ نابێت، پەیام و کاروانی دینداران بگەیێنێتە مەنزڵگاکانی (دار الإِسلام)، کە لە ژێر ئاڵای شەکاوەی خواویستی وسایەی شەریعەتە ڕەواکەیدا دادەمەزرێن.

ئەمەش کاری کەڵە پیاوانی مێـژووە، کارو هەڵوێستی پێغەمبەرانە، بۆیە دەبێ یاوەرەکانی محمدیش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) وا پەروەردە بن، چونکە ئەمانیش دیسان دەبنەوە سەر مەشقی موسوڵمانان.. نەوە دوای نەوە.. تا ئەو ساتانەی ڕۆژی دوایی، کە ئیتـر بڕوا نامەکان دابەش دەکرێن.

## دەرسی یەکەم

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ
بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي
سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ وَمَن يَفۡعَلۡهُ
مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ١ إِن يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ
وَأَلۡسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ ٢ لَن تَنفَعَكُمۡ أَرۡحَامُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَفۡصِلُ
بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٣)

## مانای گشتیی ئایەتەکان

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! دوژمنی من و دوژمنی خۆتان مەکەنە هاوڕێ و لایەنگرو سەرپەرشتیاری خۆتان، دۆستایەتییان مەکەن، خۆشتان نەوێن، نهێنیی موسوڵمانانیان لا مەدرکێنن، خۆ ئەوانە هەر ئەو کەسانەن، کە باوەڕیان بەو حەقە نەهێنا، کە بۆ ئێوە هاتبوو، بەڵکو کوفرانەشیان پێدە کرد و گوێیان نەدەدا بەپەیام و شەریعەتی خوا. هەر لەبەر ئەوەی، کە ئێوە باوەڕتان بە خوای پەروەردگاری خۆتان هێنا بوو، ئەوان، پێغەمبەرو ئێوەشیان لە وڵاتی خۆتان دەرپەڕاند!

(١) ئەی موسوڵمانینە! مادام ئێوە لەبەر خاتری خوا کۆچتان کردووەو لەبەر ڕەزامەندی ئەو، وازتان لە ماڵ و منداڵ و کەس و کارو وڵاتی خۆتان هێناوە،

نەکەن، ئا ئەو ستەمکارانەی ئێوەیان لە دوزاق نا! بکەنە کاربەدەستی خۆتان، دڵیشتان بۆیان لێ نەداو خۆشتان نەوێن..

خۆ من ئاگام لە هەموو شتێکتان هەیە، شاراوە بێت، یان ئاشکرا، ئەوەش بزانن، هەر کەسێك ئەو کارە بکات ( دۆستایەتی دوژمنانی خوا بکات)، ئەوە بەڕاستی گومڕا بووەو ڕێی ڕاستی بزر کردووە.

**(٢)** گەر ئەوان زەفەرتان پێ ببەن و دەستیان بتانگاتێ، دوژمندارێتیەکەی خۆیانتان بۆ ئاشکرا دەکەن و دەکەونە گیانتان، پەلامارتان دەدەن، هەرچیەکیان لە دەست بێت بەرامبەرتان دەیکەن، چ بە هێـزی بازوو، چ بە زمان و پڕوپاگەندەو سومعە شێواندنتان، ئەوانە دەیانەوێت ئێوە واز لە ئیسلام بهێنن و جارێکی دی بگەڕێنەوە نێو کوفر.

**(٣)** دڵنیا بن لەوە، کە لە ڕۆژی دواییدا ماڵ و منداڵ و کەس و کارتان بە هاناتانەوە نایەن و، سوودیان بۆتان نابێت.

خوای گەورە هەردوو لاتان جوێ دەکاتەوە( ئەهلی باوەڕ بۆ بەهەشت و ئەهلی کوفر بۆ دۆزەخ)، با منداڵ و کەس و کاریشتان بن! خوای گەورە ئاگادارە چـی دەکەن، چونکە بینەری هەموو کارو کردەوەکانتانە.

## ڕێـــــڕەو

ئەم سورەتە ئاڵقەیەکە لە زنجیرەیەك دەرسی پەروەردەو، ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتیی و کاروباری دەوڵەتەکەی مەدینە.ئاڵقەیەکی زنجیـرەی ئەو پێـڕەوو پرۆگرامەیە کە خوای گەورە بۆ ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە هەڵبـژێردراوەی دانا،کە هەر خۆیشی ئاراستەی دەکرد.

ئەو کۆمەڵە خواویستەی، کە ئەو پرۆگرامەی خوای گەورە بۆ ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەویست، ئەمان لە واقیعێکی کردەوەییدا هێنایانە دی..

ئەو پرۆگرامەی، کە خوای گەورە دەیویست (دار الإِسلام)ێکی، ڕواڵەت و جەوهەرو سنوورو شەخسیەت جیاوازدا دەربکەوێت.

لە سیستمێکی نموونەییدا، کە لە پلەو ئاستێکی وادا بێت، هەمیشە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چاو لە ئاسۆی ببڕێت و، هەوڵ بدات بیگاتێ.

ئەمەش پێویستی بە ئامادە کردنێکی چەندین هەنگاوو قۆناغ هەبوو، جا ئەو ڕوداوانەی لە دەوروبەردا لە نێو ئەم کۆمەڵە خواویستەدا ڕوویدەدا، دەبوونە کەرەستەیەکی چاك بۆ ئەو ئامادە کردنە، کەرەستەیەك بوو، کە هەر لە زووەوە لە زانستی خوای گەورەدا نەخشەی بۆ کێشرا بوو..

ئەو ڕووداوانە دەبوونە نەخشەی پەروەردەو لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەو، سۆراغ کردنەکانیش دەبوونە کەرەستەی بینا..

لە دەبەرێك ڕاچوونی ڕوداوو بە نێو تەوژمی بەتینی ژیاندا، ئەو دەروونە پاکانە بنیات دەنران، ئەو دەروونانەی بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆگرامی خوایی لەسەر زەمیندا هەڵبژێررا بوون.

کەس گۆشەگیر نەدەوەستا، مەگەر گۆشەگیری هەستی دەروونیی و سۆزی باوەڕی نوێ.

دوور دەبوون، دووری هەست و هۆش، نەبادا شتێکی هەڵە، وەك هەستی نامۆو ڕەفتاری لارو هەڵوێستی چەوت، یان حەزو ڕقێکی لاسەنگ تێکەڵ بە قۆناغی پێکهێنانە دەروونیەکەیان ببێت.

ئاڕاستە نوێیەکان بەردەوام تاکەکانی کۆمەڵە نوێیەکەیان هەڵ دەنا، بۆ جێگیر کردن و قایم داڕشتنی ئایدیۆلۆژیی و، بیروهۆشێکی گۆشە فراوان دەربارەی جیهانی ئەو کاتە بە گشتیی و بارودۆخی نیوە دورگەی عەرەب بە تایبەتی.

ئەم کۆمەڵە نوێیەی لەسەر ئەم دیدو بۆچوون و ئایدیۆلۆژییە دینییە نوێیە پەروەردە دەبوون، وا نەبێت دوور بووبن لە گیروگرفت و هەڵس وکەوتەکانی ژیانی واقیعی، بەڵکو لە نێو بۆتەی ئەو گیروگرفت و ڕوداوانەدا، ڕۆژبەڕۆژ و جاربەجار پاڵفتە دەبوون و دەتوانەوەو، سەر لە نوێ شەخسیەتیان دادەڕێژرایەوە.

جاری وا هەبوو لە مەسەلەیەکدا، یان لە جۆرە ڕەفتارێکدا، یان لە جۆرە هەست و دیدێکدا، چەندین جار دەهێنران و دەبران و، لە چەندین لاوە بۆ یەك مەبەست ئاڕاستە دەکران.

بە حەزەر، بە ترس، بە هاندان، بە خۆشویستن، بە بوغزاندن.. چونکە ئەو خوایەی دروستیکردوون، دەیزانی ئەم هەموو خەڵکە، هەموو وەك یەك و بە ئەندازەی یەك نایەن بەدەم بانگەوازەکەیەوەو، هەموویان وەك یەك و پێکەوە پابەندی تەعلیماتەکانی نابن، چونکە خۆ هەموویان وەکو یەك، باوەڕ لە دڵ و دەروونیاندا جێگیر نەبووە!

لاوازی مرۆڤ خۆی و، پشێوی و ناهەمواری واقیعەکە و، تین و تەوژمی خوونەریتی تیرەو هۆزەکانیان، ئەمانە هەر هەمووی کۆسپن، بەربەستی ڕێی پەروەردە کردنن.

زۆر جار توندو سەخت، پێچەوانەی ئاڕاستە پەروەردەییەکە دەبنەوە و دەبنە هۆکاری لاوازیی، بۆیە دەبێت چاوی گۆشکردنیان هەمیشە لەسەر بێت..

خوای گەورە دەیزانی زاڵ بوون بەسەر ئەو بەربەستانەدا، ئامۆژگاریی و بیـرخستنەوەی بەردەوامی دەوێت، ڕوداوی نموونەیی واقیعـی دەوێت.

بۆیە دەبینیت هەموو ڕوداوەکان، بە پـێی قەدەری خوای گەورە بەرێك و پێکی دەهاتن، جارێك بە ئامۆژگاریی، جارێکی تر بە حەزەردان و سڵ کردنەوە، یان بە ڕێنیشاندان و هاندان بۆ ڕەسەن کردنی شەخسیەت و پارسەنگ کردنی هەڵوێستەکانیان.

پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )وەك بێداری دووربین، نموونەکانی حەکیمانە دەکردە بەردی گۆشەی ئەم دەروونانەو، وەحیی خواش، دەبووە تەناف و شاوڵ و تەرازوی. تا ئاوا، ئەم دەروونە زیندوانە، لەبەردەستی نێرراوەکەی خوادا پەروەردە بوون و، وەك نموونەی هەتا هەتایی هاتنە کایەوە..

## هۆی هاتنە خوارەوەی

لە هەموو کتێبەکانی حەدیسدا وەك: (سەحیحی بوخاری و موسلیم و سونەنی ئەبو داودو نەسائی و مەسنەدی ئیمام ئەحمەد)و ئەوانی تردا، هۆی هاتنە خوارەوەی سەرەتای ئەم سورەتە، بەم بەسەرهاتەی خوارەوە دیاری دەکەن.

یەکێك لە یاوەر( یاوەرە) کانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە ناوی (حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە) بوو، یەکێك بوو لەپەنادراوەکانی قورەیش. هەروەها یەکێك بوو لەو یاوەرانەی، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ئەو نهێنییەی لا درکاند بوو،کە دەیەوێت لەشکر پێکەوەبنێت و هێرش بکاتە سەر مەککە.

واشیان بڵاو کردبۆوە: کە پێغەمبەر دەیەوێت هێرش بکاتە سەر جولەکەکانی خەیبەر، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) زوو زوو دوعای دەکرد و دەیفەرموو:(اللَّهُمَّ عَمِّ عَلَيْهِمْ خَبَرَنَا) واتە: خوایە ئەم هەواڵە لە ئەهلی مەککە بشاریتەوە، بەڵام (حاتەب) ئەم نهێنییەی لە نامەیەکدا نووسی و بە ئافرەتێکدا -کە بە دە درهەم بە کرێی گرتبوو - ناردی بۆ سەرانی مەککە!

پێش گەیشتنی نامەکە، خوای گەورە پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لێ ئاگادار کردەوە، کە شتێکی وا هەیە. ئەویش (عەلی کوڕی ئەبو تالیب و زوبەیری کوڕی عەوام و میقدادی کوڕی ئەسوەد)ی بانگ کردو، پێی فەرموون: (انْطَلِقُوا حَتَّى تَأْتُوا رَوْضَةَ خَاخٍ فَإِنَّ بِهَا ظَعِينَةً وَمَعَهَا كِتَابٌ فَخُذُوهُ مِنْهَا).

واتە: بڕۆنە ناوچەی (ڕەوضە خاخ) ( ناوچەیەکە دوانزە میل لە مەدینەوە دوورە) ئافرەتێکی سواری لێیە، نامەیەکی پێیە لێی سەنن و بیهێنن.

سەیدنا (عەلی) دەفەرموێ: بە سواری ئەسپ فڕین، تا گەیشتینە ئەوێ، ئافرەتێکمان بە سواری وشترێکەوە دی، ڕامان گرت و پێمان وت: ئەو نامەیەمان بدەرێ کە پێتە.

وتی: نامەم پێ نییە!

شت و مەکەکانی گەڕاین، تێیدا نەبوو.

پێم وت: ئەگەر نامەکەمان نەدەیتێ، هەموو جلەکانت لەبەر دادەنێین.

ناچار دەستی برد بۆ پرچ(کەزی) یەکەی و نامەکەی دەرهێنا، لێمان وەرگرت و خێـرا گەیشتینەوە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم)، کە کردیەوە، دیار بوو لە (حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەع)ەوە نوسرا بوو بۆ سەرانی قورەیش.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ناردی بە شوێن (حاتەب)دا، عومەری کوڕی خەتتاب -خوا لێـی ڕازی بێت - فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا ! لێم گەڕێ، با سەری ئەم دووڕوو(منافق)ـە بپەڕێنم.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لە (حاتەب)ی پرسی: (مَا حَمَلَكَ عَلَى هَذَا؟) چی ئەم کارەی پێ کردیت؟

فەرموی: سوێندم بە خوای گەورە باوەڕم هەر وەکو خۆی ماوە، ئەم کارەشم لەو ڕووەوە نەکردووە، کە لە ئیسلام پەشیمان بووبێتمەوەو بە کوفر ڕازی بووبێتمەوە، بەڵام جەنابت دەزانی، کە من کابرایەکم، هیچ کەس و کارێکم لە ناو قورەیشدا نییە، هەموو یاوەرەکانی تر، خزم و کەس و کارو تیـرەو هۆزیان لە مەککە هەیە، کە ماڵ و منداڵ و سامانیان دەگرنە خۆ.

منیش وتم: بەڵکو خوای گەورە دڵی یەکێك لە سەرانی قورەیش نەرم بکات و، منداڵەکانم بۆ بگرێتە خۆ.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرموی: (صدَقَ، لاتقولُوا له إلاّ خَـيرا) واتە: ڕاست دەکات، جگە لە قسەی جوان هیچی تری پێ نەڵێن، بەڵام عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێـی ڕازی بێت) فەرمویەوە، ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ئەمە خیانەتی لە خواو پێغەمبەرو موسوڵمانان کرد، لێم گەڕێ، با بدەم لە گەردنی.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: (وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ تَعَالَى اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ ،فَقَالَ: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ).

واتە: تۆ نازانیت، خوای گەورە بە ئەهلی (بەدر)ی فەرموو: چی دەکەن بیکەن وا لە هەموتان خۆش بووم.

لە ڕیواتی تردا هەیە: چی دەکەن بیکەن، بەهەشت شایانی ئێوەیە.

سەیدنا عومەر -کە خۆیشی لە ئەهلی (بەدر)ە -فرمێسك بە چاویدا هات و فەرموی:خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی زاناترن، پاشان ئەو ئایەتانەی سەرەتای (الممتحنة) هاتە خوارەوە.

شێخی شەنقیتی -ڕەحمەتی لێبێت - دەفەرموێت: موفەسیرین ڕایان لەسەر ئەوە کۆیە، کە ئەم ئایەتە لەسەر (حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە) هاتۆتە خوارەوە.

بەڵام دەرس و پەندو ئامۆژگاری لە مانای ئایەتەکان وەردەگیرێت و، هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی قورئان تایبەت ناکات بە خۆیەوە.

ئەوجا دەفەرموێ: ئەم حوکمی کوفرەش، کوفری کۆن و نوێ دەگرێتەوە، وەك: کوفری جولەکەو دیان و دووڕوو کۆمۆنیست وهندۆکی و بودایی و ..هتد

هەروەها هەر کەسێك گاڵتە بە شتێکی دین بکات، یان دین بکاتە مایەی گاڵتەو گەپ، پێدەچێت حوکمی ئەم ئایەتە بیگرێتەوە.[١]

---

(١) أضواء البيان ٨/ ١٣٠-١٣١. البخاري ٧/ ٤٠٠ و٨/٤٨٦، مسلم ب٤ ل١٩٤١ الدرر/السيوطي ب٦ ل٢٠٢ / فتح الباري ب ٨ ل٨٧ وە ابن كثير ب٤ ل٣.

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

### ئایەتی یەکەم:

١- (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە.

پەروەردگاری مەزن، ئا بەم بانگەوازە خواییە موسوڵمانان بانگ دەکات..!

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە.. ئەوانەی ملکەچی و گوێڕایەڵی تەواویان بۆ بەرنامە پیرۆزەکەی خوا دەربڕیوە، ئەوانەی قەناعەتی تەواویان کردووە.. ئەوانە ئەوانەن کە خۆیان بە سەربازی ڕێی خواویستی دەزانن و، هیچ فەرمانێکی خوای گەورە ناخەنە پشت گوێ..

ئەمانە ئەو کەسانەن، کە بە تەواوی بۆ خوا لێ بڕاون و خۆیان بۆ بەرز کردنەوەی وشەی خوا تەرخان کردووە...

ئەم بانگ کردنە خواییە، خۆی لە خۆیدا پلەیەکی بەرزەو مایەی شانازی موسوڵمانە.

بۆیە کاتێك سەیدنا (حاتەب) گوێی لە (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ) بوو، وەك گوڵ گەشایەوەو لە خۆشیاندا دەستی کرد بە گریان، چونکە زانی هێشتا لە ڕیزی موسوڵماناندا ماوە!

ڕیزی موسوڵمانان ڕیزێکی زۆر بەڕێزو پیرۆزو بە نرخە، ئەو کەسانەی لەو ڕیزەدا وەردەگیرێن، دەبێ خاوەن باوەڕی بەتین و ویستی پاك و ورەی بەرزی گۆڕین بن.. نابێت توخنی هیچ شتێك بکەون، کە لەکەداریان بکات.

نابێت هیچ هەڵوێستێکی وا بنوێنن، کە لەسەر شەخسیەتیان بکەوێت، بۆیە هەرگیز خوای گەورە بە موسوڵمانانی نەفەرمووە: مەدزن، زینا مەکەن، خوێن ڕێژ

مەبن..هتد، چونکە ئەمانە کارو ڕەفتارێکن، لە موسوڵمان ناوەشێنەوە، بەڵکو بە موسوڵمانان دەفەرمووێ: ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ ) البقرة/٢٠٨، یان ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ ) الانفال/٢٤، یان (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ ) الحجرات/٦ وە هەروەها.

ئەم ئایەتە یەکێکە لە بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت، بۆ بەرپەرچدانەوەی (خەواریج)، کە خەڵکی بە گوناح کردن کافر دەکەن!

ئەوەتا خوای گەورە، هێشتا سەیدنا (حاتەب) بە موسوڵمان دەزانێت، گەرچی ئەو کارە دژوارەشی ئەنجام دا کە جاسوسییە بۆ کافری شەڕانی.

کەوا بوو: موسوڵمان بە گوناحی( غَيـرَ مُكَفِر)، گەر بە حەڵاڵی نەزانێت کافر نابێت، گەر بە حەڵاڵی زانی بیکات، یان نەیکات کافرە.

٢- خوای گەورە دەفەرمووێ: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ ) واتە: دوژمنی من و دوژمنی خۆتان، مەکەنە سەرپەرشتیارو دۆست و ئەربابی خۆتان! (العَدُو)، چونکە لەسەر وەزنی( مفعول) هاتووە، چاوگە و بە یەك تاكی دوژمنیش دەوترێت و بە کۆمەڵێکیشی، وەك خوای گەورە دەفەرمویێت: ( فَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوّٞ لَّكَ وَلِزَوۡجِكَ ) طه/١١٧.

واتە: وتمان: هۆ ئادەم! ئەمە - ئیبلیس - دوژمنی خۆت و هاوسەرەکەتە بۆ کۆ (جمع) یش، هەر دەربارەی شەیتان دەفەرمووێ: (أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢ) الكهف/٥٠.

واتە: ئەوە چۆن ئەوو نەوەکانی، لە جیاتی من دەکەنە سەرپەرشتیارو دۆستی خۆتان، کە دوژمنیشتانن؟!

لێرەشدا(عدو) بە مانای کۆ هاتووە، چونکە دواتر، هەر بە شێوازی کۆ ڕاڤەی دەکات وەك: أَوۡلِيَآءَ ، تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم ، كَفَرُواْ..

لێرەدا دوژمن بۆ دوژمـنی تایبەتیش و دوژمـنی گشتیش هاتووە مەبەست لە دوژمنە گشتیەکان لەوەدا دەردەکەوێت: کە دەفەرموێت: ( وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ ) و، مەبەستی دوژمنە تایبەتیەکانیش، کە کافرانی مەککە بوون، لەوەدا دەردەکەوێت: کە دەفەرموێت: (يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ).

وەسفی( کفر) هەموو شێوازێکی کوفر دەگرێتەوە لە هەر کات و جێیەکدا بێت. باس کردنیشی لێـرەدا بە مەبەستی دوژمـنی تایبەتی و گشتیی، بۆ زیاتر تەئکید کردن و زیاتر بایەخ پێدانە.

پێش خسـتنی ( دوژمـنی من) پێش( دوژمـنی خۆتان) یش خاڵێکی عەقیدەتی و ڕەوانبێـژی (بەلاغی)یە، چونکە موسوڵمان دەبێت ئەوە بە بەڵگەنەویستی باوەڕەکەی بزانێت، کە دەبێت دوژمـــنی خوا بە دوژمـنی سەرسەختی خۆی بزانێت و، دوژمندارێتی کەسێك باوەڕ دەهێنێت، دەست بەجێ دوژمنداری لەسەر هەڵدەگیرێت.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ أَوۡلِيَآءَ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ) النساء/٨٩.

واتە: کەسیان (لەو موسوڵمانانەی لە مەککە مابوونەوەو کۆچیان نەکردبوو بۆ مەدینە (گەرچی خاك و کۆمەڵگەو ئاڵای ئیسلامی جوێ بوو بووەوە)، مەکەنە سەرپەرشتیارو دۆستی خۆتان، تا بۆ خوا کۆچ دەکەن.

موسوڵمان، خوای گەورەی لە هەموو شتێکی تر زیاتر خۆش دەوێت،لە خۆشەویستیدایە، کە دەیپەرستێت، ملـی بۆ فەرمانەکانی خوا کەچ دەکات، گوێ ڕایەڵە بۆ بەرهەڵستییەکانی، ئەو کەسانەشی خۆش دەوێت، کە خوای گەورە دەپەرستن و ئەویش خۆشی دەون، چونکە تەوەری باوەڕ، هەموویانی خستۆتە سەر یەك ڕێبازو، پێکەوە پەیوەستی کردوون.

موسوڵمانێك ئەوە سیفەتی بێت، ئاوا خوای گەورەی خۆش بوێت، ئیتـر چۆن دوژمـنی خوا دەکاتە دۆستی خۆی و خۆشی دەوێت! چ جای ئەوەی دۆستایەتیی و هاوکاری بکات و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی بدات؟!

هەیهوو، هەیهوو.. ئەو كەسەی دوژمنی خوا بێت، بێگومان دوژمنی سەرسەختی ئێمەشە، كەوا بوو هەر لە سەرەتاوە دەبێت ئێمەی موسوڵمان، لە ناخی دڵ و دەرونمانەوە ڕقمان لـێی بێت. سەرزارەكیش، دەبێت دوژمنداریی بكەین، دەنا زۆر ئەستەمە كەسێك خوای خۆش بوێت و، لە هەمان كاتیشدا دوژمنی خواشی خۆش بوێت..

زەججاج ( زمانەوانییە) دەفەرموێت: لەم ئایەتەدا پاش و پێش، بە مەرج و وەڵامەكەی كراوە واتە: إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ ، لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ .

٣- (تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ ). (بـ)ـەكە هۆیە، واتە: بە هۆی ئەو دۆستایەتیی و خۆشەویستییەوە، هەواڵ و نهێنییان پێدەگەیێنن - بالمودة- بالنصیحه یە.

بە ئامۆژگاری كردن..ئەمە گلەیی و سەرزەنشتە.. چۆن ئێوە خۆشتان دەوێن و دەتانەوێن و پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستن و، نهێنـی موسوڵمانانیان پێ دەگەیێنن و دژی موسوڵمانان ڕێنیشاندەرییان دەكەن؟!!

ئای چ هەڵەیەكی نابەجێیە! وای، چ تاوانێكی گەورەو خیانەتێكی كوشندەیە؟!

چۆن دەكەویە دۆستایەتیی و لایەنگری دوژمنێكی واوە، كە دوژمنـی خوای گەورەو دوژمنی سەرسەختی خۆشتە؟!!

شاعیر دەڵێت:

إذا صافَى صدِيقُكَ مَنْ تُعادِيْ..... فَقَدْ عَاداكَ وانْقَطعَ الكَلَامُ

هەركەست دی بە هەر شێوە دوژمنـی تۆی خۆش دەوێ
دوژمنـی سەر سەختی تۆشە، شادی پێی، یا ناتــەوێ!

ئەگەر كەسێك دوژمـنی خوای گەورەی كردە دۆست و خۆشەویستی خۆی، هات وچۆ كردنیشی پێویست دەبێت، تا پێكەوە ژیان و تێكەڵاوی و هاوبەشی

کردنی یەکتریش، لە کاروباری ژیاندا زۆر تر ببێت، ئیحتیمالی ڕازو نیازو نهێـنی درکاندنیش زیاتر دەبێت.

ئەگەر دوژمن گەلۆریش بێت، سەرئەنجامی ئەو تێکە ڵاوی و پێکەوە ژیانە، نهێـنی موسوڵمانانی بەر گوێ دەکەوێت، چ جای ئەوەی دوژمنێکی زیت و وریاو زۆرزانیش بێت!

وەکو دوژمنانی سەردەمی ئێستای ئێمە. بە تایبەت ئەندامانی دەزگا سیخوڕیەکانیان، جا کەوا بوو، هەر باشتر وایە موسوڵمان هەر لە سەرەتاوە نە خۆی هەڵخەڵەتێنێت و، نە موسوڵمانانیش، بە بەهانەی ئەوەی: وریایە و ئاگای لە دەم و لەفزی خۆیەتی! با دوژمنانی خوا ببوغزێنێت باشترە، وەك لەوەی پەیوەنییان لەگەڵ ببەستێت.

ئەم سەختگیریی و هەڵوێست ڕەقییە، لە مەسەلەکانی عەقیدەدان، دەنا موسوڵمان پێویستە ئەهلی بەزەیی و ڕەفتاری جوان و بەرز بێت و، تێکەڵی هەموو چین وتوێژێکی کۆمەڵگەکەی بکات، بێگومان بەو هیواو ئەندازەی، کە بتوانێت بانگەوازەکەی خوایان پێ بگەیێنێت و لە ئیسلامەکەیان تێ بگەیێنێت

٤- (وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ ) چ تاوانێکە!! ئەوانە، نەك هەر نایانەوێت باوەڕ بەو حەقیقەتە بهێنن، کە بۆ موسوڵمانان هاتووە، بەڵکو موسوڵمانان دەگرن و ئەشکەنجەیان دەدەن و دەیانکوژن و دەیانبڕن.. لە جێ و ڕێی خۆیان دەریان دەپە ڕێنن.. نەك هەر خۆیان، پێغەمبەرە ئازیزو خۆشەویستەکەی خواش، ئەو ڕێبەرە نەرم و نیان و بەبەزەیی و دڵسۆزە!! لە دیدو دڵ و دەرون و غیرەتی موسوڵماندا دەرکردن و، هەوڵدانی تیـرۆر کردنی ئەو پێغەمبەرە نازدارە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )زۆر کاریگەر ترە، وەك لە دەرکردن و کوشتنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان..

ئێستا وا ئەو دوژمنانەی خوا، ئەو پێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێشەوایە دەردەپەڕێنن.. ڕاوی دەنێن.. بە دوویەوەن و ناهێڵن لە جێیەکدا ستار بگرێت..

وای، کە هێـزی کوفر ڕقن و دڵڕەق و سەرسەخت و دڕە ندەن.. کەسێك وا دڕندە بێت، چۆن شایانی دۆستایەتی تۆ دەبێت؟

ئێوەش و پێغەمبەریش لە جێـی خۆتان، لە شاری خۆتان لە هۆزو تیـرەو خـێزانی خۆتان، بێ پارەو پوول، بێ نان و ئاو دەردەکەن!! ئیتـر چۆن ئێوە پێتان ڕەوا دەبێت، ئائەم دڕندانە بکەنە دۆست و ئەحباب و ڕازی موسوڵمانانیان لا بدرکێنن.

٥- ( أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ..) تەماشا کە! خوای پەروەردگار ئەوە دەخاتەوە پێش چاوی موسوڵمانان، کە هەر ئەو هۆیەی بۆتە مایەی خۆشـحاڵی و سەربەرزی و سەرفرازی ئێوە، کە دینەکەتانە، هەر ئەویشە ئەو دوژمنە گێل و دڕندانە کردویانەتە هۆکاری دوژمندارێتی و ڕق و کینەکەیان!

کەوا بوو: ئەو شتەی لای ئێوە زۆر بە ڕێزو بە بەبایەخە، لای ئەوان سووك و بێ قەدرە، ئەمانە هەر لەبەر ئەوە دەرتان دەکەن چونکە باوەڕتان بە خوای خۆتان هێناوە، چونکە دەزانن گۆڕانکارییە سەرەکییەکەی بەسەر ئەم خەڵکەدا هات، دینەکە کردی.

شایەتمانەکە بووە شۆڕشـی گۆڕانکاری ناخی تاك و واقیعـی کۆمەڵگەکە.. بۆیە ئێستاش لەم سەردەمی فەرعەنەتەی ئەمریکادا، وا ڕقیان لە دینەکەمان هەستاوەو لە عەقیدە سەلەفیەکەمان تۆقیون!

٦- (إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ..) ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و لەبەر خاتری خواو لە پێناوی ڕێبازی خوادا هاتوونەتە دەرەوەو هیجرەتتان کردووە.

ئەدی بۆچی ئەو دوژمنانەتان قبوڵە؟! نابێت، ئەمە کارێکی ناپەسەندە..ئێوە دەبێت ئەوانە بیوغزێنن. بە دوژمنـی خۆتانیان بناسن.

نابێت بە هیچ شێوەیەك - تەنانەت لە دڵ و دەروونیشتاندا- ئەوانتان بوێت.. ئەگینا زەرەرمەند دەبن، خۆ خوای گەورە ئاگادارە گەر کەسێك شتێك لە دڵ و

دەروونیدا بشارێتەوە. خوای گەورە هەموو ڕەوت و هەڵس و کەوتێکتان دەبینێت، ئاشکرا بێت، یان نهێنی و شاراوە..

٧- (تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ) ئێوە بە دزییەوە پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستن! خۆ من بە هەموو شتێکتان دەزانم، چ ئەوانەی دەیشارنەوە چ ئەوانەی ئاشکرای دەکەن.

خوای گەورە کە دەفەرموێت: (تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ) نەیفەرموو: (وانا اعلم بما أسررتم وما أعلنتم)، چونکە زانینی هەستی شاراوە گرنگترە لە زانینی شتی نهێنی.

بۆیە لە جێیەکی تردا دەفەرموێت: (يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى) طه/٧.

واتە: خوای گەورە هەموو نهێنییەك و شارراوەیەك دەزانێت.

واتە: نهێنی و شاراوەتر لەو، ئەمەش خاڵێکی جوانی داڕشتنی ڕەوانبێژییە.

جا ئەگەر خوای گەورە لە نهێنی شاراوەتر بزانێت، ئیتر چۆن موسوڵمان لە ژێرەوە کافرانی دەوێت وخۆشی دەوێن!

٨- (وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ السَّبِيلِ) واتە: هەر کەسێکتان وا بکات، ئەوە گومرایەو ڕێی ڕاستی ون کردووە! ئای، چ هەڕەشەیەکی گەورەو سەختە! تەنها موسوڵمانی ڕاست و تێگەیشتووی خاوەن دڵی زیندوو دەزانێت ئەم هەڕەشەیە چەند ترسێنەرە، گومرا بوون، ڕێ بزر کردن..

واتە: هەرچیت کردووە، تا ئێستا بە هەدەرت دا! خەرمانەکەت سوتاند،گرت بەردایە شارای چاکەت،ئای چ زیانێکی گەورەیە!

## ئایەتی دووەم:

(إِن يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ ۝٢)

١- ئەوانە هەر بەوەندەی بە سەرتاندا زاڵ ببن و دەستیان بتانگاتێ، هەر بەوەندەی دەستیان لە ئێوەی لاواز گیـر ببێت، دوژمنداریێتییەکەی خۆیان بە پیسترین شێوەو، بە هەرچییەك لە دەستیان بێت، دەردەبڕن.

بەدەست، بە چەك، بە لەناو بردن، کوشتن و بڕین و گرتن زیندان و ئەشکەنجە و سزا، برسی کردن و زەلیلـی و دەرکردن،تاڵان کردن و کۆیلەیی، سوك و ڕسوا کردن.. هیچ ڕێیەك نامێنێت بۆ ڕیشە کێش کردنتان نەیگرنە بەر!

چ بە زمان، بە بەپەرچدانەوەی حەق، بە درۆ خستنەوەی خواو پێغەمبەرانی خوا، بە سومعە شێواندن و ناووناتۆرە لێنان، درۆو دەلەسە، بوختان و هاندان و فریو دانی خەڵکی ساویلکەو بەکارهێنانیان بۆ لاوازکرنی حەق و ئەهلی حەق، بە هەڵخەڵەتاندنی خۆش باوەڕە گێلەکانی نێو ڕیزی موسوڵمانان! هیچ شێوەیەك نامێنێت بۆ سووك کردنتان نەیگرنە بەر!

٢- (لَوۡ تَكۡفُرُونَ..) دەیانەوێت پاشگەز ببنەوە! بگەڕێنەوە بۆ کوفر! دەیانەوێت لەو هێمـنی و ئاسایشەی کەناری باوەڕ، دەرتان بهێنن! لە ئارامیی و سەرفرازیی تەقواکاریی لە بەختەوەریی و خۆشـحاڵی خواویستی. لە متمانەی یەکڕیزیی و پتەوی گیانی برایەتیی و دینداریی، لە ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی، لە دەم و دەست و داوێن پاکیی! لە خووڕەوشتی قورئانی.. لە ڕەنجێکی بەردەوام و هەوڵێکی نەبڕاوەدان بۆ دەرهێنانتان لەم هەموو خێـرو خۆشییە.

دەیانەوێت لەو لوتکەی ڕەوشت بەرزیی و دەرون دامەزراویی و پیاوچاکییەوە بتانگێڕنەوە بۆ زۆنگاوەکەی جاهیلی، بۆ بێ باوەڕی و سەر لێشێواویی، بۆ گومڕایی

و بزر بوون! بۆ نەمانی شەخسیەت و دۆڕاندن، بۆ زوڵم و ستەمە نارەواکەی جاران، بۆ دزی و گزی و فێڵ و تەڵەکە بازییەکەی پێشوو! بۆ خوونەریتە بۆگەنەکانی جاهیلییەت.. بۆ داوێن پیسی و کردەوە بەدەکانی..

ئای چ ئامانجێکی پیس و نالەبارە؟! ئای ئەگەر خوا نەخواستە گێـڕڕاینەوە بۆ کوفر، چ زیانێکمان لێدەکەوێت، کوشتن و ڕیشەکێش کردنمان ئاسانترە لە گەڕانەوە بۆ خۆخۆرییەکەی کوفر.. هەرچی سزاو ئەشکەنجەو ناسۆر هەیە، ناگاتە ژانی بە کافر بوونەوە!

نابینیت پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرمووێ: (ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ، وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ، أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ، أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ).

واتە: سێ هەن لە هەر کەسێکدا هەبن، شیرینی باوەڕیان پێ دەچێژێت، ئەگەر خواو پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم )لە هەموو کەسێکی تر خۆشتر ویست، ئەگەر هەر کەسێکی خۆشویست، تەنها لەبەر خاتری خوا خۆشی بوێت، هەروەها ئەوەندەشی گەڕانەوە بۆ کوفر پێ ناخۆش بێت، وەك ئەوەی بیگرن و فڕێی دەنە نێو ئاگرەوە!!

## ئایەتی سێ یەم :

(لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْۚ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٣﴾)

١- (لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْۚ) نە کەس وکار، نە خێـزان و منداڵە کانتان سوودتان پێ ناگەیێنن، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت شتێکتان پێ بگەیێنێت، خۆ کەس و کارتان ناتوانن ئەو شتە ڕەت بکەنەوە.

ئەمە لە دنیادا، لە ڕۆژی دواییشدا بێگومان ناتوانن هیچ سوودێکتان پێ بگەیێنن.. جا ئیتـر بۆچی لەبەر خاتری ئەوان خۆتان دەڕەنجێنن و، لە ڕووی شەرعەوە خۆتان پیاو خراپ دەکەن؟!

پیاوی ئاقڵ، چۆن ڕەزامەندی خوای گەورە دەخاتە لاوە بۆ سەلامەتی کەس و کار، یان ماڵ و منداڵ؟! بە تایبەتی، کە لە ڕۆژی دواییدا، نە تۆ دادی کەس و کاری کافرت دەدەیت، نە ئەوانیش دەتوانن بێن بە هانای تۆوە.

کابرایەك لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ی پرسی: باوکم مردووە،ئێستا لە کوێدایە؟

فەرمووی: (فِي النَّارِ). لە ئاگری دۆزەخدایە.

کابرا بە خەمبارییەوە ڕۆیشت، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگی کردەوەو فەرمووی:( إِنَّ أَبِي وَأَبَاكَ فِي النَّارِ) أخرجه مسلم.

واتە: باوکی منیش و باوکی تۆش لە ئاگردان.

٢- (يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْۚ) ڕۆژی دوایی لێکتان جوێ دەکاتەوە، هەر کەسەو بۆ لایەك، ئەوی ئەهلی باوەڕو تەقوایە بۆ بەهەشت و، ئەوی ئەهلی کوفریشە بەرەو دۆزەخ، بەرەو خەشم و غەزەبی خوای بە دەسەڵات! جا ئیتـر چۆن دینی خۆتان واز

لێ دەهێنن و خۆتان دەدۆڕێنن و، لەبەر خاتری ماوەیەکی تری ژیانی خۆتان وماڵ و منداڵتان، غەزەبی خوا لە خۆتان هەڵ دەستێنن؟!

چۆن دەبێت سۆزی باوکایەتی و هاوسەرێتیی لە خۆشەویستی خوا بەهێزتر بێت؟!

چۆن دەبێت خۆشەویستی کەس و کار، بەو ڕادەیە باوەڕ لاواز بکات؟!

موسوڵمان دەبێت، هەر لە سەرەتاوە لە کافران تەبەڕا بکات، چ جای دۆستایەتیان بکات، ئەمەش داواکاری شایەتمانە.

(قازی ئەبو یەعلا) دەفەرموێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەو ڕایەی، کە دەڵێت: ترسی ماڵ و منداڵ و کەس و کارو سامان، مۆڵەتی ئەوە نادات کەبە توقیە[١] کوفر دەر ببڕرێت، چونکە ئەو کوفرە، کە سەرزارەکییە، ناچارییە و لە کاتی مەترسی بوونی کوشتنی نەفسی خۆتدا دەبێت، واتە: دڵنیای، کە ئەگەر ئەو کوفرەی ئەوان نەڵێیتەوە دەتکوژن...

بۆیە خوای گەورەش هیجرەتی لەسەر موسوڵمانان فەرز کردووە، تا کەس بە بەهانەی پاراستنی ماڵ و منداڵ و کەس و کاری، لە ژێر ئاڵای کوفر و حوکمی کافراندا، خۆ مت نەکات و واز لە کۆچ کردنی بهێنێت.

یفصل بە ( تُفصلُ، یُفصلُ، یُفصل، یُفَصلُ)ش دەخوێنرێتەوە.

٣- (وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ) خوای گەورە ئاگادارە چی دەکەن، چونکە بینەری هەموو کارو کردەوەکانتانە.

نەیفەرموو: (خَبیـر)، چونکە پلەی بینین لە زانین بەرزترە.

---

(١) توقیە، ئەوەیە: کە لە ترسی کوشتنت، تەنازول بۆ کافران بکەیت و، بە ڕواڵەت بچیتە سەر ڕاکەی ئەوان، تا لێت بگەڕێن.
بێگومان دەبێت دڵت هەر پڕ لە باوەڕ مابێت و کارێکی واش نەکەیت، موسوڵماتی تر بخەیتە داو..

## چەند خاڵێکی سەرنجدان :

١- دۆستایەتیی و دوژمنایەتیی دەبێت، بە گوێرەی دیـنی خوا بێت، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین و کاریگەرترین خاڵی عەقیدەی ئیسلامەتی، ڕاست و چەوتی دینداریی موسوڵمان و ڕادەی ئیسلامخوازیی، بەم دۆستایەتیی و دوژمنداریێتییە دەپێورێت، ئەمەشە (الولاء و البراء).

٢- دۆستایەتیی و خۆشویستن و لایەنگری کافران، دەوڵەت بن، یان حزب و تاك حەڕامە و، نابێت بە هیچ شێوەیەك موسوڵمان بکەوێتە ناوی.

٣- ئەو کەسەی نهێنـی جەنگی موسوڵمانان، بە هێـزی کافران بگەیێنێت، حوکمێکی سەختی هەیە، کە دەگاتە کوشتن، با نوێژو ڕۆژوشی هەبێت.

٤- خوای گەورە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کافری جەنگیی دڵڕەق و توندو تـیژن و، بەزەییان بە موسوڵماندا نایەتەوە، نرخ بۆ دۆستایەتی و پەیوەندییان لەگەڵ موسوڵماندا - گەر پێچەوانەی بەرژەوەندیان هاتەوە- دانانێن.

٥- هـێزی کوفر سوورە لەسەر گـێڕانەوەی موسوڵمانان بۆ کوفرو، کۆڵ نادات و هەموو ڕێگایەك بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە دەگرێتە بەر،وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْ ) البقرة/ ٢١٧

٦- دەبێت چاو لە هەڵەی موسوڵمانی ڕاستگۆ بپۆشرێت، مادام هەڵەکە ناگاتە پلەی کوفر، دەبێت ڕابوردووە ئیسلامییەکەی لەبەر چاو بگیرێت.

٧- خزم و کەس وکار، ئەگەر موسوڵمان نەبن، لە ڕۆژی دواییدا بە هانای موسوڵمانەوە نایەن، نە ئەم سوودی بۆ ئەوان دەبێت و، نە ئەوانیش بۆ ئەم.

## چەند خاڵێکی تری پەروەردەیی

١- لە لایەکەوە مرۆڤ سەرسام دەبێت لەوەی، کە چۆن یەکێکی وەك سەیدنا (حاتەب)، کە ئەهلی (بەدر)ەو، یەکێکە لەو کەسە کەمەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە نهێـنی جەنگی لا درکاندووە، کەچی ئاوا لە ساتێکی لاوازی مرۆڤانەدا، سۆزی بیـری ماڵ و منداڵ و کەس و کار، زاڵ دەبێت بەسەر ئەو لایەنە گرنگەیدا، کە یەکێکە لە ڕازگرو متمانە پێکراوانی جەنگ!

کەوا بوو: ئێمەی موسوڵمان هەمیشەو لە هەموو قۆناغەکانی ئاراستەو پەروەردە کردن و گۆڕانکاریی دەوروبەردا، دەبێت ئەم خاڵەمان لەبەر چاو بێت.

٢- زیرەکیی و بلیمەتیی و گەورەیی پێغەمبەری فەرماندە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) کاتێك ئەو گلانە لە یاوەرێکی دەبینێت، دەست بە جێ سزا دەر ناکات، بەڵکو دوای ئاشکرا بوونی لێـی دەپرسێت: چی ئەم کارەی پێ کردیت؟ پاشانیش، کە ڕاستگۆیی سەیدنا (حاتەب)ی بۆ دەرکەوت، نافەرموێ:کارەکەت لە نیەتت گەورەترەو، دەبێت هەر سزایەك بدرێیت! بەڵکو بە یاوەرانی تری دەفەرموێت: ڕاست دەکات.. جگە لە قسەی جوان هیچـی تری پێ نەڵێن.

پێغەمبەری پێشەوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، سوارە گلاوەکەی خۆی ئاوا هەڵدەستێنێتەوە و، هەر بەو هەڵەیە، ئەویش و یاوەرانی تریشی، ئاراستەی پارسەنگێکی باشتر دەکات.

٣- هەڵوێستی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب، (خوا لێـی ڕازی بێت)، هەڵوێستی موسوڵمانی پابەندو دڵسۆزە، سوورە لەسەر پاراستنی پاکیی ڕیزی موسوڵمانان.

ئەمەش شتێکی داوا کراوە لە موسوڵمان، کە دەبێت ڕقی لە هەموو کارێك هەستێت، کە دەبێتە هۆی لاوازیی ئیسلام و موسوڵمانان، با ئەو کارە دژوارە لە

پێشڕەوانی موسوڵمانان و پیاو ماقوڵانیشیەوە بێت، چونکە ئیسلام و ئوممەتەکەی، لە هەموو موسوڵمانێك گەورەترن.

٤- هەڵوێستی پڕ باوەڕی سەیدنا (حاتەب)، کە هێـزی کاریگەرو کارتێکردنی گەردوون و دەروون، هەر بۆ خوای پەروەردگار دەگێڕێتەوە، چونکە هەر ئەوە هێـزو ویستی ڕوداوو گۆڕانکاری بۆیە فەرموی: وتم: بەڵکو خوای گەورە دڵی یەکێك لە سەردارانی قورەیش نەرم بکات و، ماڵ و منداڵەکەم بۆ بگرێتە خۆ..

٥- بەئەدەبی و ڕەوشت بەرزیی موسوڵمانان، کاتێك ئەو هەڵوێستە هەڵەیان لە یەکێك لە خۆیان دی، کەس لە لای خۆیەوە نەکەوتە تـیرو توانج گرتنە سەیدنا (حاتەب) و، پێشنیار کردن و بۆ تێچان و حوکمدان! بەڵکو هەر یەکەیان وای حسێب دەکرد، کە ئەو بارودۆخە لارە بەسەر خۆی هاتووە، بۆیە هەموویان بە ئەدەبەوە چاوەڕوانی فەرمانی پێغەمبەری پێشەواو بەبەزەییان دەکرد!

## باسی حوکمی جاسوس

شێخ (أبو بصير عبد المنعم مصطفى حليمة) فەتوایەکی بە کورتی لە ساڵی (٢٠٠١) دا بڵاو کردەوە، کە بە گونجاوو پێویستی دەزانم لێـرەدا بیخەمەوە پێش چاوی خوێنەران، تا دژواریی مەسەلەی جاسوسییان لەبەر چاو بێت و، خەڵکی تریشی لێ حاڵی بکەن.

شێخ دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەفەرمووێ:

(.. بزانە کە هەر کەس جاسوسی بکات بەسەر موسوڵمانانەوە و، عەیب و عارو باسی بارودۆخ و کەم و کورتییەکانیان -بە تایبەتی هی موجاهیدەکانیان - بگەێنێتە دوژمنە کافرە تاوانبارەکانیان، جا چ کافری ئەسڵی بن، چ لە دین هەڵگەڕاوە (مورتەدد)ـەکان، ئەمیش کافر دەبێت وەکو ئەوان.

واتە: حوکمی شەرع دەربارەی ئەوان چۆنە، هی ئەمیش وای لێ دێت. چونکە دەچێتە ژێر حوکمی شەرعی ئەو کەسانەوە، کە وەلائی خۆیان بە کافران داوە و، ئەوانیان بە سەرپەرشتیارو دۆست قبوڵ کردووە، بەمەش لە بازنەی ئیسلام چوونەتە دەرەوە و، حەتمەن دەبێت بە کافری بکوژرێن.

خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَمَا هُم بِمُؤۡمِنِينَ ﴿٨﴾ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخۡدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ﴿٩﴾) البقرة/٨-٩.

واتە: کەسانی وا هەن، کە بە زمان دەڵێن: باوەڕمان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هێناوە، بەڵام ڕاست ناکەن و موسوڵمان نەبوون.

ئەوانە -بە حسابی خۆیان - گوایە: فێڵ لە خوا دەکەن و موسوڵمانان هەڵ دەخەڵەتێنن! بەڵام لە ڕاستیدا - بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن -خۆیان فریو دەدەن.

خۆ فریو دانەکەیان ئەوەیە، کە سەرزارەکیی ئیسلامەتی نیشان خەڵکی دەدەن و، بە ڕواڵەت موسوڵمانێتیی دەردەخەن و، خۆیان بە موسوڵمان دەدەنە قەڵەم، لەولاشەوە بۆ بەرژەوەندی دوژمنە تاغوت و کافرە تاوانبارەکان، جاسوسی دەکەن.

هەروەها دەفەرمووێ: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًا ) الحجرات/١٢.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! زۆر خۆ بە دوور بگرن لە گومانی بەد بردن و توخنی نەکەون، چونکە هەندێك گومانی بەد گوناحە، جاسوسییش مەکەن و غەیبەتی یەکتریش مەکەن.

## جاسوسی بە گوێرەی پاڵنەر( دافع)ــە کانیەوە دوو جۆرە:

* جۆرێکیان هەر لە فزولی کابرا خۆیەوە دێت، واتە: تەبیعەتێکی جاسوسیانەی هەیە و، هەر خۆی لە خۆیدا حەز دەکات نهێـنی خەڵکی بزانێت، تا دوایی بە خۆشیی و خۆ هەڵکێشانەوە، لە ناو کۆڕو کۆمەڵی گشتیی و تایبەتی خۆیدا باسی بکات!

هەر حەز دەکات باسی کەم و کورتیی و هەڵەو پەڵەی خەڵکی بکات و، خۆی پێوە بادات، گوایە: بەڵگەی هەیە، کە فڵان کەس وای کردوو وا لە فیسار قەوماوە.

بۆیە دەبینیت خوای گەورە، لە دوای باسی ئەم جاسوسێتییە، ئاماژە بە غەیبەت کردن دەکات، چونکە غەیبەت بەرهەمێکی سروشتیی و حەتمیی جاسوسی کردنەکەیە، هەر کەسێك جاسوسیی بکات، حەتمەن دوایی هەر دەکەوێتە غەیبەتی ئەو کەسانەوە، کە جاسوسێتییەکەی لەسەریان کردووە، چونکە زانیاری لەسەریان لا کۆبۆتەوە!!

* جۆرەکەی تر گشتییە: پاڵنەرو هۆی ئەنجامدانی ئەم جۆرە جاسوسیەیان، هەر ئەو حەزە مونحەریفەیە، کە لە کابرادا هەیە! کە حەز دەکات ئەو زانیاریانەی دەستی

دەکەون، زوو بیکاتە ڕاپۆرت و، بۆ تاغوت و کافرو موشریك و دوژمنانی خوایان بەرز بکاتەوە.

ئەمەش (وەلاء) دانە بە کافران، ئەمەیان لە هەموو شێوەیەکی جاسوسی دژوار ترە و، سزاکەشی لە هەموو جۆرێکی تر سەختترو قورسترە، چونکە ئەمەیان لە خانەی کوفری گەورەدایەو، حەتمەن خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام و ئوممەتی موسوڵمان دەباتە دەرەوە.

ئەو بەرهەڵستی (نەهی) یەی لەو ئایەتەشدا هاتووە، هەردوو جۆرە جاسوسیە (تایبەتیی و گشتییەکە) دەگرێتەوە، گشتییەکەش شایان ترە بیگرێتەوە، وریای بە!

لە حەدیسی سەحیحی پێغەمبەریشدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)هاتووە کە فەرموویەتی: (إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا تَحَسَّسُوا وَلَا تَبَاغَضُوا وَكُونُوا إِخْوَانًا)[١].

واتە: حەزەرتان ببێت لە گومانی خراپ، چونکە گومانی خراپ درۆترین قسەیە، جاسوسی مەکەن (نەخۆتان بە شەخسی بیکەن، نە خەڵکیش بۆ جاسوسی بنێرن) کینەو بوغز بەرامبەر یەکتریی بەکار مەهێنن، برا بن لەگەڵ یەك..

هەروەها دەفەرمووێ:(مَنْ أَكَلَ بِرَجُلٍ مُسْلِمٍ أَكْلَةً فَإِنَّ اللَّهَ يُطْعِمُهُ مِثْلَهَا مِنْ جَهَنَّمَ.. وَمَنْ كُسِيَ ثَوْبًا بِرَجُلٍ مُسْلِمٍ فَإِنَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ يَكْسُوهُ مِنْ جَهَنَّمَ.. وَمَنْ قَامَ بِرَجُلٍ مَقَامَ سُمْعَةٍ وَرِيَاءٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَقُومُ بِهِ مَقَامَ سُمْعَةٍ وَرِيَاءٍ يَوْمَ القيامَه)[٢].

واتە: هەر کەسێك پاروو( ژەم) ێکی بە موسوڵمانێك خوارد( واتە: بە پێشێل کردنی مافی موسوڵمانێك پاروە نانی خۆی پەیدا کرد)، خوای گەورە لە دۆزەخدا وەك ئەو پاروەی دەرخوارد دەداتەوە،هەر کەسێك بە موسوڵمانێك پۆشاك( جل و بەرگێك) ی پەیدا کرد، خوای گەورە پۆشاکی وای لە دۆزەخدا دەکاتەوە بەر، هەر

---

(١) بوخاری

(٢) صحیح الأدب المفرد/ البخاری. ژمارە( ١٧٩) و سنن ابی داود /٤٠٨٤.

کەسێکیش بە موسوڵمانێك، پلەو پایەیەکی بۆ ڕیاو ناوهێنانی پەیدا کرد( واتە: بە پێشێل کردنی مافی موسوڵمانێکی تر خۆی گەیاندە پلە و پایەیەکی ڕیابازی و خۆبە ناوبانگ کردن)، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا، دەیگەێنێتە پلەو پایەیەکی ناسراوو ڕیابازیی.

واتە: لە پلە وپایەیەکی وا ناسراودا خەجاڵەتی دەکات، کە هەموو کەس لە قیامەتدا بەو زەلیلی و داماوییەوە ببیننەوە.

گومان لەودا نییە، کە ئەم ئینزارو هەڕەشانەی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بۆ ترساندن و ڕاچەنینی ئەو کەسانەیە، کە ئەمڕۆ ڕاپۆرت لەسەر موسوڵمانە خواویستەکان دەنووسن و، بۆ تاغوتە ڕقن و ستەمکارەکانیان بەرزی دەکەنەوە.

بۆ وەبیر هێنانەوەو بە هۆش هێنانەوەی ئەو بەزیوانەیە، کە جاسوسی لەسەر موسوڵمانان دەکەن و، جێ و ڕێ و جم و جوڵی موسوڵمانان دەخەنە ژێر زەڕەبینی دەزگای سیخوڕانەوە.

لە پێناوی چیشدا؟!

لە پێناو پارەیەکی کەم و حەڕام و پیس، تا پـێی بلەوەڕێن و جل و بەرگی پێ بکڕن،بۆ ئەو، پارەی تاغوتان وەك خوێنپارە لە پاداشتی هەر ڕاپۆرتێکیاندا، کە لەسەر موسوڵمانان دەینووسن، فڕێی دەدەنە بەردەمیان!

ئای کە لە وڵاتانی ئێمەش لەو دەروون بەزیوو نەفس نزمانە زۆرن، لەوانەی دین و قیامەتی خۆیان، بە پارەیەکی بێ قیمەتی تاغوتان فرۆشتووە!

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرمووێ: (مَنْ اسْتَمَعَ إِلَى حَدِيثِ قَوْمٍ وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ أَوْ يَفِرُّونَ مِنْهُ صُبَّ فِي أُذُنِهِ الْآنُكُ)[١].

---

(١) صحيح سنن أبي داود /٨٨٣.

واتە: هەر کەس گوێ هەڵخات بۆ بیستنی قسەی کەسانێکی تر، کە حەز ناکەن ئەو گوێی لێبێت و لە دەستی ڕادەکەن، خوای گەورە قورقوشمی سپی تواوە بە گوێچکەیدا دەکاتەوە..

ئەمە سزاو حوکمی کەسێك بێت، کە هەر لە فزوڵی و حەزێکی خواری خۆیدا گوێ لە قسەی کەسانی تر دەگرێت، ئەدی حوکم و سزای ئەو کەسە دەبێت چۆن و چـی بێت، کە بۆ جاسوسی کردن، بۆ کافرو موشریك و دوژمنانی ئیسلام و موسوڵمانان، گوێ هەڵ دەخات و جاسوسیان لەسەر بکات؟!

هەروەها دەفەرمووێ: (يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الإِيمَانُ قَلْبَهُ لا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ، وَلا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ، فإنَّ مَن إتَّبَعَ عَوراتِهِمْ يَتْبَعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ، وَمَنْ يَتْبَعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ)[(١)].

واتە: ئەی کۆمەڵە خەڵکەی بە زمان( سەر زارەکی) باوەڕی هێناوەو، باوەڕیش داخڵی دڵی نەبووە! غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن، بە دوای عەیب و عارو کەم و کورتییاندا مەچن، چونکە هەر کەس بە دووی عەیب و عاری موسوڵماناندا بڕوات، خوای گەورەش بە دووی عەیب و عاری ئەودا دەڕوات، هەر کەسێکیش خوای گەورە بە دووی عەیب و عاریدا بڕوات، لە ناو ماڵ و منداڵی خۆشیدابێت، ئابڕووی هەر دەبات.

وای بۆ دەچم هەر کەس شوێن عەورەت و عەیب و عاری موسوڵمانان بکەوێت و لەبەر بەرژەوەندی تاغوتە کافرەکان جاسوسییان لەسەر بکات، ئەمە زیاتر شایانی ئەوەیە پـێی بوترێت: دووڕوو( موونافیق).

ئەمەش شایان ترە سیفەتی ئیمانداریی لێ داڕنرێت، چونکە جاسوسی کردن لەسەر موسوڵمانان و، ئاشکرا کردنی خاڵی لاوازییان بۆ دوژمنانی ئیسلام و موسوڵمانان، کەسێك دەیکاتە پیشەی خۆی، کە زۆر بێ ڕەوشت و هەرزەو

---

(١) صحيح سنن أبي داود/٤٠٨٣.

چەورە بێت و، لاسەنگ و فریو دەرو مونحەریف بێت و، لە زەلکاوو زۆنگاوی دووڕوویی‌یدا نقوم بوو بێت.

هەروەها دەفەرمووێ: (مَنْ حَمَى مُؤْمِنًا مِنْ مُنَافِقٍ بِغِيبَةٍ، بُعِثَ لَهُ مَلَكٌ يَحْمِي لَحْمَهُ مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ قَفَا مُؤْمِنًا بِشَيْءٍ يُرِيدُ شَيْنَهُ، حَبَسَهُ اللَّهُ عَلَى جِسْرِ جَهَنَّمَ حَتّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ)[١].

واتە: هەر کەسێك موسوڵمانێك لە دەست دووڕوویەك ڕزگار بکات، خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتتدا فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت، تا گۆشتی لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت، هەر کەسێك تانەو تەشەرێك لە موسوڵمانێك بدات بەو هیوایەی، کە سومعەی بشێوێنێت و لەبەر چاوی خەڵکی سووکی بکات، خوای گەورە لەسەر پردی سیـرات ( پردەکەی دۆزەخ) ڕایدەگرێت، تا تۆڵەی ئەوەی لێدەکاتەوە، کە وتوێتی!

جا ئەمە هەڕەشەیەك بێت، لە کەسێك بکرێت، کە سومعەی موسوڵمانێك بشێوێنێت و بیەوێت سووکی بکات! دەبێت خوای گەورە چۆن و چ هەڕەشەیەك لەو کەسە تاوانبارو خیانەتکارە بکات، کە دەیەوێت موسوڵمانێك بە کوشت بدات، یان تووشی زیندانی تاغوتە ستەمکارو دڵڕەقەکانی بکات؟!

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع (خوا لـێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کە جاسوسێکی موشریکەکان لە سەفەرێکدا هاتە لای پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، (تا نهێـنی بدزێت)، پاشان خۆی دزییەوەو بۆی دەرچوو.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: ( اُطْلُبُوهُ فَاقْتُلُوهُ).

واتە: خۆی بگەێننـێ و بیکوژن!

---

(١) صحيح سنن أبي داود / ٤٠٨٦.

منیش پێش هەموان خۆم گەیاندێ وکوشتم و، هەرچی( سەلەب)ێکی پێوە بوو: ( چەك و تفاق وپارەو شتی تر) لێم کردەوەو هێنامە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، ئەویش هەمووی دا بە خۆم.[١]

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، لە ساڵی ئازاد کردنی( فەتحی) مەککەدا، فەرمانیدا، کە ئەو ئافرەتەش بکوژن، کە نامەکەی (حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە)ی پێبوو دەیبرد بۆ سەرانی قورەیش، بێ ئەوەی داوای تۆبەشی لێ بکرێت.

ئەمەش (سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ڕۆژی ئازاد کردنی مەککە، ئەمانی دا بە هەموو کەس، جگە لە چوار پیاوو دوو ئافرەت نەبێت. ( صحيح سنن النسائی /٣٧٩١).

یەکێك لەو دوو ئافرەتە، ئەوە بوو، کە نامەکەی (حاتەب)ی دەبرد بۆ قورەیش، کە ناوی (سارە) بوو.

ئیمامی (سەحنون) دەفەرمووێ: ئەگەر موسوڵمانێك هەواڵی موسوڵمانانی دەگەیاندە کافرانی شەڕانیی (أهل الحرب)، بێ ئەوەی داوای تۆبەی لێ بکرێت دەکوژرێت، بەڵام سەروەت و سامانی، هەر بۆ وەرەسەکەی دەبێت!

ئیبن القاسم لە کتێبی(المستخرجة) دا دەفەرمووێ: تۆبە لە جاسوس وەرناگیرێت و دەکوژرێت، چونکە حوکمی جاسوس وەکو هی زەندیقە.[٢]

ئیمامی ئیبن تەیمیە دەفەرمووێ: ئیمامی (مالیك) و کۆمەڵێك لە یاوەرانی ئیمام (ئەحمەد)، کوشتنی جاسوس بە ڕەوا دەزانن.[٣]

منیش پێم وایە کە کوشتنی جاسوس لەسەر کوفرو هەڵگەڕانەوەکەیەتی، نەك لەسەر شتی تر. (والله اعلم).

---

(١) متفق عليه يە ( واتە ئیمامی بوخاری و موسلیم بە هەمان وشەو لەفز گێڕاویانەتەوە).

(٢) أقضية الرسول/ محمد بن فرج / ل١٩١.

(٣) الفتاوى ١٠٩/٢٨).

## گومان و وەڵامێك

لەوانەیە كەسێك بڵێت: (حاتەبی كوڕی ئەبو بەلتەعە) نامەی بۆ كافرانی قورەیش نووسی و، لە هێرشەكەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، كە بڕیار بوو بۆ سەر مەككەی بكات، ئاگاداری كردنەوە.

ئاشكرایە ئەمەش جاسوسی كردن و وەلاء دانە بە كافران، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) بە كافری دانەناو، فەرمانی بە كوشتنیشی نەدا، ئایا چۆن ئەم هەڵوێستە لە گەڵ باسەكەی سەرەوەدا دەسازێنین؟!

لە وەڵامدا دەڵێم: ئەوەی سەیدنا (حاتەب) كردی، هەر كوفرە، بەڵام ئەو بە كافر دانەنرا، لەبەر ئەو ئیعتیباراتانەی تر، كە هەیبوو.

ئەوانە بوونە بەربەست لە ڕێی كوفرو كوشتنیدا، ئەوەی ئەو كردی كوفرەو دووڕوویی گەورەشە( النفاق الأكبر).

هەر بۆیەش سەیدنا (عومەر) بە ئامادە بوونی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)- هەروەكو، كە لە سەحیحی (بوخاری و موسلیم)دا باسكراوە - فەرمووی:(دَعْنِي أَضْرِبْ عُنُقَ هَذَا الْمُنَافِقِ).

لە ڕیوایەتێكی تردا زیاتر هاتووە:( فإنَّهُ قَدْ كَفَرَ، فإنَّهُ قَدْ نافَقَ، فإنَّهُ نَكَثَ وَظاهَرَ أعداءَكَ عَلَيكَ)، خۆ پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) گوێی لێ بوو، بیستیشی، بەڵام كە ئینكاری لە كوفرو نیفاق وكوشتنی كرد، لەبەر ئیعتیباراتی تری بوو،هۆی تری هەبوون پاكانە بكەن، تا ئەو حوكمانەی بەسەردا نەچەسپێت. لەوانە:

١- كردەوەكەی خۆی تەئویل كرد بوو، وای لێك نەدابۆوەو گومانیشی بۆ ئەوە نەچوو بوو، كە ئەو كارەی هێندە دژوارو نارەوایە، دەیگەیێنێتە پلەی كوفرو لە ئیسلامی دەباتە دەرەوە، هەر واشی نەزانیبوو، كە زیان بە باوەڕیشی دەگەیێنێت.

مەبەستیشی -بێگومان - غەدرو غەش نەبوو لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆیە دیهان، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لێـی پرسی: بۆچی نامەی بۆ کافرانی قورەیش نووسیوە؟

یەکسەر وەڵامی دایەوە: (يَا رَسُولَ الله لا تَعْجَلْ عَلَيَّ إنِّي كُنْتُ امرءاً ملصقاً فى قُرَيشٍ وَلمْ أكنْ مِنْ أنفُسِهَا، وَكانَ مَعَكَ مِنَ المُهاجِرينَ لَهُم قَرابَاتٍ بمَكَةٍ يَحمُونَ بِها أَهليهم وأَموالَهُم فأَحْبَبْتُ إذ فاتَنى ذلِكَ مِنَ النَّسَبِ فيهِم أنْ أتخِذَ عِنْدَهُم يَدَاً يَحْمُونَ بِهَا قَرابَتـي،وَما فَعَلْتُ كُفْرَاً وَلَا ارتَداداً، وَلا رِضاً بِالكُفرِ بَعْدَ الإِسلام -في رِوايَة - وَمَا غَيَـرتُ وَلَا بَدَّلْتُ، أمَا أني لَم أفعَلْهُ غَشَاً يا رَسولَ الله وَلَا نِفاقاً وما كَفَرتُ وَلَا ازدَدَتُ لِلإِسْلامِ إلاَّ حُبَّاً) پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی:( فَقَدْ صَدَقَكُمْ، لا تَقُوْلُوا لَهُ إلا خَـيراً.. إنَّهُ قَدْ شَهِدَ بَدْراَ، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللهُ أنْ يَكونَ قَدْ اطَّلَعَ على أهلِ بَدرٍ فَقالَ: اعمَلُوا ما شِئتُم فَقَد غَفَرتُ لَكُم) ئەوجا فرمێسك بە چاوی (عومەری کوڕی خەتتاب)دا هاتە خوارەوەو فەرمووی: اللهُ وَرَسُوْلَهُ أَعَلَمْ.

ئیهامی (ئیبنوحەجەر) دەفەرمووێ: عوزری (حاتەب) ئەوە بوو، کە باسیکردن، وای لێکدابووەوە: کە ئەو کارەی زەرەری بۆ دینەکەی نابێت.[١]

ئاشکرایە، کە (لێکدانەوەو ئیجتیهاد کردن لە مەسەلەیەکدا)، کە پێـی دەوترێت: (تەئویل)، یەکێکە لەو هۆیانەی ناهێڵێت -لە هەندێ حاڵەتدا - حوکمی کوفر بە سەر کەسێکی دیاری کراودا بچەسپێت، وریای ئەم خاڵە بە.

٢- پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لە ڕێگای وەحییەوە پـێی گەیشت، کە مەبەستی (حاتەب) خراپ نەبووە و دڵ و دەروونی، هەر بە باوەڕساغ ماوە.

بۆیە فەرمووی: (قَدْ صَدَقَكُمْ). ئەم ڕوون بوونەوەیەش لە دوای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، بۆ هیچ کەسێکی تر نییە.

---

(١) فتح الباری ٥٠٣/٨.

ئەم هۆیەشە، کە وای لە (عومەری کوڕی خەتتاب) کرد -واشی لێ چاوەڕوان دەکرا - کە ئەو هەڵوێستە دژی سەیدنا (حاتەب) بنوێنێت، چونکە ئەم تەماشای زاهیـر( ڕواڵەت و دیمەن) ی کارەکەی (حاتەب)ی کرد.

زاهیریشی ئەوەی دەگەیاند، کە کافر بووبێتەوە، بەوەی، کە (وەلاء)ی دابێتەوە بە کافران.

بۆیە فەرمووشی: (دَعْنِـي أَضْرِبْ عُنُقَ هَذَا الْمُنَافِقِ).

لەڕیوایەتەکەی تریشدا: (فإنَّهُ قَدْ كَفَرَ، فإنَّهُ قَدْ نافَقَ، فإنَّهُ نَكَثَ وَظَاهَرَ أَعدَاءَكَ عَلَيكَ).

زۆر جار پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کە یاوەرە بەڕێزەکانی خۆی دەبینی دەکەوتنە هەڵەیەکەوەو دەگلان، ڕاستی دەکردنەوەو هیممەتی دەدانەوە بەر، تا بە یەکجاریی نەکەون، بە تایبەتی، کە بیـزانیانیە ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەیان لە دووڕوویییەوە نەنواندووە.

زۆر جار ئەمەشی بە ڕێگای وەحییەوە دەزانی، چونکە ئەو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، زیاتر حەزی بە لێبوردن لێیان دەکرد وەك لە سزا دانیان، بە تایبەتی، ئەگەر بکەری کارەکە یەکێك بوایە لەو یاوەرە بەڕێزانەی، کە خاوەن سابیقەی باوەڕو جیهادن.

نابینییت، کە ئیمامی بوخاری دەگێڕێتەوە: ئەو جارەی، کە (زوبەیری کوڕی عەوام) و کابرای ئەنساری ناکۆکیان - بە هۆی ئاودانی بێستانەکانیانەوە لە هەمان جۆگە - کەوتە نێوان و، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حوکمی کردن، کە حوکمەکەی لە بەرژەوەندی (زوبەیر)دا، کە (زوبەیر) پێشتر بێستانەکەی خۆی ئاو بدات، پاشان بەری ئاوەکە بەردا بڕوات بۆ بێستانی ئەنسارییەکە.

کابرا بە پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )وت: دەبینم هەر بە لای کوڕە پوورەکەی خۆتدا دایدەتاشیت!

دەبينيت قسەکەی کابرای ئەنساری کوفری، گەورەیە، چونکە تانەو تەشەر دانە لە حوکمی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، بەڵام پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) ئەوەی نەکردە مایەی بە کافر دانانی، چونکە دەیزانی نییەتی پاکەو، ئەوە هەڵوێستێك نییە لە دڵ و دەروونییەوە هەڵقوڵابێت، بەڵکو هەر قسەیەکەو بێ مەبەست بە دەمیدا هات.

ئەم لێکدانەوەیەش لە دوای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، کەس مافی ئەوەی نیە بیدات بە خۆی، یا بە کەسێکی تر، وەکو ئیمامی (ابن العربی) دەفەرموێ: هەر کەس پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لە حوکمێکیدا بە هەڵەو تاوانبار دابنێت، پـێی کافر دەبێت.

بەڵام ئەم ئەنسارییە بە کافر دانەنرا چونکە قسەکەی هەر زەڵـلەیەکی زمان بوو، پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە باوەڕو دڵ و دەروونی، دڵنیا بوو، کە لە غەل و غەشی کوفر سەلامەتە، بۆیە لەسەری حساب نەکرد، ئەمەش کارێکە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)[١] .

ئەوەی دەربارەی ئەم ئەنسارییە دەوترێت، هەر ئەوەشە، کە دەربارەی (حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە) دەوترێت.

ئەم دوو هەڵوێستەش تایبەت بوون بە پێغەمبەر خۆیەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئێستا، کە وەحیی تەواو بووەو بۆ کەس نایەت، کەس ئەو مافەی نابێت لە کوفری زاهیـری کەسانێك خۆش ببێت، بە بەهانەی ئەوەی کە ناوەوەی سەلامەتەو نییەتی پاکە.

ئەمەش ڕێسایەکە، کە (عومەری کوڕی خەتتاب) جوانی ڕوونی کردۆتەوە، کە دەفەرمووێ: لە زەمانی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )خەڵکانێك هەبوون بەر وەحی دەکەوتن،ئێستا وەحیی نەما،حوکمتان بە گوێرەی ڕواڵەت و زاهیرتان دەدەین، کردەوەکانتان چی بسەلمێنێت، حوکمی ئەوتان بەسەردا دەدەین.

---

(١) الأحكام ٥/ ٢٦٧.

هەر کەس چاکەو خێـرخوازی نیشان داین، ئێمەش بە چاکە ڕەفتاری لەگەڵ دەکەین و نزیکی دەکەینەوە، هەقمان بەسەر ناخ و دڵ و دەروونیەوە نییە، ئەویان خوای گەورە خۆی لێـی دەپرسێتەوە.

هەر کەسیش خراپەو بەدکاریی نیشان داین، ئەمانی نادەینێ و بە ڕاستگۆشی نازانین، با بشلێت ناخ و دڵ و دەروونی پاك و چاکە.

لەم ڕوانگەوەیە دەڵێین: هەر کەس کوفری زەق و ئاشکرای بێ پاساوو بەربەستی موعتەبەری شەرعی، نیشان داین، حەتمەن ئێمەش حوکمی کوفری نیشان دەدەین و حوکمیشی دەدەین.

٣- لە نیشانەی تری ڕاستگۆیی سەیدنا (حاتەب) ئەوە بوو، کە لە وەڵام دانەوەی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پێچ و پەنای نەبوو، ڕاستەو ڕاست وەڵامی دەدایەوە، شتێکی لێ نەشاردەوە،ئەمەش بەڵگەیەکی تری نییەت پاکیی و ساغیی باوەڕێـتی، کە دووڕوویی لە خۆ نەگرتووە، بەڵام ئافرەتە وشتر سوارەکە نکوڵی لەوە کرد نامەی پێ بێت و درۆی دەکرد، دەیویست تاوانەکەی بشارێتەوە،بەمەش تاوان و کوفرەکەی قورستر بوو.

ئەگەر (حاتەب) دووڕوو بوایە، درۆیەکی هەڵ دەبەست، چونکە پیشەی دووڕوو: درۆو دەلەسە کردنە، بەڵام، کە سەر ڕاستانە وەڵامی دایەوە، دەرکەوت کە نە دووڕووەو، نە کافریش بۆتەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ڕزگار بوونی.

ڕاستگۆیی و سەر ڕاستیش بوو، کە (کەعبی کوڕی مالیك)ی ڕزگار کرد، ئەو کاتەی لەگەڵ دوو یاوەرەکەی تردا لە غەزای (تەبوك) بە ئەنقەست دوا کەوتن.

٤- دیسان ئەوەی بووە هۆیەکی تری قوتار بوونی سەیدنا حاتەب، ئەوە بوو کە لە موجاهیدانی غەزای بەدر بوو. غەزای بەدر کارێکی زۆر گەورەو بە نرخ بوو لە تەرازووی کارو کردەوەی یاوەراندا، چونکە بەشدار بوونی ئەو غەزایە بۆ هەموان بووە مایەی سڕینەوەی گوناح و تاوان چونکە تا مردن و دوای مردنیشیان هەر

گومانی باش بە هەموویان دەبرێت. هەر کارێکیان وەك سەرپێچی کرد بێت هەر بۆیان تەئویل دەکرێت. بۆیە دەبینیت پێغەمبەری ڕێزداریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەم کردەوە چاکەی سەیدنا حاتەب دەهێنێتەوە یاد و بە هەموانیش ڕادەگەیێنێت. (لَعَلَّ اللَّهَ تَعَالَى اطَّلَعَ عَلَـى أَهْلِ بَدْرٍ ،فَقَالَ. اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ). لە سەحیحی (موسلیم)دا هاتووە: کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەربارەی ئەهلی (بەدر) فەرموویەتی: (إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ لَا يَدْخُلَ النَّارَ أَحَدٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِمَّنْ شَهِدَ بَدْرًا وَالْحُدَيْبِيَةَ) سەیدنا (حاتەب)یش لە هەردوو غەزاکەدا بەشداری کردوە!

٥- ئەم هەواڵ گەیاندنەی سەیدنا (حاتەب) بە قورەیش، کارێك نەبووە پێشتـریش کردبێـتی، بەڵکو ئەمە یەکەمجارێتی، ئەمە پێچەوانەی جاسوسە، کە جاسوسێتی کردووە بە پیشە!

تەنها لە خەمی ئەوەدایە: چۆن زۆرترین مەعلوماتی دەست کەوێت و خێـرا بیگەیێنێت، چۆن خێـرا ڕاپۆرتێك بۆ ئەربابانی بەرز بکاتەوە.

کەوا بوو: جیاوازی هەیە لە نێوان کەسێکی خاوەن سابیقەی پاك،کە بکەوێتە هەڵەیەکی جاسوسیەوەو، کەسێك، کە جاسوسێتیەکەی کردبێتە پیشەی شەووڕۆژی و، مایەی ڕزق و ڕۆزی! بۆیە نەدەکرا حوکمی جاسوس بەسەر سەیدنا (حاتەب)دا بدرێت، (والله اعلم).

لەبەر ئەم هەموو هۆیانە بوو پێکەوە،کە لە سەرەتاوە وتمان: کارەکەی سەیدنا (حاتەب) کوفرەو (وەلاء) دانە بە کافر، بەڵام ئەو پێـی کافر نابێت و حوکمەکەش نایگرێتەوە. (والله اعلم).

لە کۆتاییدا بەو کەسانە دەڵێم: کە دینەکەی خۆیانیان لا سووك بووە و، خلیسکاونەتە سەر سەهۆڵ بەندانی دژواریی جاسوسی لەسەر موسوڵمانان بۆ تاغوتە کافرەکان، بەو بەهانە ڕزیوەی گوایە: خزمەتی دینەکە دەکەن و گوایە پشت ئەستوورن بە فەتوای هەندێ کەس، کە ئەوانیش گومڕاو گومڕاکەرن و، تەنها مەزهەرو ڕواڵەتی جل و بەرگ و دیاردەیانە، کە لە هـی زاناو شەرعناسان دەچێت،

با بزانن لەسەر چ ڕێچکەیەکی بن بەستن و، کەندەڵانێکی چەند سامناکیان لە پێشە!

با بزانن ئەو عەمامە پیسانە، دینەکەیان بە بڕە پارەیەکی حەڕام بە دەزگا جاسوسی و موخابەراتەکان فرۆشتووەو، لەسەر هیچ دینێك نەماون.

با هەر لاف و گەزافی دەزگای فەتواو موفتی ئەعزەمیش لێ بدەن، با ئەوە چاك بزانن، کە ڕۆژێك دێت لێیان دەپرسرێتەوەو، خوای گەورە حەتمەن تۆڵەی ئەو هەموو موسوڵمانە ڕەش و ڕوتەیان لێدەکاتەوە، کە بە فەتواو ڕاپۆرتی جاسوسیانەی ئەوان، تووشی ئەو هەموو ناسۆرو کوێرەوەرییە بوون.

پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرمووێ: (مَنْ أَعَانَ ظَالِمًا بِبَاطِلٍ لِيَدْحَضَ بِبَاطِلِهِ حَقًّا فَقَدْ بَرِئَ مِنْ ذِمَّةِ اللَّهِ وَذِمَّةِ رَسُولِهِ)[(١)].

واتە: هەر کەسێك بە ناهەق یارمەتی ستەمکارێکی دا، تا ئەویش نارەوایانە هەق لە ناو بەرێت، ئەوە لە ئەمان و داڵدەی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )چۆتە دەرەوەو، سێبەری هیچیانی بەسەرەوە نەماوە.

جا دەبێت سزاو حاڵی ئەو کەسانە چی بێت، کە لە خزمەتی تاغوتە دڵڕەقەکاندان، بۆ گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی موسوڵمانە خواویستەکان..

هەر خوا دەزانێت چەندین سەدان و هەزاران گەنجی خواناس و موسوڵمانی ڕەوشت بەرز، بە ڕاپۆرتی زاڵمانەی جاسوسێکی قەسیچمەی هەرچی و پەرچی، دەیان ساڵە لە زیندانی تاغوتاندا دەناڵێنن، کە جۆرەها ئەشکەنجەیان لەسەر تاقی کراوەتەوە؟!

---

(١) تەبەڕانی گێڕاویێتییەوە(سلسله الأحاديث الصحيحة/ الألبانی) ژمارە ١٠٢٠.

## دەرسی دووەم

﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُواْ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمْ
وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُواْ
بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمْلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ رَّبَّنَا عَلَيْكَ
تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤﴾ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآ إِنَّكَ
أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٥﴾ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ
وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٦﴾ ۞ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم
مَّوَدَّةً وَٱللَّهُ قَدِيرٌ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧﴾﴾

### مانای گشتیی ئایەتەکان

بێگومان جوانترین نمونەی پێشەوایەتیتان، لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدان هەیە، ئەوانەی، کە بە میللەتەکەی خۆیان وت: لەوە دڵنیا بن، کە ئێمە لە ئێوە بەرین و لە هەموو شتێکتان، کە لە جێی خوای گەورە بۆ پەرستن داتاناون تەبەڕاین، باوەڕمان پێتان نییە و شوێن ڕاو ڕێبازتان ناکەوین، لە ئێستاوە چۆن ڕق و کینە لە نێوانماندا دەرکەوتووە، با هەروا بمێنێتەوە.

ئەمەش هەڵوێستی هەتا هەتاییمانە و، هەروا دەمێنینەوە، تا ئەو کاتەی ئێوەش باوەڕ دێنن، کە تەنها خوای گەورە پاك و تاکە، جگە لەو قسەیەی ئیبراهیم، کە بە

باوکی فەرموو: گەرچی هیچ دەسەڵاتێکم لای خوای گەورە نییە، بەڵام من داوای لێبوردنیت بۆ دەکەم، خوایە پشتمان بە تۆ بەستووە و، بەرەو لای تۆ گەڕاوینەوە و چارەنووس و داهاتووش، هەر بۆ لای تۆ دێتەوە (٤).

خوایە نەمانکەیتە هۆکاری پاشگەز بوونەوەی خەڵکی لە دین، خوایە لێمان خۆش بە، خوایە هەر جەنابت دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت و، هەموو کارێکیش لە کات و شوێنی خۆیدا دەکەیت(٥).

بەڕاستی لەواندا جوانترین و چاکترین نموونەی پێشەوایەتیتان هەیە، نموونەن بۆ هەر کەسێك، کە هیواو ئاواتی خوای گەورە بێت و، مەبەستی سەرفرازیی ڕۆژی دوایی بێت، هەر کەسیش واز لە فەرمانی خوای گەورە بهێنێت و، مل کەچ و گوێ ڕایەڵی نەبێت و شوێن پێغەمبەرەکانی نەکەوێت، ئەوە زیان هەر بە خۆی دەگەێنێت.

خوا هیچ باکی پـێی نییە، چونکە خوا بێ باك و بێ نیازەو هەر پەرستراویشە(٦).

وا بڕیارە کە خوای گەورە، خوشەویستییەك بهاوێتە نێوان ئێوەو ئەوانەوەی، کە دوژمنداریتان دەکردن، خوا بە تواناو لێبوردەو بەبەزەییە(٧).

## لێكدانەوەی ئایەتەكان

### ئایەتی چوارەم:

١- (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ..)

قَدْ: لە زمانی عەرەبیدا پـێی دەوترێت: ( حرف التحقیق)، ئەگەر كرداری ڕانەبوردوو بە دوایدا هات، ئەوە مانای ئیحتیمال دەدات. واتە: لەوانەیە وابێت وەكو: ( قد یكون، قد ینتـهی).

جاری واش هەیە بۆ تەئكید بە كار دێت، وەكو: (قَد یَعلم الله..).

خۆ ئەگەر كـرداری ڕابوردووی بە دوادا هات، ئەوە مانای جەخت كردنەوەو تەئكیدو حەتمەنە وەكـو: ( قَدْ سَمِعَ الله.. وَلَقَدْ عَلِمْتُم).

كَانَتْ : كانَ، كرداری ڕابودووی ناتەواوە، جگە لە مانای (بوو)، مانای (هات، ئامادە بوو، بیـنی..)ش دەگەیێنێت، هەروەها بە مانای پێوە لكانی سیفەت و بەردەوام بوونی ئەو سیفەتە دەدات، وەكو: ( وَكانَ اللهُ غَفورًا رَحیماً).

أُسْوَةٌ: بە( اُسوة و اِسوة) یش دەخوێنرێتەوە و، بە مانای: نموونەی ڕەچاو كردنە. بەو كەسە دەوترێت: كە دەكرێتە پێشەواو شوێن پێـی هەڵدەگیرێت.. هەروەها بەو سیفەتەش دەوترێت: كە لە كەسەكەدا هەیە. (أُسْوَة) كۆی( أسی)یە.

خوای گەورە دەفەرموێت: لە ڕاستیدا ئێوە جوانترین و چاكترین نموونەتان بۆ پێشەوایی ئیقتیدا پێكردن و ڕەچاو كردن لە ئیبراهیمدا هەیە، هەروەها لەو كەسانەش كە لەگەڵیدا بوون.

كەوا بوو: هۆ حاتەب، هۆ موسوڵمانینە! ئێوە دەبێت لە عەقیدەو پەرستن و ڕەفتارو هەڵوێست و بانگەوازتاندا، وەكو پێغەمبەر ئیـبراهیم و یاوەرانی بن،

چاو لەوان بکەن، ڕەچاویان بکەن، تەنها لەو هەڵوێستەدا نەبێت، کە داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە بۆ باوکە کافرەکەی کرد، گەرچی ئەمەش لەسەرەتای بانگەوازەکەیدا بوو لەبەر بەڵێنێکیش بوو، کە پێیدا بوو، کە داوای لێبوردنی لە خوای گەورە بۆ بکات، کە فەرموو بووی. ﴿سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّيٓ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيًّا﴾ مریم/٤٧، بەڵام دوایی، کە بۆی دەرکەوت، هەر سوورە لەسەر کوفرو، ئیسلامەتیەکە وەرناگرێت و، هەر دژی خوای گەورەو ڕێبازەکەی دەوەستێتەوە، ئیتر لێی تەبەڕا بوو: ﴿وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٖ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوّٞ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنۡهُۚ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٞ ١١٤﴾ التوبة/١١٤.

خوای گەورە دوای ئەوەی هەڵوێستی سەیدنا حاتەبی بە هەڵە دانا،ئەوو موسوڵمانانی هان دا بۆ ڕەچاو کردنی پیاو چاکانی پێشوو، کە ئەوانیش هەر وەکو ئێمە بوون. ئەوانیش هەست و سۆزو بەزەیی و دڵسۆزیان بەرامبەر کەس و کاریان هەبووە بەڵام ئەو هەست و سۆزە هەڵوێستی عەقائیدیانەی موسوڵمانێتیانی لاواز نەکرد، نموونەکەش تەنها سەیدنا ئیبراهیم خۆی نییە. بەڵکو(وَالَّذِينَ مَعَهُ) واتە: ئەوانەش کە لە گەڵیدان. تا کەس نەڵێت. جا ئەو پێغەمبەر بووەو وەحی بۆ هاتووە، ئێمە چی؟!

## بۆچی ڕەچاو کردنی پێغەمبەر ئیبراهیم (عَلَيهِ السَّلامْ) بۆتە نموونەی سەرمەشق؟

* چونکە سەیدنا ئیبراهیم باپیرە گەورەی ئێمەی موسوڵمانەو، ئەو ئێمەی ناو ناوە: موسوڵمان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجْتَبَىٰكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعْتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوْلَىٰكُمْۖ فَنِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨﴾ الحج/٧٨.

پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )یاوەرەکانی فێـر دەکرد، کە بەیانیان و ئێواران لە دوعادا بڵێن. (أَصْبَحْنَا عَلَى فِطْرَةِ الْإِسْلَامِ، وَعَلَـى كَلِمَةِ الْإِخْلَاصِ، وَعَلَى دِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا مُسْلِمًا، وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) .

* چونکە پێغەمبەر ئیبـراهیم (عَلَيهِ السَّلامْ)، ژیرییەکی کامڵ و هیممەتێکی بەرزو پتەو ویستێکی بەهێزی هەبوو، خوای گەورە دەرهەقی دەفەرموێت: (وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ ) الانبياء/٥١ .

* سەیدنا ئیبـراهیم، ئوممەتێك بوو بۆ خۆی، واتە: هەر خۆی بە تەنها پەیامێکیی خوایی چەسپێنـراو بوو: ( إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ٱجْتَبَٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٢١﴾ وَءَاتَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٢٢﴾ ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾ ) النحل/١٢٠-١٢٣

جا یەکێك خوای گەورە ئاوا باسی بفەرموێت، چۆن دەبێت ڕەچاوی نەکەین ؟!

* چونکە خوای گەورە داوای کردووە ڕەچاوی بکەین و، بیکەینە پێشەوای خۆمان وەك دەفەرموێت: ( وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾ ) النسا ء/١٢٥.

* هەروەها خوای گەورە، هەڵوێستە بەهێزەکەی سەیدنا ئیبـراهیم دەکاتە وشەیەکی نەمری هەتا هەتایی، تا ئێمە مانان شوێنی بکەوین: ( وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ ) الزخرف/٢٦-٢٨ .

* هەروەها دەربارەی ئەرکی سەر شانی ئێمە، کە شوێنکەوتووی پێغەمبەر ئیبراهیـمی ئازیزین، دەفەرموێت: ( إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِىُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾ ) ال عمران/٦٨.

* ئەو کەسانەشی بە گەلحۆو گێل و گەمبۆڵ داناوە، کە شوێنی ناکەون و هەڵوێستیان لە: عەقیدەو بانگەوازو سیاسەت و ڕەفتاردا، وەك ئەوو میللەتەکەی ئەو نییە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَرۡغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفۡسَهُۥۚ وَلَقَدِ ٱصۡطَفَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ١٣٠ إِذۡ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسۡلِمۡۖ قَالَ أَسۡلَمۡتُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٣١ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٣٢﴾ البقرة/ ١٣٠-١٣٢ .

ئەمە پێغەمبەر ئیبراهیمی پێشەوامانە، کە خوای گەورەو کار بەجێ، داوای لێکردووین ئیقتیدا بەو بکەین و وەك ئەو بین..

٢ - ﴿إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ إِلَّا قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ﴾.

* گەرچی بێ دەسەڵاتیش بوون، موستەزعەف بوون، بەرامبەرەکەشیان زۆر دەسەڵاتدار بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمان(سەیدنا ئیبراهیم و یاوەرەکانی)، ئاشکرا بە میللەتەکەی خۆیان وت: ﴿إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئەمان دەسپێشخەریان کرد، بواریان نەدا بەرەی کوفر دەسپێشکەریی بکات و، بە ناوو ناتۆرە لێنان، ئەمان سووك بکات لە باری دەروونیدا ئەمان زاڵتر بوون، ئازاتر بوون، بڕوایان زیاتر بە خۆو داهاتوو هەبوو.

بۆیە لە هەڵوێستی هەڵمەت و هێرشدا بوون، ئەمەش خاڵێکی زۆر زۆر گرنگی هەڵگرتنی بیروباوەڕە.

وتیان. إِنَّا واتە: (اِن) و (نا) اِنَّ. بۆ تەئکیدە. ڕستەکەش ﴿بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ﴾ اسمیة تەئکیدێکی ترە. براء. کۆی( برئ)ـە. واتە: تەبەڕا.

کەسێك کە بێ بەری دەبێت لە کەس، یان کۆمەڵێك، یان بیروباوەڕێك، یان هەڵوێستێك، وەکو (مەحوی) شاعیری ڕەحمەتی دەفەرمویێت: (براگەل لێم تەبەڕا بن..) واتە: توخنم مەکەونەوە و ڕەفتارم لەگەڵدا مەکەن، نەبادا ئێوەش وەکو منتان لێ بەسەر بێت!

ئەوی شارەزایی لە عەرەبیدا هەبێت دەزانێت، کە ناو(اسم)، هەمیشە بەڵگەی سیفەتی نەگۆڕە(الثبوت والدوام)، بەڵام کردار( فعل) بەڵگەی ڕودان و دوپات بوونەوەیە( الحدوث والتكرار)، سەیری سورەتی(الفاتحة) بکە، ئەوی سیفەتی خوای گەورەیە بە ناو هاتووە وەك: (الله، الرَّحْمـَنِ، الرَّحِيم، مَـالِك).

کەچی ئەوی پەیوەندی بە بەندەکانەوە هەیە، چونکە ڕوداون و حەتمەن دووبارەو سێ بارە دەبنەوە، بە کردار( فعل) باسی فەرمووە وەك: (نَعْبُد، نَسْتَعِينُ، اهدِنَا..).

یان دەبینیت خوای گەورە، کە باسی هەڵوێستی دووڕوو(مونافیق)ـە کان دەکات، بە فعل باسیان دەکات، چونکە باوەڕو دینداری نەبۆتە سیفەتی جێگیریان! بەڵکو هەر سەر زارەکییە، هەر کە موسوڵمانان دەبینن دینداریی کاتی( موەقەت) نیشان دەدەن، کە چاوی موسوڵمانیشیان لێ دیار نەبوو، دەگەڕێنەوە سەر سیفەتە نەگۆڕەکانیان، وەك خوای گەورە دەفەرمویێ: ( وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَـٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ﴿١٤﴾ ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٥﴾) البقرة/١٤-١٥.

تەماشاکە کە دەگەنە موسوڵمان: (لَقُواْ، قَالُواْ، آمَنَّا) کە دەشگەنەوە ئەربابانیان: (إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ) خوای گەورەش، کە باسی ئەم هەڵوێستە عەقائیدییەی سەیدنا ئیبـراهیم و یاوەرانی بە ڕستەی ناو (جملة اسمية) فەرمووە، داوا لە موسوڵمانان دەکات، کە تەبەڕا بوون لە کافران و کوفریان( لەشەخسی کافران خۆیان و بت و بیـرو باوەڕ وپڕۆگرامی حزب و دیدو بۆچوونیان)، بکەنە سیفەتێکی هەمیشەیی نەگۆڕو پێوەی پابەند بن، چونکە ئەوان کە نموونەکەن بۆ ئێمە، لە خۆیاندا کردبوویانە سیفەتی نەگۆڕ.

ئاشکرایه، که دەفەرمویێت: (مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ) داوا دەکات موسوڵمانان له کوفر تەبەڕا بن.. بەڵام دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە، که تەبەڕا بوون، دەبێت له پێشاندا له هەڵگران و شوێن کەوتوانی کوفر بکرێت، پاشان له کوفرەکه خۆی، له شەخسەکان پاشان له بتەکان، له سەرکردەو کادێرەکانیان، پاشان له دیدو بەرنامه حزبییەکانیان، دەنا خۆ زۆر کەس هەن، کوفرو شیرك و دووڕوویی دەبوغزێنن و ئاسان لێـی تەبەڕا دەبن، بەڵام دۆستایەتییان لەگەڵ کافرو موشریك و دووڕووەکاندا هەر دەمێنێت.. ئەمه هەڵوێستێکی بەزیوانەیەو بەرژەوەندی ویستانەیە!

خوای گەورە نایەوێت و پێشی ڕازی نییه، له زەمیشیدا دەفەرمووێ: ( فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَـٰرِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ) المائدة/٥٢.

واته: دەبینیت ئەوانەی که دەروون بەزیوو دڵ کرمێن، به هەڵه داوان ڕادەکەن و خۆیان دەگەیێننه بەرەی کوفرو، به دڵه ڕاوکێوه لەگەڵیان دەبن، له هەنجەتیشیاندا دەڵێن: دەترسین تووشی نەهامەتیی و دەردەسەریی و گیروگرفت بین..

هەندێ کەس، که ئەم ئایەتانه دەخوێنێتەوه، بۆ ئەوەی خۆی له ڕیزی بەزیوان بدزێتەوه وا نیشان دەدات، که ئەوانـەی دڵ کرمێن و دەروون بەزیوون، تەنها دووڕوو( موناقیق)ن، نەخێر ئەمه وا نییه.. بەڵکو موسوڵمانه لاوازو تەمبەڵ و ترسنۆکەکانیش دەگرێتەوه، چونکه هەموو کاتێك خوای گەورە، که باسی ئەو سیفەته دزێوانه دەکات، دەیخاته پاڵ (ٱلْمُنَـٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ).

ئاشکرایه ئەمانەش دوو پۆلی جودان و لەو سیفەتانەدا له یەك دەچن، بەتایبەتی له هەڵوێستی ڕووبەڕوو بوونەوەو جیهادو بۆخوا لێبڕان.

سەرنجی ئەم سێ هەڵوێسته بدە: (إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰؤُلَاءِ دِينُهُمْ) الانفال/٤٩ ( وَإِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢﴾ ) الأحزاب /١٢.

پاشان دەفەرمویت: (وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ )، ئێمە تەبەڕاین لە خۆتان و لە هەرچی شتێکی تر، کە لە جیاتی خوای گەورە دەیپەرستن.. حاشا وە لیللا لە خۆتان و لە پەرستراوانتان.

پاشان، (كَفَرۡنَا بِكُمۡ) باوەڕتان پێناکەین، بە ڕاستتان نازانین و شوێنتان ناکەوین و گوێڕایەڵی فەرمانتان نابین.

ئەوجا لە شێوەی شۆڕشێکی خواویستیدا هاواریان کرد: (وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ ) وا دوژمنداریێتیی و ڕق و کینەی نێوانمان ئاشکرا بوو، هەتا هەتایەش هەروا دەمێنێتەوە، مەگەر ئێوە بێنە ڕیزی ئێمەو، باوەڕ بە خوای تاك و پاك بهێنن.

دەربڕین و ئاشکرا کردنی دوژمنداریێتی، کۆتا پلەی ئازایەتیی و بێ باکییە، چونکە کاتی وا هەیە، دەبینیت کابرا ڕق و قینـی بەرامبەر کوفرو کافران پەنگ دەخواتە وەو، لە ناخیدا دەبێتە بورکان!

بێگومان مەبەستم بورکانی خۆخۆرە!! بە ڵام لە ترسان، یان بە حسابی خۆیان لە ئاقڵی و مودارات و حەزەردا! یان گوایە لەبەر بەرژەوەندی ئیسلام(کە هەر ترسەکەیەو فەلسەفاندوویانە) ناوێرن تۆزقاڵێکی ئەو ڕق و کینەیان ئاشکرا بکەن، چ جای ئەوەی دوژمنداریێتیی لەگەڵ کوفردا بنێنەوە!!

دوژمنداریێتیی، قۆناغێکە لە دوای قۆناغی بوغزاندن و ڕق و کینە دێت،بەڵام لـێرەدا گرنگ ئاشکرا کردنێـتی، ئاشکرا کردنیش بەو شێوە ڕوون و ئاشکرایە.. بەو حەددییەت و جیددییەتە! بەرامبەرەکەشت بزانێت کە ئەمە هەڵوێستی هەتا هەتاییتە و لـێی نایەیتە خوارەوە، تا دوژمنە ڕقنەکانت هەڵوێست دەگۆڕن و باوەڕ بە خوای تاك وپاك دەهێنن و بڕیار دەدەن، کە تەنها خوای گەورە شایانی پەرستن و، تەنها ئەویش مافی حوکم دەرکردن و یاساو ڕێسا دارِشتنی هەیە..

٣- (إِلَّا قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍ) واتە: ڕەفتارو هەڵوێستی ئیبـراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ڕەچاو بکەن، تەنها لەوەدا نەبێت، کە بە باوکی فەرمووو: داوای لێبوردنت لە خوای گەورە بۆ دەکەم، گەرچی دەسەڵاتی هیچیشم بۆ تۆ لای ئەو نییە.

ئەمەش خاڵێکی سەرەکی عەقیدەیی ترە، ئەویش ئەوەیە: کە تەنانەت نێـرراوو پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لێبێت) ناتوانن لە ڕۆژی دواییدا سوودێك بەکەس و کاری بێ دینیان بگەیێنن.

ئەمەش نموونەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ سەیدنا (حاتەب) و موسوڵمانانی تر، چونکە لە هەموان داوا کراوە، کە داوای لێبوردن بۆ کافر نەکەن، هەرچەند لێشیانەوە نزیك بن، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: (مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ١١٣) التوبة/ ١١٣.

٤- کە لە خوای گەورە دەپاڕێتەوەو دەفەرمویت:(رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ). خوایە ئێمە پشتمان بە جەنابت بەستووە و بەرەو کەناری جەنابت گەڕاوینەتەوە، چارەنووسیش هەر بەرەو لای جەنابتە.

پشت بە خوا بەستن زۆر گرنگە،کار زۆر ئاسان دەکات، جگە لەوەی، کە وەرگرتنیشی لەسەر موسوڵمان فەرزە.

ئیمامی ئیبن تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ: پشت بە خوا بەستن( التوکل) فەڕزە و، هۆکار گرتنە بەریش( الاخذ بالاسباب) سوننەتی موئەککەدەیە.

لە ڕاستیدا ئەوی بە تەواوی پشت بە خوای پەروەردگاری ببەستێت، دەزانێت خوای گەورەی بەسە، دەزانێت خوای میهرەبان چۆن و چەند دێت بە هانایەوە (وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ) الطلاق/٣

ئیمامی ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، پشت بەخوابەستن ناو دەنێت: (توحید التوکل) چونکە پشت بە خوا بەستن، خواناسییە، گەڕانەوەیە بۆ لای خوای بەبەزەیی.

خۆ تەسلیم کردنە بە خوا، گوێڕایەڵی تەواو دەربڕینە بۆ فەرمانی خوای گەورە، بە ئەنجامدانی فەرمان و دوور کەوتنەوە لە بەرهەڵستییەکانی.

## ئایەتی پێنجەم:

(رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٥﴾)

فِتْنَة: چاوگەو بە مانای( مفتون)ە، ئەمیش ئەو کەسەیە: کە نارەحەتی زۆری دەخرێتە ڕێ و ئەشکەنجەو سزا دەدرێت، بەو هیوایەی لە دینەکە پاشگەز بکرێتەوە! ئەسڵی مانای (فیتنەش) توانەوەی زێڕە لە ئاگردا، تا لە شتی تر پاك بێتەوە.

دەفەرمووێ: خوایە! نەمانکەیتە هۆی پاشگەز بوونەوەی خەڵکی لە دینەکەیان، ئەمەش بەوە دەبێت، کە کافرەکان بە ئەشکەنجەو ئازار موسوڵمانان ناچار بکەن واز لە دینەکەیان بهێنن.

لەم حاڵەتانەشدا، چ ئازار دراوەکان، چ ئەو کەسانەی ئەو حاڵەتی چەوساندنەوەو تۆقاندنەی موسوڵمانان دەبینن، لە دینەکە بکشێنەوەو لە ترسان وازی لێ بهێنن، یان خەڵکێکی تر بڵێن: ئەگەر ئەم دینە ڕاستەو خواییە، نەدەبوو شوێنکەوتوانی ئاوا تووشی چەوسانەوەو نارەحەتی وا ببن.

بەمەش زیاتر لە دینەکە دوور دەکەونەوە.. دژوارترین حاڵەتیش ئەوەیە: من و تۆ، خۆمان لەبەر ژان و ئەشکەنجەدا نەگرین و لەبەر خاتری مانەوەیەکی زیاتر لە ژیاندا، تەنازول لە دینەکە بکەین!

ئینجا ببینە مایەی ئەو فیتنەیە.. چونکە حەتمەن خەڵکانێکی زۆر، هیممەتی دیندارییان لاواز دەبێت و پاشەکشە دەکەن! بەو بەهانەو قسە زلانەی لە ناو خەڵکیدا بۆ بەرگری لە بەزینەکەی خۆیان دەیکەن، کە دەڵێن: بابە ئەمانە ئەگەر لەسەر حەق بوونایە، خوای گەورە پشتی دەگرتن.

ئێمە ئاقڵانەتر ئەم دینەمان وەرگرتووە، ئێمە وەك ئەمانە توندڕەوو تیرۆریست نەبووین.. ئێمە ژیرتر بووین، کە ڕەوتی میانڕەویمان هەڵبـژارد!!

لەولاشەوە دیسان لای کافرەکانیشەوە دەبینەوە مایەی فیتنە! چونکە ئەوانیش جگە لەوەی گومڕا تر دەبن، ئەوانیش دەڵێن: ئەگەر دینەکەتان ڕاست بوایە، ئاوا زەلیـلی بەردەستی ئێمە نەدەبوون، هەر وەکو زەمانەکەی: (تەتەرو مەغۆل و خاچ پەرستانی قودس و ئەندەلوس).

ئەوانیش بەمە، ئەوەندەی تر لە دینەکە دوورتر دەکەونەوە.

ئینجا پاڕانەوە دێت: خوایە، لێمان خۆش بە، کەم و کورتییەکانمان بپۆشە، لە تاوانەکانمان ببورە، خوایە گیان! خۆ هەر جەنابتیت، کە دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت و، هەموو کارێکیش لە کات وشوێنی خۆیدا دەکەیت..

خوایە! دەستت پێمانەوە بێت و وازمان لێ مەهێنەو، مەماندەرە دەست هەواو هەوەس و ورەو ئازایەتی خۆمان..

ئادابی پاڕانەوەو دوعاشمان فێـر دەکات، ئەویش ئەوەیە: کە ئەگەر دوعای چاکەت دەکرد، یەکەمجار خۆت پێش دەخەیت، پاشان دایك و باوکت، پاشان کەس و کارو ئەوانەی هەقیان لەسەرتە..

هەروەها.. وەك دەپاڕێیتەوە دەڵێیت: خوایە! لێم خۆش بەو هیدایەتم بدە و سەرکەوتووم بکەو.. خوایە لە دایك و باوکم خۆش بە و بەزەییت پێیاندا بێتەوە و، ماڵ و منداڵم سەلامەت بکەو لە دینەکە حاڵییان بکەو..

خوایە! پاداشتی خێـری ئەو کەسانەش بدەیتەوە، کە ئامۆژگاری خێـریان کردووین. خوایە! ڕەحم بە کرێکاریش بکە.. ئامین..

وەکو، کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿رَّبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيۡتِيَ مُؤۡمِنٗا وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ نوح/٢٨، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە دوعای شەڕو خراپیت دەکرد، هەر چەندە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەهی کردووە موسوڵمان دوعا لە خۆی بە خراپە بکات، ئەوا خۆت دەخەیتە ئاخر کەس.. چونکە

موسوڵمان مانەوەی لە دنیادا هەر خێرە، چونکە ئیحتیمالی خێر خوازی و چاکەی زیاتری لێدەکرێت.

بۆیە سەیدنا موسا (عَلَيهِ السَّلامْ) فەرمووی: (رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّىَ) الاعراف/١٥٥.

واتە: خوایە گەر حەز دەکەیت ئەوانیش بفەوتێنەو منیش.

**ئایەتی شەشەم :**

﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ ۚ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٦﴾﴾

تەئکید کردنێکی ترە لە ڕەچاو کردن و جێ پێ هەڵگرتنی ئەوان(سەیدنا ئیبراهیمی باپیرەمان و ئەو برایانەمان، کە لەگەڵیدا بوون)، بە ڕاستی نموونەیەکی بەرزو دیارو پتەوو لێهاتووی پێشەوایەتییە، بەڵام ئەو کەسە قەدری ئەم پێشەوایەتییە دەزانێت، کە باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە.

هەر ئەویش دڵی بە پێشەوایەتی وا دەکرێتەوەو ڕەچاوی دەکات، چونکە موسوڵمان -وەك هەموو مرۆڤێکی تر- حەز دەکات پێشەواکەی زیرەك و ئازاو کارامەو بلیمەت و کردە بێت، بەڵام موسوڵمان دڵی بە تەنیا بەم سیفەتانە ناکرێتەوە، ئەو کەسە ڕەچاو ناکات، کە ئەم سیفەتانەی تێدایە، بەڵام بێ باوەڕە.

یا باوەڕێکی ساردو سڕی هەیە، یان زۆر خواویست نییە!! کەوا بوو پێشەوایەتی پێغەمبەر ئیبراهیم عَلَيهِ السَّلامْ بۆ ئەو کەسانەیە، کە باوەڕیان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، چونکە لەگەڵ زیرەکیی و ئازایی و کارامەیی و بلیمەتیی و کردەییدا، باوەڕی پتەوو پشت بە خوا بەستنی تەواو و ڕەوشتی پڕ بەزەیی باوکانەو، پڕ سۆزی فرزەندانەی هەیە.

نابینیت، کە دوژمنان خستیانە نێو ئاگرەکەیانەوە، هاوارێکی لێ هەڵناستا، تەنانەت داوای ئاسان کردنی سزاکەشی لە خوای گەورە نەکرد! ئەمەش بەڵگەی باوەڕی پتەوو دامەزراوە.

لە قایمی پشت بەخوابەستنەکەی سەیدنا (ئیبراهیم)دا (عَلَيهِ السَّلامْ) وەسفی خوای گەورە بەسە، کە دەرهەقی ئەو، خوا بفەرمویێ: ﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٌ مُّنِيبٌ ﴿٧٥﴾﴾ هود/٧٥.

واتە: بەڕاستی باشترین بەندەیە، چونکە لە هەموو ڕەفتارێکیدا دەگەڕێتەوە سەر تەعلیماتی خوا.. مەگەر پێشتر نەیدەفەرموو: (وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ ﴿٨٠﴾) الشعراء/٨٠، کەنەخۆش بکەوم ئەو چاکم دەکاتەوە .

ڕەوشتی بەرزی فرزەندانەی لە ووشە نەرم و نیانەکەی: ( یا أبتِ) دا دەردەکەوێت، کە چوار جار لە سوڕەتی (مریم) دا لەگەڵ باوکە کافرەکەیدا پێی دەدوێت،کە ئەوپەڕی ئەدەب و ڕەفتاری سۆزدارییی و لوتفی وتوێژی تێدایە،چونکە لە عەرەبیدا (یا أبت) لە (یا أبی) و (أبتاه) جوانترە.

(وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ)، واتە: هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات و فەرمانی خوا بشکێنێت و شوێن پێغەمبەران نەکەوێت، جگە لە خۆی، کەس زەرەر ناکات، چونکە خۆ خوای گەورە بێ باکەو هەمیشە پەرستراوە.

## ئایەتی حەوتەم:

هەر بە هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتانەی پێشوو، موسوڵمانەکان کەوتنە دابڕین و دوور کەوتنەوە لە خزم و کەس و کاری کافریان و، تەواو بەرامبەریان وەستان.. پاشان خوای گەورە بۆ ئەوەی لە موسوڵمان بوونیان ڕەشبین و نائومێد نەبن، فەرمووی:

(عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجۡعَلَ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ عَادَيۡتُم مِّنۡهُم مَّوَدَّةٗۚ وَٱللَّهُ قَدِيرٞۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٧)

واتە: وا بڕیارە، کە خوای گەورە خۆشەویستییەك بهاوێتە نێوان ئێوەو ئەوانەوەی کە دوژمنداریتان دەکردن، خوا بە توانایەو لێبوردەو بەبەزەییشە(٧).

موسوڵمانەکان زۆر جار هیوای ئەوەیان لا دروست دەبوو کە ئەگەر ئەمجارە بواری هات و چۆو دیدەنی بکرێتەوە، ئیحتیمال زۆرە ئەمان بتوانن کار بکەنە سەر خزمە کافرەکانیان.

خۆ ئێستا ئەمان وەکو جاران نەماون، باوەڕیان پتەو ترو پابەندییان زۆرترو زانیارییان فراوانترو، کۆمەڵگەکەیان دامەزراوەو دەسەڵاتیشیان مەحکەمتر بووە.

بۆیە هەر یەکەیان خۆزگەی ئەوەی دەخواست، کە کەس و کاریان ببیننەوە، بەڵکو موسوڵمان ببن.. ئەم ئایەتەش جۆرە بوارێکی پێك گەیشتن و تێکەڵاوی بۆ کردنەوە، لە ڕاستیشدا وا بوو.

الحمد لله، زۆر لە سەران و ناودارانی قوڕەیش و دەوروبەری موسوڵمان بوون، وەك: (ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و ئەبو سوفیانی کوڕی الحارث و الحارث ی کوڕی هیشام و سوهەیلی کوڕی عەمر و حەکیمی کوڕی حوزام) و هی تریش..

ئیتر جارێکی تریش بواری گونجاو بۆ کافران کرایەوە کە بەرەو خواویستی بێن و، بێ خەمیش بن لە تۆڵەو لە پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکانیشیان.

## دەرسی سێیەم

﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟
إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم
مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾﴾

### مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای گەورە بەرهەڵستی ئەوەتان لێ ناکات، کە چاکە خوازو دادپەروەرو خێرەومەندانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا ڕەفتار بکەن، کە بە هۆی دینەکەتانەوە شەڕیان لەگەڵ نەکردوون و،لە ماڵ و وڵاتی خۆتان دەریان نەپەڕاندوون، چونکە خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت، کە دادپەروەرن(٨).

بەڵام خوای گەورە ڕێی ئەوەتان نادات دۆستایەتی ئەو کەسانە بکەن، کە بە هۆی دینەکەتانەوە شەڕیان لەگەڵ کردوون و، لە ماڵ و وڵاتی خۆتان دەریان پەڕاندوون، یان هاوکاری ئەو کەسانەیان کردووە، کە ئێوەیان دەر دەکرد.

هەر کەسێکیش دۆستایەتیی و لایەنگریی ئەوانە بکات، بەڕاستی ئەوانە ستەمکارن (٩).

## ڕێـــڕەو

ئیسلام دینـی ئاشتی و سۆزو بەزەییە، بۆیە دەیەوێت خەڵکی سەر زەمین هەموو پێکەوە بسازێن وبگونجێن.

جا، یان پەیوەستی باوەڕ پێکیانەوە دەژێنێت، یان پەیمان و بەڵێنێك (وەك ئەوەی لەگەڵ کافران و ئەهلی کیتابدا کراوە)، یان بە ڕەفتاری موسالیمانەی دوور لە شەڕو دژایەتیی.

ئیسلام نایەوێت شەڕ بەرپا ببێت، تەنانەت ئەگەر دژیشی کرا، لایەنێکی سۆزو بەزەیی - کە هەستێکی سروشتی مرۆڤی پارسەنگە - وەك بەشی ئاشتی، هەر دەهێڵێتەوە، چ لە کاتی دەبەرێك ڕاچوون و شەڕو پێکداداندا، چ لە هەل ڕەخساندن بۆ تەقە بەس و شەڕ وەستان. وە چ لە بوار کردنەوەکانیدا بۆ سەرخستنی پەیمان و خۆ گرتنی ڕێکەوتندا.

ئەم ڕێسایە لە ڕەفتار کردن لەگەڵ غەیرە موسوڵماندا، ڕەواترین و دادپەروەرانەترین ڕێسایە، کە لەگەڵ سروشتی دین و سروشتی مرۆڤدا دەگونجێت، لەگەڵ ئاڕاستەو دیدو تێڕوانیندا بۆ ژیانی مرۆڤایەتیی دەسازێت.

بەڵکو لەگەڵ هەموو ڕاوبۆچوونە گشتییەکەی ئیسلامدا -کە دەربارەی هەموو بوونە- یەکانگیرە، بێگومان هەر دەبێت وا بێت، چونکە سەرچاوەی هەردووکیان، هەر خوای پەروەردگارەو هەر لە تەعلیماتی یەك خواوە هاتوون و، بە ڕێبازی پڕۆگرامی یەك خواو، بەرەو یەك هیوای خواویستی دەڕۆن.

ئەم ڕێسایە، بناغەی یاساو ڕێساو ئەحکامە نێو دەوڵەتییەکانی شەریعەتی ئیسلامە، کە هەمیشە ئاشتی دەکاتە تەوەری نەگۆڕی، حاڵەتەکانی نێوان موسوڵمانان و خەڵکی تر.

ئەم ئاشتییە دەکاتە حاڵەتێکی بنچینەیی و هەمیشەیی، تا ئەو ساتەی ئیعلانی شەڕ دژی بەرپا دەکرێت، یان پەلامار دەدرێت، یان پەیمانی هەڵدەوەشێنرێتەوە، یان هێرشێکی دێتە سەر، یان ڕێی بانگەوازەکەی دەگیرێت، ئیسلام دەیپارێزێت، بەڵام کە بەرامبەرەکەی پەیمانەکەی شکاند، ئیتر هەڵوێستەکە دەگۆڕێت بۆ بەرگری و بەرپەرچ دانەوەی پەلاماری هێرشەکە.

ئەو ساتەش هەڵوێستەکە لە بانگەوازە هێدییەکەوە، دەبێتە بانگەوازیی جیهاد، دەبێتە بەکارهێنانی هێز بۆ ڕادانی بەربەستە نارەسەنەکانی سەر ڕێی ئازادی بیروڕاو، بانگەوازی ئیسلام.

لە غەیری ئەم حاڵەت و هەڵوێستانەدا، ئەسڵی ڕەفتاری ئیسلامی بەرامبەر هەموو کەس، هەر ئاشتی و چاکەو دادپەروەرییە.(١)

ئەم ڕێسایە هەڵقوڵاوی دیدو تێڕوانین و بۆچوونە گشتییەکەی ئیسلامە، کە هەمیشە کێشەی عەقیدە، دەکاتە کێشەی سەرەکی نێوان موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان، چونکە ئەو بەها بەرزو بەڕێزەی موسوڵمان لە پێناویدا دەژی و دەمرێت، یان ئاشتی و جەنگی لە پێناودا دەکات، هەر عەقیدەکەیە.

خۆ موسوڵمانان، ئەگەر لەسەر عەقیدەکە ڕاجۆرو ناکۆك نەبن و عەقیدەکە نەبێتە کێشەی ئەووەڵ و ئەخیری ژیانیان، هیچی تریان ئەوەندە لا گرنگ نییە، تا بیکەنە کێشەی سەرەکی ژیانیان، نە ڕەگەز، نە خاك و نە وڵات، نە گەل و هۆز، نە بەرژەوەندییەکانی تر.

جیهادی موسوڵمانان لە پێناوی دینی خوایە، لە پێناوی: سەلماندن و چەسپاندنی عەقیدەو شەریعەتەکەیەتی، لە دنیای واقیعێکی بەرجەستەدا.

ڕوونکردنەوەی ئەم ڕێسای ڕەفتارە و، بایەخ پێدان و دوو پات کردنەوەی بەردەوامی لەم سوڕەتەدا، لەگەڵ ئاراستە گشتییەکەی سوڕەتەکەدایە، مەبەست لە هەموو سوڕەتەکە: گرنگیی و گەورەیی و دژواریی عەقیدەو بایەخ پێدانێتی..

---

(١) سەید قوتب/السلام العالمی ودار الإِسلام.

دەیەوێت، تەنها عەقیدەکە بکاتە ئەو تەنها ئاڵایەی موسوڵمانان، کە لە ژێریدا کۆدەبنەوە.. ئەو کەسەی هاتە ژێر ئەو ئاڵایە، ئەوە لەوانە.

ئەوی بە هۆی ئەو ئاڵایەوە بەرامبەریان وەستایەوە وپەلاماری دان و دژایەتیی کردن، ئەوە دوژمنیانە.. بۆیە هەر کەسێکیش لە خۆیان و ئاڵاکەیان گەڕێ، لە عەقیدەو بانگەوازەکەیان گەڕێ، لە ئەندام و لایەنگرانیان گەڕێ و، نەبێتە کۆسپ و بەربەستی ڕێی دینەکەیان، ئەوە موسالیمە، بێ وەیە.

ئیسلام و موسوڵمانان، غەیری چاکەو دادپەروەریی و بەزەیی، هیچ ڕەفتارێکی تری لەگەڵدا ناکەن.

## هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

ئیمامی قورتوبی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: زۆرینەی ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوەن: کە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم دوو ئایەتە ئەوەیە: کە (ئەسمائی کچی ئەبو بەکری سددیق) (خوا لێیان ڕازی بێت)، گێڕاوێتیەوە، کە فەرمووی: دایکم ئەو کاتەی هێشتا کافر بوو، هاتە دیدەنییم، منیش چوومە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، تا پرسی پێ بکەم.

لێم پرسی. ئەی پێغەمبەری خوا! دایکم هاتووە بۆ لام و حەز دەکات بێتە ماڵم، ئایا ڕێی بدەم؟

فەرمووی: (نَعَمْ صِلِي أُمَّكِ)(١).

واتە: بەڵێ، ڕێی بدە و سیلەی ڕەحمی لەگەڵ بەردەوام بکە.

دایکی ئەسماء ناوی قوتەیلەی کچی عبد العزا یە،کە پێش ئیسلام سەیدنا ئەبوبەکر تە ڵاقی دابوو.. دایکی عائیشەش خوا لێی ڕازی بێت، ناوی ئوم ڕومانە

---

(١) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

و ئەو کاتە موسوڵمان بووبوو و کۆچی مەدینەشی کردبوو، هەندێك لە زانایان ئەم خاڵەیان لا ڕۆشن نەبووە. بۆیە کە وایان زانیووە هەردوکیان هەر کچی یەك دایکن( وایان زانیوە هەردوکیان کچی ئوم ڕومانن) ئیترحەدیسەکەیان بە لاواز داناوە. ئەم جۆرە لێ تێکەڵ بوونەش لە(علم الرجال) ی حەدیس خوێندندا سروشتییە.

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

١- ئەمە مۆڵەتێکی خواییە بۆ موسوڵمانان، بۆ هێشتنەوەی سیلەی ڕەحم و پاراستنی خزمایەتیی و، پارسەنگی ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسانەی کافری بێ وەیی و موسالیمن و، دوژمنداریێتی ئەهلی ئیسلام و بانگەوازەکەیان نەکردووەو، نەبوونەتە هۆی ڕاونان و دەرپەڕاندن و کوشتاری موسوڵمانان.

٢- لەگەڵ بوونی ئەم پەیوەندیی و ڕەفتارە دادپەروەرانەدا، ئیسلام، موسوڵمانان هان دەدات، کە چاکەو پیاوەتیش لەگەڵ ئەو کافرە بێ وەی و موسالیمانەدا بکەن، هەر وەك پەیوەندیشیان لەگەڵدا بەردەوام دەکەن پـێی فەرموون: (وَتُقۡسِطُوٓاْ إِلَيۡهِمۡۚ ) دادپەروەر بن لەگەڵیاندا.

دادپەروەریی سیفەتی سەرەکی ئەهلی ئیسلامە، لەگەڵ ئەوانەو غەیری ئەوانیشدا. بەڵام لە ووشەی: (وَتُقۡسِطُوٓاْ ) دا خاڵێکی ڕەوانبـێژی جوان هەیە.

مانای (قَسَطَ) لە ئەسڵیدا: ستەم کردنە، بە دەست درێژی کردنە سەر مافی کەسانی تر، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَأَمَّا ٱلۡقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبٗا) الجن/١٥. واتە: ئەمما ستەمکاران، ئەوە هەر دەبنە سوتەمەنی دۆزەخ.

(أقسط) لابردنی ستەم و زوڵمە، چونکە ئەو هەمزە (أ) یە پـێی دەوترێت:(همزة الإزالة) واتە: بۆ لابردنی ئەو سیفەتەیە کە فعلەکە بێ هەمزە، دەیبەخشی. هەروەها بە مانای (پشك) بەشە! کەوا بوو کە دەفەرمووێ: تقسطوا واتە: هەم زوڵم و

ستەمیان لەسەر لادەن ( چ هـی خەڵكی تر چ هـی خۆتان) هەم بەشێك لەو سامان و ماڵەی هەتانە بیدەن بەو كافرە موسالیمانە، تا پەیوەندییەكەتان پتەوتر بێت، ئەوانیش هەست بە سەر ڕاستی ئێوەو گەورەیی دینەكەتان بكەن.

٣- گەر دەربڕیـنی سۆزو ڕێزو بەزەیی بۆ خەڵكی كافری بێ وەی و موسالیم، ئەركێكی شەرعی بێت، بۆ كەس و كاری كافری موسالیم - بە تایبەتی بۆ دایك و باوك - پێویستترە، چونكە شەریعەتی ئیسلام داوای لە موسوڵمانان كردووە، كە ئەگەر دایك و باوك كافریش بوون مادام موسالیم بن)، هەر دەبێت جوان ڕەفتاریان لەگەڵدا بكرێت و ئەولادە موسوڵمانەكانیان هەر لە خزمەتیاندا بژین، جگە لەو حاڵەتانەی یەكێكیان، یان هەردوكیان داوا لە منداڵە موسوڵمانەكانیان بكەن: لە ئیسلام پاشگەز ببنەوەو بگەڕێنەوە سەر كوفر، یان شیركێكیان پێ ئەنجام بدەن..

نا، لەو كاتانەدا گوێ ڕایەڵییان ناكرێت، هەروەكو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ( وَإِن جَـٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗاۖ ) لقمان/١٥.

واتە: ئەگەر دایك و باوكت ڕەنجـی ئەوەیان لەگەڵت دەدا، كە شیركێك بۆ خوا بڕیار بدەیت، گوێیان مەدەێ و مل كەچیان مەبە، بەڵام هەر بە چاكە و ڕەفتاری جوان لە ژیانی دنیایاندا، هاوڕێیەتییان بكـە.

ئیمامی (خەتتابی) دوای هێنانەوەی حەدیسەكەی ئەسماء و دایكی، دەفەرموێت: خزمایەتی كافر لە ڕێگای پارەو سامان و چاكە خوازیی و شتی ترەوە، بەردەوام دەبێت، هەر وەكو كە لەگەڵ خزمی موسوڵماندا دەمێنێت.

لەمەشەوە ئەوە وەردەگیرێت: كە باوكی كافر، یان دایكی كافـر، نەفەقە و مەسرەف و خەرجییان، هەر لەسـەر كوڕەكانیان دەمێنێت، گەر كـوڕەكانیان موسوڵمان بوون.[1]

---

(١) فتح الباري/١/٢٣٤.

ئیمامی (ابن الحجر العسقلانی) دەفەرمووێ: چاکەو خێرخوازیی و هێشتنەوەی سیلەی ڕەحم، مانای خۆشەویستیی و لایەنگریی و سەرخستن نییە، چونکە خوای گەورە دەفەرمویێت (لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ) المجادلة/٢٢ واتە: کەسانێك نابینیت باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هێنابێت و، لە هەمان کاتیشدا ئەو کەسانەیان خۆش بوێت، کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەکەن.[١]

٤- ئیمامی (ابن القیم) -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرمویێت: ئەو ڕێسایەی لەم بابەتەیەو، بەڵگە دەیسەلمێنێت ئەوەیە: کە نەفەقەو مەسروفی دایك و باوك، ئەرکی سەر شانی ئەولادەکانە، گەرچی دینیشیان جیاواز بێت، کە خوای گەورەش داوای لە هەموو مرۆڤ کردووە چاك بن لەگەڵ دایك و باوکیاندا بە: ( وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ ) لقمان/١٤، ئیتر کەی ئەوە چاکەو پیاوەتییە، کەسێك دایك و باوکی بە موحتاجی بهێڵێتەوە، لە حاڵەتێکیشدا کە خۆی هەبووەو دەوڵەمەندە؟!

کە دەشزانێت خوای پەروەردگار، زەمی سەختی ئەو کەسانەی کردووە، کە پەیوەندی خزمایەتی و سیلەی ڕەحم دەپسێنن! وەك دەفەرمویێت: (وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ) النساء/١.

واتە: خەڵکینە! لە چارەنووس و سزای ئەوە بترسن، کە خزمایەتی بپسێنن و سیلەی ڕەحمتان نەهێڵن، لە حەدیسیشدا هاتووە: ( لا يَدْخُلِ الجَنَّةَ قاطِعُ رَحْمٍ)[٢] واتە: ئەوی سیلەی ڕەحم و پەیوەندی خزمایەتی دەپسێنێت، ناچێتە بەهەشتەوە.

سیلەی ڕەحم لەگەڵ خزمی کافریشدا، هەر فەرزە، ئەو دینی خۆی بۆ خۆی و ئەو کەسەش کە خزمایەتییەکە دەپارێزێت، دینی خۆی.[٣]

---

(١) فتح الباری /٥/٢٣٣.

(٢) بوخاری و موسلیم

(٣) أحکام أهل الذمة/ ب ٢/ ٤١٧.

٥- هەر وەك چۆن نابێت هاوكاری كافری شەڕانی (المحارب) بكرێت، هەروەهاش نابێت سۆزو ڕێزو دۆستایەتیشیان بۆ دەرببڕڕێت، چونكە ئەوان دوژمنایەتی خۆیان بەرامبەر موسوڵمانان و دینەكەیان ئاشكرا كردووە و، لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ كوشتن و بن بڕ كردنی موسوڵمانان و لاواز كردنی دینەكەیان.. ئیدی چۆن دەبێت بە ڕێزەوە سەیر بكرێن! چ جای ڕەفتاری مەزنی؟!

## چەند خاڵێكی ورد بۆ سەرنجدان :

١- ڕەفتاری نەرم و نیان لەگەڵ ئەهلی كیتاب وكافرانی موسالیم و، هەڵس و كەوتی باش و سۆزو دادپەروەریی لەگەڵیاندا - كە خۆی لە خۆیدا ڕەوشتێكی ڕەسەنی ئیسلامیی چاوەڕوانكراوە لە موسوڵمان- جیاوازە لەگەڵ دۆستایەتیی و سەر پەرشتیاریی (الولاء)ئەمیان نابێت، بۆ غەیری خواو پێغەمبەرو موسوڵمانان دەر ببڕڕێت، چونكە موسوڵمان، خۆشەویستی خۆی بۆ خواو پێغەمبەری خواو موسوڵمانان تەرخان دەكات، نەك بۆ كافران ( بێ وەی بن، یان شەڕانی).

ئەمەش باسێكەو ڕەفتارە دادپەروەرانەكە باسێكی ترە، جێی ئەویان دڵ و دەروون و عەقیدەیە و، جێی ئەمیان ڕەفتاری ڕەوشتە.

٢- كافر لە دیدی موسوڵمانەوە دوو جۆرن:

أ- كافری شەڕانیی( المحارب): ئەمانە بە هیچ شێوەیەك، نە دۆستایەتیان جائیزە، نە ڕەفتاری نەرم نواندن لە گەڵیاندا، (مەگەر بە دیلی كەوتبنە بەر دەستمان، ئەو ساتە ئەحكامی دیلیان دەبێت)، چونكە ئەمانە هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ دژایەتی خواو پێغەمبەری خواو موسوڵمانان تەرخان كردووە، ئەمانە بە هەر پاڵنەر( دافع) ێك بێت، دژایەتیی ئیسلامیان كردۆتە پیشە.[1]

---

(١) شێخی بن باز (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە گۆڤاری الدعوة دار الإِسلامیة / ژمارە (٨٢٣ لە ١٤٠٢/٢/١١ -١٩٨١ل ١٩).

**ب - کافری بێ وەی( موسالیم):** ئەوانەی بە پـێی پەیمان لەگەڵ موسوڵمانان ڕێکەوتوون، یان ئەهلی کیتابن: ( مەسیحی، جولەکە، مەجوسی) یا هەر کافری بێ وەین و هەقیان بەسەر موسوڵمانان و دین و کاروباریانەوە نییە و، بە نهێنیش (ژێر زەمیـنی) لە گەڵ دوژمنانی ئیسلامدا هاوکاری ناکەن، ئەمانە دەبێت موسوڵمان، بە سۆزو بەزەیی و نەرم و نیانی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات.(١)

**٣-** هەندێك لە زانایان و ئەهلی تەفسیر فەرموویانە: کە ئەحکامی ئەم ئایەتە، تایبەتە بە ژن و منداڵی کافرانەوە، هەندێکی تریان فەرموویانە: تایبەتە بە هۆزی (خوزاع)ەوە،کە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )هەبووە.

هەندێکی تریان فەرموویانە: کە تایبەتە بەوانەی لە مەککە مابوونەوە..

بەڵام زۆربەی زۆرینەی زانایان ڕایان وایە: کە حوکمی ئایەتەکە گشتییەو کافری بێ وەی هەموو کات و شوێنێك دەگرێتەوە، مادام موسالیم بێت.(٢)

**٤-** مـێژووی ژیانی پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) و یاوەرانی بەڕێزی و، ڕەفتاری ڕۆژانەیان لەگەڵ کافری بێ وەی و، ئەهلی (تەوڕات) و (ئینجیل) و کافری تردا بە گشتیی، بەڵگەی ئەوەن کە نەرم و نیانی و بەزەیی و ڕەفتاری جوان لەگەڵ کافری بێ وەی و موسالیمدا، لەسەر موسوڵمانان فەرزە، ئەمە هەڵوێستی نەگۆڕە، دژایەتییان لەو کاتانەیاندایە، کە دژایەتی دیـنی خوا دەکەن.

**٥-** ئەگەر لە ناو کافرەکاندا کەسانێك هەبوون، کە حەز بکەن لە سەر بنچینەی ئاشتی و بێ وەیی مامەڵە لەگەڵ موسوڵماناندا بکەن و، هەردوولا موڕاعاتی ئاڵ وگۆڕی بەرژەوەندیی و ڕێزی یەکتـریی بکەن، یا ڕێ بە ئازادی بانگەوازی خوایی لە نێو کۆمەڵگەکەیاندا بدەن، یان دەستیان نەبێت لە ململانێ و ناکۆکی موسوڵمانان و بەرەی کوفر، یان لە کێشەی ناوخۆی موسوڵماناندا بێ لایەن بن،

---

(١) بن الجلعود/الموالاة والمعاداة/ب ٢ /٦٢١.

(٢) الطبرى ٤٣/٢٨ و الشنقيطى ٤١٤/٩.

ئەوە بەڵگە شەرعییەکان لەسەر ئەوەن: کە ڕەفتار کردن لەگەڵیاندا بە موسالیمی و دادپەروەرانە واجبە، چونکە هیچ هۆکارێکی شەڕکردن لەگەڵیاندا لە ئارادا نییە.

خۆ ئیسلامیش وەك نایەوێت بەرهەڵستی بانگەوازەکەی بکەن و، ڕێ لە دینداری شوێن کەوتووەکانی بگرن، ناشیەوێت خەڵکی بە زۆر و ناچاریی ئیسلامەتیی و دینداریی بکات.

خۆ ئیسلام -وەکو بیرو باوەڕو سیستم و هەستە ڕەگەزپەرستییە جاهیلییەکان - ناڵێت: ئەوی لە ڕیزی مندا نییە دوژمنمە!و هەر دەبێت دژی بم، تا نایهێڵم!

خوای میهرەبان دەفەرموێت: ﴿فَإِنِ ٱعۡتَزَلُوكُمۡ فَلَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ وَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَمَ فَمَا جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سَبِيلٗا ﴾ النساء/٩٠.

واتە: ئەگەر لێتان بەر کەنار کەوتن و شەڕیان پێتان نەفرۆشت و، هێمن و بێ وەی بوون بەرامبەرتان، ئێوەش مافی ئەوەتان بەسەریانەوە نابێت، کە دژیان بوەستنەوەو دوژمنداریێتییان بکەن.

ئەم ئایەتەو ئەم دوو ئایەتەی سوڕەتی (الممتحنة) بەڵگەن لەسەر ئەوەی: کە پێویستە لەسەر موسوڵمان، کە بێ وەی و نەرم و نیان و دادپەروەرانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن، کە دوژمنداریان ناکەن و، یارمەتی دوژمنانی ئیسلامەکەشیان نادەن، ئەمەش بەڕاستی ڕۆحی بانگەوازو دەسەڵاتی ئیسلامییە.[١]

---

(١) الجلعود. الموالاة والمعاداة / ب٢/٦٢١.

## دەرسی چوارەم

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَـٰتُ مُهَـٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَـٰنِهِنَّ ۖ فَإِنْ
عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَـٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ ۖ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ۖ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ ۚ
وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۚ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُواْ مَآ
أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ۚ ذَٰلِكُمْ حُكْمُ ٱللَّهِ ۖ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ شَىْءٌ
مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُواْ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ
ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾﴾

### مانای گشتیی ئایەتەکان

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانەکان کۆچیان کردو، هاتنە لاتان، تاقیان بکەنەوە، خوای گەورە، خۆی بوون، یا نەبوون و ڕادەی باوەڕیان دەزانێت. جا ئەگەر زانیتان ئیماندارن، مەیان گێڕنەوە بۆ ناو کافرەکان، چونکە نەئەمان بەوان دەشێن و، نە ئەوانیش بەمان دەشێن، هەرچیشیان مەسروفات خەرج کرد بوو، بیاندەنەوە.

ئەگەر مافی مارەیی خۆیان بدەنێ، خراپ نییە مارەشیان بکەنەوە، ژنانی کافر بە خێزانی خۆتان مەهێڵنەوەو لە خۆیان مەگرن، ئەگەر لەسەر کوفریش مانەوەو ویستیان بچنەوە ناو خەڵکە کافرەکەیان، مارەییەکانیان لێ وەربگرنەوە، کە داوتاننێ

و با مێردەکانیشیان داوای ئەو خەرجیی و مارەییە لە خـێزانە موسوڵمانەکانیان بکەنەوە، کە خۆیان -بێ مـێرد - کۆچیان کردو هاتنە لاتان.

ئەمەش حوکمی خوای پەروەردگارە، کە داوەری نێوانتان دەکات، خوای گەورە زاناو کار بە جێیە.(١٠) ئەگەر ئێوە ئەو خەرجی و مارەییەتان لەگەڵ خـێزانە کافرەکانتاندا گێڕایەوە بۆ کەس و کارە کافرەکانیان و، ئەوان ئامادە نەبوون خەرجی و مارەیی ژنە موسوڵمانەکانیان -کە کۆچیان بۆ لای ئێوە کردووە- بگێڕنەوە بۆتان، ئەوا ئێوە لەو دەستکەوتانەی لە شەڕی کافرەکاندا گرتوتانە، پشکێکی بە قەدەر خەرجی و مارەیی ئافرەتە موسوڵمانە کۆچکەرەکان، بدەنەوە پێیان، لەو خوایەش بترسن، کە پێی موسوڵمانن و باوەڕتان پێ هێناوە.(١١).

## هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

یەکێك لە بڕگە سەرەکیەکانی پەیماننامەکەی (حودەیبییە) ئەوە بوو، کە هەر کەس، لای قورەیشیەکانەوە -بێ ڕێدانی کەس و کاری- بێت بۆ لای پێغەمبەرو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، پەیوەندی بە موسوڵمانانەوە بکات، دەبێت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )بیگێڕێتەوە بۆ قورەیش، ئەمەش بڕگەیەکی گشتییەو هەموو موسوڵمانێك -ژن بێت یان پیاو- دەگرێتەوە.

ئیمامی قورتوبی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە زۆر ڕیوایەتەوە گێڕاوێتییەوە: کە (سەعیدەی کچی الحارث الأسلمية) دوای مۆر کردنی پەیماننامەی (حودەیبییە) هیجرەتی کرد بۆ مەدینە، بەڵام هەر بە گەیشتنی، (سەفیەی کوڕی الراهیب)ی مێردیشی گەیشتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) و داوای کردەوە.

وتی: ئەی محمد! خێزانەکەم بدەرەوە، تۆ خۆت ئەو مەرجەت داناوەو پەیمانەکەش هێشتا وشك نەبۆتەوە..

ئەوجا خوای گەورە، بۆ ئەوەی کۆچ کردنی ئافرەتان لەو بڕگەی پەیوەندی کردنە بە موسوڵمانانەوە بێنێتە دەرەوە، ئەم دوو ئایەتەی ناردە خوارەوە، بەڵام ئیمامی ئیبن کەثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ڕیوایەتی تر دەهێنێت، کە هۆکاری هاتنە خوارەوەیان، ئافرەتێکی ترە، دەفەرموێت: چەند ژنێکی بە مێردی موسوڵمان لە دەست قورەیش هەڵاتن و هاتنە ڕیزی موسوڵمانانی مەدینەوە، لەوانە: (أم کلثومی کچی عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیت) بوو، بە گەیشتنی بۆ مەدینە، (عومارە) و (وەلید)ی برای بە دوویدا هاتنە لای پێغەمبەرو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، داوایان کردەوە.

ئەو کاتە ئەم دوو ئایەتە هاتنە خوارەوە، تا بڕگەکانی پەیماننامەکەی (حودەیبییە) بە پیاوانەوە تایبەت بکەن.[1]

---

(١) الجامع / ٦١/١٨.

ئیبن کەثـیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەم ڕیوایەتەیان بە سەنەدو بەڵگەی بەهێزتر دەزانێت، بۆیە لە کۆتایی ئەو بڕگەیەدا دەفەرموێت: (وَالأَكْثَرُ مِنْ أَهْلُ العِلْم، إِنَّهَا أُمُّ كَلْثُومْ بِنْت عُقْبَة).[١]

## ڕێـــڕەو

ئەم یەك دوو ئایەتە، کە هاتنە خوارەوە، چارەسەرێکی خوایی بوو بۆ ڕوداوێك، کە هەر لەو سەردەمەدا لە کەسانی تریش ڕووی دا، پاشان بووە ئەحکامی شەرعی نێو دەوڵەتیانەی ئیسلامی.

ڕەفتارێکی تری ڕەسەنی ڕەوشت و نەریتی ئیسلامی بوو، کە لەسەر ڕێسایەکی تری دادپەروەریی و ڕەوای خواویستی دارێژرا، کە ڕەوشت و ڕەفتارو هەڵوێستی بەرامبەرەکەی کاری تێنەکات.

لایەنی بەرامبەر، هەر چەند ڕقن و دوژمندارانە و ستەمکارانە ڕەفتار بکات، نابێت هەڵوێستی ئیسلام و خواویستان وا لێبکات، لەسەر کاردانەوە بنیات بنرێت.

ئەگەر ئەو ئافرەتە موسوڵمانانە هاتنە لاتان و، کۆچیان کرد بۆ لاتان بۆ مەدینە، تاقیان بکەنەوە، بزانن بۆچی هاتوون؟ نەکا لە دەست مێردەکانیان ڕایان کردبێت! نەکا شوێن بەرژەوەندی دنیایی کەوتبن؟! نەکا حەزێکی ساویلکەی دڵداری سەری پێ هەڵگرتبن و بەرەو (دار الإِسلام) کێشی کردبن؟!!

ئیبن عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت)، دەفەرموێت: تاقی کردنەوەکەیان بەوە بوو، کە دەبوو سوێند بخۆن کە، بە خوا قەسەم، لە داخی مـێرد ڕام نەکردووە،بە خوا قەسەم لەبەر ئەوە ڕام نەکردووە، کە حەزم نەکردووە لەوێ بژیم و حەزم لە ژیان و دانیشتنی ئـێرە کردووە، بە خوا قەسەم لەبەر تەماعێکی دنیایی ڕام نەکردووە، لـێرە دەستم کەوێت، بە خوا قەسەم تەنها لەبەر خاتری خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )کۆچم کردووە.

---

(١) التفسير/ ٣١٦/٤.

ئەمە تاقی کرنەوەکەیە، تەنها دیاردەو ڕواڵەتی دەرەوەیان چی دەسەلمێنێت، موسوڵمان لە گوفتارو ڕەفتاری ئەو ئافرەتە کۆچکەرانە چییان بۆ دەردەکەوێت، ڕەفتاریان هەرچییەکی سەلماند، یان کام گومانەی لە یەقینەوە نزیکە، ئەوەیان بۆ حساب بکەن.. با سوێندیش بخۆن، کە ڕاستگۆن..

ئەمما حەقیقەتی نیازو مەبەستی شاراوەی دڵ و دەرونیان چییە و چۆنە، ئەوە با بدرێتە دەست خوای گەورە، چونکە شارراوەکانی دڵ و دەروونی خەڵکی، شتێك نییە مرۆڤ بیزانێت: (ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّۖ)، جا ئەگەر ئامانجی کۆچ کردنەکەیان ئاوا دەربڕی و، سوێندیان لەسەر ڕاستگۆییان خوارد: (فَلَا تَرۡجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلۡكُفَّارِۖ) مەیاننێرنەوە ناو کافران: (لَا هُنَّ حِلّٞ لَّهُمۡ وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّۖ) نە ئەمان بەوان دەشێن و نە ئەوانیش بە مان.

عەقیدەکە چەسپیووە، پەیوەستە عەقائیدییەکەش، ڕەگ و ڕیشاڵی داکوتاوە، جێی خۆی گرتووەو بۆتە یاساو ڕێساو پێوەری پۆلێن، بۆتە هۆکاری پەیوەندی و لێك دابڕان، تەنانەت شیرازەی خێزانیش، کە شیرازەی تێکەڵ بوون و پێکەوە ژیان و توانەوەو جێگیر بوونە، ئەویش -ئەگەر عەقیدەی ژن و مێردەکە جودا بوون - دەپسێت.. چونکە عەقیدە بناغەی ژیانە ، باوەڕ زەمینەی پایەکانی دینە.

هیچ هەست و بیرو هۆشێکی تر نییە لەو بەهێزتر بێت، بۆیە ئەگەر دڵێك ئەو عەقیدەو باوەڕەی تێدا نەما، دڵی دینداران ناتوانێت لەگەڵیدا هەڵبکات و، سۆزو خۆشەویستیی لەگەڵدا ئاڵ و گۆڕ بکات.

ئەو دوو جۆرە دڵە، ناتوانن لەگەڵ یەکتری دا تەفاعول بکەن، چونکە نەبوونەتە ئاوێنەی یەکترو هاو نیازو هاوڕازی یەکتری!

دڵی بێ دین، نابێتە مایەی متمانەو پشت پێ بەستن و جێی گلەیی دۆستانەو ڕازو نیازی مەحرەمانە، ژیانی خێزان و کەژاوەی هاوسەرێتیش، خۆشەویستیی و سۆزو ڕەحمەت و هۆگرییە.

لەسەرەتای ساڵی یەکەمی کۆچییەوە، ئەم مەسەلە بەبێ( دەق) مابووەوە.. کەس لە ژن و مێردەکان - بە هۆی جودایی عەقیدەوە - لێك جودا نەبووبوونەوە. چونکە کۆمەڵگە ئیسلامییەکە هێشتا خۆی نەگرتبوو، هێشتا تەواو ستاری نەگرتبوو.

بۆیە ڕێسا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەشیان، هێشتا بۆ دانەڕێژرا بوو، بەڵام دوای پەیمانی (حودەیبییە)، ئیتر کاتی ئەوە هات، کە کوفرو ئیمان، هەر یەکەیان خاك و خەڵك و دەسەڵاتی خۆیان جودا بێت و، شوێنکەوتووی هەردوکیان لێك دابڕێن، تا لە ناخی ژن و پیاوی موسوڵماندا ئەوە بچەسپێت - وەکو لە واقیعەکەیدا چەسپیووە - کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نامێنێت، ئەگەر لەسەر بنچینەی عەقیدەی ئیسلامی دانەمەزرا بێت.

موسوڵمانان دۆستایەتیی و لایەنگریی و وەلائیان، تەنها بۆ موسوڵمانانە و بەس، ئەمەش بەرهەمێکی لێکدابڕانە دەروونیانەکەیە، وەك چۆن تاك و کۆمەڵ و ژیان و دەسەڵات و، جێگاو ڕێگای موسوڵمانان لە هی کافران جودا بۆتەوە، دەبێت ئاواش لێکدابڕانی خۆشەویستیی و هەست و سۆزو ئینفیعالەکانیش، لە ناخی دڵ و دەروونیدا بچەسپێت و، ئاسەواری مەیل و حەزیان بەرەو یەکتر نەمێنێت..

لەگەڵ جودا بوونەوەی ژن و مـێرد، دەبێت تەعویز وەرگیرێتەوە.. دەبێت مارەیی و مەسروفی ژن هێنان و شوو کردن و خـێزان پێکەوە نانەکان، بۆ خاوەنەکانیان - ژن بن، یان پیاو، موسوڵمان بن، یان کافر- دەبێت ئەو تەعویزە بدرێتەوە بەو مـێردە کافرەی ژنە موسوڵمانەکەی، کە هیجرەتی بۆ (دار الإِسلام) کردووە.

هەروەها دەبێت بۆ مـێردە موسوڵمانەکەش بگێڕرێتەوە، مادام ژنە کافرەکەی جودا بۆتەوەو ڕۆیشتووە، تا ئەو ژن و مێردانە دوو زیانیان پێکەوە لێ نەکەوێت، هەم جودا بوونەوە و هەم لە دەست دانی مارەیی و مەسروف!

چونکە ئەم مەسروفانە لە خـێزان دروست کرنەوەی نوێدا، دیسان دەکرێنەوە، گەرچی ئەرکە قورسەکە زۆرتر دەکەوێتەوە سەر شانی پیاوەکان.

ئینجا ئەو ئافرەتە موسوڵمانانەی، کە مێردەکانیان بە جێ هێشتووەو بێوەژن کەوتوون، با پیاوە موسوڵمانەکان سەر لە نوێ مارەیی خۆیان بدەنێ و مارەیان بکەنەوە.. هەروەکو لەولاش ژنە کافرەکان، کە بێوەژن بوون، بە پێی عورف و نەریتی خۆیان( کە یاسای کۆمەڵگەکەیانە)، شوو بە پیاوی کافری خۆیان دەکەنەوە..

لەسەر ئەم هەموو تەعلیماتەشەوە، چاودێری خوای گەورە هەیە، کە دەبێت هەمیشە لەبەر چاو بگیرێت، هەست بکرێت، کە ئەمە تەعلیماتی خوای کردگارو کارزان و بەدەسەڵاتە و جێ بەجێ دەکرێت، ئەمە تەقوای خوای گەورەیە، کە دەبێت موراعات بکرێت، تەقواش دڵی زیندووی پڕ لە باوەڕ، زیاتر لە هەموان هەستی پێ دەکات، چونکە باوەڕ و تەقوا، لازم و مەلزومی یەکن: (ذَٰلِكُمۡ حُكۡمُ ٱللَّهِۖ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ).

چەسپینی تەقوا لە دڵ و دەروونداا، دەبێتە زامنی لە ڕێ لا نەدان و گوێ نەدان و فاك وفیکی دەروون و، فێڵ و تەڵەکە بازی ڕەفتاری لاسەنگ، چونکە موسوڵمانی بە تەقوا، بێ چەندوچوون و دڵەڕاوکێ بەو تەعلیماتانەی خوای گەورەوە پابەند دەبێت.

جگە لە حەزی ڕاپەڕاندنە، کە بەو ئیعتیبارەی تەعلیماتی خوا خۆشەویستەکەیەتی- هەست بە هەڕەشەی خوای بەدەسەڵاتیش دەکات، دەزانێ سەرپێچی شەرع، سزایەکی دنیایی پێوەیە، هەندێك سەرپێچی تریش هەن، کە سزای دنیاو قیامەتیان بە دوادا دێت.

دینداری سەرڕاست و بەتەقوا، هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بەوە هەیە، کە زیندوو دەکرێتەوەو موحاسەبە دەکرێت،ئەوجا پاداشت، یان سزای خوا وەردەگرێت.

ئەگەر کافرەکان مارەیی و مەسروفی مێردە موسوڵمانەکانیان نەدایەوە (کە ئەمە بووە بە شتێکی ئاسایی و لە ڕەوشت و نەریتییان دەوەشێتەوە)، دەبێت ئیمام:

(خەلیفە، ئەمیر، سەرۆك) ئەو مەسرەفەیان لەو پارەیە بۆ بگێڕێتەوە، کە لای کۆ بۆتەوە لە پارەی ئەو مـێردە ، ژنە کافرەکانیان ڕۆیشتوون و ئەمان بە تەمان مارەیی و مەسروفەکانیان بۆ بنێرنەوە، با ئەم مارەییانە ببنە تەعویز بۆ ئەمان، گەر نەبوو، یان تەواوی نەکرد، با لە بیت المال بیاندەنەوە: (وَإِن فَاتَكُمْ شَيْءٌ مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ إِلَى الْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَآتُوا الَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَاجُهُم مِّثْلَ مَا أَنفَقُوا).

کەوا بوو: ئەحکامە شەرعییەکان - دەربارەی هەر لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی بن - دەبوو لە واقیعێکی هەست پێکراوی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا جێ بەجێ بکرێن، پاشان ببنە بڕگەی یاساو ڕێسای هەموو نەوەکانی داهاتووی موسوڵمانان.

هەموو بڕگەکان وەك ئەم بڕگە یاساییە، هـێزو کارتێکردن و گرنگی عەقیدە ئیسلامییەکە دەردەخەن.. دەبنە هۆی ڕوونکردنەوەی عەمەلی عەقیدەکەو چەسپاندنی..

دەبنە ڕەفتاری خوایی و پابەندبوون پێوەی.. دەبنە هۆکاری پاڵفتە کردنی ڕیزی موسوڵمانان و، پتەو بوونی پەیوەستی دینداری، دەبنە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی خواویستی پاك و بەهێز کردنی.

دەبنە هۆکاری دامەزراندنی حوکمی ئیسلامیی و مانەوەو پاراستنی، بێ گوێدانە جیاوازی ئەندام و تاکەکانی کۆمەڵ و دەوڵەت لە ڕووی: (ڕەنگ و ڕەگەزو زمان و نەسەب و خاك و وڵات و جـێی لەدایك بوون)، چونکە هەموو ئەندامی یەك حزبن لەو دوو حزبەی ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی حزبی خواو حزبی شەیتان.[١]

---

(١) سەید قطب/في ظلال القرآن/٦/٣٥٤.

## لێكدانەوەی ئایەتەكان

١- (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ ) ئەگەر ژنە ئیماندارەكان هاتنە لاتان( كۆچیان كرد)، واتە: ئێوە لە شوێنێكن و كوفرو كۆمەڵگەو دەسەڵاتەكەشی لە شوێنێكی تر، ئاماژەیە بۆ بوونی دوو وڵات -(دار الإِسلام) لە مەدینەو (دار الكُفر) لە مەككە- كەوا بوو، ئەهلی باوەڕ حەتمەن دەبێت وڵاتی خۆیان هەبێت، تا هیجرەت بكەن بۆی، تا لە میحنەتەكانی (دار الكُفر) ڕزگاریان بێت و ببكەنە مەنزڵگەی حەوانەوەو، نیشتە جێ بوونی دنیایان، بۆ (دار الإِسلام) بۆ ئەو خاك و خەڵكەی ئیسلام تێیدا حاكمەو، موسوڵمانان لە سایەی ئەحكامەكانیدا لە ئەمانیدان.

٢- ئەسڵ ئەوەیە: ئەگەر موسوڵمانان (دار الإسلام)یان بۆ دروست بوو، واتە: ئەگەر وڵاتی خۆیان بوو، كە شەریعەتەكەی خواَ حاكم و، ئیسلام خۆی دەسەڵاتداری بوو، موسوڵمان بۆی جائیز نابێت، هەر لە (دار الكُفر) بمێنێتەوەو خۆی تووشی ئەشكەنجەو ئازارو زەلیلی بكات و، بە هۆی دینەكەیەوە بە جۆرەها شێوە بچەوسێنرێتەوە، دەبێت هیجرەت بكات، بە تایبەتی ئەگەر ئیمامی (دار الإِسلام) داوای لە موسوڵمانان كرد، كە هیجرەت بكەن. چونكە هیجرەتەكەیان هەم ڕزگار بوونیانە لە زوڵم و ستەمی تاغوتان هەم كۆ بوونەوەو بەگەڕختنی ورەو وزەشیانە بۆ بەهێزكردن و پاراستنی (دار الإِسلام).

٣- ئایەتەكە هەر لە سەرەتاوە ئەو ئافرەتە كۆچكەرانەی بە موسوڵمان داناوە: (إِذَا جَآءَكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ )، چونكە بە هاتنەكەیان ئەوەیان سەلماندووە، كە شایەتمانەكەیان بە ڕاستی هێناوەو موسوڵمان بوون و حەزیشیان لە نیشتەجێبوونی (دار الإِسلام)ە و، گوفتارو ڕەفتارێكی واشیان لێ دەرنەكەوتووە، كە پێچەوانەی ئیسلامەكەیان بێت. كەوا بوو: موسوڵمانان هەر لە سەرەتاوە، دەبێت بە گومانی باش و دیدێكی ئیسلامییەوە بڕواننە باوەڕو هیجرەتی ئەوانە، دەبێت دیاردەو ڕواڵەتی دەرەوەیان - مادام ئیسلامییە - بە هەند وەربگرن و، تەرجیح بە موسوڵمانێتییەكەیان بدەن، گەرچی خۆ هەزاران دووڕوو(مونافیق)یش, دەتوانن ئاسان خۆ بخزێننە ڕیزی موسوڵمانانەوە! بەڵام مەترسی هاتنی ئەو هەزاران دووڕووە, نابێتە بەهانەی گۆڕینی ئەم یاسا خواییە.

٤- کە دەفەرموێت: (لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمۡ)، واتە: ئەو ئافرەتە موسوڵمانانە بە کافرەکان ناشێن خۆ ئەمە هەمان مانای بڕگەی دواییش دەدات، کە دەفەرموێت: (وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّۖ).

واتە: ئەو پیاوە کافرانەش بە مان ناشێن، ئیدی بۆچی دوو بڕگەی بە یەك مانا بەکارهێناوە؟!

ئیمامی بەیزاوی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: بڕگەی یەکەم.(لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمۡ)، کە حوکمی شەرعییە بۆ ژنەکان دەر کراوە، بۆ جودا بوونەوەیان لە مێردە کافرەکانیان، بڕگەی دووەمیش، بۆ نەژیانەوەیانە لە گەڵ هەمان مێرد، یان پیاوی کافری تر، واتە: حوکمی دابڕانەو بۆ ژنان دەرچووە و، پیاوانیش مادام کافر ماون، نابێت بە هیوایان بینەوە.(١)

٥- خاڵێکی ڕەوانبێژی جوانیش هەیە لە ڕستەی: (لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمۡ)، کە ڕستەیەکی (إسمیية). واتە: بۆ مانای (الثبوت والدوام)ـە، واتە: مادام ژنەکە موسوڵمانە، تازە ئیتر هیچ بواری شوو کرنەوەی بە کافر نەما، چونکە حوکمەکە نەگۆڕ و بەردەوامە.

٦- (وَلَا تُمۡسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ)، (عِصم)، کۆی ( عِصمَة) ئەو ڕێکەوتن و هۆکارانەیە، کە پەنایان دەبرێتە بەر، لێرەدا مەبەست لە مارەیی و مەسروفە.

(الكوافر) کۆی (كافِرة) واتە: ئافرەتی کافر،ناو لەسەر وەزنی ( فاعلة) بێت، کۆیەکەی دەبێتە (فَواعِل) وەکو: شاعِرة، شَواعِر. دائِرة، دَوائِر. جائِزة، جَوائِـز..) مانای بڕگەکە، ژنی کافر بە خێزانی مەگرنە خۆ.

بێگومان ئافرەتی مەسیحیی و جولەکەو مەجووسی، ناگرێتەوە، چونکە ئەوان بۆیان هەیە، کە شوویان بە موسوڵمان کرد، لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە.

هەر ژنێکی موسوڵمانی مێردار (بە مێرد) یان پیاوێکی خێزاندار لە ئیسلام هەڵگەڕێتەوە، پەیوەندی ژن و مێردایەتیەکەی لە گەڵ هاوسەرەکەشی و موسوڵمانی تریش نامێنێت، هچیان مافی خێزان پێکەوە نانەوەیان لە گەڵ موسوڵمانی تردا نامێنێت.

---

(١) أنوار التنزيل /ب٢ل ٤٨٧.

## واز و كۆچ ( هيجرەت )

دكتۆر (ماجد عرسان الكيلانى)، كە پسپۆڕێكى پەروەردەيى ئوردونييەو، لە دائيرەى يونيسێفى ڕێكخراوى نەتەوە يەكگرتووەكان كار دەكات،خاوەنى تيۆرێكى سەربەخۆى ديدو ڕوانگەى بزاڤى ئيسلامييە.

زنجيرە كتێبێكى زۆر بە نرخى، دەربارەى پێدا چوونەوەى پەروەردەى ئيسلامى لە ديدو بۆچوونى موسوڵمانى ئەم سەردەمەماندا نووسيوە، يەكێك لەوانە، كە لە(مُعالِم في الطَرِيق- مەشخەڵى ڕێ)كەى (سيد قوتب)ى ڕەحمەتى كەمتر نييە- ناوى( الأُمَةَ المُسْلِمَةَ.. مَفهْومِها، اِخراجِها، مُقَوماتِها) كە باسى ئوممەت و ئوممەتى موسوڵمان و پێنج ڕوكنى پێكهاتەى ئوممەتە موسوڵمانەكە دەكات، كە بريتين لە: [تاكى موسوڵمان، كۆچ و جێكۆچ (الهِجْرَة والمُهجر)، جيهادو پەيام، داڵدەو لە خۆگرتن( الإِيواء)، پشتگيرى و سەرخستن ( النُصرة)]... لەبەر گرنگى باسەكانى، بە پێويستى دەزانم چەند بڕگەيەك لە بەشى هيجرەتەكە لێرەدا بە كورتى بهێنمەوە.

وازوكۆچ[1]. توخمى دووەمى پێكهاتەى ئوممەتى موسوڵمانە، لەوێ ئەو شێوازە(نموونەييەى كۆمەڵگەو ژيانى ئيسلامى)يە دەبينرێت، كە موسوڵمانان لە واقيعياندا هێناويانەتە دى، ژيانى دواى وازوكۆچ، دەرئەنجامى سروشتى ئازاد بوونى موسوڵمانە، لە كۆت و زنجيرە ڕۆشنبيريى و كۆمەڵايەتيى و بەربەستە مادديەكان، كە نەياندەهێشت موسوڵمان ژيانێكى ئيسلامى، لە كۆمەڵگەيەكى موسوڵماندا بهێنێتە دى.

هيجرەت لە ئەسڵى ماناكەيدا، يەعنى: گواستنەوە، ئەميش دوو جۆرە، گۆڕانكاريى جەستەيى وگۆڕانكاريى دەروونى:

---

(١) واز هێنان لە كۆمەڵگەو سيستمى حوكم و خوو نەريتى جاهيلييەت و، كۆچ كردن بۆ (دار الإِسلام) و كۆمەڵگەكەى و، بنياتنانەوەى سەر لە نوێى ژيان لەوێ.

* گۆڕانكاریی جەستەیی، واتە: كۆچ كردن لە كۆمەڵگاكانی كوفرو شیركەوە، بۆ كۆمەڵگەی باوەڕ.

* گۆڕانكاری دەروونیش: واز هێنانە لە كلتورو داب و نەریت و، ڕۆشنبیریی كۆمەڵگەی ناموسوڵمان و ،پابەند بوون بە كلتورو داب و نەریت و ڕۆشنبیریی عەقیدە و باوەڕ..

یەعنی: خۆ ڕاپسكان و داپچڕان لە عەقیدەو ڕەوشت و نەریت و، داب و ڕەسمی ئەو كۆمەڵگە كافرانەی، كە هەن و، وەرگرتنی باوەڕو پابەند بوون بە دیاردەو ڕواڵەتە عەقائیدییەكان و، جێبەجێكردنی داواكارییەكانی باوەڕ، بەم مانایەشە خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ ) المدثر/ ٥.

واتە: دووربكەوە لە بت و، سووریش بە لەسەر وازلێهێنانی.. هەروەها: (وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرًا جَمِيلًا ) المزمل/١٠.

واتە: ئارام بگرە لەسەر ئەوەی دەیڵێن و بە شێوازو ڕەفتارێكی جوان لێیان جوێ بەرەوە و وازیان لێ بهێنە، یان دەفەرمووێ: (فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٞۘ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓۖ ) العنكبوت/ ٢٦.

واتە: سەیدنا لوط باوەڕی پێ هێنا (بە سەیدنا ابراهیم) و وتی: من كۆچەرێكی بەرەو خوای گەورەم.

كە لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەربارەی كۆچ كردن دەپرسرا، بەم مانایانە كۆچ كردنەكەی پێناسە دەكرد، بۆ نموونە: كاتێك ئەعرابیەك[1] بە پێغەمبەری (صَلَّى

---

(١) هەندێ كەس ووشەی ئەعرابی بە ( عارەبی دەشتەكی ) تەرجومە دەكەن، ئەمەش هەڵەیە. چونكە عارەبی دەشتەكی پێیان دەوترێت: ( البدو)، بەڵام ئەعراب لە قورئاندا: پۆلە خەڵكێكن، كە كۆمەڵێك سیفەتیان تێدا دەركەوتووە، كردوونی بە ئەعراب.
قورئان، ئەعراب وەكو زاراوەكانی تری وەك: (المؤمنون) و( الكافرون) و( المنافقون) بەكاردەهێنێت.
واتە: بە پێی كۆمەڵێك سیفەت(چاك و ماقوڵ بن یان بەدو ناپەسەند)، كە لە كەسێك، یان

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )وت: ئەی پێغەمبەری خوا! باسی کۆچ کردنمان بۆ بکە، ئایا جەنابت لە هەر کوێ بیت، کۆچ کردنەکە بۆ لای خۆتە؟

یان بۆ لای خەڵکێکە؟

یان بۆ جێیەکی دیاری کراوە؟

ئەدی ئەگەر جەنابت کۆچی دواییت کردو مردیت، ئیتر کۆچ کردنیش کۆتایی پێدێت؟

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان پرسی:(أَينَ السائِلُ؟).

واتە: کوا کابرای پرسیارکەر لە کوێیە؟

وتی: ئا ئەمەتا ئەی پێغەمبەری خوا!

ئینجا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: (الْهِجْرَةُ أَنْ تَهْجُرَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، ثُمَّ أَنْتَ مُهَاجِرٌ وَإِنْ مُتَّ بِالْحَضَرِ)[1].

---

پۆلە خەڵکێکدا کۆ دەبێتەوە؛ یەکێك لەو ناوانەیان لێ دەنرێت.
ئەعرابیش هەر وایە، لەوانەیە کابرا مامۆستای زانکۆ بێت و ئەعراب بێت. هەروەکو، کە لەوانەیە کابرا عارەبی دەشتەکییەو موسوڵمانێکی پیاوچاکە.
ئەگینا چۆن لە دادی خوای گەورە دەوەشێتەوە، کە کابرایەك هەر بەوەندەی عارەبە و لە دەشت دەژی؛ دەرهەقیان بفەرموێ:( الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا) التوبة/٩٧
ئەدی ئەگەر کابرایەکی موسوڵمانی چاکی کوردمان بردە بیابانەکانی عەرەبستان، دەشێت پـێی بڵێین: مەرحەبا کاکی ئەعرابی (أشد كفرا ونفاقا)؟
یان ئەگەر داعییەکی ئیسلامی عەرەبی پیاو چاکمان بردە بیابانی لوت لە ناوەڕاستی ئێـران، دەبێت بە ئەعرابی؟ نەخێر.
جا خۆ کام کەرە کورد پەرستەی کوردایەتی زۆر سەری کلۆر کردووە، وا ناڵێت. چ جای موسوڵمانی قورئانی!!
(١) مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد/ ب٢/ل٢٢٤.

واتە: کۆچ کردن ئەوەیە: واز لە گوناح و خراپەکاری بهێنیت، چ ئەوانەی ئاشکران، چ ئەوانەی شارراوەن، هەروەها نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت، ئیتر لە شاریشدا بمریت، هەر بە ( موهاجیر ) حسابیت.

هەروەها دەفەرمووێ: (الْمُهَاجِرُ مَنْ هَجَرَ السُّوءَ فَاجْتَنَبَهُ)[١].

واتە: کۆچکەر ئەو کەسەیە، کە وازی لە خراپە هێناوەو توخنی ناکەوێتەوە، هەروەها دەفەرمووێ: (لا تَنْقَطِعُ الْهِجْرَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا)[٢].

واتە: کۆچ کردن، تا ئەو زەمانەی خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت، تەواو نابێت، هەر بەردەوامە.

پیاوێك لە پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )پرسی: کام کۆچ لە هەموان چاکترە؟ فەرمووی: (أَنْ تَهْجُرَ مَا كَرِهَ رَبُّكَ، وَهُمَا هِجْرَتَانِ: هِجْرَةُ الْحَاضِرِ، وَهِجْرَةُ الْبَادِي، فَهِيَ أَشَدُّهُمَا بَلِيَّةً)[٣].

واتە: کۆچ ئەوەیە: دووربکەویتەوە لەوەی خواکەت دەیبوغزێنێت، ئەویش دوو جۆرە: کۆچی لادێ و کۆچی شار،ئەمەی شاریان قورسترو پڕ کێشە ترە.

ئیمامی (ڕازی) ئەم پەیوەستییەی نێوان، هەر دوو جۆری کۆچ کردنەکەی باش ڕوون کردۆتەوە، کە فەرموویەتی:کۆچ کردن جاری وا هەیە، بەوە ئەنجام دەدرێت کە لە (دار الكُفر)ە وە بگوێزیتەوە بۆ (دار الإسلام)، جاری واش هەیە بریتییە لە واز هێنان و دوور کەوتنەوە لە کردەوەی کوفرو، ڕووکردنە کردەوە ئیمانییەکان و ئەنجامدانیان، وەکو پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ) دەفەرمووێ: ( المُهاجِرُ مَنْ هَجَرَ ما نَهَى اللهُ عَنْهُ).

---

(١) مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد/ب٢/ل٢٠٦.

(٢) مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد/ب٤/ل٩٩.هەروەها لە سونەنی دارمی/بابی السیر.

(٣) مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد/ب٤/ل١٩١. وە هەروەها لە سونەنی نەسائی.

واتە: کۆچەر ئەو کەسەیە، کە لەو کارو ڕەفتارانە دوور کەوتۆتەوە، کە خوای گەورە بەرهەڵستی لێکردوون.

ئەو زانایانەی لەم حەدیسە کۆڵیونەتەوە، فەرموویانە: هەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە (دار الکُفر)یان جێهێشتووەو هاتوونەتە دەرەوە، هەم ئەو کەسانەش دەگرێتەوە، کە وازیان لە دروشم و دیاردەو ڕواڵەتی کوفر هێناوە.

خوای گەورە کۆچ کردنەکەشی بە نیازو ویست و مەبەستەکەیەوە بەستۆتەوە، کە ( فی سبیل الله) بێت، چونکە لەوانەیە کۆچی هەندێ کەس( چ بە وازهێنان و جێ هێشتنی (دار الکُفر) بێت، چ بە وازهێنان لە دیاردەو ڕواڵەتە کوفرییەکان) بۆ مەبەستێکی دنیایی بوو بێت، بەڵام بێگومان لای خوای گەورە ئەوەیان قبوڵە، کە بەو ئیعتیبارە کراوە، کە فەرمانی خوای گەورەیە و ڕاپەڕێنراوە.

کەوا بوو: پێناسەکانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، زۆر بە جوانی ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هیجرەت کردن دوو بەشەو، حەتمەن دەبێت هەردووکیشیان بهێنرێنە دی.

کۆچێکی جەستەیی و کۆچێکی دەروونیی، ئەگەر کۆچە جەستەییەکە کۆچە دەروونییەکەی لەگەڵدا نەبێت، ناتەواوە و ناشێت، چونکە کۆچی جەستەیی، قۆناغە بۆ سەلماندن و تەواو کردنی کۆچە دەروونییەکە.

ئەگەر کەسێکی موسوڵمان، یان کۆمەڵێك موسوڵمان لە بارو دۆخ و کەشێکی نا ئیسلامیدا، بە شێوەیەکی وا دەژیان، کە نەیاندەتوانی بە گوێرەی( نموونەی موسوڵمانێتی) بژین و ژیانیان ئیسلامیانە ڕێك بخەن.

ئەرکی یەکەمی سەر شانیان: واز هێنان وکۆچە جەستەییەکە (وازوکۆچ) دەبێت.

ئەوجا دوای ئەوەی ئەم وازوکۆچە ئەنجامدرا، موسوڵمانانی تریش لە هەموو لایەکەوە بەرەو جێکۆچ (مەهجەر، یان (دار الإِسلام)ـە کە دەچن و، بە هەموان

کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی پێك دەهێنن، ئەوجا هەموویان - وەك تاك و کۆمەڵ - دەبێت کۆچە دەروونییەکەیان بکەن و، لە ئاسەوارو بارودۆخ وکەشە نا ئیسلامییەکەی یەکەمجارییان دەرچن و بـیرو کردنەوەیان ( واتە: هەست و هۆش، و ڕەفتارو ڕەوشت و نەریت) یان پاڵفتە بکەن، کە لـێرە ئاسانترە، چونکە ئاڕاستەو نەخشەی پەروەردەکردن، هەم داعیەکان دەیکەن، هەم دەزگا ڕەسمییەکان[١].

لەمەوە دەردەکەوێت: کە وازوکۆچ بە مانا مەعنەویەکەی بریتییە لە: خۆ پەروەردە کردن (تزکیة)، واتە: خۆ گۆڕین، یا بە زاراوە قورئانیەکەی بیلێین: (تغیـیر ما بالأنفس).

ئەو خاڵە تەوەرییەی، کە هەمیشە قورئان جەختی لێدەکاتەوەو زوو زوو دەیخاتەوە بـیر، بۆ زۆر بایەخ پێدانی.

مەبەستیش لەم خۆ گۆڕین و وازوکۆچە دەروونییە، لەبەر خۆ داماڵینی ئەو بـیرو باوەڕو دیدو تـێڕوانین و ڕۆشنبیریی و، کلتورو داب و نەریت و ڕەفتارە هەڵانەیە، کە هـی زەمانی کۆنن و بە ئیسلام و لە ئیسلامدا جێیان نابێتەوە و قبوڵ نین.

پراکتیك (بە عەمەلی کردن و چەسپاندن)ی ئەم دیدو تێڕوانینەش لەوەدا دەردەکەوت، کە کەسێك موسوڵمان دەبوو، دیاردەی ئەو کۆچە دەروونییەی بە ئاشکرا پێوە دیار دەبوو.

---

(١) ڕماندنی ئیمارەتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان، لە ترسی پراکتیك کردنی ئەم تیۆرییە بوو! بۆیە ئێستاش حەملە دڕندانەکەی بە ناوی ڕیشەکێش کردنی تیرۆرەوە دەکرێت، هەر بۆ لەبار بردنی ئەو ئامانجە قورئانیەیە، کە حەتمەن دەبێت ئەهلی ئەم دینە مەئوایەك پێك بهێنن و دینەکەیان، کە دەسەڵاتی شەرعەکەیانە لە (دار الإِسلام)دا بەسەر ئوممەتە موسوڵمانەکەیان و، ئەوانەی لە گەڵیاندا دەژین بچەسپێت.
بە غەیری هێنانە دی ئەم ئامانجەش، دەبێت بزانرێت کە موسوڵمانان - وەکو جولەکەی پێش دامەزراندنی ئیسرائیل - لە سەراسەری جیهاندا، هەر دەچەوسێنرێنەوەو چەوساندنەوەکەشیان لە وڵاتانی خۆیاندا چاوی لێدەپۆشرێت، لە وتالانی دیموکراسیشدا، شەرعییەتێکی نێو دەوڵەتی دەدرێتە یاسای دژایەتی ئیسلام.

دەبینرا، کە بیرو باوەڕ کلتورو داب و نەریتی ڕەگەز پەرستیی، تیرەو هۆزو عەشایرێتی واز لێهێناوە.

ئەو داب و نەریتە نامۆیەی، کە ببووە بتێکی تر و، لە دڵ و دەروونندا ڕێزو پیرۆزی تەعلیماتی خوایی بۆ دادەنرا.. ئەو کەسەی موسوڵمان دەبوو، لە ناخ و ڕواڵەتیدا وازوکۆچی دەکردو، بە ساغ و پاکیی دەهاتە ئیسلامەوەو، بیرو باوەڕو کلتورو داب و نەریتی خوابەیەکناسیی وەردەگرت، ئینجا لەسەر ئەوەشەوە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەڕەشەی حەزەرو ترسی لە موسوڵمانان دەکرد، کە نەکەن ببنەوە بە ئەعراب و، بگەڕێنەوە سەر بیرو باوەڕو کلتورو داب ونەریتی قۆناغی چەمکی عەشیرەتگەرییەکەی جاهیلییەت، چونکە ئەوە یەکێکە لە دیاردەکانی لە دین پاشگەز بوونەوەو هەڵگەڕانەوە(مورتەدد بوونەوە!).

ئەوە تاوانێکی یەکجار بڵح و ناقۆڵاو گەورەیە و، خاوەنەکەی حەتمەن بە( نەمری لە ئاگری دۆزەخدا) سزا دەدرێت، ئەمەش لەو حەدیسەدا دەر دەکەوێت، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )فەرموویەتی: (آكِلُ الرِّبَا وَمُوكِلُهُ وَكَاتِبُهُ إِذَا عَلِمُوا ذَلِكَ وَالْوَاشِمَةُ وَالْمَوْشُومَةُ لِلْحُسْنِ وَلَاوِي الصَّدَقَةِ وَالْمُرْتَدُّ أَعْرَابِيًّا بَعْدَ الْهِجْرَةِ مَلْعُونُونَ عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[1].

واتە: ئەوی سوو( ڕیبا) دەخوات، ئەوی وەکالەتی وەردەگرێت، ئەوی نوسەری مامەڵەکەیە، گەر زانیان مامەڵەی سووە و حەڕامە، هەروەها ئەو کەسەی خاڵ دەکوتێت و ئەوەش، کە خاڵەکەی بۆ دەکوتن و، ئەوی ڕێ لە خێروخێرات دەگرێت و، ئەو کەسەی دوای هیجرەت کردن مورتەددانە دەبێتەوە بە ئەعرابی، ئەمانە هەموویان لەسەر زمانی موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) لە ڕۆژی قیامەتدا لەعنەتیان لێکراوەو دوورن لە ڕەحمەتی خوا.

---

(١) مەسنەدیئیمامی ئەحمەد/ب٥/٣٨٨١.

ئیمامی تەبەری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەی قورئاندا، کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ( إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَنُدۡخِلۡكُم مُّدۡخَلٗا كَرِيمٗا ) النساء/٣١.

واتە: ئەگەر خۆ لەو گوناهە گەورانە بپارێزن، کە بەرهەڵستیتان لێکراوە و توخنیان نەکەون، لە گوناهەکانتان خۆش دەبین.

لە (محمدی کوڕی سەهلی کوڕی ئەبو حەسم)ەوە، ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:لە مزگەوتی (کوفە) بووم، عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خوای لێ ڕازی بێت) لەسەر مینبەر بوو، وتاری دەدا، لە وتارەکەیدا فەرمووی:( خەڵکینە گوناحە گەورەکان( الكبائر) حەوتن.

خەڵکەکە کپ بوون، گوێ قوڵاغ بوون، تا بزانن چین!

عەلی فەرمووی: ئەرێ بۆچی لێم ناپرسن، کە چین؟!

وتیان: باشە، ئەی ئەمیری موسوڵمانان، ئەو حەوتە کامانەن؟

فەرمووی: شەریك بۆ خوا بڕیار دان، کوشتنی نەفسی مرۆڤی بێ تاوان، کە خوا حەڕامی کردووە، تۆمەتبار کردنی ئافرەتی بە مـێرد( مـێرد دار) بە زینا کردن، خواردنی سەروەت و سامانی هەتیوو، خواردنی سوو( ڕیبا)، هەڵاتن لە ڕۆژی غەزاو ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن، گەڕانەوە سەر ڕەوشتی ئەعرابیان دوای واز هێنان لـێیی).

وتم: بابە، گەڕانەوە سەر ڕەوشتی ئەعرابی، بۆچی کەوتۆتە ڕیزی ئەم تاوانانەوە؟!

فەرمووی: چونکە شتێکی زۆر گەورەیە! کەم نییە کابرایەك کۆچی کردبێت و بەشە غەنیمەتی خۆی بۆ دانرا بێت و جیهادی لەسەر فەرز بوبێت، ئاوا ئەو بەیعەت و پەیمانە لە گەردنی خۆی داماڵێت، واز بهێنێت و ببێتەوە بە ئەعرابی!!

## دەرسی پێنجەم

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ ۙ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾﴾

### مانای گشتی ئایەتەکە

ئەی پێغەمبەر! ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانەکان هاتنە لات، تا پەیمان (بەیعەت)ی ئەوەت بدەنێ، کە هیچ شەریکێك بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن و، دزی نەکەن و داوێن پیسیی (زینا) نەکەن و منداڵەکانیان نەکوژن و، ئەو بوختانە هەڵ نەبەستن (بەوەی ئەگەر منداڵێك لە مێردی خۆیان نەبوو بیکەن بە هی ئەوان)، هەروەها لە کارو باری چاکیشدا سەرپێچیت نەکەن، تۆش بەیعەتەکەیان لێ وەربگرە و داوای لێبوردنیشیان لە خوای گەورە بۆ بکە. خوای گەورەش لێبوردەو بەبەزەییە.

## هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە

(عوروەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەوام) لە خاتوو (عائیشە)ی دایکمانەوە، کە پوری ئەویشە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: کە خاتوو عائیشە بۆی باسکرد، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) :(كَانَ يَمْتَحِنُ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ بِهَذِهِ الآيَةِ : (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ..)، تا دەگاتە (غَفُورٌ رَّحِيمٌ).

واتە: هەر ئافرەتێکی موسوڵمان هیجرەتی بکردایە بۆ لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بەم ئایەتە تاقی دەکردەوە، یەعنی داوای ئەو بەڵێن و پەیمان و بەیعەتەی لێ دەکرد.

پاشان (عوروە) دەفەرموێت: خاتوو عائیشە فەرمووی: هەر ئافرەتێکی موسوڵمان ئەو مەرجانەی قبوڵ بکردایە، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) پـێی دەفەرموو. (بايَعْتُكِ).

واتە: وا بەیعەتم لێ وەرگرتیت.

ئەمەش هەر بە قسە بوو، چونکە بە خوا قەسەم پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرگیز لە کاتی بەیعەت وەرگرتنیدا، دەستی بەر دەستی هیچ ئافرەتێك نەکەوتووە. بەیعەتیشی هەر وا بە قسە لێ وەردەگرتن، کە دەیفەرموو: ( قَدْ بَايَعْتُكِ عَلَـى ذَلِكَ).

واتە: وا بەیعەتم لەسەر ئەوانە لێ وەرگرتیت.[١]

ئیمامی ئەحمەد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە: کە (ئومەییەی کچی ڕەقیقە) دەفەرموێت: لەگەڵ چەند ئافرەتێك هاتینە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تا بەیعەتی بدەینێ، ئەویش ئەو بەیعەتەی لێ وەرگرتین کە لەو

---

(١) بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە.

ئایەتەدا باسکراوە، کە بە هیچ شێوەیەك شەریك بۆ خوا دانەنێین و دزی نەکەین و.. تا کۆتا مەرج، پاشان دەیفەرموو: (فِيمَا اسْتَطَعْتُنَّ وَأَطَقْتُنَّ).

واتە: بەو ڕادەیەی تواناو تاقەتتان هەبوو.

وتمان: خواو پێغەمبەری خوا لە خۆمان بەبەزەیی ترن بەرامبەرمان.

وتمان: ئەدی ئەی پێغەمبەری خوا دەست نەخەینە ناو دەستت؟

فەرمووی: (إِنِّي لَا أُصَافِحُ النِّسَاءَ، إِنَّمَا قَوْلِي لِامْرَأَةٍ وَاحِدَةٍ كَقَوْلِي لِمِائَةِ امْرَأَةٍ).

واتە:من تەوقە لەگەڵ ژناندا ناکەم، قسەشم بۆ ئافرەتێك، قسەمە بۆ سەد ئافرەت. حسن صحيح. هەروەها النسائی و ابن ماجەو ابن جەریریش گێڕاویانەتەوە.

ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە کە ابن عباس خوا لێیان ڕازی بێت، فەرمووی: نوێژی جەژنی ڕەمەزانم لە خزمەت پێغەمبەردا کردووە هەروەها لەگەڵ (ئەبو بەکری سددیق) و (عومەری کوڕی خەتتاب) و (عوسمانی کوڕی عەففان)دا.. هەر هەموویان نوێژەکەیان پێش وتارەکە دەکرد.( واتە: نوێژی جەژنیان دەکرد، ئەوجا وتاریان بۆ خەڵکەکە دەدا).

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە لە وتار دەبۆوە، ئاماژەی دەکردە پیاوان، کە دانیشن، پاشان بە نێو ڕیزەکانیاندا دەڕۆیشت بۆ جێ نوێژی ئافرەتان و ئامۆژگاری دەکردن.

جارێك لەگەڵ بیلالی حەبەشیدا (خوا لێی ڕازی بێت)، چوونە جێ نوێژی ئافرەتان و پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەم ئایەتەی بۆ خوێندنەوە: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ)، کە لە ئایەتەکە بووەوە، پرسی: (أَنْتُنَّ عَلَى ذٰلِكِ؟).

واتە: ئێوەش لەسەر ئەو بەیعەت و پەیمانەن.. وایە؟

ئافرەتێك وەڵامی دایەوە: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا..

پاشان فەرمووی: خـێرو خـێرات بکەن.. ئینجا بیلالیش (خوا لـێی ڕازی بێت)، پارچەیەك لە جل و بەرگەکەی خۆی ڕاخست و، ئافرەتانیش مستیلەو بازنەکانی خۆیانیان تێدەکرد..

## ڕێـڕەو

مەرجەکانی ئەم بەیعەتە، بنەمای عەقیدەو بنەمای ژیانی نوێی بارودۆخی کۆمەڵایەتین.. شەریك بۆ خوا دانەنان بە هیچ شێوەیەك( نە لە بیروهۆشدا، نە لە پەرستندا، نە لە یاساو ڕێسا داناندا)، ئەنجام نەدانی تاوانی وا، کە سنوری خوای تێدا بشکێت و موستەحەققی سزای گەورە بێت: دزی، داوێن پیسیی و زینا، منداڵ کوشتن، چ بە زیندە بە چاڵ کردنی کچان بێت، کە خوو نەریتێکی ناڕەوای جاهیلییەت بوو، چ بە لەبار بردنی کۆرپەی ناو سکی دوو گیانان(حاملە)، چونکە ئەو کۆرپانانەن، کە بەردەوامی دەدەنە مرۆڤایەتیی.

هەروەها منداڵێك، کە لە مێردەکانیان نیە، نەیکەن بە هـی ئەوان، بەو هیوایەی تاوانێکی زینای ڕابوردوویان بشارنەوە، یان منداڵەکە کە خۆیان دەزانن لە کێیە نەیدەن بە کەسێکی تر، چونکە لە ژیانی جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا وا بوو، وەکو (بوخاری) لە خاتوو عائیشەوە دەگێڕێتەوە: کە لە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا، جاری وا هەبوو چەند پیاوێك: (چوار، یان پێنج) دەچوونە لای ئافرەتێك و زینایان لەگەڵ دەکرد، پاش دوو گیانی، کە منداڵەکەی دەبوو، گەرچی بیشیانزانیایە، کە منداڵەکە لە کامیانە، بەڵام هەڵی دەگرت و دەیبردەوە بۆ ئەو پیاوەی، ئەم کۆرپەکەی پێ دەشوبهاندو پـێی دەوت: ئەمە منداڵی تۆیە و بیشیبە بۆ خۆت!!

ئەویش دەبوو بیگرێتە خۆ!

بێگومان ئایەتەکە ئەو حاڵەتەو هەموو حاڵەتێکی تریش دەگرێتەوە، پاشان مەرجی ئەخیر دێت: (وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ)، ئەمەش بەڵێندانە لەسەر گوێڕایەڵیی و مل کەچی دەربڕین بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )و،

پابەند بوونە بە فەرمانەکانیەوە، ئەمەش ڕێسایەکی گرنگی داڕشتنی( السمع و الطاعة)ی ئیسلامییە.

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

١- (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ) بۆ مێیینەیەو دەفەرمویٚ: (جَآءَكَ) نەك جاءتك، چونکە لە عەرەبیدا بۆ( جمع التكسير)، دەشێت پێچەوانەی ڕەگەز بەکاربێت.

بۆ نموونە: لە سورەتی (یوسف)دا خوای پەروەردگار، بۆ ژنانی شار دەفەرمویٚت: ( قال)، نەك ( قالت)، (وَقَالَ نِسۡوَةٞ فِي ٱلۡمَدِينَةِ ) یوسف/٣٠، هەروەها بۆ کۆمەڵێك پیاوانی ئەعرابیش فەرمووی: ( قَالَت) نەك (قَالَ): (قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّاۖ ) الحجرات/١٤ وە(قَالَتۡ رُسُلُهُمۡ ) ابراهیم/١٠.

٢- لەو ئایەتەو لە ڕیوایەتەکانی حەدیسیشدا دەبینین ئەوەی، کە خوای گەورە لە ئافرەتان داوای کردووە بەیعەتی لەسەر بدەن: بەرهەڵستی کردنیانە لە ئەنجامدانی هەندێك تاوان، نەك فەرمان کردن بێت بە ئەنجامدانی هەندێك فەرز، چونکە تاوانەکان لەو جۆرانەن، کە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە - بە تایبەتی ئافرەتانیان - خوویان پێوە گرتبوو، ئەنجامدانیشیان بە خراپە نەدەزانی!

هەر کەسێکیش جڵەوی حەزە لارەکانی خۆی گرت و، توانی خوو نەریت و ئارەزووەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، گیانی ڕاپەڕاندنی تێدا ئاسانتر دەبێت.

٣- لە هەر دوو سەحیحی ئیمامی (بوخاری) و (موسلیم)دا هاتووە: کە کاتێك ئافرەتان - دوای فەتحی مەککە- بۆ بەیعەتدان هاتنە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هیندی کچی عوتبەشیان لەگەڵدا بوو، کە ژنی ئەبو سوفیان بوو.

کە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم ) فەرمووی: شەریك بۆ خوا دانەنێن و دزی نەکەن، هیند فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیل( بەخیل)ـە، ئەوەندەم ناداتێ بەشی خۆم و منداڵەکانم بکات، ئایا گوناحم دەگاتێ، ئەگەر بێ ئەوەی ئەو ئاگای لێبێت، یان پرسی پێ بکەم، بەشی خۆمان لە پارەکانی هەڵبگرم؟ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: (خُذِي مِنْ مَالِهِ بِالْمَعْرُوفِ مَا يَكْفِيكِ وَيَكْفِي بَنِيكِ).

واتە: ئەوەندەی بەشی خۆت و منداڵەکانت دەکات، ئەمینانە، لـێی هەڵبگرە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سوور بوونی یاوەرانی پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە موراعات کردن و ڕاپەڕاندن و، پابەند بوونیانەوە بە شەریعەتەکەی خواوە، ئەمەش ڕێسایە بۆ هەموو ژنێکی مـێرد چروك و پیسکە، بەو مەرجەی هێندەیان خەرجی نەدابنێ، بەشی کردبن.

٤- (بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ ) واتە: کۆرپەی زۆڵ.. چونکە لە نێوانی چوار پەلدا لە دایك دەبێت.. نێوان هەردوو دەست و هەردوو ڕان.

٥- (وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ ) خۆ ئاشکرایە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمان بە غەیری چاکە ناکات، بەڵام ئەمە وەکو ئایەتی: (قَٰلَ رَبِّ ٱحْكُم بِٱلْحَقِّ ) الأنبیاء/ ١١٢.

وایە. واتە: خوایە بە حەقیانەت حوکم بکە!

خۆ ئاشکراو بێگومانە، کە خوای گەورە بە ناهەق حوکم ناکات.. ئەم شێوازە جۆرێکە لە جۆرەکانی جەخت (تەئکید) کردنەوە.

واتە: ( معروف) تەئکیدە لەسەر(وَلا يَعْصِينَكَ) هەر وەك (بِالْحَقّ) تەئکیدە لەسەر (رَبِّ احْكُم)، هەروەها ئەو (بِالْحَقّ)ـە، کە سیفەتە لە جـێی سیفەت باسکراو( موصوف) یێك هاتووە، کە ئەسڵی عیبارەتەکە دەبێتە: (رَبِّ احْكُم بِحكْمِكَ الْحَقِّ..)

ئەم ئایەتەش دەبێتە.( وَلا يَعْصِينَكَ فِي أَمرِكَ أَلْمَعْرُوفٍ)، واتە: لە فەرمانەکانتدا کە هەمووی هەر چاکن، سەرپێچیت نەکەن.

٦- ئەم بەیعەتە، کە بە بەیعەتی ئافرەتان ناسراوە، مانای وا نییە تایبەت بووبێت بە ئافرەتەوە، بەڵکو ئەمە یەکێکە لەو حەوت جۆر بەیعەتە شەرعییەی، کە لە ئیسلامدا هەیە.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) هەمان جۆر بەیعەتی لە پیاوانیش وەردەگرت، ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، لە عوبادەی کوڕی السامتەوە (خوا لـێی ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) پـێی فەرموون: (بَايِعُونِي عَلَى أَنْ لَا تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شَيْئًا، وَلَا تَسْرِقُوا وَلَا تَزْنُوا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ وَلَا تَأْتُوا بِبُهْتَانٍ تَفْتَرُونَهُ بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَأَرْجُلِكُمْ وَلَا تَعْصُوا فِي مَعْرُوفٍ..وَقَرَأَ الآيَةَ)

واتە: ئایا بەیعەتم دەدەنێ لەسەر ئەوەی کە شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن و زینا نەکەن و دزی نەکەن..

ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە و فەرمووی: (فَمَنْ وَفَى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعُوقِبَ فِي الدُّنْيَا فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا ثُمَّ سَتَرَهُ اللَّهُ فَهُوَ إِلَى اللَّهِ إِنْ شَاءَ عَفَا عَنْهُ وَإِنْ شَاءَ عَاقَبَهُ).

واتە: هەر کەسێکتان بەیعەتەکەی بە سەلامەتی بردە سەر  ئەوە پاداشتی لای خوای گەورە مسۆگەرە، هەرکەسێکیشتان تاوانێکی لەوانە کردو سزاکەی لە دنیادا وەرگرت، ئەوە سزاکە کەفارەتی گوناحەکەیەتی و پاك دەبێتەوە پـێی.

ئەوی تاوانێکی کردو خوای گەورە بۆی پۆشی، ئەوە لە ویستی خوای گەورە خۆیدایە، گەر ویستی سزای دەدات، گەر ویستیشی ئەوە هەر لێی خۆش دەبێت..

٧- مەرجی: (وَلَا يَعۡصِينَكَ فِي مَعۡرُوفٖ ) تایبەت نییە بە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، بەڵکو ئەمە بۆتە ڕێسایەکی دەستوری ئیسلام، چونکە شوێنکەوتوانی: ئیمام و خەلیفەو حاکم و ئەمیر و فەرماندەکان، کە بەیعەتیان دا، دەبێت گوێ

ڕایەڵیی و مل کەچیی بۆ هەموو فەرمانەکانیان دەر بـبڕن و جێ بەجێی بکەن، مادام لە سەر خـێرو چاکە خوازییە.

ئەگەر فەرمانەکەشی لە چوار چێوەی شەرعدا نەبوو، ئەوە لەو فەرمانەیدا گوێ ڕایەڵی ناکرێت، چونکە هـێزی یاسا بە شەریعەتی ئیسلامەکەوەیەو، تەنها ئیسلام مەرجەعییەتی موسوڵمانە، بۆیە یاساو ڕێسای گەل و دەسەڵاتدار، هەر دەبێت لە ئیسلامەوە وەرگیرا بێت.

## بەیعەت ( پەیمان و بەڵێن دان )

زانایانی ئیسلام و شەرعناسان، بە درێژایی مـێژوی پڕ سەروەری موسوڵمانان، حەوت جۆر بەیعەتیان تۆمار کردووە، کە جگە لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، یاوەران و تابعین و تابیعی تابیعینیش لە یەکتریان وەرگرتووە، ئەوانیش ئەمانەن:

### ١- بەیعەتی گشتی لەسەر ئیسلام:

ئەمە ئەو بەڵێنەیە، کە هەموو کەس دەبێت بە خوای پەروەردگاری بدات، جا ئەگەر موسوڵمانان، ئیمام (خەلیفە)یان هەبوو، ئەوە لە ڕێی ئەوەوە دەکرێت، گەر نەیان بوو، ئەوە نێوان خۆیان و خوای گەورەیە، کە دەبێت پێوەی پابەند بن، چونکە ئەمەیان ئیعلانی ئیسلامەتی خاوەنەکەیەتی، ئەوی ئەم بەیعەتەی لە گەردندا نەبێت، کافرە.

ئیمامی ئەحمەد، لە (محمدی کوڕی الأسوەد)ەوە دەگێڕێتەوە: کە ئەسوەدی باوکی بۆی گێڕاونەتەوە، فەرمویەتی: لە ڕۆژی ئازاد کردن (فەتح)ی مەککەدا، پێغەمبەرم (صلى الله عليه سلم) دی لەسەر تـیرە شاخێك دانیشتووە، بەیعەتی لەسەر ئیسلام و شایەتمان لە خەڵکی وەردەگرت.

دەفەرمووێ: وتم: باوکە شایەتمان چییە؟

فەرمووی: بەیعەتی لێ وەردەگرتن، کە باوەڕ بە خوا بهێنن و، ئینجا شایەتمان بێنن و بڵێن: أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله.[١]

---

(١) مەسنەدی ئیمامی ئەحمد/ب٢/ل٤١٥ ، هەروەها مجمع الزوائد/٦ پیاوانی سەنەدەکەی متمانە پێکراون( رجاله ثقات) هەروەها البداية والنهاية/ابن كثير.

ئیمامی بوخاری و موسلیم لە (مەجاشیعی کوڕی مەسعود)ەوە دەگێڕنەوە: کە فەرمویەتی: من و براکەم هاتینە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و عەرزمان کرد، بەیعەتمان لەسەر هیجرەت لێ وەرگرە، فەرمووی:( إِنْقَضَتِ الهِجْرَة إلى أَهْلِها).

واتە: هیجرەت تەواو بوو،ئەوی ئەهلی هیجرەت بوو کردی( پێشتر بوو، بۆ مەدینە، ئێستا ئەمان لە مەککەن).

وتم: ئەدی لەسەر چی بەیعەتت پێ بدەین؟ فەرمووی:( أَلإِسْلام وَالجِهاد).

## ٢- بەیعەت لەسەر کار کردن بە ئیسلامەتی و دیندارنی:

سەیدنا (جەریری کوڕی عبد الله) دەفەرمووێ: ئێمەش وەکو ئافرەتان بەیعەتمان بە پێغەمبەر دا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، گەر کەسێکیش بە تەواوی پێوەی پابەند بوو، نەیشکاند، ئەوە ئەهلی بەهەشتە، هەر کەسێکیش شتێکی لێ شکاندو خوا لە دنیادا بۆی پۆشی، ئەوە خۆی و خوای خۆی، لێپرسینەوەی لای ئەوە.[١]

ئەوەش، کە بە بەیعەتی ئافرەتان ناسراوە، هەر لەم جۆری بەیعەتەیە، ئیمامی بوخاری و ئەحمەدو ئەبو یەعلی و تەبەرانی گێڕاویانەتەوە: کە سەلمای کچی قەیس کە پووری پێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەفەرموێ: لەگەڵ پۆلێك ئافرەتی ئەنساردا هاتینە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) و، بەیعەتمان پێدا.

مەرجی بەیعەتەکەی ئەوە بوو: هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نەدەین، دزی نەکەین، زینا نەکەین، کۆرپەکانمان نەکوژین، کۆرپەی پیاوی تر هەڵ نەگرینەوەو بیکەینە منداڵی مێردەکانمان، سەرپێچیش لە کردەوە چاکەکانیدا نەکەین.

---

(١) البخاري/مناقب الأنصار ل٤٣ و مسلم/الحدود ل٤٤.

پاشان پـێـی فەرمووین: (ولا تَغْشُشْنَ أزواجَكُنَّ) واتە: فێڵ و خیانەتیش لە مێردەکانتان نەکەن.

بەیعەتمان پێداو هاتینە دەرەوە، دوایی بە ئافرەتێکیانم وت: بگەڕێرەوە لـێی بپرسە: ئاخۆ مەبەست لە فێڵ و خیانەت لە مێردەکانمان چییە؟

گەڕایەوەو پرسی، فەرمووی: (تَأْخُذُ مَالَهُ فَتُحَابِي بِهِ غَيْـرَهُ) پارەو سامانی ببەیت، تا خۆی پێ شیرین کەی لای پیاوی تر.

هەروەها ئیمامان: ئەحمەدو بوخاری و موسلیم و ترمزی لە سەیدنا (جەریر)ەوە دەگێڕنەوە: کە فەرموویەتی:بەیعەتم بە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دا لەسەر: نوێژ کردن و زەکات دان و ئامۆژگاری کردنی هەموو موسوڵمانێك.

## ٣- بەیعەت لەسەر کۆچکردن (الهِجرة):

ئیمامی موسلیم لە (یەزید الأسلمی)ەوە دەگێڕێتەوە: هـەر کاتێك پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) سەرییە (مەفرزە) یەکی بـۆ غەزا بناردایـە، ڕایدەسپاردن، کـە: (أُدْعُهُمْ اِلَى اِحْدَى ثَلاثٍ: الإسْلامُ مَعَ التَّحَوُّلِ اِلَى دارِ الهِجْرَة فإنْ أَبَوا الإسْلامَ فَالجِزْيَةُ، فإنْ أَبَوهَا فالحَرْبُ، ومَنْ أَسْلَمَ وَ يُهَاجِرْ يَجْرِي عَلَيهِ مَا علـَى المُؤمنينَ، مَا عَدَا الفَئُ، فَلا نَصِيبَ فِيهِ).[١]

## ٤- بەیعەت لەسەر پشتگیری و سەر خستن:

سەیدنا جابر دەگێڕێتەوە: کە خۆی یەکێك بوو لەو حەفتا پیاوو ئافرەتەی، کە یەك یەك و دوو دوو لە (عەقەبە) کۆ بوونەوەو، پێغەمبەریان دیت و بەیعەتیان پێدا، دەفەرمووێ: پێمان وت: ئەی پێغەمبەری خوا! بەیعەتت لەسەر چی پێ ببەستین؟

(١) مجموع الفتاوى: ب١٩/ل٢١-٢٣.

فەرمووی: ( تُبَايِعُونِي عَلَـى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ فِي النَّشَاطِ وَالْكَسَلِ، وَعَلَى النَّفَقَةِ فِي الْعُسْرِ وَالْيُسْرِ، وَعَلَى الأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ، وَالنَّهْـيِ عَنِ الْمُنْكَرِ، وَعَلَـى أَنْ تَقُولُوا فِـي اللَّهِ لا تَأْخُذَكُمْ فِيهِ لَوْمَةُ لائِمٍ، وَعَلَـى أَنْ تَنْصُرُونِي إِذَا قَدِمْتُ عَلَيْكُمْ يَثْرِبَ، وَتَمْنَعُونِي مِمَّا تَمْنَعُونَ مِنْهُ أَنْفُسَكُمْ وَأَزْوَاجَكُمْ وَأَبْنَاءَكُمْ، وَلَكُمُ الْجَنَّةُ)[١] واتە: بەیعەتم بدەنێ لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچیی، لە هەردوو حاڵەتی گورج و گۆڵیی و سستیدا، لەسەر بەخشین، لە هەردوو حاڵەتی دەوڵەمەندیی و هەژاریدا، لەسەر فەرمان کردن بە چاکەو بەرهەڵستیکردن لە خراپە، لەبەر خاتری خوا کار بکەن و لە لۆمەی لۆمەکاران باکتان نەبێت و نەترسن، پشتم بگرن و سەرم بخەن، کە کۆچیشم کرد بۆ لاتان بەرگریم وا لێ بکەن، وەکو کە بەرگری لە خۆتان و ماڵ و منداڵتان دەکەن، پاداشتیشتان: بەهەشتە.

## ٥- بەیعەت لەسەر جیهاد:

(بەشیری کوڕی خەساس) هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تا بەیعەتی پێ بدات، لـێی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەیعەتی چیم لێ وەردەگریت؟

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەستی پـیرۆزی بۆ دەستی (بەشیر) بۆ تەوقە ڕاکێشاو فەرمووی: (تَشْهَدُ أَشْهَدُ أَنَّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهِ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُه، وَتُصَلِّي الصَّلَوَاتِ الْخَمْسَ لِوَقْتِهَا، وَتُؤَدِّي الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحجُّ الْبَيْتَ، وَتُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ).

واتە: بڕیار بدە، کە هیچ خوایەك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە (الله)، (محمد)یش بەندەو نـێرراوی خوایە، هەر پێنج نوێژەکە لە کاتی خۆیاندا بکە، ئەو زەکاتەی لەسەرتە بیدە، ڕۆژووی ڕەمەزان بگرە، حەج بکە، لەبەر خاتری خواش جیهاد بکە.

---

(١) البداية والنهاية /ابن كثيـر ١٦٠/٣ والمستدرك /الحاكم ٦٢٤/٢. اسناده جيد عـلى شرط مسلم.

بەشیر دەفەرمووێ: وتم. بە خوا قەسەم، هەر چل پەنجا سەر ووشترم هەیە! ئەویش هـی ماڵ و منداڵ و کەس و کارمن، بۆ جیهادەکەش، پێم ناکرێت! چونکە من کابرایەکی ترسنۆکم، دەشڵێن: ئەگەر کەسێك لە بەرەی شەڕ هەڵێت و ڕابکات، بەر غەزەبی خوا دەکەوێت، بە خوا لەوە دەترسم شەڕ دەست پێ بکات و ورەم بڕوخێت و هەڵێم و، بەر ئەو غەزەبەی خوا بکەوم.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) دەستی (بەشیر)ی گرت و گوشی و فەرمووی: ئەرێ بەشیر، نە زەکات و نە جیهاد، پێم ناڵێیت بە چی دەچیتە بەهەشتەوە؟!

بەشیر دەفەرمووێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا دەستت بێنە، با بەیعەتت پێ ببەستم،ئەویش دەستی پـیرۆزی هێناو بەیعەتم لەسەر هەمووی پێدا.[١]

## ٦- بەیعەت لەسەر مردن:

ئیمامی ئەحمەدو بوخاری و موسلیم و ترمزی و نەسائی و بەیهیقی دەگێڕنەوە: کە (مەککی کوڕی ئیبـراهیم) لە (یەزیدی کوڕی ئەبو عوبەید)و، ئەویش لە (مەسلەمە)وە خوا لێیان ڕازی بێت، گێڕاوێتییەوە، فەرموویەتی:کە بەیعەتم دا بە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، دوایی چوومە بن دارێك دانیشتم، کە خەڵکی ڕۆیشتن و کۆڕ تەنك بوو، مـنی بیـنی فەرمووی: (يَا ابْنَ الْأَكْوَعِ، أَلَا تُبَايِعُ).

واتە: ها کوڕی ئەکوەع! بەیعەت نادەیت؟

وتم: ئەی پێغەمبەری خوا! بەیعەتم دا، گەر دەشفەرموویت، با جارێکی دیش بەیعەت بدەمەوە.

بۆ جاری دووەم بەیعەتەکەم دایەوە.

یەزید( ئەوی حەدیسەکەی لێوە گێڕاوەتەوە) دەفەرمووێ: لە (مەسلەمە)م پرسی: ئەو بەیعەتەتان لەسەر چی دەدا؟

(١) البخاری/الجهاد ل١١ وسنن البیهقی/ب١.

فەرمووی: لەسەر مردن. (١)

ئیمامی بوخاری لە (عبداللەی کوڕی زەید)ەوە دەگێڕێتەوە: کە لەو شەڕەدا، کە پـێـی دەوترێت: ( موقعة الحرة) کاتێك، کە لەشکری (شامییەکان) لە زەمانی (یەزیدی کوڕی موعاویە)دا هێرشیان کردە سەر مەدینە، کە هەموو دانیشتوانی ئەو سەردەمەی یاوەرەو تابعین بوون، (ئیبنو حەنزەلە)ی ئەمیری بەرگریوانان لە شار، بەیعەتی مردنی لە خەڵکەکە داوا دەکرد، کە بە (عبداللەی کوڕی زەید)یشیان وت بۆ بەیعەتدانی، فەرمووی: من لە دوای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )، بەیعەتی مردن بە کەس نادەم. (٢)

ئەمەش ئەوە دەگەێنێت: کە بەیعەتەکە شەرعی بووە و پێچەوانەی سوننەتی پـیرۆزی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )نەبووە، بۆیە (عبدالله) ئینکاری لە خودی بەیعەتەکە نەکرد، بەڵکو هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەو بەیعەتە ڕوون کردەوە، کە نایەوێت بە غەیری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بدات.

## ٧- بەیعەت لەسەر گوێ ڕایەڵیی و ملکەچیی:

عوبادەی کوڕی سامیت (خوا لێـی ڕازی بێت)، دەفەرمووێ: بەیعەتی جەنگمان بە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دا، کە لە دەوڵەمەندی و دەست کورتیماندا ملکەچی تەواوی بۆ دەربڕین، لە سستی و چوستیماندا گوێ ڕایەڵی بین و خۆخۆیی نەکەین (بەرژەوەندی خۆمان نەخەینە پێش) و، شەڕەپاڵ لەسەر دەسەڵات و ئیمارەت نەکەین و، لە هەر کوێ بین حەق بڵێین و، لە لۆمەی لۆمە کاران نەترسین.(٣)

یاوەرەکان ئەم جۆرە بەیعەتەیان بە هەموو خەلیفەکان دا، هەندێکیشیان بۆ هەندێ خەلیفە نەیدەدا، بۆ نموونە: کە سەیدنا ئەبو بەکر بوو بە خەلیفە، هەندێ

---

(١) مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد ٤٧/٤ و٥١ و٥٤.

(٢) ئیمامی موسلیم و بەیهەقیش ڕیوایەتیان کردووە.

(٣) سنن النسائی/ البیعة ل ١٦ الهدایه ب ٣

یاوەرەی بەرێز لەسەرەتاوە بەیعەتیان نەدا وەکو: (عەلی کوڕی ئەبو تالیب و العباس و فەزڵی کوڕی و زوبەیری کوڕی عەوام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی ئەسوەدو سەلمانی فارسی و ئەبو زەڕری غەففاری و عەمماری کوڕی یاسرو بەرائی کوڕی عازیب و ئوبەی کوڕی کەعب..)، بەڵام هەموو هەروا نەمانەوە، چونکە دوایی بەیعەتیان دا، بەڵام بۆ نمونە: سەیدنا عەلی دوای شەش مانگ دای، گەرچی سەیدنا (عوبادە)، تا مردیش، هەر بەیعەتی بە سەیدنا ئەبو بەکر نەدا.

کەس لەو یاوەرە بەڕێزانەی لەو سەردەمەش بوون، هاواری بەرهەڵستیی لێ بەرز نەبووەوە. هەروەها کۆمەڵێکی زۆریش لە سەردەمی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبیشدا بەیعەتی ملکەچیی و گوێ ڕایەڵیان نەدا، وەکو: (سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس و عبد اللهی کوڕی عومەرو محمدی کوڕی مەسلەمەو ئەبو سەعیدی خودری و ئوسامەی کوڕی زەید)و وە هەروەها..

ئەمە لە کاتێکدا، کە هەندێ موسوڵمانی ئەم زەمانە، ئەگەر ئەندامی حزبێکی ئیسلامی بێت و بەیعەت بە ئەمیرەکەیان نەدا، پلەی ئەندامێتی نادەنێ! یان لـێی دەستێننەوە! ڕەنگە سزاشی بدەن.. چونکە وا حاڵی بوون، یان وا خەڵکەکەیان چەواشەو ئیغفال کردووە، کە کاری ئیسلامی بێ بەیعەت نابێت و، بەیعەتەکەشت وەکو بەیعەتی خەلیفە وایە و، دەبێت حەتمەن، تا دەمریت پێوەی پابەند بیت!

گەرچی ڕاستیەکەش ئەوەیە: کە موسوڵمان دەتوانێت لە کۆمەڵێکدا کاری ڕێکخستن و چالاکی جیهادی خۆی بکات، بێ ئەوەی بەیعەت بە ئەمیری ئەو کۆمەڵە بدات.

گەر بەیعەتیشی دا، ئەوە وەکو شێخ (سەعید حەوا) -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرمووێ: ئەوە بەیعەتی کار کردنە.. دەبێت هەر کەس و کۆمەڵێك، کە داوای بەیعەت لە کەسێك دەکات، ئەوەی بۆ ڕوون بکاتەوە، کە ئەمە بەیعەتی کار کردنە، نەك بەیعەتی خیلافەت.

بەیعەت پەیمانێکی ڕێکەوتنە، واتە: عەقدە، کەوا بوو دەبێت مەرجەکانی عەقدی تێدا ڕوون بێت وەکو: هەردوو لایەنی عەقدەکە و، مەرجی هەردوو لاو شێواز(سیغە)ی عەقدەکەو، زانینی هۆکارەکانی کۆتا هێنانی و.. وە هەروەها... ئەم مەسەلانە پێویستە ڕوون بن.

مەگەر نابینیت جاری وا هەیە کۆمەڵێکی ئیسلامی، سەدان ئەندامی خۆی بەرەو( مەجهول) کێش دەکات و، ناشهێڵێت ئەندامانی نە چاویان بکرێتەوە و، نە بشزانن بەرەو چ ئامانجێکی خەیاڵاوی سەوق دەکرێن، یان بۆ چ مەبەستێکی بەرژەوەندی سیاسیی وەك مەڕ گۆش دەکرێن!

جاری واش هەیە کابرای فریو دراو، بەیعەت نەك بە ئەمیرێکی مەجهول دەدات، بەڵکو بە کۆمەڵەکەی دەدات!! کە ئەمە هەر بیدعەیەکی زۆر مونکەرە!

نازانم ئیتر ئەوانم بۆ لۆمەی شیعە دەکەن، کە تا سپیایی چاویان دادێت، هەر چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی ئیمام مەهدی بیرەکەی (سامەڕان)، کە پێش هەزارو دوو سەدو قسور ساڵ و لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە خۆی تێدا شاردۆتەوە، دەبێت ئەمانیش بێتە بیریان، کە ئەمیرەکەیان لە چ بیرێکدایەو بیر لەچی دەکاتەوە ؟!

هەندێك ناسکە موسوڵمانی تریش پەیدابوون، کە تەواو پێچەوانەی ئەمانەن! ئەمانیش دەڵێن: هەر بەیعەت دان بە غەیری خەلیفە بیدعەیە، واتە: ئەم کۆمەڵە ئیسلامییانەی لەم سەردەمەدا بەیعەت لە ئەندامانیان وەردەگرن، کارێکی بیدعە دەکەن!!

ئەمەشیان هەر نەزانین و هەواو هەوەس و بیدعەیە.. چونکە جارێ بەیعەتی مردن بە درێژایی مێژوی ئیسلام، موسوڵمانان -بە تایبەتی لە کاتی جیهاددا - لە یەکتریان وەرگرتووە..

نامەوێت لێرەدا بەرپەرچی ئەم لایەنەیان بدەمەوە، چونکە شێخ عبد القادر بن عبد العزیز لە کتێبی: (العمدة في اعداد العدة)ـەکەیدا زۆر چاك ئەم گومانەی ڕەواندۆتەوە، کە هەر خۆزگەی ئەوە دەخوازم، بتوانین بە کوردی هەموو کتێبەکە -لە کاتێکی گونجاودا - بخەینە بەر دەست (ان شاء الله).

# دەرسی پێنجەم

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ قَدۡ يَئِسُواْ مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلۡكُفَّارُ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡقُبُورِ ١٣ ﴾

## مانای گشتیی ئایەتەکە

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! کەسانێك، کە خوای گەورە ڕقی لێیان هەستاوەو غەزەبی لێگرتوون، مەکەنە دۆست و لایەنگرو سەرپەرشتی خۆتان. ئەوانە بەڕاستی هێندە لە ڕۆژی دوایی هیوا بڕاو بوون ( لە بێ بەشیی و ڕوورەشی و مایە پووچی خۆیان)، هەروەکو، کە مردووی گۆڕستان لە هەموو شتێك هیوا بڕاو بوون.

## هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە

هەندێك لە زانایانی تەفسیر، وەکو: ئیمامی (قورتوبی و ئیبن کەثیر و زەمەخشەری) دەگێڕنەوە: کە هەندێك هەژار و دەستکورتی موسوڵمان، پەیوەندی باشیان بە جولەکەکانەوە هەبوو، هیوای ئەوەیان پێیان بوو، کە لە بەرهەم و حاسڵاتی خۆیان بێ بەشیان نەکەن.

ئیـتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، تا سنورێك بۆ ئەو پەیوەندییە دابنێت و نەهێڵێت، هیچ کافرێك: ( چ جولەکەو مەسیحی بێت، چ کافری تر) ئەو سوکە پەیوەندییە بکەنە درزی دیوارو، لەوێوە( دین و عەقیدە، یان بیروهۆش و دیدیان، یان ڕەفتارو نەریتییان) دزە بکاتە ناو موسوڵمانان.

دەڵێن: ئەمە هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکەیە، بەڵام مەرجیش نییە بۆ هاتنە خوارەوەی هەموو ئایەتێك، هۆیەکی هاتنە خوارەوە هەبێت، چونکە جاری وا هەیە ئایەت بێ ڕووداو ڕوداوی هاتۆتە خوارەوە، چونکە پەندو ئامۆژگارییی و ئەحکام، لە لەفزی گشـتیی دەقـە پیرۆزەکانەوە (ئایەت بن، یان حەدیس) وەردەگیرێت و، تایبەتمەندی هۆ، نابێتە مەسەلەی سەرەکی مانا، چونکە وەکو زانایانی ئوسوڵ دەفەرموون: (العِبـرةُ بِعُمومِ اللَفظ لا بِخصوصِ السَبَب).

واتە: پەند لە لەفزەکە وەردەگیرێت، نەك لە هۆکاری تایبەت.

## لێكدانەوەی ئایەتەكە

١- سەرەتای ئایەتەكە (كۆتا ئایەتی سورەتەكە)، هەر بەم بانگەوازە خواییە: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ) موسوڵمانان بانگ دەكات، تا هۆشیان بخاتەوە سەر مەسەلەی دۆستایەتیی و لایەنگریی( وەلاء)، هەروەكو، كە لە سەرەتاوە نەیهێشت لەبەر بەرژەوەندی خۆیان(هەر چییەك بێت)، هەر نابێت خۆیان بكەنە دۆستی كافران و پەیوەندی لایەنگرییان لەگەڵدا ببەستن.

بەم ئایەتەی دواییش، هەر ڕێ لەو پەیوەندییە دەگرێت، نەبادا بە هۆی ئەم پەیوەندییەوە، دوژمنان نهێـنی موسوڵمانان بزانن.

٢- ئایەتی یەكەم بە( فعل) داوا لە موسوڵمانان دەكات، كە كافرەكان بە (أولياء) دانەنێن: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ ) (أولياء)ـە كە ناوە، واتە: نەیانكەنە دۆستی هەمیشەیی، بەڵام لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَوَلَّوْا۟ )، تَتَوَلَّوْا۟ هەر( فعل)ـە، بەڵام لەمیاندا وەك بفەرموێ: بۆ جارێكیش بێت، نەیكەن.

٣- تورە بوونی خوای گەورە: (غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ).

أ- ئەمە لە ئایەتی سیفاتە، واتە: خوای گەورە تورە دەبێت ،ئێمەش باوەڕمان وایە: كە خوای گەورە تورە دەبێت، ڕقی هەڵدەستێت،بەڵام چۆن؟

ئەوە ئێمە نایزانین.. چونكە زانیـنی چۆنییەتی هەموو شتێك، ئیعتیماد دەكاتە سەر پەی بردن و زانین و شارەزا بوونی ماهیەت و زاتی ئەو شتە خۆی.

ئێمەش، كە نازانین خوای پەروەردگار چۆنە، بێگومان پەی بە چۆنییەتی سیفەتەكانیشی نابەین( خۆیی بن وەك: زانست و زیندوێتیی، یان كردەوەیی بن وەك: هاتن و دیتن و بیستن و..هتد).

هۆیەکەشی: کەم و کورتی ئێمەیە، کە خوای گەورە ئەو توانایەی پێ نەداوین، تا دەرك بەو چۆنیەتییە بکەین، داواشمان لێنەکراوە بە دوایدا ڕابکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )داوای لێکردووین، کە لە زاتی خوا خۆی نەکۆڵینەوە، بەڵکو لە ئاسەواری کردگارێتییەکەی بکۆڵینەوە، دەبێت هەر، کە گەیشتینە باسی ماهییەتی خوای گەورە، بە ئەدەبەوە بوەستین و بێدەنگ بین،چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرمووێ: (لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ) واتە: زەینەکان پەی پێ نابەن..

ب - خوای گەورە - وەکو لە قورئاندا دەردەکەوێت- لە کەس و کۆمەڵێك تووڕە دەبێت، کە دینەکەیان وەرنەگرتبێت و، لاسارانەش چوو بن ڕێبازێکی تریان بۆ ڕێکخستنی ژیانیان وەرگرتبێت! ئەمەش قابیلی قبوڵ نییە.

خۆ جولەکەکان لە سەر دین بوون! بەڵام باوەڕیان بە پێغەمبەرێـتیی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) نەهێنا، گەرچی دەشیانزانی نـێرراوی خوایە! بەڵام حەسوود بوون، بوغزاوی و ڕقن بوون.

وایان دەزانی کۆتا پێغەمبەر لەوان دەبێت، بەڵام، کە لە نێو عەرەبەکانەوە هات، هەڕاڵیی و بوغراییان ڕێی ئیسلامەتی لێگرتن و بورکانی کینەیان خستنیە سەر ڕێچکەی بن بەست و، بە هۆی دەرون لاوازییەکەیانەوە، گومڕا بوون!

بۆیە ئاوا خوای گەورە لێیان تووڕە بوو: (المَغضُوبِ عَلَيهِمْ).

مەسیحییەکانیش خوایان دەپەرست، بەڵام چونکە چۆنییەتی پەرستنەکەیان، بە پـێی تەعلیماتی خوای زاناو کارزان نەبوو، کەوتنە شیرکەوەو خوای گەورەش بە گومڕا ناوی بردن، واتە: (الضَّاالون)، چونکە بە هۆی نەزانی خۆیانەوە تێکەوتن.

لێرەشدا، کە خوای گەورە جارێکی تر ئەوە بۆ موسوڵمانان ڕوون دەکاتەوە، کە نابێت بە هیچ شێوەیەك، ئەو خەڵکەی لایانداوەو لادەرو پە ڕیدەو نامۆ بوون و،

خوای گەورە ڕقی لێیان هەستاوەو غەزەبی لێگرتوون، موسوڵمانان بیانکەنە دۆستی خۆیان، نابێت پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستن..

ئاخر چ بەرژەوەندییەك لەو دۆستایەتیەدا هەیە، کەسێك خوای بەبەزەیی لێـی تورە بووبێت و نەیەوێت، کەسێك بەرنامەی دینەکەی واز لێهێنا بێت و بەرەڵا بوو بێت و، خوای گەورە غەزەبی لێگرتبێت، چۆن دەبێت موسوڵمانێك ئەوەندە ساویلکە بێت، وا بزانێت خـێری بۆ موسوڵمانان پێوە ماوە؟!

دەبێت ئەو موسوڵمانەی بەو هیوایەیە، چەند گێـژو گێل و گەلۆرو گەلحۆو گەمژەو گەوێل و گەمبۆڵ بێت؟!

حەیفت نەکرد وا بیت؟!

## دۆستایەتیی و دوژمنایەتیی ( الولاء و البراء )

ئێمەی موسوڵمان، کە باوەڕمان وایە: ئیسلام دینمانە، واتە: تەنها ئیسلام بەرنامەو پـێڕەوی ژیانمانەو، تەنها ئەویش ئایدیۆلۆژی ژیانمانە.

یەعنی: ئێمە لە دیدی ئیسلامەوە دەڕوانینە بونەوەر، گەردون و ژیان و مرۆڤ، گەردون بەهەرچی دیارو نادیارەوە کە تێیدایە.

ژیانیش بەو سیفەتەی، کە قۆناغێکی بوونی تاك و کۆمەڵگەکەی مرۆڤایەتییە، بەو سیفەتەش، کە کێڵگەی چاندنی قیامەتی مرۆڤە. دیسان بەو سیفەتەش، کە گۆڕەپانی ململانـێی سەلماندنی بوونمانە( لە ڕوونکردنەوەی تیۆری دینەکەو، پیادە کردنی پراکتیکی بانگەوازەکەی و، هێنانە دی واقیعـی ئوممەت و حوکمی شەریعەتەکەمان).. هەر لە دیدو بۆچوونی ئیسلامەکەشمانەوە خەڵکی - بە پـێی زاراوە شەرعییەکانمان- پۆلێن دەکەین.

لای ئێمە خەڵکیی، یان دیندارن، یان بێ دینن، دیندار بە ئیسلام، یان بە مەسیحێتیی، یان بە جولەکایەتیی، یان بە مەجووسیی، یان بە هەر دینێکی تر، ئیسلام قبوڵی بێت، ئینجا موسوڵمانی بە تەقواو هـی کەم تەقواو فاسق.

کافریش، شەڕانییە، یان موسالیم، لەو نێوانەشدا دووڕوو( مونافیق)ی بێ هیممەت و ترسنۆك خۆپەرست، وەکو جرجـی بێ سرەوت دێت و دەچێت.

هەڵوێستی هەر یەکێکیش لەوانە، هەر بە ئیسلامەکەمان هەڵدەسەنگێنین، ئەوی ئیسلام قبوڵی بوو، بە هـی خۆمانی دەزانین و بەرگری لێدەکەین، ئەوی ئیسلام پـێی قبوڵ نەبوو، دەیکەینە هـی ناحەزو، بە گوێرەی شەرع مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

بۆ نمونە: حوکمی جاسوسێکی موسوڵمان، لەسەرەتاوە کابرا لە ڕیزی موسوڵماناندا پۆلێن کراوەو قبوڵ بووە، بەڵام کارە جاسوسیەکەی کارێك نییە

ئیسلام قبوڵی بێت، جا ئەگەر جاسوسیەکەی لەسەر موسوڵمانان بۆ کافران بوو، شتی گەورەشی دژی موسوڵمانان لەسەر بنیات نرا، ئەوە لەسەری دەکوژرێت، بەڵام لەویشدا هۆکارو جۆری کوشتنەکەی دەبێت ڕوون بکرێتەوە، چونکە ئەگەر جاسوسی کردنەکەی لە ڕوانگەو دیدی باوەڕ وعەقیدەیەوە بوو بێت، ئەوە کافر بووەو لەسەر جاسوسێتیەکەی - بەو سیفەتەی کە کوفرە- کوژراوە.

لەو حاڵەتەشدا حوکمی کفن و دفن و گۆڕستان و، میرات و حوکمی تری دنیایی و حوکمی قیامەتیشی جیاوازە.

ئەمما ئەگەر لە دادگایەکی شەرعی سەلماندی، کە جاسوسێتیەکەی لە ڕوانگەو ڕەفتارێکی گێلانەو نەزانیەوە کردووە، بەڵام کێشەی گەورەو دژواری لەسەر موسوڵمانان دروستکرد بوو، دەکوژرێت، بەڵام ئەمجارە لەسەر خودی جاسویەکەیە - بەو سیفەتەی، کە تاوانێکی زەرەرمەند بووە بۆ موسوڵمانان - لەم حاڵەتەشدا، حوکمی کفن و دفن ومیرات و، حوکمەکانی تری دنیای خۆی و ماڵ و منداڵی و، حوکمی قیامەتیشی وەکو موسوڵمان حساب دەکرێت.

لەم دیدو ڕوانگەو زەمینەوە، تەماشای دۆستایەتیی و دوژمنایەتیی موسوڵمان دەکرێت، بە پێی ئەم پێناسەشە، کە وتراوە: ( وەلاء و بەراء) بریتییە لە: چەسپاندن و ڕاپەڕاندنی واقیعیانەی عەقیدە، مومکین نییە خوا بەیەکناسیی( التوحید) لە جیهانی واقیعی کۆمەڵگەیەکدا - بێ دیاریکردنی بەرەی کوفرو ئیمان و، هەڵاوێردنی سەنگەری هەردوولاو دیاری کردنی سنووری نێوانیان - بسەلمێت و بچەسپێت.

بۆیە دەبێت چاك لەوە حاڵی بین، کە هەڵوێستی دۆستایەتی و دوژمنایەتی ( الولاء و البراء) یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین و سەختترین کێشەکانی عەقیدە.

چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ

وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ ) التوبة ٢٣-٢٤

وه (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ) المائدة/٥١، بۆیە (ئیبن عەتیق -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: هیچ باسێك لە قورئاندا دوای كێشەی خوابەیەكناسیی و پێچەوانەكانی، ئەوەندەی (وەلاءو بەراء)، بەڵگەی زۆرو ڕوون و ئاشكرای لەسەر نییە.[1]

لە سەنگەری شەرع و لە ڕوانگەی، دەیان و سەدان بەڵگەی قورئان و حەدیسەوە، دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە، كە دۆستایەتیی و دوژمنایەتیی ( الولاء و البراء):

١- ڕوكنێكی زۆر دژوارو گرنگی عەقیدەی موسوڵمانانەو، باوەڕی هیچ كەسێك بێ ئەو تەواو نابێت.(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ ) المائدة/٥١.

٢- بە گرنگ نەدیتنی ئەم ڕوكنە سەرەكییەو شل گرتنی، ئەو كەلێن و بۆشاییە پەیدا دەكەن، كە دوژمنانی ئیسلام لێوەی دزە دەكەنە ناو دین و ئوممەت و بزاڤە ئیسلامیەكەمانەوە و، لەوێشەوە زەربەمان لێدەدەن:(وَلَوْ أَرَادُوا۟ ٱلْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا۟ لَهُۥ عُدَّةً وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ ٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴿٤٦﴾ لَوْ خَرَجُوا۟ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا۟ خِلَٰلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ ٱلْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾ ) التوبة/٤٦-٤٧ .

---

(١) ( النجاة والفكاك/ل ١٤).

٣- بێ بایەخ تەماشا کردنی ئەم ڕوکنە سەرەکییە، عەقیدەکە لاواز دەکات،گەر هەڵیشی نەوەشێنێتەوە: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾) آل عمران/١٤٩

٤- ناسین و شارەزا نەبوون لەم ڕوکنە، دەبێتە تێکەڵ بوونی ڕەنگە سوورەکەی نێوان کوفرو ئیمان و بەرەکانیان، دواییش دیاردە و ڕواڵەتەکانی هەردوولا تێکەڵ دەبن و، سیمای هەردولا وایان لێدێت لێك جوێ ناکرێنەوە،چونکە ئەو کاتە، نە سەنگەر و بەرەی جودا دەمێنێت، نە جیهاد و ئەحکامیشی.

ئیـتر، کە کافرو دووڕوو موسوڵمان وەك یەکیان لێهات و، هەرموو، هەر لاف و گەزافی ئەوەیان لێدا، کە ڕێز لە ئیسلام دەگرن، گلەیی و گازاندە لە کێ بکرێت و بە کێ بوترێت، بۆچی ڕیزەکانمان پڕ بووە لە جاسوس و پیاو خراپ؟:(وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُواْ تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ ٱلْعَدُوُّ فَٱحْذَرْهُمْ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٤﴾) المنافقون /٤ .

## لە جۆرە قەدەغە کراوەکانی دۆستایەتی کافران

١- خۆشویستنی کوفرو کافران و بە مەزن دانانیان.[١]

٢- پشتگیریی و سەرخستنی کوفرو کافران، لە شەڕو ناکۆکیی و دەعوایاندا دژی ئیسلام و موسوڵمانان.[٢]

٣- ڕازیبوون بە ڕێبازی کوفرو کافران و، بە کافر نەناسین و نەناساندنیان، یان گومان کردن لە کافرێتییان، یان بەڕاست زانیـنی کوفریان.[٣]

٤- ڕازیبوون بەکردەوەو هەڵوێستیان و، خۆ شوبهاندن پێیان و لەبەرکردنی بەرگی تایبەتی ئەوان.[٤]

٥- پەراوێز کردنی شەریعەتی ئیسلام و، بە کەم و کورت ناساندن و پهراوێز کردن و، حوکم پێنەکردن و گۆڕینی.[٥]

٦- هێنان و چەسپاندنی بەرنامەو یاساو ڕێسای کوفرو کافران و، شوێن پێهەڵگرتنی ئەوان و، ڕاپەڕاندنی پلان و نەخشەی ئەوان.[٦]

٧- پلان دانان و پیلان گـێڕان لە گەڵ کافران دژی موسوڵمانان و، پەیمان بەستن لەگەڵیانداو نووسینی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە بۆیان، بۆ دژایەتی ئەهلی ئیسلام و

---

(١) الإیمان /ئیبن تەیمییە/ ل ١٣.

(٢) تفسیر الطبری ٢٢٨/٣.

(٣) مجموعة التوحید ل ١٢٩.

(٤) مجموعە التوحید ل ١١٧.

(٥) العلمانیة/سفر الحوالی.

(٦) الولاء والبراء/القحطانی ل ٢٣٩.

هەروەها جاسوسی بۆ کردنیان و، بوونە خزمەتکاری جەنگ و سەربازو پۆلیس و ئاسایش بۆیان.[١]

٨- هەڵاتن لە (دار الإسلام)ەوە بۆ (دار الكُفر)، لەسەر بوغزاندنی ئیسلام و موسوڵمانان و سیستمی حوکمییان و، چوونە ناو ڕیزی ئەهلی کوفرەوە.[٢]

٩- چوونە ناو ڕیزی پارت و کۆمەڵەی سکوڵەریستی (عالەمانی) وەکو: (کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی و لیبراڵی و ماسۆنی) و، بوون بە ئەندام تێیانداو سەرخستنیان بە هەق و ناهەق و، فەزڵ دانیان بەسەر ئیسلام و گرووپی ئیسلامیدا.[٣]

١٠- پرس و ڕاوێژ کردن بە کافران و، نزیك کردنەوەو ئیعتیماد کردنە سەریان و، متمانە پێ کردنیان و تەعیین کردنیان لە شوێنی دژوارو گرنگ، وەکو: ئەمینداریێتیی سیاسەت و خەزێنەداریی و دارایی و.. هتد.[٤]

---

(١) الأيمان / محمد نعيم ياسين ل١٤٧.

(٢) المحلى/ ابن حزم ٢٠٠/١١.

(٣) الردة بين الأمس واليوم ل٤٠.

(٤) أحكام اهل الذمه/ابن القيم ٢٤٢/١.

## دەبێت هەڵوێستی موسوڵمان چۆن بێت؟

١- دۆستایەتی کافران نەکات: (لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ ...﴿٢٨﴾ ) ال عمران/٢٨.

واتە: ئەی موسوڵمانینە! کافرەکان نەکەنە سەرپەرشتیاری خۆتان و دۆستایەتییان مەکەن و نهێنی موسوڵمانانیان مەخەنە بەر دەست، چونکە هەر کەسێکتان وا بکات فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێت و، بەو پاشگەز بوونەوەو کافر بوونەوەیەی، خواو پێغەمبەری خوای لێ تەبەڕا دەبێت.[١]

هەروەها لە تەفسیری ئایەتی: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ ...) المائدة/٥١ .

دەفەرمووێ: هەر کەس دۆستایەتی و پشتگیری جولەکەو دیانەکان(مەسیحی) بکات، ئەوە لە ڕیزی ئەواندایە، چونکە هەر کەس ئەوانی دژ بە موسوڵمانان سەرخست و پاڵپشتی کردن، لە ڕیزی دین و میللەتی ئەواندا حسێب دەکرێت، ئاشکرایە، کە کەسێك پشتگیری کەسێکی تر، یان کۆمەڵێکی تر دەکات و، هەوڵ بۆ سەرکەوتنیان دەدات، مانای وایە بە بەرنامەو دین و ئەوەی لەسەرین ڕازییە، کە ئەوەشی کرد، مانای وایە: بەرهەڵستیی و دوژمنداریێتیی ئەو کەسانەش دەکات، کە ناحەزو نەیاری ئەو کۆمەڵەن، حوکمی ئەم جۆرە کەسانە لە ئیسلامدا، هەمان حوکمی ئەو دوژمنانەی ئیسلامە.[٢]

---

(١) تفسير الطبري ٢٢٧/٣.
(٢) الطبري ٢٧٧/٦.

٢- کافران و کوفری خۆش نەویێت، چونکە ئەوان:

أ- دوژمنایەتی موسوڵمانانیان کردۆتە پیشە: (لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾ ) المجادلة/٢٢، ئیمامی ئیبن کەثیر دەفەرمویێ: (وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ ) لەسەر (ئەبو عوبەیدەی کوڕی الجراح) هاتە خوارەوە، کە لە غەزای بەدردا باوکی خۆی کوشت (أَوْ أَبْنَآءَهُمْ) ئەبو بەکری سددیقە کە لە هەمان غەزادا ئەویش (عبد الرحمان)ی کوڕی خۆی کوشت. ( أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ ) موسعەبی کوڕی عومەیرە، کە ئەویش لە هەمان غەزادا عوبەیدەی برای کوشت، (أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ) عومەری کوڕی خەتتابە، کە ئەویش هەر لە غەزای (بەدر)دا خزمێکی خۆی کوشت، هەروەها هەر یەك لە: (حەمزەو عەلی کوڕی ئەبو تالیب و عوبەیدەی کوڕی الحاریثە)، کە ئەوانیش (عوتبەو شەیبەو وەلید)ی خزمی خۆیان کوشت.. لە پاداشتی ئەم هەڵوێستەدایە، کە خوای گەورە دەرهەقیان فەرمووی: (رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ).

ب- ئەوان موسوڵمانان دەبوغزێنن و ڕقیان لە ئیسلامەکەیان دەبێتەوە: (مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٠٥﴾ ) البقرة/١٠٥ ( وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَـٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٩﴾ ) البقرة/١٠٩.

ج- لە موسوڵمانان ڕازی نابن، مادام دەیانبینن بە ئیسلامەکەیانەوە پابەندن و، نایانەوێن و هەر پەراوێزیان دەکەن: (وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ

مِلَّتَهُمْۗ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِۙ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٢٠﴾ ) البقرة/١٢٠.

د - خۆزگەی ئەوە دەخوازن و بەردەوام هەوڵیش دەدەن، کە موسوڵمانان لە دینەکەیان ژێوان ( پەشیمان) بکەنەوە، تا واز لە ئیسلام بهێنن: ( يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ كَـٰفِرِينَ ﴿١٠٠﴾ ) آل عمران/١٠٠ هەروەها (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ ) آل عمران/١٤٩.

٣- کافرو مورتەدد نەکاتە ڕاوێژکارو، پلەو پایەی کاریگەریان پێ نەسپێرڕێت، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ( يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ ٱلْبَغْضَآءُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ وَمَا تُخْفِى صُدُورُهُمْ أَكْبَرُۚ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِۖ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١١٨﴾ ) آل عمران/١١٨، ئیمامی قورتوبی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێ: (بِطَانَةً ) چاوگە و مانای تاك و كۆ دەگەیێنێت،بە مانای ڕاوێژکارو ڕازگرو سرپۆشە، خوای گەورەش، کە بەرهەڵستی موسوڵمانانی کردووە لەوەی کافرو جولەکەو ئەهلی هەواو هەوەس بکەنە پیاو ماقوڵ و ڕاوێژکاری خۆیان و، نابێت پرس و ڕایان پێ بکەن و نهێنی وسامانیان بخەنە بەر دەست: (لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا) واتە: هیچ جۆرە ڕەنج و هەوڵ و وزەیەك نامێنێت بۆ فەسادو فیتنەو شێواندنی کاروبارتان نەیخەنە کار، واتە: گەرچی لە ڕواڵەتدا شەڕتان لەگەڵ ناکەن بەڵام مەکرو فێڵ و خراپە نامێنێت بۆ لاواز کردنتان نەیگرنە بەر. (وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ ): ئەو شتەیان دەوێت، کە نارەحەتی موسوڵمانانی تێدایە.[1]

گەر بزانین، کە ئەبوبەکری سددیق (خوا لـێی ڕازی بێت)، هیچ یەکێکی لەو کەسانە تەعیین نەکردووە، کە زوتر پاشگەز (مورتەدد) بووبوونەوە، چونکە دەیفەرموو: جـێی متمانە نەماون.[2]

---

(١) تفسير الطبرى ١٧٨/٤.

(٢) الفتاوى الكـبرى/ئیبن تەیمیە ٦٠٧/٤.

دەبێت لەم زەمانەدا چی بکەین، کە زۆرینەی حاکم وکاربەدەستانی وڵاتانمان مورتەدد بوونەتەوەو، ئەوان ناهێڵن موسوڵمانی ساغ و دیندار، لە هیچ جێیەك تەعیین ببێت؟!

٤- نەچێتە ڕیزی کفرو مورتەددانەوە، جا حکومەت بن، یان حزب و کۆمەڵ.

ئیمامی ئیبن تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەربارەی تەتەرو مەغۆلەکان دەفەرمووێ: هەر کەسێك لە لەشکری ئیسلامەوە، بچێتە ڕیزی ئەوانەوەو ئیلتیحاقیان پێوە بکات، حوکمی ئەمیش هەر وەکو حوکمی ئەوانی لێدێت، چونکە ئەگەر سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتە (یاوەرو تابعین)، زەکات نەدەرەکانی زەمانی سەیدنا (ئەبوبەکری سددیق)یان بە کافرو پاشگەز بووەوە دانابێت، کە نوێژیشیان دەکردو ڕۆژوەکەشیان دەگرت و دژی کۆمەڵگەی ئیسلامیش نەجەنگا بوون! دەبێت حوکمی ئەو کەسانە چەند قورس بێت، کە لەگەڵ دوژمنانی خواو پێغەمبەردان و چوونەتە ڕیزی لەشکرەکانیانەوەو، دژی موسوڵمانان دەجەنگن؟))[1]

لەویش ڕوونتر، سەیری فەتواکەی ئیمامی (ئیبنو حەزم) بکە ڕەحمەتی خوای لێبێت کە دەفەرمووێ: ((ئەگەر کافرێك بە هۆی هێزو دەسەڵاتەوە، دەستی گرت بەسەر (دار الإِسلام)ێکداو، لێگەڕا موسوڵمانان دینی خۆیان پیادە بکەن و، حوکمی شەرعی خواش بەسەر کۆمەڵگەکەیاندا بچەسپێنن، بەڵام لەم گەڕێن بە حاکمێتیی بمێنێتەوەو، هەر لەسەر کوفری خۆشی بێت، هەر کەس بە حوکمەکەی ڕازی بێت، کافر دەبێت، هەر کەسێکیش یارمەتی بدات، کافر دەبێت، هەر کەسێکیش حوکمەکەی بۆ پایەدار بکات و بۆی بپارێزێت: (سەربازو پۆلیس وئاسایشی ئەم زەمانە) حوکمەکەی وەکو ئەوەو کافر دەبێت! با هەر لاف و گەزافی موسوڵمانێتیش لێ بدات)).[2]

---

(١) الفتاوى الكـبرى ٤/٣٣٢.
(٢) الفتاوى الكـبرى ٤/٣٣٢.

ئینجا بەراوردی ئەو فەتوایەو حاڵی موسوڵمانان بکە بە گشتی و موسوڵمانانی عێراق بە تایبەتی! کە دەبینی هەندێکیان بۆ کورسیەکی شکاوو پارەیەکی سوحت، بوونەتە کەوا سووری پێش لەشکری ئەمریکا و، هەندێکی تریشیان بوونەتە ڕاوێژکاری!

٥- بەرهەڵستی دیدو بۆچوون و بیرو باوەڕی پووچ و پلان و، نەخشە گڵاوەکانیان و دوور کەوتنەوە و حەزەر دان لێیان و، خۆ ئامادە کردن و جیهاد دژی هەموو پۆلەکانیان، لەوانە:

أ- کافری ئەسڵی: ئەگەر کافری ئەسڵی هێرشی هێنایە سەر ناوچەیەکی ئیسلامی، جیهاد وەکو: نوێژو ڕۆژوو لەسەر یەك یەکی موسوڵمانان فەرز دەبێت.

تا ئێستا پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە شەرعییە، هیچ زانایەکی کۆن و نوێ فەتوای نەداوە.

ئیمامی ئیبن تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێ: ئەو دوژمنەی هێرش دێنێتە سەر ئەهلی ئیسلام و، وڵات و دین و دنیایان دەشێوێنێت، هیچ شتێك دوای شایەتمان هێنان، وەکو جیهاد کردن دژی ئەوانە فەرز نابێت.))[١]

ئەمەش مانای وایە: ئەگەر کەسێك دوای نوێژی بەیانی موسوڵمان بوو، پێش ئەوەی ئیسلامەتی فێربکرێت و نوێژی نیوەڕۆی بکات، پێی دەوترێت: وەرە بۆ جیهاد و بەرەنگار بوونەوەی ئەو کافرە هێرش هێنەرانە!! چونکە لە زاڵ بوونی دوژمنە کافرە هێرش هێنەرەکاندا، دین و ئوممەتەکە -بە کابرای نەو موسوڵمانیشەوە - دەفەوتێت!

ب- ئەو حاکم و کاربەدەستە مورتەددانەی لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوەو، هێشتا هەر حوکمی وڵاتی موسوڵمانان دەکەن، جیهادی ئەمانە لە جیهادی کافری ئەسڵی لە پێشترە.

---

(١) الفتاوى الكبرى/الاختيارات العلميه ٦٠٧/٤.

ئەمانە گەر موسوڵمان بوونایەو حوکمی ئیسلامیان ڕاپەڕاندایە، بەڵام ئوممەت هەڵی نەبژاردنایە، بۆمان هەبوو گوێ ڕایەڵییان نەکەین و هەوڵی لابردنیشیان بدەین! چ جای ئەوەی، کە ئەمانە هەم خۆیان بەسەر ئوممەتەکەدا سەپاندووە و، هەم مورتەددو هەم شەڕانی و دوژمنی ئیسلامیشن؟!! چونکە هەموو هەر بە پشتیوانی دوژمنانی ئیسلام و بۆ ڕاپەڕاندنی نەخشەو پلانی ئەوانیش هاتوونەتە سەر حوکم و، کۆشکی کۆماری و پاشایەتیان پێشکەش کراوە! بڕوانە هەموو وڵاتە دیموکراسیەکانی دونیا، بزانە دەهێڵن کەسێك، یان تاقمێك، یان حیزبێك بێ هەڵبـژاردن بێتە سەر حوکم؟ کە بە هەڵـبژاردنیش چوونە سەر حوکم، بزانە دەهێڵن لە ماوەی یاسایی خۆیان زیاتر بمێننەوە؟!

بزانە هەر دەهێڵن لە هەڵویستێکیدا پێچەوانەی یاسای وڵات بجوڵێتەوە، چ جـای ئەوەی لــێی گەڕێن دەستورو گەل (واتە: شەرع و ئوممەت) بخاتە ژێر پۆستاڵەوە؟

تەنها لە وڵاتانی ئێمەدایە -بە پشتیوانی دەسەڵاتدارانی ڕۆژ ئاوا خۆیان- دیکتاتۆرێکی تاکڕەو، یان هۆزو خــێزانێکی دیکتاتۆری، یان حیزبێکی دیکتاتۆری خوێنڕێژ بێتە سەر حوکم و بشمێنێتەوە! چونکە ئەم تاغوتانەی وڵاتانی ئێمە، هەر ڕۆژئاوا دەیانهێنن و ئەوانیش دەیانپارێزن، تا هەر کاتێك ڕۆڵیان تەواو بوو، لاقیان بگرن و وەك لاکە تۆپیو فڕێیان بدەن!

جیهاد دژی ئەمانە، دژی دەستەو دایەرەو دووڕووە کاسە لێسەکانیشیانە: (إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَىٰ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ) الممتحنة/٩.

٦- موسوڵمانان سەربخات و لایەنگریان بێت و پشتیان چۆڵ نەکات، هاوکارییان بکات و یارمەتییان بدات، تا هەست بە برایەتیی و یەکڕیزیی و یەکلاشەیی یەکتریی بکەن.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِي ٱلدِّينِ
فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمِۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٧٢﴾
وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ
كَبِيرٌ ﴿٧٣﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ
وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّاۚ لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٧٤﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعْدُ
وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمْ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمْۚ وَأُوْلُواْ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ
إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿٧٥﴾ ﴾الانفال/٧٢-٧٥.

ئیمامی ئیبن کثیر دەفەرمووێ: خوای پەروەردگار موسوڵمانانی کردووە بە سێ پۆلەوە: پۆلی کۆچکەرەکان (موهاجرون)، کە ماڵ و منداڵ و سامان و شاری خۆیان، لەبەر خاتری ئیسلام بەجێ هێشت و، هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە، تا دینەکەی خوا پیادە بکەن و سەری بخەن، سەرو سامانیشیان لە پێناویدا دانا..

ئینجا پۆلی پشتیوانان (ئەنسار)، کە بریتی بوون لە: موسوڵمانانی مەدینە، ئەمانیش داڵدەی کۆچکەرەکانی مەککەیان داو، بۆیان بوونە پەناگەو باوەشی سۆزو برایەتی و، لە نێو ماڵ ومنداڵی خۆیاندا پێشوازیان لێکردن و، کردیاننە هاوبەشی ماڵ و حاڵ.

پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )دووکەس دووکەس ئەم دوو پۆلەی دەکردە براو هاوبەشی ماڵ و حاڵی یەك.

پۆلی سێیەمیش، ئەو موسوڵمانانە بوون، کە لە جێ و رێی خۆیان مابوونەوەو هیجرەتیان نەکرد بوو.

ئەمانە هیچ پشك (بەش)ێکیان لە دەستکەوتەکانی شەڕدا نەبوو، بەڵام مافی پاراستنیان بەسەر موسوڵمانانەوە هەبوو.

بۆیە دەفەرمووێ: ﴿وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٌۗ﴾.

واتە: ئەگەر هانایان بۆ هێنان، کە بڕۆن بە دەنگیانەوەو ئەو چەوسانەوەیان لەسەر هەڵگرن، کە دوژمنان لەبەر دینەکەیان خستویێتیە سەریان، بچن بە هانایانەوەو سەریان خەن، لایەنگریان بن، ئەگەر داوای ئەوەیان لێکردن، کە دژی کۆمەڵێك بوەستنەوە، کە هاوپەیمانتان بوون، ئەوە مەکەن، با پەیمانەکەتان نەشکێت، پاراستنی پەیمانەکە گرنگترە پێوەی پابەند بن، وەك لە سەرخستنەکەی ئەوان.[١]

**تەواو بوو**

**والحمـد لله رب العالميـن**

(١) تفسيـر القران العظيم ٢/٣٢٩.

# ناوەڕۆک

## تەفسیری سورەتی (المجادلة)

ماناى گشتی سورەتەکە ........................................................... ١١
پێناسەی سورەتەکە و بابەتەکانی................................................ ١٩
هۆی هاتنەخوارەوەی سەرەتای سورەتەکە ...................................... ٣١
لێکدانەوەی ئایەتەکان .......................................................... ٣٤
ماناى گشتی ئایەتەکان.......................................................... ٣٧
سکاڵاکەی خاتوو خەولە (خوا لێی ڕازی بێت) :.................................. ٣٨
سەیدنا عومەر و خاتوو خەولە (خوا لێیان ڕازی بێت) : ........................ ٣٩
دەرسی یەکەم.................................................................. ٤١
دەرسی دووەم ................................................................. ٤٩
دەرسی سێیەم.................................................................. ٥٦
ئایەتی حەوتەم و هەشتەم :.................................................... ٥٦
لاباسێک لەسەر مەعییەت (وەلدابوون)ی خوای گەورە : ......................... ٦٥
دەرسی چوارەم ................................................................ ٧٠
بیرخستنەوەیەك لە سییرەوە:.................................................. ٨٠
دەرسی پێنجەم ................................................................ ٨٥
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە................................................. ٨٨
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان :.................................................... ٩٦
دەرسی شەشەم ............................................................... ٩٩
دەرسی حەوتەم................................................................ ١٠٢
ئایەتەکانی چواردە تا نۆزدەیەم : ............................................. ١٠٢
ئایەتەکانی بیستەم و بیست و یەکەم :......................................... ١٠٩
دەرسی هەشتەم ............................................................... ١٠٩

چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان :........................................................ ١١١
دەرسی نۆیەم........................................................................... ١١٤
ئایەتی بیست و دووەم :............................................................ ١١٤
پێناسەی ئەم سورەتە ............................................................... ١٢٩

## تەفسیری سورەتی (الحشــر)

سورەتی حەشر........................................................................ ١٢٩
بەنونەزیر کێ بوون؟ ............................................................... ١٣١
مەبەست لەم سورەتە: .............................................................. ١٣٦
شیکاری سەرەتایی بابەتەکانی ئەم سورەتە ..................................... ١٣٩
لێکدانەوەی ئایەتەکان .............................................................. ١٤٥
ئایەتی یەکەم : ........................................................................ ١٤٥
سەرنجدانێکی تەفسیلتر لە تەسبیحات:.......................................... ١٤٧
پەردە نەبینراوەکەی نێوان!......................................................... ١٦١
ئایەتی دووەم :........................................................................ ١٦٦
ئایەتی سێیەم و چوارەم :.......................................................... ١٧٥
ئایەتی پێنجەم :....................................................................... ١٧٨
ئایەتی شەشەم : ...................................................................... ١٨٦
ئایەتی حەوتەم :...................................................................... ١٨٨
ئایەتی هەشتەم :...................................................................... ٢٠٧
ئایەتی نۆیەم :......................................................................... ٢١٠
ئایەتی دەیەم : ........................................................................ ٢٢٧
ئایەتی یازدەیەم و دوازدەیەم :.................................................... ٢٣٥
ئایەتی سێزدەیەم :.................................................................... ٢٤١
ئایەتی چواردەیەم :.................................................................. ٢٤٥
ئایەتی پازدەیەم :..................................................................... ٢٤٩
ئایەتی شازدەیەم و حەڤدەیەم :.................................................. ٢٥١

ئایەتی هەژدەیەم و نۆزدەیەم :........................................................................٢٥٥
ئایەتی بیستەم :........................................................................٢٧٢
ئایەتی بیست و یەكەم :........................................................................٢٧٦
ئایەتی بیست و دووەم :........................................................................٢٨٣
ئایەتی بیست و سێیەم :........................................................................٢٩٤
ئایەتی بیست و چوارەم :........................................................................٣٠١
پاشكۆ........................................................................٣٠٩
ئەمەش ئەو ناوانەی كە ئیزافە دەكرێن:........................................................................٣١٧

## تەفسیری سورەتی (الممتحنة)

پێشەكی........................................................................٣٢٩
پێناسەی سورەتەكە........................................................................٣٣١
مانای گشتیی ئایەتەكان........................................................................٣٣٧
دەرسی یەكەم........................................................................٣٣٧
ڕێـــــرەو........................................................................٣٣٩
هۆی هاتنە خوارەوەی........................................................................٣٤٢
لێكدانەوەی ئایەتەكان........................................................................٣٤٥
ئایەتی یەكەم:........................................................................٣٤٥
ئایەتی دووەم :........................................................................٣٥٢
ئایەتی سێ یەم :........................................................................٣٥٤
چەند خاڵێكی سەرنجدان :........................................................................٣٥٦
چەند خاڵێكی تری پەروەردەیی........................................................................٣٥٧
باسی حوكمی جاسوس........................................................................٣٥٩
جاسوسی بە گوێرەی پاڵنەر( دافع)ــەوە دوو جۆرە:........................................................................٣٦٠
گومان و وەلامێك........................................................................٣٦٦
مانای گشتیی ئایەتەكان........................................................................٣٧٣
دەرسی دووەم........................................................................٣٧٣

لێكدانەوەی ئایەتەكان ........................................................ ٣٧٥
ئایەتی چوارەم : ........................................................ ٣٧٥
بۆچی ڕەچاو كردنی پێغەمبەر ئیبـراهیم (عَلَيهِ السَّلامْ) بۆتە نموونەی سەرمەشق؟... ٣٧٦
ئایەتی پێنجـەم : ........................................................ ٣٨٤
ئایەتی شەشەم : ........................................................ ٣٨٧
ئایەتی حەوتەم : ........................................................ ٣٨٩
دەرسی سێیەم........................................................ ٣٩٠
مانای گشتیی ئایەتەكان ........................................................ ٣٩٠
ڕێـــــڕەو........................................................ ٣٩١
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكان........................................................ ٣٩٣
لێكدانەوەی ئایەتەكان ........................................................ ٣٩٤
چەند خاڵێكی ورد بۆ سەرنجدان : ........................................................ ٣٩٧
دەرسی چوارەم ........................................................ ٤٠٠
مانای گشتیی ئایەتەكان ........................................................ ٤٠٠
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكان........................................................ ٤٠٢
ڕێـــــڕەو........................................................ ٤٠٣
لێكـدانەوەی ئایەتەكان ........................................................ ٤٠٨
واز و كۆچ ( هیجرەت ) ........................................................ ٤١٠
دەرسی پێنجەم ........................................................ ٤١٨
مانای گشتی ئایەتەكە ........................................................ ٤١٨
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكە ........................................................ ٤١٩
ڕێـڕەو ........................................................ ٤٢١
لێكـدانەوەی ئایەتەكان ........................................................ ٤٢٢
بەیعەت ( پەیمان و بەڵێن دان ) ........................................................ ٤٢٦
١- بەیعەتی گشتی لەسەر ئیسلام:........................................................ ٤٢٦
٢- بەیعەت لەسەر كار كردن بە ئیسلامەتنی و دیندارنی:........................................................ ٤٢٧
٣- بەیعەت لەسەر كۆچكردن( الهِجرة):........................................................ ٤٢٨

٤- بەیعەت لەسەر پشتگیری و سەر خستن: ..................................................... ٤٢٨
٥- بەیعەت لەسەر جیهاد:............................................................................ ٤٢٩
٦- بەیعەت لەسەر مردن: ............................................................................. ٤٣٠
٧- بەیعەت لەسەر گوێ ڕایەڵیی و ملکەچیی:.................................................... ٤٣١
دەرسی پێنجەم ........................................................................................... ٤٣٤
مانای گشتیی ئایەتەکە ................................................................................. ٤٣٤
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە ........................................................................ ٤٣٥
لێکدانەوەی ئایەتەکە .................................................................................... ٤٣٦
دۆستایەتیی و دوژمنایەتیی ( الولاء و البراء ) ..................................................... ٤٣٩
لە جۆرە قەدەغە کراوەکانی دۆستایەتی کافران .................................................... ٤٤٣
دەبێت هەڵوێستی موسوڵمان چۆن بێت؟ ............................................................ ٤٤٥